
٢٠١



تابلۆی هونەرمەند : ستار عەلی
([illegible])

٢٠١

ڕامان

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات
خولی سێیەم/ ساڵی هەژدە/ شوباتی ٢٠١٤


- **خاوەن ئیمتیاز**
  شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
  ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  سەرکەوت وەلی
- **مۆتیڤ و پۆرتریت**
  قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
  باسم ڕەسام

ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662
(دەرەوە)/ 009647504494662
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com


چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەڕۆکی رامان


**● دەق**

- گۆرانییەکانی موسافیرێک/ ئیبراهیم هەورامانی/ 3
- میهرەبانتر لە تۆ، باران چەشنی نەی دڵنەواییم دەکا/ قاسم شێروانی/ 5
- ژووری ژمارە ٥٨/ بەشدار سامی/ 7
- سێ هەڵبەست/ لەوەند دالینی/ 9
- چاوەکانی من بەڕاوێژی تایبەتی خۆی دار دەبینێ/ لە فارسییەوە: لەیلا ساڵحی/ 10
- چاوەکانم پڕ دەبن لە پێڵاو/ مقداد شاسواری/11
- غرۆمە/ سیروان کەریم/ 15
- چەند چیرۆکێکی مینیماڵ/ ئەحمەد حەقناس/ 21
- بۆری/ مرادێ کارکەر/ 23
- گوێی قەڵاکۆن/ لە فارسییەوە: دڵشاد خۆشناو/ 25

**● هەڤپەیڤین**

- هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان و هەمەلایەن لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەنووس (جەمال خەزنەدار)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 29

**● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

- کورتە ڕوانینێک لەبارەی ڕووداوەکانی فۆرمالیزمی شیعری مۆدێرن/ ئیرەج عیبادی/ 46
- مزگێنی، تەنز و کەسایەتی پەردازیی هونەری/ هادی حەبیبی/ 55
- هونەری چواندن (التشبیه) لە شیعری مەحوی دا/ هەژار فەقێ سلێمان/ 62
- من لە کتێبی ڕووداودا.. هەڵسەنگاندنی ئەزموونێک لە بواری نووسینی ڕۆماندا/ عەبدولغەنی کاکۆ/ 70

**● زاراوەسازی**

- وەرگێڕانی چەمک و زاراوە ڕەخنەیی و تیوریکەکان/ د. بەختیار سەجادی/ 77

**● وتار**

- (پێکەنینی گەدا) لە یادێکی قزڵجی دا/ گوشاد حەمە سەعید/ 80
- فەرهەنگی زارەکی موکریان، ئینسایکلۆپیدیایەکی ناوچەیی تاقانە/ ئەحمەد ئەحمەدیان/ 84
- خوێندنەوەیەکی ڕەواناسی و چیرۆکی منداڵان/ یاقووب خزری/ 91
- تێڕوانینی کارەکتەری چیرۆکەکانی سادقی هیدایەت/ لە فارسییەوە: ڕزگار جەباری/ 96

**● هزر و فەلسەفە**

- گرووپەکانی زانستی کەلام، مورجیئەکان/ د. حەمید عەزیز/ 101
- دیاردەی سەرکۆنەکردن/ بەختیار محەمەد/ 113

**● مێژوو**

- کارگێڕیی تورکی عوسمانی لە کوردستانی موکری/ ناسر عەلیار/ 122

**● زمانزانی**

- پرۆفیسۆر، تۆ خەریکی نەتەوەکەم پارچە پارچە دەکەی/ لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی/ 128

**● ڕەخنەی هونەری**

- پیشانگای فۆتۆگرافی وەرزی پاییز/فارس سەعدی/ 134

**● هونەر**

- هەڵپەرکێ «لە گۆڕەپانی وشەناسی و پیشانداندا»/ هێرش ئارمەند/ 137
- نایە و ڕەسەنایەتی/ ئەمین گەردیگلانی/ 147

**● خوێندنەوەی کتێب**

- مارتن هایدگەر/ هاشم سەڕاج/ 150
- ڕۆمانی (بەشی من) نموونەی ئەدەبی فیمینستی/ ئارام سدیق/ 155

**● بە باڵابڕین**

- دوو سەد و یەک مۆم و (ڕامان)ی دارستانێک قەڵەم/ فازیل شەورۆ/ 158

**● سووکە لەنگەر**

- سەردەمی کتێبخانەی ئەلیکرۆنی/ د. عادل گەرمیانی/ 160

# گۆرانییەکانی موسافیرێک

ئیبراهیم هەورامانی
(هەڵەبجە)

مردن چییە،
لەمە زیاتر ؟!
تۆ لە عومری منت بینیوە؟
چەند بێ تۆییم،
پێوە دیارە..

* * *

هێندە هۆگری دڵم بووی.
گەر لە دڵما،
دەرت بێنم
بەخۆم نییە،
گیان دەسپێرم.

* * *

ڕوخسارت لەشەراب دەچێ
کە دەتبینم
مەست دەبم،
مەست.

* * *

من ژنێکم خۆش ئەوێ.
بەدزی عەبدەکانی خواوە،
پێم وت:
خۆشم ئەوێی.
لێرە خۆشەویستی،
لە تلیاک قاچاخترە.

* * *

من و تۆ
بەیەک دەچین.
تۆ تەنیا و
منیش تەنیا،
بەم تەنیاییە پێکەوەین.

* * *


ڕەنگەکان لەیەک دەچن



لەرەنگی،
ستیانەکەی تۆ.
* * *
هێندە دڵم تەنگە
شەویش،
ئارامم ناکاتەوە.
* * *
زەمین سەرتاپا سپی بوو
بەبارینی بەفر نا،
بەغەمی من.
* * *
ژماردنی ڕۆژەکان،
حەوسەڵەیەکی دەوێ.
وەرە با،
کۆتایی
بەم چاوەڕوانییە بهێنین.
* * *
کەس لەئێوە،
یاری منی نەدیوە؟
عومرێکە بێ دڵ ماوە جەستەم.
* * *
ستیانەکەت،
بەنەعلەت بێ
مەمانت،
فێرە شەرم بوون.
* * *
کورسییەکەی تەنیشتم چۆڵە.
تۆ لێرە نیت
تامی مردن چەند شیرینە!
* * *
پەنجەرەکەت داخراوە!
کاتەکانم،
هەمیشە شەون.

# میهرەبانتر لە تۆ، باران چەشنی نەی دڵنەواییم دەکا

**قاسم شێروانی**



لەو ڕۆژەوەی
تۆ لە تەمومژ لوولت دام
لەو ئاگرە بێ ئامانەی مەرگ و تەنهاییت هەڵکێشام
لە سەر کەپکی ئەندێشەدا سڕت کردم
ڕەگەکانی ئەو ئومێدەت دایە بەر با
تامی ژیانت لێ گۆڕیم
من لەو سارای ناکامییە
دەسخەڕۆ و خاکەسار ماوم
کۆلکە دارێکم نەدیت بیکەم بەتەوتەم
لە دووریتا
ڕەنگی حەسرەتم گرتووە
لە کێڵگەیەکی تەریوی نێو وشکە ساڵ
تێنووترم
وێرانەیەکم لە نێوان ئاگر و بادا
دەستم بەتەڕایی هیچ کەنارێک ناگا
هەڵوەداو مەستی پێکی نیگایەکتم
هیچ مەستێ نەینۆشیبێ
عەودالّی نمەی بارانێکم
هەرگیز هەرگیز بەسەر ڕۆحما نەباریبێ
بۆیە هێشتا
من پەیڕەوی ئایینی جەستەی تەڕی تۆم
ئەی نازدارتر لە ئەقاقیا
هەی ڕوون و قووڵتر لەزەریا
تۆ لە ئاگری پیرۆزی خواوەندەکانیت
یان لە زنەو زەمەندی پەلکەگیا
بەڵام ئیتر
کە لێرە نیت
نە ئارەنگی نەدیرێ دێ
نەکەروێشکەی کەزی و بسکان
نە چرپەو نووسکەی هەواڵێ
چەند ئەستەمە خەوی شەوگار
شەوگاری تار چۆن بەڕێ کەم لەسەر دڕکان
بەناچاری لەو سارایە

بوومەتە موریدی باران
چ خەوشێکە لێم تێکچووە
من تێناگەم تۆ تەڕتری یاخود باران
باران نم نم
تنۆک تنۆک دەمرۆشێنێ
تۆ هەستێکی سڕو سەقەم
باران چک چک
دڵۆپ دڵۆپ ئاوم دەدا
تۆ دوورە پەیکەرێکی خوساو و سیخوار
باران چۆڕ چۆڕ
ڕێژنە ڕێژنە
دەمشێلێت و مەست و شەلاڵ
تۆ سەنەمێک زوقم و سەقەر
باران پشک پشک
چۆڕاو چۆڕاو لە باوەشیا دەنوێمەوە
تۆ عەدەمێک شەختەو خوسار
باران خوڕ خوڕ
لێزمە لێزمە
هەست و حەزم دەکا ڕەباس
تۆ زریان و هەم تۆفان و هەم بەستەڵەک
باران تک تک
سێڵاو سێڵاو دەمشواتەوە
تۆش کوانوویەکی کوژاوەو
سارد و تەزیو
باران گوڕ گوڕ
زەنگوڵ زەنگوڵ تەڕم دەکا
وەک خۆی تەڕ تەڕ تا تلیسان
ئای چ تەسکینێکە باران
بۆ شاعیرێکی دڵ کوانوو
ئێسقان زوخاڵ
لەنێو نێڵەو گرفەی سووتان
چ بەهانەیەکی پیرۆزە تەڕبوون
بۆ عاشقێک تا ئەزەل مەفتوون
چ سرووتێکە هەڵوەرین
لە ژێر ڕێژگەی شەنگی باران
چ جیاوازییەک هەیە
لە نێوان بۆنی بەهەشت و
بۆنی مەمک و
بۆنی باران
کە تۆ لێرە نیت
باران دەکەم بە تەوتەم

بێ ماڵ و بێ چەتر و بێ کەپر
زگار و بێ ئەنواو ڕۆح پڕ سەبر
باران دەکەمە چراوگ
تا دەبمە پرووشەو ئاورینگ
منی ناخودا، باران دەکەمە سەوڵ
تا دەگەم بە پەیژەی سەفا
باران دەکەمە سەنتوور
مەخموور بەفێنکایی نمە با
تا دەبمە سۆلاڤێک عیشق و
دەڕژێمە نێو دەربەندی فەنا
بەڵام دڵنیابە دڵنیا
بارانی هەموو ساڵەکان
ئاوی هەموو کووپەو کانی و
جۆگەو ڕووبار و دەریاو زەریاو ئۆقیانووس و چاڵەکان
ناتوانن وەک پێکی دوولێوی شەرابیت
تێنوێتی ڕۆحم بشکێنن
دووری و نزیکی هەر هەموو ئاوەکان
ناتوانن ڕۆحی گریاوم
لە ئومێدی دیدارێکت بڕەخێنن .

**تلیسان:تەواو تەڕبوون بێ کەڵک کەوتن لە تەڕییان.**
**ئارەنگ: ترووسکە .بریقە.**
**نەدیر: ئەو ئاگرەیە جاران لەسەر لووتکە بڵندەکان هەڵدەکرا بۆ ئاگادارکردنەوە، یان گەیاندنی هەواڵێک.**
**ڕەباس: تێر ئاو**
**زگار: خەفەتبار.**
**ناخودا: کەشتییەوان.**

**ئابی ٢٠١٣**

# ژووری ژماره ٥٨

بەشدار سامی

## پەنجەرە

پەنجەرە بۆ تەماشاکردنی دەرەوە دەکرێتەوە
پەنجەرە بۆ گۆڕینی هەوای ژوورەوە
پەنجەرە بۆ بیستنی دەنگی سەگی
نیوەشەوان
پەنجەرە بۆ فڕێدانی شتی زیادەی نێو ژوورەوە
پەنجەرە بۆ بانگکردنی کەسێکی خۆشەویست
دەکرێتەوە

پەنجەرە بەڵام
دەبێت هی خۆت بێت.

حەزم لە تەماشاکردنی دەرەوەیە
حەزم لە گۆڕینی هەوای ژوورەکەمە
حەزم لە بیستنی دەنگی سەگی نیوەشەوانە
حەزم لە فڕێدانی شتە زیادەکانمە
حەزم لە بانگکردنی کەسێکی خۆشەویستە
پەنجەرەکە دەکرێتەوە
من بەڵام پەنجەرەم نییە!

## ناوت کە نانووسرێت

تۆ گرینگی بە خۆت کە دەبێت بدرێت
من، یان هیچ کەس، گرینگ نییە، بدە

ئەم بەشەی زەوی گەر قەرارە بە هۆی کەوتنی
منەوە
بۆ چاڵێک، تاریک، یان ناتاریک
چۆڵ ببێت، بۆت
ناکەوم، لەسەر پێیەکانم کە دەبوو هیی تۆ بان
دەوەستم

تۆ مەڵێ، چۆڵم، مەڵێ تەنیام، مەڵێ وەرە و دابنیشە!
لە نزیکتەوە کە هەم، مەگەر جەستەی گەرمم
بەر جەستەت
لەژێر ئەم سەرمای زستانە ناکەوێت؟!
مەڵێ نا!



تۆ، تۆی خۆت و
من، منی تۆم، هیچی دیکە
لەم بارەیەوە با نەگوترێت

**تێکەڵبوونی ئێسک**

یەکیان بیری دایکی دەکرد
یەکیان بیری ژنەکەی
یەکێک بیری ئاژەڵەکانی
یەکێک بیری دراوسێییەکانی
یەکێک بیری شارەکەی
یەکێک بیری خواردنی ماڵەوەیانی دەکرد و
یەکێک دەگریا
چونکە پووری مردبوو لەوێ نەبوو
چەند دانەیەک بیریان لە منداڵەکانیان دەکردەوە

بەر لەوەی
لە سەنگەردا بکوژرێن
سەربازەکان

**ئێوارەیەک لە هەولێر**

دەست لەنێو پاڵتۆ
بە جادەکان
جادە دوورودرێژەکاندا دەڕۆیشتم

زستان
باران
سەرما بوو

دەست لەنێو گیرفانی پاڵتۆدا
دەلەرزی و
تروسکاییەک نەبوو خۆمی پێ گەرم بکەمەوە
دەست لەنێو پاڵتۆ
بە جادەکان
جادە دوورودرێژ و ساردەکاندا
دەڕۆیشتم و
غەریبتر لە من لە دەرەوە نەبوو

**بەندی**

لە بەندیخانەدا
بەندییەکان جۆراوجۆر بوون:
کەس هەبوو پشیلەی خۆش دەویست
کەس هەبوو سەگ
کەس هەبوو ئاسمان
کەس هەبوو تەیارە و
کەس هەبوو مشک

لە بەندیخانەدا
بەندییەکان جۆراوجۆر بوون:
کەس هەبوو سمێڵی گەورە بوو
کەس هەبوو قسەی
کەس هەبوو خەونی
کەس هەبوو پێڵاوی
کەس هەبوو هەموو شتێکی بچووک بوو

**دوو جار**

بە نیازی خۆکوشتن
چوومە نێو گۆڕستان و ئەو غیرەتەم نەبوو
خۆمی پێ بکوژم
(چوومەوە ژوورە تەسکەکەم چەند ڕۆژێک نووستم)

بە نیازی خۆکوشتن
چوومە نێو گۆڕستان و
ترسام بە نیازی ژیان نەتوانم بێمەوە نێو
کۆڵانەکان
(چوومەوە ژوورە تەسکەکەم چەند ڕۆژێک گریام)

**ژیان بە خواستی خەڵکی کۆڵان**

لە کاتێکدا کە دەمەوێ دابنیشم و
شیعرێک بۆ ساتەوەختی مردنی خۆم بنووسم...
لە هەمان کاتدا، بەڵام
دراوسێیەکم، بە تێکدانی خانووەکەی،
تەپەتەپ دروست بکات و
بەم هۆیەوە، بلۆک بەربیێتەوە و
ئارامی ماڵەکەم بشێوێ...
جگە لەوەی بچم لە ئاودەستخانەدا دابنیشم و
سەرم بخورێنم،
دەتوانم چی دیکە بکەم؟!

# سێ هەلبەست

**لەوەند دالینی**
**(عاموودا)**



### لەیلان

لەیلان د ئاسۆیێ دە
سینۆرێ خوەی بێسینۆر!
وندا دکر!
و پەیالا لێگەڕینۆکەکە
کوور و بێداوی
دنووشت.
رەنگێن وێنێ تەڤلیهەڤ دبوو
و گاڤ ب گاڤ
تارستانێ
خوە ل ساویرێ بەژنا وی
دپێچا!.
تیبوونەک د گەڕینۆکا پێلان دە
شاخێن خوە بەردان
و پەلێن خوە رەش و زیڤار زیڤاری
دکر.
ئاسۆ ژ لەیلانێ هێدی هێدی
دوور دبوو، و جودا بوو!
پێنووس ل سەر پەلان دچلمسی!
و زوا دبوو!
گەڕینۆک وەستیا!
ئاسۆ زەلال بوو، و
مر!؟..
❊ ❊ ❊

### هەلبەستەک

لۆرینەک
ژ کەزیێن کەچەکە کورد
من وەریسەک چێکر!
ئەو وەریس من کرە هێلانەک!
و هەلبەستەکە خوەی بریندار،
من تێدە دانی.....
دەستێ دایکەکێ
هێلان دهەژاند
و پێرە ب مەلوولی ژی،
دلۆراند...
دەنگێ گوللا تفەنگەکێ دهات!؟....
هەست و هێڤیێن هەلبەستێ ب دەنگێ گوللێ رە،
زیز و مات مان!؟....
دەستێ دایکێ سست بوو..
کەتە خوار،
و نەما لڤی!؟
هێلان ژی هێدی هێدی؛ راوەستیا،
و نەما لڤی!!..
هەلبەستا خەمگین و بریندار ژ خەو
هلچەنی و شیار بوو...
و دەست ب گری کر
❊ ❊ ❊

### چار دەمسال

دلێ من ژی،
وەکە رەنگێن جاڤە تە
دبوونە
چار دەمسال
دەمسالەک گەرمین
یەک پەلوەشین
دەمسالەک سار
و یا چارەمین ژی
بهار...

**ئەڤ هەلبەستە یەکەمین جار ب تیپێن کوردیا لاتینی ل مالپەرێ ئەلکترۆنیێ (کەلتورنامە)دا بەلاڤبوویە. ژ لایێ کۆڤارا ڕامان ڤە هاتیە ڤەگواستن بۆ سەر ڕێنڤیسا کوردی یا نها ل هەرێمێ لکارە.**
**«ڕامان»**

# چاوەکانی من بە ڕاوێژی تایبەتی خۆی دار دەبینێ

هورموز عەلی پوور
لە فارسییەوە: لەیلا ساڵحی
(بۆکان)



ئەوە عادەتێکە ئەوە
بۆ ئێرە ئەوەی کە خاکەلێوە بە کوژراوی دەچێتە
ئەلبومەکانەوە
ئەوە ئەوەی کە دار بە خەمۆکی خۆ رە مل ئاوەکان دەنێ

ڕاستیشە ئەوە
کە من بۆ خەڵوەتی خۆم حورمەتم هەیە داینێم و
بە خوێنی خەوتووەوە بەراوردی کەم.

کە ئەو ڕێگایە تەنیا تاقمێک دەکاتە عەنتیکە.

پێی وتەکانی ئەو بڵێسەیە ڕەنگە نەیەتەوە بیرمان
ناوگەلێک و لە پەنا ئەو زۆر دیتنەشدا دانیشم
هەتا مانگ لێی نایە سەری کڕنۆشی بۆ دانەوێنین

ئەو شێوەیەی ئەوە تەنیا بەشێک قسە نییە ئەوە
ببوورن.

شەرمەسارم نەمزانی براکەتم کوشت.کارێکی ناحەز بوو
دەنا
فەرمایشێکتان نییە ئێوە. شەرمەسارم کە دەستم بەو
شایە ڕانەدەگەیشت
کە سەد ساڵ دواتر وەخۆ هاتەوە. کارێکتان بە من نییە.
ئێوە خراپ بوو دەنا
شەرمەسارم کە لە ژێر شیعرەکەتان ببوورن تەمەنی
ئێوە واژۆی من داندرا و
بیرەوەرییەکان. زۆر خراپ بوو، دەنا، شەرمەسارین.
من بە توون دەستەکانی فرووغ لە باخچەدا وەبەر چاو
ناگیرێن

لەو بەرهەمە دا شیمانە دەکەم لە وتووێژ
ناوونیشانێک نییە کە ببێ و کە نەبێ نییە.

دەهاتم، چونکە پەردەیەک دەرزێکم دیت
کە کاغەزی سپی دەڵێی پێمل بووە
هێندە زەق تێمان بڕوانێ کە شێت

لە ڕوانینی زمانی مرۆڤەکاندا
شوێنی هەڵدەگیرێ چەترێک و هەزار شت لەمپەرە،
بەڵام

چاوەکانی من بە ڕاوێژی تایبەتی خۆی  دار ببینێ
ئێستاش هەر ناوێکی پێم خۆشە من کە خانەنشینم
لە سەر باسکەکان خاڵ بکوتم لە سەر سینگ، یان

خودایە خودایە بۆچی ئەو دوو چاوەی کە ڕوون نییە
دوو دارستان دێنن و دەبەن
تەنیا نیشان منت دا.

**سەرچاوە:**
**گۆڤاری (عصر پنجشنبە، شمارە ٦٣ - ٦٤، مرداد سال ١٣٨٢).**



# چاوەکانم پڕ دەبن لە پێڵاو...

**مقداد شاسواری**

نە تێپەڕبوونی زەمەن و نە گوزەری تەمەن، هیچ کامیان بەلای ئەوەوە مانایەکیان نەبوو. قەدەری ئەو، کتێبێکی کۆنە و نووسراوەتەوە. نە بۆی هەیە ڕازی نەبێ بەو قەدەرە و نە بۆی هەیە بیگۆڕێ. هەموو ژیانی لە ڕادەستبوونی ئەو، بەو قەدەرە دیاری کراوە. بەیانیان، لە مەودای نێوان خەوزڕانەکەی دەمەو بەیانیانی تا خۆرهەڵات، ژوانێکی بەردەوام و نەبڕاوەی هەیە لەگەڵ ئاوێنە کۆن و تەڵخەکەی ژوورەکەی و بە سەرسامییەوە لە جوانی خۆی ڕادەمێنێ. قەت لە بیری نایە، ڕۆژێک لەو ژوانە دواکەوتبێ، یان بێزار بووبێ.

لەم دواییانە لێی تێکچووە. جێیەکانی خۆی و "ئەو"ی ناو ئاوێنەکەی لێ گۆڕاوە. ئێستا کە لە بەرانبەر ئاوێنەکەدا ڕادەوستێ نازانێ ئەوەی ناو ئاوێنەکە " ئەو"ی ڕاستییە، یان ئەوەی لە دەرەوەی ئاوێنەکەدایە. هەندێ جار وا دەزانێت "ئەو" لە دەرەوەی ئاوێنەکەدا بوونی نییە. تەنیا "ئەو"ی بێ ڕوحە لەناو ئاوێنەکەدا. زۆر جاران ترسێکی سەیر و وەحشەتێکی کوشندە دایدەگرێ کاتێ لە دەرەوەی ئاوێنەکەدا گومان لە بوونی خۆی دەکات. سەرپەنجەکانی بەسەر ڕوخسار و ڕوومەتەکانیدا دێنێ و هەستیان پێ ناکات. دەڵێی دەست بە هەوادا دێنێت، یان بە هەڵمێکی سووک، یان بە تارماییی. گریانێکی پڕ لە ترس لە دەروونیدا پەنگ دەخواتەوە، نە دەبێتە فرمێسک و نە دەبێتە هەنسک. هەر لەناو قوڕگیدا قوڵپ دەداتەوە و ناتەقێتەوە. هەندێ جاریش وا دەزانێ تەنیا جەستە و ڕواڵەتە. وەک پێستێک پڕ با کرابێ. ناو سەری و ناو هەموو جەستەی پڕە لە هەوایەکی پەنگ خواردووی قورس. بەتاڵە لە حەز و بیر. خاڵییە لە ڕوح و هەست. پووچەڵە لە زیندوویەتی. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە ژوانەکەی دوا ناکەوێ. دەڵێی بووەتە بەشێکی نەگۆڕ لە ژیانی، ئەو ژیانەی بە لای ئەوەوە، تەنیا وشەیەکی بێ مانایە و هیچی تر، یان مانایەکی بێ تەفسیرە، یانیش تەفسیرێکە لە مەرگێکی زیندوودا. ئەو لەگەڵ "ئەو"ی ناو ئاوێنەکەدا بووەتە هاوڕێ. هەموو ڕۆژ لە مەودای

نێوان خەوزڕانەکەی بەیانیانی تا خۆرهەڵات پێکەوە ژوان دەبەستن. بە یەکەوە قسە دەکەن. نهێنیترین ڕازەکانیان بۆ یەکدی دەدرکێنن. قاچاخترین جووڵە و بزاوت بە جەستەکانیان دەکەن و یاساغترین وشەکان پێکەوە ئاڵوگۆڕ دەکەن. دنیای ئەوان هێندەی ئاوێنەیەکی نیو مەتریی کۆن و تەڵخ، بەرین و گەورە بوو. تێیدا ختووکەی هەستەکانی یەکتریان دەدا، تەنانەت پەنجەیان بەسەر لاڕوومەتەکان و مل و سنگ و لێوەکانی یەکتردا دەخشاند، بەڵام نە هەستەکانیان لە خەوی گران هەڵدەستا و نە مانایەکیان بۆ چێژ دەدۆزییەوە. ئەوان لەناو ئاوێنەکەدا، تەنانەت زاتی ئەوەیان دەکرد بە تریقە و ئاواز پێ بکەنن و هەمیشە لە دوا دیمەنی ژوانەکەشیاندا، بە دەنگ دەگریان. پێکەوە دەگریان و فرمێسکی یەکتریان دەسڕییەوە. ئەوجا ئەو، جوانی خۆی لەناو ئاوێنەکەدا جێ دەهێشت و دەکەوتە پۆشینی جلەکانی. بەر لەوەی لە ماڵیش دەرچێ، دەبوایە وەک تارماییەکی ڕەش، لەبەرانبەر باوکیدا بوەستێ تا ئەویش، وەک چۆن فەرماندەیەکی وشک ڕەفتار و دڵڕەق، سەربازەکانی خۆی، لە پۆستاڵەوە تا کڵاوەکەی سەریان دەپشکنی، لە گۆرەوی تا لەچکەکانی سەری بپشکنێ نەبادا داوێک لە قژی لە درزێکی چەفییەکەی، یان سەرپەنجەیەکی دەستی لە کونێکی پەنجەوانەکەی، یان نینۆکی پێی لە کەلێنی دڕاوی گۆرەوییەکەی دەرچووبێ و ئەوی پێ گوناهبار بێ، ئەگەرچی ئەو پشکنینە تەنیا چەند چرکەیەکی دەخایاند، بەڵام هێندەی درێژایی ساڵێک بەسەر ئەودا تێدەپەڕی. باوکی، کاتێ چاوەکانی زەق دەکردەوە بۆ پشکنینی، ئەو وای دەزانی سەرقەپاخی لەسەر هێلانەی مێروولە لادراوە و لە چەند چرکەیەکدا هەزاران مێروولە بەسەر ڕووتەی پێستیدا ڕێ دەکەن و هەندێک جار دزە دەکەنە ژێر پێستی و دەمارەکانیشی کون دەکەن و تێکەڵ بە خوێنی دەبن، بەڵام ئەو دەموچاوی گرژ نەدەکرد. ئەوەی وەک مافێکی ڕەوای باوکی دەزانی. بە ڕێزەوە خۆی ڕادەستی بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکە دەکرد لەلایەن باوکییەوە. لە دەرگای حەوشە، کە ئاودیو دەبوو بۆ دەرەوە، وەک شێت دەکەوتە وێزەی خۆی. بەهەموو هێزییەوە عەباو مانتۆکەی و چەفییەکانی سەری دەتەکاند. کاتێک هەستی دەکرد مێروولەکانی نیگای باوکی لێی تەکاون، سەری خۆی بەردەدایەوە و دەڕۆیی، بەڵام دەنگی باوکی لەناو کاسەی سەریدا، وەک ڕیکۆردەرێکی شەکەت، دەنگی دەدایەوە " دەرگاکانی دۆزەخم لێ مەکەرەوە کچەکەم. جەستەی ئافرەت داوێکە پیاوان پەلکێشی گوناه دەکات. باری تەعالا ویستی، بە خولڤاندنی ئێوە، ئیرادەو خۆڕاگری ئێمەی پیاوان تاقی بکاتەوە. داوێک لە قژی سەرتان، قامک و پەنجەی دەست و پێتان، نیگای تیژ و چاوی جوانتان، سیحری نیگاو عەتری هەناسەتان، ڕیتمی ڕۆیشتن و لەرەی سنگتان، تریقەی پێکەنین و مۆسیقای گریانتان، ئاوازی هەنسک و جادووی مەکرتان، تەڕایی هەنگوینی سەر لێوەکانتان، سەمای جەستە و لەرەی دەنگتان... سەر تا پێتان هەمووی ڕێگایە بەرەو گوناه و فەنابوون و تونێلێکە بەرەو دۆزەخ ئێمەتان پێ تاقی دەکرێینەوە. تۆ وا مەکە ببیتە تەڵەیەک بۆ ڕاکێشانی پیاوان بەرەو دۆزەخ. تۆ وا مەکە ببیتە خودی دۆزەخ و پیاوان، ئەو مەخلووقە بێچارانەت تێدا هەڵقرچێن. جەستە و جوانیت زیندانی بکەو هەست و دڵت کپ کە و چاوان هەڵمەبڕە. هەر گەنجێک بەرەو داوی گوناه ڕابکێشی، دەرگایەک لە دەرگاکانی دۆزەخت بە ڕووی مندا کردووەتەوە. وام لەگەڵ مەکە کچەکەم. خۆت و منیش بپارێزە لەو ئاگرە سامناک و سووتێنەرەی نە سەری دیارە و نە بنی. من باوکتم. تۆم پەروەردە کردووە. هەقم بەسەرتەوە هەیە. ئەم دنیا هیچە، کە تەمەنی مەخلووق تێیدا هەر هێندەی تروکاندنێکی پێڵووەکانی چاوێکە، بووەتە جەنگەڵستانێک پڕیەتی لە گورگی کەڵبە تیژ و چاو سوور و تینووی گوناه و برسی شەهوەت. دەبێ چاومان لە ئاست هەموو جوانییەکان بنووقێنین و نەوسمان لە ئاست هەموو چێژە دنیاییەکاندا کپ بکەین تا لەم گورگستانە ڕزگارمان دەبێ. هەمووی چەند ساڵێکە. چاو نووقانێکە کچەکەم. مەگەر نەتبیستووە دەڵێن ئەم دنیا بچووک و فانییە زیندانی ئیماندارانە. هەر ئەوەندەی سەرمان نایەوە ئازاد دەبین. جا لەوێ، لەوێ دنیایەکی پان و بەرین و هەمیشەیی و پڕ لە چەندان جۆرە خۆشی و چێژ و لەزەت بە ڕوومانندا دەکرێتەوە. هەموو ئەو شتە خۆشانەی لێرە حەرامن لەوێ حەڵاڵ دەبن. قبووڵم نییە و گەردنت ئازا ناکەم خۆشییەکانی ئەو دنیام لە کیس بدەی. من هەقم بە سەرتەوەیە کچەکەم. ئەی چۆن. هەقم بە سەرتەوە هەیە. نە کەس ببینە و نە با کەس بتبینێ. ئاوها... وەک تارماییەکی ڕەش و بێ گیان. وەک "با" هاشەت بێ بەنێو داروبار و دڕکوداڵی ئەم جەنگەڵستانەدا ڕێی خۆت ببڕەو بڕۆ. چەندە زیاتر، لەم دنیایەدا، سەرت بەردەیتەوە،

هێندە زیاتر لەو دنیـادا سەرت بەرز دەبێـتـەوە. چەندە تۆ خـۆت زیاتر لە خـۆشی و لەزەتە دنیـاییـەکـان دوور بخـەیتـەوە، ڕێگای من بەرەو بەهەشـتی خـوا نزیکتـر دەکەیتەوە. هەمیشە چاوەکانم لەسەرتە کچەکەم. شەوان لە ژووری خۆت، بە ڕۆژ لە جادەو شەقام، لەناو پۆلەکانی زانکۆ، لە نووسـتنت، لە بێـداریت، لە خـەیاڵ و لە هۆشیاریت، تەنانەت لە خەوبینینی شەوانەشتدا، ساتێ لەناو دڵتم و سـاتێ لەناو مـێـشکت. وەک سـێـبـەر بەدواتەوەم. وا مەکە بکەویتە بەر غەزەبی من کچەکەم، ئەگەر من لێت خۆش نەبم و گەردنت ئازا نەکەم، دۆزەخ دەبێتە شوێنی هەمیشەییت. کەوابێ، بەزەییت بە من و بە خۆتدا بێتەوە کچەکەم"..

باوکی، ڕۆژانە ئەو قـەوانەی بۆ لێ دەدایەوە. دەتگوت هەمـوو ئەرکی سـەرشـانی و خـەمی وەک باوکـێک و پەیامی وەک مرۆڤێک و فەلسەفەی وەک مەخلووقێک هەر ئەوەندەیە دابنیـشێ و چاودێری کـچەکـەی بکات. مەگەر دەکرێ ژیانی مرۆڤێک هەر بریتی بێ لە ئەوەندە؟ مـەگـەر دەکرێ هەر باوکـێک ئەمـە ئەرکی بێ و تەواو. باوکی هەندێ جار لە کـاتی ئامـۆژگـارییـەکـانیـدا لێی دەپاڕایەوە. دەکڕووزایەوە. دەگریا. هەندێ جار ئاهەنگی خشـداری دەنگی پڕ دەبوو لە هەڕەشە. دەنگی دەگۆڕا بە تەپڵ و لێک هەڵسـوونی دوو شـمشـێر بە سـەر یەکدا. ئەویش دڵی بۆ باوکی دەسـووتا، تەنانەت دەگـەیشـتـە ئەوەی پەڵمـەگـیـرە بیگرێ و چاوەکـانی پڕ دەبوون لە فـرمـێـسـک و لە دڵی خـۆیدا دەیگوت " باشـە بابە، بە چاوان. لێ ناگـەڕێم دەرگـای دۆزەخ بە هۆی منەوە بەسـەر تۆدا بکرێتـەوە، چۆن شـتی وا دەکـەم. دەزانم تۆ منت پەروەردە کـردووە، هەقت بە سـەرمـەوە هەیە. ئەی چۆن، هەقت بە سـەرمـەوە هەیە، خـۆ شـێت نەبوومـە. بایی ئەوەندە ئەقـڵم پێ دەشکێ بزانم ئێـمـە بەو ناسکی و جوانییەمانەوە، بەم هەموو لەززەت و خۆشییەمانەوە، بەو هەمـوو لەنجـە و لارەمـانەوە خۆڵـقێندراوین تا تـوانایی و ئیرادەی خۆڕاگریی ئێوەی پیاوان تاقی بکەینەوە. ئێمەین چارەنووسی پاشـەڕۆژتان دیاری دەکەین. ئێـمـەین ڕێگای بەهەشت و دۆزەختـان لەبەر پێدا ڕادەخەین، بەڵام خەمت نەبێ بابە، ڕێگە بە چاوەکانم نادەم سەیری ناو چاوەکانی هیچ پیـاوێک بکەن، تەنانەت چاوەکـانی تۆش، کـە هێـشـتـا نازانم ڕەنگیـان چۆنە. لێ ناگـەڕێم هیچ پیاوێکیش، مەحرەم بێت، یان نامەحرەم، ناو چاوەکانم ببینێ، تەنانەت تۆش. تەنیا سـەیری بەرپێیەکـانی خۆم دەکـەم. وەک ئەوەی تا ئێـسـتـا هەر وام کـردووە. ئەوەندە سەیری بەر پێـیـەکانی خۆم دەکەم، لە هەمـوو خـەڵکێکدا تەنیا پێڵاوەکانیان دەبینم. لە پێڵاوەکانیان دەزانم کچن، یان کوڕ، ژنن، یان پیـاو، گـچـکـەنە، یان گـەورە، هەژارن، یان دەوڵـەمــەند، سـاغن، یان نەخـۆش، قـەڵـەون، یان لاواز... تەنانەت دەتـوانم کـەسـێـتـیـیـەکـانیـان لە پێڵاوەکانیانەوە شی بکەمەوە. ڕەنگە پێم باوەڕ نەکەی، بەڵام لە پێـڵاوەکـانیـانەوە دەزانم کێ گـرفـتی هەیە و کێ ئاسوودەیە، کێ ئاقـڵـمەندە و کێ گـەمژەیە. کێ قورسە لە ڕووی کەسایەتییەوە و کێ سووکە. کێ خەمهەڵگرە و کێ خەمسـاردە، کێ بە دینە و کێ بێ دینە، کێ شـەرمنۆک و کێ بێ شـەرمە. من لە پێڵاوەکـانی هەر کەسـێک دەزانم کێ لەڕووی دەروونیـیـەوە ئاڵـۆزە و کێ دەروونـێکی بێ گـــرێ و ئارامی هەیە. چاوەکـــانم بوونەتە دوو پـارچە ئاوێنە، کـە تەنیـا وێنەی پێـڵاوەکـان وەردەگـرن. شـەوان لاپەڕەی ئەلبـوومی چاوەکـانم هەڵدەدەمـەوە تـا بزانم ئەمڕۆ چەند جـۆرە پێـڵاوم بینیـوە. ئەرێ بابە، دەزانم. مـن لە پێـڵاوەکـانیـانەوە دەتـوانم ناو مـێـشـکی هەر کـەسـێک بخـوێنمـەوە. من لە ڕەنگی پێـڵاوەکـانیـان، لە جـۆری پێڵاوەکـانیـان، لە قـەبارەی پێڵاوەکـانیـان دەتوانم بیـر و ئایدۆلـۆژیا و ئاراسـتـەی فـیـکرییـان بخـوێنمـەوە. خـۆ من لەمـاڵـەوەش بابە، لە مـاڵـەوەش کـاتی مـیـوانمان دێ، لە پێڵاوەکانیانەوە دەیاننـاسمـەوە. پێڵاوەکانیشیـان بگۆڕن هەر دەیاننـاسمەوە. خزمی وامان هەیە لە پێڵاوەکانییەوە دەزانم چەند گـەورە بووە و تەمـەنی گـەیشـتـووەتە چەند سـاڵ. لە دیار نەمـانی جـووتە پێـڵاوێکەوە دەزانم کێ مـردووە، دەزانم کێ ژنی هێناوە، کێ شـووی کـردووە، کێ قـاچێکی پەڕیوە، کێ پێی دەستکردی هەیە. خزمەکانمان پێڵاوەکـانیشیان بگۆڕن هەر دەیانناسمەوە، چونکە دەزانم ژمـارە و زەوقـی هەر یەکـێکیـان لە پێـڵاوکـڕیندا چەند و چۆنە. ئەوەندە لە مەودای نێـوان مـاڵـەوەمـان و زانکۆ ورد بوومـەتەوە لە پێـڵاوەکـانی خـەڵکیـدا، تەنانەت دەزانم نرخیـان چۆنە و مۆدێلەکـانیـان چین. هی چ وڵاتێکن و لە چ کـارگـەیەک دروست کـراون. دەزانم هەر پێـڵاوێک چەند تەمەن دەکات. جاری وا بووە، بێ ئەوەی جەستە و سەر و دەموچاوی پیاوەکە ببینم، تەنیا لە پێـڵاوەکانییەوە حەزم لێی کــردووە. ئارەزووم کــردووە شــووی پێ بکـەم. زۆر جـاران بۆ سەرقـاڵ کردنی خـۆم، لە مـەودای نێـوان مـاڵ و زانکـۆدا، پێـــڵاوەکـــان دەژمـــێــرم. هەندێک جــار تـاک دەردەچن، زۆر جــــارانیـش جـــووت. ئەوەندە ســــەیری

پێڵاوەکانم کردووە بابە، شەوانیش لە خەونمدا پێڵاو دەبینم. بە ڕۆژ چاوەکانم پڕ دەبن لە پێڵاو. شەوانیش پێڵاوەکان پڕ دەبن لە چاوەکانم. لە خەونەکانمدا دەبینم هەندێ جار لە جیاتی دوو چاو، جووتێ پێڵاو لە ژێر برۆکانی مرۆڤێکدایە. هەندێک جاریش مرۆڤێک دەبینم، لەجیاتی پێڵاو چاوەکانی منی لە پێدایە. ئاخر نە ئەوەیە تا تۆ بەهۆی نەزەرکردنی من نەچیتە دۆزەخ هەمیشە سەرم بەرداوەتەوە بەرپێم و قەت سەر و ڕوخساری مرۆڤەکانم نەبینیوە. هەندێ جار وا دەزانم مرۆڤەکان هەر سەریان پێوە نییە. بەڕاست بابە، جاری وایە دەمەوێ لێت بپرسم خوا سەرو چاو و گوێ و دەم و لووتی بۆچی لە مرۆڤەکاندا دروست کردووە. پێت وا نییە لە مل بە سەرەوە زیادییە، چونکە هەموو پێکهاتەکانی سەر، چاوگەی گوناهن. ئەی وا نییە بابە؟ مادامەکیش لە زیندانی دنیادا بین، ئەقڵیشمان بۆ چییە. ئێ زیندانییەک ئەقڵی بۆ چییە.. هیچ.. وا نییە، بەڵام دەی.. نەمدەوێرا، هیچ کاتێ نەمدەوێرایە پرسیارت لێ بکەم. ئەی ئەوە نەبوو دایکم، چونکە بەردەوام لێت دەدا و ئازاریت دەدا، یەک جار لێی پرسیت " ئەرێ پیاوەکە تۆ ویژدانت هەیە" هەر ئەوەندەی پرسی و تۆش کوشتت، ئێ منیش لەو ڕۆژێوە هەر لێت ترساوم.. هەمیشە لێت ترساوم.. ئێستاش هەر لێت دەترسێم..وا دەزانم مرۆڤەکان لە جێی چاوەکانیان جووتێ پێڵاو هەیە، لە جێی لووتیان تاکێ پێڵاو هەیە. دەمی هەرکەسێکیش تاکە پێڵاوێکە. هەندێ شەو لە خەونمدا دەبینم لەگەڵ تاکە پێڵاوێکدا.. نە.. نە. گێڕانەوەی ئەو جۆرە خەونانە گوناهن. خەون بینین بە دەست خودی مرۆڤەوە نییە بابە، ئەگینا بە دەست من بوایە نەمدەهێشت ئەم جۆرە خەونە حەیابەرانە ببینم و دەرگای دۆزەخت بە ڕوودا بکرێتەوە. شەوان بەر لە نووستن وێرد و دوعاش دەخوێنم بابە، بەڵام هەندێ پێڵاو هەن زۆر بێ شەرمن. بێ حەیان. ڕووت و قووت بێ ئەوەی ئیزنم لێ وەربگرن خۆیان دەکەن بە خەونمدا. لێم دەبن بە ئەهریمەن و ڕاوم دەنێن، دەمگرن، دەمگەوزێنن، دەکەونە سەر سینگم، دەستبازیم لەگەڵ دەکەن. بەسەر شەپۆلی هەناسەمدا مەلە دەکەن و بەرەو کانیاوی لێوەکانم دێن. ئەوان قسەی خۆشم بۆ دەکەن و ختووکەی ڕوحم دەدەن. ئەوان دەڵێن هەناسەم بۆن عەتر و گوڵاوی لێ دێت. دەڵێن چاوەکانم لە شینیدا لە ئاسمان دەچن و لە ڕۆشنیدا لە ئەستێرە شۆڕاوەکانی دوای بارانی شەوان. گەمە لەسەر قژم دەکەن و دەڵێن لە تاڤگەی ئارمووشی خاو دەچێ. من هەوڵ دەدەم خۆمیان لێ دوور بکەمەوە بابە، بەڵام ئەوان ئەوەندە قسەکانیان خۆشن، دڵم نایە لە خەونەکانم وەدەریان نێم. هەموو گیانم خاو دەبێتەوە. دادەهێزرێم. پەنجەکانی دەستم هێزیان تێدا نامێنێ و خۆم ڕادەستیان دەکەم. دەزانم بابە دەزانم، دەزانم ئەو خەونە ئەهریمەنیانە بۆ دواڕۆژی تۆ دەبنە مایەی ئازار و ئاگر، بەڵام چی بکەم بابە. پێڵاوەکان ئەقڵیان بەوە ناشکێ. پێیان دەڵێم لەبەر خاتری باوکم، با بە هۆی منەوە لە ئاگری دۆزەخ نەسووتێ، بڕۆن وازم لێ بێنن، ئای لە بێ حەیایی پێڵاوەکان، ئای ئەو پێڵاوانە لە خەونەکانمدا چەندە بێ شەرمن، بەڵام نازانم بۆ ئەگەر شەوێکیش لەبیریان بچێ و نەیەن بەسەر وەختی خەونمدا، دڵم تەنگ تەنگ دەبێ بۆیان، غەریبییان دەکەم".

بە خێرایی، وەک ئەوەی سەریان نابێتە دوایەوە، یان لە ترسێک و هەڕەشەیەکی چاوەڕواننەکراو هەڵبێ. بەنێو ئاپۆرا و جەنجاڵی پێڵاوەکاندا ڕێگا دەبڕێ، دەڵێی "با"یەو هاشەی دێ. ڕێگای هەموو ڕۆژانییەتی. بە کاشییەکانی سەر شۆستەکانەوە دەزانێ گەیشتووەتە کوێ و چەندی ماوە بگاتە زانکۆ. بەو خێراییەی دەڕۆیی جەستەی لەلای ڕاستەوە بە توندی بەر جەستەی کەسێک کەوت. ئەمە یەکەم جار بوو ئەم ڕووداوە ڕوو بدات، ڕووداو نەبوو، لە ڕاستیدا زیاتر لە کارەساتێکی مرۆیی دەچوو، یان بوومەلەرزەیەک بە ڕیشتەرێکی یەکجار زۆر، بۆ ماوەیەکی کورت هاوسەنگی تێک چوو، ترسا، پەشۆکا، دەتگوت دنیای لەلا سەراو بن بوو، ئاگای لەخۆی نەماو بۆ یەکەم جار سەری هەڵبڕی. هەستی کرد گلێنەکانی ڕژانە بەرپێی، ڕژانە سەر لمووزەکانی پێڵاوەکانی پیاوێک. ئاخر لەگەڵ پیاوێکدا خۆیان لێکدابوو، ئای لەو کارەساتە. ئەو دوو دەرگای بینی لەناو چاوە دەرپۆقیوەکانی پیاوەکەدا ڕوو لە دۆزەخ کرانەوە. چاوە دەرپۆقیوەکانی پیاوەکە لە دوو چاڵی ئاگری دۆزەخ دەچوون، هەردووکیان ماوەیەک لە یەکدی ڕامان، ماوەیەکی ئەوەندە کورت، نەدەکەوتە ناو زەمەنەوە، دواتر پیاوەکە سەرێکی باداو ڕۆیی. گومانێک کەوتە ناو مێشکی" چەند لە کچەکەی من دەچوو.... بڵێی ئەو بێ"؟!

ئەویش وەک جاران سەری خۆی بەردایەوە و درێژەی بە ڕێگای خۆی داو گومانێک کەوتە ناو مێشکی " چەند لە باوکم دەچوو... بڵێی ئەو بوو بێ"؟!.



# غرۆمە

**سیروان کەریم**
**(چەمچەماڵ)**

لە شەوێکی زستان، لە ناوەڕاستی سەدەکانی پێشوودا، دوور لە چاوی ئاوایی، بە ڕێگایەکی نهێنیدا، دەچم بۆ کووخەکەی (ڕەزا)ی مردووشۆر، لە خۆمەوە شتێک قیرسیچمەم دەکات، لە هاتنە دنیام! تێناگەم بۆ؟

هەر جارەی لە شوێنێکدا هەڵدەخلیسکێم و بە دەمدا دەکەوم، خوێن لە ڕوومەتمەوە دەتکێتە سەر تەڵاشە بەردەکان. ئۆف! مرۆڤ دەستی نەبێت چەند ناخۆشە!.

دەنگێک پێم دەڵێت: باوە! ئاوڕ لە دەنگەکە نادەمەوە، تێ دەگەم تارماییەکەیە، وەک جارەکانی تر، لە شەودا گاڵتەم پێ دەکات، کەمێک دەگریم، بێ ئەوەی بهێڵم گوێم لە دەنگی خۆم بێت! بەزەییم بە خۆمدا دێتەوە، بەوەی کە مرۆڤم. دەنگی لوورەی با دێت و خامۆش بە ناوما تێدەپەڕێ، ئەم شەو هەموو شتێک دەنگێکی هەیە، جگە لە من. دەستم لەسەر دڵمە. بیرم دەکەوێتەوە، دڵم لە سینگی منداڵێکی تردایە!

دەمەوێت پرسیارێک لە خۆم بکەم، لە ناکاو پرسیارەکە نامێنێت، تێ دەگەم پرسیارەکە، وەڵامەکەی!.

چی؟ هیچ!

چەند وشەیەک دەڵێم: (مردن، منداڵ، ئیبلیس، کووخ). چ دەبوو لە ڕێگاکەی ترەوە، بە پێخاوسی بچوومایە بۆ گۆڕستانەکە، نا، ئەمە باشترە.ئەم شەو دەچمە شوێنێک، کە من پێشتر بیرم لێ نە کردبووەوە.

لەگەڵ فریشتەیەکی ماندوو و پێغەمبەرێکی عەسابەدەست و شەیتانێکی پیردا، لە کووخەکەی (ڕەزای مردووشۆر) کۆدەبینەوە.

کووخەکە دەکەوتە سەر بەرزاییەکی ڕۆژئاوای گوندی (غرۆمە)وە، دیوارەکەی بە بەردی مەڕمەڕ و گەچی چیاکانی

(شانشین) نەخشێنرابوو، دوور دوور زۆربەی شتەکانت دەبینی لە پەنجەرەی ئەو کووخەوە سوارەکانت دەبینی، لە لای ئەهرامەکانی میسرەوە هاتبوون، باخەکانت دەبینی بە زەوییەوە چنرابوون، گیانلەبەرانی دەگمەن و باڵندەی سەر جەمسەرەکانی تر و ئاوی ڕووبارەکانت دەبینی!

دوای ئەو هەمــوو ســەدە خــاڵییــە و وەســتــاندنی ڕیسالەکانی خوا و نەمانی پێغەمبەرەکان، من و ئیبلیس، بە فەرمانێکی کەونی لەو کووخەدا کۆبووینەوە. کووخەکە لە دەرەوە دەبینم، فانۆسێک ڕووناکیی مرۆڤەکانی ناو کووخەکە بە شێوەیەکی دی دێنێتە زیهنمەوە، ترسناکتر وێنەکان دەبینم! لە پاڵ هەرسێکیاندا وەک ئاژەڵێکی بێزار،کە بە زۆر هێنرابێتە ئەم کووخەوە، دانیشتووم. لای چەپم نێردراوەکەی ئیبلیسە و ناوی (شاپیرە)، لای ڕاستیشم پەیامبەرەکەیە، بە عەسایەکی دارگوێزی هیندییەوە دەڕوانێتە دەرەوە. فریشتەکە لە بەرانبەرمە.

شەیتانەکە، کاسکێتەکەی داگرت و سیگارێکی نا بە لا دەمییەوە، بەبێ شەرم زمانە زبرەکەی هێنا بە سیگارەکەدا و شانی دادا و قاچەکانی درێژ کرد، کتێبە بەرگ چەرمەکەی هەڵدایەوە و تەماشایەکی کرد، حەزی لێ بوو مەجلیسەکە بسووڕێنێ و مەلیکی ئەو یارییە یەکەم جار بە دەستەکانی ئەو بجووڵێ، سۆتکی سیگارەکەی خستە سەر زمانی و قووتی دا و گوتی: ((بیست ساڵە ژنت هێناوە، منداڵدانی ژنەکەت کوێرەوە بووە، توانایی خستنەوەی بنیادەمی نییە، ئەوە، چاڵە کۆنەیەکە بە ئاسانی نەوەی پێدا تێپەڕ نابێت، جاری واشە کەسێکی بێ باڵی وەک خۆت، لەو کونەوە سەر دەردێنێت. خراپتر دەبیتە قەشمەرجاریی ئەم بازاڕە قەرەباڵغەی دنیا. بێ باڵییەکەت ناوی دەنێی تاقیکردنەوە؟! مرۆڤ خۆی ئاژەڵێکی زەعیفی سەر زەوییە، چ پێویستی بەم جۆرە گاڵتەپێکردنانە هەیە؟! ڕۆژێکیان لە بازاڕی باڵندەفرۆشەکان بینیتم، بەزەییم پێتدا هاتەوە! لەوێدا، حەزم کرد، کە شەیتانم و مرۆڤ نیم، مرۆڤ لە ئەسڵی دروستکردنیدا خەلەل هەیە و کەمئەندامە، ئیدی ئەمە مەخسەرەیە و ئێوە یاریی تری پێوە دەکەن.

منداڵیشت ببێت، باڵت نییە باوەشی بۆ بگریتەوە، ئەمانە ناو دەنێی ئیمتیحان؟ منداڵی ئەم زەمانە بێ دەستکاریی ئێمە ناجووڵێت، هەموو هونەری ئێمە ئەوەیە، منداڵ دەستکاریی توحفە هونەرییەکانی ئێمە بکات، تا غوسڵی قوڕیان بە ئاوی ئێمە بشۆرێتەوە. چوار ساڵ بەر لە ئێستا، بەقاڵی (عاسە بێوەژن) بوویت، خۆت لە شەرما وازت لە پیشەکەت هێنا، توانایيت نەبوو کیلۆیەک پرتەقاڵ بکێشی و باقی پوولەکان بدەیتەوە، ئەو منداڵانەی بە تفی ئێمە تەڕ ببوون، تەرازووەکەیان دەفڕاندی و گاڵتەیان پێ دەکردی، گەورەکان قاقایان تا لای ئیبلیسی گەورەمان دەڕۆیشت، لە شەرما مانگێک سەرت بە ماڵی خوادا نەکرد و تووشی نەخۆشی (ماخۆلیا) بوویت، تۆ قوونی خۆت بۆ پاک ناکرێتەوە، ڕووت بکرێیتەوە، ناتوانیت خۆت داپۆشیت! جووتێ گۆرەویت بۆ لە پێ ناکرێت، ئیدی بۆ جووتێ گۆرەوی لەسەر زەوی دادەنێی؟! منداڵیشت هەبێت، دەبێتە پینەدۆزی پێڵاوەکانی ئیبلیس! کچێکی شەهوەتباز بێت، یان کوڕێکی ناوگەڵ پیس، زەوی هەر بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە.

چیت داوە لەو نوتفەیە؟ با لە جێگەی خۆی بێت و نەجووڵێت، منداڵێک، کە لە ڕەحمی دایک بەردەبێتەوە، موڵکی تەواوی تۆ نییە، نا، هەر جارەی لە باخەڵی یەکێکماندا دەبێت. فێڵی من و هونەری فریشتەکان شەڕێکی بەردەوامە، کە دۆڕاندن و سەرکەوتنی، لای ئەو منداڵە نییە.))

نێردراوەکەی ئیبلیس هەستایە سەرپێ و هەناسەیەکی قووڵ قووڵی هەڵکێشا و گوتی: ((بەچکەکانی ئێمە و منداڵەکانی ئێوە، لە یەک قابلەمەدا نان دەخۆن، پێڵاوی منداڵێکی ئێمە، بە پێی هەموو منداڵەکانی ئێوە دەکات، دەستئاوی ئێمە مەزەی خەیاڵاتی ناو سەری ئەوانە، خەجاڵەت کێشە ئەو کەسەی ئاو لەو جامۆلکەیە ناخواتەوە، کە ئێمە دەینێینە سەرمانەوە. دنیا ئێستا لە دەستی تۆدا دراوە، منداڵەکە ئەو تەقەڵەت بۆ نادوورێتەوە. تووفڵەکەت، نە جوولەکەیە و نە مەسیح، ئەو لە ئومەتی موسلیمە، ئەمە گرانتر لەسەر ئێمە دەکەوێ، حوکمە ئەو کڵاوە ڕێک بەسەری ئێمە نەکات و زارەکان پرشی خراپیان لێ بکەوێتەوە، دەشێ چاوەکانیشت بنێیتە سەر لگاوەکە! مرۆڤ لە کووخێکی ئاواشدا بمرێت لە تەنیاییدا، خشتی دیوارەکانی ئیبلیس

ناڕووخــێنێت، بەڵام درز لە شــوێنێکی دی دروست دەکات.

کە پەنجەرەیەک بەسەر بنیادەمدا دادەخرێت، حەقیقەت لە نهێنی کردنەوەی ئەو پەنجەرەدا نییە،کە تۆ ناتوانێت بیکەیتەوە، حەقیقەت زۆر جار ئەو پەنجەرەیەیە، کە تۆ نایبینیت. شەهوەت نارژێتە ناو هیچ ڕەحمێک، تا قەڵەمی عەفووی ئیبلیس بەسەر گوناهەکانیدا نەبرێت، سجل و سەحیفەی ئەو توفڵە، نێرکی قەڵەمەکەی ئیبلیسە، لەسەر ئاگری عەزاب، ئیدی چاوەزار بۆ بە دەرگاکەتدا هەڵدەواسی؟! ئەگەر بهاتبا و چاوێکت نەبوایە، پێغەمبەران حەزیان دەکرد، جارێکی تر بهاتنایەتەوە سەر زەوی و لەسەر ماڵەکەی تۆوە کۆلارەکانیان هەڵدایە، نەقسی ئەندامێکی تۆ، شەڕی ئێمە خوێناویتر دەکات. نا، منیش نەبم، ئێوە خۆتان شەیتانێک بە قوڕ دروست دەکەن، منیش نەبم، ئەو منداڵە بە دزیی تۆوە دێتە لام، مرۆڤ بەردەوام دەستێکی لە باخەڵەکەی مندایە،بەڵام بە ئەستەم دەتوانێت شتێک بدۆزێتەوە لە گیرفانمدا!))

پەیامبەرەکە عەساکەی دەستی هەڵگرت و دایەنایەوە، پێکەنینێک کەوتە سەر لێوە تەنکەکانی، نەشئە و ڕووناکایی ناو ژوورەکەی، بە یارمەتی باری تەعالا نەخشاند. ئەو حەزی بەوە بوو، لە یەکێک لە حەوشەکانی ماڵە چەپەکەکانی خودادا کۆببینەوە و بتوانێت لەناو پەڕە زەرد و بۆرەکانی قورئان و کتێبەکانی مەنتیق و بەلاغەی عەرەبیدا، دنیا بەسەر عەرشی مەخلووقاتدا بکاتەوە.

دەنگی خوڕەی ئاوی چەمەکەی (مەڕێنەڵ)، کە دوور لەو سەری شاخەکانەوە دەهات، دەیان دەنگی تری دەخستە ناو نهێنی ئەو مەجلیسەوە، ئەو دەنگانە دەمێک بوو دنیا لای خۆی گلی دابوونەوە. هەورەکان بە هێمنی بە سەرماندا دەڕۆیشتن بۆ ناشوێن، دەرگای کوخەکە بە دارگوێزی (خۆراسان) نەخشێنرابوو، وەستاکەی بە نەخشەیەکی تژی لە فەنتازیا، نیگارەکانی ناو سەری خۆی خستبووە سەر ئەو دەرگایە، وێنەی پەرییەکی مردوو، کە باڵەکانی دەیان مرۆڤی خەوتووی هەڵگرتبوو، خرابووە ناو بەشی سەرەوەی، لە بەشی خوارەوەش کۆمەڵێک باڵندە، کە سەریان مرۆڤ بوو، بەرەو ئاسمان دوور، زۆر دوور دەیانڕوانی.

(ڕەزا)ی مردووشۆر، کە ڕۆژانە مردوو لەم کوخەدا دەشواتەوە، وەک پیشەیەک لە منداڵییەوە دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم کردووە. ئەو نابینایە، تەمەنی بەسەر پیرێتیدا تێپەڕی کردووە، مردوویەک لەو گوندەدا بە ئاو و سابوونی ئەو نەشۆرڕێت، نە نوێژی لەسەر دەکرێ و نە لە گۆڕستانی (قەیسەر) دەنێژرێت، ئەو ڕۆژانەی، کە کەس نامرێ، دەچێتە گۆڕستانەکەی ئەوبەر، جاری واش هەیە شەویش نایەتەوە، خەڵکی لە دوور ڕووناکییەکەی دەبینن، ئیدی دەزانن ئەوە مام (ڕەزا)یە.

بە هێمنی نێردراوەکەی ئیلاهی، بێدەنگیی ئەو مەجلیسەی شکاند و گوتی: ((ئەم جارە سەرزەمین شوێنی دەستپێکردنی کۆبوونەوەیەکە، هەرگیز بە خەیاڵدانی هیچ پێغەمبەرێکدا نەڕۆیشتووە، ئەم خەیاڵکردنە بۆ ئێمە بە دیوێکدا دەستکاری کردنی موقەدەساتی خوایە، ئەم خەیاڵانە دەچنە قاڵبی غاییلەی خراپی پێغەمبەرانەوە، کە جاری وایە ڕێگایان لێ تێک دەچێت و بە لای ئێمەدا تێدەپەڕن، شەیتان لە جنسێکە، زۆر جار دەسەڵاتی خۆیشی جێ دەهێڵێت. لە کڵاوی ئەو مەلعوونەدا جێگای زۆر شت دەبێتەوە، بەڵام فەخری عالەم جەمالییەتی خۆی بە شەفافی لەسەر زەوی داناوە، تا ئەو کڵاوە نەچێتە سەر هەموو مەخلووقێکەوە. جاری واشە ئاگری شەیتان و نووری خوا تێکەڵ دەبن و بە ئێمە جیا ناکرێنەوە، ڕەببی گەورە، لەگەڵ ئەم ناشرینانەدا، حوکمی قەڵەمڕەوەکەی خۆی بۆ ئێمە و فریشتەکان ئاسانتر کردووە، تا گڕی ئەو ئاگرە و نووری ڕەحمان لە یەک جیا بکەینەوە.

ئەم منداڵە، کە دەستکاریی گەمەکە دەکات و ئێمە لەم شەوەدا کۆ دەکاتەوە، حیکمەتەکە ئەوەیە، منداڵەکە بەر لەوەی پەردە بدڕێنێ، هەقی ئەوەی هەیە لافیتەی نەبووی خۆی لەم شەوەدا سپیی کاتەوەو خەلافەتی خۆی لە سووچێکی ئەم دنیایەدا جێ بکاتەوە. سەنگی مەحەک هێڵی بەردەکانی ئەم کوخەیە، لەناو نوتفەیەکی نەبینراودا، کە هێشتا ڕەحمی ئافرەتێک تەڕی نەکردووە.

حەق بەو تۆوەوەیە، کە حەڵاڵ بە هێلکەی ناو ڕەحمی ئەو ئافرەتەوە دەلکێت. وێڵاشی ئەو منداڵە گەیشتنی سوننەتی ڕەحمانی گەورەیە بە بوونی نهێنییەکانی خۆی، حەملی دایک و وەستاندنی خوێنی ڕەشی حەیز، قووەتی دامرکاندنەوەی شەهوەتی شەیتانە لە ساحەی حوکمدا،

عیبادەتی هیچ ئەولیایەکی ڕەحمان، دڵی ئەم منداڵە لە حاڵی سکوندا، ناخاتە سەر قەمەری تەقوا، زیکر لە هەقەتدا ڕشتنی ڕەنگە بۆ عاجزکردنی ئیبلیس، هاتنی من بۆ ئەم مەجلیسە و کەونی کەریم، کوشتنی نەقسی جەستەی تۆ و ئەو منداڵەیە لە عیقابی شەیتانی خەتاکاردا. باوکی ئەو منداڵە، (عەبدوڵڵا)یە، کە هەردوو باڵی لەناو شووشەیەکدا، لەسەر عەرشی غەفوور هەڵگیراوە، ئەندامێک، کە نایەتە ئەم دنیایەوە، ئیمتیحانێکی عەمەلی بچووکە بۆ سیدرای گەورە. حیکمەتەکە ئەوەیە، ئینسان لە غیابی بورغوویەکی جەستەیدا، دەتوانێت عالەمی ئیلاهی بهێنێتە سەر کۆشی مویارەکی خۆی. ئینسان، کە دوو دەستی نەبوو، قووەتی هەڵگرتن و ماچکردنی حۆرییەکانی بۆ دێتە سەر سەکۆی لەزەت.

(عەبدوڵڵا) هەم سڕی ئینسان هەڵدەماڵێت بۆ چاڵەکانی عەزاب، هەمیش جەمالییەتی حەکیم دەبات بۆ ئینسان. پێکەنینێک، کە بەسەر زمانی ئینساندا دێت، بۆ تۆڵەسەندنەوە لە کەمئەندامێک، ئەو پێکەنینە دەستکاری کردنی خشتەکانی ماڵی خوایە و کڕینی ئاگری قەهرە لە دۆزەخی ترسێنەردا، کەسێکیش عیبرەت لە نەبوونی ئەو باڵانە ببینێ، ئەوە لە ئاسمانی ئەعلا بەچکە حۆرییەک لەسەر حیسابی ئیبلیس حەڵاڵ دەکات، بۆیە لە ئەسواقەکانی ئەم دنیا فانییە، دەتوانی سیعر لەسەر خۆشی جەننەت و ئیعلانی جەهەنەمی خۆت بکەیت، لە ڕێگای ئینسانێکی کەمئەندامەوە، کە خۆی بلیتەکان لەسەر زەمین دەبڕێت، بێ ئەوەی بانگی کەسمان بکات. عەمەلی ساڵح و ئیمانێک، کە بە بەردی گوناه ناشکێت، زۆر جار کەمئەندامێک درزی تێ دەخات، هەندێ جار قاتیلێکی خوێناوی ئیمانی ئەولیایەکی سەر حەسیرێکی شڕ دەبات، تەنیا بەو فرمێسکەی، کە دەیتکێنێتە سەر خۆڵی بەزەیی، لە بەردەم کەمئەندامێکدا!.

ئینسان نابێت بەسەر هەموو حەبلێکدا بڕوات، کە شەیتان بە ئاگری قین گڕی تێ بەرداوە. بابەکانی ئەم دنیایە، زۆر بە سەهلی لەناو یەدی شەیتاندا سووڕ دەخوات، ئەو لە هەندێک ئاسماندا هێلانە دەکات، کە جاری وایە تەیرەکانی ڕەبیش سەریان لێ تێک دەچێت و لەو لانانە دادەنیشن.

ئێستا کۆتایی شەوە بۆ ئەم منداڵە، کاتی قبووڵکردن و پێچانەوەی زیکرەکانە، کۆتایی شەو ئەم شەیتانانە تەخت و تاج و سەڵتەنەتیان نامێنێ و بێهۆش بەسەر سڕی ئەفعاله ناشرینەکانی خۆیاندا دەکەون، منداڵەکە، بە ناوێک خزمایەتی هەبێت، لەگەڵ ئەهلی تابعیندا، ئەمە زیاتر منداڵەکە لە وەسوەسەکانی شەیتان دوور دەخاتەوە. شەیتان نابێتە کاسەلێسی هیچ مەجلیسێکی پێغەمبەران. عاقیبەتی ئەو دروست کراوە دانانی موویەکی نەبینراوە لە خوتەکانی ئینساندا، لەو کاتەوەی هیجرەتی دەستی پێ کردووە بۆ کۆڵانەکانی ئەم کەونە. منداڵ لە سەنعەتی خالقدا، نەزیف لە بەحری سەر زەمیندا مەلە دەکات. ئیبلیسیش پەلەکانی ئەو منداڵە، لەسەر سکی دایکی وەک خۆی ناکاتەوە، لە بەرچاوی کائینات، ئیسراحەت شوومە لە سێبەری منداڵێکدا، بێ پرسی ڕەحیم ئیشی تێدا بکرێت، خاوەن منداڵەکە دەبێت نانی عەفووی شەیتان نەخوات و واجبەکانی خۆی لەسەر کاغەزی عیقدەکانی ئیبلیس بدڕێنێ، لەبەر چاوی سەخاوەتی مەجید.

وەکیلی منداڵێک لە کووخێکی ئاوادا، دەبێت شەکوا لەناو قینی شەیتاندا تۆمار بکات، ئێمەش وەک پێغەمبەران، دەبینە ماکی پەنجەکانی ئەو منداڵە، کە هەرگیز بە دانە پیسەکانی ئیبلیس ناگیرێت.

ئوممەتی موسلیم جەنگ لە کووخێکی ئاوادا ناباتەوە، ئەگەر بێتو نێردراوی ئیبلیس حوکمی بکات. کاری پێغەمبەرایەتی لە گەزێکی وەک ئەم کووخەدا، مووس بە وێلاشی منداڵداندا ناهێنێ، تا نەیباتەوە. هەوڵی گەورەی ئێمە ئەوەیە، بە جادوویی ئیبلیس دایکی ئەو منداڵە نەکەوێتە سەر سک. دەبێت ئیبلیس لە حەوزی لیقنی خوێنی حەیزی دایکی ئەو توفڵە بخواتەوە، ئەم نەعلەتییە نابێت بۆن بەو منداڵەوە بکات و چاوی لەسەری بێت، ئەم شەیتانە فوو بە گەردی تۆزاوی ناو حەیاتی ئینساندا دێنێت، ئەگەر هاتو غافڵ لە بازنەی نەزانیدا سووڕایەوە. ئێستا زەمین بە میزی ئیبلیس تەڕ بووە، باران بۆنی ئەو میزە لەسەر زەمین ناشواتەوە، دانیشتن لەسەر گڵێمی ئەم کووخە، یان حەسیری مزگەوتێک، هیچ لە بۆنی نەگریسی میزەکە ناگۆڕێت، تا منداڵەکە نەکەوێتە بۆنی میزەکەوە.))

دەنگی گریانی منداڵێک دوور لە ئاواییەکە دێتە

گـوێمـەوە، هەست دەکـەم ئەوە منداڵەکـە بێت، دەنگەکـە عاجز بە کۆڵانەکاندا دێت و هێور لەو شەوەدا دەڕوات. لە دڵی خۆمدا دەڵێم: منداڵەکە ناوێکی دەنێم، قورعەی ئەم مەجلیسە بڕیاری لەسەر بدات.

تەمـەنم چل سـاڵە و بیـست سـاڵە ژنم هێناوە، ڕەنگم لەبەر ئاوێنە دەچێتەوە سەر ڕوخساری نووح پێغەمبەر، باوکم بە منداڵی لە حـوجـرەکـەی خـۆیدا شـەش سـاڵ بەلاغـەی عـەرەبی فـێـرکردم، بێ ئەوەی بتـوانم قـەڵەم بە دەسـتـەکـانم بگرم. باوکم ڕۆژێکیـان لە سـێـبـەری دارسنەوبەرەکەدا گوتی: ((تۆ ناتوانی قەڵەم بگری، بەڵام بە ئـاسـانـی دەتوانی زمـان بگری، زمـان ڕەگی هەمـوو شتەکانە، قـورئانی خالق، تەعبیری زمانی لێ دەربکەی، ئایەتەکـانی لە غـیـابی مـانادا دەوران دەکـەن، هەمـوو ئافاتەکانی دنیا زمانە و هەموو جوانییەکیش زمانێکی تایبەتی هەیە، پێویستە ئینسان ورد بیدۆزێتەوە، هەموو ڕیسالەیەک لە پێشدا زمانە، مرۆڤ، کە قـووەتی بەسـەر نووسیندا نەما، پێویستە بێتە زمان.))

دەنگی هەورەتریشـقـەیەک هات، پاش کـەمـێـک بارانێکی بەخوڕ دای کردەوە، دەنگی بارانەکە جووڵەیەک بە شەیتانەکە دەکات و بزەیەک، کە مەیلی گاڵتەجاڕیی تێـدا بوو، کـەوتە سـەر لێـوە ئەسـتـوورەکـانی. لە پەنجەرەکەوە تەماشایەکی دەرەوەی کرد، ورتەیەکی کرد و هیچ تێ نەگـەیشتم. فریشـتـەکە تا ئەو کات وەسـتابوو، ویسـتی شـتـێک بڵـێت، پاش ئێـسـتـێک گـوتی: ((من تەنیـا بـۆ ئەوە هاتـووم، وەک فـریشـتـەیەک ئاگـام لەم مـەجلیسـە بێت، تەنیا هەقی ئەوەم هەیە گـوێ بگرم، لە ئەسڵدا کاری فـریشـتـەکان گـوێگرتن و جێبەجێکردنی کاری قادرە.))

خەڵکی گوندی (غرۆمە)، بێجگە لە من، کەسی تێدا نییـە وجـاغی کوێر بێت، لە گوندەکەمـاندا پێشبڕکێی نەوەخسـتنەوە هەیە، ژیان لەم گوندەیدا گران بە سەرمـا کەوت. شەوێک لە شەوەکانی پاییز ویستم ئەوێ بەجێ بهـێـڵم و بڕۆم، لە ئەشکەوتی (خـۆرنەوەزان) بژیم و بۆ هەتاهەتایە لەگـەڵ ژنەکـەمـدا لەوێ بمێنمـەوە، بەڵام پەشیمان بوومەوە و (غرۆمە)م جێ نەهێشت.

دەیان جـار چوومـە سـەر مـەرقـەدی پیـاوچاکـان، بەردەکانی ناو مەرقەدەکانم سووڕانەوە، تا مرازی جنسیم لە خەوی غەفڵەت هەڵسێنم و کەراماتی خۆم بڕژێنمە ناو ڕەحمی ژنەکـەمـەوە، ئەو هەمـوو نووشتـەیەم دەخسـتە ناو سەرینەکانەوە و لە کاتی لەزەتی جیماعدا دەمخوێندنەوە. لەناو سـەفی پێـشـەوەی مـزگـەوتەکـاندا، عـارەقی شـەرمم دەڕشتە سەر فەرشی مزگەوتەکان و هەمـوو سوونەتەکانی پێغـەمبـەرانم لەناو ڕکوعێکی گـەورەدا دەوتەوە،تا حاڵی بەزەیـی، نەبوونـی منداڵـێـک، زۆر شـــــتـی پـێ تـاقـی کردمەوە، زۆر شت...

من لە بەردەم سـەیـیـئـاتی خـۆمـدا حـەز ناکـەم کـچـێکم هەبێت، ئاوی سـەد پیـاو بتـکێنێت، پیـاوێک دوای ئەو هەموو ساڵە، منداڵێک بانگی نەکات باوە، هەقە سڵ لە پیاوەتیی خـۆی بکاتەوە! ئەندامی نێرینە عـەزابە، ئەگـەر هاتـو توانـایی خـسـتنەوەی نەوەی نەبوو. لێــرە، منداڵ دەتکاتە پیـاو، نەک پیاوەتی خۆت، منداڵ هەم کەرامەت بەخشە و هەم ئابڕووبەر.

((هەست دەکـەم شـەیتان لەم مـەجلیسـەدا حاکمـێکە، خـەریکە کەمێک عەدالەت بۆ خۆی دەبات، دەزانم بەرگی ئەم شـەیتانە پیـرە غـووسڵی گوناهەکانم ناسڕێتەوە، بەڵام لە حــــەقـــــەتدا دەبێت ورد گــــوێی بۆ ڕابگرین، لەم مـەجلیسـەدا، کـەمێک شـەرم و بێ شـەرمیش لە گلاسی عەمـەلی خراپەدا دەخواتەوە، ئەم مەجلیسە گەمەی بیست و یەکـی سـەر لبـادێکی شـڕ نیـیـە، بە ئاسـانی تێـیـدا بدۆڕێین. پێ ناچێ ئەم مــەلعــونە جلی ژێرەوەی هێندە پیس بێت، نەخـشــە جــوانەکــەی نـاو دڵـی منداڵەکــە بلەوتێنێ، ئەم پیـرە سـیگارکـێـشـە تاقـەتی نەمـاوە، لە بەردەم ڕقی ئەستووری مرۆڤدا، گۆمەکە لیقنتر بکات.

هەرچەندە تا ئـێـسـتـا بڕیارم نەداوە، نیـیـەتی سـافی نوتفـەم لە ڕەحمی خێـزانمدا تاقی بکەمـەوە، ترسی ئەوەم هەیە ئـێـمـە لە بۆشـاییـدا قـسـە لەسـەر ئەم مـەلۆتکەیە بکـەین، نەزۆک ناتوانێت لە ڕەحـمی کـانیـیـەکـەوە ئاو بخــواتەوە، کــە هێــشــتــا ســەگــێکی تینوو ئاوی لێ نەخواردووەتەوە، وجاغ کوێر و بێ باڵێک، بە ئاسانی لە شوێنێکدا حوکم ناکات، کە هەم مەنبەعی بنیادەمی پیس و هەم مــەنبــەعی پاکــیـــیــە. کێ دەڵێت ئەم منداڵە وەسوەسەی خەیاڵی ناو خەیاڵدانی شاعیرێک نییە و بە هەڵە ئێمەی لەم مەجلیسەدا کۆ نەکردووەتەوە؟! چاوەڕوان نەکـراو بوو، پیـاوێکی وجـاغ کوێر لە مـەجلیسـێکی لەم جۆرەدا، دەوری کاسەلێسی بۆ منداڵێکی نەبوو بگێڕێت، کە ڕوون نییە، لە کوێدا دەکەوێتە خوارەوە.

شەیتانێک، کە دڵی لە ئاوی نیل تەڕترە، بە سیگارێکەوە، نازانم! دەهێڵێت یان نا، منداڵەکە وەک خۆی بپێچرێتەوە. ژنەکەم هەموو جارێ دەڵێت: ((باوەڕ بە گوڵی فەرشێک مەکە، کە ناتوانی ئاوی بدەیت، ناتوانی بۆنی بکەی، ناتوانی هەڵی وەرێنی.))

گەورەییە بۆ (عەبدوڵڵا) لە کوخی مردووشۆرێکدا، لە سێبەری شەوی پێغەمبەرێکدا، شتێکی هەبێت لە قسە بچێت. شەیتانێک، بە کاسکێتێکی لارەوە، بێ ترس گوێی لێ بگرێت، فریشتەیەک لە بێدەنگیدا، بەتەنیشتییەوە لە لەگەنێکی مسدا تیکە بسووڕێنێ.

ئەو دوای نیوەڕۆیە هەواڵەکەیان پێ وتم، لە سووجدەیەکی تاقەتپڕووکێندا بووم، لە کۆڵانەکانی بەهەشتدا پیاسەم دەکرد، حۆریم دەبینی دەمارەکانی ناو جەستەیان بە دەرەوە بوو، سابوون و میسکیان لە دوکانێکی هاوڕێم دەکڕی، کاتی خۆی ئەو هاوڕێیەم لە ئاگرێکدا سووتا، ئێمە تەنیا سۆتکی لاشەکەمان دۆزییەوە، کۆمەڵێک سمۆرەی جۆراوجۆرم بینی، لە دارستانەکاندا بازیان دەدا، منداڵانم دەبینی، کۆتری شین لەسەر شانەکانیان هێلانەیان کردبوو. ئەو کات من لەسەر بەرماڵەکە بێ هۆش کەوتبووم، دەنگێکی گڕ لەو بێهۆشییەدا خەبەری کردمەوە و بە چرپەوە گوتی: ((تۆ سارەشەو وەرە بۆ کووخەکەی (ڕەزا)ی مردووشۆر، خوا ڕێزی لێ گرتوویت.))، ئیدی ئەو تارماییە لە شێوەی برقێکی ئەبەدیدا نەما. کێشەکە ئەوەیە، ئێمە زۆر جار بە نەعلی شەیتانەوە سوجدەی شوکر دەبەین، مرۆڤ جارڕچییەکە، زۆر جار بەلاغەتی نهێنی لە شەیتانەوە بۆ سەر سیراتەل موستەقیم دەگوێزێتەوە. بیف! مرۆڤ چەند دوولەت و مونافیقە!))

دەمەوبەیان کووخەکە بەجێ دێڵین، بە نییەتی بوونی منداڵێک لەژێر لێزمەی باراندا دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە.


لە باڵکۆنەکەوە بانگ دەکەم (عەزیمە)!

مردوویەک، لەناو جلەکانیدا پاڵکەوتووە، بۆ دەرەوە دەڕوانێت، دوور سەیری کووخەکە دەکات.

بیر دەکەمەوە، (ڕەزا) لە حەجە، کێ ئەم تەرمە بشواتەوە؟!

ئەی کێ ئەو منداڵە بێنێتە دنیاوە؟!

کێ؟



# چەند چیرۆکێکی مینیماڵ

**ئەحمەد حەقناس**
**(بۆکان)**

### شەرمەزاری

کچەکە بە ئەسپایی هەستا چوو لە درزی دەرگاکەوە نامەکەی وەرگرت. بە ئارامی بە پەنجە لەرزۆکەکانی گۆشەیەکی نامـەکـەی دڕی، پەڕە کـاغـەزێکی هێنا دەرێ، بە تـامـەزرۆیی چاوی پێداگـێـڕا. لە کـۆتـایی نووسـراوەکـەدا لە بـاتی ماڵئاوایی، لێی نووسرابوو شەرمەزاری!

شەرمەزاری!

شەرمەزاری!

### مخابن

زۆر لەمێژە بیر لەو خۆشییە دەکەمەوە دوای ئەوەی چەندین جار شوێنی کاری خۆم گۆڕیوە، چەند جارێکیش مەداری سنوورەکانم بەزاندەوە تا ئەوپەڕی نامۆ بوون بە هیوای ئەوەی تۆزێک لە خۆشیدابم، بەڵام خاوەن کارەکان هەموو وەک یەک دەچن، دەڵێی بە یەک زگ لە دایکبـوون، مـخـابن هەزار جـار مـخـابن، بە درێژایی تـەمـەنم بەدوای خـۆشی و ئاسوودەییدا گەڕام، کەچی مێشکم شڵەژاوتر و دەرگای ئاوات ئاڵقەڕێز.

### تام

لەنێوە ڕاست حەوشەکەمانا دار قەیسییەکی لێ بوو، قەیسییەکەی زۆر بەتام بوو.

هەموو هاوینێ کاتی گەیشتنی کچە قەرەجەکەی ئەو سەر گەڕەک دەهات و تێر تێری لێ دەخوارد. ڕۆژێک باوکم ڕقی هەستا و لە بندا بڕییەوە.
ئێستا هەموو ساڵێ کچە قەرەجەکەی ئەو سەر گەڕەک دێت و لەسەر بنەکۆتەرەکەی تێر تێر دەگری؛ چاوەڕوانە لە ڕیشەوە هەڵبێتەوە و جارێکی تر تامی بچێژێ.

**گۆشە**

هاوڕێکەم ئاگاداری کردمەوە ڕۆژنامەکەی من و ئەو داخرا. ئای لەو کەساسییە، بیرەوەرییەکانمان ئاوارە بوون، بۆ گێڕانەوە دەبێ گۆشەیەک لە ڕۆژنامەیەکی وڵاتی هاوسێمان بە قەرز وەربگرین.

**نازانم**

نا نا نازانم منیش وەک ئێوە ئاوارەم، کۆڵان و شەقامی ئەو شارە بە من نامۆن. بۆ پێدەکەنن مەگەر نازانن ون بوون بە دوای عەشقی نێو هێلانەی تەلەفۆن لە مرۆڤی ڕێی پەشیمانی شڵەژاوترە.

**زیندان**

لە نیوە شەوێکی درەنگا بوو، لە خەو ڕاچڵەکی، سرنجی ئەم لاو ئەولای خۆیدا، پەنجەی لەسەر چاوی ڕاستی دانا، چاوم هیچ نابینێ. بە ئاسپایی پەنجەی درێژ کردە سەر چاوی چەپی، ئەویش هیچ نابینێ. گیانی کەوتە لەرزین، پەنجەکانی وەک لقی داری دەم شنەبا دەلەرینەوە. بە دەم ئازار و ترسەوە وتی وێدەچێ زیندان بیرەوەرییەکی ناخۆشی بۆ خۆم و جەستەم نەبووبێ.

**تیرۆر**

ئێوارە بە پەلە چووە لای ڕۆژنامەفرۆشەکەی سەر شەقام، ڕۆژنامە تایبەتییەکەی خۆی کڕی، هەر بە پەلە لاپەڕە بە لاپەڕە هەڵیدەداوە. لە ناکاو دەنگی بەرز کردەوە. وەرن سەیری ئەم گۆشەیە بکەن، پیاوێک لەدەست ژنەکەی خۆی تیرۆر کرد!

**چاوەڕوانی**

بەدڵ چاوی بڕیبووە ڕوخساری شینی کۆمپیوتەرەکە، هەزار بیرەوەری لە مێشکیدا ئاڵوگۆڕ دەکرد، تا دەهات زیاتر ئاوێنەی خەیاڵە ڕەنگینەکانی نێو کۆمپیوتەرەکە دەبوو. لەپڕ خوشکەکەی، خۆی کرد بە ژوورەکەیدا. ئەویش شڵەژاو کۆمپیوتەرەکەی کوژاندەوە. خوشکەکەی پێی وت: مەترسە! چاوەڕوانی بایەخی ڕشانەوەی شەوانی سەرجێی نییە.



# بۆری

مرادێ کارکەر
(ئامەد)

"بۆرییییییی!"

پشتی ڤێ گۆتنێ دیسا دا دوو مە. ئەم ژی مینا هەر جار ب هەموو هێزا خوە رەڤیان. مە نەدوێری ئەم ل پشت خوە ژی بنێڕن. دلێ مە مینا دلێ چووکەکە ترسیایی ل قەفەسا سینگا مە ددا. ئەز کەنگی دبەتلیم ئەو کەنگی ژ مە دگەریا قەت نزانم. گاڤا ئەز ب وێرەکتیەکە مەزن بزڤڕیاما و ئەو تونە بوویا وێ چاخێ وە یێ ئەز بدیتما. ئەول دەستێن من دچوون سەر چۆگێن من و من بێهنا خوە ددا. هنەک بێهنا من دهات بەر من ئیجار من خوە راست دکر. کەڤرەک د گۆلێ دە چاوا خەلەکان چێبکە و خەلەک هەر کوو هەرە دۆرفرەهـ بن، بشرینا من ژی ژ لێڤێ من دەست پێ دکر و مینا خەلەکێن ئاڤێ ل سەر هەموو روویێ من بەلاڤ دبوو. ئەز د ناڤا ڤێ دەروونیێ دە بەر ب جیێ مە یێ ڤەشارتی ڤە دمەشیام و دفکریم. هەڤالێن من ئێن کوو مینا هەبێن تزبیەکە قەتیایی پەنگزیبوون دەڤەرەکێ، ئەز ل وان دفکریم. گەلۆ وان خوە خەلاس کربوو یان نا؟ هەتا ئیرۆ کەس نەکەتبوو دەستێ وی ب سەر دە ژی مە نەدیتبوو ل تو کەسی ژی خستبوو. دیسا ژی خۆفەکە مەزن دخست دلێن مە.

هوسنی دینێ تاخا مە بوو. لێ نە دینەکی دەڤگلێز و جلقەتاندی بوو. مرۆڤی ئەو ناس نەکرا و ل دەرڤە بدیتا وەک هەموو کەسان خویا دکر. ژ گەلەک هەڤسالێن خوە ژی چەلەنگتر بوو. ب بەژنا خوە یا بلند، ب ملێن خوە یێن فرەهـ، ب چاڤێن خوە یێن رەشێ زەیتوونی، ب روویێ خوە یێ گەور، ب پۆرێ خوە یێ رەش و درێژ مینا ئارتیستەکی فیلمان بوو. ل خوە ژی مقاتە بوو؛ پۆرێن وی شەهکری، کنجێن وی هەرتم پاقژ بوون. کەچکێن تاخا مە دەما ئەو ل سەرێ کوچەیێ خویا دبوو د پشت پەردەیان رە ب دلبژۆکی لێ دنەریان و خوەزیا خوە پێ دانین کو هەزکرییێن وان ژی وەک هوسنی چەلەنگ بە. مەزنێن مە ژی ل هەمبەری وی ب رێزداری تەڤ دگەریان. نە وەک دینەکی بە وەک هەڤالەکی وان بە ئەو تەڤلی جڤاتا خوە دکرن. لێ تشتێ هەری زەدە بالا من دکشاند، کشاندنا وی یا جگارێ بوو. ب کشاندنا

جگاریٚ ره بیبکێن چاڤێن وی هوورک دبوون، ژ چاڤێن د ناڤا دووخانێ مایی ده خەمگینی دفوریا و مرۆڤ خوە ژ وێ خەمگینیا بشەوب نکاربوو خەلاس بکرا. د وێ کێلییێ ده رەنگ چلمسۆکی دبوون و ژیان کراسەک کو ریسێن وی ب خەمگینی دهات رستن ل خوە دکر. ئەم زارۆک دەما تەنێ بوونا مینا فریشتەیەک بێ گونەه بوون لێ دەما دهاتن با هەڤ دبوون مینا شەیتانان. ب هەڤ ره مە دکاریبوو ئەم هەموو گونەهان بکن. یەک ژ وان گونەهان ژی هێچکرنا هوسنی بوو. هوسنی بێ هایا وی ژ مە هەبە ئەو ئێ جگارا خوە بکشاندا و ل کوچەیێ بمەشیا. هەر تشت ژ بۆ وی خوەش بوو، هەتا وێ گۆتینا "بۆری" یێ یا بێیوٚم ژ دەڤێ مە دەرنەکەتا. د وێ کێلییێ دە گلێز ب دەڤێ وی دکەت، ئەو خۆرتێ هێمین هێج دبوو، ژێ دەنگێن ئاژالێن کۆڤی دەردکەتن. وەک کو هوون ئێ ژی تەخمین بکن دیسا ددا دوو مە. د دەما زارۆکاتیا مە دە فیلمەک هەبوو. ناڤێ ڤی فلمی مێریٚ گور بوو. مێریٚ گور د ژیانا خوە یا رۆژانە دە پەیایەکی ماقوول بوو. لێ دەما کوو هیڤرۆن هلدهات، لاشێ وی مەزن و ب پرچ دبوو. د جلێن خوە دە هلنەدهات و جلێن وی وەسلەوەسلەیی دبوون. لەهەنگێ فیلمی ب هلاتنا هیڤرۆنێ ره؛ هوسنییێ مە ژی ب بهیستنا پەیڤا بۆری ره دگوهەری. چما ڤێ گۆتینێ ئەو، ئەوقاس زڤێر دکر. بەرسڤا ڤێ پرسێ د ناڤا چیرۆکا وی دە بوو. ل گۆری مەزنان، دینبوونا هوسنی ب مرنا دیا وی دەست پێ کربوو. سەگباڤێ وی، دیا وی ب لێدانا بۆرییێ کوشتبوو.

گاڤا هاتم جییێ مە یێ ڤەشارتی هەموو ل ور بوون. ب دیتینا من ره هەموو ژ جیێن خوە رابوون و هاتن بال من. مە ژ نشکاڤە دەست ب کەن کر. هەتا زکێ مە بێشە ئەم کەنیان. جییێ مە یێ ڤەشارتی ل پاش مالا ئیبۆ وان بوو. چەتەیا مە ل ور دجڤیا. ئەز، ئیبۆ، حەمێ، حەسەن، مهەمە و کەنان مە خوە وەک چەتەیان دحەسباند. ما مە دێ چما خوە وەک چەتەیان نەحسباندا. جییێ مە یێ ڤەشارتی هەبوو و ئەم هەموو خوینبراکێن هەڤ بوون. ئەرێ وە شاش نەخوەند ئەم هەموو خوینبراکێن هەڤ بوون ژی. مە زێندەن خوە ب پارچەیەک جام ژێ کربوو و داوییێ زەندێن خوە یێن بخوین ب دۆرێ دابوون سەر زەندێن هەڤ و ئەم بووبوون خوینبراکێن هەڤ. خوینبراتی د ناڤبەرا دو کەسان دە چێدبوو لێ مە ب کۆمی چێکربوو. وەک کو هوون ژی شاهدییێ دکن چەتەیا مە نە چەتەیەکە ژ رێزێ بوو. جییێ مە یێ ڤەشارتی باوەرِیەک مەزن ددا مە. هەڤالتیا مە ژی ب شیرێزا رازان دهات پەرچین کرن. مە ل ور خوە وەک کەسێن هەری ئەولە یێن ل سەر ڤێ دنیایێ هیس دکر. پشتی ئەم ژ ور عاجز دبوون و ئەو دەر ئێدی ژ مە ره تەنگ دهات مینا تیر ژ کەڤانێ دەرکەڤە ئەم ژ جییێ خوە یێ ڤەشارتی دبەزیان کوچە و سووکان و دەمێن زالمییێ دەست پێ دکر. هەر تشت ژ بۆ مە مینا لیستکەکێ بوو. هێجکرنا هوسنی، ژ بۆ جەرباندنا هەفتجانیا پسیکان، ئاڤێتنا وان یا ژ قاتا هەفتان، کوشتنا بەقان، شکێناندنا قالکێن کۆسیان، ژێکرنا تەرِیێن کووچکان، خەراکرنا قولێن گێریکان و هێلینێن چووکان، هەلاندنا شەیتانۆکان ئا ب خوێ، ئەڤ هەموو ژ بۆ مە لیستک بوون. تەشیا زارۆکاتیا مە ب تەڤنا زالمییێ دهات رستن. داوییێ ئەم ئێ هین ببوونا کو ژیان ب خوە ژی لیستک بوو. لیستیکەکە کو مرۆڤ تەڤلی بوو ب شووندە ئازادیا وێ دقەدیا و مرۆڤ دکەت بن نیریٚ رێزکا لیستکێ. لیستکا ژیانێ ب سالان رە تەنێ دەردۆرا خوە فرەهتر دکر و کەس و جیێن نوو ل خوە زێدە دکرن.

د وان رۆژان دە لیستکێن هۆڤانە یێن مەزنان ژی دەست پێ کربوون. ئەورێن هەلەسۆری یێن ب خوین ل سەر باژێر و سەرانسەرێ وەلێت گرتبوو. رۆژ بێ کوشتن نەدبوهورین. ژ کانی، کوچە، پرتووک، هێڤی و ئەڤینان خوین دادوەرڤی. لیستکڤانێن خوەدی رووپۆش و گەودە مەزن تەڤ ل لیستکێ بووبوون. هەر کەسی د بن چاڤان رە ل هەڤدو دنەهەری و ژ هەڤ دکەتن شک و گوومانان. نووچەیا مرنا هوسنی ژی مە د وان رۆژێن نەخوەش دە بهیست. ب خوە هوسنی قەدەرێ مەهەکێ نەخویابوو. جەندەکێ وی ل بەر چێم هات دیتن. د وان رۆژێن ترسناک دە مینا هەر تشتی ئەو بوویەر ژی د بن غومامێ نەدیارییێ دە ما. مە ئەول نەخوەست ئەم باوەری ب مرنا هوسنی بینن. لێ دەما کو مە دیت دایکێن مە دگرین، مە وێ چاخێ باوەرِ کر. وێ رۆژێ خەمگینیەکە ژ قەلافەتێ مە مەزنتر خوە بەردا سەر مە و ب ناپەرووشکێن خوە دلێن مە یێ پچووک گوڤاشت. کۆسی، بەق، پسیک، کووچک و ئاژالێن کوچەییێن مە هەموو رۆژەکە ب ئارام دەرباس کر. مە دگۆت بەلکی ئەو ئێ ل سەرێ کوچەیێ خویا ببە و ئەم ئێ دیسا وی هێرس بکن؛ لێ مخابن ئەو ئێدی نەهات و قەت ل سەرێ کوچەیێ نەهات دیتن.

**چیرۆکنڤیس موراد کارکەر ل سالا (١٩٨٥)یێ ل گوندێ هێکەجووکێ یا گرێدایی چنارا ئامەدێ ژدایکبوویە. دبستانا سەرەتایی و ناڤین ل ئامەدێ ب دوماهی ئینایە. دەرچوویێ زانینگەها دیجلەیە - پشکا پۆلا مامۆستاتییێ. نها هەر ل ئامەدێ کارێ مامۆستاتییێ دکە. کورتە چیرۆکێن وی ل کۆڤارێن (دیوار)، (چرووسک) و هنەک مالپەرێن کوردی ژی دە بەلاڤبوونە.**

**«ڕامان»**



# گوێی قەلاکۆن

**شیوا موقانلو**
**لە فارسییەوە: دڵشاد خۆشناو**
**(سلێمانی)**

ئەوەی کە بەسەرهاتی ژنانی (دارولعیلمی قەلاکۆن) لە کەمتر بەڵگەنامەی نووسراودا باس کراوە، نە لە بەهای مێژوویی چیرۆکەکە کەم دەکاتەوە، نە کێشی چیرۆک ئامێزی مێژوو پتر دەکات، بەڵام ئەو لێکۆڵەرە سەرکێشانەی کە زەحمەتی سپی خوێندنی چینەکانی ناسری و مێژووی جوینیان داوەتە بەرخۆیان، جارناجار، لە نێوان گێڕانەوەی وتەیەک لە عەبدولحەی مەراغەیی تووسی تا دێڕێکی ئەبوعەلا جوزجانی ڕووبەڕووی دەستەواژەی نهێنی ئامێزی (ژنانی قەلاکۆن) بوونەتەوە کە وەک زیندەخەوێکی کورت، ساتێک لەبەرچاویان دەرکەوتووە و پێش بەرجەستەکردن و شێوە وەرگرتنی بەچاو، لەبەرچاو ون بووە.

لەو سپی خوێندنەوانەدا، شارێکی ڕەنگ پیرۆزەیی دەبینین لە دامێن چیایەکی چوارچاو و سپی کە کەسە دیارەکانی زانست و ئەدەبی دەیان ساڵ کردبوویانە پەناگە و ماڵی خۆیان. خوانی زانست و لێکۆڵینەوە لە هەر قوژبنێکی ئەو یاقووتە پیرۆزەییە جوانە لەگۆڕێدایە و سێبەری گومەزی عەقیق لە سەر ئەو پیاوانەی لەژێر کەپرەکان سەرقاڵی مشتومڕن بەردەوامە، ئەمارەتە خشتییەکەی قەلاکۆن، دووریيەکی مەغروورانەی هەیە لەگەڵ شارەکانی تر و دواترین مەنزڵگەی دروستکەری دەستی مرۆیە پێش پێنانە دامێنی کێوی چوارچاو، ئەو دارولعیلمەش مەنزڵگەی ئەدەب و ئەدیب و هونەر و هونەرپەروەرە، بەڵام مەرجی چوونەناوەو نیشتەجێ بوون تێیدا ئەوەیە کە ژن بیت.

زاناترین حەکیمەکانی وڵات، بە مەرجی یەکەمین داواکردنی کەمال، لێرە کۆدەبنەوە و زانستەکانیان دابەش دەکەن. کەیبانوو بن، یان کەنیزەک، کاتی چوونەناو حەوشەی یەکەمی قەلاکۆن، جلی دوێنێیان دادەکەنن کە ڕەنگی چین و بیرکردنەوەی لێ نیشتووە، بەرگی درێژ و یەکسان وەردەگرن کە هەمووی لە ئەلیافی دارگوێز چنراوە و سەرتاپای

لەشیان دادەپۆشێت. حەوشەی دووەم، جێگەی یەکەمین مشتومڕەکانە، هەرکەسێک بە دڵی خۆی پرسیارێک دەخاتەڕوو و بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامیش بێت، وەڵامی پرسیارێکی تر دەداتەوە، بێژەر باشترین وەڵامەکانی خراپترین پرسیارەکان دەباتە حەوشەی سێیەم کە ئەوانەی لەوێن هەموویان بە دەنگی بەرز چەندین سەعات بەدوای یەک قسە دەکەن تا وەدیار کەوێت قسەکانی کامیان گەیەنەرتر و ڕەواترە. حەوشەی چوارەم، ژیانی بێدەنگییە: ئامادەبووان بە بێدەنگی خەریکی مشتومڕی زانستی دەبن تا یەقین بن بانگی بێدەنگی کێ لە هەموویان بەرزترە. ئەو هەڵبژێردراوانەی کە مۆڵەتی چوونەناو حەوشەی پێنجەم وەدەست دێنن، مۆڵەتی نووسینیش وەردەگرن. لێرە نووسراوی دەستنووس لەدایک دەبن و بەرگ دەکرێن و دەگوازرێنەوە کتێبخانەی شاهواری قەڵاکۆن لە ژێرزەمینە بەردینەکە. شەشەمین حەوشە هی حەوت کەیبانووی هەڵبژێردراوە کە سەرووترینی زانست و ئەدەبی ئەو دارولعیلمەن. ئەوان مافی قسەکردن و بێدەنگی و نووسینیان پێکەوە هەیە. حەوتەمین حەوشە هێشتا بەتاڵە، چاڵێکی گەورەیە کە هیچ کەسێک نازانێت و نەیزانیوە کە دەبێ چی بخەنە ئەوێ.

ئەم حەوت حەوشەیە، حەوت بازنەی چەق یەککگرتوون کە مارێکی وەها لەپێش دەرگای دەم لە دەوری خۆیاندا سووڕاونەتەوە.

هەندێ ڕۆژ زریانە، هەندێ ڕۆژ تۆزوبا، قەڵاکۆنییەکان لە زریانیشدا خوانی دەرس و مشتومڕیان هەر لەگۆڕێدایە، بەڵام ئێستا هەواڵی زریانێکی گەورە دەبیسترێ کە لە بیابانەکانی ڕۆژهەڵاتەوە دێ و زیندوو و مردوو لە قەراغێک دەدوورێتەوە، دەڵێن بە لوتفی بێ توانایی شا خوارزمشا کە خاوەنی ئەو موڵکەیە، داسی مەرگی مەغۆلەکان بە یەکسانی دەچێتە گیانی چنار و ڕەیحان لە پێش هەمووشیانەوە خاوەن زانست و هونەرەکان ڕیشەکێش دەکات. تا ئەو شوێنەی کە هەندێ بێ بەخت بە زیندوویی بکەونە دەست مەغۆلەکان، ناچارن هەر ئەوەندە پەرێشان بن کە قازی فوشنج لە ناساندنی خۆیدا بە تولی خانی گوتبوو: (من کەسێکی بێچارەی زانا و دوعاگۆم) قەڵاکۆنییەکان بە خێراییەکی خەماوییەوە سەرەتا و کۆتایی کۆڕەکە تێدەگەن. ڕێگای مانەوە و ڕۆیشتن نییە، هەموو شتێک بە خاک کۆتایی دێ:

**ئێستاکە هونەر دەبێ داوا لە ناخی خاک بکات**<br>**لەوەی کە لە ناخی خاکدان هەموو پڕ هونەران**

کەواتە چرای پیرۆزەیی ئەم شارە بۆ ماوەی چەندین ساڵ دەکوژێنەوە و هەموو ئەمارەتەکانی دارولعیلمەکان دەکەونە ژێر داروپەردووەوە و هێرشکەرە بێگانەکانی خۆیان بە تاشەبەردەکان دەبەستنەوە تا خاکی لەتورەگە کراوی ئەو وڵاتە بە تەواوەتی بکێڵرێ. وەها ڕەوایە و هەر وەهاش دەبێت، بەڵام داهاتووی ئەو گەنجینە زانستییە مەزنەی کە قەڵاکۆنییەکان چەندین ساڵ خاوەنی بوون بەم شێوەیە ڕووناکییەکی تێدا نییە. وەگێڕەکان دەمرن و کتێبخانەی ژێرزەمینەکە دەبێتە نێچیری ئاگر، بەڵام ناواخنی ئەو نهێنییە نەگوتراوە لە کوێ بشارنەوە کە نە بە شەقبوونی سینگەکان ئاشکرا بێت و نە بە سووتاندنی نووسراوەکانیش نابووت بێ؟

دوای ئەم هەموو ساڵە، لە حەوشەی حەوتەم کۆبوونەوە لەو بیرەی کە ناواخنی زانستەکە بکەن بە شێوەیەکی سیمبۆلیک بیخەنە پەراوێزەوە کە تەنیا زانا و دەستەبژێرەکانی داهاتوو ماناکەی تێ بگەن، ئەوانەی هێماکەی بخوێننەوە کە پێشتر گەیشتبنە بینینێکی سادە. مشتومڕ لەسەر شێوەی دەرەوەی سیمبۆلەکەیە کە لە ڕواڵەتیشدا هەموو ماناکانی دەروونیی خۆی هەڵگرێ. کام ناخە کە وەڵامی تەواوی پرسیارەکانی تا بزانێ ڕۆژ و تا لەوە بەدوایش لەخۆیدا جێ بکاتەوە؟ ئەو وەڵامانەی کە سات بە سات لە درزی دیوارە بەردینەکانی دارولعیلم بە چرپە، یان بەرز گەیشتوونەتە گوێ... پچەپچەکان و پرسیارەکانی کە لە کۆتاییاندا نیشانەیەکی پرسیاری گەورەی بۆ دانراوە... ئەو گوێیانەی کە پێشوازییان لەو پچەپچە و وەڵامانە کردووە... هەر پرسیارێک گەیشتووەتە گوێیەک... و گوێ و پرسیار... و گوێ و پرسیار... و هەر ئەمەیە: شێوەی دەرەوەی گوێ، ئەو ئەندامە بیستەرە و پێشوازیکەرەی کە پرسیارەکان بە قووڵایی ناخ دەگەیەنێت، شێوەی هەمان نیشانەیە کە لە کۆتایی هەر پرسیارێک دادەنیشێ و تەتەری گومان و دڵەڕاوکێ و بۆچوونێکە کە دەچێتە دیداری هەر وەڵامێک.

بەڵێ، سیمبۆلەکە ئەو گوێیە دەبێ لە حەوشەی حەوتەم

ئارام بگرێ.

تەواوی کاغەزە پێستی و گیاییە دەستکردەکانیان کۆکردنەوە و بە ئاو و مەرەکەبی خوێنی چاو تەڕیان کردن دەیاننووسن تا تەنیا لە بەرانبەر بڵێسەی ڕووناکی زیندوو بینەوە و ڕازی دڵ بکەنەوە. زمانی نووسراویش ئاوێتەیەکە لە هەمان ئەو بێدەنگی و قسەکردنەی کە چەندین ساڵە ژیانی قەڵانشینان بووە. بێدەنگی و قسەی کە چین بە چین، خول بە خول بەسەر یەکەوە دەنووسێن، بە شارەزایی، بە هێواشی، بە پەلە، هەر خولێک بێ قەرار، خڕ چینی پێشتر دەسووڕێت و باشتری دەکات و بەرز دەبێتەوە، پزیشکایەتی و دەرمانسازی کرکراگە و هونەر و وێژە نەرمەی سەرەوەی. بە خستنەسەری هەر چینێک ژەهرێکی ترسناک سمی سوارانی هەنگاوێکی تر نزیک دەبێتەوە لە خاکی قەڵاکۆن. کاری حەوت شەوەی مامۆستا کابانەکانی کرێکار کە تەواو دەبێ تویژاڵی سەرەوەی گوێیەکە ئاوزێڕ دەکەن بۆ ئەوەی نەمری ئاڵتوون، میراتەکانیان لە هەر مەرگێک بپارێزێ، بەڵام هەموو دەزانن کە ئاڵتوون بۆ چاوی برسی مەغۆڵەکان کە لە مسیش خۆش نابن، زۆر بەرچاوە. کەواتە ڕووی زێڕەکە وەک ڕوویەکی جوان لە پشت چاوبەستێکی پیس بشاردرێتەوە بە خۆڵەمێش دادەپۆشێ، بە لێدانی پاژنەی پێ ڕواڵەتەکەی دەگۆڕێ، دواتر تا نیوەی لە زەوی ڕادەکەن و گۆشەیەکی وەک بڵێی بە فەرامۆشی وازیان لێهێناوە دیارە. ئێستاکە میراتارییەکەیان بە نیوە گەیاندووە، ژنانی قەڵاکۆن سەر دەتاشن و دەرگاکانی دارولعیلم واڵا دەکەن و هەموویان دەچنە ناو خەڵک بۆ ئەوەی بە کۆمەڵ بکوژرێن.

چەندین ساڵ بێدەنگی زانست و بەختەوەریی بێ مەعریفەتی دەگاتەجێ. گوێ، بێ ئەوەی سەرنجی هیچ کەسێکی ڕاکێشابێت، لەژێر داروپەردوو و خۆڵەمێشی پاشماوەی دارولعیلم جێی خۆی خۆش دەکات، بۆنی خوێنی کوژراوەکان، دووکەڵی بزۆتەکان و شیوەنی زیندووەکان بەردەوام بەسەریدا تێدەپەڕن، بەڵام گوێ لە شوێنی خۆی ناجوولێ، ڕواڵەتە نایەکسان و ترسناکەکەی تەنانەت سەرنجی سەرسەختترین سوارەکانی لەشکری مەغۆلیش ڕاناکێشێ. هەرکەسێکی ئەگەر بینیبێتی، تەنیا لەقەیەکی توندی تری خێواندوێنێ تا پتر نغرۆ ببێ و تویژاڵێک ناسکی خۆڵەمێشەکەشی لێ بێتەوە.

تەماعی هێرشەکەرەکان، خاوەندارێتی پاشماوە چاوکوێرکەرەکەی شاری پیرۆزەی تێراو کردووە. گوێ خوو بە ماڵەکەی دەگرێ و چەندین ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە، ئەو هەزاران قسەیەی کە لە دەوروبەریدا دەگوترێن، دەبیستێ. نەوە لە دوای نەوە ئەو کەسانەی کە لە تەنیشت وێرانەکان تێدەپەڕن لەگەڵ خۆیان، یان لەگەڵ ئەوانی تر دەدوێن، هاوار دەکەن و نهێنییەکانیان دەڵێن، بەڵام نازانن گوێیەکە دەبیستێ، ئەم پچەپچانە ڕێگەی خۆیان دەکەنەوە و بەرەو ناخی گوێ هەنگاو دەنێن و کێشی قورستر دەبێ، گوێ گران دەبێ.

هەر ئەوە و هەر ئەوە، تا ڕۆژێک لە سەردەمی غازان خان، کە کەم کەم کڵاوڕۆژنەیەکی باریکی هیوا بۆ ژیانەوەی گومەزە پیرۆزەییەکان دەکرێتەوە، تا ئەو جێیەی کە شاعیرێک پەیدا بووە و باسی ئەگەری ڕۆژێکی تر دەکات:

**مەرگ بەسەر جیهانی ئێوەشدا تێپەڕێ**
**ڕەونەقی سەردەمی ئێوەش بگوزەرێ**
**ئەوەی کە ئەسپی هەبوو تۆزی نیشتەوە**
**شوێن پێی سمی کەرانی ئێوەش بگوزەرێ**

چەند ئەهلی ئەدەب و هونەر لە دەرباری ئاغا دێنە دیداری کۆنەوڵات بۆ ئەوەی لە جیاتی گەستنی پەنجەی پەشیمانی بۆ نابووتییەکان، بە ئەنگووستەکانی گەنجانی خوازیاری ئەمڕۆی زانست ڕێگە بە کارێکی تازە بدەن، شار پێویستی زۆری بە ئیمارەتی بەکارهێنان هەیە، پێش هەموویان پێویستە بناغەی گەرماوێکی تازە بۆ وێرانەی دارولعیلم دابرێژرێ. ئەوەش توونی تابان لە جێ شوێنی جارانی کەیبانووانی قەڵاکۆن حوکم دەکەن. لە کاتی هێنان و بردنی بەرد و کەستەکەخۆڵەکانی پاشماوەی بینای پێشوو، گوێی بە خۆڵەمێش داپۆشراویشیان لەگەڵ زبڵەکان هاونشینی دەخەنە ناو زەمبیلێکی گەورە و زەمبیلەکەش لە ئێسترێک بار دەکەن، تا لە دامێنی کێوی چوارچاو بیانشارنەوە. گوێی قورس بە باری زانست و باشە و خراپە بەسەر پشتی ئێسترەکەوە ڕاست و خوار دەبێ، شوێنی خۆی دەگۆڕێ و دەناڵێ، لە کۆتاییدا دەکەوێتە عەرز و دەبێتە دوو کەرت.

ئێستایە کە ئاڵتوونی ژێر خۆڵەمێش لەژێر ڕووبەند، عیشوەگەری دەکات، بەشی زێڕین، ڕازی پەنادراو، بەڵام ناخی دەروونەکەی هێشتا نادیارە: هەرچی دەبینرێت، یان

خۆڵەمێشە، یان ئاڵتوون بۆ کرێکاران و باربەرەکان، بەڵام تەماعی دزینی ئاڵتوون هێندەی ترسی لەدەستدانی سەر نییە، کەواتە هەواڵ بە ژمێریار دەگەیەنن، ئەویش بە والی و ئەویش بە باشی زانی کە خۆی و گوێی شکاو، لەگەڵ چەندین دیاری تر ڕەوانی دەرباری ئاغا بکات، ئەمەش دواترین هەواڵی ڕاست و درۆیە لەبارەی گوێیەکە، چونکە گوێ هیچ کات ناگاتە دەربار و لە ڕوونکردنەوەی وردی پێوەندییە گەیشتووەکان بە خەزێنەی سەڵتەنەتی هیچ کات ناوی پەیکەرێکی وەها نەهاتووە. لە هەوادارانی ئەدەب و هونەری ساڵەکانی دواتریش هیچ کات کەسێک باسی ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ ئەو دڵە نهێنی ئامێزە کۆنەی باس نەکردووە. لە تۆمارە نهێنییەکانیشدا هیچ دێڕێک نەنووسراوە و لە ڕەچەڵەکی ژنانی کۆنەقەڵاش هیچ کەسێک نەماوە.

کە سپی خوێندنەوەی مێژووە نووسراوەکان تەواو بکەین، دیسان دەگەینەوە هەمان نووسراوە ڕێگەی مێژووی جیهانکراوە کە ئەم شارە بە شکۆفەی کەواکبی زانیوە و لە حەمامی خوێنی خەڵکەکەی بە دەستی مەغۆلەکان قسەی کردبوو، هەروەها باسی ژیانەوەی دووبارەی بە بەشێک کە دەوروبەرەکەی دەگەیشتە پانزە هەزار هەنگاو کردبوو، یان لەگەڵ ئیبن بەتووتە دەڕۆین کە لە سەفەرنامەکەیدا خوێندنگەی تازەی شارەکەی بە باشترین خوێندنگەی ئەو مولکە ناوزەد کردبوو، بەڵام باسێکی ڕاستەوخۆ لە خوێندنگەی قەڵاکۆن نییە، مەگەر لە چەند ڕستەیەکی گشتی کە (دارولعیلمی خوێندنی ژنانی شار کە لە هێرشی مەغۆلان لەناوچوو، هەرگیز وەک جارانی لێ نەهاتەوە) جێگەی سەرسوڕمان نییە ئەگەر هێڵە ڕەشەکان، مێژووی گوێشیان لە لابەلای زۆربلێییە زۆرەکانیان شاردبێتەوە...

ڕەنگە هەر ئەو ڕۆژانە ڕێگرە گیان لەسەر دەستەکان لە کاروانی دیارییەکانیان دابێ و گوێشیان بە هیوای ئاڵتوونی دەوری بردبێ. ڕەنگە چاوی یەکێک لە سەردارانی پارێزەرانی کاروان ئەو توحفەی لەنێوان ئەوانی تر جیاکردبێتەوە و بۆ خۆی بردبێ. ڕەنگە یەکێک لە یارانی قەڵاکۆنییەکان کە لە گومناوی دەرەوەی دارلوعیلم ژیاوە بەدوای ئەو گوێیەدا چووە تا بگاتە قافڵەکە و گەیاندبێتییە مەنزڵگەیەکی ئەمین. ڕەنگە گوێ لە ڕێگەی خەزێنەی ئاغای بێگانە بە مەیلی خۆی لە پشتی ئەسپ کەوتووەتە زەوی و لە شوێنێک نقومی خاک بووبێ. ئێستا ئەگەر ڕۆژێ ڕێتان کەوتە بیابانەکانی شاری پیرۆزە، بە پێی پەتی لە سپێدەدا، لەو فێنکاییە بنەوشییانەی کە هێشتا شەڕە لە نێوان شەو و ڕۆژ، بە دڵنیاییەوە لە بیابان پیاسە بکەن و سەیری زەوی بکەن و ڕازەکانتان لەبەر خۆتان بڵێنەوە، ئەگەر گوێ هێشتا لەوێ بێت، دەنگتان دەبیستێ و لە سنگی خۆیدا تۆماری دەکات.

*** مەبەست لە شاری پیرۆزەیی، شاری نەیشاپوورە کە لە سەردەمی مەغۆلەکاندا لە لووتکەی هونەر و ئەدەبدا بووە و دواتر لە لایەن مەغۆلەکانەوە وێران کراوە.**

**سەرچاوە:**

**کۆمەڵە چیرۆکی (انها کم از ماهیها نداشتند) (ئەوان چیان لە ماسییەکان کەمتر نەبوو)، شیوا موقانلو، نشر ثالث، چاپی یەکەم، ٢٠١٢.**



## جەمال خەزنەدار:
## لە سەرەتاوە بوێریی ئەوەم نەبوو نووسینەکانم بڵاوبکەمەوە.. سیاسەتیش نەبوایە من نەمدەتوانی قەڵەم بەدەستەوە بگرم

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(١ - ٣)**

هەرچەندە تەمەنی جەمال خەزنەدار خۆی لە حەفتا و شەشساڵی ڕەبەق دەدات، بەڵام جۆشوخرۆشی لاوێکی لێ بەدی دەکرێ و بەردەوام لە جووڵە و کارکردندایە. پەنجاو هەشت ساڵی ڕێکە خەریکی ئەرشیڤ و کاری ڕۆژنامەوانییە، ساڵانێکی زۆرە سەرقاڵی دانانی ئینسیکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەری کوردییە، بۆ دۆزینەوە و دەستخستنی ڕۆژنامەیەک، گۆڤارێک، بڵاڤۆکێک، کە بە زمانی کوردی دەرچووبێ، شارە و شار و وڵاتە و وڵات دەڕوات و سۆراخ دەکات، تا نەیدۆزێتەوە واز ناهێنێ. لەمێژە خەون بەوەوە دەبینێ ئەرشیڤخانەیەک بۆ ڕۆژنامەگەری کوردی دابنێت و خۆی سەرپەرشتی و سەروکاری بکات، ئەو دەیەوێ تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی لەناو بۆن و بەرامی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا بمێنێتەوە.

جەمال خەزنەدار چ وەک خانەوادەکەی خۆی و چ وەک برا بچووکی د. مارف خەزنەدار لەناو زۆر ڕووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانیدا ژیاوە، زۆر لە نووسەر و مێژوونووس و سیاسەتمەدارەکانی لە نزیکەوە ناسیوە.

دەمێکە دەمانەویست بیدوێنین و گفتوگۆیەکی هەمەلایەنەی لەگەڵدا ساز بکەین تا یادەوەری بجووڵێنین و زۆرترین زانیاری لێ وەربگرین، کەچی بەهۆی دووری لێمانەوە ئەو هەلە نەدەڕەخسا، تا لە مانگی حوزەیرانی پار ساڵدا ئەو دەرفەتەمان بۆ دروست بوو، ئەوە بوو لەو دانیشتنەدا گفتوگۆیەکی تێروتەسەلمان لەگەڵی سازدا و زۆربەی وێستگەکانی تەمەن و ئەزموونیمان بەسەر کردەوە و لەمەڕ زۆر تەوەر و بابەت دواین کە لە لاپەڕەکانی داهاتوودا دەخوێنرێنەوە.. با بزانین.

**جەمال خەزنەدار:** یاخوا بەخێر بێی بۆ هانۆڤەر، زۆر خۆشحاڵم بۆ ئامادەکردنی ئەو گفتوگۆیەی کە ئێوە بەڕێوەی دەبەن، من ئامادەم هەر پرسیارێکی جەنابتان لێم بپرسن بە ڕوونی و بە دوورودرێژی وەڵامتان بدەمەوە.

**ڕامان:** دەتوانم بڵێم پرسیارەکانمان سێ بەشن، بەشێکیان پێوەندی بە یادەوەرییەوە هەیە، بە باکگراوندی مێژوویی و یادەوەری خۆتانەوە هەیە، بەشێکیشیان بیروڕای ئێوەمان پێویستە سەبارەت بە کۆمەڵێک پرس تا بزانین چۆن بیروڕای خۆت لەبارەیانەوە دەردەبڕی، بەشەکەی دیکەشیان پێوەندی بەو کارەکتەر و کەسایەتییانەوە هەیە کە بەدرێژایی ساڵانێکی دوورودرێژ لە ڕەوتی ئیش کردنی خۆت لە بواری ڕۆژنامەوانی لە نزیکەوە ناسیوتن و دۆستایەتیت لەگەڵیان هەبووە، لەوانەیە بیرەوەری ناخۆش و خۆشت لەگەڵیان هەبووبێ، یان هەندێک ڕووداوی سەیر هاتبێتە ناو ژیانی هەردووکتانەوە، بۆیە لەو بوارەشدا پێمان باشە سەبارەت بەو کەسایەتییانە قسە بکەیت، سەرەتا تەوەری یەکەمان بەوە دەست پێ دەکەین، کە کردوومانە بە نەریت، ئێمە لە تەوەری یەکەمدا زۆرمان مەبەستە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتایەکان، چونکە هەموو کەسێک سەرەتایەکی هەیە، لە کاتی دەستپێکردن و چوونە ناو دنیای ڕۆژنامەوانی و نووسینەوە، تۆ باسێکی ئەو ژینگەیەمان بۆ بکە کە تێیدا پەروەردەبوویت و چاوت تێدا کردەوە، بەتایبەتی لەناو بنەماڵەی خۆتان، باوکت و کاکت خوالێخۆشبوو دکتۆر مارف خەزنەدار کاریگەریی ئەم دوانە و خەڵکی دیکەش ئەگەر هەیە لە خزمان، لەناو گەڕەکەکەتان، باسێکی ئەوەمان بۆ بکە؟

**جەمال خەزنەدار:** گومانی تێدا نییە کە چاوم لە ژیاندا هەڵێنا، لە ماڵەکەی خۆمان چاوم بە کتێب و دیوانە شیعر و گۆڤارە کۆنەکانی سەردەمی خۆی وەک (گەلاوێژ) و (هاوار) و ئەوانەی دەردەچوون کەوتووە، هەرچەندە خوێندەوارێمان نەبوو و هێشتا نەچووبووینە قوتابخانە و بەر خوێندن، بەڵام ئەو کتێب و گۆڤارانەم چاو پێکەوتبوو و دیبوومن. پاش ئەوەی چوومە قوتابخانەوە، قوتابخانە ڕۆڵێکی گەورەی لەسەرمان هەبوو، بە تایبەتی ئەو مامۆستایانەی لە قوتابخانە دەرسیان پێمان دەگوت، کە خەڵکانێکی ناسراو و نیشتمانپەروەر بوون و وڵاتەکەی خۆیان و زمانی کوردییان خۆش دەویست، قوتابخانەکەی



جەمال خەزنەدار - ئازاد عەبدولواحید

ئێمە یەکەمین قوتابخانە بوو لە هەولێر کە خوێندنی تێدا بە زمانی کوردی بوو.

**ڕامان:** ناوی قوتابخانەکەتان چ بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** قوتابخانەکەمان ناوی ئەربیل ئوولا بوو.

**ڕامان:** ساڵی چەند کەوتیتە بەر خوێندنی پۆلی یەک؟

**جەمال خەزنەدار:** ساڵی خوێندنی ١٩٤٤- ١٩٤٥ من کەوتمە سەر خوێندن، کە چوومە قوتابخانە، دەمزانی بخوێنمەوە و بنووسم، مامۆستاکەمان گوتی خوا هەڵناگرێ ئەم قوتابییە لە پۆلی یەک دابنێین، ئێمە حەقی ئەوەمان هەیە ئەوانەی کە خوێندن و نووسین دەزانن لە پۆلی دوویان دابنێین، من پۆلی یەکی سەرەتاییم نەخوێند و یەکسەر لە دووەوە دەستم پێکرد.

**ڕامان:** فێربوونی ئەو ئەلف و بێیە پێشتر لە کێوە فێر بوویت؟

**جەمال خەزنەدار:** ئەوە هونەرەکەی بۆ ماڵەوەمان دەگەڕێتەوە، بۆ باوکم و کاکم و زڕدایکم، چونکە زڕدایکمان مەلایەکی گەورە بوو، کچان دەهاتنە لای فێری قورئان و حەدیس و خوێندن و نووسینی دەکردن.

**ڕامان:** ئەو زڕدایکەت ناوی چ بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** ناوی نازێ خان بوو.

**ڕامان:** ئەوەش گرینگە لەو سەردەمەدا ناوی (نازێ) بووبێ.. بە ڕەچەڵەک خەڵکی کوێ بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** خەڵکی کەرکووک بوو، لە بنەماڵەی عەسکەرییەکان بوو.

**ڕامان:** ئەو ژن هێنانەی باوکت دوای ئەوە دێ دایکت نەمابوو؟

**جەمال خەزنەدار:** نەخێر دایکم مابوو، باوکم دوو ژنی هێنابوو، ئێمە هەموومان هەر چوار براکانم و نەسیرینی خوشکم هەر پێنجمان لە دایکێکین، ئەو ڕۆژەی باوکم ژنی بەسەر دایکم هێنابوو، من ئەو ڕۆژانە لە دایک ببووم، دایکیشم چووبووە ماڵی باوکی و زیز ببوو، دەڵێن من تەمەنم ببووە دوو سێ ساڵ، ئینجا دایکم گەڕابووەوە ماڵی باوکم، کە گەڕابووەوە لەگەڵ ژنی دووەمی بابم یەکتریان خۆش ویستبوو و ئیدی ببوونە دۆست و ئاشنا، منیش لەو ماوەیەدا گەورە بووم، زڕدایکم تەنیا منداڵێکی ببوو، ئەویش مردبوو، ئەو ژنە ئێمەی گەورە کرد، ئەو بەخێومانی کرد، دایکم زۆری پێ خۆش بوو کە ئەو بایەخەی بە ئێمە دەدا، ئەو ژنە وەک زانایەکی تێگەیشتووی دوازدە عیلم دەرسی بە کچان دەگوت.

**ڕامان:** بە پارە دەرسی پێیان دەگوت، یان بە خۆڕایی بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** نا نا بە خۆڕایی بوو.

**ڕامان:** هەر لەناو ماڵەکەی خۆتان کچان و ژنان دەهاتنە لای؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ لەناو ماڵەکەی خۆمان، قوتابخانەیەکی بچکۆلەی دامەزراندبوو و دەرسی بە کچان دەگوت.

**ڕامان:** ئەوکاتە لە چ گەڕەکێکی هەولێر بوون؟

**جەمال خەزنەدار:** ئێمە لەناو گەڕەکی تەعجیلی ئێستا بووین، گەڕەکەمان ئەودیوەی لای ئێمە ناوی سەعدووناوا بوو، ماڵەکەمان لەسەر بەستێ بوو، ئێمە دوو خانوومان هەبوو، خانوویەکمان بەکرێ دابوو، خانوویەکیش بە خۆمان لەناوی دانیشتبووین.

**ڕامان:** دوای ئەوەی دایکت زانی ئەو زڕدایکەت ژنێکی دانا و خواپەرستە و خەڵک فێر دەکات، دیارە ئەو شۆکەی لە سەرەتاوە بەری کەوتووە، ئیدی وردە وردە بەری داوە و نەیماوە؟

**جەمال خەزنەدار:** ڕاستە ببوونە خوشک و یەکتریان زۆر خۆش دەویست، پەروەردەی ئێمە کەوتبووە دەست زڕدایکم، دایکیشم ماڵەکەی بەڕێوە دەبرد.

**ڕامان:** ئەو گۆڤارانەی کە لە ماڵی خۆتان بینیوتە، دکتۆر مارف خەزنەدار لە کتێبی ڕۆژگاری مندا باسی زۆر لایەنی ژیانی خۆی کردووە، بێ گومان ئێوە لەو شتانە هاوبەشن، بۆ نموونە کە چاوی کردووەتەوە و لە تاقەکە کتێب و گۆڤاری دیوە.. باشە ئابوونەی گۆڤاری گەلاوێژ و ڕۆژنامەکان ڕاستەوخۆ باوکت بەخۆی کردوویەتی؟

**جەمال خەزنەدار:** باوکم ڕاستەوخۆ خۆی بەشداری کردبوو، تەنانەت زۆر ڕۆژنامە و گۆڤار کە دەهاتنە هەولێر، یان نەدەهاتە هەولێر، تەنانەت لە سلێمانیش بەشداری کردبوو، ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەمان بۆ دەهات و ئێمە چاومان پێیان دەکەوت. من لە قوتابخانە پۆلی چوار بووم زۆر بە چاکی لەبیرمە مامۆستاکەمان ئەو کاتە عیزەددین فەیزی بوو کە دەرسی کوردی بە ئێمە دەگوت، بە منی دەگوت کوڕم تۆ کتێب و گۆڤارتان لە ماڵەوە هەیە، حەز دەکەم هەر جارەی کە دەرسی کوردیمان دەبێ، کتێبێک لەگەڵ خۆت بێنی، ئەو کتێبە دەخوێنینەوە، یەکێک لەو جارانە کتێبێکی شاکر فەتاح-م برد، گۆڤاری گەلاوێژ، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، دیوانی حاجی قادری کۆیی-م دەبرد.

**سەرەتایەکانی کاری ڕۆژنامەوانیم لە ڕۆژنامەی هەولێرەوە دەستی پێکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی قوتابی بووم نەمتوانی نووسینەکانم لەوێدا بڵاو بکەمەوە.**

**ڕامان:** ئەوانەی چاپی گیوی موکریانی بوون.

**جەمال خەزنەدار:** نەخێر ئەوەی عەبدولڕەحمان سەعید.

**ڕامان:** ئەوانەتان هەمووی هەبوو؟

**جەمال خەزنەدار:** ئەوانەمان لەماڵێ هەبوون، ئەو دیوانەی حاجی قادری کۆیی تا ئێستا لە هەولێر لەلام ماوە، من کە دەچوومە دەرسی کوردی دەیگوت چیت هێناوە؟ دەیگوت تۆ بۆمان بخوێنەوە، پەرەگرافێکی دەکردەوە، من دەمخوێندەوە، هەڵەیەکم بکردبایە بۆمی ڕاست دەکردەوە، قوتابییەکان لەسەر ئەو بابەتەی دەمخوێندەوە، ئەوان دەیانگوتەوە و لەسەر تەختەڕەش دەمانووسی، دەیگوت دەرسی ئایندە ئەو تێکستەی نووسیومانەتەوە دەبێ بێن یەک یەک بیخوێننەوە.

**ڕامان:** پێش ئەوەی بچینە سەر ئەوەی بزانین باری خوێندنی کوردی لەو زەمانە چۆن داکەوت و چۆن پەرەی سەند، یەک دوو وردە پرسیار لەناو قسەکانتدا دروست بوو، ئایا ئابوونەتان لەگەڵ ڕۆژنامەی ژین هەبوو، تا لە سلێمانییەوە بۆتان بێتە هەولێر؟

**جەمال خەزنەدار:** من بە چاکی بەبیرم نایە، بەڵام

دەزانم ئەو ڕۆژنامـانـە لە مـاڵەوە هەبوون، ئەوەندە دەزانم لەگەڵ گۆڤاری گەلاوێژ ئابوونەمان هەبوو.

**ڕامان:** ئەی گۆڤاری (هاوار)تان چۆن بۆ دەهات؟

**جەمـال خـەزنەدار:** گـۆڤـاری (هاوار) دوو سێ ژمـارەم لێی لەمـاڵـی خـۆمـان دیـوە، یەک دوو ژمـارەش لەوانە تا ئێستا لەلای من ماون.

**ڕامان:** وەک بەبیرت بێ، بێجگە لەو دوو سێ ڕۆژنامە و گۆڤارەی باسمان کردن (هاوار) و (گەلاوێژ) و (ژین) چیترت لەبیرە؟

**جەمال خەزنەدار:** ئەوەی لە خەیاڵمدایە، لە ١٩٤٧ کە باوکم لە دائیـرە دەهاتـەوە، یان ئـەو ڕۆژانەی لە مـاڵەوە بووینایە، دەیگوت وەرە کوڕم بڕۆ کتێبخانەکەی شێخە شـەلە، بزانە غـەزەتەکـان هاتـوون، یان نا، بابزانین لەو دنیایە چ باسە.

**ڕامان:** ئەو ڕۆژنامانە بە چ زمانێک بوون؟

**جـەمـال خـەزنەدار:** بە عـەرەبی بـوون و لە بەغـداوە دەهاتن.

**ڕامان:** ئەی ڕۆژنامە بە زمانی تورکی و فارسیتان بۆ دەهات؟

**جـەمـال خـەزنەدار:** لەبەر ئەوەی من زیاتر بایەخم بە زمانی کوردی و عەرەبی دەدا، بۆیە تورکی و فارسییەکە نازانم.

**ڕامان:** ئەو ڕۆژنامە عەرەبیانە ناویان چ بوون؟

**جەمال خەزنەدار:** ئەساس، عوسبە، ئەخبار، ئەهالی، سـەدا ئەلئـەهالی، من دەچووم شـێـخـەشـەلە سێ چوار ژمارەی ڕۆژنامەی جیاوازی دەدامێ، دەمهێنایە ماڵەوە و باوکم دەیانـی خـوێندنەوە، دیارە کـاکم هەمـــوویانی دەخـوێندەوە، ئێـمـەش بە قـەدەر ئیـمکان و ئەو ڕۆژە خـوێندنەوەمـان چەند بـووە، سـوودمـان لەو ڕۆژنامـانە وەرگرتووە.

**ڕامـان:** ئەی ئەو مـامـۆسـتـایانەی دیکە، بێـجگە لە عیزەددین فەیزی کە یەکەمین جار لە قوتابخانەی کوردی دەرسیان بە تۆ گوتووەتەوە کێ بوون؟

**جەمال خەزنەدار:** مـامۆسـتاکـان زۆر بوون عیـزەددین فەیزی و جەمال جەمیل بوو، لە ڕاستیدا خۆشەویستی کـتـێب لەلای من لەپۆلی پێنجی سـەرەتاییـەوە دەست پێدەکات، بێ گومان لە ماڵی ئێمەدا ئەو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامـانە لەبەردەسـتـمـان بوون و حـەزمـان دەکـرد بیـانخـوێنینەوە، گـۆڕانکاری گەورە لە مندا ئەوەبوو لە



**قوتابیانی سانەوی هەولێر - ساڵی ١٩٥٢**
**ئێستا جێگاکەی کراوە بە پارێزگای هەولێر**

پۆلی پێنجی سەرەتایی بووم، بەرپرسیارێتی کتێبخانەی حـزبی شـیـوعی لە کـۆڵانەکـەی ئێـمـە درابووە من، جانتایەکم هەبوو، جانتایەکی «باوڵ»یان پێ دەگوت.

**ڕامـان:** واتە لە پێنجی سـەرەتاییـەوە بوویتـە ئەندامی حزبی شیووعی؟

**جەمال خەزنەدار:** من لە پۆلی پێنجەوە ئەندام نەبووم، چونکە ئەوە مەعقول نییە، منداڵێک تەمەنی کەمتر لە هەژدە سـاڵ بێ، وەرناگیـرێ، بەڵام دیارە زۆر پشـتـیـان بەمن دەبەست، ئەو باوڵە، باوڵێکی تەنەکە بـوو، پڕ بوو لە کتێب، ئەو کتێبانە هی حزبی شیووعی بوو، دابوویانە من، لیسـتـێکم بەناوی کـتـێبـەکـان کردبوو، بە ئێمـەیان دەگـوت نابێ ئـەو کـتـێـبـانە لە مـاڵەوە دابنێن، ڕۆژێک بیانبە ماڵی پلکت، ڕۆژێک بیانبە ماڵی کچی پلکت، ڕۆژێک بیانبە ماڵی خاڵت...تاد.

**ڕامان:** چەند کتێب دەبوون؟

**جەمال خەزنەدار:** نزیکەی سی، چل کـتێبی تێدا بوو، زۆربەیان عەرەبی بوون، کتێبی کوردی کەمی تێدا بوو.

**ڕامان:** نازانی ئەو کتێبە کوردیانە ناویان چ بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** کتێبە کوردییەکان، هەندێک گۆڤاری گەلاوێژ بوون، هەندێک دیوانی حاجی قـادر و شێخ ڕەزا تاڵەبانی و کتێبەکانی شاکیر فەتاح بوو.

**ڕامان:** ئەی کتێبە عەرەبییەکان؟

**جەمـال خـەزنەدار:** کـتـێـبـە عـەرەبیـیـەکـان هەمـووی مـارکـسـی بوون، بـۆ نموونـە (السلم) و (تأريخ الحـزب الشـيـوعي البـريطاني)، لەبیـرم مـاوە هاری پۆلیت سکرتێری حزبی شیووعی بریتانی بوو، کتێبێکی بەناوی ئاشـتی نووسـیـبـوو، زۆر کـتـێـبی دی بوون لەبارەی مـارکسییـەتەوە بە نامیلکە نووسرابوون، حەفتانە ڕۆژی

کۆبوونەوە داوایان لە من دەکرد ئەو جۆرە کارانە بکەم، ئەوەی سەرپەرشتیی دەکردین (موهیب حەیدەری) بوو، ئێمە شانەیەکمان هەبوو، چوار کەس بووین، من و عومەر دزەیی و عەزیز ڕەشید بووین، کەسێکی دیکەی دزەیی بوو، ئەوەیان لەبەر ئەوەی کەم دەهات، بۆیە ناوەکەیم لەبیر نەماوە.

**رامان:** ئەی کۆبوونەوەکانتان لە کوێ دەکرد؟

**جەمال خەزنەدار:** کۆبوونەوەکان، یان لە ماڵی موهیب حەیدەری بوو، یان لە ماڵی ئێمە، یان لە ماڵی عومەر دزەیی بوو، عومەر دزەیی-یش هەر خانووەکەی خوارەوەی ئێمەیان بەکرێ گرتبوو.

**رامان:** لەماڵەوە ڕێگایان پێ دابووی بەم شێوەیە کۆبوونەوە بکەیت؟

**جەمال خەزنەدار:** کۆبوونەوەکان بەو شێوەیە نەبوون، ئێمە دابنیشین و کاغەز دابنێین و بنووسین و پرسیار بکەین، دادەنیشتین موهیب حەیدەری دەیگوت ئەمڕۆ باسی فلان بابەت دەکەین.

**رامان:** بابەتەکان چ بوون؟

**جەمال خەزنەدار:** زۆربەی باسی چینی کرێکار و جووتیار و ئەو زوڵم و زۆرەی لێی دەکرا، ئەوکاتە ئاغاکان دەست ڕۆیشتوو بوون و ئەوانەیان دەچەوساندنەوە، بێ ئەوەی بەرانبەر بەو ماندووبوونەیان پارەیان بدەنێ و لەو بابەتانە بوون.

**رامان:** ئەی باسی مەزلومییەتی کوردتان نەدەکرد؟

**جەمال خەزنەدار:** ئەوەی لەبیرمە لەو ماوەیەدا بە زۆری باسی ئەو شتانە دەکرا، مەسەلەی سۆشیالیستی و ئاشتی لە جیهاندا باس دەکرا، دەیانوت نابێ شەڕ بکرێ، چونکە ئینسان دەکوژرێ، دوایی کە ئەو قۆناغەم تێپەڕاند، لەکۆبوونەوەکانی خۆمان باسی زۆر شتمان دەکرد، ئەوەی بەدڵمان نەبوایە باسمان دەکرد، مەسەلەی کورد و ئەو زوڵمە گەورەیەی کە لە کورد کراوە یەکێک لە باسەکان بوو، ئەوان بەوە قەناعەتیان بە ئێمە دەکرد کە لە پرۆگرامی حزبی شیووعی عیراقیدا دان بە مافی چارەی خۆنووسینی کورد هاتووە، ئەگەر ئێمە بارودۆخی باشمان دەست بکەوێ، پێویستە کورد مافی چارەنووسی خۆی هەبێ.

**شیوعییەکان بەوە قەناعەتیان بە ئێمە دەکرد کە لە پرۆگرامی حزبی شیووعی عیراقیدا دان بە مافی چارەی خۆنووسینی کورد هاتووە.**

**رامان:** ئێستا دەگەڕێینەوە سەر ئەو خاڵە، بەڵام دەمەوێ بزانم باوکت هیچ پێوەندییەکی بە حزبی هیوا بەو ڕێکخراوە سیاسیانەوە هەبووە کە لە شاری هەولێردا هەبوون؟

**جەمال خەزنەدار:** پێوەندی باوکمم بەبیر نایە، بەڵام ئەوەی بەبیرم دێ باوکم دژی ئینگلیز بوو.

**رامان:** ئەو کە هەموو جارێ دەیگوت بڕۆ ڕۆژنامە و غەزەتە لەلای شێخە شەل بێنە، ئەو شێخە شەلە ئەوسا لە هەولێر یەکێک لە پێشەنگەکانی حزبی هیوا بوو، کە پێوەندییەکی باشی لەگەڵیان هەبووە.

**جەمال خەزنەدار:** نازانم پێوەندی هەبووبێ، من هەستم پێ نەکردووە، بەڵام دەزانم باوکم دژی ئینگلیز بوو، تەنانەت لە دووەمین شەڕی جیهاندا، ئێمە لە ماڵەوە ڕادیۆمان هەبوو، ئێواران ئێزگەیەک بەناوی (هنا برلین) هەبوو، ئەوەیان دەکردەوە و چوار پێنج کەس لەگەڵ باوکم دادەنیشتن، یوونس بەحری هاواری دەکرد (هنا برلين- صوت العرب) ئەوەم تا ئێستا لەبیر ماوە کە باسی شەڕی دەکرد. دیارە باوکم پشتگیری لەو ئێزگەیە دەکرد کە دژی ئینگلیز بوو، ئینگلیز بڕووخێ نەک هیتلەر بڕووخێت.

**رامان:** پێشتر باسی ئەوەت کرد کە قوتابخانەکەی ئێوە یەکەم قوتابخانە بووە بە کوردی دەستی بە خوێندن کردووە، تۆش بەختەوەر بوویت کە بۆ یەکەم جار چوویتە ئەو قوتابخانەیەوە، کەشوهەوای خوێندن بە کوردی لەو سەردەمەدا چۆن دروست بوو، ئەو قوتابخانەیە لەسەر چ ئەساسێک کرایەوە؟ ئایا هەلومەرجی سیاسیی ئەوکاتە لە بار بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** ئەو وەختەی ئێمە دەمانخوێند مامۆستاکانمان ئێمەیان هان دەدا بە کوردی بخوێنین، تەنانەت لە پۆلی شەشی سەرەتایی، دوو مامۆستامان هەبوون جوولەکە بوون یەکیان ناوی سەلیم ئەفەندی بوو، یەکیان ناوی (سیۆن) ئەفەندی بوو، ئەو دووە یەکیان حیساب و ئەوی دیکەیان عەرەبی پێدەگوتین، ئەو دووانە هانی منیان دا کە بەکوردی بچمە تاقیکردنەوەوە، دەیان گوت تۆ کوردی چاک دەنووسی و دەخوێنیتەوە، هەر بە کوردی وەڵام بدەرەوە نمرەی باشتر وەردەگری. لە بەکالۆریای پۆلی شەش بەکوردی وەڵامان دایەوە، بەڵام

ئەو وەختە ئیمە بیروبۆچوونمان نەگەیشتبووە ئەو ئاستەی لە مەسەلەی کورد جیاوازی بکەین، کورد حکوومەتی هەبێ، یان کورد سەربەخۆ بێ، هەر دەمانگوت ئازادیمان دەوێ، زوڵم لە خەڵک نەکرێ، تا قۆناغی سەرەتایی تەنیا ئەو شتانەمان دەزانی.

**ڕامان:** دوایی لە قۆناغی ناوەندی هەر لە هەولێر خوێندت؟

**جەمال خەزنەدار:** لە ناوەندی لە هەولێر تا پۆلی دوو خوێندم.

**ڕامان:** هەر بە کوردی بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** لە خوێندنی ناوەندی کوردی نەبوو.

**ڕامان:** کەواتە لە هەموو هەولێر تەنیا ئەو قوتابخانەیە بەکوردی هەبوو؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ.

**ڕامان:** ئەو سەردەمە چەند دانە قوتابخانەی کوردی هەبوو؟ بۆچی زیاتر نەبوو؟

**جەمال خەزنەدار:** ئەوکاتەی ئێمە لە قوتابخانەی ئەربیل ئوولا بووین دوو قوتابخانە هەبوو، ئەربیل ئوولا و سانییە هەبوو کە لە پشت نەخۆشخانەی کۆن بوو، تەنیا ئەو دوو قوتابخانەیە هەبوون، ئەوان بە عەرەبی دەیانخوێند، ئێمە بە کوردی دەمانخوێند، پێمان دەگوتن بۆ بە عەرەبی دەخوێنن؟ دەیانگوت فەرمانبەر و مووچەخورەکانی دێنە ئێرە، منداڵەکانیان بە عەرەبی دەخوێنن، ئەوانەی کە لە دەرەوەی هەولێر و شارەکانی دیکە نەقڵ دەکران بۆ هەولێر، ئەوان کوردی نازانن با ئەوانە بە عەرەبی بخوێنن.

**ڕامان:** ئەوە کاریگەریی باوکتمان زانی، ئەی کاریگەریی دکتۆر مارف خەزنەدار لەسەرت چۆن بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** کاکم کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو، ئەو هەر لە زووەوە خەریکی نووسین بوو، بە تایبەتی یەکەم نووسینی کە من لەبیرمە، لە ساڵی ١٩٤٨ لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوکرایەوە، کە ئەویش وەرگێڕانی نووسینێکی مەکسیم گۆرکی بوو، کاکم تەنانەت شیعریشی بەکوردی و بە عەرەبی دەنووسی، بەتایبەتی ئەو ماوەیەی کە ڕۆژنامەی هەولێر دەردەچوو، ئەو بە کوردی و بە عەرەبی دەینووسی، ڕۆژنامەی هەولێر لە قوتابخانەی ئەربیل ئوولا لەلای ئێمە دەردەچوو، مامۆستا عیزەددین فەیزی سەرپەرشتیی دەکرد، هەر ژمارەیەک کە دەردەچوو چ لە هەولێر چ لە مووسڵ کە



**جەمال خەزنەدار لەبەردەم خانووەکەی سەردەمی منداڵی لە سەعدووناوە - ئەوبەری بەستێ**

چاپ دەکرا، پێمی دەگوت کوڕم سبەینێ دوو سێ کەس لەگەڵ خۆت ئامادە بکە، بۆ ئەوەی پاش نیوەڕۆ بێنەوە، لیستێکی دەدایە من.

**ڕامان:** عیزەددین فەیزی، یان عەلی چکول وای دەوت؟

**جەمال خەزنەدار:** عیزەددین فەیزی و عەلی چکولیش لە قوتابخانە مامۆستامان بوون، عەلی چکول دەرسی بەمن نەگوتووە و نەهاتووەتە پۆلی من، بەڵام وابزانم ئەو وانەی عەرەبی دەگوتەوە، کە دەرسی وەرزشمان دەبوو، مامۆستایەکی مەسیحیمان هەبوو خەڵکی عەنکاوە بوو، دەیگوت دەرسی وەرزشەکە بدە بە من، ئەو دەمانی بردە دەرەوەی قوتابخانە، دەمانی بردە سەر قەبران، دەمانی بردە جێی سەیران و شتی وا، ئینجا عیزەددین فەیزی لیستێکی دەدایە من و دەیوت تۆ خەتت خۆشە، بەپێی ئەو لیستەیە ژمارەی ڕۆژنامەکەمان دەپێچایەوە و کاغەزێکمان لێ قایم دەکرد، بەسریش سمغمان لێ دەدا و ناوەکەمان لێ دەنووسی و هەموومان کۆدەکردنەوە، ئەوانە لیستی ناوی ئابوونە بوون، ئەو پوولەکانی دەدایە من، یان ئەگەر پوولیش نەبوایە، پارەی دەدا و هەریەکی پوولێکی سێ فلسی بوو، لێمان دەدان و دەمهاویشتنە ناو پۆستەوە.

**ڕامان:** دەی زۆرباشە، چ ئاگادارییەکت لە دەرچوونی ئەو ڕۆژنامەیە هەیە، زۆر بەوردی و زیاتر دەمەوێ لە بارەیەوە قسە بکەیت، مادام لەو قوتابخانەیەی ئێوە دەرچووە، کە دەبێ تۆش دوورونزیک ئاگات لێی بووبێ، چونکە بۆ شاری هەولێر ئەوە ڕووداوێکی گرنگە و دەبێ لەسەری ڕابوەستین، ئەو وتارانەی دکتۆر مارف خەزنەدار

که لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاوی دەکردنەوە لەڕێی تۆوە بۆیانی دەنارد؟

**جەمال خەزنەدار:** نا هەر بەخۆی دەیدانێ، لە مەسەلەی نووسین، من لە سەرەتایی بووم، لە پۆلی پێنج و شەش ئەوەندە شـــارەزا نەبووم وتار بنووسم، بەڵام ئەو نووسینانەی دەنووسران دەمانخوێندنەوە، تەنانەت لە پاش دەرچوونی ڕۆژنامەی هەولێر هەندێک بابەتمان لێ دەکـردنە دەرسی خـۆمـان کـە لەو ڕۆژنامـەیەدا بڵاودەکرانەوە، لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەکەش بەرێکوپێکی دەرنەدەچوو، حەفتەیەک دەردەچوو، دوو سێ حەفتە دوا دەکەوت.

**رامان:** هۆیەکـەی چی بوو؟ ڕۆژنامـەکـە بۆچی دوا دەکەوت؟

**جەمال خەزنەدار:** هۆیەکەی هەر لەبەر بێ پارەیی و گرفتی چاپخانە بوو، چونکە چاپخانەکە لە شاری مووسڵ بوو.

**رامان:** کێ دەیبـردە شـاری مـووسڵ بۆ چاپخـانە بە مەبەستی لە چاپدانی؟

**جەمال خەزنەدار:** فەراشەکان دەیانبرد.

**رامان:** ناوی ئەو خزمەتگوزارانە چ بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** یەک لەوانە مام ڕەشیدێکمان هەبوو دەیبرد.

**رامان:** هەر ئەو دەیبـرد، یان خەڵکی دیکەش هەبوون بیبەن؟

**جەمال خەزنەدار:** ئەوان لەگەڵ شـوفـێـرەکـان ڕێککەوتبـوون، عـیـزەددین فـەیزی کـە ڕۆژنامـەکـەی دەهێنایەوە دەمـدی هەندێک جار شـوفـێـر ڕۆژنامـەیەکی زۆری دەهێنایەوە، زۆرجـاریش وەک بیـسـتـوومـە و خوێندوومەتەوە عیـزەددین فەیزی بەخۆی باسی کـردووە دەیوت زۆرجـار بەخـۆم دەچووم، شـەوێک دەمـامـەوە و سبەینێ لەگەڵ خۆم ڕۆژنامەکەم دەهێنایەوە هەولێر.

**رامان:** کێ زۆر بەو ڕۆژنامەیەوە هیلاک دەبوو؟

**جەمال خەزنەدار:** وەک من بزانم ماندووبوونی سەرەکی عیزەددین فەیزی بوو، بەڵام لە نووسیندا عەلی چکول و جـەمـال جـەمـیل-یش لە ڕاپەڕندنی ئیـشـوکـار دەوری هەبوو.

**رامان:** ئەوانە هەموویان مامۆستای ئەوێ بوون؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ.

**رامان:** وەک یەکـەم قـوتابخـانەی کـوردی لە هەولێـر بیـریان لەوە کـردەوە ڕۆژنامـەیەک بۆ هەولێـر بەناوی هەولێـر، بەکـوردی و بە عـەرەبی دەربکەن، دەسـتـەی نووسەران و سەرنووسەر و خاوەنی ئیمتیاز و ئەوانە کێ بوون؟

**جـەمـال خـەزنەدار:** هەر ئەو مـامـۆسـتـایانە بوون، کۆمەڵەی مامۆستایان خاوەنی ئیمتیاز بوو. ڕۆژنامەی هەولێر بەناوی قوتابخانەکەی ئێمەوە دەرنەدەچوو، لەبەر ئەوەی ئەوانەی بەڕێوەیان دەبرد لە ئەربیل ئوولا مامۆستا بوون، بۆیە بڵاوکـردنەوە و کـارەکـانی لە قـوتابخـانەی ئێمەدا جێبەجێ دەکرا.

**رامان:** ئەوکـاتە نەقابەی مـامـۆسـتـایان پێیـان وتووە جەمعییە؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، جمعية المعلمين الأستهلاكية، دوو کـۆمـەڵە هەبوون، یەکـێـان ئەوەیان بوو، ئەوەی دیکەشیان جمعية المعلمين التعاونية اللأسكان، ئینجا ئەوانە عـیـزەددین فـەیزی و جـەمـال جـەمـیل بەڕێوەبەری کـارگـێـڕیی ڕۆژنامـەکـە بوون، ئەسـتـێـر سـەعـیـدیشـی تێدا بوو، بەڵام ئەو کـەم دەهات، من یەک دووجـار بینیم کـە هات.

**رامان:** بە پلەی یەکەم عیزەددین فەیزی و عەلی چکول بوون.. باشە لەکوێ ڕۆژنامەکەیان تایپ دەکرد، یان چۆن حەرفەکانیان کۆ دەکردەوە؟

**جەمال خەزنەدار:** تایپ کردنی ئەو ڕۆژنامەیە هەمووی لە چاپخـانە دەکـرا، وتارەکـان دەچوونە ئەوێ و لەوێ تایپیان دەکردن، یان لە چاپخانەی کوردستان لە هەولێر، یان لە مووسڵ چاپ دەکرا.

**رامان:** ئەی ئەوانەی لەوێ حەرفەکانیـان کۆ دەکردەوە ئەوانە کورد بوون، یان عەرەب بوون؟

**جەمـال خەزنەدار:** ئەوانەی مـووسڵ هەموویان عـەرەب بوون، هەر ئەو ژمارانەی کە لە چاپخانەی کوردستان لای گیوی موکریانی چاپ کراون، ئەوانە کوردییان دەزانی.

**رامان:** ئەی بۆ هەر لە سەرەتاوە لەلای گیوی موکریانی چاپیان نەدەکرد؟

**جـەمـال خـەزنەدار:** چاپخـانەی گـیـوی مـوکـریانی ئیمکانیەتی چاپ کردنی ڕۆژنامەکەی نەبوو، حەرفی تەواوی نەبوو، مـەکـینەی بەتاڵی نەبوو، بەڵکو هەر مەکینەیەکی نیو بەتاڵی هەبوو.

**رامان:** ئەوە هۆیەکـەیەتی، کەواتە هۆیەکەی هونەریی بووە و لەبەر بێ پارەیی نەبووە، لە ڕووی هونەرییـەوە

حەرفی تەواوی نەبووە و ئامێرەکانی نیو بەتاڵ بووە.

**جەمال خەزنەدار:** ئامێرەکانی بەتاڵ نەبوو، تا ئەو ڕۆژنامەیەی پێ چاپ بکرێ.

**ڕامان:** ئەوە زانیمان نیو بەتاڵ بووە.. هۆکاری دی هەبوون؟

**جەمال خەزنەدار:** ئەو شتانە هەمووی هۆکار بوون.

**ڕامان:** ئەی کێ لە مووسڵ هەڵەچنی بابەتەکانی بۆ دەکردن؟

**جەمال خەزنەدار:** هەر عیزەددین فەیزی دەیکرد.

**ڕامان:** لاپەڕەکانیان دەهێنایەوە هەولێر.

**جەمال خەزنەدار:** هەر شوفێرەکان دەیانهێنایەوە، لەگەڵ شوفێرەکان ڕێککەوتبوون، شوفێرەکان هاتوچۆی ئەوێیان دەکرد کە بابەت و وتارەکانیان دەبرد و تەسلیمیان دەکردن، پێش تەواوبوونی جارێکی دی ڕەشنووسی بابەتەکانیان کە چاپ دەکرد، بۆیان دەناردەوە، عیزەددین فەیزی هەڵەچنیانی دەکرد و دەیناردەوە.

**ڕامان:** بە تاقی تەنیا ئەو کارەی دەکرد، یان کەسانی دی هەبوون هاوکاری بکەن؟

**جەمال خەزنەدار:** هاوکاری کرابێ؟ من باوەڕ ناکەم کەسی لەگەڵ بووبێ، مەگەر ئەستێر سەعید یارمەتی دابێ.. نازانم.

**ڕامان:** ماوەی چەندی خایاند تا ئەو چەند ژمارەیەیان لە ڕۆژنامەکە دەرکرد؟ وابزانم پەنجاو یەک ژمارەی لێ دەرچووە؟

**جەمال خەزنەدار:** لە ماوەی دوو سێ ساڵدا.

**ڕامان:** بەدرێژایی ئەو دوو سێ ساڵە، تۆ ئەو ئیشەت بۆیان دەکرد و بۆت پۆست دەکردن؟

**جەمال خەزنەدار:** بۆ پۆست کردنەکە ئەگەر من لە قوتابخانە بوومایە، عیزەددین فەیزی پشتی بە من دەبەست و دەهاتە ناو پۆلەکەم و دەیوت ئەوڕۆ دوو لە برادەرەکانت لەگەڵ خۆت بێنە.

**ڕامان:** تۆ کێ و کێت دەبرد؟

**جەمال خەزنەدار:** یەکێکیان ناوی محەمەد سۆفی بوو، ئەوە برادەری من بوو، هەندێک جار ڕەمزی وەلی-شم لەگەڵ خۆم دەبرد، ئێستا ماوە و لە هەولێرە.

**ڕامان:** ئەو دوو برادەرەت حەزیان لە ئەدەبیات و نووسین هەبوو؟

**جەمال خەزنەدار:** نا، نەیانبوو، من نەختێک لەناو تەڵەبەکان چالاکتر بووم و چاودێری پۆلیسیشم لەسەر بوو، بەرچاو بووم، ئینجا ئەگەر شتێکیان بویستبایە مامۆستاکان، یان بەڕێوەبەر بەمنیان دەوت، لەبەر ئەوە زۆرباش لە بیرمە ئەگەر من لەوێ بوومایە لەکاتی دەرچوونی ڕۆژنامەکە هەر من ئەو کارەم دەکرد.

**ڕامان:** بێجگە لەوەی بە پۆست بۆ ئەوانەی ئابوونەیان هەبوو دەتاننارد، ئەی لەناو بازاڕ، لە کتێبخانەکان نەدەفرۆشرا؟

**جەمال خەزنەدار:** کتێبخانەیەک هەبوو بەناوی سەربەستی بوو، هەروەها دەدرا بە شێخە شەلە و لە دەرەوەی هەولێریش بڵاودەکرایەوە.

**ڕامان:** کتێبخانەکەی شێخەشەلە ناوی چ بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** ناوی کتێبخانەی هەولێر بوو.

**ڕامان:** ئەی سەربەستی هی کێ بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** سەربەستی هی کابرایەک بوو ناوی ڕەئووف بوو، کتێبخانەیەکی گەورە بوو.

**ڕامان:** مەیلی سیاسیی شێخەشەل لەگەڵ خاوەنی ئەو کتێبخانەیە جیا بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** بێ گومان، شێخەشەل کابرایەکی شیووعی بوو، گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سەر بە شیووعییەکان، بەتایبەتی بۆ ئەو دەهاتن.

**ڕامان:** ئەی ئەوەکەی دیکەیان چی بۆ دەهات؟



**جەماڵ خەزنەدار:** ئەوەی دیکە گۆڤـار و ڕۆژنامـە و کـتێبی هەمـەچەشنی بۆ دەهات، تەنانەت گۆڤـارەکـانی مـیـسـری وەک (الأثنین) و (المصـور) و (الكواكب) و چەندین جۆرە کتێبی هەبوو.

**ڕامان:** مەیلی سیاسیی ئەو خاوەن کتێبخانەیە چ بوو؟

**جەماڵ خەزنەدار:** نەتەوەیی بوو.

**ڕامان:** ئێوە لەگـەڵ ئەو دوو کـتێب فرۆشە مـامـەڵەتان هەبوو، جـیـاوازیتـان لەنێـوانیـان نەدەکـرد کـە ئەوەیان شیووعییە و ئەوەی دیکەیان نەتەوەییە؟

**جەماڵ خەزنەدار:** بەڵێ، کـتـێـبـخـانەیەکی دیکەش هەبوو، ئی ماڵی عەبدولغەفار سایغ بوو، سەر بە ئیخوان ئەلموسلمین بوو.

**ڕامان:** باوکی کتێبخانەی هەبوو، یان کتێبخانەکە هی خۆی بوو؟

**جەماڵ خەزنەدار:** نازانم، بەڵام ئێمە عەبدولغەفارمان دەناسی.

**ڕامان:** بە کوردی قسەیان دەکرد؟

**جەماڵ خەزنەدار:** بەڵێ، بە کـوردی قـسـەیان دەکـرد، بەڵام ئەو کـتـێـبـانەی ئەوان دەیانفـرۆشتن، ئاراسـتـەی ئیسلامی-یان هەبوو. دەمانزانی ئەوانە ئیخوانن، کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەمان لێیان نەدەکڕی.

**ڕامـان:** لەو سـیـانە خـەڵک زۆرتر ڕووی کـردبووە کامەیان؟

**جەماڵ خەزنەدار:** زیاتر ڕوویان کردبووە شێخەشەلە.

**ڕامان:** نەتەوەییـەکـان و شـیـوعـیـیـەکـان ڕەواجـیـان هەبوو.

**جـەمـاڵ خـەزنەدار:** ئەوکـاتە هەمـووی یەک بوون، مـەسـەلەی نەتەوەیی بە شـێـوەی ئێـسـتـا لەگـۆڕێ نەبوو، هەرچەندە پارتی هەبوو، بەڵام بە تایبـەتی بیـروبۆچوونی مارکسیزم زاڵ بوو، بنەماڵەی ئەحمەد حەمەدەمین، عومەر و دکـتـۆر ئەنوەر و مـوحسـین و سەعـدی دزەیی، ئەوانە هەریەکەیان بە جۆرێک حزبایەتییان دەکرد، هەتا ئەوانەی مەیلی مـارکسـیـشـیـان هەبوو، بە ڕێگای کوردایەتییـەوە دەیانکرد

**ڕامان:** باشە تۆ ئێستا چوویتە قۆناغی ناوەندی.

**جـەمـاڵ خـەزنەدار:** لە ناوەندی پۆلی دووەمم تـەواو نەکـردبوو، چووینە شـاری بەغـدا، پۆلی دووەمم لە بەغـدا تەواو کرد.

**ڕامان:** بەهۆی چییەوە چوونە بەغدا؟

**جەماڵ خەزنەدار:** کاکم لە کولللییەی ئاداب قبووڵ کرا.

**ڕامان:** بە ماڵەوە چوون؟

**جەماڵ خەزنەدار:** ئەوکاتە باوکم ئەمری خودای کردبوو، ئێمە لە ماڵەوە لە هەولێر ماینەوە، کاکم لە کوللییە قبوڵ کرابوو، ئیمکانیەتی ئەوەمان نەبوو دوو ماڵ لە هەولێر و لەبەغـدا بەڕێوە ببـەین، وامـان بە باش زانی کـە خـانووەکـانمان بەکـرێ بدەین، بەکـرێی ئەو خـانووانە و کـاکـیـشم کـە تازە بە مـوعـەلیم دامـەزرابوو، دوایی بووە کـاتب لە ئامـادەیی مـەرکـەزی لە بەغدا، لە پەروەردەوە چووە وەزیفەوە، لە کوللییەی ئاداب دەوامی دەکرد، ئێمە لەبەر ئەوە چووینە بەغداو لەوێ خانوویەکمان گرت.

**ڕامان:** هەموو برایەکانت لەگەڵ هەردوو دایکت پێکەوە بوون.

**جەمـاڵ خەزنەدار:** هەمـوو براکان پێکەوە بووین، بەڵام نازێ چووە ماڵی برای لە کەرکووک، چونکە ئەو منداڵی نەبوو، نەک لەبەر ئەوەی لەگـەڵ ئێـمـە نەدەگـونجـا، بە پێچەوانەوە ئەو حەزی دەکرد لەگەڵمان بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کەوتبووە تەمەنەوە، لەوێ لەماڵی براکەی مایەوە.

**ڕامان:** ئەی ڕێک نەکەوت بچنە کەرکووک بۆ خوێندنی ئامادەیی؟

**جەمـاڵ خەزنەدار:** کاکم کـە پۆلی سێی تەواو کرد، لە هەولێـر سـانەوی هەولێـر لقی ئەدەبی تێدا نەبوو، لەبەر ئەوە وتی من لەبەشی ئەدەبی دەخوێنم، باوکم ماڵێکی لە کەرکووک بۆ دانا، ئەو باوەژنەم نازێ خان لەوێ خزمەتی کـاکـمی دەکـرد و لە مـاڵێک بوون، منیش حـەفـتـانە بەیانیـیـان، ئەگەر دەرسم نەبوایە ڕۆژانی پێنج شەممە دوو زەمبیل خواردن و کەلوپەلیان بۆم ئامادە دەکرد و سواری ئۆتۆمـبێل دەبووم و دەچوومـە کـەرکـووک و بۆیانم دەبرد، درەنگانێ پاش نیـوەڕۆی ڕۆژی جـومـعـە دەگـەڕامـەوە هەولێر.

**ڕامان:** کە بەرەو بەغدا چوون، ئینجا ئێوە لە هەولێرەوە ماڵتان بردە ئەوێ؟

**جەماڵ خەزنەدار:** لە کەرکووک کاکم بووە پۆلی پێنج، لە پۆلی پێنج کە ساڵی ١٩٤٩ بوو، شەش مانگ گیراو لەبەغدا لە بەندیخانەی مەرکەزی بەند کرا، هەموو سەری مـانگان من دەچووم بۆ بینینی، چەند جـارێک باوکم لەگـەڵم هات، وابوو دوایی باوکم پشـتی بە من بەست و من دەچووم پارەم بۆ کـاکم دەبرد و دیدەنیم دەکـرد، بۆ ئێوارەکەی سواری شەمەندەفەر دەبووم و دەهاتمەوە شاری

هەولێر.

**ڕامان:** کەماڵتان چووە بەغدا و کاکت لە کۆلێژ کەوتە خوێندن، لەوێ ڕێکەوتی کێت کرد؟ لە هەولێر ئەوەندەی لەبیرت بێ لەناو پیاوە نووسەر و ڕۆشنبیرەکانی ئەوکاتی شاری هەولێر کێت لەبیرە بێجگە لەوانەی باست کردن کە حەزیان لە ئەدەبیات و ڕۆژنامەنووسیی بووە؟

**جەمال خەزنەدار:** لەبەر ئەوەی من منداڵ بووم، ئەوانەی کە دەهاتن بۆ ماڵمان زۆربەیان کەسانی سیاسیی بوون پتر لەوەی ڕۆشنبیر بن، بەڵام جارێکیان گۆران بۆ سەردانی کاکم هاتە ماڵمان.

**ڕامان:** ئەوە ئەوکاتە بوو کە گۆران لەهەولێر فەرمانبەر بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** جارێکیان هاتە ماڵی ئێمە، من لەبیرمە ساڵی ١٩٤٩ - ١٩٥٠ بوو، منیش ئەوکاتە زۆر حەزم لە شیعر و ئەدەبیات دەکرد، کە مامۆستا گۆران هات شیعرێکم نووسیبوو، هێنام بە مامۆستا گۆرانم نیشان دا، کاکم بەوە تووڕە بوو.

**ڕامان:** بۆچی تووڕە بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** تووڕە بوو لەمن گوتی ئێستا کەی وەختی ئەوەیە تۆ شیعری پێ نیشان دەدەیت، گوتی وازی لێ بێنە، ئەویش شیعرەکەی خوێندەوە و یەک دوو شوێنی بۆم چاک کرد، ئەو دەستوخەتەم تا ئەم دواییە مابوو، بەڵام ئێستا لێم بزربووە، ئەوانەی لەبیرمە دەهاتنە ماڵمان، گۆران، خاڵس جەواد، ئەحمەد حەمەدەمین، بیلال عەزیز، شێخەشەل، جەمال حەیدەری دەهاتنە ماڵمان.

**ڕامان:** ئەوانە هەموویان لەبەر خاتری دکتۆر مارف خەزنەدار دەهاتنە ماڵتان؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ.

**ڕامان:** پاش ئەو بینینەی باست کرد، چەند جاری دیکە مامۆستا گۆران-ت بینییەوە؟

**جەمال خەزنەدار:** ئەوکاتەی مامۆستا گۆران دەهاتە ماڵمان و دەمدی، من زۆر منداڵ بووم، ڕوحی کوردایەتیم هەبوو، خەریکی نووسینی کوردی و موتابەعەی گۆڤاری گەلاوێژ و ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە بووم کە کاتی خۆی دەردەچوون، حەزم دەکرد چاوم پێیان بکەوێ، دیوانی گۆران بەتایبەتی چاپی ١٩٥٢ ئەوە بەردەوام لەبەردەستمان بوو، (بەهەشت و یادگار) تازە بڵاو ببووەوە، ئەو لەو کاتەدا هاتوچۆی کاکمی دەکرد، من یەک جار لە ماڵی خۆمان دیتم.

**ڕامان:** دیارە ئەوە ئەوکاتە بووە کە گۆران لە دائیرەی ئیشغالی هەولێر ژمێریار بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ بەڵێ، کە زانیم ئەوە گۆرانە منیش بە هەلم زانی شیعرێکی خۆم پێ نیشان داو گوتم مامۆستا بزانە ئەوە چۆنە؟ ئەوەبوو یەک دوو وشەی بۆم چاک کرد، کە من هێشتا نەگەیشتبوومە قۆناغی هەرزەکاری، ئەوە بووە نیشانەیەکی گەورە بۆ من، کە چواردەی تەمموز سەری هەڵدا وەک بیرم بێ مامۆستا گۆران ئەو وەختە تازە لە بەندیخانە هاتبووە دەرەوە.

**ڕامان:** ئەی گۆران پێی نەگوتی لەسەر کێشی عەرووز شیعر بڵێی، یان لەسەر کێشی پەنجەیی بنووسیت؟


**جەمال خەزنەدار:** زۆر دەرفەتی قسەکردنم لەگەڵی نەبوو، تەنیا شیعرەکەی دیت، گوتی زۆر جوانە و وشەی زۆر جوانت بەکارهێناوە، بەڵام دیوانی شاعیرەکان بخوێنەوە، گوتم حەز لە دیوانی شیعری تۆ دەکەم، یان ئەو شیعرانەی بڵاودەبنەوە، بە تایبەتی ئەوانەی لە ڕۆژنامەی ژین و پێش چاپکردنی دیوانەکەت.

**ڕامان:** ئەی دواتر کە لە ساڵی ١٩٥٨ لە بەندیخانە ئازاد کرا چەندجار بینیتەوە؟

**جەمال خەزنەدار:** زۆرجار دەمدی.

**ڕامان:** لەکوێ دەتبینی؟

**جەمال خەزنەدار:** ئەوکاتە چالاکییەکی زۆرمان لە یانەی سەرکەوتنی کوردانی بەغدا هەبوو، لەوێ دەمدیت، منیش دەستەی بەڕێوەبەری یانەی سەرکەوتنی کوردان بووم، بەڵام لە خولی یەکەمی دوای چواردەی تەمموز من یەدەگ بووم، ئەو کاتە گۆڤاری هیوا لە یانەی سەرکەوتنی کوردان دەردەچوو، لەو ماوەیەدا من زیاتر خووم دایە گۆڤاری شەفەق، کە یەکەمین ژمارەی لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٨ لە کەرکووک دەرچوو، من بۆ کۆکردنەوەی



بابەت و چاوپێکەوتن لەگەڵ خەڵک هاریکارییەکی زۆرم دەکرد، بە تایبەتی کە من پەیامنێری گۆڤارەکە بووم لە بەغدا.

**رامان:** لەگۆڤاری هیوا هیچ بەرهەمێکت بڵاونەبووەوە؟

**جەمال خەزنەدار:** نەخێر لە گۆڤاری هیوا هیچم بڵاونەکردەوە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵە کەسێک بەڕێوەیان دەبرد کە هەرچەندی پێوەندیم لەگەڵیان باش بوو، بەڵام من ئەو سەردەمە خووم دابووە گۆڤاری (شەفەق) و گۆڤاری (پێشکەوتن)ی محەمەد بریفکانی، دوایی گۆڤاری (پێشکەوتن) بووە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) و چەند ژمارەیەکی لێ دەرکرد، دوایی بووە ڕۆژنامەی (الأخبار)، (دەنگ و باس) بە کوردی محەمەد تۆفیق وردی و ئەوانە لەناویدا دەیاننووسی، لە (پێشکەوتن) زۆر بابەتم لەو ماوەیەدا بڵاوکردووەتەوە.

**رامان:** دەکرێ سەرەتای بەشداربوونی خۆت لە ڕۆژنامەی (هەولێر) و ئاشنابوونت پێی، بەسەرەتای ئاشنابوونت بەدنیای ڕۆژنامەوانی دابنێیت؟

**جەمال خەزنەدار:** ئەوە گومانی تێدا نییە. سەرەتایەکانم لە ڕۆژنامەی (هەولێر) بوو، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی لەوێ قوتابی بووم و لە پۆلی پێنج و شەش سەرەتایی بووم، هێشتا توانایی ئەوەم پەیدا نەکردبوو کە نووسینەکانم لە ڕۆژنامەی هەولێردا بڵاوبکەمەوە.

**رامان:** پێش ئەوەی بچینە سەر گۆڤاری (شەفەق) پێم وایە لەو سەردەمەدا باوی بڵاوکراوەی سەر دیوار بوو، تۆ لەوەشدا بەشداریت هەبووە؟

**جەمال خەزنەدار:** لە قوتابخانەی ئەربیل ئوولا، کە بوومە پۆلی پێنج و شەشی سەرەتایی دەستمان بە خوێندنی ئینگلیزی کرد، هەر بۆ بایەخدان بە ڕۆژنامەنووسی کوردی لەگەڵ مامۆستایەکەمان پێشنیارم کرد گۆڤارێک بە زمانی ئینگلیزی بەناوی (کەستڵ ئۆف ئەربیل) دەربکەین کە دەکاتە (قەڵاتی هەولێر)، وەک مێژوو مامۆستا گوتی، یانی ئێوە پێتان دەکرێ ئەو شتانە بە ئینگلیزی بنووسن؟ گوتمان نا نەخێر، ئێمە ناتوانین هەندێک وشەی نەستەق و ئەو شتانە بە کوردی بوون بیانکەینە ئینگلیزی و بە ئینگلیزی بڵاوی بکەینەوە، ئێستاش لەبیرمە مامۆستاکە پێمانی گوت، ئەگەر پێتان دەکرێ ئەو شتانە کۆ بکەنەوە، دەتوانن قسەیەکی نەستەقی ئینگلیزی هەیە ئەوەش بنووسن و بیکەنە دروشمێک، بەمنی گوت بنووسە: (ئەپڵ ئەدەی دەکتەر ئەوەی)، واتە (ڕۆژانە سێوێک بخۆیت، پێویستت بە دکتۆر نابێ)، ئەوە بوو ئەوانەمان نووسی.

**رامان:** هەر ئەوەبوو؟ لەبیرت نییە چی ترتان نووسیبێ؟

**جەمال خەزنەدار:** نەخێر بە کوردیش زۆر شتمان بڵاوکردەوە، یەکێکمان هەر بەناوی هەولێر بەخۆمان بەدەست نووسیبەوە، وێنە و هێڵکاریمان بۆیان دەکرد و بڵاومان دەکردنەوە.

**رامان:** ئەوە هەر لە قۆناغی سەرەتاییدا بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ.. لە قۆناغی پێنج و شەشی سەرەتایی من زۆر چالاک بووم، لەبەر ئەوەی سەرهەڵدانێکی گەورەی ساڵی ١٩٤٨ لە وەسبەی کانوونی بەغدا هەبوو، کە تەنانەت هەولێریشی گرتبووەوە، خۆپیشاندان دەکرا و نارەزاییمان دەردەبڕی، لە خۆپیشاندانەکان من سروودم دەخوێندەوە، (ئەی کوردینە ئەی مەردینە) و ئەو سروودانەی هەمانبوون، لەگەڵ ڕۆژی نەورۆز کە ئاهەنگ دەکرا، تیپێک بەناوی (فرقة أشبال كوردستان) هەبوو.

**رامان:** ئەوە بۆ ناوی تیپەکە بە عەرەبی بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** سەر بە حزبی شیوعی بوو، (بەچکە شێران)یشی پێ دەوترا.

**رامان:** بەڵام هەر لەو تیپەدا سروودی کوردی و گۆرانیتان دەوت؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ ئێمە هەر بە کوردی ئەو سروودانەمان دەوت.

**رامان:** لەبیرتە ئەو سروودانە ناویان چی بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** یەکێک لەوانە (ئەی نەورۆز گیانە نەورۆز تۆ جێژنەکەی کوردانی).

**رامان:** دەی چیتر، ناوی چەند سروودێکی دی بڵێ؟

**جەمال خەزنەدار:** ئەی نەورۆز و ئەی ڕەقیبمان دەوت.. ئەی کوردینە، ئەی مەردینە، ئێمە تیپێک بووین، بریتی بووین لە من و عومەر دزەیی و محەمەد ئەحمەد ئەربیلی و محەمەد عەزیز ڕەشید گوێ برای.

**رامان:** بۆچی گوێ برای؟

**جەمال خەزنەدار:** ئەو لە گەڕەکی تەعجیل دراوسێی ئێمە بوو، دایکی پیاڵەیەکی تێکرتبوو و گوێی بڕیبوو، ئیتر لەوەوە ناومان لێنا محەمەد گوێ برای، هەروەها عەزیز ڕەشید بوو.

**رامان:** وا دیارە ئەوسا دەنگت خۆش بووە.

**جەمال خەزنەدار:** ئەوکاتە دەنگم خۆش بوو، دەنگم زۆر خۆش بوو و سروود و گۆرانیمان دەوت.

**ڕامان:** دەڵێی ئەو دەنگەت نەماوە؟

**جەمال خەزنەدار:** بەرێ وەڵڵا ماوە، بەڵام مەشق و مومارەسەم نەکرد، هەموو ڕۆژێک کە لە قوتابخانە دەگەڕامەوە باوکم پێی دەوتم وەرە بزانم چ سروودێکتان لەبەر کردووە بۆمی بڵێوە.

**ڕامان:** ئەی کاری شانۆییتان نەدەکرد؟

**جەمال خەزنەدار:** بۆ خۆم بەشداریی کاری شانۆییم نەکردووە، بەڵام کاکم لە شانۆگەرییەکی دواناوەندیی هەولێر بەشداری کردبوو.

**ڕامان:** شانۆییەکە ناوی چی بوو؟ ئەی بۆچی خۆی باسی ئەوەی بۆ نەکردووم؟

**جەمال خەزنەدار:** چەند شانۆکارێک لە سلێمانییەوە هاتبوون، لە هەولێر کاری شانۆییان دەکرد، وابزانم ڕەفیق چالاکی-شیان لەگەڵدا بوو، دکتۆرێکیش بوو.

**ڕامان:** دکتۆر مارف خەزنەدار وەک بەشداربوون لەگەڵیان بەشدار بوو، یان وەک بینین چووە تەماشا کردنی؟

**جەمال خەزنەدار:** دکتۆر وەک بینین چووە تەماشا کردنی.

**ڕامان:** نەتزانی ناوی چی بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** نەخێر، من منداڵ بووم، زۆریش منداڵ بووم.

**ڕامان:** دوای ئەوە وابزانم سەرەتاکانی نووسینت و یەکەم نووسینت لە گۆڤاری (هەتاو) بڵاوبووەوە؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، ئەوە لە ساڵی ١٩٥٦ بوو، لە ژمارە (٧٧)ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٦، لە گۆڤاری هەتاو بڵاوبووەوە، بەناوی (ڕێگای گەڕانەوە)، چیرۆکێکی شانۆیی بوو.

**ڕامان:** پەنجاو شەش!

**جەمال خەزنەدار:** لە ساڵی ١٩٥٦ بەدواوە هەستم دەکرد توانایی ئەوەم هەیە هەندێ شت بنووسم، ئەوەبوو یەکەمین بابەتی شانۆییم بەناوی (ڕێگای گەڕانەوە) نووسی، کە چیرۆکێک بوو، بیروباوەڕەکانیم لە هەندێ شانۆیی عەرەبی وەرگرتبوو، نووسیمەوە و بە مامۆستا گیو موکریانی-م پیشان دا، هەروەها بە کاکیشم نیشان دا و وتم دەمەوێ ئەمە بڵاو بکەمەوە، گوتی بیبە بۆ مامۆستا گیو..

**ڕامان:** لەوێدا نووسیوتە بیروباوەڕی ئەم چیرۆکە وەرگیراوە، لە کوێ وەرگیراوە؟

**جەمال خەزنەدار:** لە هەندێک چیرۆکی سۆڤیەتی و مەکسیم گۆرکی و هی تر، کە ئەو سەردەمە دەمانخوێندنەوە.

**ڕامان:** ئەوانەت خستە قاڵبی شانۆوە؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، ئەوانەمان دەخوێندەوە، هەر ئەوانەش کاریان لێم کرد و بیرم کردەوە چیرۆکێک بەناوونیشانی (ڕێگای گەڕانەوە) بنووسم، ئەمە وەک بڵاوبوونەوەی یەکەم نووسینم بوو.

**ڕامان:** ئەی دووەم نووسینت ناوی چی بوو و لەکوێ بڵاوکرایەوە؟

**جەمال خەزنەدار:** شتی دیکەشم هەبوو، هەر دەمنووسی و دەمپاراستن، وەک ئەوەی بڵێی بوێریی ئەوەم نەبوو بڵاویان بکەمەوە، دەترسام نەوەک ناکۆکی و کەموکورتییان تێدابێت.

**ڕامان:** ئەی دووەم نووسینت؟ وابزانم هەر لە (هەتاو) بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ... شتێکی دیکەشم بەناوی (گۆرانی فۆلکلۆری کوردی) بڵاوکردەوە کە وابزانم لە ساڵی ١٩٥٧ بوو و لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری (هەتاو)دا بڵاوکرایەوە، وابزانم لە دوا ژمارەکانی (هەتاو) بوو.

**ڕامان:** تۆ بۆ خۆت بابەتت دەدایە دەست مامۆستا گیوی موکریانی، یان بەدەستی کەسێکی دیکە بۆت دەنارد؟

**جەمال خەزنەدار:** ئا.. لەگەڵ مامۆستا گیوی موکریانی- پێوەندییەکی باشم هەبوو، هەر ئەو هانی دەدا و لێی دەپرسیم چ کتێبێکتان لەماڵێ هەیە و چ دەخوێنیتەوە؟ ئەگەر شتێکی باشی لەلا هەبوایە دەمی دایێ، پێم دەوت مامۆستا جارێ پارەم نییە بیکڕم، دەیوت قەیدی ناکات بیبە.

**ڕامان:** هیچ وا ڕێکەوتووە گیوی موکریانی بێتە ماڵتان؟

**جەمال خەزنەدار:** نا.. بەبیرم نایەت هاتبێ، بەڵام باوکم لەلای دادەنیشت، بە تایبەتیش لەچاپخانەکەی، هەر بەهۆی باوکمەوە پێوەندیم لەگەڵ پەیدا کرد، هەروەها کاکیشم پێوەندییەکی باشی لەگەڵیدا هەبوو، ئەویش لە گۆڤاری (هەتاو)دا بابەتی بڵاو دەکردەوە، ئەوەش بۆ من

هاندەر و هەلێکی باش بوو، دوایی چووین بۆ بەغدا، لە ساڵی ١٩٥٨ گۆڤاری (شەفەق) لە کەرکووک دەرچوو.

**ڕامان:** ئیدی چوونە بەغدا؟

**جەمال خەزنەدار:** بەهۆی ئەوەی کاکم لە کۆلێژی ئەدەبیات وەرگیرا، داراییشمان ئەوە نەبوو بتوانین دوو ماڵ لە هەولێر و لە بەغدا بەڕێوە ببەین، باوکیشم تازە کۆچی دوایی کردبوو و بەتەنیا مابووینەوە، ئەوە بوو خانووەکانی هەولێرمان بەکرێ داو خانوویەکمان لە بەغدا بەکرێ گرت و هەموومان چووینە ئەوێ.

**ڕامان:** ئەو نووسەر و ڕۆژنامەنووسانەی کە لە بەغدا ناسیتن کێ بوون؟

**جەمال خەزنەدار:** کوردەکان زۆر بوون.

**ڕامان:** ئەوانەی کە تۆ دەتناسین دەتوانیت ناوەکانیان بڵێیت؟

**جەمال خەزنەدار:** یەکێک لەوانە حافز مستەفا قازی بوو.

**ڕامان:** ئەویش لەگەڵ بریفکانی کاری دەکرد؟

**جەمال خەزنەدار:** پێوەندی بە بریفکانییەوە نەبوو، بریفکانی دامەزراوەیەکی تایبەتی خۆی هەبوو. حافز قازی بەڵێندەر بوو، خانوو و بەرەو تەلاری دروست دەکرد، ژمێریاری ڕەشید عارف بوو، من پێوەندیم لەگەڵ حافز قازی هەبوو، چونکە حافز کوڕی خاڵی دایکی خێزانەکەمە، هەر بەهۆی حافزیشەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ بنەماڵەی قازی پەیدا کرد، ئەوکاتە حافز قازی چالاک بوو، لە (یانەی سەرکەوتن) گۆڤاری (هیوا)یان دەردەکرد، بەڵام ئەو ماوەیەی کە ئاشنایەتیم لەگەڵ پەیدا کرد، من لە گۆڤاری (شەفەق)ی کەرکووک کارم دەکرد، کە یەکەم ژمارەی لە کانوونی دووەمی ١٩٥٨ دەرچوو. لە یەکەم ژمارەوە من تێیدا بەشدار بووم، چالاکییەکی زۆرم تێدا نواند، لە کۆکردنەوەی کەرەستە و بابەتی هونەری و ئەدەبی، کە ژمارە (١)مان دەرکرد، لە ژمارە (٢)دا چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ خوالێخۆشبوو (تۆفیق وەهبی) سازکرد و لە دوو ژمارەدا بڵاوبووەوە، ئەوەی من لە تۆفیق وەهبی هەستم پێکرد، ئەو زانایەکی گەورە بوو، بێ گومان لە ڕێگەی کاکمەوە تۆفیق وەهبی-م ناسی.

**ڕامان:** کەواتە دکتۆر مارف خەزنەدار لە کاری ڕۆژنامەوانیدا زۆر ئاسانکاریی بۆ تۆ کردووە؟

**جەمال خەزنەدار:** بێ گومان، ڕۆڵێکی گەورەی لە ژیانمدا هەبووە.

**ڕامان:** ئەی کاریگەریی لە بواری سیاسەت بەسەرتەوە نەبووە؟، چونکە قسەیەک هەیە دەڵێن، کە زۆربەی ئەوانەی لە ڕێگەی سیاسەتەوە دێنە ناو ئەدەب و بوارەکانی دیکەوە، زۆرجار ناتوانن کاری باش بکەن، واتە، کە سیاسەت بەسەر کاری ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیدا زاڵ بوو، کەسەکە بە ئاسانی سیفەتە سیاسییەکە لەدەست نادات و نووسەرێکی بەهێزی لێ دەرناچێ، ئایا سیاسەت تۆی هێنایە ناو دنیای ڕۆژنامەوانییەوە؟

**جەمال خەزنەدار:** گومانی تێدا نییە، سیاسەت ڕۆڵێکی گەورەی لە ڕۆشنبیرکردنی مرۆڤدا هەیە، ئەگەر لە سیاسەتەوە دەست پێ نەکەیت، ئەوە ناتوانیت زانیاری لەبارەی ئەدەب و هونەر پەیدا بکەیت، تەنانەت ئەو سیاسەتەی ئێمە دەمانکرد بۆ ئەوە بوو خۆمان فێر بکەین، خۆ فێرکردنیش لە ڕێگەی نووسین و ئەو بڵاوکراوانەوە دەبوو، کە لە ڕێگەی سیاسەتەوە بە ئێمە دەگەیشتن. لەسەردەمانی ئێمەدا دەبوایە لە ڕێگەی حزبەکانەوە کتێبمان دەست بکەوێت، چونکە نەبوون، بێ گومان سیاسەت ڕۆڵێکی گەورەی لە هۆشیارکردنەوەی مندا هەبوو، ئەگەر سیاسەت نەبوایە من نەمدەتوانی قەڵەم بەدەستەوە بگرم.

**ڕامان:** کەواتە تۆ خۆت بە قەرزاری سیاسەت و دکتۆر مارف خەزنەدار دەزانیت لەبواری نووسین و ڕۆژنامەوانیدا؟

**جەمال خەزنەدار:** ڕاستە.. ئەم دووانە ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو.

**ڕامان:** ئەی لایەنی سێیەم هەیە؟

**جەمال خەزنەدار:** لایەنی سێیەم ماڵەوەمان بوو، مامۆستاکانی قوتابخانەش ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو، بە تایبەتیش قوتابخانەی ئەربیل ئوولا لەوێش بەتایبەتی عزەددین فەیزی ڕۆڵێکی زۆری لەسەرمان هەبوو، ئەو وانەی کوردی تایبەتی بە ئێمە دەوت.

**ڕامان:** بە تایبەتی لە خۆشەویست کردن و فێربوونی زمانی کوردی؟

**جەمال خەزنەدار:** زیاتر لە فێربوونی زمانی کوردی.

**ڕامان:** بێجگە لە مامۆستا عزەددین فەیزی کێی دیکە هەبوون؟

**جەمال خەزنەدار:** جەمال جەمیل و عەلی جوکل هەبوون، تەنانەت مامۆستا جوولەکەکانیش، ئێمە مامۆستای جوولەکەشمان هەبوو.

**رامان:** ئەوانیش هەوڵیان دەدا فێری کوردایەتیتان بکەن؟

**جەمال خەزنەدار:** لەبیرمە لە پۆلی چوار و پێنج، دوو سێ مامۆستای جوولەکەمان هەبوو، یەکێکیان ناوی سەلیمە فەندی بوو، سەلیم و سیۆنە فەندی ئەو دووانە ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو، مامۆستا سەلیم وانەی بیرکاری پێ دەوتین، سیۆنیش وانەی عەرەبی پێ دەوتین.

**رامان:** ڕۆڵی ئەوان زیاتر لە چ ڕوویەکەوە بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** ئەوان لە پەروەردەکردنی منداڵ مامۆستای سەرکەوتوو بوون.

**رامان:** ئاراستەی کوردایەتییان فێر دەکردن؟

**جەمال خەزنەدار:** بێ گومان بە زمانی کوردی قسەیان لەگەڵ ئێمە دەکرد، هەموو بابەتێکی ژیانیان فێر دەکردین.

**رامان:** مەبەستم ئەوەیە ئێوەیان هان دەدا فێری کوردی نووسین و خوێندنەوە بن و خزمەتی میللەتی خۆتان بکەن؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ.. بەڵێ، سەلیمە فەندی منی هانداو وتی تۆ لە پۆلی شەش لە بەکالۆریا بە زمانی کوردی تاقیکردنەوە وەڵام بدەرەوە، بەکوردی نمرەی باشتر دێنی، ئەوان هاندەر بوون.

**رامان:** باشە بێجگە لەو چەند کەسەی ناومان بردن، لە کەسایەتییە ڕۆشنبیری و ئەدەبی و سیاسییەکان کێی دیکەت بەبیر دێ هاتوچۆی ماڵی ئێوەی کردبێ؟

**جەمال خەزنەدار:** ئاخر ئێمە زوو لە هەولێر دابڕاین، مامۆستا (گۆران) دەهاتە ماڵمان، مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی زۆر هاتوچۆی ئێمەی دەکرد.

**رامان:** بەهۆی باوکتانەوە ناسیاویتان لەگەڵ مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی هەبوو؟

**جەمال خەزنەدار:** بەهۆی باوەژنمەوە بوو، کە خزمایەتییان لەگەڵ ماڵی مەلا جەمیل هەبوو، ئەو کە دەهاتە هەولێر دەبووە میوانی ماڵی ئێمە. من لەبیرمە مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی شتێکی نووسیبوو دەڵێ یەکەم جار کە چوومە ماڵی قادرە فەندی دوو، سێ منداڵم لەوێ دیت، منداڵێکی هەراشم دیت، چلمنێک بوو وتیان ئەوە مارفە، جوانکیلەیەکیشم دیت گاگۆڵەی دەکرد، هەڵم گرت و وتم ئەمە کێیە؟ وتیان: ئەمە جەماله. ئەوە مەلا جەمیل نووسیویەتی، من بەبیرم نایێ.. نووسیویەتی هەڵم گرت و ماچم کرد، لەبەر ئەوەی ئێمە زوو چووینە بەغدا، لەوێ کەوتینە خەڵک ناسین و لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵ تێکەڵاو بووین و کۆبووینەوە.

**رامان:** لەو ناسینانەشدا ڕەنگە سیاسەت ڕۆڵی خۆی هەبووبێ؟

**جەمال خەزنەدار:** سیاسەت ئەوەندە ڕۆڵی نەبوو، ڕۆشنبیریی ڕۆڵی زیاتری هەبوو.

**رامان:** لەوێ کۆڕ و کۆبوونەوەی ڕۆشنبیریی زیاتر بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** لەبەغدا ڕۆشنبیریی زیاتر بوو، پێوەندیمان لەگەڵ مامۆستا (ڕەفیق حیلمی) و عەلائەددین سجادی و ئەوانەی لەوێندەر بوون هەبوو، یەکێک لەو گەورە پیاوانە سەعید قەزاز بوو کە ڕۆڵێکی زۆر گەورەی هەبوو، بە تایبەتیش لە ساڵی ١٩٥٦، کە کاکم کتێبی (أغاني كردستان)ی بڵاوکردەوە، لەبیرمە سەعید قەزاز نامەیەکی بۆ نووسیبوو، کە تا ئەوکاتە کاکمی نەدەناسی، لە (تۆفیق وەهبی) و هی دیکەی پرسیبوو ئەو مەعرووف خەزنەدارە کێیە؟ لە نامەکەیدا ستایشێکی زۆری کردبوو، نووسیبووی حەز دەکەم چاوم پێت بکەوێت، هەروەها نووسیبووی ئێمەی کورد، ئەگەر چەند کەسانێکی دیکەی وەک ئەو گەنجەمان هەبێت، کورد بارودۆخی ئەوها نابێت، شتێکی ئەوهای بە قەڵەمێکی کەسک نووسیبوو.

**رامان:** ئەو نامەیەتان لەلا ماوە؟!

**جەمال خەزنەدار:** دەبێ لە ماڵی کاکم مابێ.

**رامان:** ماوەیەک ئەو نامەیە لای من بوو، دوایی کەوتەوە لای کاکم.. پاش ئەو نامەیە ئێمە من و کاکم و مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی چووینە لای تۆفیق وەهبی، مەلا جەمیل کاکمی پێ ناساند و پاشان وتی ئەوەشیان برای ئەوە، ئەوکاتە من لە پۆلی سێی ناوەندی بووم.. وتی باری داراییان باش نییە و دەیەوێ دامەزرێ، ئەگەر کارێکی وەهای بۆ بکەی دابمەزرێ خەراپ نییە، ئەوکاتە (حسن السلوك)یان نەدەدا من.

**رامان:** ئەمە بەهۆی سیاسەت کردنەوە بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** پێمیان وت دەبێ بچی بەرائەت بدەیت، دەقێک هەبوو، ئەو دەقەیان لە ڕۆژنامە عەرەبییەکان بڵاو دەکردەوە.

**رامان:** کە دەبوو بنووسیت تۆ خزمەتکاری مەلیکی.

**جەمال خەزنەدار:** وتم من شیوعی نیم، لەبەر ئەوە بەرائەت نادەم، ئەگەر ئەوە بکەم، ئەوکاتە لەسەر خۆمی

دەسەلمێنم، کە من شیوعیم. سەعید قەزاز وتی تۆ لە یاخیبووەکانی؟ مامۆستا مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی وتی: بەگم ئێمە دەمانەوێ داییمەزرێنین و یارمەتی ماڵەکەیان بدەین، ئێواران دەخوێنێ و بە ڕۆژیش ببێتە فەرمانبەر.. سەعید قەزاز تەلەفۆنی هەڵگرت و تەلەفۆنی بۆ بەهجەت عەتییە کرد کە بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی بوو، وتی کوڕێک لەلامە ناوی فلانە.. ناوی منی دایێ و وتی: (حسن سلوک)ی دەوێ بیدەنێ، ئەو دەڵێ من لەیاخیبووەکان نیم، پاش دوو ڕۆژ (حسن السلوک)ەکەیان دامێ، بەبێ ئەوەی بەرائەت بکەم، لە ساڵی ١٩٥٦ وا ڕێکەوت وەزارەتی کشتوکاڵ فەرمانبەریان دەویست، ئەوکاتیش بۆ وەزیفە دەبوایە پێشکەشکاران تاقی بکرێنەوە، تاقیکردنەوەش بە نووسین بوو، من بەشداریم لەو تاقیکردنەوەیەدا کرد، تەنانەت دوای وەرگرتنی (حسن السلوک)یش دایان نەدەمەرزاندم، خەڵکی دیکە هەبوون بەواسیتە دادەمەزران، تۆفیق وەهبی تەلەفۆنی بۆ (حەسەن کەتانی)ی کرد، کە بەڕێوەبەری گشتیی دارستان بوو، کە تەلەفۆنی بۆ کرد، تاقیکردنەوەشم دابوو، یەکسەر منیان دامەزراند.

**ڕامان:** لە فەرمانگەی کشتوکاڵ؟

**جەمال خەزنەدار:** لە فەرمانگەی چاندن و دارستانی گشتی بە فەرمانبەر دامەزرام.

**ڕامان:** دامەزرانەکەت فەرمی بوو، یان گرێبەست؟

**جەمال خەزنەدار:** فەرمی بوو.

**ڕامان:** وازت لە خوێندنەکەت هێنا؟

**جەمال خەزنەدار:** وازم نەهێنا و ئامادەییم تەواو کرد.

**ڕامان:** ئەوکاتە تا پێنجی ئامادەیی هەبوو.. تۆ وەک لەبیرت بێت دیارترین کەس لەو زەمانە لە بواری ئەدەبیات، یان لە بواری سیاسەت کە بەرائەتی پێ نووسرابێ، کێت لەبیرە؟

**جەمال خەزنەدار:** زۆربەی ئەوانەی نیازی دامەزراندنیان هەبوایە و گومانیان لەسەر بوایە کە دەستیان لە سیاسەتدا هەیە، دەبوایە بەرائەت بدەن، ئینجا دادەمەزران.

**ڕامان:** کە بەرائەتیان دەدا، بەرائەتەکان بڵاودەبوونەوە؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ.. ئەو بەرائەتانە لە ڕۆژنامە عەرەبییەکاندا بڵاو دەکرانەوە..

**ڕامان:** لە کام ڕۆژنامەدا بڵاو دەکرانەوە؟

**جەمال خەزنەدار:** تەنیا لە ڕۆژنامە عەرەبییەکاندا بڵاو دەبوونەوە.

**ڕامان:** پاشان تۆ دامەزرایت و لە خوێندنیش بەردەوام بوویت.. ئێستا با بێینە سەر قۆناغی کارکردنت لە گۆڤاری شەفەق، سەرەتا چۆن ئەو پێوەندییەت لەگەڵ ئەو گۆڤارە دروست کرد؟

**جەمال خەزنەدار:** ئەوە ئەوکاتە بوو کە من ئەو ماوەیە بەهۆی کاکمەوە زۆر چالاک بووم.

**ڕامان:** بەر لە (شەفەق) هیچ ئەزموونێکی ڕۆژنامەوانیت هەبوو؟

**جەمال خەزنەدار:** لە بەغدا؟

**ڕامان:** لە بەغدا.. لە هەولێر.

**جەمال خەزنەدار:** لەبەغدا بەر لە (شەفەق) لەگەڵ محەمەد بریفکانی لە گۆڤاری (پێشکەوتن) نووسینم بڵاو دەکردەوە.

**ڕامان:** وەک نووسەر بەشدار بوویت؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ نووسینم بۆیان دەبرد بۆ بڵاوکردنەوە..

**ڕامان:** هاتوچۆ شتێکە، ئیش کردن شتێکی دیکەیە، دەمەوێ بڵێم وەک ڕۆژنامەوان کارت کردبێ؟

**جەمال خەزنەدار:** نا.. نا من وەک نووسین، نووسینم بۆیان دەنووسی، سەردانی محەمەد تۆفیق وردی-م دەکرد.

**ڕامان:** هەموو نووسەرێک دەتوانێ لە ماڵی خۆی دانیشێ و بابەت بۆ گۆڤار و ڕۆژنامەکان بنووسێ.

**جەمال خەزنەدار:** یەکەم جار پێوەندی بەستنەکەم لەگەڵ گۆڤاری (شەفەق) بوو.

**ڕامان:** چۆن ئەو پێوەندییەت لەگەڵیان دروست کرد؟

**جەمال خەزنەدار:** ئەوکاتە کاکم لە دواناوەندی کەرکووک مامۆستا بوو و وانەی دەوتەوە، ئەو کاتەش من لەبەغدا فەرمانبەر بووم و هاتوچۆی کەرکووکم دەکرد، لە کەرکووک بیستم شێخ عەبدولقادر بەرزنجی بە تەمای دەرکردنی گۆڤارێکە، هەموو جارێکیش کە دەچوومە کەرکووک برایم ئەحمەد و مارف بەرزنجی و عومەر عارف و سەمەد خانەقا و عەزیز خانەقا کۆدەبوونەوە و باسی چۆنیەتی دامەزراندنی گۆڤارەکەیان دەکرد، منیش کە لەبەغداوە دەچوومە ئەوێ لەگەڵیان بەشداریم دەکرد، من هەندێ شتم بۆیان پێشنیار کرد، لەبەر ئەوەی لە کەرکووک ئیمکانیەتی چاپکردنی باش نەبوو، من دەتوانم لەبەغدا چاپی بکەم، چونکە ئەو ماوەیە لەبەغدا

شارەزاییەکی زۆرم پەیدا کردبوو و کۆمەڵێ کتێبمان لەچاپخانەکاندا چاپ و بڵاوکردبووەوە.

**رامان:** نەختێک زیاتر باسی ئەوەمان بۆ بکە، تۆ چۆن چاپخانەکانی بەغدات بەسەر دەکردەوە و دۆستایەتیت لەگەڵیان دروست دەکرد؟

**جەمال خەزنەدار:** بە ڕێگای کاکمەوە دۆستایەتییەکی زۆرم لەگەڵ چاپخانەکانی بەغدا هەبوو.

**رامان:** چاپخانە بەناوبانگەکانی بەغدا لەو سەردەمەدا کامانە بوون؟ بەتایبەتی ئەوانەی پیتی کوردییان هەبوو؟

**جەمال خەزنەدار:** ئەوانەی پیتی کوردییان هەبوو؟

**رامان:** بەڵێ ئەوانە ناویان چ بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** چاپخانەی (مەعارف و ئەعزەمی و زەمان و تەمەددون و ئەسعەد) هەبوون.

**رامان:** ئەوەی کتێبەکانی عەلائەددین سەجادی لێ چاپ دەکرا.

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ.

**رامان:** باشە پرسیارێک هاتە پێشەوە، راستە سەجادی پشکی لەو چاپخانەیەدا هەبوو؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ مامۆستا سەجادی پشکی لە چاپخانەی (مەعارف)دا هەبوو.

**رامان:** ئەوە بۆیە زۆربەی کتێبەکانی لەوێ چاپ دەکرد؟

**جەمال خەزنەدار:** کتێبەکانی لەوێ چاپ دەکرد و دۆستایەتییەکی زۆریشی لەگەڵیان هەبوو، ئەوکاتە هەستمان نەدەکرد، کە سەجادی پشکی لەوێ هەیە، بەڵام دیارە سەجادی بە پارە بەشداریی لەگەڵیان کردبوو، ئەو خۆی لە ماوەیەکی ژیانیدا دەیوت من لەگەڵیان بەشداریم کردووە، بەخۆم ئەوەم لێ پرسیوە، ئەویش نەیدەشاردەوە و دەیوت بەشداریم کردووە و دوایی پارەکەی منیان گەڕاندووەتەوە.

**رامان:** لێی هاتووەتە دەر؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، لە حەفتاکان لەو هاوبەشییە هاتووەتە دەر.

**رامان:** هاوبەشییەکە چەند ساڵی خایاندووە؟

**جەمال خەزنەدار:** لە پەنجاکانەوە دەستی پێکردووەو نزیکەی بیست ساڵی خایاندووە.

**رامان:** لە زۆربەی کتێبەکانیدا نووسراوە لە چاپخانەی مەعاریف چاپ کراوە.

**جەمال خەزنەدار:** هەروەها چاپخانەی (ئەسعەد)یش هەبوو.

**رامان:** ئەویش پیتی کوردی هەبوو؟

**جەمال خەزنەدار:** پیتی کوردی هەبوو، هەروەها چاپخانەی (اللواء) و چاپخانەی (الزمان) و چاپخانەی (تەمەدون) هەبوون، لەلای ئەوانە کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارمان چاپ دەکرد.

**رامان:** ئەوانە کە ئەو پیتە کوردییانەیان هێنابوو، بە پاڵنەری بازرگانی هێنابوویان، یان کوردیان خۆش دەویست؟

**جەمال خەزنەدار:** نا.. ئەوە زیاتر پێوەندی بە بازرگانییەوە هەبوو، کوردیشیان خۆش دەویست و ڕقیان لە کورد نەدەبووەوە، چونکە بەرژەوەندییان لەگەڵ ئیشەکە هەبوو، ئەوان دەیانویست لە ڕێگەی ئێمەوە کار بۆ خۆیان بدۆزنەوە و پارە پەیدا بکەن، ئێمە کە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەمان لەلایان چاپ دەکرد، بۆ ئەوان قازانج بوو، ڕقیان لە کورد نەبوو.

**رامان:** وابزانم ئەو کتێبانەی تۆ چاپت دەکردن، هەموویان لە چاپکراوەکانی کتێبخانەی گەلاوێژی ڕەئووف مەعرووف بوون؟

**جەمال خەزنەدار:** ڕاستە کتێبخانەی ڕەئووف مەعرووف پارەی لێ سەرف دەکردن.

**رامان:** تۆش سەرپەرشتیت دەکردن و دەتبردنە چاپخانەوە.

**جەمال خەزنەدار:** منیش سەرپەرشتیم دەکردن، بەبێ پارەو بێ هیچ بەرانبەرێک، تەنیا بۆ ئەوەی خۆم فێر بکەم شیعر و نووسینەکان بخوێنمەوە و ڕێنووسەکانیان چاک بکەمەوە.. بۆ خۆم هەڵەچنیم دەکردن و کاکیشم لەوەدا یارمەتی دەدام.

**رامان:** دیارە پێوەندییەکەشت لەگەڵ ڕەئووف مەعرووف هەر لە ڕێگەی د. مارف خەزنەدارەوە بووە؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ.. لە ڕێگەی ئەوەوە بوو.

**رامان:** زۆربەی ئەو کتێبانەش کە چاپکراون ئەو پێشەکی بۆیان نووسیوە.

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، ئەو نووسیونی، دیوانی هەردی (ڕازی تەنیایی)، (١٩٥٦).

**رامان:** (١٩٥٦) نییە، ساڵی (١٩٥٧)ـە، (گۆمی شڵەقاو)ی محەڕەم محەمەدەمین، کتێبێکی مستەفا ساڵح کەریم-یشی تێدایە، هەروەها زۆرانی تر..

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ بەناوی (زرەی زنجیر)، کتێبەکەی (دیلان) بەناوی (شێخ مەحمودی نەمر).

**رامان:** بەناوی (شێخ مەحمودی زیندوو) بوو.

**جـەمـال خـەزنەدار:** بەڵێ بەو ناوەیە، ئەویش کـاکم پێشەکییەکەی بۆ نووسی، هەروەها دیوانی شێخ سەلام و چەند شـاعـیـرێکی کـلاسـیکی، تەنانەت دوای بڵاوبوونەوەی کێشەیەکیشی دروستکرد.

**رامان:** دیوانەکـەی (مـسـباحـولدیوان - ئەدەب)ـە.. بۆچی کێشەی دروست کرد؟

**جەمال خەزنەدار:** گوایە دەستنووسەکە هی (نەجمەددین مەلا)یە.

**رامان:** دەبێ نەجمەددین مەلا قسەی کردبێ؟

**جـەمـال خـەزنەدار:** نەخـێـر، خەڵکی دیکە قـسـەیان کـردبوو، نەجـمـەددین مـەلا رێزێکی گـەورەی بەرانبـەر بە کـاکم دەنواند، کـە دەچووینە سلێـمـانی دەچووینە بەهەشتەکەی.

**رامـان:** بەهەشت نا.. بڵێ (کـەشـتی نووح).. ئەی هیچی لەسەر ئەو کێشەیە نووسی؟

**جـەمـال خـەزنەدار:** خـەڵکانێـک نووسـیـیـان کـە دژی کتێبخانەی گەلاوێژ بوون.

**رامـــان:** ئەویش لەبەر ئـەوەی ئـاراسـتـەیەکی، شیووعیییانەی هەبوو؟

**جەمال خەزنەدار:** لەوانەیە..

**رامان:** ئەوەی کە وتاری نووسی، نووسەر بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ نووسەر بوو، هەر یەک وتار لە رۆژنامەی (ژین) بڵاوبووەوە.

**رامان:** نازانی کێ بوو نوسیبووی و ناوی چ بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڕاستی لەبیرم نەماوە.

**رامان:** کـۆمـەڵێک کـتـێبی کـوردیتـان بەهیـمـەتی کتێبخانەی گەلاوێژ و رەئووف مەعرووف چاپ کرد، کە پیـاوێک بووە حـەزی کـردووە خـزمـەتی کـتـێبی کـوردی بکات.

**جـەمـال خـەزنەدار:** بەهۆی ئەوەی مـن شـارەزاییم لە کـتـێب چاپکردن و گـۆڤـار و رۆژنامـەنووسـیی کـوردیدا هەبوو، ئەوە بووە پاڵنەرێکی گـەورە بۆم، بە تایبـەتی دوای ئەوەی گۆڤاری (شەفەق) کەوتە دەرچوون.

**رامـان:** لەبەر ئەوەی هاتوچۆی کـەرکـووکت دەکـرد و دوای ئەوەی ئاشنایەتیت لەگـەڵ سـتـافی نووسـەرانی گـۆڤـاری (شـەفـەق) پەیدا کـرد و تۆیان تەکلیف کـرد لەبەغدا ببیتە پەیامنێر؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، هەر لە یەکەم ژمارەی گۆڤاری (شەفەق)ـە و ناوم وەک پەیامنێر نووسراوە.

**رامـان:** هەروەها کـەوتیـتـە سـەرپەرشـتـیی چاپکردنەکەشی؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ چاپکردنەکەشیم گرتە ئەستۆی خۆم.

**رامان:** یەکەم ژمارەی ساڵی چەند دەرچوو؟

**جـەمـال خـەزنەدار:** کـانوونی دووەمی سـاڵی ١٩٥٨ دەرچوو و من بەشـداریم تێـدا کـرد، ئەو ژمـارەیە لە کـەرکـووک چاپ کـرا، کـە چاپ بوو، ئەوکاتە مۆڵەتم بۆ فینیشینگی چاپکردنەکەی وەرگرت، تەنانەت باسێکی منی لەبارەی (دارسـتـان لە کـوردسـتـان) تێدایە، کـە باسـێکی تازە بابەتە لە بارەی دارسـتـانەوە بە زمـانی کوردی نووسرابێ.

**رامـان:** بۆ نـووسـینی وتارەکـەت پشـتت بە ئەزمـوونی خۆت بەستبوو؟

**جەمال خەزنەدار:** بابەتەکە پێوەندی بەوەوە هەبوو، کە دەتوانرێ دارسـتـان بکرێ بە بەروبوومـێکی ئابووری بۆ دوارۆژی کـوردسـتـان. بۆ ژمـارە (دوو) چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ (تۆفیق وەهبی) ساز کرد.

**رامـان:** کـە لە هەردوو ژمـارەی (٢، ٣)ی گـۆڤـاری شەفەق-دا بڵاوبووەوە.

**جـەمــال خـەزنەدار:** بەڵێ وابوو، کـاکم و شـێخ عـەبدولقـادر بەرزنجی هانیـان دام و وتیـان بچـۆرە لای (تۆفـیق وەهبی) و پرسـیـاری لێ بکە، بە تایبـەتیش لە بارەی وشەی (شەفەق) پرسیاری لێ بکە کە لە چییەوە هاتووە.

**رامان:** وەک خۆت چۆن تۆفیق وەهبی هەڵدەسەنگێنی؟

**جەمال خەزنەدار:** وەک من ناسیبووم (تۆفیق وەهبی) بەڕاستی زانایەکی گەورە بوو، بەڵام دوودڵییـەکی هەبوو و لەسەر ئەو بۆچوونە زانستیانەی دەیدا نەدەگیرسایەوە، هەر لەبەر ئەوە زۆر قسەی لەبارەی وشەی (شەفەق) کرد، کە چوومەوە کەرکووک گۆڤارەکە تەواو ببوو، لە بەغداوە تەلەفۆنی کرد، گوتی ئێوە گەیشتوونەتە کوێ؟ کاکم وتی گۆڤارەکە خەریکە کارەکانی تەواو دەبێ و ئەمڕۆ بەرگی تێـدەگـرین. وتی: نـەء، بەرگی مـەکـەن من ڕوونکردنەوەیەکم هەیە و پێشتر لەبیرم چووبوو لەبارەی وشـەی (شـەفـەق) بیـخـەمـەڕوو، ئەو ڕوونکردنەوەیەم لەگـەڵیـدا لە لاپەڕەی کـۆتاییـدا بۆ بڵاوبکەنەوە، مـەسرەفـەکەشی هەمووی من دەیدەم، نەک هەر ئەوەندە، تەنانەت ئەزموونی زۆری دیکەمان لەگەڵیدا هەیە، ئەو زانایەکی گـەورە بـوو، هەمـیـشـە بیـری دەکـردەوە، بۆچوونەکانی خۆی تاووتو دەکرد و لێکدەدایەوە.

# کورتە ڕوانینێک لە بارەی ڕووداوەکانی فۆرمالیزمی شیعری مۆدێرن

**ئیرەج عیبادی**
**(سنە)**

«ژیانی ڕاستەقینە ئەوەیە دواجار دەیدۆزینەوە و ئاشکرا و ڕوون دەبێت، تاقانە شێوەی ژیانیش کە بەڕاستی بەئەنجام دەگات، ئەدەبیاتە!»

**مارسل پرۆست**

لێکۆڵینەوە لە سێ بۆچوونی ئەدەبی سەردەم، یانی کردمان (construction)، پێکهاتەشکاندن (deconstruction) و هێرمۆنیتیک و باسەکانی لە بەرچاوی لەسەر زمان و ئەدەبی فارسی و ئێستا کە ئەدەبی کوردی، جێگایەکی گرنگ و تایبەتی لە نێو قەڵەم بە دەستان و هونەرمەندانی هەردوو زمان بۆ خۆی تەرخان کردووە، تا ئەو ڕادەیە کە تاقمێک لە لاوان و تەمەندارانی لە دەوری خۆی کۆ کردووەتەوە و بانگەوازی داوە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەدەب و فەلسەفە و تیورییەکان و ئەندێشەی تازە، بێ گومان ئیستێتیک، یان جوانیناسی ئەدەبی و نائاشنا بوون و دانانی شتەکانی تازە (defamilazation) لە وشەی کۆپلەکانی دەق، یان نێوە دەق خۆی باسێکی فەلسەفی دەخولقێنێ. ئەم ڕێنوێنانە دەچنە سەر دال و مەدلوول لە تێفکرینی دیکارتیدا و لە پەرەپێدانی ئەو بۆچوونانە، بە نیتشە دەگەین کە دەچنە سەر تێپەڕاندنی یەک مانایی دەق بۆ چەند مانایی و لە یەک مانایی عەشیرەتی لادەدا و جووڵەکانی زمان شکاو لە مەدلوولەکان بەدال دەگەیەنێ. ئەم هۆکارە دەستکەوتەکانی تازەی لە ئەدەبیات، بە تایبەت شیعر خۆی نواندووە، ئەم بوارە لایەنەکانی دیکەی هونەر تاکتیکەکان و ستراتیژییەکانی لەدڵی خۆی جێ دەدا، بێ گومان نووسەری ئەم وتارە بەهەستی واقعیی خۆی، یانی شیعر بڕوای هەیە و بە پێچەوانەی هەموو گیروگرفتەکان، کورتی و کەمینەکانی، باوەڕ بەتەماشای مۆدێرن و شیعری سەردەم دەکا. بەم بوونەوە فەرمانی گێژی وتارەکەی بەرەو شیعری هاوچەرخ دەگەڕێنێتەوە.

لە وتارەکانی شەمسی تەورێزی (ل١٢٨) وا هاتووە:

"لاپەڕەیەک فەرز کەن، یەک ڕووی لە تۆ و ڕووی تری لە دولبەر، یان هەر کەسێک کە هەست. ئەو دیمەنە کە دەیبینی، خوێندتەوە، ئێستا دیمەنەکەی دولبەریش بخوێنەوە!" ئەم وتە لە لێکۆڵینەوەی مانایی شیعری پێوەر و کلاسیکدا ئاماژە بەداڕشتنی شیعری مەجاز و حەقیقی دەکا و بۆچوونێکی دوو لایەنە لە دەق دەسەلمێنێ کە ئەمڕۆ بە هێرمۆنیتیک، یان بە ڕاوە دەڕوانێت. بەم بوونەوە باسی شەمس لە ڕاشکاوی و ڕاوە دوور دەبێتەوە و باسێکی چەند لایەنە بۆ دەق تەرخان ناکا. یانی ئەو



ژاک دریدا

شتە کە بارت بە خوێندنەوەی دەق و چێژ وەرگرتن لە نووسراوە و دەرکی مانایی جیاواز لە دووپات کردنەوەیی و دووبارە خوێندنەوەی دەق پێ ئاماژە دەکا. وایە کە لە لێکۆڵینەوە دەق، بە هونەرمەند، یان نووسەر، دەق و خوێنەر ئاماژە دەبێ. ئەگەر بەوتەی بارت، مەرگی داهێنەر دەستی پێ کرد بێ، خۆی جێگای باس و بۆچوونێکی تازەی دەوێ. بێ گومان ڕوانین بەیەک سیستمی مۆدێرن، زمان و دەقێکی تایبەت بەخۆبەتی کە بارت وتەنی، لە دەرکی کلاسیکی و نائاشنا تێدەپەڕێ و ڕاوەیەکی جیاوازی دەوێ، بۆیە دەتوانین "هێرمۆنیتیک"، دەق و خوێنەر سەردێڕی هەر نووسراوێک بزانین. ئێستا ئەگەر دەقێک چەند مانایی بێ، تواناییەکی لە ئەوپەڕی دەقەکەی بۆ بیسەر، یان خوێنەر پێویستە تا تێی بگا. لەم تواناییە بۆ خوێنەر، یان بیسەر یەک پرسیار دێتە ئاراوە، کە ئایا ئەم دەقە چ کەسێ دایناوە؟ پێم وایە ئەم پرسیارە بەئاسایی شیاوی ئەوە نییە کە لێی گەڕێین، بەڵام بۆچوونەکەی بارت لەسەر مەرگی داهێنەر، جێگای باس و سەرنج ڕاکێشانی زۆری دەبێ. ئەو شتە کە لە پێکهاتەشکاندنی ژاک دریدا بەیان کراوە، شکاندنی زمان و ڕواڵەتی ئاشنا بۆ خوێنەر، یان بیسەر، دەبێتە هۆی فۆرمی زمانی تازە لە بواری کاری هەڵدان و سێنتاکس. پێکهێنان، هەڵەگیری و دووبارە پێکهێنانی فەنی یەک زمان، ئەرکی سەرشانی زمانناسانە کە ڕەفتارناسان و پێکهاتەناسان لەم ڕەوتە بۆ پەرەپێدانی فۆرمی ئاسایی زمان لەم ڕەوتانە لەسەر مێژوو و کۆمەڵ، باسێکی درێژ خایەن بەدی دێنن.

چۆمسکی کاتی باس کردن لەم ڕووداوانە، بەکار بردنی ڕستەکان و مانا لە خوڵقاندنی دیسکۆرس دەزانێ، نەک یەک دامەزراوەی نەگۆڕدراو و بەردەوام. دانانی ڕستەکان بە بڕوای ئەو بێ بنە. هونەرمەندی سەردەم بەرێکخستنی پێکهاتەکانی تازە، تێدەکۆشێ تا ئەوانە تووشی گۆڕانکاری و شکاندن بکا. گەمەی زمانی، یان کایەکانی وشەکان، فۆرمالیزمی زمان دەشکێنێ و بەرەو تەکنیک و ئەنجامەکانی ستراتیژێکی زمان دەچێ کە لە ڕووخاندنی جوانیناسی و مانایی یەک دەق نەخشی تازە پێکدەهێنێ تا فۆرمالیزمێکی تر ڕێ خا. بێ گومان ئامانجی ناوەرۆک، ڕووچین و ژێر چین بەوتەی چۆمسکی زۆر بایەخدارە. ئەم گۆڕانکارییە کاری کاتی نییە، بەڵام لەسەر ئەزموونی هونەری و زانستی، هەست بزوێنە و کایە زمانی پڕ و پتەو دەکات.

ژاک دریدا بە پێکهێنانی زمانێکی نوێ لە فۆرمی زمانی لە بەردەست، لە دەقدا باس دەکا کە دەبێتە هۆی فۆرم و زمانێکی تازە، هەروەها فۆکۆ وەک بیرمەندێکی خاوەن توانایی و فەیلەسووفی لەبەر چاوی ئەم سەردەمە، بڕواکانی لە جووڵانەوەی مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم کاریگەری گرنگی هەبووە، ئەو لەم گۆڕانکارییەی ئەدەبیدا ئاماژە بە گەمە، یان یارییەکانی زمانی دەکا، ئەمە گەمەی زمانییە تا ئەو ڕادە کە بە (alteration)، یان بەکارهێنانی پیتگەلێک هاودەنگ لە کۆپلەکاندا بەئەنجام دەگا، کارێکی شیاو و ڕازاوەیە، ئێستا جۆراوجۆری و گۆڕانکارییەکانی سەنعەتی ئەدەبی جێگای خۆیەتی، بەڵام کاتێک کە زۆرتر دەستی بە لابردنی جوانکارییەکانی ئیحساسی و هەستی شاعیرانە و هونەرمەندانە لە یەک دەقدا دەکا، بەرەو ئانارشیزم و پشێویخوازی و بێ مانایی دەچێ کە لە بەرچاوی خوێنەر جوان و بە هێز نییە، هەڵبەت لە یاد نەچێ کە شێواندنی فۆرمی جوانیناسی کۆن و جێگیر کردنی بە شتگەلێکی تازە لە شکاندنی پێکهاتەکان، بڕێ جار نابار و ناشیرین دێتە بەرچاو، بەڵام گومان لە پۆست مۆدێرنیزم بۆ خوڵقاندنی دەرکی نوێی لە ئیستێتیک حاشا ناکرێ.

فۆرمالیزمی لەبەردەست، یانی پێکهاتەشکاندنێکی

ناهاوسەنگ بەمانا و هەستی شاعیرانە لەدەقدا خەسار دەگەیەنێ، ئەم هەستە پێوەندی بەعادەت و ئاشنایی خوێنەر، یان بیسەر نییە، بەڵکو پشێوییەک لە دارشتنی یەک دەقدا، شێواندنی ئیحساس و هەستی هەر هونەرمەندێک دەگرێتەوە کە باباچاهی وتەنی (یەکێ لە شاعیرانی نوێخوازی ئێران و لە لێکۆڵەرەکانی شیعری ئەم سەردەمە): ئەم جۆرە شیعرانە کە بە شیعری دوای نیمایوشیج باوکی شیعری نوێی فارسی ناوی دەبات، دەبێتە هۆی بەربڵاوبوونی شیعر، هەم لە بواری مانا، هەم لە بواری فۆرمدا شیعر لە یەک فۆرمدا حەشار نادرێت و قۆڵبەست نابێ. شایانی باسە کە لە نیگایەکی جیاواز بەشیعر، ئاسەوارەکانی شاعیرانە و لە بەرچاو، جارجارێ دەخولقێ، بەڵام ڕوون دەبێتەوە کە نابێ ئەفراندنی شتگەلێکی تازە، ناوەرۆکی بەهەست نەبێ و خوێنەر، یان بیسەر لە حەز بە خودی دەق و کۆبوونەوەکان دوور کاتەوە. زانایەک دەیگوت: " خراپی کە لە ئەندازە بترازێت، ئاوەدانی ڕوو دەدا." گۆڕانکاری و ئەم جۆرە شێوازە لە بە پشێوی و ئەنارشیزم لە یەک دەقی هونەریدا ناوی لێ دەبرێت، بێ گومان لە ڕێگای پڕ هەوراز و نشێوی ئەدەبدا. ئەم ڕەنگاوڕەنگی بە ڕواڵەتێکی گرنگ لە داهاتوودا خۆی دەنوێنێ تا بمێنێ. برێ لە لایەنگرانی ئەم ڕەوتە ئەدەبییە پێیان وایە کە بە جارێک ئەم ئاڵۆزی و پشێوییە لە ئەدەبی سەردەمدا، دەتوانێ بە دەرکی نوێ و ئاڵوگۆڕێکی چالاکانە بەئەنجام بگا. لەلایەکی دیکەوە، کۆمەڵێکی دی لەو باوەڕەدان کە مۆدێرنیزم پشت ڕاست دەکاتەوە بە سوریالیزم و جەریانی گەڕانەوەی زەین کە بۆچوونی کلاسیکی و یەکلایەنە دەخاتە سووچێک و ریالیزم و شێوازی خەتی دەق بە شێوازی قەبارەو حەجمی دەگۆڕدرێ. لەم جۆرە دارشتنە، ئیدیالی زەینی خەتی دەق جێبەجێ دەبێت، یانی ئەو بۆچوونانە لەدوای نیتشە بەرەو لابردنی میتافیزیک و باوەڕەکانی کۆنەپەرستانە دەچێ.

پۆست مۆدێرنیزم، بەگومان کردن لە گوتەکانی هەستیی، هەتا عەقڵ، پێی خۆشە کە پردێک لە نێوان کلاسیزم و مۆدێرنیزم دانێت. ئەمڕۆ ئەدەبیات و هونەر بەگشتی مۆدێرنیزم و گومان وەک هاوژین لە داهێنەرەکانی تازەی خۆی جێ داوە. وایە کە تەواوی بەشەکانی پۆست مۆدێرنیزم و پێکهاتەکانی لە خۆی جێ نادات. برتۆلد برێخت وتەنی: ئەو شتە کە یەقینە، یەقین نییە." گومان لە هەموو باکگراوندەکانی ژیان دەگەڕێ تا هەنگاوەکانی نوێتر لە باری جوانناسی و ئیستێتیکەوە دابین بکرێ. هاوفۆرم بوون و هاودەق بوونی شیعری سەردەم یەک بڕوا لەزەینی خوێنەران و قەڵەم بە دەستان دادەنێ کە ئێجگار، زۆربەی شاعیرانی ئەمڕۆ بەدەنگی تایبەت بەخۆیان نەگەیشتوون و بە شێوازی خۆیان دەستیان پەیدا نەکردووە. کۆپی کردن و نموونەسازی لە ئیماژەکان لە ڕوو دەست یەک، لە نێوان شاعیراندا زۆر باوە، کە جیاوازییەکی نێوان دقەکانیان لە شەڕی نێوان سوننەت و مۆدێرنیتە نایەتە بەر چاو. گەلێک لەم شیعرانە، پەخشانە و هیچ بۆنی شیعریان لێ نایەت.

ئەگەر بڕوای هەوەڵییە ڤیتگنشتاین باوکی ئەدەبی پۆست مۆدێرن لە هاو بەشی ئیماژ و مانا بە جدی بگرین و دوایین بۆچوونەکانی لە کتێبی ڕەخنەی فەلسەفی" بخەینە بەر لێکۆڵینەوە و باس، وا دەردەکەوێت کە پێداویستی زمانیی بۆ ئەو زۆر گرنگە. ئەم ڕەخنە لەسەر ئەوە هاتووەتە کایەوە، کە لابردنی مانا، ئیماژ تەنیا لەسەر زمان و گەمەی زمانی شیعر، دارشتن فۆرمالیزمێکی بێ هەست و وشک دەخولقێنێ کە بەکەڵک نایەت. بڕوام وایە کە بەهای هونەر وەک دەرک و هەستی شتەکان، کەشف کردنی دیاردەکانی جیهانە لە زەینی هونەرمەندا تا ناشیرینی و نالەباری شتەکان بنوێنی و لەزەتێکی بەتاموچێژ بەخوێنەر، یان بیسەر ببەخشێ و ژیان جوانتر بنوێنی. پیشاندانی سۆز، ئەندێشە خۆی لە کاریگەری هۆنینەوەی هونەرمەندانەی زمانیدا ئاشکرا دەکا. جوانناسی ئەدەبی قەرزداری ئاڵوگۆڕی زمانە. خاڵێ لەبەر چاو ئەوەیە کە ئەگەر زمان تووشی پشێوی و ئەنارشیزم دەبێ، یان گێژدەبێ لە بەیان کردنی جوانیناسی نوێ، چ شتێکی تازە لە دایک دەبێ، ئایا بە هەر شێوە، پێکهاتەشکاندن جوانە؟

جارێ دەقێک لە هەستاوێزی و دەرک و گەمەگەلی زمانی وشەکان زۆر جیا دەبێتەوە. تێکەڵ کردنی سیمانتیک و یاسای جوانناسی، شیاوی ئەوەیە کە لە ئەنجامدا بە خولقاندنی چێژی تازە، سەر هەڵبێنێ کە برێ جار نە لە یەک ئاسەواری ئەدەبی، بەڵکو ئەمە جار جارێ دەبێتە هۆی دابینکردنی ئاسەوارەکانی تایبەت و سەر بە خۆی. ئەو خاڵانەی لە ڕابردوودا باسی لێ کرا کە لە سۆز و هەست و یەک ژانری ئەدەبی دێتە ئاراوە، تیکە تیکە کردنی وشەکان، پێکهاتەی ڕێزمانی، جارێک باسێک لە سەردەق و ئەم هەموو بێ دەنگییە، درێژەدانی پێ ناکرێ. بەکار هێنانی بێ هەستی وشە لە بواری نائاسایی و



چۆمسکی

دارشتنی نووسراوەکان، گەورەپانێک دەبڕێتە پێش کە سەر سورمانە.

ڤیتگنشتاین دەڵێ: "دەتوانین زمان وەک شارێکی کۆن گریمانە بکەین، گەلێ پڕ پێچ و بێ شوێن، کە لە مەیدانەکان دامەزراوە، ڕێگای هاتوچۆ، خانووەکانی تازە و کۆن، کە برێکیان لەدەورانەکانی جۆراوجۆر بینای دروست بووە. ئەو هەمووە لە شارۆچکەکانی تازە حەشاردراوە، بەشەقامەکانی ڕاستەوخۆ و خانووەکانی بێ ڕواڵەت، کە لە هاوسەنگی پێکهاتەکانی کۆن و تازە جێگای زۆر تێفکرینی دەوێ!"

پرسیار ئەوەیە، ئەگەر ئەم بیناگەرە کۆنە و بێ بەهایە، بۆ ئیدارەی میراتی فەرهەنگی و زۆربەی لە دانیشتوانی بەهەستی شارەکان، بەپارەی زۆر و لەبەرچاو لە تێکچوونی ئەو پاشماوەگەرە بەرگری دەکەن؟ ئەگەر پۆست مۆدێرن لەسەر دانانی پردێک لە نێوان ڕابردوو و داهاتوو سوورە، ئیتر ڕووخاندن و لە نێوبردنی ئەو هەموو دەستکەوتە، سەر شێتی نییە؟.

فۆرمالیزمی بیناکان، هاو وەزنی و هاودەقێکی بەرانبەریان هەیە کە ئەمڕۆ بووەتە هۆی تەنگژەی زۆربەی ئەندازیاران و بیناسازانی پاش مۆدێرن، پێکهاتە شکاندنی پۆست مۆدێرن و گومان کردن بە عەقڵ و تەواوی دیاردەکانی باو لە نێو کۆمەڵدا، لارێ چوون لە بنەمای هەوەڵییەی پۆست مۆدێرنە کە پێی خۆش بوو پردێک لە نێوان ڕابردوو و داهاتوو دانێ.

ئەو شتە کە یاکوبسن بەناو لابردنی شتگەلێکی ئاشنا و ناسیاو لە دەقەکاندا باسی لێ دەکا و بەبێگانە دانانی دەقێکی تازە بە ئەژمار دێت، فۆرمالیزمێکی تازە دەخولقێنێ کە هەستی هونەرمەند و خوێنەرفیدای تەکنیک، گەمەی زمانی و بنیادشکاندن و لابردنی شتگەلێکی باو لەزەینی خوێنەر، یان بیسەر دەکا.

هەستاوێزی، یان تێکەڵکردنی چەند وشە لەگەڵ یەکدا بۆ خولقاندنی هەستێکی تایبەت کە لە سەردەمێکدا شۆلۆڤسکی بەناوی "پەسلانی وشەکان" لە یەک تێکستدا ئاماژەی پێ دەکرد، لە کتێبی "هونەر وەک یەک خوێندکار" زۆر لە بەر چاوە.

زمان، یانی ئامرازێک بۆ بەکارهێنانی هەموو ژانرەکانی ئەدەبی کە ئێستا تووشی تاو لەرز بووە و سەری گێژ ماوە. شیعری سەردەم نەیتوانیوە وەک شیعری ڕابردوو، یان پێوەر خۆی و هەستی تازەی بە خوێنەران و بیسەرانی بسەلمێنێ. هەڵبەت دابەش کردنی خوێنەران بە خوێنەری بە ئەزموون، یان نیوە کارامە و ئاسایی و نالێزان لەم باسە جێگای سەرنج ڕاکێشانە. جۆرێک دوور بوون لە شیعرێتی شیعر و هاوسەنگی لە فۆرمالیزمی هونەر و پێکهاتەکانی دێتە بەرچاو، کە وایە هونەرمەندیش خۆی ئاگای لەوە نییە چی دەڵێ، تەنیا پێی خۆشە بنووسێت، ئیتر هەرچی دەبێت با ببێت!

چۆمسکی لێکۆڵینەوە و بۆچوونی سێنتاکسی خۆی لە زمانناسیدا لەسەر دێری "transformation linguistic" یان زمانناسی ڕاگوێزراو لەسەر بنامەی "زمانی سروشتی" ڤیتگنشاین و فەلسەفەی ڕواڵەتی زمانی" هۆسەرڵ دانا و بانگەوازی فەلسەفەی "شیکاری زمانی" خۆی کرد.

ئەم جۆرە لێکدانەوەیە ئێستا لە دووبارە نووسینی دەقەکانی ئەدەبی لە لایەن ڕەخنەگرانەوە لە بەرچاوە. وایە کە ڕەخنە ئەم گێژ و پشێوە هونەرییە چارەسەر دەکا و نووسەرەکان بەڕێنوێنی ئامادە دەبن تا بە خولقاندنی ئاسەوارە ڕەنگینەکانیان ئەدەب و فەرهەرنگ دەوڵەمەند بکەن.

کاتێک ڕۆلان بارت سیستمی نیشانەناسی بە نەزمی دی سۆسێری گۆڕا، خۆی نیشانە ناسێکی تری دابەش کرد بە ناوی نیشانەناسی "زانستی" و "نازانستی" کە

بووه هۆی شتێکی تر لە ئەوپەڕی نیشانەناسییەوە و هاتە کایەوە لە ئەدەبی مۆدێرن و پۆست مۆدێرندا، کە ئێستا بەناوی "نیشانەناسی گشتی" ناسراوە. ئەم بۆچوونە، پێکهاتەی دەقەکانی نەناسراو بەکارگێڕی زمانی دەڕازێنێتەوەو تێکستێکی تازە و نوێی دەخاتە بەرچاو کە بایەخ بەمانا نادات. لەم شێوەیە بنەما شکاندنی دەقی ئەدەبی بەکایەی وشەکان و بە جێبەجێ کردنی لۆژیکی زمان و تێکدانی سێنتاکسی باو، کارێکی تازە لەسەر دەقەکان دەکەن.

تۆلستۆی لە کتێبی"هونەر چییە؟" ڕوانینی بەشتەکان جیا لە ئەو شتە کە هەن، دابین دەکا و ڕوانینێکی تازەی دەوێ کە لەسروشتی دیاردەکان جیاوازە. تۆلستۆی بە پێچەوانەی مەکسیم گۆرکی نووسەری هاونیشتمانی لە ڕووسیا، ئاماجخواز نییە و بە هونەری ڕیالیزمی سۆشیالیستی کە گۆرکی لە کتێبی (ئەدەبیات لە بڕواکانی گۆرکیدا) ئاماژەی پێ دەکا، لادەدات و خوێنەر لە جیهانی وشکی یۆتۆپیایی و ئارمانخوازانە بەرەو جیهانی خوڵقاندن ڕێنوێنی دەکا. ئەو بە پاش مانایی دیاردەکان و جێبەجێ کردنی دال و مەدلوول دەڕوانێ و دەڵێ ئیماژ، یان وێنە لە تێکستدا ئەرکی کاریگەری هەیە و حەز بە دەرکی دەقەکان بەنیگایەکی هونەرمەندانە دەکا، یان کارێک کە ئەمڕۆ فۆرمالیستەکان پەرەیان پێ داوە و لەتێکدانی ڕواڵەت و سیمانتیکی کۆن خۆیان ڕزگار کردووە.

هاتنە دەرەوە لە فۆرم و پێکهاتەی بەستراوەی کلاسیکی، یان بەقەولی عەلی بابا چاهی شاعیری ناسراوی فارس، شیعری "قەبز" یانی نەکراوە، کارێکی گرنگە کە نووسراوەکانی تازەی نەخشاندووە و هێرمۆنیتیکی نوێی دەوێ.

لە ئاڵوگۆڕی شیعری فارسیدا، دوای "خەسرەوانییەکان" شیعری پاشاکان، شێوازی هیندی و عیراقی، خوراسانی و دەوران هەڵگەڕانەوەی ئەدەبی، شیعری سەردەمی مەشرووتە لە ڕەوتی شیعری کلاسیکدا، نیازە، ئاماژە بەشیعری نوێی فارسی بکەین کە کاریگەری زۆری لەسەر شیعر و ئەدەبیی کوردی داناوە. نیمایوشیج باوکی شیعری نوێی فارسی، ئەبولقاسمی حاڵەت، تابلۆکانی مەریەمی عەشقی، دواجار شیعری سپی، یان ئازادی ئەحمەدی شاملوو، شیعری حەجمی یەدوڵڵا ڕوئیایی و ئەحمەد ڕەزا ئەحمەدی..... هەڵبەت شیعری سپی لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا خاوەن وەزن و ئاهەنگ و تایبەتمەندییەکانی خۆیەتی کە شێوازی جیاوازە لە شیعری فارسی کە بێ وەزنە. (verse blank) ئەم جۆرە ئاڵوگۆڕە شیعرییەی لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا، لەدەقەکانی ڕامبۆ، ئیلیەت، ئارنۆلد، ئەزرا پاوەند، ڕیچاردز و..... بیرمەندان و هونەرمەندانێک کە باسیان لێ کرا، دێتە ئاراوە و کاریگەری لەسەر شیعری فارسی داناوە. شیعری مۆدێرنی فارسی وەک شیعری مۆدێرنی کوردی تووشی پشێوی و ئانارشیزمە. ئەم تێکەڵ بوونە لەگەڵ ئەدەبیاتی پۆست مۆدێرندا، دەستکەوتەکانی سیمانتیکی و سێنتاکسیشی کەم نەبووە و جارجارێک فۆرمالیستێکی بەرچاوی بەدی هێناوە. بێ گومان هێرشی مەغۆلەکان لە سەدەی شەشەمی هەتاویدا ئەم هەڵەی ڕەخساند کە شیعر بەرەو عیرفان و گۆشە نشینی بڕوات و خۆی لە کۆمەڵ جیا بکاتەوە. ئەم دوور کەوتنەوەیە لە ژیان لە ڕۆژئاوایشدا بەبۆنەی سەنعەت دێتە بەر چاو. کە نائۆمیدی و پەژارە هونەرمەندانی داگرتووە و بەجۆرێک بەرەو بێ نەزمی و لێ نەزانی شیعری دەچێ، کە هەموو چەشنە نووسینێک بەشیعر دادەنێن و لەبنەمای خۆیدا شیعر نییە. بەبڕوای من ئەم گۆڕانکارییە بەرهەمی زەمان و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتییە کە بەئەندێشە و تێفکرینی خۆی چەکی جیاوازی هەڵگرتووە و داویەتی بەدەستی نووسەران و هونەرمەندان. لەلایەکی ترەوە قۆناغێکی تازە و جیاواز، بەڵام بەشکاندنی پێکهاتەی زمانی، ئەوەندە تووشی گەمە و یاری زمانی بووە کە وشەکان بێ سەروشوێن کەوتوون. ڕواڵەت و فۆرمالیزمی شیعری کە بەرەو هەواری نوێ بوونەوە و سۆز و هەستێکی تازە دەچێ، ئەندێشەی لە بێ مانایی سەیر دەکا. ئەگەر پشێوی زمانی ڕەنگە بڕێ جار خوڵقاندنێکی لەبەرچاوی هەبێ، لە پێداچوونەوەیەکی بەئەزموون و زانستییانە سەرمەشقی هەموو لایەنە بۆ بەرەوپێش چوونی ئەدەبی کوردی بێ، هەڵبەت ئەم ڕەوتە ناتوانێت بەتاوانبارکردنی لایەنگرانی شیعری پێوەر، یان زانایانێک بەبڕوای جیاواز بەئەندێشەی عەشیرەتی، یان کۆنەپەرست بناسێن.

هایکۆکانی ژاپۆنی لە ڕواڵەتی هاوسەنگاندنی شیعری کورتی نوێی کوردی و فارسی، بەنێو شیعری پەیامی، یان برووسکە شیعر دەناسرێ، هەروەها شیعری لێکی بەلۆچەکانیش خۆی بەرەو نوێخوازی دەکێشی. ئەم جۆرە شیعرانە فۆرمالیزمی تایبەت بەخۆیان هەیە و لە شیعری

پێوەر و کۆن بێژانە جیا دەبێتەوە.
دوای شۆڕش لەئێراندا، ئێمە بەرانبەر بووین بەشیعری زیکر، جەنگ، عیرفانێکی تازە، دژایەتی، تووڕەیی نێوان شیعری کلاسیک بەناوەرۆکێکی ترەوە، لەحەفتاکانی هەتاویدا دەتوانین ئاماژە بەشەپۆلێک لە شیعری مۆدێرن بکەین کە بە هەوڵی، ڕەزا بەراهەنی، ئەحمەد ڕەزا ئەحمەدی، عەلی باباچاهی، عەلی عەبدول ڕەزایی و میهرداد فەلاح کە ڕەوتی شیعری نوێیان بەجێ هێشت و بە شێوازی مۆدێرن هاتنەوە مەیدانی ئەدەب کە خۆیان بەبەرەی پێنجەمی شیعری فارسی ناو دەبن. لەم بوارەدا چالاکییەکانیان کەم نییە و ئاسەوارەکانیان لەم لاو ئەو لاوە لە چاپ دەدرێ و دێتە بەرچاوی کۆمەڵ. ڕەوتی شیعری نوێی کوردیش لەباشووردا لە ژێر چاودێری شیعری نەهزەتی "فەجری ثانی" و شیعری نوێی تورکیدا بووە و بەرهەمە شیعرییەکانی (تۆفیق فیکرەت و جەناب شەهابەدین) کە کارەکانیان لە ئاسەوارەکانی شێخ نووری شێخ سالح و عەبدوڵلا گۆران وەک باوکی شیعری کوردی دیاری دەکرێ. کە شیعری کلاسیک تا گۆران، دیاردەیەکی تایبەت بەخۆیەتی. گۆران بەگەڕانەوە بۆ هیجایی کردنی شیعری نوێی کوردی و لادان لە وەزن و قافیە و ڕوانینی تازە بەشتەکانی دەوروبەری مۆری نوێبوونەوەی ڕەوتی شیعری سەپاند. لە ڕۆژهەلاتدا، دەبێ ئاماژە بەدەقی شیعری سوارەی ئێلخانی زادە بکەین کە ناوەرۆک و فۆرمی شیعری گۆرانی لەسەر کاریگەری شیعری نوێی فارسی دانا. عەلی حەسەنیانی و فاتیح شێخولئیسلامی (چاوە) هاوزەمان لەگەڵ سوارە دێنە مەیدانی ئەدەبی نوێوە. بێ گومان شیعری کوردیش لەسەر کاریگەری شیعری جیهانیی تووشی گۆڕانکاری بووە. دوای گۆران دەتوانین ئاماژە بە بەرەی دووەمی شیعری کوردی بکەین. کە لە شیعری لۆکاڵی کوردی خۆی جیا کردەوە. دوای ئەوە دوو ڕەوتی شیعری کوردی لە باشووردا سەری هەڵداوە. بە ناوی (کفری و ڕوانگە) کە لەحەماسەتسازی و پاڵەوانسازی کەڵکی زۆریان وەرگرت و هەوای سیاسی لە بەرچاو بوو. لەپێشکەوتووانی بەرەی ڕوانگەییەکان شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵلا پەشێو، ڕەفیق سابیر، فەرهاد شاکەلی، ئەنوەر قادر محەمەد و لەتیف هەڵمەت... تاد. هەندێک لە ئەدیبەکان لەتیف هەڵمەت لە ڕەوتی شیعری کفری دادەنێن.
دوای ئەوە ڕەوتی شیعری (جوایەز) خۆی دەنوێنی، کە خوێندنەوەیەکی تازەی لە دەقی هاوچەرخدا دەخاتە بەرچاو. دەتوانین ئاماژە بە نوێخوازانی وەک فەرهاد پیربال، ڕێبوار سیوەیلی، ئەنوەر مەسیفی، هاشم سەڕاج و..... تاد بکەین.
ئێستا شیعری مۆدێرنی باشووری کوردستان بە نوێخوازانی وەک بەختیار عەلی، شێرزاد حەسەن و.... بەرەو پێش دەچێ.
دوای سوارە لە ڕۆژهەلاتدا، بەرەی دووەمی نوێخوازی بەرەو ڕوانینێکی کۆمەلایەتییەوە دێتە پێش کە ڕواڵەت و ناوەرۆکی شیعر تووشی گۆڕانکاری دەبێ. کە شاعیرانی ڕوانگە و فارس لەم گۆڕانکارییەدا کاریگەری زۆریان هەبووە. جەلال مەلەکشا، قاسم موئەیدی لەو ڕەوتەدا لە بەرچاوەکانن، زمان و پێکهاتە دوای ماوەیەک، خۆی لە ژێر چاودێری شیعری ڕوانگە لە ئاسەوارەکانی شاعیرانی ڕۆژهەلات جیا دەکاتەوە، کە ڕەزا عەلی پوور، حەمە سالح سووزەنی، مارف ئاغایی، ئیبراهیمی ئەحمەدی نیا، یوونس ڕەزایی و... دێنە بەرلێکۆڵینەوە،
شیعری "داکار" بە تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە لەم بەرەیە بەدی دەکرێ کە تا ڕادەیەک بایەخ بەمانا و چەمکی وشەکان دەدا و لە دال لادەدات و مانای مەدلوول لە بەرچاو دەگرێ. ئێستا شاعیرانێ لەسەر بنەماکانی جیهانی و وەرگێرانی دەقە جۆراوجۆرەکان بەبەرەی چوارەمی شیعری مۆدێرنی کوردی ناسراوە، بەرەی شیعری کوردی بە فەزایەکی کراوە فۆرم و پێکهاتەکانی دەق دەشکێنێ، جووڵەیەکی تازەی لە ئەدەبی ڕۆژهەلاتدا ڕێ خستووە، کە بە پێش دەچێ تا خۆی لە ئاستێکی پاش مۆدێرن بسەلمێنێ. بەکورتی ئەم ڕەوتانەی باس کران، نموونەگەلێکن لەشیعری هاوچەرخی کوردی و فارسی بەم چەشنە دێت.
بەشێک لە شیعری (تا لوورەکانی گورگێک)ی کەمال ئەمینی:

**ئەم شیعرە دڵتەنگە**
**هەر نەبێ پێکەنی بەزەوی**
**کە ئەمەنە خولاوەتەوە**
**سەر گێژەی گرتووە.... خۆم**
**حەیف سەندەڵێ - وەک - سەندەڵێ**
**پڕە لە کەڵکەڵەی ساردی ڕۆیشتن.**

* * *

بەشێک لە شیعری (هێشتا هەموو جادەکانی جیهان

بەشی سەرگەردانیم ناکەن!)ی حەمەی موفەقی:
**بەر لەوەی ئاوێنەکان**
**ئاوا بوونی پەپوولەیەک لە ڕووبەری ماچەکانتا**
**تا پەراوێزی ئەم پاییزە و دەموچاوت وەنەوز بدەن**
**بەر لەوەی کاتژمێرەکان**
**بە ڕێژەی لە سەدا زۆر / لە سەدا سەوز**
**زۆرتر لە خۆشم ئەوێی و**
**سەوزتر لەدەستەکانی کازیوەییت**
**پڕ لە ئیمان و چۆلەکە**
**بەکاتی پەنجەرە و هێڵی ئیستوا**
**لە نێوان ئەم دێڕە و پردێکا دابەش کەن**
**بەرلەوەی سەربازانی بێ سێبەر.......**

* * *

**فاتمەی فەرهادی**

**کاتێ لەم ماڵە دوور ئەکەومەوە**
**هیچ شتێ نامناسێت**
**نە تەقەی پێڵاوەکانم**
**نە دڵەڕاوکێی قامکەکانت**
**نە تەنانەت هەتاوێ کە بۆ من هەڵئەهات**
**دڵم لە قەرەباڵغییەکاندا ون ئەکەم**
**مندالێ لە مندا**
**بە لابیرەنتەکاندا خوول ئەخوات و**
**زەوین بە دەور سەرمدا.......**

لە کورتە ڕوانینێک بەم شیعرانە و جیاوازی تێگەشتنیان لەشتەکانی دەوروبەریان، ئەوەندەی کەسایەتی بەدیاردەکانی سروشت دەبەخشن کە سۆز و هەستی شاعیرانە تێکدەچێ. کار دەبێ تا ڕادەیەک بە شیعریت شیعر نزیک دەبێتەوە، لە حاڵەتێکدا شیعری ساڵح سووزەنی بۆنی شیعر نادات و لە دەق، لە گەمەی زمانیدا خەفە دەبێت.

**یارییەک بە "مان" و "سەر" نا "زۆڕنا"**
**بە سەری هەمووتانمان ئەگەر بتهەوێ یارییەک بە مان و سەر نا زوڕنا بکەی**
**کێ دەزانێ دەنگی شمشاڵ بە پانەوە نەخاتە ناو لنگی با سەرتان ئەشۆرن و تا هەتایە ئەڕۆن بۆ گامێش..**
**دەرتان دەکەم و ئەڕۆن تا مانگا**
**بۆ وەی هەموو کات ئەسحابە بە سەرووی مێشەوە نەفرێ**
**تا قالۆنچە ماوە و کافکا و سەری گوریسی کۆشک و دکتۆرێکی دی و تاعوون نا ماعوون.. یە منەعوون**
**ئەلشێخ بە هەموو پێڵاوەکانییەوە تا بەفر- چی بە کەر کەرە!**
**هەتا ماوە هیچ نا هیچەی دێ و شێخ بە بزنەوە ئەپێون تا بەرماڵ و وردە نا سەرەو هەموو ئەوانەی گمەیان دێ بە کەر و حاڵ.. بە شەڕ و داڵ بە ماڵ و ساڵ نا کاڵ**

میهرداد فەلاح لە دامەزراوەکانی شیعری پۆست مۆدێرنی فارسە کە خۆی دەڵێ:

"وتم، کە لەباشترین خوێندراوەکان، حەرەکەتی وشەکان، یەکگرتوویی دیداریان پێکهێناوە، ئەمڕۆ حەرەکەتەکانی گرافیکی، پێکهاتییەکی وشە بەدی دێنێ، کە ئەم مانا لە خوێندنەوەی دەق بەجۆرێک دووبارە زیندوو دەبێ کە بۆ خوێنەر ئاشنا نییە. خوێندنی (جۆرێک قسەی میهرداد خۆیەتی) لە بنەما تێدەکۆشێ کە هاوتا لەگەڵ نیشانەکانی کەلامی و زمانی جۆریک ئاشنایی ڕێک بخات، کە کاریگەری دیداریشی هەبێ، تا تێکەڵێک بێ لە گرافیک و شیعر، کە بەبڕوای من بە خوێندنی گیان دەدات، ئێستا ئەگەر پێتان خۆشە وەک ژانرێک بۆی بڕوانین.

من خوێندنی بەتەواوی ئەلەمنتەکانی دیداری و کەلامی لە ڕواڵەتی دەقدا دەبینم. بۆچوونی من لە دەق، شتێکی پێوەندیدار و فۆرمدارە، کە ئەگەر ئەلەمنتەکانی پێکهاتەی لە یەک جیا بکەینەوە، دەقەکەی تێکدەچێ. لە هەوەڵەوە کە خەریک بووم برێ لە تایبەتمەندییەکانی خوێندنی لە دڵی کارەکەمدا ڕابکێشم، بۆ برادەرانێک کە پێیان خۆش بوو کە " موئەلف "، یان داهێنەری دەق بناسن، دەیانگوت: " شیعرەکەت خراپ مەکە!" با شیعرەکەت هەر بە ڕواڵەتی ئاشنا بێتە بەرچاوی خوێنەر، پرسیاریان لە من دەکرد کە لە ئەم جۆرە شیعرانەدا چ کێش و هەوایەک دەخولقێ و من هەمیشە بەتەئکید دەمگوت: بنەمای کارەکانی من لەسەر نائاشنایی، جرت و فرتی هەیە کە گیان لە دەقدا دامەزراوە. ئێستاش هەر بەو باوەڕم، نازانم لە کارەکانی دواینما بە چ ڕەوتێ دەگەم و چی ڕوو دەدا و چۆن بەشیعر و لەزەت دەگەم. نامەوێ خۆم لە چوارچێوە و یاسای ڕستەکان دانێم، دەبێ تیور و تێز لە نێو ئەفراندنی دەقەکاندا مانا بکرێ نەک بەپێچەوانە."

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی شیعر کە شاعیر بە شیعرییەتی شیعر نزیک دەکاتەوە، ڕاوکردنی کاتەکانە لە سۆزێکی هاوڕێ لەگەڵ ئەندێشە، خەیاڵ و ئەزمووندا، لە ئاڵوگۆڕی دەروونی و دەرەوەی دیاردەکان سەرهەڵدەدات.

که گەلاڵە و تەرحێکی لەپێشدا بە پێچەوانەی چیرۆک دابین ناکا، شیعر لە هەستی شاعیر دەخولڨێ و چنینی نابێت. ئەم جۆرە چنینە لە شێوەی شاعیرانی مۆدێرن و پۆست مۆدێرن لە گەمەی زمانی و پێکهاتەشکاندن بەدی دەکرێ. کە لە خەسارناسی شیعری مۆدێرندا دەبێ ئاماژەی پێ بکەین کە شیعری گرافیکی بێ گومان لە پێشدا تووشی گەلاڵە و چنین بووە.

بەختیار عەلی شاعیر و نووسەر لە زانکۆی سلێمانی بەم جۆرە لەسەر شیعر و وشەدانان دەدوێ: " لە ماوەی ۲۰ ساڵ تیکۆشانم لە بواری ئەدەبدا، ئەو شتەم کە کردووە، ئاواتێک بووە، ئاواتی گەورە کە هەموو نووسەرانی جیهان هەیتیان، ئەویش گۆڕانی دنیا لە ڕێگای وشەیە، لە پشت هەر وشەیەک کە نووسیومە، خەونێک خۆی حەشار داوە، ئەو خەونە بێتە بەرچاو، یان نەیەت، هەمیشە ئامادەیە، خەونی باشترکردنی دنیا، هەتا ئەگەر کەمێکی وەدەست بکەوێ."

ئەگەر کاری شیعر جوانناسی ڕووداوێکی لە واقیعییەتدا بێ، لە پرۆسەی بۆچی، چۆن و چشتێک دەگەڕێ. کاری کەشف کردنی خوێنەر، کاتێک بەئەنجام دەگا کە لە دژواری کۆپلەکان، ئیبزافە گوتن و برگە برگە بوونی رستەکان و لاوازبوونیان لابدات. هەژاربی ڕەخنەی ئەدەبی، لەخەسارەکانی گەورەی شیعری مۆدێرن و پاش مۆدێرنە. پرسیار ئەوەیە کە کاری ڕەخنە چییە؟ چ شتگەلێک بۆ گەل ڕوون دەکاتەوە؟ لە چ کونجێک بە پێکهاتەکانی یەک دەق دەڕوانێت؟ ئایا زمان و حەرەکەتەکانی زمان دەناسێت؟ ئایا ئەزموونی لەسەر شیعری ئیمڕۆ و ڕابردوو هەیە؟ ڕەخنەگر ئەرکی سەرشانیەتی کە کارێکی بە وردی و کارناسانە بکات. ؟

ئیلیەت لە گۆڕانکاری وشەکان وتەیەکی باشی هەیە و دەڵێ: "وشەکان بە تێکۆشان دەکەون، دەشکێن، برێ جار ورد دەبن، لە ژێر زۆردا، دەخزن و تێک دەچن." ئەو شتە کە ئیلیەت بەزەینی ناگات، ئەفراندنی دووبارەی دەق و زندوو بوونی وشەکانە! زمان کە یاری بەپیت و وشە و دەق دەکا، نامرێ. وایە کە ئەم دیو و ئەو دیو دەکەوێ و گۆڕانکاری دەکا. تێدەکۆشێ تا پێکهاتەکانی تازەتر بنوێنی. تێکچوونی زمان، لە ناوبردنی زمانە، کە دەزانین زمان لە حەرەکەتدایە. دەبێ بزانین هونەر بەشوێن هێرشێکی هەموو لایەنە بە زەینە و لەگەڵ ئەوەدا زۆران دەگرێ، ئەگەر ئەوە باتە زەویندا، پرسیارێکی تازەی خوڵقاندووە کە وەڵامی ئاسایی نییە. بە بڕوای من، لە نهێنی یەک دەقی هونەری دەست و فیکر دابین کراوە، کە ئەمە بەمانای ئیحساسی بێ بایەخ و ئاوەکی و ئاشنامەدار نییە.

ڕەخنەی هونەری لەسەر بڕوای "گرینبرگ" بەهای دادوەری و جوانناسیشی لە بنەمای "زەوق" سەرچاوە دەگرێ. لە کتێبی ڕەخنەی هونەر" تری برت، وچانێکی بە وردی لەسەر پاش مۆدێرنیزمی هەیە. ئەو دادوەری لەسەر ئاسەوارەکانی هونەری بنەمای کار نازانێت، بەڵام گرنگی بەهێرمۆنیتێک دەدا.

کلمنت گرینبرگ کە یەکێ لە گەورەترین ڕەخنەگرانی ئەمرۆی ئەمریکایە، ناوی لەگەڵ مۆدێرنیزم و پاشمۆدێرنیزم تێکەڵە. ئەو دەڵێ: لە هەر شتێک دەتوانین ئەزموونی جوانناسی وەربگرین" ئەم باسە جێگای سەرنج ڕاکێشانە. "ئایا هەموو شتەکانی جیهان جوانن؟"

ئایا تاوان، نادادپەروەری، هەژاری، موعتاد، ستەم لەدنیا، جوانناسییە؟ ئەم پرسیارە، دەبێ مۆدێرنیستەکان وەڵامی بدەنەوە!

نموونەیەکی تریش لەم جۆرە شیعرانەی فارسیدا کە بۆ کوردیم وەرگێڕاون: پێکەوە دەیانخوێنینەوە. داوەریش بۆ خۆتان:

شیعرێکی نوێی (کورۆشی هەمەخانی)

**ئەو کاتە وا**
**لە پێچەکانی ئاریز**
**دەهاتینە خوارێ**
**جێگای هەزاران پێڵاوی ون بووغان دی**
**کام وەرز**
**دایکەکان لە جادەی مەهابادا**
**بۆنی فیشەکە پۆکاوەکانیان دەکرد**
**تا بێدەنگی منداڵەکانیان بناسن**
**لە کام مانگی ساڵ**
**باوکەکان شوێنی نیگایان**
**تا هەورەکان ون دەبوو**
**هێڵی دەنگیان لە تابلۆی ئاسماندا**
**مەلێکی ڕێبوار**
**درێژەی ئەسرینەکانی دەچکاندە ئەوبەری دەلاقەیەک**
**کە تیرەکانی باران دوایی هاتبوو**
**دایک فیشەکی پۆکاو لە مست**
**باوک**
**کراسێکی دڕاو لەسەردەست**

له مەزاری دەریا دەهاتنەوە !

## گوڵ باخ

ئیرەج عیبادی

با
دوو قۆڵی جادەکانی
بێ سواری شۆستە چۆڵ کەین
ئەم ئاسفاڵتە تا دارستان
نۆگە برکی دەکا
لە ئەوپەڕی شەقامەکانی نەفرەت
مەلەکانی حەز چاوەڕوانین
دەلاقەی ئەم شووشە بەرەو ڕەشماڵی خەیاڵت
هەزاران جار
ئاوێنە دووپات دەکاتەوە و
دانابەزێت
چاوەکان و لە ڕووباردا بنووسە
ئەم جادە بێ تۆ و ئەوانی تر
کە بە تەوری خەم باڵیان ڕزاوە
خۆرەتاو ناناسێت
لە کام باخ، گوڵ باخ
نیگات پڕکرد؟
کە بۆنی ڕوانینی تەماشات
لە مانگدا دەتکێ
بالآبەری باڵندەکانیش
بە بەرزایی ئاسمانی بالآی
ئەم هەواڵە ناگەن
ئەم چەترە
کە لەسەر ئەوین هەڵدراوە
تەرزەی لا ڕێ
دیکتاتۆرەکان نای پێکێ
چەماچەم
سەرمای هەوریش ژمارەمان ناکا
کاتێک باتون لەگەڵ عەشقا
دەس بەیەخە دەبێ
سەمای دەستەکانی با
بێ وزەی هاوار
داناچەڵەکێ
هەراسی تەنیایی گوڵ و باخ
زۆر دژوارە گوڵباخ
کەلەبچەی قاخەکراوی شوێنی خۆشەویستی
لە کۆمپیووتەری دڵماندا
فۆرمات و قاتوقڕ ناکرێ
بڕیار وایە،
شووشەی شەرابی وشەکانت
لە هەوارگەی ئەم شارە
کە بەرەو باسی ڕووداو دەچن، تێک ناچێ
گیتاری دەستەکانی بەرف و هەناسەی باران
بێ هەراس، یەڵدا مانا دەکا
دێرە، دێرە
بانگەوازی خەونی شەوی زستان
بێلا لە ڕێبەندانی کاتژمێرەکانماندا
گزنگ و بەیانی زووتر خەو بەجێ بێڵن!


سەرچاوە:
ساختار و تأویل متن: بابک احمدی
وب سایت شعرای نامبردە
سایت: دانوش
سیروان شمارەی ٦٦٢ سال سیزدهم
ویژەی همشهری الف: مرداد و شهریور ٩٠.

# مزگێنی
# تەنز و کەسایەتی پەردازیی هونەری

**هادی حەبیبی**
**(بۆکان)**

پێکهاتەی هونەریی چیرۆک، لە گەلێک تەوەرە و بابەتی جۆراوجۆر پێکدێ، کە زۆرجار ڕوانگەی نووسەر وەک تەوەرەی سەرەکی، دەبێتە هۆی سەقامگیربوونی سەرجەمی بابەتەکانی دیکە لە مەودای ڕووداوەکانی چیرۆکدا. لە ڕاستیدا هەموو بەرهەمە جیاوازە جیهانییەکانیش، لەسەر ڕوانگەیەکی فەلسەفی و دەکرێ بڵێین، چەشنێک خوێندنەوەی تایبەت لە جیهانی دەوروبەر، ساغ بوونەتەوە. لە جەغزێکی بەرفراوانتر لە پێکهاتەی هونەریی چیرۆک، "ڕۆلان بارت" قوتابخانەی ڕەخنەی هێرمینۆتیکی خۆی، لە پێوەندییەکی نەپچڕاو لەگەڵ شێوازە فەلسەفییەکاندا دەزانێ و پێی وایە ڕەخنە – بەگشتی– لەگەڵ مانا و ناوەرۆک سەروکاری هەیە(١)، دەیجا سروشتییە ناوەرۆکیش، زانست پێکی دێنێ و هەر جۆرە زانستێکیش، بیرکردنەوەیە و بیرکردنەوەش، هەڵقوولاو لە چەشنێک شێوازی فەلسەفییە. ڕەخنەی مۆدێرن بە ڕاشکاوی لە سروشتی فەلسەفیی بەرهەمی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە و نیونیگایەکیشی بەرەو فەرمی بوونی سیمبۆل، یان نەماد، لە بەرهەمی ئەدەبیدایە. ئەدەبی چیرۆکنووسی بە گشتی و ئەدەبی چیرۆکنووسیی کوردی بە تایبەتی، لەم چەمکە جودا نییە و وێڕای بزاڤێکی هونەری–فەلسەفی کە لە ناوەرۆکی خۆیدا هەیەتی" بە تەواویش خاوەنی گرنگایەتییەکی کۆمەڵناسانەیە، لەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا خولقاوە. چیرۆک لە مانایەکی گشتیدا، وەک سەرجەمی بەرهەمە خەیاڵکردەکانی دیکەی ئەدەبی، ئەرکێکی بەرچاوی لە پێداویستییەکانی کۆمەڵگاکەی وەئەستۆ گرتووە و لە ماوەی مێژووی خۆیدا، بەردەوام ڕەنگی بە ڕووداوەکانی کومەڵگای خۆی داوە. چیرۆک بەشێکی گرنگی لە ئەفسانە و حیکایەت و ئستوورە لە خۆیدا پاراستووە(٢)، کە ڕیشەی لە ڕابردووی نەتەوەکەیدا هەیە و بەشێکی دیکەشی تایبەت بە سەردەمی نووسەرەکەیەتی، بێجگە لەوە، زۆرجار چیرۆک لە کەشوهەوای چەقبەستووی "کات" و "زەمان" دێتە دەرێ و بەرەو جیهانی نادیاری پێشگوێیی کردن دەڕوا. بۆ نموونە زۆربەی چیرۆکەکانی وڵاتی ئەمریکا، زۆرجار بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بابەتگەلێکیان هێناوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، کە دواتر لە داهاتووی وڵاتدا بە ئاشکرا ڕووی داوە و سەلمێنراوە.

چیرۆکنووسیی کوردی، قۆناغی (ڕیالیزم)ی بە باشی تێپەڕاندووە و نموونەی زۆر سەرکەوتووی لەو قوتابخانە،



**محەمەدی ڕەمەزانی**

بە دەستــــەوە داوە، هەروەها بەرەبەرە لە ڕەوتی نەریتی کۆمـەڵگای کـوردی دابڕاوە و بەرەو جیـهـانی مـۆدێرن و تەکنۆلۆژیای مـرۆڤی هاوچەرخ، هەنگاوی هەڵێناوەتەوە. (مزگێنی) کۆمەڵە چیرۆکی بەڕێز محەمەد ڕەمەزانی، لەو بەرهەمــانەیە کـە تا ڕادەیەکی زۆر، خـۆی لە شـێــوازی چیـرۆکنووسـیی بەر لە خـۆی و سـەردەمی خـۆی، دەرباز کــردووە و بە چاوێکی وردبینی هونەرییــەوە، هاتووەتە ئاراوە. مـزگێنی، فـەلسـەفـەیەکی شـاراوەی گـەلێک جار تاڵ و گەلێک جار شیرینی لە خۆ گرتووە، کە ئاوێنەیەکی بالانوێنی زامـەکـانی ڕابردوو و هەنووکـەی کـۆمـەڵگای کوردین، بێجگە لەوە هەندێک لە چیرۆکەکانی مزگێنی، سـیـمـبـۆلیـکن کـە ئەوانیش بە دەربڕین و جـیـهـانبـیـنی تایبەتی نووسـەرەوە خولْقاون. شوێن، سات، ناوەرۆک، گـەلالەی چیـرۆک، گـۆشـەنیگا، سـیـمـبـۆل و تەنز لە چیرۆکەکانی مزگێنیدا، بەر لە هەموو شتێک بە تەواوی مۆری کوردەواری و خۆماڵی بوونی پێوە دیارە. خۆماڵی بوون، ئەسلێکی یەکجار گرنگە کە لە دەقی چیرۆکەکانی (مـزگـێنی)دا وەبەر چاو دێ و کـاتی خـۆی، "ویلیــەم فــۆکنەر" ســەلماندی کــە ڕەهەندی جـیـــهـانی بوونی بەرهەمێک، لە ڕەهەندی خۆماڵی بوونی ئەو بەرهەمەوە تێـــدەپەڕێ. بە وتەیەکی دیکە هەرچەندە هونەرمـــەند بتوانێ ڕاستەقینە خۆماڵییەکانی کۆمەڵگا، بە چەشنێکی هونەرمەندانە دابڕێژێ" بەو پێیەش بەرهەمەکەی جیهانیتر دەبێ، دواتر ئەو ئەسڵە لە لایەن گەورەنووسەری عەرەب، (نەجیب مـەحفـووز)ـەوە ڕەچاو کـرا. ناوەرۆک و بابەتی زۆربەی چیـرۆکـەکـانی نەجیب مـەحفـووز، بە تەواوی خۆمـاڵییە و هەر ئەو ئەسڵەش، یارمـەتی بەرهەمـەکـانی مـەحـفـووزی داوە" هەتا وەک دەنگێکی جیـهـانی بێـتـە ئاراوە و بناسرێ(٣). لە خـوێندنەوەی کـۆمـەڵە چیـرۆکی (مـزگـێنی)دا، بە سـەر کەسایەتی وەک «خـاڵۆ مـراو»دا دەکــەوین، کــە بە دەســتکردی خـۆمــاڵیــیــانەی خـۆی، دەمانباتەوە سەیرانگای هونەری ناوچەی هەورامان، کە بەشێکی بنەڕەتی لە دابونەریتی کۆمەڵگای کوردەواری و فـەرهەنگی کـوردسـتــانە، یان ئاوەڵناوی «پیــاوەتی»، «مــیــــوانداری»، «دڵاوایی» و...تاد، کــە تایبــەت بە (کـاڕەحـمـان) کـارەکـتـەری کـورتە چیـرۆکی «پادشـای شـوتییـەکان»ـە، کە هەر هەمـوویان دیسـان لە ئاکـاری بەرچاوی خەڵکی کوردستانن و لە فەرهەنگێکی ساکار و خۆماڵییانەی کۆمەڵگای کوردییەوە، سەرچاوە دەگرن.

نووســەر (کـــاڕەحــمـــان) بەم چەشنە پێناســە دەکـــا: «...میـرزا ڕەحمـان زۆرجار کە دەیبیست ژنە فـەقیـرێ، بێزوو بە فلان خـواردەمەنی دەکا، بێتـو پەیدا کردنەکەی ئاستەمیش بوایە، بۆی وەگیر دەخست، بە خێزانیدا بۆی دەنارد. کەم نەبوو ئەو جارانەی کە لەبەر بێزووی ژنان بە گۆشت، گیسک و بەرخی دەکوشتنەوە. لە شین و شایی فــــەقـــــیـــــراندا بوو، بەهەمــــوو چەشنێ یاریدەی دەدان(٤)...تاد.»

یان:

«کـاتێ بێـسـتـان پێگەیی، بە کوڕەکـانی گـوت: ڕۆڵە! نەکەن هاتوچۆی خەڵکی لێ قەدەغە کەن. ئەوەی هات، با بەقەت ئیـشـتـیـای خـۆی لێ کاتەوە و بیـخـوا، گەردنی ئازا بێ، خێری دایک و بابم(٥)».

ئەم ڕسـتــانە بە ئاشکرا لە بواری شـێـوازی دەربڕیندا، پیـشـاندەری ئەدەبێکی ڕەسـەن و خۆمـاڵین.وەک پێـشـتـر ئامــاژەم پێکرد، بڕێک لە چیـرۆکـەکــانی مــزگــێنی بە شـێـوەیەکی سـیـمـبـۆلیک نووسـراون و زێدەتر شیـاوی سەرنجن. بەرهەمی سیمبۆلیک، بەرهەمێکی شێوەشیعر و نەمادخوازە، کە مەبەستی خۆی بە شێوازێکی شاعیرانە و سیریالیزمانە دەردەبڕێ، هەروەها لەو جۆرە بەرهەمەدا،

بێجگە لەوەی شێوازی باوی زمان و دەربڕین دەگۆڕدرێ" لەگەڵ ئەوەشدا بابەتێکی یەکە، بە لایەنی جۆراوجۆر و بەرواڵەت جیاواز، بۆ بەردەنگ ڕەنگ دەداتەوە:

١- چیـرۆکی سـیـمـبـۆلیـک: سـیـمـبـۆلیـزم (symbolism)یان نەمادخوازی، وەک بە ناوەکەیدا دیارە، بە مانای کەڵک وەرگرتن لە نەماد و دەقێکی نەمادخوازانەیە. سیمبۆلیزم بێ گومان، ناوەرۆکی دەق لە تێگەیشتنی باو دێنێتە دەرێ و ماناکەی بەربڵاوتر دەکاتەوە. بە وتەیەکی دیکە سیمبۆلی ئەدەبی، بێجگە لە مانای ڕواڵەتی خۆی، خاوەنی مانایەکی شاراوەتر لە چیـرۆک، یان هەر دەقـێکی ئەدەبیـدایە. قـوتابخـانەی ئەدەبی سیمبۆلیزم، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەی زایینی و لە بەرهەمی شیعری "بۆدلێر"، شاعیری فەڕەنسیدا خۆیا بوو و دواتر شاعیرانێکی وەک ڕامبۆ، ورلن، مالارمێ و... تاد، هەرکام بە بەرهەمی خۆیان، ئەم قوتابخانە ئەدەبییەیان دەوڵەمەندتر کرد. لە یەک ڕستەدا دەتوانم بڵێم شاعیرانی سیمبۆلیست، وێنەی شیعریان، بە گرنگترین ڕەگەزی شیعر دەزانی، دواتر (تی.ئێس.ئیلیەت) شاعیری ئینگلیزی، ئەم جۆرە بەکارهێنانە وێنەییەی بە (اشتراک عینی)، ناودێر کرد. هەڵبەت نەک هەر بەتەنیا قوتابخانەی ئەدەبی سیمبۆلیزم، بەڵکو هیچ قوتابخانەیەکی ئەدەبی دیکە، تەنیا و تەنیا بە ژانرێکی ئەدەبی تایبەتەوە نابەسترێتەوە، بەو پێیە سیمبۆلیزم لە سەرجەمی ژانرەکانی دیکەی وەک چیرۆک و ڕۆمان، تەنانەت هونەری شێوەکاریشدا، خۆیا دەبێ. سیمبۆلیزم لە چیرۆکدا، زۆرجار ئامانجی چیرۆک بەهێزتر دەکا و مەبەستی نووسەر باشتر دەپێکێ. لە هەندێک چیرۆکیشدا سیمبۆلیزم، ڕۆڵێکی تەوەرەیی و سەرەکی دەگێڕێ و چوارچێوەی چیرۆک - بەگشتی - لەسەر خۆی ساغ دەکاتەوە. چیرۆکنووسانی ڕۆژئاوایی، زۆرترین کەسایەتی نەمادینی خۆیان لە سێ سەرچاوەی ئوستوورە (ئەفسانە و حیکایەت)، ڕۆمانتیزم (هەست و نەستی دەروونی) و مەسیحییەت (بڕوای گشتی کۆمەڵگا) وەرگرتووە. بۆ نموونە زۆجار فۆکنەر، هۆگۆ، سارامـاگـۆ و... تاد، لە ڕۆمانەکانیاندا مەسیحێکی نەجاتدەرن، کە وێڕای هەست و نەستی دەروونییان، مرۆڤی سروشت پاکی خۆیان، بەرەو برایەتی و مرۆڤایەتی هان دەدەن، یان کەسایەتی ڕۆمانی (یولیس)ی جێمس جۆیس، بە تەواوی لایەنی ئوستوورەییان تێدا بەرچاوە. پێکهاتەی سیمبۆلیزم لە بەرهەمی (سادق هیدایەت) نووسەری ناوداری فارسیشدا، لە «سێ دڵۆپ خوێن»ەوە(٦) دەست پێدەکا و لە «کوندە کوێرە(٧)»دا، بەوپەڕی خۆی دەگا. کۆمەڵە چیرۆکی (هەشتەمین ڕۆژی هەفتە)، (قالۆنچەکان)، (مزگێنی) و...تاد. لەو چیرۆکانەن کە کەشوهەوایەکی هاڵۆز و چەواشەی سوریال و نەمادینیان بەسەردا زاڵە:

١-١- ناوی سیمبۆلیک: نووسەر زۆرجار بۆ داڕشتنی بابەتی چیرۆک، پێویستی بە پێناسەکردنی بڕێک لە کەسایەتییەکانی خۆی هەیە، کە بۆ ئەو مەبەستە ناویان بۆ دیاری دەکا. دەکرێ ئەو ناوەی کە نووسەر بۆ کەسایەتی چیرۆکی دیاری دەکا، بە تەواوی ئاسایی، یان بە پێچەوانە نائاسایی و سیمبۆلیک بێ. بە وتەیەکی دیکە، ڕێی تێدەچێ نووسەر بە بەکارهێنانی ناوێکی بە ئەنقەست، بخوازێ مەبەستی تایبەتی خۆی بە بەردەنگ ڕابگەیەنێ. ناوی (بارام)، (پیرۆز)، (مەشەدی سمایل) و...تاد لە چیرۆکی (مزگێنی)دا، خاوەنی ئەم تایبەتمەندییەن، کە نووسەر وێڕای دووپات کردنەوەی دۆخێکی کە بارامی تێدایە" دەیەوێ مەبەستی شاراوەی خۆی، کە گومان لە جۆری ئەفراندنی سروشتە، بە خوێنەر ڕابگەیەنێ. لەم چیرۆکەدا ڕوانگەیەکی بە تەواوی گاڵتەجاڕانە، زاڵە بەرانبەر بە خوڵقاندنی سروشت و "بارامی هەزار پیشە"ش، وەک سەرجەمی کەسایەتییەکانی دیکە، مۆرەیەکی گەپچاڕی سروشتە، کە لە لایەن نووسەرەوە، بەردەوام گاڵتەی پێ دەکرێ، یان لە چیرۆکی (هەشتەمین ڕۆژی هەفتە)دا، ڕەنگی سپی و گەزیزەیی و زەردی لیمۆیی، لە دەستەواژەی (کراسی سپی، گوڵە گەزیزە، دەسماڵی زەردی لیمۆیی)، هەروەها ڕەنگی سوور و زەرد لە (دوو گوڵی یەک سوور و یەک زەرد) لە کۆتایی چیرۆکدا، بە تەواوی سیمبۆلیکن. سەرنج بدەنە بەشێکی سریالی لەم چیرۆکەدا: «باپیرم دەست دەداتە لقەدارێکی وشک، وەک ئەسپ سواری دەبێ و بە حەوشەکەدا هەڵدێ" نەنکم بە شوێنیا هەڵدێ و دەوەڕێ.(٨)».

لەم ڕستەیدا، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سریالیزم، کە بەکارهێنانی وێنەیەکی سەیروسەمەرە و نائاساییە، بە تەواوی خۆیایە، هەروەها بەردەنگ لەم ڕستەیەدا، لەگەڵ جۆرێک دژوازی وێنە ڕووبەڕوو



**بەلزاک**

دەبێتەوە، (نەنک) مرۆڤە و کردەکەی، کردەی ئاژەڵە. یان لە چیرۆکی (نووسەر و قارەمانی چیرۆک)دا، کە خەیاڵ تێیدا زۆر بەهێزە، نووسەر دیسان دەکرێ نەمادێک لە خودی نووسەر بێ.

١-٢- کردەی سیمبۆلیکانە: بێجگە لە ناوی سیمبۆلیک، جاری وایە کردە، یان ئاکارێک لە لایەن کەسایەتی چیرۆکەوە ڕوو دەدا، کە پێش گریمانەی (سیمبۆلیزم) دێنێتە هزری بەردەنگەوە. یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ئەم باسە، دووپات بوونەوەی بەردەوامی دۆخێکە، کە نووسەر بەو بۆنەیەوە دەیەوێ سیمبۆلیست بوونی چیرۆکەکەی بسەلمێنێ. بۆ نموونە ڕستەی: «نازانم، بۆخۆشم لێم حاڵی نییە کە ئایا دێمەوە ئەم شوێنە، یان نا»، سێ جار لە چیرۆکی (هەشتەمین ڕۆژی هەفتە)دا دووپات بووەتەوە. ئەم ڕستەیە سیمبۆلی زەمەنێکی نادیار و چەواشەیە، وەک چۆن نووسەر هەر لەم چیرۆکەدا، مەبەستی خۆی بەم ڕستەیە ئاشکراتر دەسەلمێنێ: «دەنگی کەڵەشێری بەیانیان دێ، تەماشای سەعاتە دیوارییەکە دەکەم، هیچ کام لە میلەکانی پێوە نەماوە(٩)»، یان ڕستەی: «ڕەخنەگر چ خاس بێژێ چ خراو، جێگای دۆزەخە، من وام ئیشتیا لێیە» بەردەوام لە چیرۆکی (مزگێنی)دا، دووپات دەبێتەوە کە سیمبۆلی زۆرداریی دەسەڵاتدارێکە، کە لە سەرانسەری چیرۆکی (مزگێنی)دا، شانازی بە دەسەڵاتی ڕەها و بێ سنووری خۆیەوە دەکا.

٢- تەنز: بەر لە هەموو شتێک، دەتوانم بڵێم تەنز (satire) هونەرێکە کە ڕاستەوخۆ لە ڕوانگەی تەنزنووس، یان تەنزوێژەوە، سەرچاوە دەگرێت و کاریگەری خۆی بە چەشنێکی بەربڵاو، لە دەقی ئەدەبیدا مسۆگەر دەکا. مەبەست لە تەنز، بە هیچ کلۆجێ پێکەنینێکی ڕواڵەتی و خێرا نییە، بەڵکو لە ڕاستیدا تەنز، جۆرێک بۆچوونی تەنزنووسە بەرانبەر بە ژیان و ڕووداوەکانی دەوروبەری، کە بە چەشنێکی گاڵتەجاڕانە دێتە بەرهەم. کەوابوو لە هونەری تەنزدا، پێکەنین کەرەسەیەکە بۆ پێشاندانی دزێوی و ناحەزییەکانی کۆمەڵگا، کە شێوازی دەربڕینەکەی، بۆ نووسەر هونەریترە و کاریگەریشی لە زەینی بەردەنگدا ماندگارترە. لە هونەری تەنزدا، هەوێنێکی بەرچاو کە زەق دەبێتەوە" سروشتێکی ڕەخنەگرانەیە کە تەنز لە خۆیدا دەیپارێزێ و بۆ خوێنەری ئاشکرا دەکا.

٢-١- تەنزی ڕاستەوخۆ: مەبەست لە تەنزی ڕاستەوخۆ، ئەوەیە کە تەنز بە چەشنێکی بێ گرێوگۆڵ و لە ڕاستیدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەنووسرێتەوە و لەو جۆرە تەنزەدا، زۆرجار وەگێڕی ڕووداوی نێو چیرۆک، یەکەم کەسی تاکە. یەکەم کەسی تاکیش ڕەنگە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، لەگەڵ بەردەنگدا بدوێ و ئەم جۆرە تەنزە لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا، بە تەنزی (هۆراس)ی ناودێر کراوە. لە چیرۆکی (مزگێنی)دا، وەگێڕی چیرۆک هەمان یەکەم کەسی تاکە، کە بە حاڵەتێکی لەخۆباییانە، لە زمان یەکەم کەسی کۆوە، مەبەستگەلی خۆی ئاشکرا دەکا. ڕوانگەی نووسەر لەم کورتە چیرۆکەدا، بەرانبەر بە چۆنیەتی ئەفراندنی سروشت، بە تەواوی تەنزاوی و گاڵتەجاڕانەیە. ئەگەر بێتو لە ڕوانگەی گۆشەنیگای نووسەرەوە، ئاوەڵناوێک بۆ ئەم چەشنە تەنزە بدۆزینەوە ئەوە، بێ گومان ئاوەڵناوی (تاڵ) پڕ بە پێستی ئەم جۆرە تەنزەیە. بڕواننە بەشێک لە چیرۆکی مزگێنی، کە مەبەستی ئەم سەردێڕە، بە تەواوی دەسەلمێنێ:

...ئەی قەڵەم هەڵگرا بڵێ: «ئەو کەسەی بەهاران لە گوێی ڕووبارێک دانیشتووە، گوێی لە زەڕەی پڕ هەست و

پڕ سـۆزی گـوڵەکـەر بێ، بێـتـو بە نیـشـانەی ڕێز و حـورمـەتەوە هەڵنەسـتـێـتـە سـەرپێ، لە ئێـمـە نییە...(١٠)».

یان ڕستـەگـەلی: «وەبیـرت دێ ئەی نووسەر! ئێـمـە چەندە تووڕە بووین»، «ئێـمـە قسـەی خـۆمـان بێ پێچ و پەنا دەکـەین»، «لە ئایینی تازەدا، بە گـۆچان و گـۆپاڵ لەکەس نادەین» و...تاد، ئەم تایبەتمەندییەیان بە ئاشکرا پێوە دیارە.

لە چیـرۆکی (عـەینەک و سـەمعـەک)یشـدا، بگێـڕەوە، یەکـــەم کـــەسی تـاکـــە و ڕوانـگـەش ڕوانـگـەیەکی گاڵتەجاڕانەیە، بە تایبەت لە کۆتایی چیرۆکدا:

«هەرچی کـردی، عـەینک کـردی. جـا بۆیە من هەر ناوێرم سەمعەک لێ بدەم، با ئەوەی گوێم بە جارێ پەکی کەوتووە. دەترسم منیش شتـێکی وا ببیـستـم، ببێـتـە مایەی مەرگم. (١١)».

لەم چیـرۆکـەدا تەنز- بە پێـچـەوانەی تەنزی تاڵی چیرۆکی مزگێنی-تەنزێکی شیرینە. نووسەر وێنەی کاک مـارفی برای، پیـشـانی خـوێنەر دەدا کە لە مـاڵی پوورە سـەلمێ، چاویلکەکـەی لێـدەدا و هەر ئەو چاویلکەیە، کـارەساتێک دەخوڵقـێنێ. بە هەڵەگرتنی نەرگس لەگەڵ مریەم، لەلایەن مارفەوە و دیالۆگی نێوان نەرگس و مارف لەم چیـرۆکـەدا، یەکـجـار شـیـرینە و چیـرۆکنووس بە شێـوەیەکی تەنزاوی، خەسارناسی ڕەوانی کـاکە مـارف دەکـا، کـە سـۆز و ئەشـقی سـەردەمی لاوی، هەسـتی بزواندووە" هەسـتـێک کـە لە کـۆتاییـدا بە بۆنەی سەرهەڵدانی ناوادەی، (کاکە مارف) کەسایەتی چیرۆکی (عەینەک و سەمعەک)، بە کوشت دەدا.

٢-٢- تەنزی ناڕاسـتـەوخـۆ: لەم جـۆرە تەنزەدا، نووسـەری تەنزنووس، کـەسـێـتی دڵخـوازی خـۆی لە چیرۆکدا زەق دەکاتەوە و گاڵتە بە کردەوە و ئاکار، یان بڕوا و بۆچوونی دەکـا. نووسەر بە پێی ئەزمـوونی خۆی، لـەم چەشنە تـەنزەدا، هەنـدێک لایـەنی فـــیـکری و کۆمەڵایەتی دەباتە ژێر پرسیـار و لێکۆڵینەوە. کـەوابوو سـەبارەت بەوەی کـە نووسـەر، ڕووداو، یان ئاکـاری کەسێک دێنێتە ژێر تیشکی ڕەخنەوە" زۆرتر لە شێوازی سـێـیـەم کـەسی تاک، کـەڵک وەردەگـرێ. چیـرۆکی (مـامـەحـمـەد چۆنی)، چیـرۆکـێکە کە بە دیالۆگ دەست پێدەکـا و سەردێڕەکەی، پرسیـارێکە کـە لە کـەسایەتی سـەرەکی چیـرۆک دەکـرێ. نووسـەر لەم چیـرۆکـەدا بە شێـوەیەکی ڕاسـتـەوخـۆ، ڕوانگەی گـاڵتـەجاڕانەی خـۆی لەسەر "توونیەتی"مام ئەحمەد زەق دەکاتەوە:

مـامـەحـمـەد لە دڵی خـۆیدا دەڵێ: «توونیـمـە، زۆرم توونیـیـە»، پاشـان دەنگ هەڵدێنێ و بە پێکەنینەوە دەڵێ: «نازانم بۆ هەرکە گیـرفانم بەتاڵ دەبێ، ئیشتـیـام دەچێتە هەموو قوزەڵقورتێکی... (١٢)».

مـامـەحمـەد مـوسـڵـمـانێکی بەڕۆژووە، کـە تینوویەتی تەنگی پێ هەڵچنیوە و خەیاڵی ئاوی هەنار و ماسـتاو و دۆ و شەربەتی مێوژە ڕەشە، بەردەوام بە مێشکیدا دێ و سەرەنجام تینوویەتی و تامەزرۆیی لە ڕادەبەدەر، کە ئاوی هەناری لەبەر چاو کردووەتە شتێکی ئەفسانەیی" ناچاری دەکـا دوو هەناری گـەورە بدزێ و بۆ بەربانگ، ئاوەکـەی بخواتەوە:

«...مـامـەحـمـەد دەگـەڕێتـەوە، بە تاڵووکـە خـۆی دەگـەیەنێـتە بەر دووکـانەکە، دەست دەداتە دوو هەناری زۆر گەورە و دەڕوا. بە دەم ڕێگاوە، یەکیـان لە گیـرفانی پاتۆڵەکـــەی دەنێ و ئەوی دیکەشی دەنێـــتـــە بەر پشتێنەکەی... (١٣)».

چیـرۆکنووس وەک ئامـاژەم پێکرد، لە سـەرانسـەر ڕووداوی ئەم چیرۆکەدا، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ گاڵتە بە بڕوای ئایینی مـامـەحـمـەد دەکـا کـە سـەبارەت بە تامەزرۆیی خۆی، بە چەشنی جۆراوجۆر ویژدانی خۆی بە قـەناعـەت دەگـەیەنێ، هەتا دزی بکا. کـۆتایی چیـرۆک دیسـان، سێبەری تەنزێکی شیـرینی بەسەردا زاڵە، کە دیتنی شێخ لە خەودا و ئەمر بە سەربڕینی کەڵەباب بە دەست مـامـەحـمـەد و خۆبابوونی بزنێک و ڕزگار بوونی کەڵەباب لە سەربڕین، هەر هەمووی چیرۆکی ئیبراهیمی پێغەمبەر و قوربانی کردنی ئیسماعیلی کوڕی بە ئەمری خـودا، وەبیـر خـوێنەری چیـرۆک دێنێـتـەوە و دەکـرێ بگوترێ، ناڕاستەوخۆ جوانکاری تەلمیح (Allusion) لە کۆتایی چیرۆکدا خۆیایە.

٣- کـەسـایەتی پەردازیی هونەریی: خـوڵقـاندنی کەسایەتی، یان بە وتەیەکی دیکە، کەسایەتی پەردازیی لە چیـرۆکـدا، ڕەگـەزێکی یەکـجـار گـرنگە و هەرچەندە ڕوانگەی نووسەر لە چیرۆکدا، قووڵتر و فرەڕەهەندتر بێ" بەو پێـیـەش کـەسـایەتی نێـو چیـرۆک، ناسـراوتر و هەڵبـژاردەترە. لە جیـهـانی خولقێنراوی نێـو چیـرۆکـدا، بەردەنگ ڕووبەڕووی مـرۆڤی جـۆراوجـۆر دەبێـتـەوە، کـە هەرکـامـەی خـاوەنی ڕەوانێکی جیـاواز و تایبـەت بە

خۆیانن. بە هۆی چیرۆکەوە، هەروەها بەردەنگ دەتوانێ کۆمەڵگای خۆی و کۆمەڵگای غەیری خۆی بە باشی بناسێ و دادوەری لەسەر بکا، جیاوازییەکان هەڵسەنگێنێ و ڕیشەی دواکەوتوویی، یان پێشکەوتوویی مرۆڤەکان لێک بداتەوە. کەسایەتی پەردازی لە چیرۆکدا، یارمەتی خوێنەر دەدا هەتا خوێنەر مرۆڤی جۆراوجۆر ببینێ و لەگەڵیاندا بژی و بە ئازاریانەوە بگری و بە پێکەنینیانەوە شاد بێ. چیرۆک نموونەیەکی بەرچاو و بەدی کراو لە ڕاستەقینە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی نووسەرە و پێوەندی نەپچڕاوەی لەگەڵ بایەخە سەردەمییەکانی کۆمەڵگەدا هەیە. میشیل زراڤا لە کتێبی (کۆمەڵناسی ئەدەبیاتی داستانیدا) دەڵێ: «ڕۆماننووسە حەقیقەت خوازەکان، هەر هەمان کۆمەڵناسەکانن (١٤)»، یان لە شوێنێکی تردا دەڵێ: «ئاسەواری بەلزاک، جۆیس و هینری جێمس، هەرکام بڵاوکەرەوەی تیورییەکی تایبەت بۆ جیهانی ئەدەبی داستانین و دەسەلمێنن کە نووسەر بوون، دەبێ بەرهەمی ڕوانین و ئەزموونی لۆژیکی ڕاستەقینەیەکی ڕوون و ئاشکرا بێ (١٥)»، کە ئەوەش بە توێژینەوە لە ناخی کۆمەڵگادا وەدەست دێ و هەمدیسان پێوەندی نەپچڕاوەی نێوان ئەدەبی داستانی و کۆمەڵگا، هەرچی زیاتر و زیاتر دەسەلمێنرێ. کەسایەتی پەردازی، زۆرتر بە بۆنەی خولقاندنی گومانێکی شێوە ڕاستەقینە لە دەقی ئەدەبیدا پێکدێ (١٦)" بە تایبەت لەو شوێنەی کە بۆشاییەک لە چیرۆکدا هەست پێ دەکرێ. کەسایەتی پەردازی لە کۆمەڵە چیرۆکی (مزگێنی)دا، کە مەبەستی ئەم بەشە لەم وتارەیە، بە چەشنێکی هونەری دارێژراوە و دەکرێ کەسایەتییەکانی ئەم کۆمەڵە چیرۆکە-بەگشتی-لە دوو بەشی سەرنجڕاکێش و بزۆزدا، بخوێنرێنەوە:

٣-١- کەسایەتی سەرنجڕاکێش: پێناسەی ئەم بەشە، ڕاست بە پێچەوانەی کەسایەتی ساکارە و نووسەر هەوڵ دەدا لەم جۆرە کەسایەتییەدا، ئاکار، کردەوە، بیر، یان هیچ نەبێ تاسەیەکی دەروونیی کارەکتەرەکەی، زەق بکاتەوە کە شیاوی سەرنج بێ. لە چیرۆکی (پادشای شووتییەکان)دا، میرزا ڕەحمان کەسایەتییەکی سەیروسەمەرەیە و ئاکارێکی تایبەتی کە هەیەتی، ئەوەیە کە دەبێ هەموو شتە ئەنتیکەکان بۆ ئەو بن، هەر بۆیە بۆ ئاگاداری لە پادشای شووتییەکان، دەنێرێتە شار و سیمی دڕاوی و بزماری بۆ دێنن و ئەو، دەوری بێستانەکەی پێ دەگرێ و دەرگاشی بۆ دروست دەکا و قفڵی لێ دەدا. نووسەر بۆخۆی میرزا ڕەحمان بەم جۆرە پێناسە دەکا: «میرزا ڕەحمان تاقەتێکی بوو وەک کەم کەس دەچوو، ئەویش ئەوەی کە نەمابوو بۆ ئەو شتەی زۆر ئەنتیکە بێ و هەر بۆخۆی بیبێ و کەسی دی نەیبێ! بۆ وێنە سەعاتێکی باخەڵی بوو، پشتەکەی زێڕ بوو. هەمیشە چەند دەست کەواو پانتۆڵی لە پەشمی ئینگلیزی هەبوون، ڕادوێ گرامافۆنێکی بوو، بەقەد یەخدانێک گەورە و کە هەڵیدەکرد...(١٧)»، بێجگە لەوە، کەسایەتی چیرۆکی (هەشتەمین ڕۆژی هەفتە)ش هەر لەم بەشەدا جێ دەگرێ، کە بە خەیاڵ دەبێتە کەڵەشێر و دەچێتە باوەشی نەرمینەوە. لەوانەش گرنگتر مامەحمەدە کە نووسەر بە ڕستەی: «بزەیەکی زۆڵانە و پڕ لە سەگێتی، دێتە سەر لێوی. هەست ناکەی لەم بیرەوەرییەدا، نمەک بە حەرامی و بە کەر زانینی خاوەنماڵی تێدا نەبێ؟(١٨)»، پێمان دەڵێ کە مامەحمەد، کارەکتەرێکی ساکار و گەمژە نییە و زێدەتر شیاوی سەرنجە.

٣-٢- کەسایەتی بزۆز: مەبەست لە کەسایەتی بزۆز (Developing Character) ئەوەیە کە کەسایەتی چیرۆک، یەک دەست و تاک ڕەهەند نییە، بەڵکو بە پێچەوانە لە هەندێک ڕەهەندی کەسێتی خۆیدا، ئاڵوگۆڕی بەرچاوی بە سەردا دێ و ئەو ئاڵوگۆڕەش، لە کەشوهەوای چیرۆکدا بەرچاوە. من پێم وایە ئەم بەشە، پێوەندی حاشاهەڵنەگری لەگەڵ بارودۆخی دەروونیی نووسەردا هەیە. بۆ نموونە زۆربەی کارەکتەرەکانی سادق هیدایەت، بزۆز و نائارامن، کە بەردەوام لە دۆخێک بۆ دۆخێکی دیکە ڕەنگ دەگۆڕن. هیدایەت لە دەست ڕەنجی خەمۆکی و ئازاری ژیان وەزاڵە هاتووە و لە نامیلکەی (مەرگ)دا، کە کاریگەریی زۆری لە (پەیامی کافکا) وەرگرتووە، بەم جۆرە دەدوێ: «...ئەی مەرگ! تۆ وەک دایکێکی میهرەبان وای کە دوای ڕۆژێکی تۆفانی، منداڵەکەی لە باوەش گرتووە و دەیلاوێنێتەوە و دەیخەوێنێ... تۆ تیشکی ڕووناکی، بەڵام بە تارماییت تێدەگەن...(١٩)». ئەم دۆخە ڕوحییە، بووەتە هۆی ئەوەی کە بەرهەمی هیدایەت یەکدەست نەبێ و کارەکتەرەکان، بە شێوازی جۆراوجۆر و فرەڕەهەند خۆیا بن. نموونەی ئاشکرای ئەم چەشنە کەسایەتییە لە (مزگێنی)دا، نووسەر، کەسێتی کورتە چیرۆکی (نووسەر و قارەمانی چیرۆک)ە، کە لە هەشت قۆناغدا، لە

دۆخێک بۆ دۆخێکی دیکە دەگۆڕدرێ و وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد" ڕەگەزی خەیاڵی تێدا، زۆر بەهێزە، بێجگە لەم تەکنیکانە کە بە وردی لە کۆمەڵە چیرۆکی (مزگێنی)دا باسیان لێکرا، چیرۆکی (سێ پلیکان)، لەو چیرۆکانەیە کە تێیدا بە چەشنێکی هونەری، لە تەکنیکی فلاش باک کەڵک وەرگیراوە. تەکنیکی فلاش باک، یان گەڕانەوە بۆ ڕابردوو لە چیرۆکدا، لەو تەکنیکانەیە کە پێش بە گێڕانەوەی هێڵی (روایت خگی) دەگرێ و بەو بۆنەیەوە، ناوەرۆکی چیرۆک بەرفراوانتر دەکاتەوە. لە گێڕانەوەی هێڵیدا، بەردەنگ لەگەڵ سەردەمێکی تایبەت ڕووبەروو دەبێتەوە و بە چەشنێکی ئاسایی، زەمەنی ڕووداوەکان تێدەپەڕێنێ. لە چیرۆکی (سێ پلیکان)دا کە بابەتی چیرۆک لەسەر سێ قۆناغی تەوەرەیی پووڵ و ماشێن و مەرگدا دەخولێتەوە، چیرۆکنووس لە زۆر شوێندا، (کات)ی چیرۆک ڕادەگرێ و بۆ ڕابردووی کەسێتی چیرۆک دەگەڕێتەوە و ڕابردوو لەبەر چاوی (شێرکۆ)دا، دەکاتە ئەلبومێکی پڕ لە وێنەی ڕەنگین. شێرکۆ لەسەر تەختی نەخۆشخانە کەوتووە و دەموچاوی پەرستارێک، دەیباتەوە قۆناغی منداڵی: «شێرکۆ لە دەموچاوی پەرستارێک ورد دەبێتەوە. وەک «زێنەب»ی دێتە بەر چاو. هەموو شتێکی دێتەوە بیر: منداڵێکی قژنی کاڵ و سوورهووڵە. لەسەر کۆشی مامی دانیشتووە...(٢٠)».

یان وێنەیەک، دەیباتەوە قوتابخانەی شاپوور:

«وێنەکە، شێرکۆ دەخاتەوە بیر دەفتەری قوتابخانەی شاپوور: کارنامەی ئاخری ساڵیان نەدەدایە. دەیانگوت بابت بێنە. بابی لە دەفتەر ڕاوەستاوە... (٢١)» و...تاد. کەوابوو تەکنیکی فلاش باک ڕاست وەک جەریانی لێشاوی زەین، بەشێک لە گێڕانەوە (روایت)ی چیرۆکن و بە تەنیا خودی گێڕانەوە نین. نووسەر بەو بۆنەیەوە، زەمانی (ئێستا)ی چیرۆک بە جێ دێڵێ و ڕابردووی کەسایەتییەکان، بۆ خوێنەر شی دەکاتەوە. بەردەنگیش بە هۆی ڕابردووی چیرۆک، کەسێتی نێو چیرۆک باشتر دەناسێ و لە بارودۆخی (ئێستا)ی باشتر تێدەگا، هەروەها بابەتی چیرۆکیش سەرنج ڕاکێشتر دەبێ و هەستی خوێنەری باشتر پێ دەبزوێ. نووسەر بە درێژایی ڕووداوی چیرۆک، لە هەر چەشنە تەکنیکێک کەڵک وەردەگرێ و ئەو تەکنیکانە وەک میتودێکی زانستیی دێنێتە کایەوە" بۆ ئەوەی بە خەیاڵ پەردازیی خۆی، بەرزتر بڕوانێ و لەسەر لووتکەی بیرکردنەوە، باشتر و زاڵتر بە ڕوانین و هەڵسەنگاندنی جیهان و کردەی مرۆڤەکاندا بێتەوە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

**١- بارت، رۆلان، نقد و حقیقت، ترجمەی شیرین دخت دقیقیان، تهران، نشر مرکز، ١٣٧٧، ص٧٣.**

**٢- بەرهەمەکانی کارل یۆنگ، زۆرترین پێوەندی نێوان چیرۆکە ئوستوورەییەکان و ناخودئاگا، پیشانی خوێنەر دەدەن.**

**٣- تەنانەت (نەجیب مەحفووز) لە ماوەی ژیانی خۆیدا، تەنیا بۆ دوو جار وڵاتی قاهیرەی بە جێ هێشتووە، جارێک بۆ یەمەن و جارێکیش بۆ وڵاتی یۆگۆسلاڤیا، ئەویش بۆ ماوەی چەند ڕۆژ.**

**٤- ڕەمەزانی، محەمەد، مزگێنی (کورتە چیرۆک)، چاپەمەنی محەمەدی، سەقز، ١٣٧٧، لاپەڕەی ٣.**

**٥- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٤.**

**٦- سە قطرە خون، نوشتەی صادق هدایت.**

**٧- بوف کور، نوشتەی صادق هدایت.**

**٨- ڕەمەزانی، مزگێنی، لاپەڕەی ٢٢.**

**٩- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٨.**

**١٠- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی٨١-٨٢.**

**١١- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٧٦.**

**١٢- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٢٩.**

**١٣- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٣٥.**

**١٤- زرافا، میشل، جامعە شناسی ادبیات داستانی (رمان و واقعیت اجتماعی)، ترجمەی نسرین پوینی، تهران، نشر سخن، ١٣٨٦، ص٢٦٠.**

**١٥- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١١.**

**١٦- مکاریک، ایرناڕیا، دانش نامەی نظریە های ادبی معاصر، ترجمەی مهران مهاجر و محمد نبوی، تهران، انتشارات اگە، ١٣٨٤، ص١٩٣.**

**١٧- ڕەمەزانی، مزگێنی، لاپەڕەی ٣٢.**

**١٩- قائمیان، حسن، نوشتەهای پراکندەی صادق هدایت، تهران، امیرکبیر، ١٣٤٤، ص٢٩٣.**

**٢٠- ڕەمەزانی، مزگێنی، لاپەڕەی ٣٩.**

**٢١- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٤١.**

# هونەری چواندن (التشبيه) لە شیعری مەحوی دا

هەژار فەقێ سلێمان
(کەلار)

**لەبارەی ئەم هونەرەوە**

یەکێکە لە هونەرە هەرە دیارەکانی ڕوونبێژی (علم البیان) و ڕەوانبێژی (البلاغة) و ئاسانترین جۆری ئەو پێکهێنەرە ڕەوانبێژییانەیە کە وێنە بنیاد دەنێت، شاعیریش زیاتر سەربەست دەبێت و مەودایەکی فراوانتریشی لەبەردەمدا دەکرێتەوە، لەو باوەڕەداین کە سەرەتاییترین هونەرێک بێت کە نەک هەر لە شیعردا، بەڵکو لە زمانی ئاسایی ڕۆژانەی خەڵکیش لەکاتی ئاخاوتنندا بەکار دەهێنرێت، ئەمیش بەهۆی ئەو ئەرکە گەورەیەی کە هەیەتی بۆ ڕوونکردنەوەی شتەکان و لانی کەم دیارخستنی سیفات و لایەنێکی شتێک بە شتێکی تر، گەلێک پێناسە بۆ ئەو هونەرە کراوە، بەڵام زۆربەیان لەیەک مەبەستدا یەک دەگرنەوە، لەو پێناسانەشدا هاتووە کە چواندن کۆنترین وێنەی ڕوونبێژییە و کەرەستەی خەیاڵە و لە هونەرەکانی تری ڕەوانبێژی ئاسانترە بۆ تێگەیشتن.

ئەم هونەرە وەک هونەرەکانی تر بەگەلێ قۆناغدا تێپەڕیوە و پێشکەوتووە و بووەتە هونەرێکی دیاری ڕوونبێژی. یەکێکی تر لەو پێناسانەی کە لە کتێبی (البلاغة الواضحة)دا هاتووە ئەوەیە کە چواندن ڕوونکردنەوەی شتێکە بە شتێکی تر لە سیفەتێک، یان چەند سیفەتێکدا هاوبەش بن، هەروەها جورجانی دەڵێت: لێچواندنی شتێکە بە شتێکی تر، بەمەبەستی بە دەستهێنانی سیفەتی پێچوێنراو لە چوێنراودا، بەمەرجێک سیفەتی پێچوێنراو سیفەتێکی دیار و دەرکەوتوو بێت، ئەگینا سیفەتەکەیان بەکارنەدەهێنا.

هەر لەبارەی چواندن و دروستبوونی چواندنەوە وتراوە کە شت بە خۆی ناچوێنرێت و شتێکیش ناچوێنرێت کە لەهیچ سیفەتێکەوە لەیەک نەچن، چونکە ئەگەر ئەو دوو شتە لە هەموو لایەکەوە لەیەک بچن ئەوە دەبن بەیەک، لە ناسینێکی تردا هاتووە کە چواندن پێوەندییەکی بەراوردییە لە نێوان دوو لایەن بەهۆی یەکبوون و هاوبەشییان لە خاسیەتێک، یان حاڵەتێک، یان چەند خاسیەت و حاڵەتێکدا، ئەو پێوەندییە دەکرێت بدرێتە پاڵ هاوبەشییەکی هەستی و دەکرێت بدرێتە پاڵ هاوبەشییەک لە حوکم و پێویستییەکی ژیری، کە هەردوو لایەنە بەراوردکراوەکە بەیەکەوە دەبەستێت، بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات دوو لایەنەکە لە جەستەدا و لە هەموو خاسیەتێکدا لە یەک بچن، عەزیز گەردیش بەم شێوەیە چواندن دەناسێنێت: ئەگەر بتەوێ سیفەتێک بەلای کەسێکەوە، یان شتێکەوە ساخ بکەیتەوە لەگەڵ پیشاندانی هووشەکاری و ئاشکراکردنی ئەو سیفەتە



مەحوی

دەچیت بەشوێن شتێکی ترەوە دەگەڕێیت کە ئەو سیفەتەی زۆر بە ئاشکرا تێدا بدرەوشێتەوە، جا وێچوونێک لە نێوان هەردوو شتەکەدا دەبەستیت بۆ ڕوونکردنەوە و دەرخستنی سیفەتەکە، کەوا بوو لێچواندن بەستن و پەیداکردنی وێچوونێکە لە نێوان دوو شتدا بەهۆی هاوبەش بوونیان لەیەک سیفاتدا، یان زیاتر بۆ مەبەستێک، یان چەند مەبەستێکی دیاریکراو.

نووسەران و لێکۆڵەرەوان و ڕخنەگرانی زانستی ڕەوانبێژی هەموویان لەسەر ئەوە هاودەنگن کە چواندن چوار بنەڕەتی هەیە ئەوانیش:

**یەکەم:** چوێنراو (المشبە): ئەو لایەنەیە کە مەبەستە لە لێچواندندا، دەمانەوێ بە لایەنێکی تری بچوێنین.

**دووەم:** پێچوێنراو (المشبە بە)، ئەو لایەنەیە کە دەمانەوێت چوێنراوی پێ بچوێنین.

لە چواندندا بە (چوێنراو و پێچوێنراو) دەوترێت دوو لایەنە سەرەکییەکەی چواندن، کە چواندنی لەسەر بەندە و ئەم دوو بنەڕەتەش هۆکاری جیاکرنەوەی چواندن و خواستنن، لە چواندندا نابێت هیچ کام لەو دووانە لابدرێت.

**سێیەم:** ئەوزاری چواندن، یان ئامرازی لێچواندن (اداة التشبیة): ئەو ئامرازەیە کە چوێنراو و پێچوێنراو پێکەوە دەبەستێت، دەکرێت بەکاربهێنرێت، یان لاببرێت.

**چوارەم:** ڕووی لێکچوون (وجە الشبە): سیفەتی کۆکەرەوەی نێوان چوێنراو و پێچوێنراوە، هەروەها کۆکەرەوەشی پێ دەوترێت.

بۆ نموونە مەحوی لەم دێڕە شیعرانەی لای خوارەوە هەرچوار بنەڕەتەکەی بەکار هێناوە دەڵێت:

**دڵم وەک شێری بێشەی شوعلە گرتوو**

**لەسینەی پڕ لە سۆزم دەربەدەرکەوت** ل٨٨

هەرچەندە زۆرێک لە ڕاوبۆچوونەکان پێیان وایە کە ئەگەر لە لێکچواندندا هەر چوار بنەڕەتەکە هات، ئەوە جۆرێک لە کرچوکاڵی بە واتای دێڕەکە دەدات، بەڵام دەبینین لەم دێڕەدا مەحوی وێناکردنێکی بەرزی کردووە بەوەی کە سینەی خۆی بەدارستانێکی گڕگرتوو چواندووە کە پڕ لە شەرەر و عیشقی داگیرساو و تین و تاوی ئەوینێکی داغدارە، دڵیشی بە شێری ناو دارستانێکی گڕگرتوو کە چۆن دارستانەکە بە جێ دەهێڵێت و دەربەدەر و تەریدە دەبێت، ئاوەهاش دڵی لەتاو سووتانی سینەی دەربەدەربووە، بەم شێوەیە مەحوی لەم دێڕەدا هەرچوار بنەڕەتەکەی بەکارهێناوە:

**دڵ.... چوێنراوە**

**شێر.... پێچوێنراوە**

**وەک.... ئەوزاری چوواندنە**

**دەربەدەربوون.... ڕووی لێکچوونە.**

*** جۆرەکانی هونەری چواندن لە شیعری (مەحوی)دا**

وەک لە زۆر سەرچاوەدا هاتووە چواندن بەپێی لایەنەکانی بەسەر چەند جۆرێکدا دابەش کراوە ئەوانیش:

**یەکەم:** بەپێی دوو لایەنەکە (چوێنراو، پێچوێنراو).

**دووەم:** بەپێی هاتن و نەهاتنی ڕووی لێکچوون.

**سێیەم:** بەپێی هاتن و نەهاتنی ئەوزاری چواندن.

**چوارەم:** جۆرەکانی تری چواندن.

**یەکەم: بەپێی دوو لایەنەکە (چوێنراو، پێچوێنراو): ئەوانیش:**

١-هەستی و ژیری:

ا- دوو لایەنەکە هەستی بن:

واتا لەم جۆرەدا چوێنراو و پێچوێنراو هەستی بن،

مەبەست لەم جۆرە ئەوەیە کە هەردوو لایەنەکە هەستیان پێ بکرێ و بەر یەکێک لە پێنج هەستە دیارەکە بکەون، ئەوانیش هەستەکانی بینین و بیستن و بۆن کردن و چەشتن و بەرکەوتنن، واتە لەم چواندنەدا (چوێنراو و پێچوێنراو) هەست پێکراو بن، مەحویی شاعیر لەم دێرەدا دەڵێت:

**کە دڵ دەتوێتەوە بۆ تۆ دەکەی ئەو ڕۆژە تۆ بڕوا**
**کە خۆ دەرخەی وەکو خۆر دڵ وەکو شەونم لە خۆ بڕوا**
ل٣٥

لەم دێرەدا شاعیر یاری بە خۆر و دڵی خۆشی بەشەونم چواندووە، وەک چۆن ئەو وەختەی شەونم لە تاریکی و زوڵمەتی شەودا چاوەچاوی هاتنی خۆرە لە حاڵەتی وجوودەوە بۆ حاڵەتی عەدەم بچێت، دەبینین نەک تەنیا هەر یەک چوێنراو، یان یەک پێچوێنراو بەر هەستەکان کەوتوون، بەڵکو هەردوو چوێنراو و پێچوێنراوەکە هەستین:

**خۆ (یار).... چوێنراوە.... هەستییە**
**خۆر.... پێچوێنراوە.... هەستییە**
**دڵ.... چوێنراوە.... هەستییە**
**شەونم....پێچوێنراوە.... هەستییە**

ب- هەستی بەژیری:

لەم جۆرەیاندا چوێنراو هەستییە و پێچوێنراو ژیرییە، واتە هەستییەک بە ژیرییەک دەچوێنرێ: بۆ نموونە شاعیر دەڵێت:

**زاهید ئەو زوڵفەی لەسەر ڕوو دی، وتی:**
**کوفری وا ڕووپۆشی ئەم ئیمانە بۆچ** ل٩٧

لەم دیەنەدا شاعیر لە ڕێگەی چواندن و بەتایبەتی ئەم جۆرەی (هەستی بەژیری) وێنەیەکی جوانی خوڵقاندووە، هێنانەوەی ئەم جۆرە لەهونەری چواندن زیاتر فەزڵدانە بەو شتەی کە شاعیر دەیەوێت، دەتوانین ئەو مافە بەخۆمان بدەین کە لەوەوپێش ئەم جۆرە وێنەیە نابینرێت کە زوڵفی تاروسیای یار بە کوفر و ڕوخساریشی بە ئیمان چوێنرا بێت، زاهید ئەمە وەک شتێکی نەخوازراو دەبینێت کە کوفر و تاریکی زوڵفی یار نووری ئیمانی ڕووی یار دابپۆشێ، ئاشکراشە ئەم چواندنەش ئاساییە لای شاعیرێکی وەک مەحوی هەستی پێ بکرێت بەوەی شاعیر هەم عاریف و هەم پیاوێک بووە کە لە شەریعەتیشدا قاڵ بووەتەوە، ئەوەتا دەڵێت:

**زوڵف.... چوێنراوە.... هەستییە**
**کوفر....پێچوێنراوە.... ژیرییە**
**ڕوو....چوێنراوە....هەستییە**
**ئیمان....پێچوێنراوە....ژیرییە**

ج- ژیری بە هەستی:

لەم جۆرەیاندا چوێنراو ژیرییە و پێچوێنراو هەستییە، واتە ژیرییەک بە هەستییەک دەچوێنرێ، مەحویی شاعیر نموونەگەلێکی لەم جۆرەی هونەری چواندن لا دەبینرێت بەو هۆیەی کە دەشێت یەکێک لە ئەرکە گەورەکانی شیعر ناسین و کەشف کردنی شتە نەزانراو و هەست پێنەکراو و نەبینراوەکان بێت، واتە دەتوانین بڵێین شیعر وێناکردنی خەیاڵە، یان ڕوونتر بڵێین بە واقیع کردنی خەیاڵە، کە ئەمەیە ئەو بینینە جیاوازەی کە خەیاڵی شاعیر لە خەیاڵی کەسانی دی جیا دەکاتەوە، شیعری باش لە شیعری خراپ جیا دەبێتەوە، بەو مانایەی کە شیعری باش ملکەچی سیستمێکی ڕەمزی ئاڵۆز و توانایییەکی شوبهاندنی گەورەیە، توانایی لێکدانی هەستی عاتیفی باڵا و وێناکردنی ئەبستراکتی دنیایە، لە دێرێکدا دەڵێت:

**تەنکە توێژێکی کشاوە بە ڕووا قولزوومی مەوت**
**وەک حەبابێ بەهەوا بەندە نرا ناوی حەیات** ل ٦٤

ئەم دێرە کە یەکێکە لە دێرە جوان و واتادارەکانی مەحوی کە توانیویەتی لە ڕێگەی چواندنەوە کە لێرەدا گرنگی و بایەخی چواندنمان بۆ دەردەکەوێت، هاتووە جوانترین پێناسە و تەعبیری سۆفیگەرییانە دەربڕێت سەبارەت بە مردن و ژیان، واتە بۆ ئەوەی پێمان بڵێت مردن و ژیان وەک چی وایە کە هەردووکیان دوو بابەتن تەنیا لە ڕێگەی ئاوەزەوە درکیان پێ دەکەین و وێنەیەکی هەست پێکراوی دەربڕیوە، بەوەی کە مردنی بە دەریایەکی جوگرافیا فراوان و نەخشەیەکی بەرین چواندووە و ژیانیشی بەتوێژی ئەو بڵقە، یان دڵۆپە هەوای سەر دەریا داناوە کە چەند بچووک و منداڵانەیە لە چاو دەریادا و چۆن بە هەوایەک، یان بە فوویەک ئەو دڵۆپە هەوایە نامێنێت و پەیوەستێکی جوانیشی دەکات بەوەی مرۆڤ دوای نەمانی هەناسەی دەمرێت، یان بەهەوایەک ژیانی بەندە، هەر لەم دێرەدا ئەوە هەست پێدەکەین کە شاعیر مردنی وەک ئاوێکی بەردەم گیراو چوون بەنداوێک کە بە بەربەستی ژیان وەستێنراوە و ڕۆژێک دێت ئاوی بەنداوی مردن بەربەستی ژیان تێک بشکێنێت و هوروژم بکات، هەرچەندە ئەم تێڕوانینەی مەحوی لێرەدا تێڕوانینێکی

زاهیـدانە و سـۆفـیگەرییـانەی بەسـەردا زاڵە تا بیـری عاریفانە، چونکە عاریف بە پێچەوانەوە واهەست دەکات هێزی ژیان هێزی ڕاستەقینەیە لە بوون و ژیاندا و مرۆڤ دەبێت بە دوایدا بڕوات بەدەستی بهێنێ:

**مەوت (مردن).... چوێنراوە.... ژیرییە**

**قولزووم (دەریا).... پێچوێنراوە....هەستییە**

**حەیات (ژیان).... چوێنراوە.... ژیرییە**

**حـەباب (بڵق) توێژی (بڵق).... پێ چوێنراوە.... هەستییە**

د- دوولایەنەکە ژیری بن:

ئەمەش یەکێکە لەو بابەتانەی کە پێویستی بە توانایی و بیـرکـردنەوەیەکی باش هەیە کـە هەردوو لا ژیری بن، بەواتا هەردوو لای چواندنەکـــە بەهۆی هیـچ کـــام لە هەستەکانەوە درکی پێ نەکرێت، بەڵکو لە ڕێگەی عەقڵ و ئاوەز و ژیرییـــەوە درکی پێ بکرێت، وەک چواندنی زانست بە ژیان و نەزانین بە مردن.

ئەم جۆرە چواندنە لای مەحوی بە جوانی و بەشێوەکی هونەری بەرز بەرچاو دەکـەوێت. لەو ڕێگەیەوە شـتـێـکی هەست پێنەکراوی پەنهان بە شتێکی هەست پێ نەکراوی دیار و دووبارە بووەوە دەخاتە ڕوو، کە ئەمـەش یەکـێکە لەو ڕۆڵانەی کە چواندن هەیەتی، وەک دەڵێت:

**مەسەلی عەهد و وەفا وەک مەسەلی عەنقایە**

**پیـاوەتی باسی لەکن کـەس مـەکـە ئادەم بووە قـات**

ل٦٢

لەو دێڕەی سەرەوەدا مـەحوی نەبوونی پەیمان و وەفـا و جـوامێـری و شـەهامـەتی لەو سـەردەمـەدا بە (عـەنقـا) چوواندووە کە باڵدارێکی وەهمـییـە، ئەم باڵدارە وەک لوغـز و مـەتەڵێکی هەڵنەهێنراو مـاوەتەوە و کـەس نەبینیوەتی و نە هەستیشی پێ کردووە، پاشان درێژە بە بیـروبۆچوونەکـەی دەدات و شـتـێـک لە تووڕەیی تێـدا دەردەکەوێت و لە نیـوە دێڕی دووەمدا دەڵێت نەک عەهد و وەفـا، بەڵکو پیـاوەتیش نەمـاوە و مـرۆڤـیش بەمـانا مرۆڤانەییەکەی قاتی بووە و کۆمەڵێک مرۆڤ شێوە کە ئومێدی ڕژانی وەفایان لێ ناکرێت بوونیان هەیە، دەبینین هەردوو لای چواندنەکـە کـە عـەهد و وەفـا و عـەنقـایە ژیرین:

**عەهد و وەفا....چوێنراوە.... ژیرییە**

**عەنقا....پێچوێنراوە....ژیرییە**

٢-بە پێی شێوەی هەردوو لایەنەکە:

ا- چواندنی پێچراو (التشبیة الملفوف):

بریـتـیـیـە لە هێنانەوەی چەند لێکچـواندنێک لە دێڕە شیـعرێکدا، بەڵام سەربەخۆ نین، بەڵکو لە ڕووی دروست بوونەوە بەیەکەوە پەیوەستن، ئەویش بەوە دەبێت شـاعـیـر کـۆمـەڵێک چوێنراو لەتەک یەک ڕیز دەکـات، ئینجـا کـۆمـەڵێک پێـچـوێنراو لەتەک یەک ڕیز دەکـات و لێکچواندنەکان لە نێوانیان دروست دەکات، لێکچواندنی پێـچـراو بەپێی ڕێکخـسـتنی چوێنراو و پێـچـوێنراو لە بەرانبەر یەکتر، دەکرێت بە دوو بەش:

١-لێکچواندنی پێچراوی ڕێک:

شاعیر کۆمەڵێ چوێنراو لەتەک یەک ڕیز دەکات، ئینجا کـۆمـەڵێک پێـچـوێنراو دێنێـتـەوە، یان بە پێـچـەوانەوە، چوێنراو و پێچوێنراوەکان بەپێی ژمارەی زنجیرەی بەرانبەر یەک دادەنێ، وەک لەم دێڕە شیعرەدا مەحوی دەڵێت:

وتی: **(مەحوی) من و تۆ ئافتاب و سایە تیمسالین**

**جـەنابی من کـە دەرکـەوتم، دەبێ تەشـریفی تۆ بڕوا**

ل٣٦

لەم دێڕەدا مـەحـوی خۆی و یاری بەدوای یەکدا هێناوە کـە (چوێنراو)ن، پاشـان بەدوایدا ئافـتـاب و سـایەشی هێناوە کـە (پێـچـوێنراو)ن، دەبینین بەدوای یەکـدا هاتنەکەیان ڕێکە و مەحوی دەیەوێت بڵێ کە من سێبەرم و تۆش هەتاو بە هاتن و هەڵهـاتنت من مـەحـو دەبمەوە و دەبێت بڕۆم و ئەمـەش هیچ نییـە، بێجگە لە فـیـراقـێکی سەرمەدی عـاشـقـان و چارەنووسی عـاشـقـانی حـەقـیـقی و سەوداگەرانە:

**چوێنراو (من و تۆ)**

**پێچوێنراو (ئافتاب و سایە)**

٢-لێکچواندنی پێچراوی ناڕێک:

شـاعـیـر کـۆمـەڵێ چوێنراو دێنێـتـەوە، ئینجـا کـۆمـەڵێ پێچوێنراو، بەڵام پێچوێنراوەکان بە پێی ژمـارەی زنجیرەی بەرانبـەر چوێنراوەکـان ناوەستن، بەڵکو لێکۆڵەر، یان خوێنەر پێویستە چوێنراو و پێچوێنراوەکان دەستنیشـان بکات، وەک مـەحویی شاعـیـر لەم دێڕەدا و لە نیـوەدێڕی یەکـەمدا بە ڕیز خۆی و دڵی خۆی هێناوە، پاشـان ڕووی دەمی لەیارەو بە جێناوی لکاوی(ت) ئاماژەی بۆ کردووە و پێی دەڵێت، ئەگـەر ئەم مـاوەیەی کـە لە دڵم دایت و پێت ناخـۆشـە و بەشـوورەیی و عـەیب و عـاری دادەنێـیت وای دابنێ کـە مـاهی کـەنعـانیت (مـەبەسـتی یووسف پێغەمبەرە کە بۆ ماوەیەکی کەم لەناو بیردا بووە) دەستی

قەدەر بۆ ماوەیەکی کەم ڕووی نوورینی تۆی فڕێ دابێتە چاڵی تاریکی دڵمەوە، دەبینین لەنیوە دێڕی دووەمدا ماهی کەنعان دێت و پاشان (چاه) کە مەبەستی (چاڵ)، یان (بیر)ـە، بەپێچەوانەی ڕیزبوونی چوێنراوەکانەوە لە نیوە دێڕی یەکەمدا و دەڵێت:

**لە دڵا بوونمت ئەر عارە لەلا، وا بکە فەرض**

**ماهی کەنعانی و ئەم موددە موقیمی چاهی** ل ٣٢١

**دڵ.... چوێنراوە جێناوی لکاوی (ت)**

**یار....پێچوێنراوە (نیوە دێڕی یەکەم)**

**ماهی کەنعان....چوێنراوە چاه....پێچوێنراوە (نیوە دێڕی دووەم)**

ب- چواندنی جیا (التشبیة المفروق):

بریتییە لە کۆکردنەوەی هەر چوێنراوێک لەگەڵ پێچوێنراوەکەی خۆی، واتە چەند لێچواندنێک هەیە بە شێوەیەک ڕیزبوون، هەر چوێنراوێک پێچوێنراوەکەی خۆی بەدوادا هاتووە، دواتر چوێنراوێک لەگەڵ پێچوێنراوێکی تر، بەم شێوەیە هەموو لێچواندنەکان بەسەربەخۆیی دێن و بەبێ ئەوەی هیچ پێوەندییەک لەنێوان وێنەکاندا هەبێت، بۆ نموونە مەحوی دەڵێت:

**عەنبەری سارا وتم زوڵفی، نەباتی میصری لێو**

**زوڵفی ئاڵۆزا، وتی لێوی کەناوی من نەبات** ل٥٩

لەم دێڕەدا و بەتایبەتی لە نیوەدێڕی یەکەمدا مەحوی دوو چواندنی بەکارهێناوە و کە هەر چوێنراوەی لەگەڵ پێچوێنراوەکەی خۆیداو دوو وێنەی جیاوازیشن و دەڵێت: لە جوانی و بۆن خۆشیدا زوڵفەکانی یارم بە عەنبەری سارا شوبهاند و لە تەڕی و شیرینی و ناسکیدا لێوەکانیشیم بە نەباتی میسر شوبهاند، بەڵام هەریەکە لە لایەکەوە ڕەتیان دامەوە و وتیان ڕازی نین نرخمان بشکێنرێت و بەو دوانە بچوێنرێین و بەهۆی تەرازوویەکی لاسەنگی تەشبیهی لاری خەیاڵی شاعیرانەوە ناومان بخاتە ناوانەوە، بەم شێوەیە:

**چواندنی یەکەم زوڵف....چوێنراوە عەنبەری سارا....پێچوێنراوە**

**چواندنی دووەم لێوچوێنراوە.... نەباتی میسری....پێچوێنراوە**

٣-بەپێی ژمارەی هەردوو لایەنەکە:

ا- چواندنی تەخت (التشبیة التسویة):

ئەوەیە کە دووشت، یان پتر بەیەک شت بچوێنرێ، واتا چوێنراو چەند شتێک بێت و پێچوێنراو تاکە شتێک بێت، وەک مەحوی لەم دێڕەدا دەڵێت:

**خەندەی لەب و عەبیری خەتتی تۆ بوو وەک مناڵ**

**تۆوی تکا کە خونچە، وەنەوشە ملی شکا** ل٢٠

شاعیر لێرەدا خونچە و وەنەوشەی بەمنداڵ چواندووە، کە خەندە و بۆنی عەبیری یار بووە مایەی تکانی ئارەزووی خونچە و بەبۆ کەوتنی شەوبۆ و ملشکانی کە دوو نەخۆشین تووشی منداڵ دەبن، بەم شێوەیە:

خونچە و وەنەوشە(چوێنراون) منداڵ (پێچوێنراوە)

ب- چواندنی کۆ (التشبیة الجمع):

ئەوەیە کەیەک شت بە دوو شت، یان کۆمەڵە شتێک بچوێنرێ، واتە چوێنراو یەک بێت و پێچوێنراو کۆمەڵ شتێک بێت، ئەم جۆرەی چواندن (چواندنی کۆ)ی زۆر بەکار هێناوە و تەنانەت دێڕە شیعری هەیە کە یەک شتی بە پێنج شت چواندووە، لەوانەش:

١-یەک شت بە دوو شت:

واتا یەک چوێنراو هەبێت و دوو پێچوێنراو وەک لەم دێڕەدا مەحوی دەڵێت:

**وەک بولبول ئەو دڵە بەگوڵی ڕوو کە ڕوودەکا**

**پەروانەیە زیارەتی شەمع ئارەزوو دەکا** ل٢٥

شاعیر لێرەدا دڵی بولبولینی کە هەمیشە بە دەوری گوڵی ڕووی یاردا دێت و دەچێ و سەوداگەر و هەڵوەدایە چواندووە بە پەروانەیەک کە زیارەتی مۆمی ڕووی بکات و خۆی بکاتە قوربانیی نوور و ڕۆشنایی و ببێتە شەهیدی ڕێی نووری عیشق، لێرەدا شاعیر سەرەتا دڵی بە بولبول چواندووە و پاشان بە پەروانە، بەم شێوەیە:

**دڵ (چوێنراوە) بولبول و پەروانە(پێچوێنراون)**

٢-یەک شت بەسێ شت:

واتا یەک چوێنراو هەبێت و سێ پێچوێنراو، لەم دێڕەی خوارەوەدا مەحوی دووبارە دڵی بە سێ شت چواندووە و دەڵێت لە بنچینەدا دڵ عەرشی عیشقی یەزدانە و چەقی عیشق و خۆشەویستی بێ پایانی ئەوە ئیدی مەحوی بەسە ناهۆشیاری و نووستوویی و غەفڵەت لە فیکر و زیکری ئەودا تۆ خەجاڵەت نابیت بووەتە بتخانە و کڵێسا، هەرچەندە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان بتخانە و کڵێسادا هەیە، بەڵام مەحوی لە ڕوانگەی پەیوەست بوونی خۆی بە ئیسلام و وەک ئیسلامێکی خۆپارێزیش، چونکە لە نەستیدا، بێجگە لە ئیسلام هەموو ئەوانی

دیکە بە لادەر دەزانێت، دەبینین لەم دێڕەدا دڵی بە سێ شت چواندووە و دەڵێت:

**دڵە عـەرشی خـودا (مـەحـوی)، خـەجـاڵـت بە لەبەر غەفڵەت**

**کـە بۆتە بوتکەدەی بێ برەهمـەن یا دەیری بێ ڕاهیب**

ل٥٥

دڵ (چوێنراوە).. عـەرشی خـودا و بوتکەدە و دەیر (پێچوێنراون)

٣-یەک شت بە چوار شت:

واتا یەک چوێنراو هەبێت و چوار پێچـوێنراو، ئەوەتا مـەحوی لەم دێڕەدا قـەدی یاری بە شـمشـاد و سـەروو و عەرعەر و نەخلی موراد چواندووە:

**شمشادە ئەمە، یا قەدە، یا سەرووی ڕەوانە**

**یا عەرعەرە یا نەخلی مورادی دڵ و جانە** ل٢٨٠

**قـەد (چوێنراوە) شـمـشـاد و سـەروو و عەرعەرو و نەخل (پێچوێنراون)**

**دووەم:** بەپێی هاتن و نەهاتنی ڕووی لێکچوون:

١- چواندنی درێژە (التشبیة المفصل):

جـۆرێکی چواندنە کـە بەپێی هاتن و نەهاتنی ڕووی لێکچـوونە و ئەو جـۆرەیە کـە ڕووی لێکچـواندنی تێـدا دەرکەوتبێت، وەک مەحوی لەم دێڕەدا دەڵێت:

**چ بەرقی جیلوەیەک هەوری بەهاری کردووە بێ تاب**

**بەنـاڵە و گـــریەوە دێت و دەچێ وەک تازە دێـوانە**

ل٢٧٩

لەم دێڕەی سەرەوەدا مـەحـوی دەڵێت تێناگـەم و پەی نابەم دەبێت چ جـیلوە و نوور و شەوقی شـۆخ و جـوانێک شمشێری کاریگەر و سیحری عیشقی دابێت لەبەر سکی هەوری بەهار، وا ئێـسـتـا ژانی ناڵە و گـریان و باران بارینی گـرتووە و خـۆش ناکـاتەوە و بەسـەر ئەم کـێـو و دەشتانەدا وەک دێوانە دێت و دەچێت:

**هەوری بەهار.... چوێنراوە**

**تازە دێوانە..... پێچوێنراوە**

**وەک.... ئەوزاری چواندن**

**بەناڵەو گریەوە دێت و دەچێ.... ڕووی لێکچوان**

٢- چواندنی پوختەکراو (التشبیة المجمل):

ئەو چواندنەیە کە ڕووی لێکچوونی تێدا باس نەکراوە، واتە پێچەوانەی چواندنی درێژەیە، مەحوی لەم دێڕەدا کە باسی یار دەکـات و دەڵێ دەسـتـەمـۆیە، تەنانەت بۆ سـەگـێکی وەک ڕەقـیب، بەڵام بەتەنیـا خـۆدوورگـرتنی لەمنە، لێـرەدا چوێنراو و پێـچـوێنراو ئەوزاریش هاتووە، بەڵام ڕووی لێکچواندن نەهاتووە کە سیفـەتی هاوبەشی ڕەقیب و سەگە و دەڵێت:

**رامە حەتتا بۆ سەگێکی وەک ڕەقیب**

**ئەو جەنابە هەر لەمنیە ئیجتیناب** ل٤٦

**ڕەقیب....چوێنراوە سەگ....پێچوێنراوە**

**وەک....ئەوزاری چواندنە ڕووی لێکچـواندنە.... دەرنەکەوتووە**

**سێیەم:** بەپێی هاتن و نەهاتنی ئەوزاری چواندن:

١-چواندنی بەربڵاو (التشبیة المرسل):

ئەو چواندنەیە کە ئەوزاری تێدایە، ئەم جـۆرە چواندنە چواندنێکی ئاسـایی باوە و نموونەش بۆ ئەم جـۆرەش مەحوی دەڵێت:

**بناگوشی لە چینی زوڵفیا دەرکەوتبوو، دەتوت**

**ئەمـە بازی سـپی سـوبحـە، چووە بن باڵی زاغی شـام**

ل٢١٧

لەو نموونەیەی سەرەوەدا ناسکبێژی و بینینێکی جوان و خـەیاڵێکی بەرز و چواندنێکی ناوازەی دەبینرێت کـە شـاعـیـر بناگـوێی سـپی یاری لەناو ڕەشی زوڵفـیـدا بە بازێکی سـپی نێـچـیـر چواندووە لە بن باڵی قـەلەڕەشـێکدایە و لەو تێکەڵکردنەشدا بناگـوێی یار و بازی سـپی بە سـپـێـدەی بەیانی و ڕەشی زوڵف و قەلەڕەشیش بە تاریکی ئێوارە دەچوێنێ، دەبینین مەحوی لێـرەدا جۆرێکی تر لە ئەوزار دەهێنێـتەوە کـە لە کـردارە ئەویش(دەتوت)ـە، سـەرەڕای ئەوەی ئەو دێڕەی سـەرەوە سێ وێنەی بەرزی چواندنی تێدایە کە یەکەمیان بە وێنەی دووەم و سێیەم چوێنراوە، بەم شێوەیە:

**وێنەی یەکەم (چوێنراوە): بناگوێی سپی لە ناو ڕەشی زوڵفیدا**

**وێنەی دووەم (پێـچـوێنراوە): کـۆترێکی سـپی لە بن باڵی قەلەڕەشێکدا**

**وێنەی سـێـیەم (پێـچـوێنراوە): کـاتێک شـەو دادێت و ڕۆژ ڕووناکی نامێنێت**

٢-چواندنی جەختاو (التشبیة المؤکد):

پێـچـەوانەی چواندنی بەربڵاوە و ئەو چواندنەیە کـە ئەوزاری چواندنی تێـدا نییـە، ئەم جـۆرەیان لە چواندنی بەرەڵڵا وردتر و باشـتـر دەردەکـەوێت و کـورتبـڕییـەکی تێدایە. وەک مەحوی لەم دێڕەدا دەڵێت:

**لەعاریف عامییەک پرسی هەواڵی مەسلەخ و قەساب**
**بە ئەنگوشتی شەهادەی کرد ئیشارەی مەحکەمە و**
**نائیب** ل ٥٤

لەو دێڕەی ســـــەرەوەدا دەبینین چواندنێکی بەرز و توانجێکی وردی تێدایە کە شاعیر مەحکەمە و نائیبی مەحکەمەی چواندووە بە قەساب و قەسابخانە کە کاریان گوروونی خەڵک و پێشێل کردنی یاساو ڕێساکانە، دەبینین ئەوزاری چواندنی تێدا نییە:

**مەحکەمە.... چوێنراوە مەسلەخ.... پێچوێنراوە**
**نائیب....چوێنراوە قەساب....پێچوێنراوە**
**ئەوزاری چواندن.... دەرنەکەوتووە**

چوارەم: جۆرەکانی تری چواندن:

١-چواندنی ڕەوان (التشبیة البلیغ):

لەم لێکچواندنەدا تەنیا چوێنراو و پێچوێنراو دەوترێ و بەس، واتا ڕووی لێکچوون و ئەوزار ناویان نابرێت، ئەم جۆرەی لێکچواندن بە چواندنێکی بەهێز و کاریگەر دادەنرێت، چونکە زۆر لە هونەری خواستن نزیک دەبێتەوە و لەلای مەحوییش بەزۆری دەبینرێت، وەک لەم دێڕەدا مەحویی شاعیر دەڵێت:

**زللەی موعەلیم، ئەو گوڵی ڕوومەتییە خستە تەب**
**(تبت یدا ابی لهب)ی بێ ئەدەب (وتب)** ل٤٦

لەم دێڕەدا (چواندنی ڕەوان) لە هەردوو وشەی (گوڵی ڕوومەت)دا دەبینینەوە کە یەکەمیان پێچوێنراو دووەمیان چوێنراوە، واتا ڕوومەتی لە جوانیدا وەک گوڵ وایە، هەروەها ئەوزار و ڕووی چواندنەکە نەهاتوون:

**ڕوومەت....چوێنراوە**
**گوڵ....پێچوێنراوە**

٢- چواندنی وێنەیی (وێنە بە وێنە) (التشبیة التمثیلي):

ئەو چواندنەیە کە تێیدا وێنەیەک بە وێنەیەکی تر دەچوێنرێ، هەر وێنەیەکیش لەچەند پارچەیەک، یان لە چەند چوێنراو و پێچوێنراوێک پێکدێت، لێرەدا مەبەست ئەو شتانە، یان ئەو پارچانەیەکە ئەو پارچانە پێکدێنن، واتە لەجیاتی ئەوەی شتێک بەشتێکی تر بچوێنرێ وێنەیەک بە وێنەیەکی تر دەچوێنرێ، مەبەست لە وێنەکە ئەوەیە لەچەند پارچەیەکی زۆر پێکهاتبێت، ئەم جۆرە یەکێکە لەجۆرە هەرە گرنگەکانی چواندن بەو هۆیەی شاعیر لێرەدا وەک وێنەکێشێک دەردەکەوێت، نووسین و بۆهاتنی ئەم جۆرە تەکنیکە کاتوساتێکی دەوێت و وردبینییەکی خۆڕسکانەشی دەوێت، نموونەی ئەم جۆرەش لە شیعری مەحویدا زۆر بەرچاوە و وێنەکانیشی ناوازە و دەگمەنن، بۆ نموونە مەحویی شاعیر دەڵێت:

**گونجایشی جەلالی خەیاڵی ئەوم لە دڵ**
**جێبوونەوەی سەمایە لەیەک دانە کونجوودا** ل٦

لەو دێڕەی سەرەوەدا شاعیر وێنەیەک کە ئەگەری گەورەیی مەقام و هەیبەتی بەسام و شکۆی خەیاڵی یارە لە دڵی چکۆلانەی شاعیردا بە وێنەیەکی دیکە چواندووە کە مایەی تێڕامان و لەسەر وەستان و دوور لە خەیاڵی مرۆڤە، ئەویش جێبوونەوەی ئاسمانە لە کونجییەکدا، کە دیارە مەحوی لێرەدا و لە ڕێگەی ئەم چواندنەوە گەورەیی و شکۆی خەیاڵی یار لە وێنەی یەکەم و نیوەدێڕی یەکەمدا پیشان دەدا و بە گەورەیی و بەرینی و بێ تخووبی ئاسمانی دەچوێنێ، لە وێنەی دووەم و نیوەدێڕی دووەمدا و بچووکی دڵ و هەڵگرتنی بارێکی سەخت لە نیوەدێڕی یەکەم و وێنەی یەکەمدا و چواندنی بە کونجییەک، لە نیوەدێڕی دووەم و وێنەی دووەمدا، بەم شێوەیە:

**گونجایشی جەلالی خەیاڵی ئەوم لە دڵ....وێنەی یەکەم....چوێنراوە**
**جێبوونەوەی سەمایە لەیەک دانە کونجوودا....وێنەی دووەم....پێچوێنراوە**

٣-چواندنی ئاوەژوو (التشبیة المقلوب):

ئەم لێکچواندنە پێچەوانەی لێکچواندنی ئاساییە، چونکە چوێنراو و پێچوێنراو جێگۆڕکێ دەکەن، واتە لە بنچینەدا سیفەتە زۆرەکە هی پێچوێنراوە، بەڵام لەم چواندنەدا بەپێچەوانەوە وا دەردەکەوێت کە سیفەتی چوێنراو زیاترە، بۆ ئەمەش وێنەیەکی هونەری جوان دروست دەبێت، وەک لەم نموونەیەی مەحویی شاعیردا دەرکەوتووە و دەنووسێت:

**بە جێیە چونکە ئەو هەستا، قیامەت جێبەجێ هەستا**
**لەچەرخ ئەمەشەو، وەکو ئەشکم لە دیدە، داوەری کەوکەب** ل٥٠

لەو نموونەیەی سەرەوەدا مەحوی چواندنی ئاوەژوو بەکارهێناوە، بەوەی ئاساییە کە ئەگەر یار هەستێت و بڕوا، بەهەستان و ڕۆیشتنی قیامەتیش هەستێت و مەحشەر بڕسکێ چۆن دانەی فرمێسک لەچاوم دێتەخوارەوە و بینایی تێدا نامێنێت و تاریک دادێت، ئاوەهاش ئەستێرە لە ئاسمان دەکەونە خوارەوە و بەنەمان

و کـەوتنی ئەسـتـێـرەش ئاسـمـانیش چوون چاوم ڕەش دادەگەڕێ، لە بنچینەدا سیفـاتی زۆری و گەورەیی هی ئەستێرە و ئاسمانە نەک فرمێسک و دیدە، کەچی شاعیر بەپێچەوانەوە ئەستێرەی بە فرمێسک چواندووە، هەروەها ئاسمانیشی بە دیدە چواندووە:

**کـەوکـەب....چوێنراوە ئەشک....پێـچـوێنراوە**

**چواندنی یەکەم**

**چەرخ.... چوێنراوە دیدە.... پێـــچـــوێنراوە**

**چواندنی دووەم**

٤-چواندنی پەسەندیدە:

ئەم جۆرە لە دروستـبووندا لێکچواندنێکی ئاساییـە، بەڵام لەدوای دروست بوونی شاعیر پەشیمان دەبێتەوە لەوەی کە وتی، دەربڕینێکە دەریدەخات کە چوێنراو لە پێـچوێنراو پەسـەندترە، لەم جۆرەدا شـاعـیـر شـتێک بەشتێکی تر دەچوێنێ، لەدواییدا دەگەڕێتەوە چوێنراو لە پێچوێنراو پەسەندتر دەکات، واتا هەرچەندە چوێنراو کە لەبنەڕەتدا سیفـەتەکـەی لە پێـچـوێنراو لاوازترە، بەڵام چوێنراو لە پێـچـوێنراو بە باشـتـر و پەسـەندتر دادەنێت، وەک لەم دێڕەدا مەحوی دەڵێت:

**کەی بەلەعل و گەوهەر ئەو لێو و ددانەی دا نیشان**

**ئەو ڕەهەندەی شاخە، ئەم خۆشارەوەی ژووری صەدەف**

ل٧٥

لەم دێڕەدا مـــەحـــوی دوو چواندنی بەکـــارهێناوە و نووسـیـویەتی کـە لێــو لەسـووریدا لە لەعل دەچێت و ددانیش لە سپێـتـیـدا لە گەوهەر دەچێت، ئاشکرایە لە ڕاستیدا سووریەتی و سپیەتی لەعل و گەوهەر لە لێو و ددان سوورتروسپی ترن، بەڵام دواجار دەبینین کە شاعیر هاتووە نووسـیـویەتی چ کات یار لێـو و ددانی پیـشـانی لەعل و گەوهەر دا و تووشی چارەنووسێکی بەدو شوومی کردن و شەرمندە و پەڕاگەندەی جوگرافیایەکی تری کردن وا ئەو ڕەهەندەی شـاخـان بـوو و لەناو بەردی چیـادا بۆ هەتا هەتا خـۆی حـەشـار دا و ئەمـیـش لە قـۆزاخـەی سـەدەفی بنی دەریادا خـۆی شـاردووەتەوە، لەم دێڕەدا مەحوی ناسک بێـژییەکی هونەرییانەی ماتماتیکییـانەی بەکارهێناوە لە هێنانەوەی هەڵهاتنی لەعل و گەوهەر بە دوو ئاراستـەی جیا، یەکیـان بۆ سەرەوە و ئەوی تریان بۆ خوارەوە.

* لەبەر درێژە نەدان بە بابەتەکـە بۆ هەر جـۆرەی یەک دێڕ نموونەی شـیـعـرمان هێناوەتەوە، ئەگـینا بۆ هەر جۆرێکیـان گـەلێک دێڕە شیـعـری تری بەکـارهێناوە و مەحوی ئاگاداری کۆی هونەرە بەلاغیییەکانە، بەو هۆیەی کە لە شیـعرەکانیـدا زۆرێک لە زاراوە ڕەوانبێژییـەکانی وەک مـەجـاز و تەشبـیـهـ و کینایەی لە شـیـعـرەکـانیـدا بەکارهێناوە.


**سەرچاوەکان**

**سەرچاوەی کوردی:**

**کتێب:**

**١- ڕەوانبـێـژی لە ئەدەبی کـوردیدا، عـەزیز گـەردی، المکتبـة الوطنیة، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٢ز.**

**٢- دیلان و تاقـیکردنەوەی شیـعری، د.دڵشاد عـەلی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.**

**٣- وێنەی ڕوونبێژی لە کۆمەڵە شیعری (شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات)ی قـوبادی جەلی زادەدا، دەریا جـەمـال حـەوێزی، چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٩.**

**٤- کـێـزرامـانێک لە شـیـعـر، حـەمـە کـاکـەڕەش، چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٠.**

**٥- ڕەنگدانەوەی کـەسـێـتی و دنیـا بینی حـەللاج لە شـیـعـری کلاسیکی و فارسیدا بەتایبەتی لای مەحوی و حافزی شیرازی، سەبوور عـەبدولکەریم (شکار)، چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمـانی، سلێمانی.**

**٦- مەحوی لە نێوان حەزی دنیایی و عیشقی خوداییدا، عەتا قەرەداغی، چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١١.**

**گۆڤار:**

**١- هونەری لێکچـواندن لە شـیـعـرەکـانی سـالم دا، د.نەوزاد وەقـاص سـەعـیـد، م.سـەردار ئەحـمـەد حـەسـەن، گـۆڤـاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٠٠.**

**٢- لێکچـواندن و ڕۆڵی لە دروست کـردنی وێنەی هونەری لە شیـعرەکانی (ئەحمـەد موخـتـار بەگی جاف)دا، سـەردار ئەحـمـەد گەردی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠٠١.**

**سەرچاوەی عەرەبی**

**١- الاشارات والتنبیهات في علم البلاغة، رکن الدین بن علي محمد جرجاني، دارالکتب العلمیة، ٢٠٠٢.**

**٢- البلاغـة الواضحة (البیان والمعاني والبدیع)، علی جارم ومصطفی امین، مؤسسة صادق للطبعة والنشر، ١٤٢٦هجري.**

**٣- علم البیان بین النظریات والاصول، د.دیزیرة سقال، الطبعة الاولی، بیروت، ١٩٩٧م.**

**٤- رؤی في البلاغـة العـربیـة، دراسـة تطبیـقیـة لمباحث علم البیـان، ا.د.زین کـامل الخویسکي، د.احمد مـحـمـود المصري، دارالوفا، الطبعة الاولی، الاسکندریة، ٢٠٠٦.**

# من لە کتێبی ڕووداودا..
# هەڵسەنگاندنی ئەزموونێک لەبواری نووسینی ڕۆماندا

**عەبدولغەنی کاکۆ**
**(ئەڵمانیا)**

**(٢ - ٢)**

### پاڵەوان و کێشەی بە نموونەیی بوون

کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەو ڕۆمانە سێ کەسن کە ڕاستەوخۆ هەر لەسەرەتاوە تاکۆتایی ڕۆمانەکە جڵەوی ڕووداوەکانیان بەدەستەوەیە، ئەوانیش جەمال و گەوهەر و جەبارن، پاش ئەوان، کارەکتەری دیکە دێن، کە هەریەکەیان لەگەڵ هەڵکشانی ڕووداوەکاندا لە شوێنێکی دیاری کراو دەست پێ دەکەن، یان ڕۆڵیان ون دەبێ، وەک نادر و گولیزەر و دڵخواز و...تاد کە لەداهاتوودا باسیان دەکەین. لەخوێندنەوەی ئەو ڕۆمانەدا بۆمان دەردەکەوێ کە نووسەر دەیەوێ لەو ڕێگایەوە شتێکمان پێ بڵێ و پەیامێکمان پێ ڕابگەیەنێ، ڕۆمانێک کە بەو مەبەستە نووسرابێ، بەلای کەمەوە دەبێ پاڵەوانێکی تێدابێ کە لە دیدگای نووسەرەوە لە ئاستێکی نموونەییدا بێ، لەو ڕۆمانەدا جەمال کە لەپاڵ دوو کارەکتەرەکەی دیکە کراونەتە سێنترالی ڕووداوەکان، وا دەخرێتەڕوو کە کەسایەتییەکی نموونەییە. هەڵبەتە کاتێ خەسڵەتی نموونەیی لە چوارچێوەی ڕۆمانێکدا دەدرێتە پاڵ کارەکتەرێک ڕەنگەکانی ئەو خەسڵەتە ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە بۆچوون و جیهانبینییەکانی نووسەرەوە. نووسەریش ئازادە لە ڕەنگ ڕێژکردنی پاڵەوانەکەی بەو خەسڵەتانەی لای ئەم نموونەیین، بەڵام ئەوە مانای وا نییە ئیدی ئەو خەسڵەتانە خوێندنەوەی جیاوازییان بۆ ناکرێ و لەگۆشەنیگای جیاوازەوە تاووتو ناکرێن.

جەمال پاڵەوانی نموونەیی کوڕێکە لە لادێوە بۆ خوێندن هاتووەتە شار، لە خانوویەکی کۆڵانەکەی ماڵی گەوهەردا دەژی.. جەمال هاوڕێیەکی هەیە ناوی جەبارە ئەویش کوڕە لادێییەکەو بۆ خوێندن هاتووەتە شار. جەبار لەشار تێکەڵاوی سیاسەت دەبێ، بەڵام جەمال وای پێ چاکترە کە مرۆڤ هەوڵ بدا خوێندنەکەی خۆی تەواو بکات و بە هۆی خوێندنەکەیەوە خزمەتی نەتەوەکەی خۆی بکات. جەبار دەبێتە پێشمەرگە، دوای هەرەس دەبێتە ئەندامی ڕێکخراوێکی نهێنی، دەبێتەوە پێشمەرگە، زیندانی دەکرێ، دەئاڵێتە شەڕی براکوژی، لە دوای ڕاپەڕین دەبێتە بەرپرس، دەوڵەمەند دەبێ، بەڵام جەمال لە هەموو ئەو شتانە بە دوورەپەرێزی دەمێنێتەوە، تەنیا بە دوای خوێندنەکەی خۆی دەکەوێ، بە مانایەکی دیکە لە بەرژەوەندییەکانی جیا نابێتەوە، زیرەکانە ژیانی خۆی بەڕێوە دەبا، تا دوای ڕاپەڕین ئەویش بە کاری تایبەتی دەوڵەمەند دەبێ، کاتێکیش جەباری برادەری ئەو هەموو پارەیەی بە گەندەڵی دەست دەکەوێ، جەمال ئامۆژگاری



**عوبێد مەجید**

دەکات، کە بەرژەوەندییەک بەو پارەیە دامەزرێنێ. جەمال کچە خزمێکی خۆی دەهێنێ و دوومنداڵی لێی دەبێ و لە ناوەڕاستی تەمەندا ژنەکەی تووشی نەخۆشییەکی کوشندە دێت، جەمال ژنێکی دیکە دەهێنێ.

لە کورتەی ئەو ڕووداوانە بۆمان دەردەکەوێ، جەمال کەسێکی زۆر ئاسایی ناو کۆمەڵگەکەی خۆیەتی، کەسێکی بێ دەخل و دوورەپەرێزە لەو ڕووداوە سیاسیانەی ڕوودەدەن، وەک هەموو کەسێک ئەو ڕووداوانە کاری تێ دەکەن، بەڵام ئەو نایەوێ کار لە ڕووداوەکان بکات، ئەو خەریکی ژیانی خۆیەتی و خراپە لەگەڵ خەڵک ناکات و تا بتوانێ ڕێگەی ڕاست بە خەڵک نیشان دەدات.

لە ڕاستیدا ئەو خەسڵەتانەی جەمال بەشی ئەوە ناکەن پاڵەوانێکی لێ بێتە ئاراوە، کە بە (نموونەیی) جیا بکرێتەوە، جەمال کارەکتەرێکی پەسیڤە، ڕەفتارەکانی جەمال ڕەفتاری کەسێکی ئاساییە، کە مینیماڵی ئەو مەرجانەن پاڵەوانێکی ئیجابی (بەڵام نەک نموونەیی) لێ دروست بکرێ، ڕەگەزی غایب لە کەسایەتی جەمال پیشان نەدانی ئامادەیی ئەو کەسەیە بۆ قوربانیدان. هەر لەبەر ئەو هۆیەیە سەیر دەکەین کەسایەتیی جەبار بە هەموو وێستگە نەرێنییەکانییەوە، زێتر جێگەی سەرنجە لە هی جەمال!! جەبار لە قۆناغی خەبات و شۆڕشگێڕیدا ئامادە بووە قوربانی بە خۆی و بەرژەوەندییەکانی بدات لەپێناوی ئەوەی باوەڕی پێی هەیە، کاتێکیش لەناو ئەو سەراو و دەراوەدا ژیاوە تووشی هەڵەو ڕەفتاری نەرێنی وای کردووە کە بچێتە ناو بازنەی نامرۆڤایەتی، تەنانەت بێ ڕەوشتی، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەو خەسڵەتە کەسایەتییەی خۆیەوە نەیتوانیوە ئەو ئامادەییەی بۆ قوربانیدان بە عەقڵ و هۆشیارییەوە پیادە بکات، بۆیە وەک هەر تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە لەگەڵ باهۆزی ڕووداوەکان گلۆر بووەتەوە. لێرەوە سەرنج دەدەین لەنێوان خەسڵەتەکانی ئەو دوو کارەکتەرە پاڵەوان بە چ تەنگژەیەکدا تێدەپەڕێ تا بگاتە ئاستی نموونەیی، ئاستی کارەکتەرێکی ئەکتیڤ، ئاستی(هەڵگرتن و بەخشینی) پەیام..

## شی کردنەوەیەکی بنیادی ڕووداوەکان

لەو ڕۆمانەدا دوو خاڵی سەرەکی کراونەتە بنچینە بۆ بنیادی ڕووداوکان کە هەر یەکەیان پێداویستی پێداچوونەوە و هەڵوەستە لەسەرکردنن. خاڵی یەکەم خۆی لە دروست کردنی کەسایەتییەکی (نەرێنی ڕەها)دا دەدۆزێتەوە کە خۆی لە نادردا بەرجەستە دەکات. نادر کەسێکە کێشەی منداڵ نەبوونی هەیە، کەچی سەرەڕای ژنەکەی خۆی، کە براکەی شەهید دەبێ، بە پێی دابونەریتی ئەو کاتە گەوهەری براژنیشی لێ مارە دەکەنەوە. دەسپێکی کێشەکان بەو چەشنە خراوەتە ڕوو کە نادر ناتوانێ ئارەزووە سێکسییەکانی ژنەکانی تێر بکات. لە ڕۆمانەکەدا هەموو ئاماژەکان ڕوو لەوەن کە دەبێ نادر لە هەموو شتە ئەرێنییەکان کە بۆ پرۆسەی خێزانداری دەست دەدەن نەفی بکرێت. نادر لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی نەفی دەکرێ، چونکە پیاوی وەها لە کۆمەڵی کوردەواری (...هەموو کەس بە چاوی سووک سەیری دەکەن. ڕۆژ نییە دەیان بەرد و پەللاری تێنەگرن ل٩) لە پاڵ ئەو تێڕوانینە دواکەوتووەی کۆمەڵ، لە تێکستەکەشدا هێندەی دیکە نادر لەپێش چاومان ناشیرین کراوە، لەکاتێکدا نووسەر ئەو ڕاستییەش دەخاتە ڕوو کە (نادر دەیزانی کە ژنی لە چەشنی (گەوهەر) و لەو تەمەنە کە هێشتا هەژدەی تەواو نەکردووە، هەر پیاوێک چاوی پێی بکەوێ ئاوات

دەخـــــوازێت هـاوســــەری بێت و بیـکات بە دایـکی منداڵـەکـانی، بۆیە لـەگـەڵ هێنانە گـۆڕێی ئەو مـەسـەلەیە زگـی بە خـــۆی و بە گـــەوهەریش دەســــووتا، دەیزانـی هەردووکـیـــان دەبنە قــوربانـی دەســەڵاتـی باوک و ئەو عـورفانەی کە باووباپیـران کـاری پێ دەکەن ل٩)، کەچی نادر نـەک هەر دەکـرێتـە مـرۆڤـێکی بێ دەسـەڵات لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو عــورفــانە، بەڵکو دەکـــرێتـــە بوونەوەرێکی ئیـفلیج و بێ توانست لە کـاروباری ژیان، نادر (جەستـەیەکی ڕەقـەڵەو بێ تاقـەتی هەبوو بەجۆرێک لە ژیانی لادێدا نەیدەتوانی وەک پیـــاوەکـــانی دیکە لە بەرهەمهێنان و هەڵسووڕاندنی ئیشوکاری نێو زەویوزار و دروونەو جووت کردن و کارە پڕ زەحمەتییەکان لێهاتووانە بەشـــداری بکاو جێ دەســـتی دیار بێت. ل٨)، بـەڵکو لەوەش زیاتر دەکرێتە کەسێکی قێزەون، ئەوەتا نووسەر باس لەوە دەکـات گـەوهەر هەر جـارێک لەنادر نزیک دەبووەوە (لەگـەڵ ناخـۆشی بۆنی هەناســەی هێـڵنجی دەهاتێ و چیـوای نەدەما بڕشـێتـەوە ل١٢) گەوهەر لە شوێنێکدا دەڵێ (...ئەمن کو بێزم دێ نادری ماچ بکەم و قـەتیش لێ ناگـەڕێم قـەلبم بە ڕووتی ببـینێ ل٣٨) کەواتە بنیـادی کەسیەتی (نەرێنی ڕەها) خۆی لەسەر ئەم ڕەگەزانە دامەزراندووە:

**ڕەگەزەکانی حاڵەتەکانی بەرجەستەبوون**

تایبـەتمەندی بـایۆلۆژی...... کـێشـەی منداڵ نەبوون، کارا نەبوون لەناو جێگا

تێـــڕوانینی کـــۆمـــەڵایەتی........ پەللاروتوانجی دەوروبەر

خەسڵەتە سایکۆلۆژییەکان.... داخراوی، تەمومژاوی، خۆدانە دەست چارەنووس

تایبـەتمەندی جـەسـتـەیی..... لاوازی، بێ توانایی لە پرۆسەی کار و بەرهەمهێنان.

سەرئەنجام تێڕوانینی گەوهەریش بۆ نادر دەبێتە مۆری کـۆتایی بۆ دامـەزراندنی ئەو کـەسـایەتیـیـەی دەبێـتـە دەسپێک بۆ ڕووداوەکانی داهاتووی ناو ڕۆمانەکە.

ئەو کـەسێـتـییـە نەرێنییـە لە بنیـادی ڕۆمـانەکـەدا بەو ئاراستـەیە کێشمان دەکات کە ئێمەش هەموو سۆزێکمان تەنیــا بۆ گــەوهەر بێت و هەر ئەو بە خـــاوەن ڕەوایـەتی بزانین و بە هەمـوو جـۆرێک پشت بکەینە نادر، نووسـەر لەم هەوڵەی سـەرکـەوتوو بووە، بەڵام خـۆ لە دوای هەمـوو ئەمـــانەشـــدا نادر مـــرۆڤـــێکە، ئەویش قـــوربانـی نـاو واقیعێکی کۆمەڵایەتییە، کێشەی کەسانی قوربانی وەک نادر لەکـایەی ئەدەبدا بەو چەشنە تێڕوانینە پراگـماتییـە چارەسەر ناکرێن، نادر دەشێ کەسێکی جیاواز بێ، یان حاڵـەتی بەرجەسـتە بوونی گـرێ کوێرەیەکی کۆمـەڵایەتی بێ، بەڵام پێویست نییە تا ئەو ئاستە قێزەون بکرێ کە کاریگەری نەرێنی لەسەر بەهای مرۆڤایەتی نادر دابنێ.


لەم ڕۆمـانەدا هەمـوو فـاکـتـەرەکـان کـۆ دەکـرێنەوە، (تێڕوانینی کـۆمەڵایەتی، حاڵـەتی بایۆلۆژی، خەسڵـەتە سایکۆلۆژییەکان، تایبەتمەندییە جەستەییەکان) بۆ ئەوەی کـەسـیـــەتیـــەکی (نەرێنی ڕەها) دروست بکرێ، تا سـەرئەنجام لە پانتـایی ڕووداوەکـاندا نەفی بکرێ. نادر بەهۆی ویست و ڕەفتارە نەرێنییەکانی نییە نەفی دەکرێ کـە لەو حـاڵـەتەدا پاکـانەیەکی لۆژیکی بۆ بکرێ نادر تەنیا، لەبەر ئەوەی ڕەگەزێکی تایبەتی ناو ئەو نەسەقەیە کە بە خەسڵـەتێکی جیاواز لەوێدا هەیە، کـەواتە دەبێ لەپێش چاوی (گەوهەر- کـارەکـتـەری ئیـجـابی) ببێـتـە کـەسێکی قـێـزەون تا بە هیـچ شـێـوەیەک پێـوەندییـەک لەنێوانیـاندا دروست نەبێ، کە ڕێگری لەگەوهەر بکات کاردانەوەیەکی لا دروست بێ!

هەرچەندە من لە هەوڵی نووسینی ڕەخنەی پراکتیزەییدا نیم، بەڵام پێم وابێ مـادام ئامـانجی نووســەر دروست کردنی حاڵەتێکی نەرێنی داخراو بووە، هێندەی بەس بوو کـە ئەو حـاڵـەتە لەســەر پێگە بایۆلۆژییــەکــەی (ئەو پێگەیەش چ لەسەرزەمینەی دەرهاویشتـەکانی زانست، یان وەک حـاڵـەتێکی دەگـمــەن) دامـەزرێنێ و لەوێوە ڕووداوەکانی داهاتووی لەسەر بنیـاد بنێ، تا حـاڵـەتی بە قــــــوربـانـی بـوونـی نـادریش بە دەست دابـونـەریـتـی پاشکەوتووی کۆمەڵایەتییەوە وەها لە دیدی خوێنەر کاڵ نەکاتەوە، بە جـۆرێک بیـخاتە جەمسـەرێکی هەڵوێست وەرگرتن لەو کارەکتەرە. چڕکردنەوەی باری سەرنج لەسەر گـیـــرۆدەیی نادر بەدەست حـاڵـەتێکی بایـۆلۆژی(منداڵ نەبوون) بەس بوو بۆ داڕشتنی بناغەیەک بۆ ڕووداوەکانی داهاتوو، بەڵام کـێشـەی کـارا نەبوونی نادر لەناو جـێگە، بە ناچاری دەمانـگەڕێنێـتـەوە بۆ دۆزینەوەی ڕەگـوڕیشـەی هەبوونی پەیوەستـەییەک لەنێـوان ئەو دوو حاڵـەتە لەسـەر زەمـینەی زانست، ئەوەش هێندەی ڕەوگـەی ڕووداوەکـان بەرەو دروست بوونی گومـان و ئاڵۆزی دەبات، هێندە ئەو سـادەییـە لە بەردەوامی ڕووداوەکـاندا جێگیـر ناکـات کـە

خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەدا چاوەڕوانیەتی.

نارِازی بوونی گەوهەر لەبەردەم ئەو واقیعە تایبەتییەی ژیانی خۆی کاردانەوەیەکی لێ دەکەوێتەوە، گەوهەر پێ دەنێتە ناو بازنەی (تابوو). گەوهەر چەند جارێک جەمال دەبینێ، چونکە ئەو خانووەی جەمال لە شاردا بۆ خوێندن تێیدا دەژی لە کۆڵانەکەی ماڵی گەوهەرە، جەمال هەموو ئێوارەیەک دەچێ دەرس بە منداڵەکەی گولیزەر بڵێ، کە گولیزەریش ژنە شەهیدێکەو ماڵیان لەو کۆڵانەیە، گەوهەر لەوێ جەمال دەناسێ، پاش چەند جارێک یەکدی بینین لە ماڵی گولیزەر، حەز لەیەکدی دەکەن و ڕۆژ بە ڕۆژ ئارەزوویان بۆ یەکدی زیاتر دەبێ، سەرئەنجام شەوێکیان گەوهەر بە نهێنی خۆی دەگەیەنێتە ژوورەکەی جەمال ئیدی ئەو شەوە تا بەری بەیانی وەک دوو فریشتە تێک دەئاڵێن(ل٧١)

ئەو کاردانەوەیەی گەوهەر هەر ئەوەندەی یاخی بوونە کە گەوهەر لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە ململانێ و ئەو کۆتوبەندانەی ناوەوەی خۆی دەشکێنێ کە کولتوور و دابونەریتی کۆمەڵایەتی سنووریان بۆ داناوە، بەڵام لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی کاردانەوەکەی ناگاتە ئاستی یاخی بوون، چونکە ئەو توانایی ئەوەی نییە لەو ئاستەدا بە




پێچەوانەی تەوژم مەلە بکات. گەوهەر ئەو کارە بە پلان و بیر لێ کردنەوە بەوپەڕی نهێنی ئەنجام دەدا، لەوەش دڵنیایە ئەگەر بەیانی منداڵی بوو نادری مێردی هێندە لە کارەکە ناکۆڵێتەوە، تا کەموکوڕی خۆی پێ پەردەپۆش بکات، هەر واش دەرچوو! نە نادر لەو مەسەلەیەی کۆڵییەوە و نە کەسیش لەناو خەڵک بە کارەکەی زانی، کەواتە کاردانەوەی گەوهەر، کە لەسەر بناغەی نارِازی بوون و بێزاری ئەو بەرانبەر ئەو دابونەریتە پاشکەوتووەی کۆمەڵ ئەنجام دراوە، کاردانەوەیەکی یاخی بووانە نییە بەرانبەر واقیعی کۆمەڵایەتی دەوروبەر، چونکە هێندەی لەسەر بناغەی مێنتالیتە کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەری خۆی دامەزراوە، هێندە مەوداکەی بە ئاراستەی دەرچوون لەو بازنەیە نییە. سەرنج دەدەین:

## بنەماکانی کاردانەوە:

- ئاواتی هەبوونی کوڕێک.
- تۆڵەکردنەوە لە مێردی نابەدڵ و برای خۆپەرست.
- (بەنهێنی) پێنانە ناو بازنەی تابوو.
- دان بە خۆداگرتن و ڕازیبوون بە قەدەری (ژیان بردنە سەر) لەگەڵ مێردی نابەدڵ.

## سەرئەنجام: مانەوە لە بازنەی باو

ئەمانە ئەو دەستەواژانەن کە پەیوەستن بە کاردانەوەکەی گەوهەر، سەیر دەکەین هەموویان دەستەواژەی باون کە ئەو سیستمە دواکەوتووە، بەرهەمی هێناون، بۆیە گەوهەر هەر بە قوربانی و هەر بە کۆیلەی سیستمەکە دەمێنێتەوە.

خاڵی دووەم کە ئەویش کراوەتە بناغە بۆ لەسەر دامەزراندنی ئاکامی ڕووداوەکان بریتییە لە نەخۆشییەکەی جیهانی خێزانی جەمال. دیسان ئەوەش جارێکی دیکە هەولێکە بۆ دامەزراندنی (هەڵوێستێکی نەرێنی ڕەها). جیهان تووشی نەخۆشییەکی کوشندەی منداڵدان دەبێ، پاشان بەهۆی نەشتەرگەرییەوە منداڵدانی دەردەهێنن. دوای ئەوە جیهان بە جەمالی هاوسەری دەڵێ (..پیاوەکە، ئیدی من بە عەمەل ژنایەتی نایەم ل٢٥٠) لێرەدا نایەینە سەر ئەوەی کە ئەم خاڵە تا چەند لەسەر زەمینەی زانستیی دامەزراوە، چونکە ئامانجی نووسەر ئەوەیە بمانخاتە بەردەم حاڵەت و هەڵوێستێکی نەرێنی ڕەها، تا خۆمان لە ڕووبەڕوو بوونەوەیدا ببینینەوە. گەوهەر پاش ئەو هەموو ساڵە کە

بەرێکەوت جەمال دەبینێتەوە، شووی پێ دەکات. سەیر دەکەین گەوهەر لەو حاڵەتەشدا هەر شوو بە پیاوێک دەکاتەوە کە ژنێکی دیکەی هەیە، بەڵام ئەوەش کاردانەوەی گەوهەرە بەرانبەر بە واقیعی ژیانی خۆی.

گەوهەر لە کاردانەوەی جاری یەکەمی دابونەریت و کولتووری کۆمەڵگە ڕێگری لێ دەکەن، بەڵام لە جاری دووەمی دابونەریت و کولتووری کۆمەڵگە یارمەتی دەدەن. گەوهەر نە لە جاری یەکەم نە لە جاری دووەم بەرانبەر دابونەریت یاخی نابێ، چونکە جەمالی بە دڵە لای گرنگ نییە جەمال ژنێکی دیکەی هەیە، بەڵام چونکە نادری بە دڵ نەبوو، بە نابەدڵی لەگەڵی دەژیاو کۆڵی تابووی بۆ هەڵگرتبوو. لەولاوە جەمال لە بەردەم ڕووبەڕووبوونەوەی گرێ کوێرەیەکی ژیاندا ئامادەیە ژن بەسەر جیهانی خێزانی بهێنێ، لەو سۆنگەیەوە، چونکە لەلایەک جیهانی خێزانی ئیدی ناتوانێ ئارەزووە سێکسییەکانی تێر بکات، لەلایەکی دیکەوە کوڕێکی لە گەوهەر هەیە. ئەگەر ئەو دوو فاکتەرانە نەبوونایە و تەنیا خۆشەویستی فاکتەری سەرەکی بووایە، خۆ دەبوو جەمال ئەو هەموو ساڵە لە سۆنگەی خۆشەویستی و وەفادارییەوە جارێک سۆراخێکی گەوهەری بکردبایەو دوور بە دووری لێی بپرسیبایەتەوە، بەڵام ساڵان و ڕۆژگارێکی زۆر تێدەپەڕن بێ پێوەندی و سۆراخ کردنی یەکدی، هەتا گەوهەر بە ڕێکەوت دێتە بەردەستی جەمال، خۆ ئەگەر (جیهان) تووشی ئەو کێشەیە نەبووایە، هەڵبەت گەوهەر ئەو چارەنووسەی نەدەبوو، کەواتە بە پلەی یەکەم سێکس فاکتەری دووبارە دروست کردنەوەی ژیانە لای گەوهەر بە هۆی جەمالەوە. جیهان هاوسەری خۆشەویستی جەمالە ساڵانێکە بەیەکەوە دەژین، دوو منداڵیان بەیەکەوە گەورە کردووە، لە خۆشی و ناخۆشیدا بەیەکەوە بوون، بەڵام ئیدی جیهان لەو کاتەی لە ڕووی سێکسییەوە لە ژنایەتی دەکەوێ لەوێوە کۆتایی دێت، ئەگەرچی بە زمانی خۆی بە جەمالی مێردی دەڵێ بۆ خۆت ژنێکی دی بهێنە!! (ل٢٥٠)، بەڵام بێ گومان بە دڵی خۆی نییە کە داوا لە جەمالی مێردی دەکا ژنی بەسەر بێنێ، هەرچەندە ئەو نابەدڵییە لە ڕۆمانەکەدا نەخراوەتە ڕوو، بەڵام ئەگەر ئەوپەڕی ناچاری نەبێ ئاخۆ دەبێ چ مرۆڤێک بەوە ڕازی بێ کەسێکی دی بکاتە هاوبەش لە سۆز و خۆشەویستی هاوسەرەکەی. ژنان خۆیان ئەو ڕاستییە دەزانن کە هەموو ڕێخۆشکەرییەک بۆ پیاو فەراهەمە تا لەو حاڵەتەدا بتوانێ ژنێکی دی بهێنێ، بۆ ئەوەی لە خۆشی سێکس بێبەش نەبێ. ژنان بە سوود وەرگرتنیان لە ئەزموونی کۆمەڵایەتی، ئەو پرۆسەیە بە کارێکی حەتمی دەزانن بۆ سەر چارەنووسی پڕ لە بەدبەختییان، بۆیە هەندێ جار دێن خۆیان بە مێردەکانیان دەڵێن کە ژنیان بەسەر بێنن، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ دەرئەنجامە نێگەتیڤەکانی ئەو پرۆسەیە لەسەر ژیانی ئایندەی خۆیان کەمێک سووکتر بکەن. لەسەر بنەمای ئەو تێڕوانینە کە ناکۆک نییە لەگەڵ دابونەریت و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئەو کولتوورە کۆمەڵایەتییە، دەبینین مێینە ئیختیزال دەکرێ، تەنیا بۆ جەستە، بۆ ئامرازێک وەک ئەوەی تاکە فرمانێکی هەبێ، ئەویش تەنیا تێرکردنی حەزە سێکسییەکانی پیاو بێ، بە چاوپۆشین لەوەی کە لەناو دامەزراوەی خێزاندا فاکتەرێکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و ئابووریشە (ئەگەر باسەکەمان لەسەر ژنانی ناو ئەم ڕۆمانە نەبووایە، ئەوە لە سەردەمی ئێستادا دەمانگوت فاکتەری کارای سیاسەت و بەرهەمهێنانیشن) لەگەڵ پووکانەوەی توانایی ئەنجامدانی پرۆسەی سێکسی، هەموو فاکتەرەکانی دیکە بەلاوە دەنرێن.

چارەسەرکردنی ئەدەب بۆ کێشەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا کارێکی ئاسان نییە، کارێکە بەرپرسیاریەتییەکی زۆر هەڵدەگرێ، لەو ڕۆمانەدا دەکەوینە بەردەم کێشەیەکی ڕاستەقینە، کە نووسەر دوور لە کاریگەرییە تیورییەکانی ئایدیۆلۆژیای دۆگما ئازایانە هێناویەتییە بەرباس.

جەمال لە قۆناغێکی تەمەنی وەهادایە کە جارێکی دیکە پیاو لەو تەمەنەدا حەزە سێکسییەکانی کاراتر دەبن، تەنانەت ئەو قۆناغە ناوی (قۆناغی هەرزەکاری دووەم)ی لێ نراوە، کە تێیدا پیاو زۆر پێویستی بە تێرکردنی پێداویستی سێکسی دەبێ، ئاکامی ڕووداوەکانی ناو ئەم ڕۆمانە کە لە بەیەکگەیشتنی دوو کارەکتەرە سەرەکییەکەدا خۆی دەنوێنێ پرسیاری دیکە دەورووژێنێ، ئایا ئەگەر جەمال لەبەر خۆشەویستی و وەفاداری بۆ ژنەکەی تا پێی نەچێتە سەر پێشێل کردنی مافەکانی، ژن نەهێنێتەوە، ئەی چی لەو پێداویستییە بایۆلۆژییە بکات کە لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا نییە؟

ئایا ئەوە جەمال ناچار ناکا، کە لە دەرەوەی سنووری خێزاندا و بە نهێنی حەزەکانی خۆی تێر بکا؟ لە کاتێکدا

خاوەنی سەروەت و سامانێکە کە کاری وەهای بە ئاسانی بۆ مەیسەر دەبێ؟ یان لە ژنەکەی خۆی جیابێتەوە، ئینجا ژنێکی دیکە بهێنێ؟ واتە ئیدی لەپێناوی حەزە سێکسییەکانی خۆیدا ژنەکەی بە نەهامەتی تەنیایی بسپێرێ؟ یان ئایا جەمال لە سنووری تێک نەدانی شیرازەی خێزانەکەی، ژنێکی دیکە بهێنێ؟ یان بەقەدەری ژیان ڕازی بێ و ئیدی دەسبەرداری حەزو ئارەزووە سێکسییەکانی بێت؟

بەڕاستی نووسەر دەمانخاتە بەردەم کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و (مرۆڤایەتی) کە لە هەوڵی چارەسەرکردنیدا، هەڵبژاردنی هەر ڕێگەچارەیەک کۆمەڵێ پرسیاری ڕاستەقینە دەورووژێنێ، بۆ نموونە:

لەو ڕۆمانەدا جەمال ڕێگەی سێیەم هەڵدەبژێرێ، ئەو هەڵبژاردنە هەرچەندە بە چەشنێکی نموونەیی وەها خراوەتە ڕوو کە مرۆڤ نەتوانێ لەگەڵی ناکۆک بێ و وەک حاڵەتێکی زۆر تایبەتی و دەگمەن حسابی بۆ بکات، گەوهەر کە هێشتا ژیانی زۆر بە بەرەوە ماوە کێی لە جەمالی کۆنە دەزگیرانی باشتر دەست دەکەوێ، کە باوکی ڕاستەقینەی کوڕەکەیەتی و هیچ کێشەیەکی ئابووری نییە و ئەو کارەش بە ڕەزامەندی هەموو لایەک مەیسەر دەبێ، بەڵام کێشەکە لێرەدا کۆتایی نایە. کێشەکە ئاوێتەی ئەو ڕەهەندانە دەبێ کە تێکستەکە لەو ئاکامەدا بەرجەستەی کردووە، چونکە ئەو ئاکامە لە کۆتاییدا جارێکی دیکە (با بە مەبەستیش نەبێ) دەمانباتەوە سەر مژاری بانگەشە کردن بۆ دیاردەی فرەژنی، ئەوەی دەمانخاتە ناو سنووری ئەو پرسەش بریتییە لە ناکۆک نەبوونی گەوهەر لەگەڵ ژیانی هەوێداری! سەیر دەکەین:

**یەکەم:** گەوهەر لەدوای شەهید بوونی مێردەکەی، دووجار شوودەکات، هەردوو جار بەو پیاوانەی کە ژنی دیکەیان هەیە، هەرچەندە لەجاری یەکەم بەبێ ویستی خۆی ئەو چارەنووسەی بۆ هەڵدەبژێرن، بەڵام ئەو نە لە جاری یەکەم و نە لەجاری دووەم کێشەی لەگەڵ ئەوە نییە پیاوەکەی ژنی دیکەی هەیە، (بەلای کەمەوە، چونکە ئەوە لە ڕۆمانەکەدا بە ڕوونی نەخراوەتە ڕوو، گەوهەر لەسۆنگەی خۆبەراوردکردنی لەگەڵ ژنانی دیکە، لە خۆزگەی بۆ هەبوونی پیاوێک کە حەزەکانی تێر بکات، لە ژیان بردنە سەر لەگەڵ نادر بێزارە) گەوهەر (جارێکی دیکەیش وەک لە ڕۆمانەکەدا خراوەتە ڕوو) کێشەی لەگەڵ خودی پیاوەکە هەیە. پیاوەکە خۆشی دەوێ، یان نا؟ لە مامەڵەی کۆمەڵایەتی لەگەڵیدا گەرموگوڕە؟ پیاوەکە لەئاستی تێرکردنی حەزە سێکسییەکانیدایە؟ دەشێ پیاوەکە ببێتە باوک بۆ منداڵەکانی؟

**دووەم:** گەوهەر بەو هەموو ئاقڵمەندی و هێمنییەی کە لە ئەزموونەکانی ژیان فێری بووەو ئەو هەموو ساڵە پاش مردنی نادر، بە تەنیایی و بێ دەرەتانی دوو منداڵی گەورە کردووە، جێی تێڕامان و پرسیار نییە نەیتوانیبێ شوو بە کەسێکی دیکە بکاتەوە کە ژنی دیکەی نەبێ؟ ئەوێک کە تا ئەو ڕادەیە ئازادی لە دەست خۆی بووە کە بڕیار بدا لە تەمەنێکدا شووبکاتەوە، کە کوڕ و کچەکانی کاتی شووکردنیان هاتبێ و خاوەنی ئەو هەموو جوانییە بێ، ئەو ئازایەتیەشی تێدا بێ بڕیار لە ژیانی خۆی بدا، دەیتوانی چارەنووسی خۆی دیاری بکات، بە عەقڵ و هۆشمەندی خۆیشی دەیتوانی خۆ لەو ئەگەرە نێگەتیڤانە بپارێزێ کە دەشێ لەو هەنگاوەیدا بێنە ڕێگەی.

خۆ (ئەگەر بە مەبەستیش بێ) دەکرێ قەناعەت بە خۆمان بێنین کە فرە ژنی پرۆسەیەکی خاڵییە لە بە کۆیلە کردنی مرۆڤ؟ ئەگەر ئەوە چارەسەرێکی دادپەروەرانە بووایە و مافی مرۆڤ لەو پرۆسەیەدا پێشێل نەکرابایە، بۆچی لە پرۆسەی بنیادنانی کۆمەڵگەی تازەو جێگیرکردنی مافەکانی مرۆڤدا هەموو وزەیەک بۆ دژایەتی کردنی ئەو دیاردەیە خراوەتە گەڕ؟ ئەگەر ئەو دژایەتی کردنە بەرئەنجامی مێژووی ئەزموونی تاڵی مرۆڤایەتی نەبێ، خۆ هەر تەنیا لە زەمینەیەکی زاتییەوە سەرچاوەی نەگرتووە. ئەو پرسیارانە هەر تەنیا پرسیارێک نین وابەستەی هەندێ ڕەهەندی تیوری و ئایدیۆلۆژی بن و بەس، ئەوانە پرسیاری گەورەن شایستەی تێڕامان و لەسەر وەستانن، چونکە هەر هەنگاوێک، لە بەهای مرۆڤ کەم بکاتەوە، هەر هەنگاوێک مرۆڤ بکاتەوە بە کۆیلە بەقەد ئەوەی کێشەو گرفتە هەرگیز چارەسەر نییە. ئەگینا لەبەردەم کێشەو گرێ کوێرەکانی ژیاندا، ئەگەری هەموو چارەسەرێک والایە کاتێک ڕەچاوی بەها مرۆڤایەتییەکانی تێدا دەکرێ.

## کۆتایی

ئەوەی لە ئەدەبدا مەترسیدارە ئەوەیە کە دەشێ دەرهاویشتەکانی ببنە مۆدێل و نۆرم بۆ ژیانی

کۆمەڵایەتی، دەشێ زۆر دیاردە لەسێبەری ئەو دەرهاویشتانە ڕەوایەتی بەخۆیان ببەخشن، چونکە ئەدەب بەو خەسڵەتەی کە هەڵگری پەیامێکی مرۆڤایەتییە، زۆر جار ئاستی خۆشەویستی خەڵک بۆی لە سنووری ڕێز و حورمەت پەڕیوەتەوە بۆ تەقدیس کردن، بۆیە دەبێ نووسەر زۆر بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ چارەسەری کێشەکاندا بکات.

ئەو ڕۆمانە ئەگەر سەرلەبەریشی لە ڕووداوی ڕاستەقینەی ناو کۆمەڵگەی خۆمان بە بێ دەستکاریش هەڵێنجرابێ، بەڵام نووسەر وێنەی دنیایەکمان بۆ دەکێشێ، کە ئاوێتەیە بە خەونەکانی، سەیر دەکەین کەسایەتییەکان هەموویان بە زمانی گوڵ لەگەڵ یەکدی دەدوێن، هەموویان بە چاکی و بەبێ کێشە لەیەکدی تێدەگەن، گرێ ئاڵۆزەکان هەموویان بە ئاسانی دەبنەوەو کێشەکانیش هەموویان بە چارەسەری خۆیان دەگەن. دیارە هەموومان دەزانین کە ژیان لە ڕووە واقیعییەکەیدا بە چەشنێکی دیکەیە، نادرەکانی ناو واقیع هەرچۆنێک بن، بەڵام چونکە پیاوی ناو کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارین هێندە بە ئاسانی دەستبەرداری (شکۆی پیاوەتییان!!) نابن، جەبارەکانی ناو واقیع هێندە بەئاسانی نایەنەوە سەر ڕاستە شەقامی ژیان. لە کۆمەڵگەیەکدا کە ڕەگوڕیشەکانی کۆیلایەتی فەراهەمە، ناهێڵن گەوهەرەکان، گولیزەرەکان، دڵخوازەکان بەو پاکییە بمێننەوە، بەڵام کاتێ نووسەر دنیامان بەو شێوازە دەخاتە بەردەم، دەیەوێ پەیامێکمان پێ ڕابگەیەنێ، ئەو پەیامەش خۆی لە ڕەهەندەکانی ئەو دیوی تێکستەکە دەخاتە ڕوو کە پەیامی خۆشەویستی و لێبووردەییە لە نێوان مرۆڤەکان.

فەیلەسووفەکان و ئەزموونەکانی ئەدەبی لەسەر ئاستی دنیا لەمێژە هەوڵی ئەوەیان داوە کە لە پێناوی چەسپاندنی ئەو ئامانجە لە ڕێگای هەزاران چیرۆک و ڕۆمانی (هەپی ئێندە)وە ئەو پەیامە بگەیەننە مرۆڤەکان تا بتوانن مرۆڤی ئایدیالی لە ڕووی ڕەفتار و بیرکردنەوەوە پەروەردە بکەن. من ناڵێم ئەو هەوڵانە کاریگەریی باشیان لەسەر مرۆڤەکان نەبووەو نابێ، وەلێ ئەفسووس دیارە دنیای خەون و دنیای واقیع زۆر لەیەکدی جودان، ئەوەی مرۆڤەکان لە پانتایی ڕۆمانێکی وەها لە سۆنگەی خۆشەویستی و لێبوردەیی لەگەڵ یەکدی کۆدەکاتەوە، لە دنیای واقیعدا مرۆڤەکان ناتوانن بەو زمانە لەگەڵ یەکدی بدوێن، چونکە لێرەدا ئەوان وابەستەی سیستمێکی کۆمەڵایەتین، کە ململانێی نێوان بەرژەوەندییەکان دەبنە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی بە دڵۆڤانی لەگەڵ یەکدی ڕەفتار بکەن، کە سیستمێک لە ڕێگای چەسپاندنی ڕێسای دادپەروەری جێگیر نەبێ، مەحاڵە (بەزەیی بەیەکدیدا هاتنەوە) کێشەکان چارەسەر بکات، چونکە خۆ کێشەی نێوان مرۆڤەکان هەر تەنیا کێشەی زاتی نین، کە پەیوەست بن بە خەسڵەتی تاکەکانەوە بەقەد ئەوەی ئەوانیش لەژێر پاڵەپەستۆی مەرجە کۆمەڵایەتییەکاندان، هەر ئەو مەرجانەشن کە سنوور بۆ ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانیان دەکێشن. ئەگەر وا نەبوایە خۆ دەبوو مرۆڤەکان بەر لە چەندان هەزار ساڵەوە لەوپەڕی خۆشی و بەختەوەری لەگەڵ یەکدی بژیانایە، چونکە ئەوان چەند هەزار ساڵە گوێ لە حیکمەتەکانی فەلسەفەو وتاری ئایینەکان دەگرن، کە هەر هەموویان، (بەڵام هەریەکەیان بە چەشنێک) بانگەشەی لێبوردەیی و خۆشەویستی دەکەن، کەچی کە ئاوڕ لە مێژووی مرۆڤایەتی دەدەینەوە، هەر چیرۆکی ڕووباری خوێن دەخوێنینەوە.

دوا شتێک دەربارەی ئەم ڕۆمانە بوترێ، ئەوەیە نووسەر بەم کارەی وەک ئەزموونێک لە بواری ڕۆمان نووسیندا پێمان دەڵێ کە سەلیقەیەکی چاکی هەیە بۆ نووسین و هیوای ئەوەی لێ بە دی دەکرێ پەرە بە هێز و توانایی خۆی بدات تا هەر هیچ نەبێ لە ئاوەدان کردنەوەی کتێبخانەی هەژاری کوردی بە ژانرێکی ئەدەبی وەک ڕۆمان هاوبەشی بکات، بە تایبەتی نووسەر کە خۆی ئاگاداری ئەدەبی هاوچەرخی ئەو سەردەمەیەو چەند کارێکی جوانی لە گەنجینەی ئەدەبی ڕۆماننووسی دنیادا کردووە بە کوردی، هەروەها پێشتریش ئەزموونێکی دیکەی لە بواری ڕۆماننووسیندا بڵاو کردووەتەوە.

**تێبینی:**

**هەموو پەرەگراف و ڕستەکان لە ڕۆمانەکە دا وەرگیراون. بڕوانە: من لە کتێبی ڕووداودا، نووسینی عوبێد مەجید، دەزگای مێرگ، هەولێر، ٢٠١٠.**

# وەرگێڕانی چەمک و زاراوە ڕەخنەیی و تیوریکەکان

د. بەختیار سەجادی
(زانکۆی کوردستان، سنە – بەشی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی و زمانناسی)

٢٩- زانست، زانیاری، زانا

یەکێک لە مەبەستە سەرەکییەکانی من لە کاری نووسین و وەرگێڕان، بێجگە لە ئاراستە کردنی کۆمەڵێ تێزی ئەدەبی و فەلسەفی، بریتییە لە هەوڵدان بۆ دانان و گشتگیر کردنەوە و مسۆگەرکردنی شێوازی زانستی لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی پاراو و یەکگرتوو (لێرەدا ئاوەڵناوی "زانستی"م بە مانا بەربڵاوەکەی بەکار هێناوە کە تەنیا لقە زانستییەکان وەک بیرکاری و مەنتیق نەگرێتەوە، بەڵکو دەقە فەلسەفی و تیوریکەکانیش بگرێتەوە)، ئەمەش قەدەری سەرجەم ئەو کەسانەیە کە لە بوارە جیاجیاکاندا بە کوردی دەنووسن. هۆکارەکەشی ئاشکرایە و دەگەڕێتەوە بۆ پەرەنەسەندن و گەشەنەکردنی شێوازی زانستی لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی بەربڵاو و بەردەوام و گشتگیر لە بەراورد لەگەڵ زمانە زیندووەکانی جیهاندا، تەنانەت لە چاو زمانە دراوسێکانی وەک فارسی و عەرەبی. دیسانەوە، چەندین هۆکاری چەندلایەنە لە پشت ئەم گەشەنەکردنەوەیەدان کە ئێرە شوێنی باسکردنیان نییە، هەر بۆیەش کەسانێکی وەک من ڕۆژانە ڕووبەڕووی هەڵەی ناو دەقە جیاجیاکان دەبنەوە جا چ دەقی نووسراو بێت، یان دەقی بەرنامە و هەواڵێکی ڕادیۆیی و تەلەڤزیۆنی، یان دەقی دانراو لە ماڵپەڕێکی ناو ئینتەرنێتدا. یەکێک لەو هەڵانەی بەردەوام گوێبیستی دەبین بەکارهێنانی ئەو وشە و مۆرفیمانەیە لە کرداری "زانین"ەوە چێ کراون وەک زانست، زانیار، زانیاری، زانا، زان، زانی.

زانست، واتە "علم" یان science لق، یان بوارێکی پسپۆڕانەی زانکۆییە کە تێیدا زانیاری واتە "دانش" یان knowledge بەرهەم دەهێنرێ. کەواتە، لەدایکبوون، یان بووژانەوەی زانیاری لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی زانستییەوە سەر دەگرێ؛ لە لایەکی ترەوە، بە کارهێنانی "زانا" بۆ scientist ئەمڕۆکە لەکوردیدا بۆتە باو و لە جیاتی "عالم" یان "دانشمند" بەکار دەبرێ، ئەمەش

وەرگێڕانێکی هەڵەیە. بە کارهێنانی "زانا" بۆ scientist جۆرێکە لە کورتوکۆکردنەوەی واتای سەرەکی ئەم وشەیە، واتە جۆرێک لە دابەزینی ئاستی واتای ڕاستەقینەی ئەم وشەیە، وەک چۆن دەوترێ "زانایانی ئەستێرەناسی"، یان "زانایانی بواری دەروونزانی". بە کارهێنانی "زانا" لەم دەستەواژانەدا دیسانەوە هەمان ڕەهەندی "ساکارسازی"مان وە بیر دەهێنێتەوە کە لە زمانی کوردیدا و لەبەر هۆکاری ئاشکرا و لەسەر دەستی چەند نووسەرێکی سەردەمانی ڕابردووەوە ئامادەبوونی هەیە و لە ئەنجامدا زەینییەتێکی ساکارسازانەی بۆ سوژەی کوردی بەرهەم هێناوەتەوە.

زانا لە زمانی کوردیدا، هەمان دانایە لە فارسیدا. بە سەرنجدان بە مانای جیاوازی کرداری to know لە فارسی و کوردیدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەم کردارە لە کوردیدا خاوەنی دوو مانایە کە بریتین لە "زانین" و ناسین". دیارە ئەم دوو کردارە لێک جیاوازن، کەچی لە هەندێ دەستەواژەدا لەبری یەک بەکار دەبرێن. بۆ نموونە لە دەستەواژەی "دەروونناسی"دا، واتە psychology پاشگری logy بە مانای ناسینە نەک زانین، کەواتە بە کارهێنانی ئەم زاراوەیە بە شێوەی "دەروونزانی" هەڵەیە. هەر بە هەمان شێوە، پێویستە لە بری زیندەوەرزانی لە زیندەوەرناسی کەڵک وەربگرین، کەواتە دەبێ لە جیاتی دەستەواژەی "زانایانی بواری زیندەوەرزانی" لە "زانیارانی بوارای زیندەوەرناسی" یان "زانستمەندانی بواری زیندەوەرناسی" کەڵک وەربگیرێ. لەوانەیە لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەماندا لەگەڵ ئەم دوو دەستەواژەیەدا وا هەست بکەین جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نییە، کەچی ئەمە ڕێوڕاست هەمان تایبەتمەندیی "ساکارسازی" و "گشتیکردنەوە" و "کورتوکۆکردنەوە" یە کە بە شێوەیەکی زەقوزۆپ لە زمانی کوردیدا بە گشتی و لە دەقە فەلسەفی و زانستییەکاندا بە تایبەتی دەبینرێ. لێرەدا سەرنجدان بە هاوپێوەندیی دوولایەنە و پێچەڵپێچی نێوان زمان و زەینییەت لە لایەکەوە و پرۆسەی فرەڕەهەندی چێبوونی شوناس لە ڕێگەی زمانەوە لە لایەکی ترەوە پێویستە.

یەکێکی تر لە داهێنانە کۆمیکەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی و لەسەر دەستی چەند نووسەرێکی بە ڕاستی ناشارەزا و دوور لە کاروانی زانستیی جیهانی هاوسەردەم بریتییە لە بەکارهێنانی وشەی "فرەزان" وەک هاوواتایەکی کوردی بۆ زاراوەی "فرزانە" یان "دانشمند". دیارە ئەم وشەیە نەیتوانی و ناشتوانێ ئەو مانایە بپێکێ، چونکە وەک دەزانرێ "فرەزان" لە کوردیدا خاوەن دەلالەتێکی یەکسەر جیاوازە و لە بەستێنێکی زانستیدا بە کار نابرێ. لەو بەستێنە تایبەتەدا زانیار، یان زانستمەند پێویستە لەبری "زانا" بە کار ببرێ. ڕاستە زانیار خاوەنی زانیارییە و زانیاریش لە زانست جیایە، بەڵام هەر ئەم حاڵەتەش لە فارسیدا ڕووی داوە و "دانشمند" لە ڕاستیدا وەرگێڕانی scientistیە و پسپۆڕی بوارێکی "علمی"ە نەک زانیاری؛ ئەمەش نزیکی زۆری "علم" لە "دانش" دەردەخات. لە کوردیدا دەکرێ زانستمەند دروست بکرێ، وەک بیرمەند. بەم کارەشمانەوە ئەو هەڵەیەی زمانی فارسیمان دووبارە نەکردۆتەوە، چونکە وەرگێڕانی وشە بە وشەی "دانشمند" لە کوردیدا دەبێتە "زانیاریمەند" کە دیارە ئەمەش ڕۆنانێکت هەڵەیە و کەس بە کاری ناهێنێ، کەواتە بەکارهێنانی "زانستمەند" لە زمانی کوردیدا دەقاودەق و بە دروستی وەرگێڕانی scientist ـە. لە لایەکی ترەوە "زانیار" هەمان "دانشمند" کە وەرگێڕانی دروستی ئەمەش لە کوردیدا دەبێتە "زانستمەند".

لە کۆتایی ئەم یاداشتەدا ئەوەش بڵێم کە ئەمڕۆکە لە زمانی ئینگلیزیدا science تەنیا دەلالەت دەکاتە سەر بوارە جیاجیاکانی زانستە سروشتی و ئەزموونییەکان وەک فیزیا و کیمیا و بیرکاری و زیندەوەرناسی و زەویناسی و...تاد، هەر بۆیەش با لە بیرمان نەچێتەوە کە لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ بەشێکی زۆر لە لقەکانی زانستە مرۆییەکان زاراوەی "زانست" بەکار ناهێنرێ.

### ٣٠- کۆمەڵ، کۆمەڵگا، جڤاک، جڤات

پرسی جیاوازییەکانی نێوان کۆمەڵ و کۆمەڵگا لە ڕاستیدا بە دەستپێکی باسێکی گرنگ و وردەکارانە دادەنرێ کە پێوەندی بە "کۆمەڵ"ێک پرسی کۆمەڵناسانەوە هەیە. دیارە لەم ڕستەیەدا من "کۆمەڵ"م بە مانای کۆمەڵگا بە کار نەهێناوە، کەواتە کۆمەڵ لە کوردیدا گەلەک مانای تریشی هەیە، هەر بۆیەش من دەبوایە بڵێم ئەم باسە پێوەندی بە کۆمەڵێک پرسی کۆمەڵگاناسانەشەوە هەیە. ئەمە هەڵەیەکە هەموان و تەنانەت منیش هەر بەو شێوەیە زاراوەکە بەکار دەهێنین. واتە، دروستتر ئەوەیە بڵێین کۆمەڵگاناسی کەچی دەڵێین کۆمەڵناسی، ئەمەش جێکەوتووە و مینش هەر بە هەمان شێوە بەکاری دەبەم. دیارە کۆمەڵ لە کۆمەڵگا جیایە وەک چۆن community لە society جیاوازە. ئەم کێشەیە لە زمانی فارسیشدا لە نێوان "اجتماع" و "جامعە"دا هەیە کە تەنانەت زۆرێک لە نووسەرە فارسەکانیش سەرنجی نادەنێ؛ واتە زۆرجار لە بری "جامعە" کەڵک لە "اجتماع" وەردەگرن.

بنەڕەتی ئەم کێشەیە بەر لەوەی زمانناسانە بێ، کۆمەڵناسانەیە. لە کۆمەڵناسیدا جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان کۆمیۆنێتی (کۆمەڵ) و سۆسایێتی (کۆمەڵگا)

دا. کۆمیۆنێتی لە بەستێنێکی پێش مۆدێرندا بەکار دەبرێ و سۆسایێتی بۆ پێناسەی کۆمەڵگای مۆدێرن دێتە بەکارهێنان. لێرەدا دەبێ سەرنج بدرێتە تیورییە کۆمەڵناسانەکانی بیرمەندی ناسراوی بواری فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و ناسیۆنالیزم ئێرنێست گێلنێر و ڕوانگەکانی لەسەر جیاوازی نێوان کۆمیۆنێتی و سۆسایێتی. دەکرێ بڵێم ئەوەی لە شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستاندا دەیبینین تێکەڵاوێکە لە کۆمەڵ و کۆمەڵگا، واتە ئەگەرچی لە شارە گەورەکانی کوردستاندا تا ڕادەیەک هەست بە هەبوونی سۆسایێتی دەکەین، هەر بە هەمان شێوەیەش، لە گوندەکاندا و تەنانەت لە شارەکانیشدا ئەوەی دەیبینین کۆمیۆنێتییە. بە واتایەکی ڕوونتر، لە هەر کوێ خەسڵەت و یاساکانی کۆمەڵگای مەدەنی و مۆدێرن لە ئارادا بوو، ئەو شوێنە سۆسایێتییە نەک کۆمیۆنێتی؛ هەر بە هەمان شێوەش، لە هەر شوێنێک خەڵک بە شێوەی سوننەتی و پێش مۆدێرن ژیان ببەنە سەر، ئەوە کۆمیۆنێتییە نەک سۆسایێتی. لە کوردستاندا بە هۆی پارچەپارچەبوونی ئەم پۆلێنکاریانەوە ناتوانین بڵێین شار، یان گوندێک بە تەواوی سۆسایێتییە، یان کۆمیۆنێتی. لە وانەیە لە قوتابخانەی گوندێکی کوردستاندا بە هۆی ڕەچاوکردنی یاساکانی وەزارەتی پەروەردەوە سۆسایێتی هەبێ، کەچی لە هەمان گوندا شێوەی خوازبێنی و ژن هێنان وامان لێ بکا بڵێین ئەو گوندە کۆمیۆنێتییە نەک سۆسایێتی. لە شارەکانی کوردستانیشدا، هەر بە هەمان شێوە تێکەڵاوییەک لە سۆسایێتی و کۆمیۆنێتی هەیە.


لە لایەکی ترەوە، بەم دواییانە چەند نووسەر و کەناڵێک کەڵک لە "جڤات" یان "جڤاک" وەردەگرن. ئەگەر مەبەست لە جڤات، کۆمەڵ و گرووپ و دەستە بێ، ئەوە دروستە؛ هەر بە هەمان شێوەش، ئەگەر مەبەست لە جڤات هەمان "کۆمەڵ"ـە، دیسانەوە دروستە، بەڵام گرفتەکە لێرەدایە کە لە بەرهەمی چەند نووسەرێکدا جڤات بە مانی کۆمەڵگا هاتۆتە بەکارهێنان کە ئەمە هەڵەیە و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی نێوان کۆمەڵ و کۆمەڵگا کە هەمان جیاوازی نێوان society و com-munity یان نێوان "اجتماع" و "جامعه"یە.

## ٣١- "قیاس" و "استقرا"؛ دەرئەنجام و بەرئەنجام

لێرەدا مەبەست پێناسە و شیکاریی ئەم دوو شێوە و بۆچوونە جیاوازە نییە لە فەلسەفە و مەنتیقدا، بەڵکو مەبەست تەنیا وەرگێڕانی دروستیانە بۆ سەر کوردی. "قیاس" یان deduction لە کوردیدا دەکرێ بە شێوەی "دەرئەنجامگیری" دابندرێ. دەرئەنجامگیری، یان "بەڵگاندنی دەرئەنجامگیرانە" (deductive rea-soning) بریتییە لەو شێوە بەڵگاندنەی کە تێیدا لە گشتەوە دەگەین بە پاژ و ئەگەر پێشەکییەکان دروست بن، ئەوە دەرئەنجامەکەش دروستە. بە واتایەکی تر، دەرئەنجامگیری وەدەستهێنانی گوزارەیەکە لە چەندین گوزارەی تر. هەر کاتێ دوو، یان چەندین گریمانەمان وەک دروست دانا و پێوەندی نێوان ئەم گریمانانەش بە شێوەیەک بێ کە لەم گریمانە دروستانەوە بگەینە ئەنجامێکی مەنتیقی، ئەوە دەبێ ئەو ئەنجامە وەک دروست لە قەڵەم بدەین. بۆ نموونە، ئەگەر پێشگریمانەی یەکەم بریتی بێ لە "مانگ هەسارەیە" و پێشگریمانەی دووەم بریتی بێ لە "هەسارە دەسووڕێتەوە"، کەواتە بە گوێرەی شێوەی بەڵگاندنی دەرئەنجامگیرانە، گوزارەکە بریتییە لە "مانگ دەسووڕێتەوە." نموونە ئاشکراکانی ئەم شێوە بەڵگاندنە هەمان نموونەکانی ئەرستۆیە لە کتێبی ئۆرگەنۆن. ئەرستۆ لەم کتێبە کاریگەرەی زانستی مەنتیقدا باس لەم دوو جۆرە بەڵگاندنە دەکات. نموونەی هەرە ناسراوی بەڵگاندنی دەرئەنجامگیرانە ئەمەیە: هەموو مرۆڤەکان دەمرن، سوقرات مرۆڤە، کەواتە، سوقرات دەمرێ.

لە لایەکی ترەوە، "استقرا" یان induction دەکرێ لە کوردیدا وەک "بەرئەنجامگیری" بە کار بهێنرێ. لە بەڵگاندنی بەرئەنجامگیرانەدا (inductive rea-soning) لە ئاوڕدانەوە لە پاژەکانەوە دەگەین بە بەرئەنجامێکی گشتی. ئەگەر پێشەکییەکان دروست بن، ئەوە بەرئەنجامەکەش بە تەواوی دروستە. بە پێی ئەم خشتەکارییەی خوارەوە جیاوازی نێوان ئەم دوو شێوە فەلسەفەییە باشتر دەردەکەوێ:

بەڵگاندنی بەرئەنجامگیرانە     بەڵگاندنی دەرئەنجامگیرانە



# (پێکەنینی گەدا) لە یادێکی قزڵجی دا

گوشاد حەمە سەعید

قـزڵجی وەک نووسـەرێکی باڵا دەست و ڕۆژنامـەوان و وەرگێڕێکی بەسەلیقە و تێکۆشەرێکی بێ درێژ، ئەگەر لە هەر لایەنێک لەو لایەنانەی بکۆڵرێتەوە، دەکرێ لاپەڕەی پڕشنگداری لێ وەچنگ بخرێ، ئەو پیاوە فـرە بەهرەیەی کـە لەلای ئێـمـە تەنیـا بە (پێکەنینی گـەدا) ناسـراوە و حـەیف و مـەخـابنە ئەویش هەرچەند وتارێکی لەسـەر نووسـراوە، یان لەو لێکۆڵینەوانەی لە بارەی چیـرۆکی کـوردییـەوە نووسـراون باسی کـراوە، دواجـاریش گـوایە سەرجەمی کارەکانی قزڵجی کۆکراوەتەوە لە کتێبێکی ئێسکگران و ناشیریندا چاپ کراوە، هیچ جوانکارییەکی چاپەمـەنی پێشکەوتووی تێدا نییـە، بەڕای من دەکرا بەلانی کەم لە دوو بەرگی ڕێکوپێکدا چاپ بکرابایە.

شتێکی گرنگ لە مەڕ ئەو نووسەرە ئەوەیە هەوڵ بدرێ کارەکانی ئێزگەی ڕادیۆی پەکی ئێرانی کۆکرابانەوە، کە ڕەنگە بەسـەدان وتاری خۆی و کاری وەرگێڕدراوی ئەوی تێدابێ.

بێـجگە لەمـانە دەکـرێ سـینەمـاکـاران هان بدرێن بۆ ئەوەی کـار لەسـەر چیـرۆکـەکـانی بکەن و کـورتە فـیـلمی کۆمێدی سەرکەوتووی لێ بەرهەم بهێنرێ، یان کەسێک ژیانی ئەو و چەندان نـووسـەر و شـاعـیـری دیکە، کـە زۆربەی ژیانیـان لە غوربەت و دەربەدەریدا بەسەر بردووە، بە وردی بنووسـرێتـەوە، کـە گـومـانی تێدا نییـە کـاری باشیـان لێدەردەچێ. من نامـەوێ زۆر لەسەر لایەنە جیـا جیـاکـانی قـزڵجی بدوێم، بەڵکو دەمـەوێ تەنیـا یادێکی قزڵجی و پێکەنینی گەدا بکەمەوە.

بۆ نـووسین لەسـەر ناوەرۆکی چیـرۆکـەکـانی حـەسـەنی قزڵجی، دەبێ بگەڕێینەوە سەر بنەماکانی دید و ڕوانینی ئەم نووسـەرە بۆ ژیان و جیـهـان و کۆمـەڵگا، کەوا دەزانم

ئەمـــەیان گــەڕانێـکی زۆری نـاوێ، چونـکە قــزڵجی لە ئامادەکردنەوەی ئەو سێزدە وانەیەی لەسەر «دیالێکتیکی مێـژوویی و مـاددی» (١) بووە، ئەو دیدو ڕوانینـەی خۆی دەرخستووە، چونکە دیالێکتیک بە بنچینەیەکی پتەوی تیـوری زانســتی دادەنرێ، بێـجگە لەمــەش ئەو زمــانە ساکار و سادەیەی کە لە ڕاستیدا ئاسانکارییەکی گەورە لەبەردەم تێگەیشتن لەو بابەتە گرنگە دروست دەکا، جێی سەرنجە.

هەر بۆیە نووسەری ناوبراو زۆر بە وردی لە پێوەندییە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری گەیشتووە و بە باشی شێوازەکانی دەستنیشان کردووە، بەمەش کارئاسانییەکی زۆری کردووە، کە مرۆڤ ئاسانتر لە بابەتەکان بگات. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە قزڵجی لەناو دڵی گەلەکەی خۆیدا ژیاوە و هەستی قووڵی هەبووە لە ڕزگارکردنی و دەرهێنانی لە چڵپاوی ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتی و چینایەتییانەی ڕۆڵێکی گەورەیان لە پاشکەوتەیی کۆمەڵانی خەڵک بەگشتی و چینەکانی ژێرەوەی کۆمەڵگا بە تایبەتی، هەیە.

ئەم جۆرە نووسینەی نووسەر، هەرچەندە شێوازی گێڕانەوەی بەسەردا باڵا دەستە، بەڵام لەلایەک بابەتە وردەکان، کە لەناو گیانی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگادان، هەروەها زمانە شیرینەکەی جێگای شێوازێکی هونەری پڕ دەکەنەوە، یان ناهێڵن خوێنەر زۆر هەست بە شێوازی گێڕانەوە بکەن. من لەو باوەڕەدام قزڵجی توانیبێتی شێوازی دیکەی هونەری چیرۆک نووسین بەکار بهێنێ، بەڵام باوەڕەکانی ئەو و لەبەرچاوگرتنی باری پاشکەوتەیی کۆمەڵگای کوردەواری زۆر بە هەند وەرگرتووە، بە تایبەتی هەوڵدانی بۆ تێگەیشتنی خەڵکەکە بەگشتی و بە لەبەرچاوگرتنی بیرمەند و نووسەرانی ئەو ڕێبازە فەلسەفییەی کە ئەو باوەڕی پێی هەبووە، کە ئەدەب وەک چەکێک لە شۆڕش و جەنگە چینایەتییەکاندا بەکارهاتووە، ئەو باوەڕی پێی هەبووە و بە کردەوەش جێبەجێی کردووە.

بابەتێکی دیکە، کە زۆر گرنگە ئەوەیە قزڵجی شێوازی ڕیسواکردنی ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییانەی زۆر پێکەنیناوی خستووەتە سەر کاغەز کە بە ڕاستی نەک هەر خوێنەرێکی ئاسایی، بەڵکو چینە باڵاکانی کۆمەڵگای کوردەواری و چەوسێنەرانی خەڵکیش هەست



حەسەن قزڵجی

بە دواکەوتەیی هەڵسوکەوتەکانیان دەکەن، ئەمەش لە ڕاستیدا دواکەوتەیی پێوەندییەکانی بەرهەم هێنانە کە لەناو کۆمەڵگای کوردەواری ڕێک و ڕاست لە شێوازی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، لەوانەش شێوازی چەوسانەوەی خەڵک، کە چینە چەوسێنەرەکان خۆیان بەکارە ناشیرینەکانی خۆیان پێدەکەنن.

چەوساندنەوەی مرۆڤ، بێجگە لە بەرژەوەندی ماددی و پاراستنی پێگەی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی لەسەر حیسابی خەڵکێکی دیکە لە ناو کۆمەڵگایەکی دواکەوتەی وەک کۆمەڵگای کوردەواری بە تایبەتی هی ٦٠-٧٠ ساڵێک لەمەوبەر بەپێی دابێکی کۆمەڵایەتی، ئەوەندە دواکەوتوو بووە کە ئەوپەڕی بێ شەرمی و تکانی ئابڕووی چینە باڵادەستانی کۆمەڵگای دەربڕیوە، سەرمایەداران بە تایبەتی لە وڵاتە سۆسیالەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا لەدوای دووەمین جەنگی جیهانییەوە، ڕۆژ بەڕۆژ دەست بە یاساکانیاندا دەهێننەوە و گۆڕانکاری تێدا دەکەن بۆ پاراستنی لانی کەمی ژیان بۆ خەڵکەکەیان مسۆگەر دەکەن کە هەرگیز باوەڕ ناکرێ بتوانن هەتا سەر بەم جۆرە خەڵکی ڕازی بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا لانی کەمەکەی ژیانی تاکێکی وڵاتەکەیان لە ئاستی باری

ژیانی مامناوەندی ئێرە بەرزترە. بۆ ئەوەی لە باسەکە دوور نەکەومەوە، دەڵێم قزڵجی باوەڕێکی پتەوی بە مەسەلە چینایەتییەکان هەبووە و بە قووڵی سەرنجی پێوەندییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردەواری داوە، زیاتر لەمەش خۆی بە کردەوە تێیدا ژیاوە، هەر بۆیە لەچۆنیەتی کارکردن و بەڕێوەچوونی ژیانیان بە وردی ئاگادار بووە و کاری بەسەر ویژدانی ئەو پیاوەوە هەبووە، ئەمەش نەک هەر لە کارە ئەدەبییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵکو لەسەرجەمی چالاکییەکانی ژیانیدا ڕەنگیان داوەتەوە و هەر لەو پێناوەشدا بوو سەری خۆی دانا.

کەسانی ناو چیرۆکەکانی هەر هەموویان خەڵکی ناو کۆمەڵگان، جووتیار، کرێکار، زەحمەتکێش، ئاغا، کێخوا، بازرگان و وردە مامەڵەچی بە پیاو و بە دەگمەن ئافرەتیشەوە، کە ڕەنگە نەبوونی ئافرەت، یان دەگمەنییەکەی هەر لەبەر ئەوە بێ کە کۆمەڵگای ئێمە پیاوسالار بووە، بە تایبەتی ئەوساکە کە بەدەگمەن لە کاروباری ناو کۆمەڵگا دەرکەوتوون، هەرچەندەی لە کاروباری ناو ماڵ و کێڵگەو...تاد کاریان کردبێ، بەڵام وەک توخمی مێینە حسێبیان بۆ نەکراوە، هەڵبەتە لەنێو کۆمەڵگایەکی ئەوهادا زۆری دەمێنێ کێشەکانیان پێ بگاو مرۆڤ ئەو کێشانە ڕاستەوخۆ ببینێ، ئەمەش ڕوونادا تا خۆیان نەبنە خاوەنی کێشەکانی خۆیان و ڕۆڵی سەرەکی لە چارەسەرکردنیدا نەگێڕن.

قزڵجی لەبەر ئەوەی پێش وەخت لە سروشتی چینەکانی کۆمەڵگاکەی گەیشتووە، بۆیە بە ئاسانی پەردە لەسەر ئەو زوڵم و زۆرە هەڵدەداتەوە، واتە وەک شتێکی کامڵ لەبیروهۆشی نووسەر تاووتو کراون، هەر لەبەر ئەمەشە سەنگی دەربڕینی بابەتەکانی، کە سەر بە جووتیارێکی خەڵکی لادێ لەگەڵ هی خەڵکی زەحمەتکێشی شار بە هەمان توانایی و گەرموگوڕییەوە دەخوێنرێتەوە. ئەو لەلاپەڕە (٣٠١)(٢)دا بە باشی ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە لەسەردەمی خوێندن لە کن مامی فێری چیرۆک خوێندنەوە و زمانی عەرەبی بووە و بەرهەمی کۆمەڵێ چیرۆک نووسیشی خوێندووەتەوە کە لەوانە باوکی کورتە چیرۆک (چیخەف)یشی لەگەڵدا بووە، ئینجا چیرۆکەکانی برایم ئەحمەد و شاکر فەتاح و مارف بەرزنجی و مەم، کە لە گۆڤارەکانی گەلاوێژ و هیوادا بڵاو کراونەتەوە بە وردی ئاگاداریان بووە. گومانی تێدا نییە لەو سەردەمەدا ناوبراوان لە باشترین چیرۆکنووسانی کورد بوون.

ناکرێ هاندانی قزڵجی بۆ ڕەتکردنەوەی زوڵمی چینایەتی، بە دوور لە هاندان و پەرەپێدانی هۆشیاری نەتەوەیی نووسرابن، چونکە ئەو دووانە تەواوکەری یەکدین و بناغەیەکی پتەویشیان لە بیروهۆش و تێکۆشان و ئامانجەکانی نووسەردا هەبووە، هەر لە لاپەڕەی (٣٠١)دا قزڵجی دەڵێ: (چەند ساڵێکیش لە تاوی پۆلیس لە (بازیان) خەریکی تووتن کردن بووم و لەناو وەرزێرەکاندا دەژیام، دەمدی کە وەرزێرەکان گەلێ نەقڵ و حیکایەتیان دەزانی و زۆر بەتام و لەزەت بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە، لەمەش بۆم دەرکەوت کە چیرۆک لەناو کۆمەڵانی ڕەنجدەر و زەحمەتکێشی کورددا تەئسیرێکی زۆری هەیە، بەڵام ئەمە بەو شەرتە کە چیرۆک، یان هەر بەرهەمێکی دیکەی ئەدەبی باری گەلایەتی ببێ)(٣) کەوایە وەک وتم قزڵجی مەبەستێکی سۆسیالی (کۆمەڵایەتی) هەبووە، ئەگەر زۆر نەچووبم، دەڵێم بۆ هۆشیارکردنەوەی کەسێک کە کوێرە خوێندەوارییەکی هەبێ، ئەوە لە شیعر کاریگەرترە، چونکە چیرۆک بە هۆی لێکدانەوەی بیر و عەقڵەوە و بە دواندنی ڕاستەوخۆی ناوەوەی مرۆڤ و خواستەکانی، هەستەکان دەورووژێنێ، چونکە ئەو شرۆڤەکردنەی لە چیرۆکدا هەیە، لە شیعردا نییە، هەر بۆیە قسەیەکی لینین بە نموونە: دەهێنێتەوە، کە گوتوویەتی (دەبێ ئەدەبیات دیموکراتیک بێ، واتە فراوانترین کۆمەڵانی خەڵک تێی بگەن. بەلای منەوە بۆیە پێویستە سادە بێت و ڕەوان بێت، نەک وەک ئەدەبیاتی بۆرژوازی ئاڵۆز و سەخت و تێگەیشتنی زەحمەت بێت)(٤) ئینجا دەڵێ: (نووسینی ئاڵۆز هەرگیز بەڵگەی هونەری نەبووە و نییە)(٥)، بۆیە دەکرێ بگوترێ (پێکەنینی گەدا) ئەدەبێکی چینایەتییە، ئەدەبێکە نووسەرەکەی بە ئاگاو هۆشەوە، بەپێی نەخشەی ڕێبازێکی ئایدیۆلۆژی، بۆ ئامانجێکی چینایەتی نووسیویەتی. بۆ پشتگیری چینێک و بەگژداچوونەوەی چینێکی تر کە چینی زەحمەتکێشان و چینی چەوسێنەرانە، چینی دەرەبەگ، لەگەڵ ڕژێمی کۆنەپەرست بە دامودەزگاکانییەوە. ژمارەی ئەو چیرۆکنووسانەمان کە لە بارەی زەحمەتکێشانی لادێ و ژیانی سەخت و کولەمەرگی پڕ لە ستەمکاری و

بازرگـانە سـووخـۆرە چاوچنۆکـەکـان و بێـویژدانی کـار بەدەستە کۆنەپەرستەکانەوە بەرهەمیان بەدەستەوە داوە کـەم نین. بە تایبـەتی لە قـۆناغی دووەم و سـێـیـەم (١٩٣٩-١٩٦٠)دا لەم بابەتانەیە، بەڵام کەسیان وەک حـەسـەنی قـزڵجی، بەشارەزایی ورد و تاقیکردنەوەی زیندووی ڕاست و بە ئاگادارییەکی زیرەکانەی لە نزیکەوە لەم باسە نەدواون. هۆی ئەمـەش ئاشکرایە، ئەوان وەک ڕۆشنبـیـرێکی مـووچەخـۆری بچـووک، یان گـەورەی حکوومـەت مـاوەیەکی کەمـیـان لەلادێدا بەسـەر بردووە، دڵسـۆزی و پاکی و هەسـتی مـرۆڤـایەتی و ڕادەی تێگەیشـتنی و دواجـار مـەبەست و ئامـانجی سـیـاسی جووڵاندوونی(٧).

بێجگە لە مەسەلە چینایەتییەکان، قزڵجی مەسەلەی نەتەوەکـەی لەبیـر بووە، ئەو کـە پـتـر لەسـەر مـەسـەلە نەتەوەییەکان دەربەدەر و ماڵوێران بووە و داکۆکیکەرێک و کەسێکی چالاک و تێکۆشەر بووە لە کۆماری دیموکراتی کوردستان. لە چیرۆکی (شەهیدی زوڵمە کفن و شۆردنی ناوێ)دا کـە قـارەمـانی چیـرۆکـەکـە لە ترسی ڕاوەدوونان لەسەر مەسەلەی نیشتمان و گەلەکەی بە تۆمەتی سنوور بەزاندن دەکـوژرێ، شـەهیـد بوونیش، یان قـوربانیـدان بەگیان ترۆپکی هەڵوێستە لەسەر هەر مەسەلەیەک، وەک دیاریشـە مـەسـەلەی نیـشـتـمـانی و چینایەتیی پێکەوە شەتەک دراون، بۆ کەسێکی کە بە قووڵی لەو پێوەندییە دیالیکتیکییە دەگاو بازرگانی بە بیروباوەڕ و مەسەلەی خاک و ولاتەکەیەوە ناکات نەختێ گرانتر دەکەوێ، بەڵام مـێـژوو درەنگ و زوو ڕاسـتگۆی و پـاکـیی کـەسـەکـان و هونەرمەندان و نووسەران دەردەخات، وەک ئەوەی ئێستا ئێمە لە ژیان و بەرهەمەکانی (قزڵجی)دا دەیبینین.

بابەتی چیرۆکەکانی قـزڵجی کە بابەتی زیندووی نێـو کـۆمـەڵگای کـوردەواری بوون، ئەو بابەتانەش شـایەنی مشـتومڕ و ئاشکرا کردنن بە ڕیسواکردنیشەوە تەنیا لە توانایی کـەسـێکدا بووە کـە بە وردی لە بارەی ژیـانی کـۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی خەڵکی گەیشـتبێ، چونکە ئەو کەسەی کە کـارەکانی، یان ڕووداوەکانی نێو چیـرۆکـەکـانیـشی لێ ڕوودەدەن، یان لەنێـویدا دەژی، هەرگـیـز ناتوانێ وەک قـزڵجی گـوزارەی لێ بکاو بەو تیـژییـە دەریبـڕێ و ڕیسـوای بکات، چونکە ئەوە تەنیـا سەلیقە و لێهاتوویی هونەرمەندانەی ئەو نووسەرەیە پەی بە کـردنەوەی گـرێ کـوێرەکـان دەبا و عـەقـڵی زیندوو و چالاکی ئەوە دەبێـتەوە کلیلی کردنەوەی کێلۆنی دەرگای ئەو نهێنیـانەی مرۆڤـێکی ئاسایی ناتوانێ بیـانکاتەوە. دیارە قـزڵجی بۆ ئەو کـارەیشی، بێـجگە لەو هۆش و بیـرکـردنەوەیەی کـە دەبێـتـە هۆی پەیبـردن بە نهـێنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکـان، ئەوە پێویستی بەزمانێکی تیـژ و تۆکـمـە و تەڕ و بڕ دەبێ بـۆ هەڵنانەوە و بیناکـردنەوەی ڕووداوەکـان، ئەو زمـانەش نهـێنیی سەرکەوتنی نووسەرە گەورەکانن، کە دیارە بەبێ ئەو چەکە هەر هەمـوو هزر و بیـری دنیـا بزانی، ناتوانیت هیچ بکەیت، ئەگەر شتێکیش بکەی، کرچوکاڵ دەردەچێ. من وادەزانم هێشتا ماویەتی بتوانین لە بارەی ئەو لایەنەی (حەسەنی قزڵجی)یەوە قسە بکەین، بەڵام بە دڵنیاییەوە ڕۆژی خۆی هەر دێ.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

*** ٢٧٩-٢٩٥ سەرجەم بەرهەمەکانی ح. قزڵجی.**

*** لا(٣٠١) هەمان سەرچاوە.**

# فەرهەنگی زارەکی موکریان، ئینسایکلۆپیدیایەکی ناوچەیی تاقانە

**ئەحمەد ئەحمەدیان**
**(مەهاباد)**

زۆر لەمێژە دەست بەکاری دانانی "وشەدان" «٢» (Lexicon) و تۆمارکردنی وشەی کوردی کراوە و وەک ئاشکرایە، ماوەیەکە دیاردەی "وشەنووسیی"(Lexicography) و "فەرهەنگنووسیی" (Dictionary Making) کوردی خەریکە جێگای شیاوی خۆی لە ژیانی ڕۆشنبیریی و زانستیی گەلی کورددا دەدۆزێتەوە و هەندێک مامۆستای دڵسۆز لەم مەیدانە پیرۆزەدا هەنگاوی گەورەیان ناوە. ئەو پسپۆڕانە لە دەرگایەکی فراوانەوە چوونەتە ناو مێژووی ڕۆشنبیریی کوردەوە، بەوەی هەریەکەیان لە سنووری توانست و زانست و بڕشتی خۆیدا، ئەوەی لە باریدا بووە و ئەوەی لە تواناییدا بووە، بۆ پاراستنی زمانی نەتەوەکەی دڵسۆزانە جێبەجێی کردووە. ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە ئەم کارە هەر بەردەوامە و بەرەی نوێی گەلەکەمان لەگەڵ مامۆستا لێهاتوو و بە تواناییەکانماندا لەم مەیدانە سەخت و تاقەتپڕووکێنەدا خەریکی ئافراندن و تۆمارکردنی وشە و دانانی فەرهەنگ و وشەنامە و ئەم چەشنە بەرهەمە زمانەوانییانەن.

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە موفرەداتی زمانی کوردیی، قاڵبۆوەی ساڵانی دوورودرێژی مێژووی گەلی کوردە و سۆرەوتۆرەی چەندین پلە و قۆناغی هەڵسوکەوتی باری ژیان و هاتونەهاتێتی. لەو ماوە درێژ و بەرفراوانەدا کە بە سروشت لەکەو دراون، گێژەو کراون و گورگە و بنژیل و زیوانیان لێ گیراوە، لە زۆر ڕووی گرنگەوە پتەو بووە و بەخۆدا هاتۆتەوە و دەوڵەمەند بووە (پرۆفیسۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف: هەوڵێکی مەزنی نوێ لە جیهانی فەرهەنگنووسیی کوردیدا، کاروان، ژ١٧، ساڵی دووەم، شوباتی ١٩٨٤، ل٢٢).

ئەوەی ڕاستی بێ تا ئەم دوایییانە لە بواری کەلەپوور و

کولتووری ئاپۆرەی خەڵک و زمانی ئاخاوتنی جەمبوورەی جەماوەری کورد، لە هیچ کام لە بەشەکانی کوردستان، ئاسەوارێکی وا کە بەپێی پێوەر و پێوانەکانی زانستی زمانناسیی پراکتیک (Criteria of Applied Linguistics)، هەروەها لقی "فەرهەنگنووسیی" ئەم زانستە، تەنانەت هەڵگر و خاوەنی بەشێکی کەم لە تایبەتمەندییەکانی چەمکی "فەرهەنگ" بێ، نەهاتبووە بەرهەم. سەرجەم ئەم بەرهەمانەی تا ئێستا لەم بوارەدا (واتە بواری کولتووری کوردی) نووسراون، کۆکراوەی بابەتیی بەشێک لە کولتووری کوردییە کە دەکرێ وەک : پەندی پێشینیان، بەیت، گۆرانی، مەتەڵ و تاد پۆلێنبەندی بکرێن. ڕوون و ئاشکرایە کە ئەم بابەتانە سەربەخۆ و جیاجیا کۆکراونەتەوە و بڵاوکراونەوە و هیچ کام لە ڕێسا و یاساکانی فەرهەنگنووسیی لەم ئاسەوارانەدا وەبەرچاو نایە و خۆ نانوێنێ و لە بنەڕەتدا بە بیچم و ڕەنگ و قەوارەی فەرهەنگ نەنووسراون. ئەوە بۆ هەوەڵین جار، ماکە زمانییەکانی زمانی کوردی (زاراوەی موکریان) کەوا توخمی کەلەپوور و کولتووری ئاپۆرەی خەڵک و زمانی ئاخاوتنی کوردی ئەم ناوچە و ژێردیالێکتە (Sub-dialect)یان تێدا بەدی دەکرێ کۆ کراونەتەوە و لە قەوارە و بیچمی فەرهەنگێکی ناوچەیی و دیالێکتی (=Dialectal Dictionary) و لە ژێر ناوی (فەرهەنگی زارەکی موکریان) هاتۆتە بەرهەم و بڵاوبۆتەوە. هەروەک ئاماژەی پێ کرا، ئەم فەرهەنگە هاوکات لەخۆگری "زمان وێنەی ئاپۆرەیی" (= زبان گونەی عامیانە= Colloquial language Variety) و "زمان وێنەی ڕەشۆکی" (= زبان گونەی عوامانە و چالەمیدانی=Variety Slang language)یە؛ هەر بەو بۆنەوە جێی خۆیەتی سووکەئاوڕێکی تێپەڕمان هەبێ بەسەر گەلێک تایبەتمەندیی ئەو دوو «زمان وێنە»یە. ئەم تەکنیک و گەمەزمانییانە، هەروەها ئەم ڕێکارانەی لە خزمەت زمانی ئاپۆرەی خەڵک و زمانی ڕەشۆکیدان و لەم فەرهەنگەش بە باشی وێنە جیاجیاکانی دیاری کراوە و نیشان دراوە، بریتین لە:

١- ئاوێتەیی هاوڕێ دەگەڵ بەرهەمهێنانی وشەی لێکدراو (= ادغام با تشکیل کلمەی مرکب = condensation with formation of composite word).

٢- ئاوێتەیی هاوڕێ دەگەڵ گۆڕان (= ادغام با تغییر= condensation with modification).

٣- جیناس (= pun).

٤- تەوس (=طعنه=irony).

٥- جوانوێژیی (= حسن تعبیر= euphemism).

٦- ناحەزوێژیی (= قبح تعبیر= dysphemism؛cacophemism).

٧ - خوازە (= استعاره = metaphor).

٨- سەروا (= قافیه= rhyme).

٩- دووپاتکراوەیی (= اتباع= reduplication).

١٠- دەنگەناو (= نام اوا= onomatopoeia).

١١- کورتەوشە (= سرنام= acronym).

١٢- کورتکراوەیی (= کوتەسازی= abbreviation).

١٣- سووکەڵەنێو (= نام یا لقب مسخره = nickname).

١٤- تێکدانی بزوێن (= تحریف مصوت= phonetic distortion).

١٥- ناوی تایبەت بۆ ئاماژە بە مرۆڤی ئاسایی بە ئامانجی کینایە یا لاتاو(= اسم خاص همچون لقب کنایی= antonomasia)«٣» هەروەک پێشتر ئاماژە کرا ئەم ئاسەوارە لێوڕێژ و تەژییە لە سەرجەم تەکنیک و گەمە زمانییەکانی گۆڕین و زۆربەی هەرە زۆری لاپەڕەکانی ئەم فەرهەنگە لەخۆگری، لانی کەم یەک دوانێک، لەم تەکنیک و گەمە زمانییانەیە.

فەرهەنگی زارەکی موکریان کە بەرهەمێکی (زمانەوانی - کولتووری)یە و تا ئێستا چوار بەرگی لێ بڵاوبۆتەوە و هەرکام سەربەخۆ داگری پیتێکن، واتە چوار پیتی (ئ)، (ب)، (پ) و(ت)، بەرهەمێکی بەنرخ و پڕ بایەخە و وەک سەرچاوەیەکی خاوەن مرخی زمانەوانی - کولتووری(= linguistic & cultural)، تەژییە لە بابەتی هەمەچەشنەی (زمان وێنەی ئاپۆرەیی) و (زمان وێنەی ڕەشۆکیی) و زمانی لاوەکی و ئاخاوتنی جەمبوورەی جەماوەری خەڵک و لە ڕاستیدا پرۆژەیەکی تاقەتپڕوکێن و درێژخایەنە و بێتو بە هیوا و پشتیوانی خودای کارساز، هەروەها بە ورە و وزە و شێلگیریی و مشوور و تەقەللای بێ وچانی دانەری ئەم ئاسەوارە بەپێزە، ئەو بەرهەمە بە ئاکام بگا و سەرجەم بەرگەکانی بڵاوبێتەوە، کەلەبەرێکی یەگجار گەورە لە کتێبخانەی کوردی و لە بواری زمانەوانی و کولتووری لاوەکی و کەلەپووری ئاپۆرەی خەڵک پڕ دەبێتەوە و وەک سەرچاوەیەکی دانسقە و تۆکمە، هەروەها وەک متورفەیەکی پڕبایی پێداویستیی تاقمێکی زۆر لە توێژەران و هۆگرانی زمان و وێژە و کەلەپوور و کولتووری

کوردی دابین دەکا.

بە بڕوای من بێتو سەرجەم بەرگەکانی ئەم ئاسەوارە بڵاو ببێتەوە ئیتر زمهەڕی تەمەنێکی دوورودرێژی نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان دادەخرێ و لە قاتیوقڕیی بەرهەمی چڕوپڕ و بەپێزی (زمانەوانی – کولتووری) کە داگری زۆربەی هەرەزۆری ڕەهەندەکان و دەڤەرەکانی زمانی ئاخاوتنی جەمبوورەی جەماوەر لەو ناوچەیە بێ، ڕزگار دەبێ. ئەوەی ڕاستی بێ تا ئێستا تەنیا حەوت بەرهەم، لە لایەن شەش فەرهەنگنووس، لە درێژایی مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردیدا بڵاوکراونەتەوە کە دەکرێ بەپێی پێوانەکانی زمانناسیی و وشەنووسیی وەک (فەرهەنگ) نێودێر بکرێن کە، بەبێ شک و گومان، یەکێک لەو حەوت ئاسەوارە (فەرهەنگی زارەکی موکریان)ە. شەش ئاسەوارەکەی تر بریتین لە:

١- قامووسی زەبیحی (کوردی- کوردی؛ ناتەواو).

٢- فەرهەنگی کوردی «کرمانجی»- ڕووسیی، پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ.

٣- فەرهەنگی کوردی «سۆرانی»- ڕووسیی، پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ.




٤- فەرهەنگی کوردی کرمانجی – ڕووسیی، پرۆفیسۆر باکایاف.

٥- فەرهەنگی کوردی «کرمانجی»- ئینگلیزیی، پرۆفیسۆر مایکل چایت«٤».

٦- فەرهەنگی میدیا، پرۆفیسۆر ئەورەحمانی حاجی مارف (کوردی- کوردی؛ ناتەواو).

ئاشکرایە "هەنبانەبۆرینە" و "فەرهەنگی [وشەنامەی] کوردستان" و "فەرهەنگی [وشەنامەی] خاڵ"، هەرچەند سێ بەرهەمی سەرکەوتووی زمانەوانی لە ئەژمار دێن، بەڵام بەپێی پێوانەکانی وشەنووسیی و زمانناسیی کە لەم وتارەدا ئاماژەیان پێ کراوە وشەنامە (= The-saurus)ن نەک (فەرهەنگ)، کە وابوو لەم پۆلێنبەندییەی سەرەوەدا ناگونجێن و ناکرێ دەگەڵ (فەرهەنگی زارەکی موکریان) بەراوردیان بکەین. ئا لێرەدا بەردەنگی شارەزا و هۆگر بە بابەتی زمانەوانی حەقیتی پرسیار بکا: خاڵی هاوبەشی ئەم حەوت فەرهەنگانە لە چ دایە؟ ئایا بەپێی ئەوەی یەکیان فەرهەنگی یەک زمانە (= monolingual)یە و ناتەواوە و تەنیا دوو پاژی بڵاو بۆتەوە، دوویان فەرهەنگی دووزمانە(=bilingual)ی کوردی – ڕووسین و یەکیان فەرهەنگی کوردی – ئینگلیزییە و دوایەمین بەرهەم فەرهەنگێکی ناتەواوی یەک زمانەی کوردی – کوردییە و تەنیا یەک پاژی بڵاو بۆتەوە، ئەوانە چلۆن دەگەڵ یەک بەراورد دەکرێن؟ لە وەڵامدا دەکرێ بڵێین ئەم حەوت بەرهەمە خاوەنی چەندین تایبەتمەندی هاوبەشی بنەڕەتی و گشتین کە ئەم ئاسەوارانە لە شوێنەوارگەلی تری «بەناو فەرهەنگ» هەڵدەهاوێرێ و جیایان دەکاتەوە. ئەم چەند خاڵە هاوبەشە بنەڕەتی و گشتییە کە بۆتە هۆی هەرماوی و تۆکمە بوون و جیاوازی ئەم حەوت بەرهەمە زمانەوانییانە بریتین لە:

١- هەرکام لەم حەوت ئاسەوارە نەریتێکی نوێیان لە گۆڕەپانی فەرهەنگنووسیی کوردی ڕۆناوە و بوونەتە پێشڕەو و مەشخەڵداری ڕێچکە و ڕێبازێکی نوێ و شێوازێکی "نوێباو" لە هەرێمی هەراوی فەرهەنگنووسیدا؛ بۆ وێنە ئێستاشی دەگەڵدا بێ (فەرهەنگی زارەکی موکریان) هەوەڵین فەرهەنگی «زمانەوانیی- کولتووریی» ڕێسامەند و زانستییە کە لەسەر ماکە زمانی و کولتوورییەکانی ناوچەیەکی کوردستان بە بەربڵاوی و گشتگریی تایبەتی و بێ وێنەوە نووسراوە و هاتۆتە بەرهەم. جیا لەوەی کە ئاسەوارگەلێکی کە لەم دەڤەرە زمانییەدا بڵاو بوونەوە هیچ کام خاوەنی بیچم و تایبەتمەندیی و قەوارەی

(فـەرهەنگ) نین، بەڵکو پتـر وەک (مـاکـەی خـاو)ی فەرهەنگ لە ئەژماردێن.

٢- هەرکـــام لەم حـــەوت بەرهەمـــە لە ڕوانگە و گۆشەنیگای بەردەنگ و خوێنەری شارەزا و پسپـۆڕ و خـاوەن ڕاوبۆچوون، خـاوەنی ئاوا بایەخ و مرخ و پێگەو جێگە و ئاستێکن کە بە تایبەتی لە سەریان نووسراوە و هەڵســەنگێندراون و دەگــەڵ بەرهەمگەلی تر بەراورد کـراون. هەروەک لەمـەڕ (فەرهەنگی زارەکی موکـریان) گـەلێک وتاری بەپێـز و زانسـتـیی و شـوێندانەر، وەک وتاری بەڕێز پرۆفیسۆر ئەمیر حەسەنپوور، لەسەر ئەم ئاسـەوارە نووسـراوە (بڕوانە پێشـەکی بەرگی هەوەڵی فەرهەنگی زارەکی موکریان) و بەردەوام دەنووسرێ کە دەکرێ لە داهاتوودا لە دووتوێی کتێبێکی سەربەخۆدا بڵاو بکرێنەوە.

٣- ئیشی بەردەوامی ڕاوێژکارانە و مەیدانیی (جیا لە توێژینەوەی کـتـێـبـخـانەیی) نووسـەرانی ئەم حـەوت ئـاســــــــەوارە بـە تـەواوی بـەرچـاوە و بـە ڕوونـی لـە ئاسـەوارەکـانیـاندا هەست پێـدەکـرێ. بۆ وێنە دانەری فــەرهەنگی زارەکی مــوکـــریان بێـــجگە لە ژێدەر و ســەرچاوەی نـووســـراو، کـە لە زۆربەی لاپەڕەکـانـی ئەم فەرهەنگە کەڵکی لێ وەرگرتوون و ئاماژەی پێکردوون، لە زۆربەی هەرە زۆری لاپەڕەکانی ئەم فەرهەنگە لە ژێدەر و سەرچاوەی زارەکیی جێ متمانەی جیاجیا و جۆراوجۆر و بەربڵاو کەڵکی گونجاو و شیاوی وەرگرتووە کە ئەمە خـۆی لەخـۆیدا هەروەک «ئیـشی ڕاوێژکـارانە و ئیـشی مەیدانی» ڕادە و ڕێژەی «بەوەج بوون» (Validity =) و «جێ مـــتــــمــــانە بوون»(Reliability =) و «سوودبەخش بوون و وەڵامدەر بوون» (Practicality & Efficiency =)، هەروەها «یەکتر گرتنەوە» (Relevance =)ی ئەم بەرهەمە تا ئاستێکی یەگجار زۆر بەرز دەکاتەوە. وێدەچێ دانەری ئەم فەرهەنگە بۆ ئەم هەمووە پێشکەوت و سەرکەوتنە، لەم ڕێبـــازەدا و لە ســۆنگەی ئەم ئاســەوارە پڕ پیت و بەرەکەتەوە ڕەنج و مەینەتێکی زۆری کێشابێ و تەقەللا و هەوڵێکی بێ وێنە و لە ڕادەبەدەری لە خـۆ نیـشـان دابێ. بە بڕوای من بە بەراوردکاری و هەڵسەنگاندنێکی بێ لایەنە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە دانەر دەبێ تا ئێستا زۆربەی هەرە زۆری گـــوند و دێهـــات و شـــارۆچکە و شـارەکـان، تەنانەت هەوار و کـوێسـتـانی ئەم ناوچەیەی کوردستانی تەقاندبێتەوە و تەگبیر و ڕاوێژی تایبەتیی دەگەڵ چین و توێژ و پیشە جۆراجۆرەکانی ناو کۆمەڵگای ڕابردوو و ئێستای کوردەواری وەک: ڕەنگرێز، خمگەر، هەوڕگـەر، تەونگەر، بگێـڕ، لێــفــەدروو، زیندروو، کـورتاندروو، سـەڕاج، ئاسنگەر، جـۆڵا، کـەڵاشکەر، ناڵبـەند، باغـەوان، وەرزێر، ئاژەڵدار، عـەللاف، خەڕاز، هەللاج، چێودار، شایەر، حەکایەتخوان، شوان، گاوان و سەپان کردبێ و لە داهاتووشدا، بۆ نووسینی بەرگەکانی تری ئەم فــەرهەنگە، ئەم ڕێچکە و ڕێبــازە دووپات و چەندپات بکاتەوە.

٤- خــۆپاراســتنی بەرچاو و بەرهەست لە «کــۆپی نووسـیی» و «ڕوونووسـیی» و «کۆپی لێ هەڵگرتن» لە فەرهەنگەکانی تری هاوشێوە. بە پێچەوانەی ئەم حەوت ئاسەوارە بایەخدار و سەرکەوتووە کە تەژییە لە ئافراندن و خوڵقاندن و سەربەخۆیی، بە ڕاشکاوی و بە متمانەوە دەکرێ ئەم ڕاستییە بدرکێنین کە سەرجەم ئەم بەرهەمانەی تر کە تا ئێستا «بە ناو فەرهەنگ» بڵاو بوونەوە و لەبەر دەسـتی خـوێنەری کـورددان، کـەم، یان زۆر تووشی ئەم چەواشەکاری و ئەم پەتایە هاتوون.

٥- سـەرجـەم دانەرانی ئەم حەوت ئاسـەوارە بەپێـز و هەرماو و زانستییانە، لانی کەم، یان: ١- «زمانزان» و «هۆگـر و دواکـەوتووی تاقـمێکی زۆر لە بڕیارەکـان و ڕێساکانی زانستی زماناسیی لەمەڕ فەرهەنگنووسیی» بوون، یان: ٢-«زمـانناس» و «هۆگر و دواکـەوتووی بێ تەکـولۆی سـەرجـەم بڕیارەکـان و ڕێسـاکـانی زانسـتی زمـانناسیی لەمـەڕ فـەرهەنگنووسیی» بوون؛ لانی زۆر، هاوکات: (١) «زمانزان» و (٢) «زمانناس» بوون؛ واتە لە لایەکـەوە خاوەن توانایی و لێهـاتوویی و شـارەزایی و چێـشکـەیەکی زمـانی هەسـتـیـار (sensitive in-tuition =) بوون، لەلایەکی تریشـەوە «مـامـۆسـتـا و پسـپـۆڕی زانسـتی زمـانناسـیی»، بەتایبـەتی بەشی وشەنووسیی بوون.

هەروەک خـــوێنەری شـــارەزا و هۆگـــر بە زانیـــاری زمانەوانی ئاگاداری ئەم ڕاستییانەیە کە ئاماژەی پێ کرا ئاگـــاداری ئەوەش هەیە کـــە فـــەرهەنگنووســـیی وەک زانســـتـــێک دوو دیوی هەیە: تیـــوری و پراکـــتـــیک. یەکەمیـان لەو کـێشـانە دەکـۆڵێـتەوە کە لە دانانی هەر فـەرهەنگێکدا سـەرهەڵدەدەن و لە ڕێگای زانسـتـیـیـەوە ڕێگا و ڕێبـازی ڕاست بۆ چارەسەرکردنیـان دەدۆزێتەوە و ئەمیش لەسەر بناغەی ئەو تیوربیە و لەبەر ڕووناکی ئەو ڕێگە و ڕێبـازەی بۆی دانراوە، کـاری دانانی فـەرهەنگ بەجێ دەگـــــەیەنێ. بێ گــــومــــــان دابەشکـردنی فەرهەنگنووسیی بەسەر ئەم دوو لایەنەدا شتێکی ڕاستە. ئەو دوو لایەنەی فەرهەنگنووسیی هەمیشە شانبەشانی یەکتر دەڕۆن و تێکئاڵاون (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: لە

بواری فەرهەنگنووسی کوردیدا،بەغدا،١٩٨٧،ل٣و٤).
پسپۆڕی فەرهەنگنووسیی تەنیا بە خەریک بوونی بە تیۆریی ڕووت و کارنەکردنی لە سەر کەرستەی خاو و خۆتاقیکردنەوە بە دانانی فەرهەنگەوە سەرناکەوێ. بە پێچەوانەشەوە هیچ فەرهەنگنووسێک ئەگەر وەک زانستێک زانیاری لە کێشە گرنگەکانی فەرهەنگنووسیدا پەیدا بکا، ڕاست نییە خۆی بهاوێتە دەریای فەرهەنگ دانانەوە. جا لە یەک کاتدا بایەخدان بە هەر دوو بنکەی فەرهەنگنووسیی زۆر پێویستە (ل.پ.ستوپین: باروبنکەی تۆژەرانی سۆڤێت لە بارەی فەرهەنگنووسیی ئەوروپا و ئەمریکاوە «هەواڵەکانی زانکۆی لینینگراد»، ١٩٦٧،ژ٢٠،ل١٦١، بەگێرانەوە لە: سەرچاوەی پێشوو)، بەڵام بایەخدان بە هەردووک لایەنی تیۆری و پراکتیک پێوەندی ڕاستەوخۆی بەم بارودۆخە دەگمەن و زۆر کەم وێنەیە هەیە کە وا فەرهەنگنووس هاوکات «زمانزان» و «زمانناس» بێ.

## جیاوازی فەرهەنگی زارەکی موکریان

لە ژێر ئەم تەوەرەدا بە کورتی باس لە چەند خاڵی بەهێز دەکەین کە بوونەتە هۆی جیاوازی ئەم بەرهەمە بە بەراورد دەگەڵ فەرهەنگەکانی تر:

١- بۆ نووسینی ئەم فەرهەنگە لە ڕاوێژکارێکی بەربڵاو و گشتگیر کەڵک وەرگیراوە، واتە لە تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا یارمەتی وەرگیراوە و ڕاوێژیان دەگەڵ کراوە (بۆ وێنە بننێرتکەکانی ٥٠٣، ٥٠٤، ٥٣٩، ٥٤٨، ١٣٠٠ و ژێرنێرتکەکانی تاجی، ترێ، تفەنگ، تووتن، تەندوور و تەون). بە وتەیەکی تر ئەم ئاسەوارە پتر بەرهەمی ئیشێکی (مەیدانی)یە، نەک (لێکۆڵینەوەیەکی کتێبخانەیی)، بەپێچەوانەی ئەم ئاسەوارە، زۆربەی هەرە زۆری فەرهەنگەکانی تر، بەرهەمی "لێکۆڵینەوەیەکی کتێبخانەیی"ن. (تەنانەت تاقمێک لە فەرهەنگەکان بەرهەمی "کۆپی هەڵگریی کتێبخانەیین").

٢- وێنە و عەکس و شێوە و نیگارەکان لەم بەرهەمەدا بە چەشنێکی یەکجار گونجاو و "ڕێنوێنیکەر" داندراوە و کەڵکی شیاوی لێ وەرگیراوە؛ بە پێچەوانەوە لە فەرهەنگەکانی تردا، یان وێنە و عەکس و شێوە و نیگارە نابیندرێ، یان وێنە و عەکس و شێوە و نیگارەکان تەواو کلێشەیی و نەگونجاو و "دیکۆراتیون" و هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ بە خوێنەر نابەخشن و هیچ ڕێنوێنییەک ئاراستەی بەردەنگ ناکەن. خوێنەری لێزان ئاگاداری ئەم هەموو هەوڵ و تەقەللا و تێکۆشان و بەدواداچوونەیە کە دانەری ئەم فەرهەنگە بۆ بەدەستهێنان و دانانی ئەم عەکس و وێنە و... تووشی هاتووە.

٣- ئەو سەرچاوە گشتگر و فرەلایەن و فرەڕەهەند (multi-dimension source) و بەربڵاوە وا بۆ هەڵێنجانی سەروشەکان (entries) کەڵکی لێ وەردەگیرێ پێی دەگوترێ «جەستەی زمانی» (= پیکرەی زبانی= تنوارەی زبانی=linguistic corpus). ئەم جەستە زمانییە لە مەڕ بەرهەمێکی وەک (فەرهەنگی زارەکی موکریان) لە لایەکەوە ئەم کتێب و سەرچاوە چاپکراوانە لەخۆ دەگرێ کە لە بابەت ئەدەبی فولکلۆری و ئەدەبی زارەکی و زمانی ئاخاوتنی جەمبوورەی جەماوەری خەڵکی ئەم ناوچەیە نووسراون و لە لایەکی دی بریتییە لەم سەرچاوە «زیندوو»انە کە «زمان وێنە»ی ئاخاوتنی ئەم ناوچەیە لە وێنەی «توانستی زمانی» (= lan-guage competence) لە مێشک و زەین و "ذاکرە" و بیرگەیاندا تۆمار کراوە و دانەری فەرهەنگ دەبێ لە چەشنی "کردەی زمانی" (= language per-formance) بەشێکی زۆر لەم «توانستی زمانی»یە کە وەک «زانستی ناکارای زمانی» (= passive knowledge of language) نێودێر کراوە و لە حەشارگەی زەینیی ئاخێوەرانی زمانزان شاراوەیە، بە پرسیار و لێکۆڵینەوە و کاری مەیدانی و هاندانی ئەم چەشنە ئاخێوەرە زمانزانانە بۆ ئاخاوتن و وەقسە هاتن و حیکایەت گێرانەوە و... ڕاگوێزێتە ناو دەڤەری"کردەی زمانیی" کە لە لایەن زمانناسان وەک «زانستی کارای زمانیی» (active knowledge of language =) نێودێر کراوە.


بە خۆشییەوە دەکرێ بڕیار بدەین کە دانەری (فەرهەنگی زارەکی موکریان) لە هەردک ڕەهەند و بواری پێشوودا و لە هەردک سەرچاوەی (نڤیسار) و (ئاخاوتن) شارەزایانە و پسپۆڕانە و بە چەشنێکی گشتگر و هەمەلایەن کەڵکی شیاوی لە ماکە زمانییەکانی پێویست و گونجاو بۆ هەر "سەروشە"یەک وەرگرتووە و لەم بابەتەشەوە ئەم بەرهەمە - هەروەک بابەت و تایبەتمەندییەکانی تر- زۆر دەوڵەمەند و سەرکەوتوویە.

٤- ئەمەی جێی سەرنج و ئاماژەی تایبەتییە ئەو ڕاستییەیە کە دانەری ئەم فەرهەنگانەی بڕیارە لە چەند بەرگدا (پتر لە دوو یان سێ بەرگ) بڵاو ببنەوە، وردە وردە دوای نووسینی بەرگی یەکەم و (لانی زۆر دوای نووسینی بەرگی دووەم) دڵسارد و بێ ورە و بێ تین دەبن و لە گەڕ دەکەون و ئەم وزە و توانست و بڕشتەی

پێشوویان نامێنێ و ئەم بارودۆخە و ئەم دیاردەیە بە
ئاشکرایی خۆی لە بەرگی دووەم و دواتری ئەم فەرهەنگ
و بەرهەمە زمانەوانییانە نیشان دەدا، تەنانەت زۆر
پڕۆژەی فەرهەنگنووسیی چەند بەرگی دوای زاڵبوونی ئەم
بارودۆخە و ئەم کەشوهەوا نەخواستراوە وازی لێ
دەهێندرێ و بە ناتەواوی دەمێنێتەوە. بۆ وێنە دەتوانین
ئاماژە بە (فەرهەنگی هەرمان) بکەین کە دوای
تێپەڕبوونی نزیک بە دوازدە ساڵ لە بڵاوبوونەوەی بەرگی
یەکەم، تەنیا بەرگێکی تری بە دوادا هاتووە و وازی لێ
هێندراوە، بەڵام ئەم دیاردە لەمەڕ فەرهەنگی زارەکی
موکریان تەواو پێچەوانەیە و لە کەمتر لە شەش ساڵدا،
چوار بەرگی ئەم فەرهەنگە بڵاو بۆتەوە، تەنانەت ئەوەی
جێی سەرسوڕمانە بەرگی دووەم لە چاو بەرگی هەوەڵ و
بەرگی سێیەم بە بەراورد دەگەڵ بەرگی دووەم، هەروەها
بەرگی چوارەم لە سەرجەم ئەم سێ بەرگەی پێشوو
سەرکەوتووتر، زانستییانەتر، ڕێسامەندتر، بەپێزتر و
ڕێکوپێکترە. واتە دانەری ئەم فەرهەنگە ڕۆژ لە دوای
ڕۆژ ئەزموون و ورە و وزە
و زیپک و تین و گڕی
زیاتر بووە و سەرخۆشتر لە
پێشوو بەردەوامە لە
ئافراندن و خوڵقاندنی
بەرهەمێکی هەرماو و جێ
متمانە و پێشڕەو لە بواری
فەرهەنگنووسیی
کولتووری و ناوچەیی
بەپێی ماکە زمانییەکانی
"ئاپۆرەی خەڵک" و
"چینی ڕەشۆکیی".

سەرکەوتوویی لە
ڕادەبەدەری ئەم بەرهەمە
بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە
بۆ ئەم ڕاستییە کە کاک
سەلاح، وەک تاکەکەس،
لە ڕادەبەدەر هۆگر و
ئەوینداری کولتوور و
زمانی ئاپۆرەی خەڵکە و
لەو بوارەدا، جیا لەوەی
زۆر لێهاتوو و بلیمەت و
پسپۆڕ و شارەزایە،
ئەوینێکی لەکوڵ و
دەروونێکی گڕگرتوو و
لەجۆشی هەیە لە حاند گەشاندنەوەی سکڵەکانی
نیوەڕۆمرکاوی ئاورگەی پیرۆزی کولتوور و ئەدەبی
زارەکی.

دوا وتە لە زمان (سامۆئێل جانسون)، فەرهەنگنووس
و زمانناسی ناوداری ئینگلیسیی: «دانەر و نووسەری
هەر بەرهەمێک پتر چاوەڕوانی ئەوەیە کە لە لایەن
خوێنەرانەوە پەسن بکرێ و پێیدا هەڵبگوترێ، بەڵام
چاوەڕوانی و ئاواتی تاقانەی فەرهەنگنووسێک پتر
ئەوەیە کە بە دوور بێ لە لۆمەولەقەم و گازندە و بناشتی
بەردەنگەکان؛ ئەم تاقە ئاواتەی فەرهەنگنووسیش
نەسیبی تاقمێکی یەگجار زۆر کەم لە فەرهەنگنووسان
بووە کە ڕادەیان لە ئەنگوستەکانی دەست پتر نییە»؛ کە
بە دڵنیاییەوە یەکێک لەم (تاقمە یەکجار زۆر کەمە)، لە
داهاتوویەکی نزیکدا، دانەری "فەرهەنگی زارەکی
موکریان" دەبێ.



پەراوێزەکان:

١- زمـــــان وێنە (Language Variety) زاراوەیەکی گشتییە و بە هەر شێوە دەربڕینێک لە پانتایی زماندا دەگوترێ کە دۆخی بەکـــارهێنانەکـەی لەلایەن چەشنە جــۆراوجــۆرەکـــانی «پێگەوجێگە»ی ئاخێـوەران وەک پلەی کۆمـەڵایەتی، پیشـەیی، ناوچەیی و... دیاری بکرێ. ئەم زاراوەیە، هەروەها لە واتایەکی زۆر تەنگەبەردا وەک چەشنێک لە چەشنەکانی دەربڕینی زمان کـە لە بواری «جێگەوپێگە»ی بابەتیدا جیاوازیدەرە بەکـار دەهێنرێ، بۆ وێنە: زمان وێنەی زانستی، زمان وێنەی ئایینی، زمان وێنەی یاسایی، زمان وێنەی فەرمی، زمان وێنەی ئاخاوتن و...

٢- وشـەدان (Lexicon) چەمکێکی گشـتییـە و بە هەمـوو چەشنە بـەرهەمـێکی زمـانەوانی دەگـوترێ کە لەخۆگری وشـەکان و مانای وشەکان، یان هاوتا و هەمبەری وشەکان بێ. «وشەدان» لە سـەرەتاییـتـرین دابەشـبـووندا دابەش دەبێ بە دوو جـۆری: (١) فـــــەرهـەنـگ (Dictionary) و (٢) وشـــــەنـامـــــە (Thesaurus).

«فەرهەنگ» و «وشەنامـە» بەوە لێکتـر جیاوازی پەیدا دەکەن کە «وشەنامە» تەنیا لەخۆگری «سەروشە» (Entry) و هەمبەر و «هـــاوواتـــا» (Equavelent and Synonym) سـەروشـەکـانە. جـاری واشـە جیـا لەم دوو «مـاکـە» زمـانییـە، مـــاکـەیەکی تریشی پێـوە زیاد دەکـرێ وەک: (١) «هاوواتا»ی سـەروشـە لە زمـانێکی تردا (جـیـا لەو زمـانەی «سـەروشـە» و «هاوواتا»). سـەرەکـیـیـەکـانی پێ نووسـراوە) یان: (٢) نـاوچەی بەکارهێنانی «سەروشە»کان.

باشـترین و زانسـتیـترین و جێ متـمـانەترین «وشەنامە»کـانی کوردیی بریتین لە: «فەرهەنگی [وشـەنامەی] خاڵ»، وشـەنامەی «کوردسـتـان»ی گیـوی موکریانی و وشـەنامەی «هەنبـانەبۆرینە»ی هەژار موکریانی، بەڵام «فـەرهەنگ» دەبێ لەخـۆگری زۆربەی (یان باشتر وایە بڵێین «سەرجەم») ئەم تایبەتمەندییانەی ژێرەوە بێ:

(١) ســـەروشـــە؛ (١) وتەزا (part of speech)؛ (٣) ڕەچەڵەکناسیی (Etymology) (٤) شـاهیـد و وێنە و نموونە لە ڕووی بەکـارهێنان (Pragmatics)؛ (٥) وێنە و عـەکس و نیـگارکـێـشـیی ڕێنوێنی کـەر؛ (٦) جـیـــاوازی بەکـــارهێنان (Usage)؛ (٧) لێکدراوەکـان (compound words)؛ (٨) زاراوە و ئیــدیۆمــەکـــان (Idioms and Expres-sions)؛ (٩) دەڤەر و ساحەی بەکارهێنانی سەروشە بۆ وێنە: پزیشکی، مـێـژوو، کـشـتـوکـاڵ، فـەلسـەفـە؛ (١٠) هاوواتای جـــۆراوجـــۆر و جـــیـــاواز بۆ ســـەروشـــە «فـــرەمــــانا»کـــان (Polysemous)؛ ١١ دەنگناسی و فـۆنەتیکی سـەروشـەکـان (Phonetics)؛ (١٢) دژواتـا (Antonym) و هـاوواتـا (Synonym)ی سـەروشـەکـان؛ (١٣) شـێـوازی بەکـارهێنان وەک: فـەرمی؛ نافـەرمی؛ زارەکی؛ تابۆ؛ زانسـتی؛ ئەدەبی و... ١٤ جیـاکـردنەوەی وشـە «هاوبێـژ»ەکـان Homonymous و تۆمارکردنی ئەوان لە ژێر دوو یا چەند سەروشەی جیاواز؛ (١٥) وشـەزا (Category) یان «جـۆرەکـانی وشــە» وەک: کـات، ژمـارە، کـەس، تێـپـەڕ و تێنەپەڕ (transitive & intran-sitive)، بــژاردە و نـــەبــژاردە (countable & un-countable).

هەروەک ڕوون و ئاشکرایە، بەشـــێک لەم خـــاڵانە لە ڕووی زانسـتی «وشەنووسیی»، پێویست نییـە لە سێ چەشنە فـەرهەنگی «کـولتـووریی، ناوچەیی و زارەکـیی» کـە لەم پۆلێنبـەندی ژێرەوە دەکەونە ژێر جۆری «فەرهەنگی دیالێکتی» (Dialectal Dic-tionary)، تۆمـار بکرێ و ئەم تۆمـار نەکـردنە بە کـەمـایەسی و زەدەی ئەم چەشنە فـەرهەنگانە لە ئەژمـار نایە. (هەرچەند باشـتـر وایە زۆربەی هەرە زۆری ئەم خاڵانە «نەک سەرجەمی خاڵەکان» لەم چەشنە فەرهەنگانەشدا ڕەچاو بکرێ و تۆمار کرێ.)

لە ڕووی هاوڕەنگیی و هاوشێـوەبوونی زۆربەی هەرە زۆری مـاک زمـانییـەکـانی ئەم چەشنە فـەرهەنگانەش (کـولتـووریی، ناوچەیی، زارەکـیی)، هەروەها سـروشـتی ئەم «زمـان وێنە» (language variety) وا لەم چەشنە فـەرهەنگانەدا بەکـارهێندراوە و تۆمـار کراوە، ناکرێ و ناگونجێ کە تاقـمێک لەم خاڵانە بەکار بهێندرێ و ڕەچاو کـرێ، وەک: خـاڵی ٤ و خـاڵی ٨ (تەنانەت خـاڵی ٣). لە ڕاسـتـیـدا تۆمـارکـردنی ئەم خـاڵانە بە هۆی سـروشـتی تایبـەتی مـاکـەزمـانـیـیـەکـانی ئەم چەشنە فـەرهەنگانە وەک «حـشـو» (Redundancy) لە ئەژمـار دێ و بە «درێژدادڕی» لە قـەڵەم دەدرێ. (لەمەڕ خاڵی ٣، تۆمار کردنی ڕەچەڵەکناسیی سەروشەکان لە ئەم چەشنە فـەرهەنگانە نە تەنیـا «درێژدادڕی» (=حـشـو) لە ئەژمـــار دێ، بەڵکو وەک «نقض غــرض» و دوور کـەوتنەوە لە ئامـانجی سـەرەکی فـەرهەنگ یان «دژوازی ئامـانج و مـەبەست» بەراورد دەکرێ).

جیـا لە تەواوی ئەمانە، سەرچاوەی سەرەکی بەشێکی یەکجار زۆر لە زاراوە و لێکدراوەکـان و مـەتەڵ و پەند و... ئەم چەشنە فـەرهەنگانە، ناسـراو و دیتـراو نیـیـە و بە وتەیەکی تر ئەوەی کـە هەوەڵین جار کێ و لە کوێ و چۆن و چلۆن ئەم زاراوە و لێکدراو و مـەتەڵ و پەند و... بەکـار هێناوە، دیار و ناسـراو و ڕوون نیـیـە. بێجگە لەم ڕاستییانە لە ڕووی زانستیی وشەنووسیشەوە دیاردەی ڕەچەڵەکناسی پتـر لەمـەڕ «وشـە»کـان بەکـار دەهێندرێ و تۆمـار دەکـرێ و دەدۆزرێتـەوە نەک لەمـەڕ زاراوە و لێکدراو و مـەتەڵ و پەند و...

3- Oskar Reichman, Franz J. Hausmann, Ladislav Zgusta(1991), An International Encyclopedia of Lexicography, Walter de Gruyter.
4 Michael L. Cheyt (2003) , Kurdish - English Dictionary: Farhanga Kurmanci-Inglizi , Yale University Press , U.S.A

# "خوێندنەوەیەکی ڕەوانناسی و چیرۆکی منداڵان"

«ڕۆڵی وروو‌ژانی خەم لە چیرۆکی منداڵاندا»

یاقووب خزری
(مەهاباد)

**پێشەکی**

بێ گومان لێکدانەوەی ژانرە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبیات لە ڕوانگەی ڕەوانناسییەوە بە نیسبەت میتودەکانی دیکەی ڕەخنە (کۆمەڵناسی، جوانیناسی، فەلسەفی و... تاد) تەمەنێکی کەمتری هەیە؛ هۆیەکەشی ئەوەیە ڕەوانناسی وەک زانستێک زۆر درەنگتر لە زانستەکانی تر توانی خۆی لە فەلسەفە جیا بکاتەوە و لە عەقلانییەتی هزری- فەلسەفی خۆی بۆ عەقلانییەتی پۆزەتیفیستی بقۆزێتەوە، هەرچەند ئەوەش بەو مانایە نییە ڕەوانناسی زانستێکی تەواو پۆزێتیڤیستییە، بەڵکو بەشێکی زۆر لە تیوری و میتودەکانی خۆی لە عەقلانییەتی هزری و تەفسیرە زیهنییەکان وەرگرتووە.

ڕەخنەی ڕەوانناسی لە ئەدەبیاتیشدا لە رووی تیورییەوە بێ گومان بەشێکی هەرە زۆری لەو چوارچێوەیەدا دەگونجێ. لە بازنەی ئەدەبیاتی منداڵانیشدا ماوەیەکە ئەم شێوازە ڕەچاو دەکرێ هەرچەند ئێستا نەیتوانیوە وەک میتودێکی کاریگەر شوناسی تایبەت بە خۆی هەبێ، بەڵام دەکرێ بە نووسینی زۆر و ئاکادیمیک هەنگاوی گرینگ لەو بەشەدا هەڵێنینەوە. چیرۆک وەک ژانرێکی گرینگ لە ئەدەبیاتی منداڵان لە ئەژمار دێ و بە ڕای زۆربەی ڕەوانناسان یەکێکە لەو ژانرانەی لە دەلاقەی وییەوە دەتوانین زۆرێک لە لایەنە شاراوەکانی نووسەرەکەی، هەروەها کەسایەتییەکانی نێو چیرۆک بدۆزینەوە. ئەم نووسراوەیەش بە ئامانجی نزیک بوونەوە لەو چەمکە گرنگە ئاورێکی تیوریکی داوەتەوە سەر یەکێک لە چەمکە هەرە گرینگەکانی ڕەوانناسی و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ئەم چەمکە لە چیرۆکەکانی منداڵاندا و ڕۆڵی ئەو لە گەشەکردن و پەروەردە کردنی

منداڵ، ئەم چەمکەش ورووژانە. هەڵبـەت دەکـرێ بە شێـوەیەکی گشـتی باس لە هەمـوو ورووژانەکـان بکرێ، بەڵام بە هۆی خـۆ پاراستن لە درێژبوونەوەی وتارەکـە سـەرەڕای باسـکردن لـە ورووژان و مـەسـەلـە پێـوەندیدارەکـان، ورووژانی "خـەم" وەک نموونەیەک لە چیـرۆکی بێـچـۆمـراوی" نـوسـینی ئانـدێرسـێندا لـێک دەدەینەوە. ورووژانەکانی تر دێڵینەوە بۆ کاتێکی تر."

### وشە بنەڕەتییەکان

ورووژان، چیرۆک، ئەدەبیاتی منداڵان

پرسیاری سەرەکی

ورووژانی خەم لە چیرۆکی منداڵاندا چ کاریگەرییەکی لە سەر منداڵان هەیە؟

### پرسیارە پلە دووەمەکان

**یەکـەم:** ئایا ورووژانەکـان پێـوەندییـان بە چیـرۆکی منداڵانەوە هەیە؟

**دووەم:** ئایا ورووژانە پۆزەتیڤەکان و نێگەتیڤەکان لە چیرۆکی منداڵاندا ڕەنگی داوەتەوە؟

**سێیەم:** ئایا ورووژانی خەم لە چیرۆکی بێچۆمـراوی "ئاندێرسێن"دا ڕەنگی داوەتەوە؟

### پێشینە

### ئەدەبیاتی منداڵان

پێناسەکردنی ئەدەبیاتی منداڵان وەک زۆربەی چەمکە ئەدەبییەکان، هەروەها گەیشتن بە تاقە پێناسەیەک گەلێ دژوارە و دووریشـە لە عەقڵانییـەتی زانستی؛ هەر بۆیە چەندین پێناسـە بۆ ئەدەبیـاتی منداڵان هەیە، بە هۆی ئەوەی کە لەم نووسراوەیەدا ناگونجێ تەنیا بە هێنانەوەی چەند پێناسەیەک کیفایەت دەکەین:

لە بەرگی دووەمی ئینسکلۆپیدیای ئەدەبی مۆسکۆدا، ئەدەبیـاتی منداڵان ئاوا پێناسـە کـراوە: "ئەدەبیـاتی منداڵان لەو بەرهەمـە زانسـتی و هونەرییـە نووسـراوە سـاکـارانە پێکدێ کـە تایبـەت و ڕاسـتـەوخـۆ بۆ ئەوان نووسراون؛ هەروەها بەشێک لەو نووسینانەش دەگرێتەوە کە بۆ گەورەکان نووسراون، بەڵام منداڵان دەیانخوێننەوە، بە تایبـەتی ئەو بەرهەمانەی سەر بە ئەدەبی کلاسیک و بەرهەمی مـیـللین. ئـەوانـەش ڕۆڵـێکی مـەزن لە پەروەردەکردنی جوانیناسیانە و ئاکاری منداڵاندا دەگێڕن و شارەزاییان بەرین دەکەن و تێڕوانینیان لەبارەی ژیان لا دروست دەکەن (ئینسکلۆپیدیای ئەدەبی مۆسکۆ گوتراوە لە لایەن ناهیدە ئەحمەد؛ ل٦).

پێناسـەیەکی تر بۆ ئەدەبیـاتی منداڵان هەیە دەڵێ:" هەموو ئەو شتانەی جیا لە پرۆگرامی دەرسی و فێرکردن، بە شێوەی ڕاستەوخۆ و بە میتودێکی هونەری نووسرابێ و دارێژرابێ، پێی دەڵێن ئەدەبیـاتی منداڵان (حـیـجـازی ١٣٨٧؛ ل:١٦).

بە گشـتی ئەدەبیـاتی منداڵان هەمـووی ئەو مـەسـەلانە لەخـۆ دەگـرێ کـە پێـوەندییـان بە ژیانی منداڵەوە هەیە، هەروەها دەبێـتـە ڕێنوێنێکی باش بۆ منداڵان لە هەمـوو قۆناغـەکانی ژیانیـاندا و بەفراوان بوونی ڕادەی خـەیاڵی وان، گـەلێک ئەزمـوونی بە نرخیـان بە دیاری بۆ دێنێ و دەبێتە هۆکارێک بۆ داهێنان و ئەفراندن.

کـە وایە منداڵ بۆ فـێـربوونی ئەزمـوونە تازەکـان، فێربوونی زمانی نەتەوەیی، پەروەراندنی توانییەکانی لە بواری قـسـەکـردن، نووسین، کـاری هونەری، مـتـمـانە بەخۆبوون، هەروەها دابینکردنی پێداویستـییـە زەینی و عـاتیـفییـەکـان، پێویستی بە ئەدەبیات هەیە؛ بە گشـتی ئەوشتەی لە ڕەوانناسی منداڵدا جێی سەرنجە، ئەوەیە کە ئەدەبیـات چ بە شێوەی هەقایەت بێ چ شیـعر، لە بابەت تەرح و پەیامـەوە بە گـوێرەی تەمـەنی منداڵ جـیـاوازی هەیە، هەر بۆیە شێـوەی دارشـتنەکـەشی جـیاوازە؛ پێش ئەوەی منداڵ بچێتە قوتابخانە، یەکێک لە ئامانجەکانی ئەدەبیـاتی منداڵان، بەهێزکردنی زمـان و کەلامی منداڵە؛ چونکە لـەو تەمەنـەدا وشـەکـانی خۆش دەوێ، بە تایبـەت ئەو وشانەی کێش و سەروایان هەیە، تەنانەت هۆگری بە دووپاتبـوونەوەی وشـەکـان هەیە، هەر چەندە بێ مـانـاش بن، ئەو هۆگـری بەو چیـرۆکـانەوە هەیە کـە لە بارەی کەرەسەی قومارکردن و هەموو بوونەوەرەکانی دەوروبەری خـۆی دایە، هەروەها هۆگـریشی بەوە هەیە، کـەسـایەتی ببەخشێ بە بوونەوەرە بێ گیـانەکان و ئەو چیـرۆکانەشی پێـخـۆشـە کـۆتاییـەکـەیان بە خـێر و خـۆشی تەواو دەبێ (حەکیمی و کامووس ١٣٨٢؛ لل: ١٥٩-١٦٠).

### ڕۆڵی ورووژان لە چیرۆکی منداڵاندا

ورووژان هەلومـەرجـێکی ڕەوانی - جـەسـتـەییـە و لە

حەقیقەتدا وەڵامێکە بۆ ئەزموونەکانی مرۆڤ و باری ئیحساسیان هەیە (وەک ترس، تووڕەیی، خەم، عەشق و... تاد).

هەرکام لە وورووژانەکان شەش تایبەتمەندییان هەیە و بریتین لە:

١- مرۆڤ بە شێوەی شەخسی و زەینی ئەزموونی دەکا.

٢- دژکردەوەیەکی (واکنش) شەخسییە بۆ حاڵەتە وورووژاوەکان.

٣- لێکدانەوە شەخسییەکان لە بارەی وورووژان و بارودۆخە پێوەندیدارەکان.

٤- ڕەنگدانەوەی حاڵەتە وورووژانییەکان لە ڕوخساری مرۆڤدا.

٥- دژکردەوەکانی تاک بۆ وورووژان.

٦- ئەنجامدانی هێندێک کردەوەی تایبەت.

تێکەڵاوییەک لە هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی سەرەوە وورووژانێکی تایبەت بەدی دێنن (فریجدا،١٩٨٦؛ لازارۆس،١٩٩١؛ گوتراوە لە لایەن ئێل ئێتکینسۆن، سی ئێتکینسۆن، ئێسمیت، بێم، نۆلێن- هۆکسما، ٢٠٠٠؛ ل:٣٩٧).

کاتێک مرۆڤ ئەزموونی حاڵەتێکی وورووژانی دەکا، دوو مەسەلەی گرینگ دێتە پێشێ؛ یەکەم: سەرنج بداتە چ شتێک و چ شتێک فێر بێ. دووەم: لە بارەی جیهانی دەوروبەریدا چۆن بیر بکاتەوە (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ٤١١).

### وورووژانە پۆزەتیڤەکان و وورووژانە نێگەتیڤەکان

وورووژانە پۆزەتیڤەکان ئەو وورووژانانەن، هەستێکی خۆش بە مرۆڤ دەدەن. وەک: "شادی و پێکەنین، ڕەزامەندی، خۆشەویستی، عەشق... تاد".

وورووژانە نێگەتیڤەکان ئەو وورووژانانەن، هەستێکی ناخۆش بە مرۆڤ دەدەن. وەک: "ترس، تووڕەیی، بێزاری، شەرم، خەم، سۆز...تاد".

باربارا فرێدریکسێن مامۆستای ڕەوانناسی لە زانکۆی " میشیگانی ئەمریکا " لە وتارێکدا سەبارەت بە قازانجی وورووژانە پۆزەتیڤەکان دەڵێ: " سێ قازانجی سەرەکییان هەیە و بریتین لە:

١- بازنەی بیر و کردەوەی مرۆڤ بەربلاوتر دەکەن.

٢- دەبنە هۆی خولقانی بیر، کردەوە، ڕوانگە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

٣- وورووژانە پۆزەتیڤەکان ئەو تواناییانەن، مرۆڤ بۆ سازگار بوون لەگەڵ جیهانی دەوروبەر، پێویستی پێیان هەیە (فرێدریکسێن، ١٩٩٨؛ ئێسێن، ١٩٨٧؛ لە هەمان سەرچاوەی پێشوو گوتراوە، لل:٤١٩-٤٢٠).

هەروەها جراڵد ئێل. کلوور مامۆستای زانکۆی " ئیلینوی چەمپێین" وورووژانە نێگەتیڤەکان بۆ مرۆڤ بە پێویست دەزانێ، تەنانەت لە وتارێکیشدا بە ناوی "قازانجی وورووژانە نێگەتیڤەکان"دا دەڵێ: "ئیحساسەکانی ترس، خەم، تووڕەیی، گەلێک ناخۆشن؛ بەڵام ئایا سەیریش نابێ ئەگەر چیتر ئیحساسی ترس، خەم و گوناح نەکەین؟ زۆر سەیر نابێ؟

لە درێژەدا دەڵێ:" وورووژانە نێگەتیڤەکان قازانجێکی زۆریان هەیە، لێرەدا ئاماژە بە سێ دانەیان دەکەین:

١- وورووژانە نێگەتیڤەکان دەمانبزوێنن؛ بۆ وێنە " ترس " و " دڵەڕاوکە " زۆر بە کەڵکن؛ ئەگەر ترس نەبوایە، مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی بێ ئەزموون دەچۆ ناوەڕاستی شەقام، یان سەگێکی وەحشی لە باوەش دەگرت. ئەگەر دڵەڕاوکە نەبوایە بە بێ ئامادەکردنی هیچ شتێک بۆ قسەکردن، لە کۆڕێکی گرینگدا بەشداریمان دەکرد.

٢- وورووژانە نێگەتیڤەکان زانیاریمان دەدەنێ؛ بۆ وێنە " خەمداگرتن " نیشانەی نەبوونی شتێکە؛ یان ترس جۆرێک هەڕەشەیە.

٣- وورووژانە نێگەتیڤەکان یارمەتیمان دەدەن بۆ ئەوەی کە شت فێر بین؛ ئەم وورووژانانە پێمان دەڵێن گرفتێکمان هەیە، هەر ئەو مەسەلەیەش دەبێتە هۆکارێک بۆ کۆکردنەوەی زانیارییە تازەکان، هەروەها شوێن دانانی ئەم زانیارییانە لەسەر ڕوانگەکانمان و ئەگەریش کرا گۆڕانیان (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ٤٢٠).

### لێکدانەوە

دوای ماوەیەکی زۆر بێچۆ مراوییەکان لە هێلکە هاتنە دەرێ، تەنیا یەکێک لە بێچوکان لەگەڵ ئەوانی تر جیاوازی هەبوو. ئەو لە هەموویان ناحەزتر و گەورەتر بوو. بێچۆکانی دیکە ئەویان بە سوخرە دەگرت و هەمیشە بە دندووک تێیان دەکوتا. بێچۆمراوییە ناحەزەکە

ناڕاحـــەت و تەنیـــا بوو، هەر بۆیە لەوێ ڕۆیشت و بێچۆکانی تری بەجێ هێشت. لە ڕێگادا گەیشتە ماڵە پیرێژنێک کە هاوڕێی پشیلە و مریشکەکانی ژیانیان بەسەر دەبرد. پیرێژنەکە زۆر بە سەر و ڕووخۆشی داوای لێکرد لەوێ بمێنێتەوە؛ لەبەر ئەوەی بێچۆمراوییەکە دەیتوانی هێلکە بکا. پشیلەکە پێی گوت ئەگەر بە کەڵکی هیچ نیی، دەبێ لێرە بڕۆی.. بێچۆمراوییە ناحەزەکە بە ناڕاحەتییەوە لەوێ ڕۆیشت هیچ جێگایەکی نەبوو لێی بمێنێتەوە. بە درێژایی وەرزی زستان لە کەناری زرێبارەکە لە نێو گیاوبژەکاندا گوزەراندی.

ڕۆژێک بۆ مەلە چووبوو، ئاوی دەریاچە بەستی و لەوێدا حاسێ بوو. وەرزێڕێک نەجاتی دا و بردییە کن خۆی. بێچۆمراوییەکە لە هەراهەرای منداڵەکانی وەرزێڕەکە ترسابوو و لە کن وان ڕۆیشت. لە ناو دەریاچەکەدا سێ دانە قووی زۆر جوان بانگیان کرد و کوتیان: " قوو جوانەکە وەرە بۆ لای ئێمە ". قوو جوانەکە بە مەلە بۆ لای وان ڕۆیشت. ئیتر ئەو تەنیا نەبوو، چونکە هاوڕێی تازەی پەیدا کردبوون. بە هاتنی بەهار باڵەکانی بۆ فڕین لێک کردەوە. کاتێک چاوی لە ئاوەکە کرد، وێنەی قوویەکی سپی جوانی دیت. لە خۆشیان هاواری کرد: "ئەمن قووم! ئەمن. بێچۆمراوی نیم! ئەمن جوانم" (بێچۆمراوی: هانس کریستین ئەندرسن)

وورووژانی زاڵ لەم چیرۆکەدا "خەم" یان بە واتایەکی تر "خەمداگرتنە". سەرچاوەی خەم، دیاردەی"نەبوونی"یە (فقدان). منداڵ لە درێژەی ژیانیدا بۆی هەیە تووشی نەبوونی چکۆلە و گەورە ببێتەوە. مەرگی نزیکانی منداڵ، مەرگی ئەو بوونەوەرەی هۆگری پێیەتی، جیابوونەوەی کاتی، یان درێژخایەن لە دایک و باب؛ هەمووی ئەوانە دەبنە هۆی ئەوەی کە منداڵ و مێرمنداڵ هەست بە نەبوونی بکەن. سەرچاوەی هەستکردن بە نەبوونی هۆگری و گیرۆدەبوون بە شتێکە. پێویستی مرۆڤ بە ئەمنییەت، دەبێتە هۆی گیرۆدەبوونی. ئەم هەستە بۆ مانەوەی مرۆڤ زۆر بەکەڵکە. چیرۆک هەوڵ دەدا بە چەند شێواز وەک سازکردنی هیوا و ئومێد، نیشاندانی ئەوەی کە خەمیش ڕۆژێک کۆتایی پێدێ، یان ڕێگاچارەکانی سازگاربوونی مرۆڤ لەگەڵ گرفتەکان، یارمەتی بدا بە خوێنەر بۆ ئەوەی کە لەگەڵ ئەو وورووژانە ناخۆشە شەڕێکی دەروونی و زەینی بکا (پەریرۆخ و مەجدی، ١٣٨٨؛ ل:٥١).

چیرۆکی "بێچۆ مراوی"ش هەوێنی ئەم چەمکانەن لە سەرەوە باسمان کردن؛ چونکە لەو چیرۆکەدا پەیامی ئەسڵی لە کۆتاییدا هیوا و ئومێدە. ئەوە لە حاڵێکدایە خوێنەر، یان باشتر بڵێین منداڵان هەر لە سەرەتای چیرۆکەکەدا هەست بەوەی دەکەن خەم و ئازارەکانی بێچۆمراوییەکە بە هۆی نەبوونی شتێکە، ئەویش نەبوونی جوانییە. بۆی هەیە منداڵ کاتی خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە تا دەگاتە پێش کۆتاییەکەی، ئەم وورووژانە ناخۆشەی تێدا ببزوێ و خەم دایبگرێ، خەمی بێچۆمراوییەکەیەتی بە هەموو ناڕاحەتی و ئازارەکانییەوە؛ تەنانەت " هەمزادپێنداری "شی لەگەڵ دەکا، بەڵام کاتێک چیرۆکەکە دەگاتە کۆتایی، وەک ئەوە وایە ڕەوانناسێک ئەم ناڕاحەتییە وورووژێنە لە ڕێگای میتودەکانی ڕەوانناسی چارەسەر بکا و لەپڕ بێچۆمراوییەکە دەبێتە قوویەکی سپی و جوان و هەڵدەفڕێ؛ لەو بەشەدا گریمانەی زیندووبوونەوەی هیوا و ئومێد لە لای منداڵدا هەیە، هەروەها گریمانەی ئەوەشی لێ دەکرێ هەموو خەم و ئازار و وورووژانە نێگەتیڤەکان لەناوبچن، یان جێگای خۆیان بە وورووژانە پۆزەتیڤەکان بدەن؛ چونکە قوو سپییەکە لە ڕاستیدا هێمای هیوا و ئومێد و زیندوو بوونەوەیەکی ترە.

سەیر ئەوەیە لە ڕەوانناسیدا یەکێک لە میتودەکانی دەرمانی ئەم وورووژانە نێگەتیڤە (خەم)، دڵخۆش کردن، یان بە واتایەکی تر هیوا و ئومێددان بە تاکی خەمناکە، ئەو میتودەش بە تەواوی لەگەڵ ڕەوتی چیرۆکەکە یەکتر دەگرێتەوە. هەر دەڵێی نووسەر خۆی دکتۆرێکی ڕەوانناسە و ئاشنا بە هەموو شێوازەکانی دەرمان.

"دێنیس بی لێبجر، تێد نیکۆلز و جوان سی. می" سێ ڕەوانناسی ئەمریکایی لە کتێبەکانی خۆیاندا بە نێوی "پێوەندی لەگەڵ منداڵ لە ڕێگای چیرۆکەوە" باسی جۆرێک لە چیرۆک دەکەن بە ناوی "چیرۆکی ڕەوانتەکان".

کوتنی چیرۆکی ڕەوانتەکان دەتوانێ ببێتە هۆی گۆڕانی لێکدانەوە نێگەتیڤەکانی منداڵ لە بابەت چیرۆکی ژیانی خۆی. لە کاتی گێڕانەوەی ئەم جۆرە چیرۆکەدا، ڕوانگەی منداڵ ڕیالیستیترە، هەروەها قەزاوەتەکانی لە بارەی ڕووداوەکاندا وردبینانەترە. چیرۆکی ڕەوانتەکان

هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە منداڵ بە سانایی بتوانێ هەست و ئیحساسەکانی ڕاستەقینەی خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بێ ئەم لا و ئەولا دەرببڕێ، هەر بۆیە لە کاتی گێڕانەوەی چیرۆکی ڕەوانتەکاندا، هەست کردن بە شەرمەزاری، هەروەها بەرپرسیارێتی منداڵ سەبارەت بە ڕووداوە تاڵ و ناخۆشەکان کەم دەبێتەوە.

بیرنەکردنەوە لەبارەی ڕووداوە ناخۆشەکانی ژیانی ڕابردووی منداڵ و هەست نەکردن بە ترس و خەم و تووڕەیی، کەرەسەیەکی بەرگری شوێندانەرە بۆوەی منداڵ خۆی لە بەرابەر بیرەوەرییە ناخۆشەکاندا بپارێزێ. بۆی هەیە کەڵک وەرگرتن لە زمانی "سێیەم کەسی تاک" بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکان، بتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ ئەوەی کە منداڵ خەم و ئازارەکان، یان بە گشتی ئەو ورووژانانەی کاریگەرییەکی نێگەتیڤییان لە ڕابردووی منداڵدا هەبووە، لەبیر بەرێتەوە، یان لانی کەم کەمی بکاتەوە. بە گێڕانەوەی چیرۆک لە زمانی سێیەم کەسی تاک ئەمنییەتی ڕەوانی و سەلامەتی ڕوحی، تەنانەت جەستەیی منداڵ دەپارێزرێ؛ ئیمکانی هەیە منداڵ ئەزموون و سۆز و ورووژانەکانی کەسایەتی ئەسڵی چیرۆک لەگەڵ ئەزموون و سۆز و ورووژانەکانی خۆی بکاتە یەک؛ لە هەمان حاڵیشدا تێیاندا نقووم نەبێ (نیکۆڵز، لێیجێر، سی می ٢٠٠٥؛ لل:١٢٧ – ١٢٩–١٣٠).

## کۆتایی

ئەدەبیاتی منداڵان، بە گشتی هەموو ئەو نووسراوە و بەرهەمە زانستی و هونەرییانە دەگرێتەوە کە بۆ منداڵان نووسراون و دەبنە هۆی بەرفراوان بوونی ڕوانگە و تێڕوانینیان لەبارەی جیهانی دەور و بەریان؛ هەروەها پێویستە بگوترێ ئەم نووسراوانە جیا لە بەرنامەی دەرسین. ورووژان هەلومەرجێکی ڕەوانی – جەستەییە و لە حەقیقەتدا وەڵامێکە بۆ ئەزموونەکانی مرۆڤ، هەروەها هەوێنی ئیحساس و عاتیفەشن. بە گشتی دوو جۆرە ورووژان هەیە: پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ.

ئەو ورووژانانەی حاڵەتێکی خۆش بە مرۆڤ دەدەن، پۆزەتیڤن؛ ئەوانەی حاڵەتێکی ناخۆش بە مرۆڤ دەدەن، نێگەتیڤن.

ئەگەر بمانەوێ باس لە ڕەنگدانەوەی ورووژان لە چیرۆکی منداڵاندا بکەین؛ دەتوانین چیرۆکی "بێچۆمراوی" ئەندرسن وەکو نموونەیەک بێنینەوە؛ لەو چیرۆکەدا ورووژانی زاڵ "خەم"، یان بە واتایەکی تر "خەمداگرتن"ـە. هۆیەکەشی بۆ دیاردەی "نەبوونی" دەگەڕێتەوە. نەبوونی جوانی لە بێچۆمراوییەکە تووشی گەلێ کارەساتی ناخۆشی دەکا، لە ئاکامیشدا دەبێت بە قوویەکی سپی و جوان. ئەویش هێمای هیوا و ئومێدە لەم چیرۆکەدا.

بۆی هەیە منداڵان کاتی خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە تووشی تەجرووبەکردنی ورووژانی "خەم" بن، بەڵام لە ئاکامدا بە فڕینی قوویەکە ئەم ورووژانە نێگەتیڤە جێی خۆی بە ورووژانێکی پۆزەتیڤ دەدا وەک هیوا و ئومێد.

چیرۆکی ڕەوانتەکان، جۆرێک لە چیرۆکە کە دەبێتە هۆی گۆڕانی لێکدانەوەکانی منداڵ لە بارەی ژیانی خۆی و جیهانی دەوروبەری.

**سەرچاوەکان (بە تەرتیبی ئەلف و بێ)**

*** اندرسن، هانس کریستین؛ جوجه اردک زشت، ترجمه: س مفدم، تهران، انتشارات خیابان ابریشم، ١٣٧٥ترجمه از فارسی به کردی در این مقاله: یعقوب خضری.**

*** اتکینسون. ال، اتکینسون. سی، بم، اسمیت، نولن – هوکسما؛ زمینه روانشناسی هیلگارد، ترجمه: براهنی و همکاران، انتشارات رشد.**

*** ئەحمەد، ناهیدە؛ سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵانی کورد؛ چاپی موکریانی هەولێر ٢٠٠٥.**

*** پریرخ، مهری؛ مجدی، زهرا؛ داستانها ابزاری برای کاهش مشکلات روانشناختی کودکان؛ انتشارات کتابدار، ١٣٨٨.**

*** حجازی، بنفشه؛ ادبیات کودکان و نوجوانان (ویژگیها و جنبەها)، انتشارات روشنگران و مطالعات زنان ١٣٨٧.**

*** حکیمی، محمود؛ کاموس، مهدی؛ ادبیات کودکان و نوجوانان؛ انتشارات ارون ١٣٨٢.**

# تێڕوانینی کارەکتەری چیرۆکەکانی سادقی هیدایەت لە پێوەندی بە کۆمەڵگەوە

نووسینی: د. شەهرام ئازادیان
لە فارسییەوە: ڕزگار جەباری

*** پوختە:**

بەرهەمەکانی سادقی هیدایەت بەهۆی ئەو کاریگەرییەی بەسەر ئەدەبیاتی چیرۆکی ئێرانەوە هەیانبووە، شایستەی تاووتوکردن و توێژینەوەن. ئەم وتارە هەوڵ دەدات، بپەرژێتە سەر پۆلێنکردنی تێڕوانینی کارەکتەرەکانی چیرۆکە جددییەکانی هیدایەت، لەبارەی «پێوەندی ئەم کارەکتەرانە بە کۆمەڵگەوە»، دوو تێڕوانینی سەرەکی کارەکتەرەکان لەم بارەوە بریتین لە بێزاری و ئارەزوومەندی و هەر یەک لەم دووانە، بۆ چەند تێڕوانینێکی دیکە دابەش دەبن و ئەو کارەکتەرانەی کە نموونەی ئەم حاڵەتانەن دێنە ناساندن.

*** وشە کلیلییەکان:**

هیدایەت، کۆمەڵگە، چیرۆک، پێوەندی، پۆلێن.

*** پێشەکی:**

نووسەرە گەورەکان هەمان دۆخی فەیلەسووفە گەورەکانیان هەیە. بە وتەی بێرتراند ڕاسێل: «فەیلەسووفەکان هەم هۆکارن و هەم هۆ». لە سەرێکەوە هۆکاری بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕامیاریی بنیادی حکوومەتی سەردەمی خۆیانن و لە سەرێکی دیکەوە هۆی ئەو بیروباوەڕانەن کە سیاسەت و بنیادەکانی سەردەمانی دوای خۆیان پێکدێنن.

ئەم وتەیە لەمەڕ سادقی هیدایەتیشەوە ڕاستە. هیدایەت بەرهەمی سەردەمانی پڕ ئاژاوەی دوای مەشرووتە و بەرکەوتنی شارستانییەتی ڕۆژاوا و ئێرانە. ئەم بەرکەوتنە- کە بەهۆی گەشتی هیدایەتەوە بۆ فەرەنسا و خوێندن لەوێ، بە نیسبەت هاوچەرخ و هاوجۆرەکانییەوە توندییەکی زیاتری هەیە – لە



سادق هیدایەت

نووسینەکانیدا زۆر بەچڕی کاریگەری جێ هێشتووە. لە سەرێکی دیکەوە هیدایەت وەک پێشەنگی زۆرێک لە نووسەرانی هاوچەرخ، یان دوای خۆی، کاریگەرییەکی فراوانی بەسەر هزر و جیهانبینییاندا جێ هێشتووە. بە جۆرێک کە زۆرێک لە گوزارشت و تێفیکرینەکانی هیدایەت لە بەرهەمەکانیانیاندا دەبینین، کە هەڵبەتە لەم نێوانەدا پێشینەی فەزڵ و فەزڵی پێشینە هەر بۆ هیدایەتە. لەم سۆنگەوە تاووتوکردنی بەرهەمەکانی هیدایەت نەک لەڕووی خۆیەوە، بەڵکو لە ڕووی کاریگەری بەسەر ئەوانی دیکەشەوە، خودان بایەخە. یەکێک لە ختووکە و کەڵکەڵە سەرەکییەکانی هیدایەت، کۆمەڵگەیە. ئەم ختووکە و کەڵکەڵەیە بە شێوە جیاوازەکانی خۆی لە بەرهەمەکانیدا خستوویەتییە ڕوو، هەروەها یەکێک لە سیما سەرەکییەکانی، بریتییە لە چۆنێتی هەڵسوکەوتی کارەکتەری چیرۆکەکانی لەگەڵ کۆمەڵگەدا. ئەو پرسەی کە یەکێک لە کاکڵە سەرەکییەکانی بەرهەمەکانی پێکدێنێت، هەمەچەشنی ئەم هەڵسوکەوتە بابەتگیریانەی هیدایەتە لە هەر بابەتێکدا، کە دەتوانێت بۆچوونی ئەو لەمەڕ کۆمەڵگە نیشان بدات.

ئەم وتارە هەوڵ دەدات بپەرژێتە سەر تاووتوکردنی ئەم بابەتە لە بەرهەمی چیرۆکەکانی هیدایەت و پۆلێنیان بکات. پێویستە بەرلەوەی بچینە ناو توێژینەوەکەوە، ئاماژ بۆ چەند خاڵێک بکەین:

١- ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی ئەدەبییە، نەک کۆمەڵناسییانە، یان دەروونزانییانە. مەبەست ئەوە نییە کە بۆچی هیدایەت، یان کارەکتەرەکانی ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەیان لەگەڵ کۆمەڵگەدا هەیە؟ یان بۆچی پێوەندییە ئابووری، کۆمەڵایەتییەکان ئەم حاڵەتانەی هێناوەتە ئاراوە، بەڵکو ئامانج، تیروانینێکی وەسفییە بەو بابەتە لە چاوی خودی کارەکتەرەکانەوە.

٢- ئامانج لەم وتارە دارشتنی تیوری و تێروانینی هەڵسەنگاندن نییە لە ڕوانگەی یەکێک لە تیورییە باوەکانەوە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئەم پۆلێنە کە بە شێوەیەکی سروشتی لە بەرهەمەکانی هیدایەتەوە بەردەست دەکەوێت، بخرێتە بەرباس.

٣- ئاساییە کە لە پۆلێنکردنی کارەکتەرەکان و ئەم جۆرە وتەزایانەدا، تێڕوانین و سەلیقەی کەسێتی ڕۆڵێکی فراوانی هەبێت، منیش بانگەشەی ئەوە ناکەم کە سەرەکیترینی ئەو ڕەهەندانەی لەم کارەکتەرانەوە بەرچاوم کەوتووە، کۆدەنگی لەسەربێت.

٤- بە شێوەیەکی سروشتی ئەم جۆرە وتارانە، ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ وتار و کتێبگەلی دیکە، بەڵکو هەر کەسە و پۆلێنی خۆی دەکات و سەرچاوەی سەرەکی منیش چیرۆکە جددییەکانی هیدایەتە.

ئەگەر بمانەوێ کارەکتەری چیرۆکەکانی هیدایەت لە ڕووی تێڕوانینیان بۆ کۆمەڵگە و پێوەندییان پێوەی، پۆلێن بکەین، ڕەنگە بتوانین بە دوو دەستەی سەرەکی بگەین: ئەلف: ئەو کەسانەی بێزارن لە کۆمەڵگە و ئارەزووی پێوەندییان لەگەڵدا نییە. بێ: ئەو کەسانەی حەز دەکەن پێوەندییان لەگەڵ کۆمەڵگەدا هەبێت، کە ئەم دەستەیەش لەسەر بنەمای وەڵامی کۆمەڵگە بۆ سێ لق و دەستە دابەش دەبن:

١- ئەو کەسانەی لە کۆمەڵگە پەسەند دەکرێن.

٢- ئەو کەسانەی دەکەونە بەر ڕق و دەبنە قوربانیی کۆمەڵگە.

٣- ئەو کەسانەی لە کۆمەڵگەدا وەدەردەنرێن.

بڕێک لەم دەستانە لە ڕوانگەی هیدایەتەوە ناوێکیان هەیە، کە دەپەرژێینە سەریان. ئێستا دەپەرژێینە سەر هەر یەک لەم تێڕوانینانە و ئاماژەکردن بە بابەتەکانیان و ئەو کارەکتەرانەی کە لە بەرهەمەکانی هیدایەت نوێنەرایەتییان دەکەن:

**ئەلف:** بێزاری لە کۆمەڵگە: گرنگترین حاڵەت لە بەرهەمەکانی هیدایەت ئا ئەم جۆرەیە. ئەو بەدەیان جار ڕستەگەلی وەهای خستووەتە سەر زاری کارەکتەرەکانی چیرۆکەکانییەوە کە ترۆپکی دڵڕەنجاوی ئەو لە خەڵکی ڕەشۆک دەگەیەنێت، یان بە وتەی خۆی «ڕەجاڵەکان» :«تەنیا بۆ خەڵکانی ئاسایی، بۆ ڕەجاڵەکان، ڕەجاڵەم بە چرکردنەوەی هەر ئەم زاراوەیە دەویست – کوندەپەپووی کوێر –». بە بۆچوونی هیدایەت ڕەجاڵەکان، یان خەڵکانی ئاسایی زۆر نەفرین هەژێنن. ئەوانە بوونەوەرانێکن: «گەمژە، خۆشبەخت، بێ شەرم، توندوتیژ – کوندەپەپووی کوێر–». «کەسگەلێک کە تەندروست بوون، باشیان دەخوارد، باش دەنووستن و باش جیماعیان دەکرد – کوندەپەپووی کوێر –». «قەدوقیافەیەکی تەماحکاریان هەبوو و بە دوای پارە و شەهوەتدا ڕایان دەکرد... هەموویان یەک دەم بوون کە تۆپەڵێک ڕیخۆڵەی پێوە بەسترابوو و بە ئەندامی زاووزێیان کۆتایی دەهات – کوندەپەپووی کوێر –». «ئەوانە لە ئاژەڵانیش کەمتر بوون، ئەوەی بەرێوەیان دەبات، یەکەم سک و دووەم شەهوەتە، لەگەڵ مشتێک تالانی و مشتێک دەبێت و نابێت کە کوێرکوێرانە بە گوێیاندا چپێنراوە – سێ دڵۆپ خوێن –». بڕێکیان کەم و زۆر بە ئارەزووە بەرتەسکەکانیان گەیشتوون، ورگیان هاتووەتە پێشەوە، یان شەهوەتیان لە خوارووی جەستەیانەوە گوازراوەتەوە بۆ شەویلگەکانیان، یان لە کێشمەکێشی ژیاندا سەرنجیان کەوتووەتە سەر کڵاوچێتی، ڕووتاندنەوەی ژێردەستەکانی خۆیان، بەرهەمی پەموو و تریاک و گەنم، یان قۆنداغی منداڵ و کۆنە ڕۆماتیزمی پێی خۆیان – سەگی سەرگەردان–».

جیهانیشیان نەفرین هەژێنە «ئەم ژیانە بەگوێرەی ئارەزووی دز و قاچاخچی و بوونەوەرانی زێرپەرستی گەمژە دروست بووە و ڕایی دەبێت – سەگی سەرگەردان». لەسەر زەوی ورگ و شەهوەت پەردەیان بەسەر چاودا داداوە، بەڵام لەم سەرەوە کە تەماشا دەکەیت ژیان لەسەر زەوی وەکو ئەفسانەیەک بەرچاو دەکەوێت، کە بەگوێرەی بیری شێتێک دروست کرابێت – سێبەری ڕووناک –»، «کۆمەڵگەیەک کە بە گوێرەی سەلیقە و تەماح و شەهوەتی خۆیان دروستیان کردووە و لە بچووکترین ئەرکەکانی ژیاندا دەبێت یاسا جەبرییەکان و بەندایەتییان وەکو کەپسول قووت بدەیت – سەگی سەرگەردان –». «لەم کەشەدا تەنیا دەستەیەک دزی گەمژەی بێ شەرم و نەخۆش، مافی ژیانیان هەیە و ئەگەر کەسێک دز و نەفس نزم و ماستاوچی نەبێت، دەڵێن: شایستەی ژیان نییە –سەگی سەرگەردان –».

کاریشیان نەفرین هەژێنە «ئەم دیلایەتییە کە ناویان لێ ناوە کار و هەرکەسە و دەبێت مافی ژیانی خۆیان لێ سواڵ بکات – سەگی سەرگەردان –». «کار و کۆشش هی خەڵکانی ناوبۆشە، لەم ڕێگەیەوە ئەو چاڵانەی لە ناو خۆیاندایە پڕی دەکەنەوە، هی کەسانی دەرۆزەکەری لاوە، کە لە ژێرەوە هاتوونەتە دەرێ – سەگی سەرگەردان –».

ئەوینیشیان نەفرین هەژێنە. «ئەوین چییە؟ بۆ هەموو ڕەجاڵەکان وڕێنەیەکە، بەرەڵاییەکی کاتییە. ئەوینی ڕەجاڵەکان دەبێت لە پۆلێنەکانی وڕێنە و جنێو و زاراوەکانی ناکەسدا بدۆزینەوە کە لە جیهانی مەستی و هۆشیاریدا دووبارەی دەکەنەوە – کوندەپەپووی کوێر –».

کەواتە بەشێوەیەکی سروشتی لە بەرانبەر کۆمەڵگەیەکی لەو چەشنەدا تاک تووشی کێشەگەلێکی زۆر دەبێتەوە، بەڵام لە هەموو ئەم کێشانە گرنگتر ڕۆیشتنە لەگەڵ خەڵکیدا. شەڕی کۆمەڵگە گەنیوە «شەڕی خۆراک و پۆشاک، هەموو ئەمانە هەمیشە ڕێگری لە بێداربوونەوەی بوونی ڕاستەقینەی ئێمە دەکەن – سەگی سەرگەردان –»، هەروەها بارودۆخی هونەرمەند و زانا خراپترە، بۆچی؟ «چونکە هونەرمەند هەستیارترە و باشتر لە هەمووان پۆخڵەوات و پێداویستییە زبرەکانی ژیان دەبینێت – سێبەری ڕووناک –»، «چونکە هونەرمەند زیاتر لە هەموو خەڵکی ئازار دەکێشێت، ئەمەش جۆرێکی نەخۆشییە – سێبەری ڕووناک –»، هەروەها هەر ئەم باردۆخە نالەبارەیە کە کەسانی تێگەیشتووی لێ دەرەوێنێتەوە «ئەگەرچیش بخوازن خۆیان لەگەڵی بسازێنن و تێبگەن»، «سەردەمانێک چوومە ناویان، ویستم لاسایی هەمووان بکەمەوە، دیتم خۆمم کردووەتە گاڵتەجاڕ، هەموو ئەوەی بە چێژی دەزانن

تاقیم کردەوە، دیتم گیرفانی ئەوانی دیکە بە کەڵکی من نایەت – سەگی سەرگەردان –».

کاردانەوەی ئەم دڵڕەنجانە دوو شێوەی هەیە، یان خەڵوەت و هەڵاتن لە کۆمەڵگە، یان تووڕەیی و نەفرینێکی توند لەهەمبەر دنیا و ڕێساکانی، «من ڕقم لە وشەی زۆرینە و کەمینە و مرۆڤ، هەروەها کەسانی تووشبوو بە شێتیی خزمەت بە کۆمەڵگەن و لەم جۆرە شتانە – سێبەری ڕووناک –»، «هەندێک جار حەز دەکەم کە پاش مردن دوو دەستی درێژ لەگەڵ پەنجەگەلێکی درێژی هەستیارم هەبووایە، تا هەموو گەردەکانی جەستەی خۆم تەواو کۆبکەمەوە و بە هەردوو دەستمەوە بیانپارێزم، تاکو گەردەکانی جەستەی من کە هی منن، نەچنە ناو جەستەی ڕەجاڵەکان – کوندەپەپووی کوێر –»، «ئارەزووم دەکرد کە بوومەلەرزە، یان زریان، یان هەورەتریشقەیەکی ئاسمانی هەموو ئەم ڕەجاڵانەی شەق بکردایە کە لە پشتەوەی دیواری ژوورەکەمدا هەناسەیان دەدا و ڕاوڕاوێنیان دەکرد و خۆشییان دەکرد – کوندەپەپووی کوێر –»، دواجار ئەم نەفرینە بە سڕینەوەی واقیعییەتی جیهان کۆتایی دێت. «ئایا ئەم خەڵکە کە لە من دەچن، مشتێک سێبەر نین، کە تەنیا بۆ گاڵتە کردن بە من و هەڵخەڵەتاندنی من هاتوونەتە بوون؟ ئایا ئەو شتەی هەستی پێ دەکەم و هەڵیدەسەنگێنم تێکڕا وەهم نییە، کە لەگەڵ ڕاستیدا زۆر جیاوازە – کوندەپەپووی کوێر –».

ئەوانەی خاوەن ئەم تێڕوانینەن دەتوانین بۆ دوو دەستە پۆلێنیان بکەین:

١– ڕۆشنبیرانی بێزار لە کۆمەڵگە: تاکی وەکو کەسایەتییە سەرەکییەکانی چیرۆکەکانی کوندەپەپووی کوێر، زیندەبەچاڵ، تاریکخانە و تاڕادەیەک (خشتون) لە چیرۆکی قەڵای پیس، ئەمانە کەسانێکی هۆشیار و تێگەیشتوون کە لە گەندەڵی کۆمەڵگە بە ئاگا هاتوونەتەوە و ڕیسوای دەکەن و ڕەخنەی لێ دەگرن. ئەم دەستەیە زۆرترین ئاستی قسەی گوتراویان بۆ خۆیان مسۆگەر کردووە.

٢– ڕۆشنبیرانی سەرلێشێواو: کەسانی وەکو هومایۆن (گێژەنگ)، میرزا حسێن عەلی (ئەو پیاوەی کە نەفسی خۆی کوشت)، فەرەیدوون (شەوانی وەرامین)، ڕوزبەهان (دوایین زەردەخەنە)، دکتۆر ڤارنەر (تەختی ئەبوونەسر)، ڤاسیلیچ (دەرکەوتن)، سەید نەسروڵڵا (نیشتیمان پەرست)، شەریف (بن بەست)، سەوسەن (س.گ.ل.ل)، ئەو کەسانەی کە توانیویانە تا ڕادەیەک خۆیان لە بیروباوەڕ و تێفکرینی ڕەشۆک دوور بخەنەوە، بەڵام هێشتا ئەم پرسانە کاریگەرییان تێدا هەیە و لە نێو شپرزەیی و گومانێکی هەمیشەییدا هێشتونیەتییەوە و هەر بەم هۆیەوە ئاکامی زۆربەیان بە مردن، یان شێتی کۆتایی پێدێت.

**ب**– ئارەزووی پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەدا: تاک لەم تێڕوانینەدا دەخوازێت لەگەڵ کۆمەڵگەدا پێوەندی هەبێت و لەگەڵیدا بژیت و هیچ ئارەزوویەکی بە گۆشەگیریی جۆری پێشوو نییە، بەڵام لێرەدا ئەوە کۆمەڵگەیە کە خاوەن بڕیارە و بە پێوەرەکانی خۆی بەستراوەتەوە، کەسەکان پەسەند دەکات، یان ڕەتی دەکاتەوە. ئەگەری چەند حاڵەتێک هەیە کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

ئەلف– پەسەندکردن لە کۆمەڵگەدا: هەندێک جار کۆمەڵگە لە بەرهەمەکانی هیدایەتدا، تاکەکان بە ئامێزێکی واڵاوە پەسەند دەکات و هەموو توانستەکانی خۆی دەخاتە بەردەستیان. ئەم حاڵەتە، قێزەونترینی جۆرەکانە لە بۆچوونی هیدایەتدا، چونکە کۆمەڵگە بەبۆچوونی ئەو نەفیکراوە، ئەو تاکانەش کە تێیدا پەسەند دەکرێن و خۆشەویستن، یان وەکو حاجی موراد دزن، یان وەکو شێخ ئەبولفەزڵ ڕیاکارن. ئەم کەسانە دەکرێن بە دوو دەستەوە:

١– ڕەجاڵەکان: ئەم کەسانە نمای ڕەهەندە نەرێنییەکانی خەڵکی ئاسایی و نەریتین: حاجی موراد و ژنەکەی (حاجی موراد)، مەنیژە و نێرگز و شێخ عەلی (مردووخۆران)، کاکە ڕۆستەم (داش ئاکول)، عەزیز ئاغا و گولین خانم و مەشەدی ڕەمەزان عەلی (داوای لێخۆشبوون)، شێخ ئەبولفەزڵ (ئەو پیاوەی کە نەفسی خۆی کوشت)، میرزا یەدوڵڵا و شەهناز (محلل)، گوڵ بەبو (ئەو ژنەی کە پیاوەکەی بزر کرد)، کسیاکی کەی (باوکانی مرۆڤ)، لکاتە (کوندەپەپووی کوێر)، حەکیم باشی پوور (نیشتیمان پەرست)، حەسەن (دون ژوان کێرج). ئەم کەسانە بوونەوەرانێکن نزم، بێ هەست، دز، مرۆڤکوژ، ڕیاکار، فیڵباز، گەمژە و بەکورتی خودان سیفاتی خراپەی زۆر، کە مایەی نەفرینی توندی هیدایەتن.

٢- خۆشگوزەرانەکان: ئەم دەستەیە لە ڕاستیدا هەر ڕەجاڵەکانن کە لە هەڵسوکەوتدا بۆ ڕازی کردنی غەریزەکان مایەی ڕۆژاواییانەیان زۆر بووە، نموونە ڕۆژاواییەکان بە کار دێنن، ئەمانەش مایەی گاڵتەجاڕی و نەفرینی هیدایەتن، جەمشید (ئاوێنەی شکاو)، مەنوچێهر و خوجەستە (ڕوخسارە بچووکەکان): دیلی فەرەنسی... تاد (س.گ.ل.ل)، مەعشووقەی حەسەن و دون ژوان کیرج، تایبەتمەندیی گرنگی ئەمانە سەرنجی فراوانیانە بۆ پرسە سێکسییەکان و ڕەهەندی ئاژەڵی.

بێ- قوربانی بوون لە کۆمەڵگەدا: لەم حاڵەتەدا کۆمەڵگە چەشنی باوکێکی سەختگیر و دەمارگیر بە تەواوەتی تاک دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و بەردەم گەشەی هەموو خواست و بیرکردنەوەکانی بەربەست دەکات، وەک میهرداد لە چیرۆکی بووکەڵەی پشت پەردە، کە «بیست و چوار ساڵان بوو، بەڵام هێشتا هێندەی منداڵێکی چواردەساڵەی فەرەنسی، بوێری، ئەزموون، پەروەردە، ژیری، جوامێریی لە ژیاندا نەبوو - سێبەری ڕووناک -»، یان داش ئاکول کە تەنیا لەخەودا دەتوانێت لە کۆتە کۆمەڵایەتییەکان ڕزگاری بێت. بە کورتی لەم حاڵەتەدا، کۆمەڵگە زنجیرێکە بۆ مرۆڤ. لەو جۆرە کەسانە دەتوانین ئاماژە بە کەسانی وەک: داش ئاکول، خوداداد (هەڵاڵە)، ڕوبابە (محلل)، کڵاوزێڕین (ئەو ژنەی کە پیاوەکەی بزر کرد)، درەخشندە و میهرداد (بووکەڵەی پشت پەردە)، ویست زیت و زی زی (باوکانی مرۆڤ)، بەهرام (گێژەنگ).

جیم- وەدەرنان لە کۆمەڵگەدا: حاڵەتێکی دیکە لە بەرهەمەکانی هیدایەت بریتییە لە وەدەرنان. بڕێک لە کەسایەتیی چیرۆکەکانی هیدایەت لە ڕاستیدا خوازیاری پەسەند کردنن لە ژینگەی باودا، بەڵام لە لایەن خەڵکییەوە دەردەکرێن و وەک بنچینە لەم جۆرە بابەتانەدا، ئەوە کۆمەڵگەیە کە بە تۆمەتبار لەقەڵەم دەدرێت.

ئەو کۆمەڵگەیەی کە ڕووکەشبینە و لە هەڵسەنگاندنی تاکدا، یاساگەلێکی وشکی هەیە، داوودی پشت کوڕ، بە هۆی ڕوخسارە دەرەکییەکەیەوە، دەکەوێتە بەر نەفرین و وەدەرنان، هەروەها پات بە هۆی سەگ بوونییەوە. هیدایەت دەڵێت: «هەست دەکەم بە ڕیسوایی منیان لە کۆمەڵگەی مرۆڤەکان وەدەرنا - زیندەبەچاڵ -». ڕەنگە ئەمە هەستی خودی هیدایەت بێت کە خستوویەتییە سەر زاری سەگی سەرگەردان: «ئەو موحتاجی ئەوە بوو کە خۆشەویستی خۆی بۆ کەسێک دەربخات، گیانی بەخت بکات. هەستی پەرستن و وەفاداری خۆی بۆ کەسێک نیشان بدات، بەڵام پێدەچوو کەس پێویستی بە دەربڕینی هەستەکانی ئەو نەبێت، کەس نەیدەپاراست. تەماشای ناو هەر چاوێکی دەکرد، بێجگە لە کینە و شەڕەنگێزی هیچی دیکەی نەدەخوێندەوە و هەر جووڵەیەکی بۆ سەنجڕاکێشانی ئەم خەڵکە بکردایە وەکو ئەوە وا بوو کە تووڕەیی و غەزەبیان زیاتر بورووژێنێت - سەگی سەرگەردان -».

زۆربەی ئەم کەسانە دوای وەدەرنان لە کۆمەڵگە شێت، یان نیمچەشێت دەبن، لەو وەدەرنراوانە، سەگی سەرگەردان، داوودی پشت کوڕ، ڕەوشەنەک (قەڵای پیس) و سیمویە (تەختی ئەبو نەسر) لە کەسانی نیمچە شێت دەتوانین ئاماژە بە قارەمانی سێ دڵۆپە خوێن ئەحمەد (پنگال) و دادە خانم بکەین، ئاکامی هەمووشیان بە مردن کۆتایی دێت.

*** ئەنجام:**

هەڵسوکەوتی کەسایەتیی چیرۆکەکانی هیدایەت لەگەڵ کۆمەڵگەدا، پرسێکی گرنگە لە بەرهەمەکانی هیدایەتدا. ئەم هەڵسوکەوتە دەتوانین بەم شێوەیە پۆلێن بکەین:

جۆرەکانی هەڵسوکەوت:

أ- بێزاری لە کۆمەڵگە:

١- ڕۆشنبیرانی بێزار لە کۆمەڵگە.

٢- ڕۆشنبیرانی سەرلێشێواو.

ب- ئارەزووی پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەدا.

١- پەسەندکردن لە کۆمەڵگەدا: ئەلف: ڕەجاڵەکان بێ:خۆشگوزەرانەکان

٢- قوربانی بوون لە کۆمەڵگەدا.

٣- وەدەرنان لە گۆمەڵگەدا.

**سەرچاوە:**

**فصلنامه تخصصی زبان و ادبیات فارسی**

**سال دوم، شماره اول بهار ١٣٨٨.**

# گرووپەکانی زانستی کەلام مورجیئەکان

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین – کۆلێژی ئاداب)

١- ڕووداوەکانی سەردەمی سەحابەکانی ئایینی ئیسلام هەر لە کۆچی دوایی پەیامبەرەوە تاوەکو کوشتنی خەلیفەی دووەم عومەر و خەلیفەی سێیەم عوسمان سەرتاپای ئەو جیهانەی هەژاندووە کە ببوون بە موسڵمان. ئەو ئەنجامانەی لێی کەوتوونەتەوە، ئەگەرچی بەلای هەندێک توێژەرەوە چاوەڕوان نەکراو بوون، ڕوویەکی دیکەی ئایینی تازە هاتوویان دەرخستووە کە بە پێچەوانەوە، ئیسلام هەر لە سەرەتای هاتنییەوە سەرگەرمی لاواز کردن، ئینجا نەهێشتنی بووە: دووبەرەکی، شەڕی براکوژی، خوێن ڕشتن و لەبەرچاوخستنی ماڵ و منداڵ و ژیانی دنیا! جارێکی تر ناکۆکی و ململانێ و ناخۆشی شاردراوەی نێوان خێڵەکان، کە تاڕادەیەک سارد ببووەوە، سەرئاو کەوتۆتەوە! هەڵگەڕانەوە لە ئایین و یاخی بوون کە ئەو سەردەمە بە جەنگی (ڕەددە) ناوبراوە.

ئەگەرچی واچاوەڕوان کراوە دوای کوشتنی عوسمان، ڕەوشەکە هێمن و هێور بێتەوە، کەچی لەو ڕۆژەوە خەلیفەی چوارەم عەلی کوڕی ئەبو تالیب وەک خەلیفە دەست بەکار بووە تا ئەو ڕۆژەی لە کووفە کوژراوە، ماوەی ئەو چوار ساڵ و یازدە مانگە هەر سەرگەرمی شەڕ و کوشتار بووە، لەگەڵ ڕکەبەر و ناحەز و ئەوانەی دەنگیان بۆ نەداوە، تەنانەت یەک بست خاکی موسڵمانان فراوانتر نەکراوە و کەسی تر نەبوون بە موسڵمان. کێشەی سەرەکی نە فەتح بووە نە غەزا، بەڵکو ئاژاوە و کوشتار و شەڕی ناوخۆ و بڵاوبوونەوەی بێ دادی و گەندەڵی و زوڵم و جەور بووە. ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە و هیچ جۆرە گومانێک هەڵناگرێ، دوای کوژرانی خەلیفەی چوارەم عەلی، حەدیسەکەی پەیامبەری ئیسلام هاتەدی، ئومەتی ئیسلام پەرشوبڵاو بوو، بە دەیان گرووپی جۆراوجۆری سیاسی، مەزهەبی جیاواز پەیدا بوون و بەشێوازی جیا

هەر لە شەڕی بەرەیی شمشێر و تیرەوە تاوەکو یاخی بوون و هەڵگەڕانەوە و ڕاگەیاندنی گرووپ و مەزهەبی ڕەهەند جۆر بەجۆر دەستبەکار بوون. ئیسلام بۆ هەتا هەتایە بوو بە دوو بەرەوە، بەرەی سوننە و بەرەی شیعە، هەر بەرەیەک لەو دوو بەرەیە جارێکی دیکە چەندین گرووپ و مەزهەب و ڕێبازی جیای لێ پەیدا بووە و تارادەیەک سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاندووە. کۆشاون بە سەلمێنە و بەڵگەی ڕەهەند جیاواز، ڕەوایی خۆیان و نادروستی ناحەزانیان ساغ و پشت ڕاست بکەنەوە. هەر لەو سەردەمەدا بەسەدان، بگرە پتر حەدیسی ناڕاست بە زمانی پەیامبەری ئیسلامەوە هەڵبەستراوە تاوەکو لە دواییدا چەند زاناو شارەزا حەدیسی سەحیحیان لە ناڕاستەکان جیا کردۆتەوە.

٢- ڕەوشی ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و خێڵەکی لە وڵاتی حیجاز و یەمەن و یەمامە ئەگەر خراپتر نەبووبێ، چاکتر نەبووە. بەپێی سەرچاوەکان لە کاتێکدا لە یەمەن و یەمامە خێڵ و تیرەکان لە دەسەڵاتی ئیسلام یاخی دەبوون، دیاردەی دەرکەوتنی ناوبراو بە موسەیلەمە کە دواتر بە «درۆزن» ناسراوە، ئەوە ساغ دەکاتەوە کە هەست و گیانی خێڵە و دابونەریتی تیرەگەری ئەگەرچی ماوەیەک داپۆشراوە، گەرموگوڕیی خۆی لە دەست نەداوە و لەسەردەمی خەلیفەی یەکەمەوە سەرئاو کەوتۆتەوە. چەمکی ئایین و باوەڕ و ئیمان و ڕێوشوێنەکانی ئیسلام نەیتوانیوە لە دڵی خەڵکەکەدا جێگیر بێ و سۆز و پابەندبوون بە تیرە و خێڵ لە ناوبەرێ، کەچی بە پێچەوانەوە لەو وڵاتانەی کە لەدەرەوەی دوورگەی عەرەب داگیر کرابوون (فەتح کرابوون بەغەزا) و میللەتەکانیان بەشمشێر کرابوون بە ئیسلام، تا سەردەمی خەلافەتی عومەر کوڕی خەتاب کولتوور و ئایین و دابونەریتی کۆن هەر ماوە و کاراو کاریگەر بوون لەناو خەڵکدا:

- لە میسر کتێبخانەی سەردەمی یۆنان و ڕۆمی ئەسکەندەرییە ماوە، دواتر ئاگری تێبەر دراوە و سووتاوە!

- لە وڵاتی فارس بە عیراقەوە، هەردوو شاری کووفە و بەسرە پڕ کراون لە عەرەبی لە دوورگەی حیجازەوە کۆچ کردوو، ڕێبازی جیاوازی ئایینی و فەلسەفەی(١)، وەک نەستووری و مەزدەکی و مانەوی (زەردەشتی، مەسیحی)، ئینجا فەلسەفەی یۆنانی کە بەهۆی هێرشی ئەسکەندەرەوە هاتبوو، لە چالاکی خۆیان نەکەوتوون. لە شام (سوریا و دەوروبەری) کە خۆی مەڵبەند و ناوەندی هەردوو ئایینی جوولەکە و مەسیحی بووە، مەزهەبی یاکوبییەکان (کە ڕێبازێکی کارای ئەوسای مەسیحییەت بووە) خاوەن کولتوورێکی دێرین بووە و لەو دەڤەرەدا جێگیری کردووە.

لەو ڕەوشە فرەڕەهەندی و بارودۆخە فرە کولتووری و ئایینییەی دەرەوەی حیجاز، گرووپ و ڕێباز و پارتی و بزووتنەوەی مەزهەبی و سیاسی جیاواز دەرکەوتوون و پەیدا بوون.

لە عیراقی ئەوسا کە لەژێر دەستی فارسەکان دەرهێنرابوو، هەنگاو بە هەنگاو خەریکی بە عەرەب کردنی بوون. خەلیفەی چوارەمیش عەلی پایتەختەکەی لە حیجازەوە هێنایەوە بۆ کووفە و معاویەش دیمەشقی کردووە بە پایتەخت، هەردوو بزووتنەوە و گرووپ و ڕێبازی ڕکەبەر شیعەی لایەنگیری عەلی و خاریجی ڕکەبەر دامەزراون. لە سوریاش گرووپ و ڕێبازی سەر بە معاویە و بەنی ئومەییە کە دواتر بە گرووپی ئەل مورجیئە ناسراوە دەرکەوتووە.

ئەوەی سەرنج بەلای خۆیدا ڕادەکێشی، بزاڤ و ڕێباز و گرووپە ئایینی و سیاسی و کولتوورییەکان لە دەرەوەی حیجاز، لە عیراقی ئێستا و شام و فارس پەیدابوون، بە پێچەوانەوە دوورگەی عەرەب، مەڵبەندی دەرکەوتنی ئایینەکە لەوە بەولاوە کە کەعبە و گۆڕی پەیامبەری ئیسلامی لێ بووە خەڵک سەریان لێ داوە (زیارەتیان کردووە) ڕۆڵی ئەوتۆی نەماوە، بۆیە دوور نییە بپرسرێ هۆی ئەو دیاردەیە چییە؟ دیاردەی سەرهەڵدانی کولتوور و شارستانیەت و ڕێبازی ئایینی جۆر بەجۆر لەو ناوچانەی بەهۆی ئایینەوە کراون بە موسڵمان و عەرەب؟!

مێژوو ئەوەی بۆ خەلیفەی دووەم عومەری خەتاب تۆمار کردووە کە لە سەردەمی خەلافەتی ئەودا داگیرکردنی وڵاتانی تر (فەتح) دەستی پێ کردووە، تەنانەت لەنێوان ساڵانی (٦٣٥-٦٣٨ز)سەرانسەری وڵاتانی شام و عیراقی ئێستا کەوتۆتە دەستی عەرەب لە دەوروبەری ساڵی (٦٥٠ز) وڵاتی فارس و میسر و باکووری ئەفەریقا کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی عەرەبەوە.

بەو پێیە (فەتح) تا سەردەمی عوسمان بەردەوام بووە.ناوچە و دەڤەر و میللەتانی ئەوتۆ کە خاوەن مێژوویەکی پڕ شکۆی شارستانی بوون، کەوتوونەتە ژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی عەرەبەکان کە ئایینی ئیسلامیان تێدا بڵاوکردۆتەوە. لەو وڵاتانە، نەک لە دوورگەی

عەرەب، کولتوورێک گەشەی کردووە، هیچ کاتێک میللەتی عەرەب بەبێ ئایینی ئیسلام و بەبێ بەشداری کردنی میللەتانی تر ئیتر بەخۆشی، یان بە شمشێر و ناچاری بێ ببوون بە ئیسلام، بەبیر و هزردا نەدەهات.

دەرکەوتنی ئەو هەموو ڕێباز و ئاراستە و بزووتنەوە و کۆمەڵە و گرووپی جۆربەجۆر دوای خەلافەتی ڕاشیدین لە سایەی دەسەڵاتی عەرەب- ئیسلامییەوە ئەو کولتوورە فرە ڕەنگە و بەشداری ئەو گەل و میللەتە جیاوازانە دەردەبڕێ و بەرجەستە دەکات. ڕەنگە شیعەی عەلی زۆربەی هەرە زۆریان لە عیراقی ئێستا و فارس بووبن لەوەوەیە کە ڕۆڵی سەرەکی (موالی) کە موسڵمانی ناعەرەب بوون، پێکیان هێناوە، خاریجییەکان بەشی هەرە زۆریان عەرەبی بە دووی (کۆچەری) بیابانەکان بوون، بەڵام مورجیئەکان خەڵکی شارەکانی شام بوون و دراوسێی مەسیحی و جوولەکەکان بوون و ئاگاداری کولتووری میللەتانی پێش بە ئیسلام بوونی (شام) بوون.

بۆ پتر ڕوونکردنەوەی هەلومەرجی پەیدابوونی ئەو گرووپەی زانستی کەلام کە بەلایەنگیرانی دەسەڵاتی سیاسی بەنی ئومەییە لە شام دادەنرێن و بۆ بە تەواوەتی تێگەیشتن لەو ڕاوبۆچوونانەی ئەو سەردەمە هەیانبووە کە لەچاو ئەوانی تر نامۆ و سەیر بێنە بەرچاو وا پێویست دەکات سەرنجی ڕەوشی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی شام و دەسەڵاتدارانی بەنی ئومەییە و معاویە بدرێ.

معاویە ئەگەرچی خۆی بە خەلیفەی ئایینی ئیسلام ناساندووە و گوایە ئیمامی موسڵمانان بووە، بەڵام لە هیچ بڕیار و کردارێکیدا ئەو ڕەهەند و لایەنە ساغ و پشت ڕاست ناکرێتەوە. تاکە سەرچاوەیەک بە ڕێکوپێکی و لەبار باسی ئیمانداریتی و بەدینی ئەو پیاوە ناکات، بە پێچەوانەوە زۆربەی کتێبە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن کە سیاسەتمەدار و پیاوی دنیایی بووە، کردار و بڕیار و جۆری بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت بۆتە مایەی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و بێ دادی سنوور بەزێن. ئیبن خەلدوون گوتوویەتی: عومەری کوڕی خەتاب هاتووە بۆ شام کە چاوی بە معاویە کەوتووە، ئەو جلوبەرگەی لەبەریدا بووە و بەو جۆرەی جووڵاوەتەوە، سەری سوڕماوە و گوتوویەتی: «هۆ معاویە تۆ لە پاشای کیسرا دەچی! عومەر نارەزایی خۆی لە بارەیەوە دەربڕیوە. معاویە گوتوویەتی: هۆ میری ئیمانداران! من لەسەر سنووری دوژمنم جەنگ و جیهاد پێویستیان بە جلوبەرگ و هەڵوێستی تایبەتی هەیە» گوایە عومەر بەناچاریی بێ دەنگ بووە(٢).

ڕاستە معاویە بە جۆرێک ژیاوە، بەهیچ جۆرێک خەسڵەت و تایبەتمەندی سەرکردەیەکی ئیسلامی پێوە دیار نەبووە، ئینجا خەلافەتی کردووە بە میراتگری و کوڕەکەی لە جێگای خۆی داناوە، لەوەش بەولاوە عەرەبچێتی کردووە. لەکاتی ناچاریی نەبێ دەرفەتی هیچ موسڵمانێکی نەداوە ئەگەر عەرەب نەبووبێ کارێکی گرینگی پێ بسپێردرێ! لەگەڵ لایەنگرانی بەدەست و دڵ و سەخی بووە و بەسەریاندا هەڵیڕشتووە، ئاوەهاش لەگەڵ ڕکەبەر و ناحەزانی بە زەبروزەنگ و بێ بەزەیی بووە. خۆ ئەگەر تۆزە گومانێکی لە کەسێک هەبووبێ، بەبێ سڵ و پارێز و دەست پاراستن بڕیاری لەناوبردنی داوە!.

### پەیدابوونی گرووپی مورجیئە

١- وشەی عەرەبی مورجیئە لە ئیرجائەوە هاتووە، واتای دواخستن دەگەیەنێ! دواخستنی چی؟

کاتێک ئەو پرسیارە بە ڕێکوپێکی وەڵام دەدرێتەوە ئەگەر هەلومەرجی پێکهاتن و پەیدابوونی ئەو گرووپە ڕوون بکرێتەوە، ئەوکاتە دەردەکەوێ ئەو ناوە بۆ لەو گرووپە نراوە و گرووپەکە چی دوادەخات.

دەرکەوتنی گرووپی مورجیئە وەک هەموو گرووپەکانی تری زانستی کەلام هەر لە موعتەزیلە و شیعەوە تا خاریجییەکان و ئەشعەری ئەنجام بووە نەک هۆکار! ئەنجامی ئەو ڕەوشە بووە کە لەپەیدابوونی ئایینی ئیسلام لە دوورگەی عەرەب، ئینجا بڵاوکردنەوەی لە وڵاتانی دیکە و لەنێو میللەتانی تر بە زەبری تیر و شمشێر کەوتۆتەوە! هاتنی ئایینەکە لە وڵاتێکی خێڵەکیدا کە دیاردەی بەرچاو و سەرەکی ژیانیان ڕکەبەری و ململانێ و تاڵان و بڕۆ و جەنگی بەردەوام بووە. ئەو ڕەوشەی بەهۆی دەرکەوتنی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییەوە کەوتۆتەوە وەک لە دواییدا دوای مردنی پەیامبەری ئیسلام و بوونی ئەبوبەکر بە خەلیفە دەرکەوت، ئەو کێشانەی بەیەکجاری نە یەکلایی و نە بنەبڕ کردووە، بەڵکو دوای خستوون. هەر لە سەرەتای هەڵبژاردنی، یان دانانی ئەبوبەکر بە خەلیفە کێشەی کۆن و نوێی نێوان خێڵ و تیرەکان جارێکی تر دوای کپ کردنی، سەرئاو کەوتۆتەوە. چ خێڵ و تیرەیەک، ئەنسار، موهاجیرەکان، چ باڵێکی قوڕەیش مافی ئەوەی هەیە خەلیفەی لێ دابنرێ؟ هەروەک ئەوەی بابەتەکە کێشەیەکی خێڵەکی بێ و ئایینەکە هیچ

ڕۆڵێکی لە لاوازکردنی ئەو گیانە تیرەگەرییەدا نەگێڕابێ؟ دیاردەیەکی تر کە ئەو لایەنە دەردەخات: لەگەڵ دیارنەمانی چاوی پەیامبەری ئیسلام، چەند بزووتنەوەیەکی هەڵگەڕانەوە کە دواتر بە (ڕەددە) ناوبراون دەرکەوتوون، دیارترینیان بەڕابەریی (موسەیلەمە) بووە لە یەمامە کە موسڵمانەکان بە درۆزن (کەزاب) ناویان بردووە، ئەو هەڵگەڕانەوانە ئەوە ساغ دەکەنەوە تا چەند ئەو خەڵکە بەدڵ ئایینەکەیان پەسند کردووە؟ هەر لە یەکەم دەرفەتدا کە ترسی شمشێر لەسەریان نەماوە، یاخی و پاشگەزبوونەوە. هەروەک لە سەرەتادا بە شمشێر ئەو خەڵکە ناچار کرابوون ئایینەکە پەسند بکەن، هەر بەشمشێر جارێکی تر ئەو یاخی بوونە لەناوبرا. ئەو کوشتارەی خالیدی کوڕی وەلید لێی کردوون لە مێژوودا وێنەی کەمە، تەنانەت جەنگ و کوشتارەکە هەموو سنوورێکی بەزاندووە و (بە باخچەی مردن!) ناونراوە و خالیدیش بەوپەڕی بێ بەزەییانە موسەیلەمەی کوشتووە و دەستدرێژی کردۆتە سەر نامووسی!! عومەر بە خەنجەر و شمشێر ورگی دڕاوە، عوسمان بەو مەرەیە چووە کە بەسەری هاتووە و خامە توانایی دەبڕینی نییە، ئەی ورگ دڕینەکەی خەلیفەی چوارەم عەلی لە مزگەوتی کووفە دەخرێتە چ خانەیەکەوە؟!

ئەو ڕووداوە دڵتەزێنانە کە هیچ ئیماندارێکی ڕاستەقینە چاوەڕوانی نەکردوون، بوونەتە مایەی ئەوەی چەندین ئاراستە و بزووتنەوە پەیدا بن و دەربکەون و چالاک و کارابن، هەر نەبێ بۆ دەربڕینی هەڵوێست بەرانبەر بەو شەڕی براکوژی و خوێنڕشتنەوەی نێوان سەحابەکانی دوێنێ کە نەک بە هیچ شێوەیەک بەلای ئایینەکەدا نییە، بەڵکو پێ شێل کردنی بچووکترین بنەماکانیەتی، بگرە بێ ڕێزی کردنە بە سەروەرییەکانی و بەهیچ دابونەریت و شەرعێک پاساو نادرێنەوە. ئەو بزووتنەوانە بەگشتی پێیان لەسەر سێ خاڵدا گرتووە کە دەکرێ بەشێوەی سێ پرسیار دەربڕدرێن:

**یەکەم:** چ کەسێک شایستەی ئەوەیە ببێ بە خەلیفە-ئیمام. ئایا ئەو مەرجانە دەبێ ئایینی بن، یان نەتەوەیی، یان ڕۆڵی لە بڵاوکردنەوەی ئایین و دوور و نزیکی بێ لە پامبەرەکەیەوە؟!

**دووەم:** ئایا مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا، لە کردار و چالاکی و هزر و بیرکردنەوەیدا لەوەی دەیکات و بەسەری دێن، ئازادە و ئۆباڵەکەی دەکەونە ئەستۆی، یان خوا لە چارەی نووسیون و هەر دەبوو ڕووبدەن و بێنە دی؟! ئەو بابەتە لە زمانی عەرەبی چەمکی (جەبر و ئیختیاری) بۆ بەکار هێنراوە.

**سێیەم:** چ کەسێک گوناهکاری گەورەیە؟ ئەو سەردەمە بە زمانی عەرەبی (مورتەکیب ئەل کەبیرە)ی پێ گوتراوە. ئەو گوناهبارییە تا چەند و تا چ ڕادەیەک پێوەندی بە باوەڕەوە (ئیمانەوە) هەیە، بە چی و چۆن ئیمان دەچێ؟ چوونی ئیمان لەوە کەم دەکاتەوە کە خاوەنی کاروباری دنیایی پێ بسپێردرێ، یان نا؟

ئەو پرسیارانە ئەگەر تا ڕادەیەک بچنە خانەی سیاسەتەوە و لە چوارچێوەی کاروباری بەڕێوەبردندا بجوولێنەوە، تەنانەت گوناح دەکرێ بە تۆمەت دابنرێ و بە قانوون بڕیاری لەسەر بدرێ، توندوتۆڵ بەکاروباری ژیانی ڕۆژانە و کۆمەڵگاوە بەندن، بەهیچ جۆرێک، لە سۆنگەی ئەو سەردەمەوە کە ئەو ڕووداوانە تێیدا سەرئاوکەوتوون، سنووری ئایینەکەیان نەبەزاندووە و سەرتاپا لە دەریای بێ بنیدا نقووم بوون، بۆیە وەڵامی پرسیارەکان و دیاری کردنی هەڵوێست لە بارەیانەوە ئەگەر ئەوپەڕی تەمومژاوی نەبووبن لە پێوەندییاندا بە ڕووداوە ڕاستەقینەکە و ژیانی خەڵکی سادە و هەڵکەوتی لە ئارادا بوو (واقیعییەت) ئەوپەڕی نامۆ و هەژار بوون. توندڕەویی سنوور بەزێنی خاریجییەکان کە لە خۆیان بەولاوە کەسی دیکەیان پێ ڕاست و ئیماندار نەبووە و دەستیان لە کوشتنی جودا بیر و ناحەزانیان نەپاراستووە: شیعەکان بە چەندین هەنگاو بەرەو دواوە گەڕاونەتەوە و ڕاستی دەوروبەر و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ژیانیان پشتگوێ خستووە و کۆشاون بە کردەوە ڕژێمێکی نامۆ بە ژیانی تیوکراتی لەسەر زەوی دابمەزرێنن. مورجیئەکان ئەگەر هەندێ سەرچاوە بەبێ هەڵوێست و بێ لایەنیان ناوبردبن، ئەوپەڕی بێ باک بوون بەرانبەر بەو زوڵمەی بەنی ئومەییە لە خەڵکیان کردووە، بگرە سەرگەرمی پاساودانی تاوانەکانیان بوون و ویستوویانە بەو هەڵوێستەیان ئەگەر دەسکەوتیشیان نەبێ، لە گێچەڵی کاربەدەستان بە دووربن.

٢- مورجیئە بەپێچەوانەی شیعە و خاریجییەکان کۆشاون، لێکی بدەنەوە، ئیمان چییە؟ چ کەس ئیماندارە؟ ئەو هەلومەرجانە، ئەو تایبەتمەندییە کامانەن کە مرۆڤ ئیماندار دەکەن، یان ئیمانی دەچێ؟ ئایا ئیمان باوەڕهێنانە بە دڵ و ناخی دەروون، یان بە زمان شایەتمان (شەهادە) هێنانە، یان کار و کردەوەشی دەبێ لەگەڵ

بێت؟! ئەو سێ لایەنە بەجیا ، یان دەبێ هەرسێکیان پێکەوە بن، ئینجا ئیمان تەواو دەبێ؟ دەکرێ مرۆڤ لایەکیان بکات و ئەوانی تر نەکات و پشتگوێیان بخات؟ پلەو پایەی ئیماندار بەچی لە هی بێ ئیمان جیا دەکرێتەوە؟ چ کاتێک دەکرێ تۆمەتی گوناهباری گەورە (مرتكب الكبيرة) بدەیتە پاڵ ئیمانداریک؟ ئەوکاتە کە ئەو گوناهبارە گەورەیە ئەو گوناهەی لەسەر ساغ بووەوە چارەنووسی چۆن دەبێ و دەبێ چی لەگەڵدا بکرێت؟!

ڕاستە کوژرانی خەلیفەی چوارەم هۆکاری سەرەکی پەیدابوونی گرووپەکانی زانستی کەلام بووە، بەڵام هەر گرووپە تایبەتمەندی خۆی هەبووە و بەوە لە گرووپەکانی تر جیا بۆتەوە کە بابەتی تایبەتی سەربەخۆی کردووە بە بنەما و ناوەرۆکی جیهاندیدەکەی لەسەر دیار و دەستنیشان کردووە. گرووپی شیعەی سەر بە عەلی ئەبی تالیب کێشەی ئیمام و ئیمامەت و چ کەس و لە چ بنەماڵەیەک مافی ئەوەی هەیە ئەو پلەیەی هەبێ و شایستەی ئەو پایەیەی کردووە بە ناوەرۆکی جیهاندیدەکەی کە بە قسە و نووسین و کردەوە کۆششیان بۆ کردووە و هەوڵیان بۆ داوە. لەولاوە ڕێبازی موعتەزیلە سەرگەرمی جێگیر کردنی ئەو پێنج بنەمایە بوون کە هەر لە سەرەتاوە کاریان بۆ کردووە و هەوڵیان داوە جێبەجێیان بکەن.

بە پێچەوانەی شیعە و خاریجییەکانەوە، لایەنگیر و ڕابەرانی ڕێبازی مورجیئە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەگژ هیچ لایەکدا نەچوونەوە و دەستیان بۆ تیر و شمشێر نەبردووە و دڵۆپە خوێنێکیان لە لووتی کەس نەهێناوە، ئەگەرچی ئەوانیش لە سیاسەت دوور نەبوون، بەڵام هەمیشە بە قسە و نووسین و کردار و فتوا هەوڵیان داوە بێ لایەنی خۆیان بپارێزن و دۆستایەتی هەموو لایەنە دوژمن بەیەک و ناحەزانی یەکتری بکەن و لەو فتوایانەی داویانە و لەو وتارانەی خوێندوویانەتەوە تاکەکەسیان تۆمەت بار نەکردووە و هیچ کەسێکیان بە گوناهبار دانەناوە. کۆشاون ئەوەندەی پێیان کرابێ و لە دەستیان هاتبێ خۆیان لە قەرەی بابەتی کێشە ئامێز و جەنجاڵی خەلافەت و ئیمامەت نەداوە و بەپێی توانایی خۆیان لە بڕیاردان لە بارەیەوە و هەڵوێست نواندن پاراستووە.

## بنەمای بنەڕەتی ڕێبازی مورجیئە

بەپێی سەرچاوە کۆنەکان، ئەگەرچی لە پەنجەی دەست کەمترن و ئەوپەڕی لابەلایی باسیان کردووە، مورجیئەکان ڕێگای تایبەت بەخۆیان گرتۆتەبەر و بابەتێکی دیاریکراویان هەڵبژاردووە:

بابەتی دەستنیشان کردنی واتای ئیمان! ئیمان چییە؟ لەچی پێکهاتووە و چۆن پێناسە بکرێت؟ چ کەس ئیماندارە؟ بەپێی ناوەکەیان کە واتای دواخستنی دەگەیەنێ، زۆر بە هێمنی و لەسەرخۆ و بە مێشکێکی سارد و پشوویەکی درێژ بڕیاریان داوە، بڕیارێک بێ لایەنییان بپارێزێ!

لە بابەتی باوەڕ (ئیمان)دا دوو جۆرە پێناسەیان لەبەر دەستدا بووە کە واتاو پوختەکەی دەداتە دەست و دەستنیشانی دەکات؛ یەکێکیان حەدیسە کە بەو جۆرە باسی ئیمانی کردووە:

الايمان أن تؤمن بالله و ملائكته و كتبه و رسله و باليوم الأخرة..

واتە باوەڕ (ئیمان) ئەوەیە کە باوەڕ بهێنی بەخواو فرشتەکانی و بە کتێبەکانی و بە پەیامبەرانی و بەحەشر و قیامەت.

ئەو حەدیسە ئەگەر بە وردی سەرنج بدرێت، دەردەکەوێت کە باوەڕهێنان (ئیمان) بەلای باوەڕهێنان بەدڵ و دەروون و زماندا بردووە، بەڵام بەهیچ شێوازێکی ئاشکراو ڕاشکاوانە باسی کردەوەی دیاریکراو ناکات. کردەوە مەبەست لە پەرستن نییە، بە تایبەتی نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج، ئەمانە کردار نین، بەڵکو بەشێکی سەرەکین لە ئیمان و خواپەرستی کردار و چالاکییە ئازادانە کە مرۆڤ بەهۆشیاری و خواستی ئازادەوە کردبێتی و ئەنجامێکی لێ بکەوێتەوە بکرێت ئەو ئەنجامی کارە بخرێتە خانەی چاکەکارییەوە، یان بە بەدکاری دابنرێت!

– پێناسەی دووەم هی خاریجییەکانە.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا: ئایا ئیمان بڕواهێنانە بەدڵ و لە ناخی دەروونەوەیە، یان بە زمان شایەتمان (شەهادە) هێنانە، یان کردارە، بێجگە لە نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج؟ یان هەموویانن پێکەوە؟

بەلای خاریجییەکانەوە هەموویانن پێکەوە ئیمان پێکدەهێنن، ئەگەر مرۆڤێک کرداری ناجوان بێ و دەست لە بەدکاری و خراپە نەپارێزێ، ئیتر باوەڕهێنان و نوێژ و ڕۆژوو چ سوودێکی دەمێنێ؟

لە بەرانبەر ئەو دوو پێناسەیەدا مورجیئەکان بەلای حەدیسەکەدا چوون و بە تەواوەتی بۆچوونی خاریجییەکانیان پشتگوێ خستووە، بگرە بە هەڵە دا

ناوه:

هەڵوێستەکەیان بریتی بووە لە جیاکردنەوەی کاروکردار لە ئیمان. ئیمان شتێکە و کرداری مرۆڤ شتێکی دیکەیە! ئەگەر مرۆڤ ئیمانی هێنا ئیماندار بوو با کردەوەشی هەڵە و ناجوان بێ هیچ لە ئیمان و بڕواکەی کەم نابێتەوە و ناگۆڕێ.

مورجیئە پەنایان بردۆتە بەر ئەو گریمانەیە: قورئان بە زمانی عەرەبی هاتووە، وشەی ئیمان (باوەڕ) مانای (تصدیق) دەگەیەنێ(٣) ئەو وشە عەرەبییشە، جۆرێکە لە باوەڕهێنان. باوەڕ و ئیمان (تصدیق) و بڕوا پێ بوونە بە دڵ و دەروون بەخواو کاروباری ئایین، خوا ناسینە، هەر کەسێک بە دڵ و بە پاکی باوەڕ بهێنێ و خوا بناسێ ئیمانداری موسڵمانە.

هەندێک سەرچاوە لەو باوەڕەدان کە بەلای مورجیئە باوەڕهێنان و ئیمان پێ بوونەکە لە قسەی سەر زمانی (شایەتمان) و نوێژ و ڕۆژوو گرینگترە! چونکە شایەتمان و پەرستن (عیبادەت) و نوێژ و ڕۆژوو بەشێکی سەرەکی نین لە ئیمان(٤) هێنان!

بەو پێیە مرۆڤ شەریک و هاوبەش بۆ خوا پەیدا نەکات و بە دڵ بڕوا و ئیمانی بە خوا هەبێ ئیمانداره و بەئاگری دۆزەخ ناسووتێ! خۆ ئەگەر ئیماندارێک گوناهی کردبێ، ناکرێ لە دنیادا هیچ بڕیاری لە بارەوە بدرێ، یان (حوکمی) بەسەردا بسەپێنرێ دەبێ ئەو بڕیار و حوکمە (ئیرجاء) دوابخرێ و بۆ خودا بەجێ بهێڵرێ و ئەو خۆی بڕیار دەدات!

ئەو قسەیەی مورجیئە دوو لایەن و ڕەهەندێ هەیە:

**یەکەم:** دواخستن لێرەدا بەو واتایەیە کە کاروکرداری مرۆڤ بە پلە لە دوای نیاز و مەبەست و ڕازەوە دێت.

**دووەم:** ئەگەر مرۆڤ ئیمانداری ڕاستەقینە بێت، گوناح زیان بە باوەڕ و ئیمانەکەی ناگەیەنێ(٥).

بەو پێیە بەلای مورجیئەوە ئیمان بە قسە و زمان و نییەت و دڵ دەبێ و دەکرێ لە کاروکرداری مرۆڤی ئیماندار جیا بکرێتەوە. ئەگەر دەلالەتی وشەی ناوەکەشیان بخرێتە سەر ئەو بنەمایە ئەوە دەگوترێ: ئەوی گوناهی گەورە بکات، حوکم و بڕیاردان لە بارەیەوە دەبێ بەخوا بسپێردرێ بۆ ڕۆژی قیامەت کە مرۆڤ دادگایی ڕەببانی (حەشر) دەکرێت. ئیتر لەو دۆخەدا خوا بە گەورەیی خۆی سزایان دەدات، یان لێیان خۆش دەبێ. لەو بۆچوونەیاندا مورجیئە بۆچوونە ئایینییەکەیان دەربڕیوە و دەستەواژەیەکیان بە عەرەبی بۆ تۆمار کراوە تایبەتمەندییەکەیانی پاراستووە:

**لا تضر مع الايمان معصية**

**ولا تنفع مع الكفر طاعة.**

ئەو ڕستەیە کە دروشمی مورجیئەیە بە ئاشکرا ئیمان و کار، ئایین و سیاسەت لە یەکتری جیا دەکاتەوە، جیاکردنەوەیەک کە بە تەواوەتی وەڵامی پرسیارە کێشە لەسەرەکەی داوەتەوە و ڕوونی کردۆتەوە کە بڕوا و کار، ئایینی و سیاسەت دوو بابەتی لە یەکتری جیاوازن ئەگەر ئایینی بابەتی دنیـــایەکی دیکە بێت، ڕێگا بەرەو ژیانێکی دیکە، دوای مردن و لەجیهانێکی دیکەدا خۆش بکات و ژیانی ئەم سەر زەمین و دنیایە بە هەند دانەنێ، ئەوە کاروبار، سیاسەت پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی مرۆڤی ئاسایی ئەم دنیایە و سەر ڕووی زەمینەوە هەیە، ئەوی لە سیاسەتدا بشێ و بگونجێ، دوور نییە لە ئایینـدا پەسند نەکرێ، بۆیە پێکەوە لە گرێدانی هەردووکیان تێکەڵاوکردنی نەشیاوی دوو بابەت و دوو نەزم و دوو جیهاندید و دیاردەی لەناوەڕۆک و ڕوخساردا لە یەکتری جیاو جیاوازن. ئەگەر لێرەدا بگوترێ مورجیئە پاساوی سیاسەتی خوێنڕێژی و پیاوکوژی و بێ دادی معاویە و بەنی ئومەییەیان داوەتەوە و لە بەرانبەریدا بێ دەنگ بوون! ئەو ڕەخنە و گــــازاندەیە لەبەردەمی ڕاستییەکی گومان هەڵنەگردا کاڵ دەبێتەوە و بایەخی خۆی لە دەست دەدات:

عەلی خەلیفەی چوارەم و معاویەی خەلیفەی بەنی ئومەییە نموونە و سیمبوڵی دوو ئاراستە و دوو جیهاندیدی ئەوپەڕی لە یەکدی جیاوازن! ئەو دوو مۆدیلە کە لەو سەردەمەدا یەکێکیان پتر سروشتی و ئاسایی هاتبێتە پێش چاو لەوەوە بووە کە زەبر و هێزی تیر و شمشێر جێگیر و بڵاوکراوەتەوە ئەوی تریان ئاراستەیەک بووە لە کاتی سەرهەڵداندا بووە لەسەر زەمینەو لەنێو باوەشی جیهاندیدی یەکەمدا. ئەو دوو مۆدێلە لەو سەردەمەدا پێکەوە هەڵیان نەکردووە و بەیەکەوە نەگونجاون، ئاسایی بووە و جەنگی سەفین لەنێوان هەردوو بەرەدا ئەنجامی ناچاریی ئەو جیاوازییە بووە کە لەنێوانیاندا هەبووە! مودێلی هێشتنەوەی ئایین لە چوارچێوە ڕەنگ بۆ ڕێژراوەکەیدا کە هەر دەبێ سروشتی پیرۆزی و ترانسندێنتی سەرووسروشتی دوور لە ڕەخنەوەی هەبێ، دەبێ مرۆڤ و کۆمەڵگا بەجۆرێک بژین و بیربکەنەوە کە لەگەڵ ئایینەکەدا بێتەوە و تەبابێ، ئەمە هەڵوێستی عەلی کوڕی ئەبو تالیب بووە. بەپێچەوانەوە

هەڵوێستی معاویە ڕاستە لە هەمان سەربان بووە، بەڵام هەوایەکی دیکەی هەبووە: بە دنیایی کردنی ئایین و بەکارهێنانی بۆ کاروباری سیاسەت و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و دەوڵەت! ئەو دوو مۆدێلە بەیەکەوە هەڵیان نەکردووە و هەڵناکەن. سەرکەوتنی معاویە ئەگەرچی زۆر لەسەر کەسانی سەردەمی خۆی کەوتووە و خوێنێکی زۆر و زەبەندەی لەسەر ڕژاوە، بەڵام سەرکەوتووە و مودێلی دووەمی عەلی ئەبو تالیبی بەزاندووە، ڕاستە ئەو مۆدێلە بە جۆرێک هاتۆتە بەرچاو کە بە نەخۆشی و شەل و سەقەتی لە دایک بووە، ڕاستە، ئەو هەلومەرجەی ئەو سەردەمە لەوە پتر هەڵی نەگرتووە و دەرفەتی چاکتری بۆ نەڕەخساوە.

– مورجیئە ئەگەرچی هێمن و لەسەرخۆ و بەسڵ و پارێز بوون، بەڵام لایەنگیری مۆدیلی دووەم بوون و قسە و کردار و گریمانە و بنەما تیورییەکانیان بە ئاشکرا ئایین دەکاتەوە بەبابەتێکی کەسی تاک و دڵ و ناخی دەروون و لە کرداری ژیانی ڕۆژانە و سیاسەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا دایدەبڕێ و دووری دەخاتەوە: ئیمان و کردار دوو بابەتی لە یەکتری جیاوازن و باری هیچیان ناکەوێتە ئەستۆ و سەرشانی ئەوی تریان!

– لە کایەی سیاسەتدا بە تایبەتی کێشەی خەلافەت و ئیمامی ئوممەت هەڵویستی بێلایەنی نێوان گرووپە جیاوازەکانی کەلامیان هەڵبژاردووە. بەلایانەوە ئیمام (خەلیفە) ڕاستەوخۆ پێوەندی بە ژیانی ئوممەتەوە هەیە، بۆیە دەبێ کەسی شایستەی ئەو پلەوپایەیە هەڵبژێردرێ، ئەو هەڵبژاردنە دەبێ دووربێ لە هەست و سۆز و تیرە و خێڵەگەری، بەڵکو پشت بەژیر ببەستێ بۆ ئەوەی چاکترین کەس مافی ئەو پلەیەی پێ ببڕێ، بەڵام مورجیئەکان بەپێچەوانەی شیعەکانەوە لەو باوەڕەدان کە کەلامی خوا (قورئان) و پەیامبەری ئیسلام هیچ بنەماو مەرجێکیان بۆ ئەو پلەیەی خەلافەت دانەناوە و هیچ جۆرە ئایەت و حەدیس و دەقێکی ئایینی باسی ئەو کێشەیەی نەکردووە، هەروەها خەلافەت بەمیرات بۆ کەس نامێنێتەوە و نابێ کوڕ لە جێگای باوکی ببێ بەجێگرەوەی.. زۆربەی زۆری لایەنگر و ڕابەرانی ئەو گرووپە لەو باوەڕەدان کە مەرج نییە خەلیفە لە قوڕەیش، یان لە تیرە و خێڵی دیاریکراو بێ هەموو مرۆڤێکی ئیماندار و لێهاتوو مافی هەیە خۆی بۆ ئەو پلەیە کاندید بکات(٦). بەو پێیە مورجیئە بێ، لایەنی خۆیان پاراستووە و دژی هیچ لایەن و گرووپێک نەبوون، تەنانەت بەربەرەکانی دەوڵەتی بەنی ئوممەیەشیان نەکردووە. بەڵگەیان ئەوەبووە کە سەرکردەکانی بەنی ئومەییە ئەگەر گوناهی گەورەشیان کردبێ، ئیمانیان نەچووە و ناچێ، بۆیە دەکرێ ملکەچیان بین و لەپشتیانەوە نوێژ بکرێ و بەهیچ جۆر و شێوازێک نابێ خەڵک لێیان یاخی بێ و نابێ لە دەسەڵاتەکەیان هەڵبگەڕێنەوە. لێرەوە وای بۆچوون ئەوانەی شەڕیان لەگەڵ خەلیفەی سێیەم عوسماندا کردووە و ئەوانەی لەسەریان کردۆتەوە، بە هەمان پێودانگ ئەوانەی شەڕیان بۆ خەلیفەی چوارەم و معاویە کردووە و ئەوانەش کە لێیان هەڵگەڕاونەتەوە و شمشێریان لە دژیان هەڵگرتووە، عەمری عاسیش هەموویان ئیماندارن و هیچیان گومڕاو کافر نین و نەبوون، چونکە بە دڵ و دەروون، بە زمان ئیمانیان هێناوە(٧) و ئیماندار بوون، کردار لە ئیمان جیایە.

– لەو نووسینە کەم و دەگمەنانەی لە پاشیان بەجێ ماوە، یان لە بارەیانەوە نووسراوە، بیروبۆچوون و هەڵوێستی خۆیان بە شێوازێک کە دەکرێ بگوترێ ڕووناکبیری سەردەمی خۆیان بوون، چەمکە گرنگەکانی هەردوو دیاردەی ئایین و سیاسەتیان ڕوون کردۆتەوە هەر لە ئیمان و کوفر و گومڕایی و گوناهی گەورە تا دەگاتە خەلافەت و ئیمامەت و ئیمامی ئوممەت! کەسیان بە گومڕاو کافر دانەناوە و دژی هیچ لایەن و گرووپێک نەیاننووسیوە و کاریان نەکردووە، بەڵام لەلای ئەهلی سوننەوە ڕەخنەی توندیان لێگیراوە، چونکە سوننە ئیمان و کردار لە یەکتری جیا ناکاتەوە و بەلایانەوە ئیمان بەدڵ و زمان (شایەتمان- شەهادە) و بە کردار پەرستن (تاعەت) دەبێ، ئەگەر لەو سێ لایانە هەرلایەکیان کەموکورتی تێ بکەوێ ئیمانەکە لاواز دەبێ! ئەو قسەیە بنەمای سەرتاپاگیری و تۆتالیتێری ئایین و دامودەزگاکانی دووپات و پشت ڕاست دەکاتەوە و ڕێگای سەلەفییەتی خۆش کردووە.

## ڕێبازی چارەنووس و خواستی ئازاد

١– ئەگەرچی لە چوارچێوەی ئەو بابەتەدا کە بە زانستی کەلام ناوبراوە، ڕێباز و گرووپی جۆر بەجۆر بەدی دەکرێ و ناکۆکییەکی ئەوتۆش لەنێوانیاندا هەبووە هەندێ جار لە یەکدی چوونەتە سەنگەرەوە و هەریەکە ئەوی تری بە گومڕا داناوە و تۆمەتی کافری خستۆتە پارسەنگییەوە لەوەش بەو لاوەتر شمشێر و تیریان لەیەکتری سویوە و لە

یەکتربییان کوشتووە، یان هەر نەبێ هانی کار بەدەست و والییەکانی خەلیفەیان داوە کە جودا بیرەکانیان لەناوبەرێ و تاڕادەیەکیش لەو کۆششە ناڕەوایەیاندا سەرکەوتوو بوون، ئەوە لە ڕەهەندی هزری توێژینەوەدا ئەو گرووپانە دەکرێن بە دوو جۆرەوە بەپێی ئەو میتۆدەی لێکۆڵینەوەکە پەنایان بۆ بردووە و بەکاریان هێناوە:

**یەکەم:** ئەو گرووپانەی، ئەگەرچی کەمینەبوون، لە چالاکی هزری و ئایدیۆلۆژی و باوەڕی ئایینیدا پەنایان بردۆتە بەر پەیڕەو و میتۆدەی ژیر، سەلمێنە و بەڵگە نەویستەکانیان پشتیان بە چەند پێشەکییەکی لۆژیکی بەستووە بۆ پشت ڕاست کردنەوەی بیروبۆچوونەکانیان، ئەمانە بەڕاستی هەڵگری مەشخەڵی پێشکەوتن و گەشەکردن بوون، بەڵام دووچاری ڕەخنەی توند و گازندەی ناڕەواو هێرش، تەنانەت لەناوبردنیش بوونەتەوە، ئەوەبووە سادەترین تۆمەت کە خراوەتە پارسەنگیانەوە، ئەوەبووە کە بەسەرلێشیواو لە ڕێگا لادەرو ڕێ هەڵەکەر (فرقة ضالة) بەناهەق ناوبراون و بەهەموو توانایییەک هەوڵ دراوە ئەو چراو مەشخەڵەی هەڵیانگرتووە و هەڵیان کردووە کپ و خەفە بکرێتەوە!

**دووەم:** گرووپی سەلەفی کۆنەپارێز کە خۆیان بە (ئەهلی سوننە و جەماعەت!) ناوبردووە و هیچ جۆرە لۆژیک و بەڵگەیەکی ژیریان بەلاوە پەسند نەبووە و ڕەتیان کردۆتەوە. بۆ پشت ڕاست کردنەوەی بیروڕاو بۆچوونەکانیان پەنایان بردۆتە بەر ئایەتی قورئان و حەدیس و بەهیچ جۆرێ هەڵکەوتی ڕاستەقینەی دەوروبەر و دیاردە و ڕووداوەکانی کۆمەڵگا و داخوازی مرۆڤ و ژیان و دنیایان بە هەند نەگرتووە! ئەو گرووپە زۆرینەی ڕێبازەکانی شەریعەت و زانستی لاهووت و لاهووتیان پێکهێناوە و هۆکاری سڕبوون و قەتیس مان و چەق بەستن و بەرەوپێش نەچوونی کۆمەڵگا بوون. بێجگە لەوەی بەهیچ جۆرێک باسی گۆڕان و پەرەسەندنیان نەکردووە، هیچ جۆرە هەستێکی (ژیرەکی مێژوویبیان) لە لاو لەبیروبۆچوون و نووسینەکانیاندا بەدی نەکراوە، بەو واتایە کە خەمی گەورە و سەرەکییان ڕاست و دروستی ئیمان و باوەڕ (عەقیدە) بووە هیچ کاتێک بەشێوەیەکی سیستمی - زانستییانەی ڕێکوپێک بیریان لەوە نەکردۆتەوە بایەخ بە چۆنیەتی گۆڕان و پەرەسەندنی ئەو قۆناغانە بدەن کە هەڵگرانی ئایینەکە پێیدا تێپەڕیون تا بە تەواوەتی ئەو باوەڕ و ئیمانەیان بە ئایینەکە هێناوە، بۆیە ئەمە هۆکارێک بووە، هەموو جۆرە گەشەکردنێک پەرەسەندنێک ئیتر لە بیروبۆچوونیشدا بووبێ بە (بیدعة) ناوبراوە. لەبەرانبەر ئەو ڕەوشەدا گەڕانەوە بۆ دواوە و بەزاندنی سنووری ڕەوشی لە ئارادا بووی تێنەپەڕ (حازری) و پەنابردنە بەر قسەو کرداری پیاوانی قۆناغەکانی پێشووتر و پابەند بوون پێیانەوە و جێبەجێ کردنیان بەسەر دۆخ و هەلومەرجی لە ئارادابوو، بەبێ ئەوەی جیاوازی کات و جێگاکان بە هەند بگیرێ، بە ئەرکی سەرشان و خزمەتێکی گەورە دانراوە کە گوایە بە عەقیدە و ئیمانەکە کراوە!!

٢- چارەنووس و خواستی ئازاد مەبەست لەو دوو ئاراستە و ڕێبازەیەکە بە عەرەبی (جەبر و ئیختیاری) پێدەگوترێ. کە لەلایەن دوو بیرمەند و زانای گەورەی ئایینی (جەهەم کوڕی سەفوان) و (غەیلانی دیمەشقی) دانراون و ڕێبەری کراون.

## جەهەم کوڕی سەفوان

چارەنووس بەپێی سەرچاوە کۆنەکان ڕابەرەکەی (جەهەم کوڕی سەفوان) بووە کۆشاوە ساغی بکاتەوە ئەوەی ڕوودەدات بە فەرمانی خواستی خوایە، تەنانەت کرداری مرۆڤ بە گەورە و بچووکەوە خوا لە چارەی مرۆڤی نووسیوە و مرۆڤ هیچ ڕۆڵێکی نییە لە جیبەجێکردنی ئەوەی لە چارەی نووسراوە بەو لاوەتر. مرۆڤ کە ئەو بە کۆیلەو بەندەی خوا ناوی بردووە بەبێ خواستی خوا توانایی هیچ شتێکی نییە، ناتوانێ هیچ شتێک بکات ئەگەر خوا فرمانی پێ نەدات و توانایی کردنەکەی پێ نەبەخشێ(٨).

بەلای ئەو ڕابەرەوە نابێ خەسڵەتێک (سیفەت) بدرێتە پاڵ خوا ببێتە مایەی ئەوەی لەیەک چوونێک لەنێوان ئەو و بەندەکانی (مرۆڤ)دا بکەوێتەوە، بۆیە دەکرێ بگوترێ خوا خاوەن توانستە، کارایە، داهێنەرە، ژیان دەبەخشێ و ژیان دەباتەوە (دەمرێنێ)، بەڵام ناکرێ بگوترێ خوا شتێکە، زیندووە، زانایە، یان دەخوازێ(٩)، چونکە ئەو خەسڵەتانە لە مرۆڤیشدا هەیە و ئەوکاتە لە یەک چوونێک دروست دەبێت. بەو پێیە وەک ئەو ڕابەرەی ئەو ڕێبازە بۆی چووە، بە هەشت و دۆزەخیش بە فرمانی خوا نامێنن، بەڵام زانین و خواستی خوا ناگۆڕێن، هەروەها بە جۆرێکی تایبەتی باسی باوەڕ و ئیمان و خواپەرستی کردووە. باوەڕ و ئیمان تەنیا خواناسینە، گومڕایی، کوفر خوانەناسینە و نەزانینە کە خوا هەیە. ئەوەی گوناهی گەورەی کردبێ، یان بیکات دوو

ڕووە و (مونافیقە) لەگەڵ شەیتانە، ئەگەرچی نوێژ بکات و ڕۆژووش بگرێ، لە دۆزەخدا دەسووتێ!!

مرۆڤ ڕاستە کار دەکات و توانایی کارکردنی هەیە، ئەو تواناییەش ئەگەرچی هەندێک جار لەپێش کارەکەوەیە و دەکرێ جارێکی تر لەگەڵ کارەکە، ئینجا لەدوای کارەکەشەوە بێت، بەڵام هەر خوا خۆی بە مرۆڤی بەخشیوە و فرمانی کردنەکەی دەدات.

ئەو قسەو بۆچوون و جیهاندیدەی جەهمی کوڕی سەفوان لە کایەی سیاسەتدا بەنی ئومەییە ئەوپەڕی سوودیان لێ وەرگرتووە و وەک دروشم بەکاریان هێناوە: ئەگەر خوا داهێنەری هەموو شتێک بێ، هەر خۆی بڕیار بدات و فرمان بکات و شت لە چارەی مرۆڤ بنووسێ، دەبێ سەرکەوتنی معاویە و دامەزراندنی دەسەڵاتی بەنی ئومەییە چۆن لێک بدرێتەوە؟! باشە خوا لە چارەی لەشکری عەلی و معاویەی نەنووسیبوو و یەکتری قڕ بکەن؟ سەرکەوتنی معاویە و بوونی بە خەلیفە و کوژرانی عەلی بەخواست و فرمانی خوا نەبووە، کەوابوو بۆچی خەڵک نارازین؟ جەهەم کوڕی سەفوان مەبەستی نەبووە پشتگیری دەسەڵاتی بەنی ئومەییە بکات، بە پێچەوانەوە دژی کاربەدەستە زۆردارەکان تێ کۆشاوە تا کوشتوویانە، بەڵکو پشتی بەچەند ئایەتێکی قورئان بەستووە: (قل لن يصيبنا إلا ماكتب الله لنا) تەوبە: ٥١ ئەو ئایەتانە بە ڕوون و ڕەوانی باسی چارەنووس دەکەن کە خوا لە چارەی خەڵکی نووسیوە و بێ توانایی و بێ دەسەڵاتی مرۆڤ لە بەرانبەر توانایی و دەسەڵاتی ڕەهای سنووربەزێن و خوا دەکەن. کەوابوو بەپێی بڕیار و بۆچوونی ئەو ڕێبازە و ڕابەرەکەی: مرۆڤ بکەری ڕاستەقینەی هیچ شتێک نییە و هەرچی ڕووی داوە و ڕوودەدات و لە دواڕۆژیشدا دەقەومێ هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی مرۆڤی تێدا نییە، بەڵکو لە سەرەتاوە بڕیاری لەسەر دراوە و لە چارەی مرۆڤ نووسراوە و هەر دەبوو ڕووبدات! ئەو بۆچوونەی بەپێی لایەنگر و مریدەکانی جەهەم باوەڕ بوونە بە یەکڕەنگی و یەکتایی خوا کە هیچ جۆرە هاوبەش و (شەریکێکی نییە) و هەر خۆی دەسەڵاتدار و بێ وێنەیە و هیچ ڕادە و سنوورێک بۆ توانایی و هێز و بڕیار و خواستی ڕەهای نییە! هەندێک سەرچاوە لەو باوەڕەدان کە جەهەم گوتوویەتی: خوا هەر خۆی هەرە کۆنە و هەتا هەتاییە و هەردەمێنێ (ئەزەلی و ئەبەدییە)، لەخۆی بەولاوە هیچ بوون و بوونەوەرێک کۆن و هەتا هەتایی نییە و نامێنێ. بەپێی ئەو قسەیە دەبێ ئێشوئازاری دۆزەخ و بەهەشت و دۆزەخیش هەتا هەتایی نەبن و ڕۆژێک لە ڕۆژان نەمێنن! ئەگەر بەهەشت و دۆزەخ داهێنراوی خوابن، گومانیش لەوەدا نییە کەوایە و خوا دایهێناون، ئەوە دەبێ ڕۆژێک هەردووکیان لەناو بچن و نەمێنن، چونکە هەر خوا خۆی بە تەنیا هەتا هەتاییە و هەر خۆی دەمێنێ و لەو بەولاوە هیچ شتێک هەتا سەر نامێنێ.

جەهەم بە تایبەتی و لایەنگیرانی ڕێبازی چارەنووس (جەبر Fatalism) لەو بیروبۆچوونانەیاندا پابەندی چەند بنەمایەکی بنەڕەتی ئایینی ئیسلام و ڕێوشوێنەکانی بوون:

**یەکەم:** دەسەڵاتی ڕەها و لە سنوور بەدەری خوا کە بەپێی خواستی خۆی دەبوورێ و دەبەخشێ و سزا دەدات.

**دووەم:** مرۆڤ داهێنراوی خوا خۆیەتی و دەبێ لە هەموو ورد و درشتێکدا لە هەموو کاروبار و چالاکییەک و چارەنووسێکدا ملکەچی خوای خۆی بێت.

جیاکردنەوەی دەسەڵاتی ڕەهاو لە ڕادەبەدەری خوا لە دەسەڵاتی سنووورداری مرۆڤ کارێکی وا ئاسان نییە، چونکە ئەو بابەتە بە هەر لایەکدا ببرێت، کێشەیەکی تر دەورووژێنی کە لە دوو ڕەهەند پێکهاتووە و دیسانەوە وا بە ئاسانی یەکلایی ناکرێتەوە:

**یەکەم:** دادپەروەری خودا.

**دووەم:** ئۆباڵ کێشان و خواستی ئازادی مرۆڤ!

هۆکارەکەشی ئەوەیە کە بە هەردووک لادا ئایەتی قورئان و حەدیس هەیە دەکرێ مرۆڤ پشتیان پێ ببەستێ و هەردوو لایەنەکە پشت ڕاست و ساغ بکاتەوە. نە لە قورئان و نە لە حەدیسدا هیچ لایەک لەو دوو لایەنە بە یەکجارەکی چارەسەر نەکراوە، بە سڵ و پارێزەوە بگوترێ: بابەتەکە بە هەڵپەسێردراو بەجێ هێشتراوە. بە هیچ جۆرێک ناکرێ دەسەڵاتی ڕەهای ڕەب لەگەڵ ئۆباڵ کێشان و ئازادی مرۆڤ بێتەوە، ئەو چارەسەرانەش، ئەگەر بشێ وشەی چارەسەریان بۆ بەکاربهێنرێ، کە پێشکەش کراون چارەسەری لابەلایی و هەندەکی بابەتەکەن و هیچ کاتێک شایستەیی خۆیانیان ساغ نەکردۆتەوە(١٠). دوور نییە پرسیارێک بێتە پێشەوە، باشە جوولەکە و مەسیحیش دوو ئایین و خۆیان بە ئاسمانی دادەنێن، بۆچی لە کاروباری ئایینی و شەرعی هەردوو ئەو ئایینانەدا کێشەکە یەکلایی کراوەتەوە؟ ئەو پرسیارە پشت بەو وێنەیە دەبەستێ کە ئەو دوو ئایینە لە بارەی ڕەبی مووسا و ڕەبی عیساوە کێشاویانە.

بەپێی تەورات ڕەبی مووسا تووڕەیە (غەزەبگیرە) و بەتوندی گومڕا گوناهبار و لەڕێ لادەران سزاو ئازار دەدا و بەزەیی پێیاندا نایەتەوە.

بەپێچەوانەوە ئایینی مەسیحی وا نیشانی داوە کە ڕەبی بەندە (داهێنراو)ەکانی خۆی خۆش دەوێ تا ئەو ڕادەیەی ڕۆڵە و جگەرگۆشەی خۆی یەسوعی مەسیحی (عیسای) ناردووە و چوار مێخەکێشرا بۆ ئەوەی گوناهی سەرشانیان سووک بکات (کەفارەتی گوناهیان بدات)!

بەڵام خوای ئیسلام هەردوو خەسڵەت و تایبەتمەندی تێدایە. لە کاتێکدا ئەوپەڕی لێبووردەیە و بەزەیی بە داهێنراوە (بەندەکانی) خۆیدا دێتەوە و ئەگەر لێی بپارێتەوە ئازادیان دەکات (غەفور و ڕەحیم)ە و لێیان خۆش دەبێ، لە هەمان کاتدا غەزەبگیرە و بە توندی سزای گومڕاو گوناهبار و لەڕێ لادەران دەدات، (شەدید ئەل عیقابە). ئەو دوو خەسڵەتەی ڕەبی ئیسلام هۆکاری سەرەکی چارەسەرنەکردنی کێشەکانی زانستی کەلام و بە هەڵپەسێردراوەیی مانەوەیانە، هەر ئەو دوو ڕەنگییە لە سەرتاپای کاروباری زانستی کەلام و فەلسەفەی بەناو ئیسلامیدا بەرجەستە بووە و ڕەنگی داوەتەوە.

## غەیلانی دیمەشقی

ڕێبازی ئازادی خواستی مرۆڤ کە غەیلانی دیمەشقی نوێنەرایەتی کردووە و پەرەی پێداوە، بەپێچەوانەی چارەنووسەوە، پێ لەسەر ئازادی خواستی مرۆڤ دادەگرێ، ئازادی خواست و کار و بیر، بەمەش دەیەوێ لەلایەکەوە، توانا و دەسەڵاتی (قودرەتی) لە سنوور بەدەرو ڕەهای خوا، ئینجا دادپەروەرییەکەی ساغ و پشت ڕاست بکاتەوە. لەلایەکی دیکەوە ئازادی مرۆڤ وەک بنەمایەکی پێویست و ناچاریی چوونە ژێر باری ئەنجامی کارەکانی دووپات کراوەتەوە. ئەگەر هەرچی هەیە و نییە لە چارەو ناوچاوانی مرۆڤ نووسرابێ، هەموو جۆرە ئوباڵ کێشانێک هەڵدەگیرێ و سزادانی مرۆڤ لەسەر کارێک بەناچاری پێی کرابێ، هیچ دادپەروەرییەکی تێدا نامێنێ! لە قورئانیشدا چەندین ئایەت هەیە ئاماژە بە ئازادی مرۆڤ دەکەن.

مرۆڤ لە چالاکی ژیانی ڕۆژانەیدا لە کار و کۆششی شەرعی و ئاکاریدا، ئەگەر لە سۆنگەیەوە سەرنج بدرێت، ناکرێ پاشکۆ و پابەند و بەند و کۆیلەی چارەنووس و قەدەرێکی نەگۆڕاو بێت، دەبێ خۆی خاوەن و داهێنەری کاروکردار و چالاکییەکانی بێت(١١)، بۆ ئەوەی خۆی بە خواستی ئازادی خۆی ئۆباڵی ئەنجامەکانیان بگرێتە ئەستۆ و بچێتە ژێر باریانەوە، لە هەمان کاتدا هەر خۆشی هۆکار و بەرپرسی خۆشی و ناخۆشی، کلۆڵی و بەختەوەری و لەناوچوون و سەرفرازی خۆی بێت! بەڵام ئەو قسەو بڕیارە کێشەیەک دەورووژێنێ بە ئاسایی یەکلایی ناکرێتەوە و چارەسەرەکەی ئەستەمە! کێشەی نێوان دەسەڵاتی ڕەهاو سنوور بەزێنی خوا و دەسەڵاتی سنوور و ڕادەداری مرۆڤ خۆی!

ئەگەر مرۆڤ لە کرداریدا ئازادی هەبێ و ئازاد بێ و خۆی بڕیار بدات چی بکات و چی نەکات، ئەی چی بۆ خواستی خوا دەمێنێتەوە؟ بەلایەکەی دیکەیدا ئەگەر هەموو شتێک ڕووبدات، دەبێ بەپێی خواستی خودا بێت، چۆن لە مرۆڤێک دەپێچرێتەوە، کە خۆی بەئارەزوو و خواست و ئازادی خۆی ئەو شتەی نەکردبێ! لە خواستی ئازاددا دەسەڵاتی ڕەهای خوا و دەسەڵاتی مرۆڤ پێکەوە نایەنەوە، لە قەدەر و چارەنووسیشدا بێ دادی دەکەوێتەوە. ئەو کێشەیە بووە کە بابەتی سەرەکی زانستی کەلامی لێوە پەیدابووە.

– کێشەیەک بە هەر لایەکدا سەرنجی بدەی و لێی بکۆڵیەوە ئایەت هەیە پشت ڕاستی دەکاتەوە و ئایەتی تر هەیە لایەکەی تری ساغ دەکاتەوە. وەک چۆن ئایەت هەیە پێ لەسەر ئازادی خواست و سەرپشک بوونی مرۆڤ و ئۆباڵی سەرشان دادەگرێ، ئایەتیش هەیە بەلایەکەی تردا دووپاتی دەکاتەوە کە تەنیا هەر خوا خۆی بڕیاردەرەو فرمان دەردەکات! لەو کێشەیەدا، دەکرێ مرۆڤ بەپێی پێویستی توێژینەوەی ئازاد و زانستییانە دوو خاڵ لەیەکتری جیا بکاتەوە:

**یەکەم:** ئەگەر بگوترێ مرۆڤ ئازادە باسی چی دەکرێ؟ ئازادی خۆی لە خۆیدا چییە، ڕەوشە، یان بڕیارە و هەڵوێستە؟! ئایا ئەو ئازادییە دەسەڵاتە، یان نا؟! ئەگەر دەسەڵاتە دەکرێ لە بەرانبەر دەسەڵاتی خوادا بخرێتە چ خانەیەکەوە؟ ئەگەر دەقە ئایینییەکان کە باسی دەسەڵاتی ڕەهای خوا دەکەن لەبەرچاو بگیرێن، دەکرێ بە هەمان شێواز و بەهەمان زمان باسی سروشت و جەوهەری دەسەڵاتی ڕەهای خواو لە بەرانبەریدا قسە لە دەسەڵاتی مرۆڤ بکرێت؟! ئەگەر بەزمانی زانستی کەلام قسە بکرێت، مرۆڤ دوو شتی لە یەکتری جیاواز بەیەک زمان و یەک شێواز باس دەکات، دوو دەسەڵات ئەوپەڕی لەیەکتری جیاواز دەکاتە کەرەسەی توێژینەوە، لێرەوە کەلەبەرێک پەیدا دەبێ وا بە ئاسانی پڕ ناکرێتەوە!.

باشە دەکرێ هەردوو دەسەڵات و هەردوو کرداری خوا و مرۆڤ لەیەکتری جیا بکرێنەوە و لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە سەرنج بدرێن و بەدوو پێوەری لەیەکتری جیا بڕیاریان لەبارەوە بدرێ و هەڵبسەنگێنرین. هەرچۆنێک بێت وەڵامە ڕاستییەکە ئەوەیە هەردوو ڕێباز خواستی ئازاد و چارەنووس بەو ئایەتانە پشت ئەستوورن کە لە قورئاندان و بە ڕاشکاوی باسی بابەتی (جەبر و ئیختیار) دەکەن.

**دووەم:** غەیلانی دیمەشقی بەپێی هەندێک سەرچاوە چارەسەر و وەڵامێکی لەو بارەیەوە پێشکەش کردووە ئەوپەڕی وردیی و دەست ڕەنگینی تێدایە، بەڵام هیچ سوودی کردەکی لێ وەرناگیرێ! دیمەشقی گوتوویەتی:

نابێ ئاستی ئەو دوو دەسەڵاتە تێکەڵ بە یەکدی بکرێن. ئایەتەکانیش بە هەمان شێوە باسی دوو جۆرە کایە و دوو دەسەڵات دەکەن کە لە یەکدی جیاوازن.

– ئەو ئایەتانەی باسی جەبر (چارەنووس) دەکەن دەبێ تەنیا وا لێک بدرێنەوە کە مەبەستیان توانایی و دەسەڵاتی سنوور بەزێنی خوایە کە بەربەستی بۆ نییە و دەگاتە هەموو شوێن و لە هەموو کاتێکیشدا کارایە.

– ئەو ئایەتانەی باسی ئیختیار (خواستی ئازاد) دەکەن مەبەستیان تەنیا هەر کردار و دەسەڵاتی مرۆڤە(١٢) بەو پێیە و بەو لێکدانەوەیە هەردوو دەسەڵات و توانایی و کردار لە یەکتری جیا دەکرێنەوە. خوا هەر خۆی بکەری ڕاستەقینەیە و مرۆڤیش ئەرک و بەرپرسیاریەتی سەرشانی دیار و دەستنیشان دەکرێت و سزاو پاداشتی خوایی پاساو دەدرێنەوە. لێرەوە ئەو پرسیارە کاڵ دەبێتەوە و بایەخی ئاکاری نامێنێ:

– خوا ئەوەندە تەواوە، دادپەروەرە، پەروەردگارە، ئەو هەموو توانایی و دەسەڵاتە ڕەهایەی هەیە، چۆن ڕێگای داوە بەدکاری (شەڕ) لە ژیان و جیهاندا هەبێ؟ چۆن ئەو توانایی و خواستەی بەمرۆڤ بەخشیوە بەدکار بێ و خراپەکاری بکات؟!

ئەگەر غەیلانی دیمەشقی ژیانی بۆ جێگیرکردنی ئازادی خواستی مرۆڤ بەسەر بردبێ لەوەوە بووە کە باوەڕی وابووە: گۆڕینی کۆمەڵگا، چاکسازی، چاککردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان کە بە بنەمای بێ دادییەوە بەندن کاتێک لە کردن دێت کە کۆسپە سەرسەختەکانی بەردەم پەرەسەندن و بەرەوپێشچوون تەخت بکرێن، ئەم کارە چۆن دەکرێ؟! بە باوەڕی غەیلان بەوە دەکرێ کە ڕەخنە لە کاروباری ئایین بگیرێ و دەستپێکی ڕەخنەکە بەوە دەبێ کە گومان لە بنەمایەکی بکرێت کە بووە بە باوەڕێکی ئەوتۆ وا دێتە بەرچاو کە دەستی گۆڕان نایگاتێ، چونکە پیرۆزە! ئەگەر ئەو پرسیارە کاڵ بووبێتەوە، بەڵام ڕێگر نابێ لەبەردەم دەرکەوتنی پرسیارێکی تر: گریمان مرۆڤ لە هەموو شتێکدا ئازادە، خۆی بڕیار دەدات، بەو جۆرە دەژی- لە چوارچێوەیەکی ڕێژەییدا- کە خۆی دەیخوازێ، ئایا بوونی بەدکاری (شەڕ و خراپە!) لەوەوە نەکەوتۆتەوە کە مرۆڤ بە هەڵە لە ئازادی گەیشتووە و قەدری نازانێ و بە هەڵەو خراپە بەکاری دەهێنێ و بەلاڕێدا دەیبات؟

### ئەنجام

زانستی کەلام بە گرووپە جیاوازییەکانییەوە، بەڕاو بیروبۆچوونە هەمەڕەنگەکانییەوە، کۆششێکی زانستی بووە- بە واتای سەردەمی خۆی - بۆ ئەوەی باوەڕ (عەقیدە و ئیمان) لە چوارچێوە و کاڵا پیرۆزەکەی دەربهێنی و بیکات بە بابەتێک بکرێ کەرەسەی بیر لێ کردنەوە و هزر و توێژینەوە بێت، لەو چالاکییەشیدا تارادەیەک سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. هەر لەسەرەتاوە بۆ ئەو ئەرکە پێویستی بە زمانێکی تایبەتی هەبووە کە ئەو کارەی پێ بکرێت، زمانێک بابەتەکان بکات بە چەمکی توێژینەوە، ئەوەش پێویستی بە هەنگاونان هەبووە لە تایبەتییەوە بۆ گشتی لە هەندەکییەوە (جزئي) بۆ هەمەکی ئەگەر پێشتر لەو زمانەدا باسی مرۆڤی ئیماندار و گوناهکار کرابێ، چەمکی گشتی ئیمان و گوناح بەکار هاتوون و تاووتو کراون، ئەمەش لەخۆیدا هەنگاوێکە لەسەر ڕێگای ڕۆنانی چەمک و ڕشتنی ڕەنگی زمانی ئەبستراکت و بەزانست کردنی بابەتی باوەڕ.

– لەلایەکی دیکەوە ئەو ڕاستییەی دووپات کردۆتەوە کە ئایین خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام دەکرێ ببێ بە دیاردەیەکی بیری- هزری بەرفراوان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنی کە هیچ دیاردەیەک لە جیهاندا لەو هەلومەرج و ژینگە و دەوروبەرە دانابڕێ کە تێیدا سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە تاوەکو دوا ڕوخسار و ناوەرۆکی پێ براوە. ئەگەر هەندێک بابەتی زانستی کەلام بە تایبەتی تیوری خەلافەت- ئیمامەت و چارەنووس و خواستی ئازاد وا بێنە بەرچاو کە سروشتێکی سیاسییان هەیە، ئەوە لە ڕاستیدا بابەتەکان و زانستی کەلام خۆیشی لە پوختە و سروشت و

جــــوهـەردا، بەشـــێکی دانەبڕاوی ئاییـنەکـــەن و دەرهاویشـــتـــەی ئەو هەلومـــەرجـەن کـە ئایینەکـە دوای بڵاوبوونەوەی لە دەرەوەی دوورگـــەی عــەرەب دووچاری بووە و پێــیــدا تێــپــەڕیوە. دوور نـیــیــە بگوترێ ئەو هەمـــەڕەنگی و ڕەهەندە جــیـــاوازانەی ئەو ئایینە چۆن لێکدەدرێتەوە؟!

– وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە وا سووک و ئاسان نییە، بەڵام لایەکی پێـوەندی بە سـروشـتی ئایینەکـەوە هەیە، لایەکەی تری ئەو ژینگە و دەوروبەر و ڕەوشە بەرجەستە دەکـات کـە تێــیــدا سـەری هەڵداوە، ئینجــا چۆنیــەتی بڵاوبوونەوەکـــەی بە چ شــێـــواز و ڕێگایەک بووە، تارادەیەک ئەگـەر گـرێ کـوێرەکـانیش نەکـەنەوە، جـۆرە کارئاسانییەک بۆ وەڵامدانەوە دەستەبەر دەبن.

– ئاییـنی ئیـسـلام لە وڵاتێکی بیـابانی بێ کولـتووری فـرە کـێشـە دەرکـەوتووە. ئەو دابونەریتـە خـێڵـەکی و تیـرەگـەری و کـۆمەڵایەتی و ئایینیـانەی بڵاو و باو بوون نەکــراوە بە ئاســانـی و بە ڕێگای دوور لە توندوتیــژی یەکلایی بکرێنەوە! ئیتر ئاساییە کە موسڵمان و ئەوانی دیکە پەنایان بردبێتە بەر شمشێر و توندوتیژی، هەربۆیە کە پەیامبەری ئیسلام کۆچی دوایی کرد، ترسی شمشێر کـەمـتـر بووەوەو یاخی بـوون (ڕەددە) لە یەمەن و یەمـامـە سەری هەڵداوە.

– بابەتی زانسـتی کـەلام ئەو پرسـیـارە لـە مـێشـکدا دەوروژێنێ، ئایا ئەگـەر ئایینی ئیسلام بەزەبری شمشێر بڵاونەکـرابایەوە، ئەو توندوتیــژی و دووبەرەکــیـــە لە جـیـهــانی ئیـســلامـدا سـەری هەڵدەدا؟ دوور نـیـیـە لەو پرسیارە پرسیارێکی تر بکەوێتەوە:

ئەگەر بوون بە موسڵمان و پەسندکردنی ئایینەکە هەر لە سەرەتاوە بە ئازادی بووبایە و پەنا بۆ تۆبزی و شمشێر نەبرابایە، دەبوو ڕەوشی جوگرافیـایی و مرۆڤی ئایینەکە چۆن بایە؟!

– ئەو بابەتانەی زانستی کەلام قسەی لێکردوون، دوو ڕەهەندی لە یەکتری جیاوازیان هەیە، بۆیە ئەو جیاوازییە سەرنجڕاکێشە لە نێو گرووپ و ڕێبازەکاندا دەبینرێ:

**یەکەم:** ڕەهەندی ژیری– فـەلسـەفـەیی ئەوەش بە هەمـوو شـێــواز و پێــودانگێک خـواسـتی ئازاد پشت ڕاست دەکاتەوە و ئۆباڵ کێشان ڕەوا دەبێت.

**دووەم:** ڕەهەندی ئایینی– لاهووتی، ئەمــە بابـەتەکــە بەلایەکی دیکەدا دەبات و پێــوەری مـــرۆڤی بەهەند دانانێ.

سەرچاوە و پەراوێز:


١– حـسـين مـروة: النزعـات المادية في الفلسـفـة العـربيـة الاسلامية، دارلفارابي، بيروت، ٢٠٠٨، المجلد الاول، ص١٠٨.

٢– إبن خلدون: المقدمة، دارالشرق العربي، بيروت، ٢٠٠٤، ص١٨٩.

٣– احـمـد أمين: ضـحى الاسلام، دارالكتب العلمـيـة، بيـروت ٢٠٠٤، ج٣، ص٢٢٧.

٤– البغدادي: الفرق بين الفرق، دارالمعرفة، بيروت، ٢٠٠٨، ص١٨٨ فما بعد.

٥– الشـهـرسـتـاني: الملل والنحل، دار الكتب العلميـة، بيروت ٢٠٠٧، ج١، ص١٣٧ وفي اماكن اخرى.

٦– د. فيصل بدير عون: علم الكلام و مدارسة، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة– ٢٠١٠، ص٢٠٢ فما بعد.

٧– احمد أمين: سەرچاوەی پێشوو بە عەرەبی، ل٢٣٣.

٨– الشهرستاني: الملل والنحل، ص٧٢.

٩– البغدادي: سەرچاوەی پێشوو بە عەرەبی، ل١٩٤–١٩٥.

١٠– و. مـونـتـجـمـري وات: القـضـاء والقـدر، ترجـمـة: د. عبـدالرحمن عـبـدالله الشـيـخ، الهـيـئـة المصرية العـامـة للكتـاب– القاهرة– ١٩٩٨، ص٤٣ وفي اماكن مختلفة.

١١– أغناتس غـولد تسـيـهـر: العـقـيـدة والشريعة في الاسلام، ترجمة محمد يوسف موسى، دارالجمل، بيروت، ٢٠٠٩، ص١٢٩ فما بعد. وفي اماكن أخرى مختلفة.

١٢– دكـتـور مـحـمـد علي أبو ريان: تأريخ الفكر الفلسفي في الاسلام، بيروت بدون تأريخ، ص١٤٩ فما بعد.

# دیاردەی سەرکۆنەکردن

بەختیار محەمەد

چەمکی سەرکۆنەکردن (یان سەرزەنشتکردن، یان ...) چەمکێکی سایکۆلۆژیی -کۆمەڵایەتییە. چەمکێکە، یان با بڵێین دیاردەیەکە، دەشێ لە هەموو ئاستێکدا (ئاستێکی ژیانی تاک و کۆمەڵگاکاندا) بەکار بهێندرێ. چەمکێکە لە بنەڕەتدا بەشێکە لە جەوهەری دەسەڵات، واتە هەموو دەسەڵاتخوازەکان سیفەتی سەرکۆنەکردنیان هەیە. لە هەموو کۆمەڵگایەکی تەقلیدیشدا ئەم دیاردەیە باوە. ئەم چەمکە لە ڕووی واتای زمانییشەوە «گلەیی کردن، ڕەخنەی توند، شکاندنەوە، هەڕەشەکردن و قسەی ڕەق ...» دەگەیەنێ. لە عەرەبییەکەی (توبیخ)، یان (تأنیب)ـە. لە ئینگلیزییەکەشی «censure=Rebuke»ـە.(١) وەک گوتمان، ئەم چەمکە بەشێکە لە جەوهەری دەسەڵاتخوازی.

بە کورتی دەسەڵاتداران دەتوانن ئەوانی دیکە، واتە ژێردەستەکانیان سەرکۆنە بکەن، لەم ڕوانگەیەوە خواش -چونکە دەسەڵاتێکی ڕەهایە - بەندەکانی خۆی (پێغەمبەرەکانی خۆی) سەرکۆنە دەکا؛ بەڵام خوا لەسەر هەڵە بەندەکانی خۆی سەرکۆنە دەکا. بەنموونە خوا لە سورەتی عەبەسەی قورئاندا سەرکۆنەی پێغەمبەر دەکا، کاتێک دەڵێ: «١ گرژبوو، ڕووشی وەرگێڕا! ٢ کە بێ چاوەکە هاتە لای. ٣ تۆ چووزانی! بەشکە ویستی چابێتەوە. ٤ یا پەند بگرێ و ئەو پەندە بەهرەی پێ بدا.».(٢) لە سفری نموونەکان (ئەمسال: ١٢، ١)ی تەوراتیشدا هاتووە: «ئەوەی بە ئەدەبکردنی خۆش دەوێ، ئەوە زانینی خۆش دەوێ؛ ئەوەی ڕکیشی لە سەرکۆنەکردنە، ئەوە گێلە».(٣) بەهەرحاڵ خوا هەم هێزێکی ڕەهایە و هەم حەقیقەتێکی ڕەهاشە؛ کەواتە ئەو دەتوانێ بەندەکانی خۆی بەپێی چییەتی دەسەڵاتی خۆی

سەرکۆنە بکا (تەنانەت سزاش بدا). باشە ئێمە لێرە دەپرسین: ئەگەر خوا حەقیقەتێکی ڕەها بێ، ئەدی ئەوی دیکەش هەڵەیەکی ڕەها نییە؟ (ئایا ئەگەر ئەم هەڵە ڕەهایە لە جیهانی میتافیزیکدا شەیتان بێ؟ ئەدی لە جیهانی واقیعدا کێیە؟). هەڵبەت خوا خۆی لە خۆیدا حەقیقەتێکی ڕەها نییە (تەنیا لە حاڵەتە ئەبستراکتەکەیدا نەبێ)، بەڵکو لەناو حەقیقەتی ڕەهای ئایینەکاندا حەقیقەتێکی ڕەهایە، واتە خوای ئیسلام خۆی لە خۆیدا حەقیقەتێکی ڕەهایە؛ خوای مەسیحی و جوولەکەش بە هەمان شێوەن؛ خوای بتپەرستانیش هەر بە هەمان شێوە حەقیقەتێکی ڕەهایە.

لێرەشدا خوا (دەسەڵات) دەتوانێ هەمیشە سەرکۆنەی کەسایەتی و ڕەوشتی ئەوانی دیکە (بەندەکانی خۆی) بکا. گەورەترین ئیشکالیەتی نرخی حەقیقەتیش لە ژیانی مرۆڤدا ئەوەیە، کە بە دەسەڵات ببەسترێتەوە؛ ئەم ئیشکالیەتەش ئەو کاتە بەرجەستە دەبێ، کە دەسەڵات خۆی بە حەقیقەتی ڕەها بزانێ (ئێمە لێرە هەرچەندە مەبەستمان لە هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتییە، بەڵام پتر مەبەستمان لەو دەسەڵاتە سیاسییە -ئایدیۆلۆژییەیە، کە خۆی بە حەقیقەتی ڕەهای سەرووی هەموو حەقیقەتێک دەزانێ.). کێشەی مرۆڤ لێرە ئەوەیە، کە ناتوانێ حەقیقەتی تەواو ببینێ (واتە بە ڕاستی و بە واقیعی حەقیقەت ببینێ؛ پێشدەچێ حەقیقەتی ڕەها چاکە بێ، بەڵام ئەوەی ڕاستییەکەی بێ ئەم حەقیقەتە لە چاکەشدا بوونی نییە، چونکە چاکەش شتێکی ڕێژەییە؛ بەو پێیەی دەشێ ئەوەی لەلای تۆ چاکە بێ و شتێکی ئەرێنی بێ، لەلای من چاکە نەبێ و شتێکی نەرێنی بێ؛ ئێمە دەزانین، کە پرەنسیپی درۆ و ڕاستی لە هەموو شوێن و لە هەموو سەردەمێکدا، پرەنسیپی نەگۆڕن؛ بەڵام لە واقیعدا دەشێ ئەم پرەنسیپانە بە تەواویی پێچەوانە بکرێنەوە و بشێوێندرێن، واتە درۆ ببێتە ڕاستی و ڕاستیش ببێتە درۆ؛ ئەمە ڕاستییەکە ئێمە ئەمڕۆ لە ژیانی سیاسی و بازرگانی و ئابووری کۆمەڵگاکانی خۆماندا زۆر بە زەقی دەیبینین و هەستی پێدەکەین، تەنانەت لێرە سەرکەوتنی تاک لەم بوارانەدا بەندە بە هونەری درۆکردنەوە؛ ئەمەش گەورەترین تراژیدیای (دارمانی) ئەخلاقیی ژیانی کۆمەڵگاکانی ئێمەیە. هەڵبەت حەقیقەت بە شێوە ئەبستراکتەکەی پێویستی بە هێز و دەسەڵات و بە یاسا و ڕەوایەتی نییە، بەڵکو ئەو هەموو ئەم ڕەهەندانەی لە خودی خۆیدا هەیە.

واتە حەقیقەت خۆی لە خۆیدا گەورەترین هێز و دەسەڵاتە لە مێژووی هزری مرۆڤایەتیدا؛ بەڵام لە واقیعدا حەقیقەت ناتوانێ خۆی لە خۆیدا ئەم هێزە ڕەهایە رووتە بێ؛ بەڵکو پێویستی بە هێزی ماددیی فیعلی -لە دەرەوەی خۆی -هەیە. لێرەشدا حەقیقەت ناتوانێ شتێکی ڕەها بێ؛ بەڵکو هەردەم وەک بەهایەکی ڕێژەیی دەمێنێتەوە. دیارە ئێمە هەموومان پێمان خۆشە، کە حەقیقەتی ڕەها بین (زۆر جاریش وا بیر دەکەینەوە و لەو باوەڕەداین، کە حەقیقەتی ڕەهاین، واتە لە ڕاستیدا حەقیقەتی ڕەهاین، چونکە ئێمە بە زەحمەت دەتوانین دان بە هەڵەکانی خۆماندا بنێین)؛(٤) کەواتە حەقیقەت لەناو هەمووماندا هەیە. لێرەشدا - چونکە ئێمە کەسایەتی جوداوازین - حەقیقەت شتێکی ڕێژەییە؛ کەواتە ئێمە ئەو کاتانەی کە بە قسە (بە تیور) باس لە حەقیقەت دەکەین، حەقیقەت شتێکی ڕەهایە؛ بەڵام لە واقیعدا هەرگیز نابێتە حەقیقەتێکی ڕەها. تۆ هەر بە نموونە تەماشا کە، چۆن لە چوارچێوەی یەک ئایینیشدا، چەمکی خوا لە نێوان مەزهەبە جوداوازەکاندا دەگۆڕێ و دووچاری قەیرانی ئایدیۆلۆژیی گەورە دەبێ. ئەم قەیرانە لە شەڕە مەزهەبیی و ئایینییەکاندا بەدەردەکەوێ: شەڕی شیعە و سوننە و پرۆتستانت و کاسۆلیک... هەڵبەت حەقیقەت شتێک نییە تەنیا لە ئیرادەی مندا هەبێ، بەڵکو کەموزۆر لە ئیرادەی هەمووماندا هەیە؛ هەموومان چ وەک تاک، چ وەک کۆمەڵگاش؛ کەواتە سەد لە سەد حەقیقەت شتێکی ڕێژەییە. لە دەرەوەی ئەمە (لە دەرەوەی واقیعدا) حەقیقەتی ڕەها بوونی نییە، مەگەر تەنیا لە خەیاڵ و ئەندێشەماندا هەبێ، تەنانەت ئایینیش، کە بانگەشەی حەقیقەتی ڕەها دەکا، لەوێشدا حەقیقەت شتێکی (بەهایەکی) ڕێژەییە، بەو پێیەی شێوازی پەرستنی شوناسی (کەسایەتی) خوا، لە ئایینە جوداوازەکان و لە مەزهەبە جوداوازەکانی یەک ئایینیشدا، دەگۆڕێ و جوداوازە، هەر بۆیە حەقیقەت قەت نابێتە تاکە شتێکی ڕەها.

گەورەترین کێشەش لێرە ئەوەیە، کە هەڵە (ستەم) لە چوارچێوەی حەقیقەتی ڕەهادا خۆی بە ڕاست بزانێ، ئەوساش هەڵە دەتوانێ لەسەر تەختی دەسەڵاتدا سەرکۆنەمان بکا و بمانچەوسێنێتەوە.(٥) ئێمە لێرە، کە

قسـەمـان لەسەر دیاردەی سەرکۆنەکردن بێ دەڵێین: ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا لەوە تێپەڕیوە، کە بۆ ئاگادارکردنەوە و هۆشیارکردنەوە و ڕاستکردنەوەی هەڵە و چەوتییـەکـان بێ، بەڵکو ئامـرازێکە بۆ شکاندنەوە و نابوودکـردنی کـەسایەتی ئەوی دیکە. ئەم دیاردەیە لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ئەندامانی خێزانێک و هەر دەزگـایەکی کـۆمـەڵایەتی دیکەشـدا، کـە پێوەندییەکان بە پێی پلە و پایەی ئیداری و کۆمەڵایەتی تەقلیدیی ڕێک خرابن، ڕەنگ دەداتەوە. لە ڕاستـیدا حاڵەتی سەرکۆنەکردن لە کۆمەڵگای ئێمەدا، لە نێوان سیـفـەتە پێک نەچووەکـانی کـەسـەکـان (کـەسایەتی تاکــەکــان) یشــدا ڕوو دەدا، واتە من - لەبەر هەر هۆکارێک بێ -دەتوانم ئەو کـەسە سەرکۆنە بکەم، کە سیفەتەکانی لە من ناچن (ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە لە کـۆمەڵگای ئێـمەدا جوداوازییـەکـان بە زەحـمەت قبـوڵ دەکـرێن، واتە تاک کــەسـایـەتی سـەربەخـۆی خـۆی نیـیــە). (٦) ئەم دیاردەیە لەگــەڵ هەمـــوو ڕەهەندە نەرێنیـیـەکـانی، ڕەهەندی ئەرێنیـشی تێـدایە. بەنموونە کاتێک ئێمە بە نەرمی سەرکۆنەی دڵسۆزانەی هەڵەکان دەکەین: هەڵەی خۆشەویستـان و ئازیزان (دەشێ بڵێین، نموونەکــەی قــورئان لەم بابەتەیە). لێــرەدا (بە واتا نەرێنییەکەی)، سەرکۆنەکردن هێندەی ئاگادار کردنەوەیە، هێندە سووکایەتی پێکردن و شکاندنەوە نییـە؛ لێرەدا سەرکۆنەکردن نابێتە خووی (ئامرازی) هێز و دەسەڵات بۆ سـەرکـۆنەکـردن و شکاندنەوەی ئەوی دیکە (تاک). ئەم حـاڵەتە تەنیـا لە ئاکـامی هەڵە و لە سـایەی پاسـاوی مـەعقـووڵدا ڕوو دەدا، نەک ببێـتە ئامانجی هەمیـشـەی شکاندنەوە و ســووککردنی کــەسی بەرانبــەر (ئەوی دیکە). لێرەدا (بە واتا نەرێنییـەکەی)، سەرکۆنەکردن ئامرازێکی (میـتودێکی) کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییە، کە لە ڕێگەی بێ ڕێزییەوە، بۆ کۆیلەکردن و وێرانکردنی کەسایەتی ئەوی دیکە بەکار دێ.

مـرۆڤی سـەرکـۆنەکـراو هەمـیـشـە ئازادی (ئازادی ویسـتی) لێ زەوت دەکـرێ؛ ئەو سـەرکـۆنەکردنەی، کـە دەبێتە بەشێک (گوتارێکی ئەخلاقیی زاڵ) لە پێوەندی کۆمەڵایەتی ژیانی ڕۆژانەی هەموومان‌دا؛ ئەمە دیاردەیەکە لەناو ڕوحی هەموومان‌دا دەژی. زمانێکە بەکاری دەهێنین بۆ ئەوەی دەســەڵاتی خـۆمــان بەســەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنین. سەرکۆنەکردن، هێز (هێزێکی ستەمکارانە) بە من دەبەخـــشێ و ئەوی دیکەش نابوود دەکـــات و مـافـەکـانی لێ زەوت دەکـات. ئا ئەمـەیە سـەرکـۆنەکـردنە وێرانکەرە نەرێنییەکە، کە کۆمەڵگای ئێمە بە دەستییەوە دەناڵێنێ (پێـدەچێ لە هەمـوو کـۆمـەڵگایەکی تەقلیـدیی دواکەوتوودا، ئەم شێوازە نامـەدەنییە نادیموکراسییـە لە پێوەندی نێوان تاکەکان و نێوان تاک و دامودەزگاکانی کـۆمــەڵگادا هەبێ). (٧) نموونەیەکی دیکەی ڕەهەندە ئەرێنیـیـەکـەی حـاڵەتی سـەرکۆنەکـردن بریـتـیـیـە لە خـۆ سـەرکـۆنەکـردن [هەڵبـەت ئەمـە بە واتا هەسـتـیـاریـیـە ڕاڕاییـەکـەی (وەسـواسـیـیـەکـەی) ناڵێین، بەڵکو بە واتا لۆژیکییە عەقڵانییەکەی، کە خود دەتوانێ لە ساتەوەختی هۆشـیـاریدا سـەرکـۆنەی هەڵە و کـارە خـراپەکـانی خـۆی بکات و ڕەخنە لەم کــار و هەڵانە بگرێ و بە خـــۆیدا بچێتەوە]. دەشێ بەم حاڵەتە بڵێین خۆ چاککردن و خۆ ڕۆشنبیرکردن؛ ئەمـە سەرکۆنەکردنێکە بەندە بە ئیرادەی تاکــەوە (خــــودەوە)؛ واتـە خــــودێکی ئازاد دەتوانێ ســەرکـۆنەی هەڵەکـانی خـۆی بکات. لێـرەدا با ئەوەش بڵێین، کە جوداوازی لە نێوان سەرکۆنە و ڕەخنەدا ئەوەیە، کە دەشێ ڕەخنە پاساوی هەبێ، بەڵام سەرکۆنە (هەڵبـەت بە واتا باوە خراپەکەی) هیچ پاساوێکی نییە.

ڕەخنە بۆ بیناکردنە، بەڵام سەرکۆنەکردن بۆ وێرانکردنە. سەرکۆنەکردن وێرانکردنێکە هەرگیز بینا ناکرێتەوە؛ بەڵام هەمـــوو ڕەخنەیەکی ڕاســتـەقـینە و جـددی، جـۆرێک لە بیناکـردنەوەی عـەقـڵانی و جـۆرێک لە عـەقـڵانیـیـەتی بیناکـردنەوەی تێـدایە، ئێـمـە ڕەخنە دەگـرین (ڕەخنەی ڕاسـتـەقـینە)، چونکە مەبەستێکی دڵسۆزانەمـان هەیە. ئێـمـە ڕەخنە دەگـرین، چونکە مـەبەسـتـمـان چاکـەیە. لە ڕەخنەی ڕاسـتـەقـینەدا هەمـیـشـە خـۆشـەویسـتی هەیە: خـۆشـەویسـتی بۆ چاکـە هەیە و ڕقـیش بۆ خـراپە هەیە. هەمـیـشـە ڕەخنەگری ڕاستـەقـینە شتـە چاکـەکـانی خـۆش دەوێ و ڕقـیــشی لە شـتــە خـراپەکـانە. ئەم حـاڵەتە بە تەواوی پێچەوانەی سەرکۆنەکردنە. لە سەرکۆنەکردندا ڕق هەیە بۆ ئەوەی خۆشەویستی لەناو ببا؛ کەچی ڕەخنە لە خـۆشـەویسـتـیــیـەوە سـەر هەڵدەدا، ئا ئەمــەش واتای دیموکراسییەتی ڕاستەقینەیە (چ بە واتا سیاسییەکەی، چ بە واتا کۆمەڵایەتییەکەی). جوداوازییەکی دیکەی نێوان ئەم دوو دیاردەیە ئەوەیە، کە ڕەخنە زۆر جار لە دەسەڵات دەگــیــرێ؛ بەڵام ســەرکــۆنەکــردن، دەســەڵاتدار لە بێ دەســەڵاتی دەگـرێ (تەنانەت هەمـوو دەقـێـک و دەقـە

ئایینییەکانیش جۆرێک لە دەسەڵاتن، بۆیە دەشێ ڕەخنەیان لێ بگیرێ، دەق نابێ سەرکۆنە بکرێ، بەڵکو دەبێ ڕەخنەی لێ بگیرێ). لێرەشدا حاڵەتی ڕق و خۆشەویستی لە نێوان دیاردەی سەرکۆنە و ڕەخنەدا بە دەردەکەوێ. لەم چوارچێوەیەشدا ئێمە زۆر جار ئەو کەسانەی خۆشمان ناوێن، بیانگەیان پێدەگرین و سەرکۆنەیان دەکەین؛ واتە حاڵەتی سەرکۆنەکردن -وەک تازە گوتمان - ڕقی تێدایە: ڕقی ئەم لەوی دیکە؛ ڕقی خاوەن دەسەڵات لە بێ دەسەڵات. ئێمە هەرگیز هیچ کەسێک ناتوانێ سەرکۆنەمان بکا، ئەگەر ڕقی لە ئێمە نەبێتەوە و هێز و دەسەڵاتی لە ئێمە زیاتر نەبێ (ئەوانەی ئێمەیان خۆش دەوێ ڕەخنەی دڵسۆزانەمان لێدەگرن، نەک بە سەرکۆنەکردن زەلیلمان بکەن. دەشێ ئەم پێوەندییە ڕوحی و ئەخلاقییە لە هەموو ئاستێکی ژیانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوودا بەدی بکرێ: ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و...).(٨) ئێمە پێشتریش ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد، کە دەشێ کاری سەرکۆنەکردن لە جوداوازییەکانەوە سەرهەڵبدا و ڕوو بدا: جوداوازییە کۆمەڵایەتی و جوداوازییە سروشتییەکان؛ بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا سەرکۆنەکردن دەسەڵاتی تێدایە، واتە بە بێ دەسەڵات ڕوو نادا (ئینجا ئەم دەسەڵاتە چ دەسەڵاتی ماددی، یان دەسەڵاتی مەعنەویی بێ)، تەنانەت سەرکۆنەکردن لە نێوان دیاردە سروشتییە ئەرێنی و نەرێنییەکانیشدا ڕوو دەدا، واتە - بەنموونە - جوانی دەتوانێ سەرکۆنەی ناشیرینی بکا [ئەم حاڵەتە لە کۆمەڵگا تەقلیدییەکانی وەک کۆمەڵگای ئێمەدا زۆر باوە: هەمووممان دەزانین، کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ناشیرینیی بەواتا فسیۆلۆژییەکەی (ڕوخسار) سەرکۆنە دەکرێ. دیارە ئەم جوانییە لێرەدا جوانییەکی سروشتیی ناعەقڵانییە. جوانییەکە بەندە بە قۆناغی مێژوویی تێگەیشتن و بە دەسەڵاتی پراگماتیکی پاتریارکییەوە. جوانییەکە هێزی ماددیی سەرمایە نرخی بۆ دادەنێ و کۆنترۆڵی دەکا و دەستی بەسەردا دەگرێ؛ واتە لێرە دەسەڵاتەکان دەتوانن جوانییش بۆ خۆیان پاوان بکەن؛ بەڵام لێرەدا ناودژە (موفارەقە) سەیرەکەش لەوەدایە، کە ناشیرینەکانیش سەرکۆنەی ناشیرینیی دەکەن؛ ئەمەش دیارە بەندە بە کاردانەوەی سووکایەتیکردن بە ناشیرینیی بایۆلۆژی لە کۆمەڵگای ئێمەدا. ئەوەی کە سەیرە لێرە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، گاڵتە بە ناشیرینی ڕوخسار (ناشیرینی سروشتی) دەکەن و سووکایەتی پێدەکەن و سەرکۆنەی دەکەن؛ تەنانەت بەهای ماددیی و مەعنەوی زۆریشی بۆ دادەنێن، کەچی نیو هێندە گاڵتە بە ناشیرینی ئاکاری کەسایەتی تاکەکان ناکەن و هۆشیارییان لە ئاست ئەم پرسەدا کولە]. لەمەوە ناشیرینی چ وەک ڕەهەندی گرێی دەروونی و چ وەک ڕەهەندی دەسەڵاتیش، دەتوانێ سەرکۆنەی جوانی بکا، تەنانەت دەتوانێ دەستەمۆی بکات و بەسەریشیدا زاڵ بێ، واتە دەشێ جوانی خۆی بە دەستەوەی دەسەڵاتی (یانیش شەڕانگێزیی) ناشیرینیی بدا. لێرەدا گرفتە ئەزەلییەکە ئەوەیە کە جوانی خۆی دەداتە دەست دەسەڵاتی بەرژەوەندی ماددی، واتە جوانی ناتوانێ بە شێوە سروشتییە ئازادەکە بژی. جوانی دەبێتە کاڵایەکی بە نرخ: بە نرختربن کاڵا لەبەردەم حەزی ڕۆمانسی و غەریزەی سێکسی مرۆڤدا.(٩) ئا لێرەشدا جوانی -بە تێگەیشتنە مارکسییەکەی چەمکی نامۆ بوون- دەبێتە شتێکی نامۆ بە سروشتی مرۆڤ، بەواتای جوانی لە چەمکە مرۆییەکەی دادەبڕێ و مۆرکی بەرژەوەندی ماددیی لێدەدرێ. با بەواتایەکی دیکە بڵێین: جوانی دەبێتە نیشانەی هێز بۆ دەسەڵاتەکان.

لێرەشدا چی دیکە جوانی لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا ناتوانێ لە زمانی خۆشەویستیی تێبگا، بەڵکو تەنیا وەڵامی زمانی نارۆمانسییانەی هێزی بەرژەوەندخوازی دەسەڵاتەکان دەداتەوە. مارکس کاتی خۆی بە جوانی وەسفی ئەم حاڵەتەی کردووە، کە بەداخەوە ئێستا ناوی سەرچاوەکەیم لەبیر نەماوە. تەنیا ئەوەم لە پوختەی واتای بۆچوونەکەی ئەو لەبیرە، کە چۆن سیحری هێزی سەرمایە، ناشیرینترین کەس دەکاتە جوانترین کەس. لێرەشدا ئەوە بە دەردەکەوێ، کە چۆن مرۆڤ ئەو هێز و دەسەڵاتە ماددی و مەعنەوییانەی بەرهەمیان دەهێنێ، هەر بەخۆشی لە ئاکامدا دەبێ بە کۆیلەیان. ئا ئەمە جەوهەری بیرۆکەکەی مارکسە لەمەڕ چەمکی نامۆیی لە کۆمەڵگای سەرمایەدارییدا. بەواتای ئەو کاڵایەی مرۆڤ بە دەستی خۆی بەرهەمی دەهێنێ، هەر بە خۆیشی لە ئاکامدا پێی نامۆ دەبێ. ئێمە دەشێ هەر شتێک، کە نەبینە خاوەنی لە ئاکامدا پێی نامۆ بین، تەنانەت ئەگەر بە دەستی خۆشمان بەرهەممان هێنابێ، ئەمەش جەوهەری بۆچوونی مارکسە لەسەر شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی؛ ئەو شێوازەی، کە بە بێ ستەمی چینایەتی ناتوانێ پێشکەوتن لە ئاستی بەرهەمهێنان و تەکنۆلۆژیادا بە

دەست بهێنێ. سەرمایەداریی پیشەسازی سروشتمان لێ دەدزێ و لە بری ئەمە، جیهانێکی دەستکردمان پێدەبەخشێ. جیهانێک، کە بۆنی ستەمی لێدێ، جیهانێک، کە مرۆڤ دەکاتە باشترین کۆیلەی خۆی.

ئێمە ئەمرۆ جوانی باخەکانمان بە جوانی ئاپارتمان و بالاخانەکان گۆڕیوەتەوە. ئەو بالاخانانەی، کە تەنیا شتی دەستکردی خۆمانی تێدا دەبینین، نەک بەخشش و بەرهەمە مەزنەکانی سروشت. ئێمە ئەمرۆ لەپێناو سەرخستنی شێتانەی تەکنۆلۆژیادا، دوژمنی هەرە سەرسەختی سروشتین. ئێمە جوانی ڕاستەقینە دەکوژین، لە پێناوی جوانی دەستکرد و ساختەدا، ئا ئەمەش سەرچاوەی ئەو دڵتەنگییە گەورەیەی مرۆڤایەتییە، کە هەرگیز لێی ڕزگار نابین. لە ڕاستیدا ئەمرۆ مرۆڤایەتی لە دڵتەنگییەکی یەکجار گەورەدا دەژی. ئەو دڵتەنگییەی، کە بەرژەوەندییە باڵا ماددییەکانی سەرمایە بەرهەمی دەهێنێ. لە ڕاستیدا ئێمە، کە تەکنۆلۆژیامان لە دیاردەکانی سروشت خۆشتر بوێ، ئەوە ئەستەمە بتوانین ئاسوودە بین. ئێمە کە بەرژەوەندی ماددیی خۆمان لە بەرژەوەندی ژیانی مرۆڤایەتی خۆشتر بوێ، ئەوە ناتوانین بەختەوەر بین. ئێمە کە پرەنسیپی خۆپەرستیشمان بەسەر هەموو پێوەندییەکی ژیانی ڕۆژانەماندا زاڵ کرد، ئەوە نەک هەر ناکرێ بەختەوەر بین، بەڵکو لە جغزی حاڵەتی مرۆڤایەتی خۆشمان دەردەچین و دەبینە ئامێرێکی وێرانکەری دڕندە. مرۆڤ کە بووە کۆیلەی حاڵەتە خۆپەرستییە چاوبرسیەتییەکەی خۆی، دەشێ هەموو کارێکی دڕندانە لە ئاست ئەوی دیکەدا ئەنجام بدا. لەم بارەیەوە (تۆکفیل) یش دبێژ: «خۆپەرستیی ئەو ژەنگەیە، کە لە کۆمەڵگا دەدا».(١٠) دەشێ ئەم وەسفە جوانترین وەسفی حاڵەتی خۆپەرستیی بێ، کە تا ئێستا کرابێ؛ ئەو وەسفەی، کە پێمان دەڵێ و بۆمان ڕوون دەکاتەوە، چۆن ئەم حاڵەتە ژیانی هەموو کۆمەڵگا دەخاتە گێژاوی پاشاگەردانی و بێ سەروبەرییەوە. لە ڕاستیدا لە کوێ خۆپەرستیی هەبوو، لەوێدا بەختەوەری ون دەبێ و هەموو مانا بەرزەکانی ژیانیش هەرەس دەهێنن. بەڵێ، لە سایەی خۆپەرستییدا ژیانی هەر هەموومان ژەنگ هەڵدەهێنێ. بەهەرحاڵ ئێمە لێرە، لە چوارچێوەی بەردەوامی باسە سەرەکییەکەماندا، نابێ ئەوەش لەبیر بکەین، کە دوو ئاستی دیاردەی سەرکۆنەکردن لە یەکدی جودا بکەینەوە، واتە ئاستی ناوەکی و ئاستی دەرەکی، ئاستی ناوەکی تایبەتە و بەندە بە خودەوە، هەرچی ئاستی دەرەکییە بەندە بە ئەوی دیکە و بە ڕەهەندە بابەتییەکەوە.

واتە ئەو سەرکۆنەکردنەی، کە خود بۆ خۆی دەیکا، زۆر ئاساییتر و ئازادانەترە لەو سەرکۆنەکردنەی، کە کەسێکی دیکە (هێزی دەرەکی) لە ئاست خوددا دەیکا. دەمەوێ بڵێم: سەرکۆنەکردن لە ئاستە ناوەکییەکەیدا (خوددا) تەنیا حاڵەتی (تأنیب الضمیر = ئازاری ویژدان)ە؛ بەڵام هەرچی لە ئاستە دەرەکییەکەیدایە، ئەوە سەرکۆنەکردن (توبیخ) ێکی ڕاستەقینەیە، واتە بە مەبەست شکاندنەوەی تێدایە. ئەم حاڵەتەی ئێمە باسی دەکەین، تەنیا لەسەر هەڵوەستی بە ڕێکەوتی هەڵەکان ڕاناوەستێ، بەڵکو دەبێتە شێوازی مامەڵەکردنی بەردەوامی ئەم لەگەڵ ئەوی دیکەدا، واتە مامەڵەی بە هێزەکان لەگەڵ بێ هێزەکاندا.

گرفتی ئەم حاڵەتەی سەرکۆنەکردن ئەوەیە (وەک پێشتریش گوتمان)، کە ڕق بەرانبەر بەوی دیکە بەرهەم دەهێنێ، واتە لەسەر بنەمای ڕق ڕەخنەی لێ دەگرێ، نەک لەسەر بنەمای خۆشەویستی. هەموو حاڵەتەکانی دیاردەی سەرکۆنەکردنیش، واتە ئەوانەی لە جۆری دووەمن، ئەم خەسڵەت و مۆرکەیان هەیە. بە واتای یەکێک هەیە دەتوانێ ئەوی دیکە بە نەفرەت بکا. ئەم جۆرە سەرکۆنەکردنە لە ڕوحێکی دەسەڵاتخوازانەی نەخۆشانەی پڕ لە توندوتیژییەوە سەر هەڵدەدا، تەنانەت سەرکۆنەکردن لە حاڵەتە خودییەکەشدا بەدەر نییە لە دیاردەی توندوتیژیی؛ بە تایبەتی ئەو کاتانەی، کە دەرەوە (هێزە کۆمەڵایەتییەکان) گوشاری زۆرمان بۆ دەهێنن و دژ بە حەز و ویستی ئازادانەمان دەوەستنەوە. ڕەنگە چەپاندن (بە هەموو جۆرەکانییەوە) ڕەگەزێکی ئەم حاڵەتی توندوتیژییەی دیاردەی سەرکۆنەکردن بێ، کە خود لە ئاست خۆیدا پەیڕەوی دەکا.

ئێمە لێرەدا کە قسەمان لەسەر سایکۆلۆژیای خود بێ، ئەوە ئەم دیاردەیە لە حاڵەتی عیشقیشدا (بەو پێیەی کە عیشقیش حاڵەتێکی سایکۆلۆژیی خودییە) زۆر بە زەقی بەدی دەکرێ؛ بە تایبەتی لە خۆشەویستیی یەک لایەنەدا. تاکی عاشق لێرەدا هەمیشە بەرانبەر بە خۆشەویستەکەی هەست بە هەڵە و گوناح دەکا (چونکە هەمیشە ئەو لە حاڵەتی ڕاڕایی و گوماندا دەژی). هەمیشەش ویژدانی چاودێریەتی، کە هەڵە نەکا. خۆ ئەگەر هەڵەش نەکا، وەلێ هەردەم گومانی لە خۆی هەیە، کە هەڵە بکا و

هەردەم دەترسێ، کە هەڵە بکا. ئەم حاڵەتە بە تایبەتی لە قۆناغی بەر لە لێک ئاشکرا بوون و لە حاڵەتی – وەک گوتمان – عیشقی یەک لایەنەشدا بەدی دەکرێ (چونکە لە هەردوو حاڵەتەکەدا جارێ ڕازیی بوون دیار نییە). عاشق لێرە دەترسێ و سەرکۆنەی خۆی دەکا لە پێناو ئەوەی، کە ڕەزامەندیی ئەوی دیکە (خۆشەویست) بە دەست بهێنێ. ئێمە لێرە هەمان حاڵەتە ئایینییەکە بەدی دەکەین: ئیمانداریش هەمیشە دەترسێ، کە هەڵە و گوناح بکا، نەوەک خوای لێ تووڕە بێ؛ ئەمەش بۆ ئەوەیە تا خۆشەویستیی و ڕەزامەندیی ئەو بە دەست بهێنێ. دەشێ بڵێین ئەم پرۆسەیە، پرۆسەی خۆ پاککردنەوەیە (تطهیر)ـە؛ پرۆسەیەکە، کە ئیماندار و عاشق پێیدا تێپەڕ دەبن؛ بەڵام جوداوازییەک کە لە نێوانیاندا هەبێ ئەوەیە، لای عاشق کاتییە و لای ئیماندار هەمیشەییە: عیشق و خۆشەویست دەشێ کۆتاییان پێ بێ، بەڵام عیشق و بیرۆکەی خوا کۆتاییان پێ نایێ. هەڵبەت لە هەردوو حاڵەتەکەدا، تاک وەک (زاهید) لەگەڵ خۆی و خەیاڵی وێنەی خۆشەویستەکەیدا (خوا) و (خۆشەویست) دا دەژی؛ ئەمەش ڕوحی سۆفیگەرانەی هەم عاشق و هەم ئیماندارێکی ڕاستەقینە و جددییشە. لە هەردوو حاڵەتەکەشدا تاک کۆیلەی دەسەڵاتێکە، دەسەڵاتێکی بەهێز و ڕەها: دەسەڵاتی خوا و دەسەڵاتی بیرۆکەی (یان واقیعی) پیرۆزی خۆشەویست. ئا لێرەدایە، کە تاک بۆ ڕازیکردنی ئەم دەسەڵاتانە دەبێ خۆی سەرکۆنە بکا، تا ببێتە کەسێکی «نموونەیی» لە بەرانبەر دەسەڵاتێکی نموونەییدا. ئایا خوا و خۆشەویستیش دوو وێنە و دوو دەسەڵاتی نموونەیی نین؟ بەڵام کێشەی وەهمی (یان بەوەهمداچوونی) تاک لێرەدا ئەوەیە، کە دەشێ نە (خۆشەویست)ی بۆ ببێ، نە ڕەزامەندیی خواش بە دەست بهێنێ. لێرەشدا تاک ڕۆژێک لە ڕۆژان، یان بە واقیعی خۆشەویست (وەهمی بێ، یان واقیعی بێ) دەدۆڕێنێ، یانیش هەمیشە هەستی ترسی دۆڕاندنی بەسەردا زاڵە. (ئەم هەستە لە کەسی ئیمانداردا زۆر بەهێز و زەقە. کەسی ئیماندار هەمیشە ترسی لە دۆڕاندنی ڕەزامەندیی خودا هەیە، بۆیە هەرچەند مل بۆ خوا کەچ دەکا، گومان و ترسەکەی زیاتر دەبن. پێدەچێ ئەمە حاڵەتی کۆیلەیی بێ لە بەرانبەر خاوەنەکاندا. لە خۆشەویستیی یەک لایەنەشدا ئەم کۆیلەیی و خاوەنداریەتییە بەدی دەکرێ. بێ گومان لە هەردوو حاڵەتەکەشدا کۆیلەییەکە کۆیلەییەکی سایکۆلۆژییە).

هۆکارێکی (حاڵەتێکی) دیکەی سەرکۆنەکردن، کە ئەویش گرنگە و نابێ لەبیری بکەین، پێوەندیی بە شەرمکردنەوە هەیە، بەواتای ئەو تاکانەی، کە شەرمن (ئەم گرێیەیان هەیە)، پتر لە کەسانی دیکە، خۆیان و خەڵکی دیکە (هاوڕێیان و کەسوکاریان) سەرکۆنە دەکەن. بەواتایەکی دیکە بڵێین: ئێمە لە شەرمان –لە شەرمی ئەوانی دیکەدا –خۆمان و خەڵکی دیکە سەرکۆنە دەکەین. باشە با لە خۆمان بپرسین: ئەم حاڵەتە بۆ ڕوو دەدا؟ واتە بۆ شەرمنەکان کەسایەتی سەرکۆنەکەرن؟ ئێمە بە دڵنیاییەوە ناتوانین وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە؛ بەڵام ئەوە دەزانین، کە شەرمنەکان لە ڕەخنە دەترسن. چۆن؟ ئێمە پێشتر زانیمان، کە سەرکۆنەکردن لە یەکێک لە واتاکانیدا گلەیی و ڕەخنەی توند دەگەیەنێ، پێشمان وایە کەسێک کە شەرمن بێ –چونکە کەسی شەرمن باوەڕ و متمانەی بە خۆی نییە – زیاد لە پێویست لە گلەیی و ڕەخنە دەترسێ. لێرەشەوە ئەو بەرلەوەی گلەیی لێ بکرێ و ڕەخنەی لێ بگیرێ، خۆی سەرکۆنەی خۆی دەکا و ڕەخنە لە خۆی دەگرێ (ئەم وێنایەش بە کەسە نزیکەکانی بەرانبەری دەبەخشێ). واتە کەسی شەرمن هەمیشە بە گومانە لە خۆی و لە کەسە نزیکەکانی دەوروبەری، کە نەکا هەڵە و کاری ناشایستەیان هەبێ (هەڵبەت دەشێ ئەمە وەهمێکی تەواو بێ و هیچ بنەمایەکی واقیعی نەبێ)، بۆیە ئەو بەرلەوەی ڕەخنە لە خۆی و کەسە نزیکەکانی بگیرێ، خۆی دێ دەستپێشخەریی دەکا و سەرکۆنەی خۆی و کەسە نزیکەکانی خۆی دەکا، تا بە تەواویی بەر بە سەرکۆنە و ڕەخنەی دەرەکی ئەوانی دیکە بگرێ؛ بەڵام کێشەی هەرە گەورەی کەسایەتی شەرمن ئەوەیە، کە ئەو خۆی لە بنەڕەتدا لەلایەن دەسەڵاتەوە –هەر دەسەڵاتێک بێ – سەرکۆنە کراوە، بۆیەش لە ئەنجامی ئەم سەرکۆنەکردنە بووەتە کەسایەتییەکی شەرمن. ژیانی شەرمن بنەمایەکی واقیعی نەرێنیی هەیە، واتە واقیعێکی پڕ لە کەموکوڕی؛ ئەمەش وا دەکا کەسی شەرمن وێنە نەرێنییەکانی خۆی بە وێنە ئەرێنییەکانی ئەوی دیکە (جیهانی دەرەوە) بەراورد بکا. لێرەشدا دەشێ کەسی شەرمن –لە نێوان وێنەی خۆی و وێنە دەرەکییەکەدا – سەرکۆنەی خۆی و سەرکۆنەی کەسە نزیکەکانی دەوروبەری خۆی بکا.

ئێمە گوتمان ڕەخنە (یان ڕاستتر بڵێین سەرکۆنەکردن) شەرم (کەسایەتی شەرمن) بەرهەم دەهێنێ، دووبارە کەسایەتی شەرمنیش ڕەخنە (سەرکۆنەکردن) بەرهەم دەهێنێتەوە. ئا لێرەدا ئێمە لە سەرکۆنەکردنەوە دووچاری گرێی دەروونی شەرم (واتە گرێی کێماسی) دەبین. لێرەشدا هەست بە (وەهمی) کەموکوڕی خۆمان و دەوروبەری نزیکی خۆمان دەکەین. ئەم حاڵەتەش تەرجومەی سەر دیاردەی سەرکۆنەکردن دەکەین: سەرکۆنەکردنی خۆمان و دەوروبەرمان. ئا لێرەدایە کە سەرکۆنەکردن وەک هەر دیاردەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی و دەروونی، بەرهەمی واقیع و بەرهەمی خودە (تاکە). ئێمە لێرە نابێ ڕەگەزی ڕۆشنبیرییش بەلاوە بنێین، کە دەوری هەیە لە بوون و نەبوونی ئەم دیاردەیە، چ لای تاک و چ لە کۆمەڵگا و دەزگاکانیشیدا. هەڵبەت دەشێ ئەم دیاردەیە لای کەسێکی خوێندەوار و تێگەیشتوو کەمتر هەستی پێ بکرێ، وەک لای کەسێکی نەزان و نەخوێندەوار؛ ئەمە لەسەر ئاستی خێزانیشدا هەر ڕاستە. هەر چەندە زۆر جار وا دەبێ ئەوانەی سەرکۆنەی خەڵک دەکەن، لە ئاستێکی باشی خوێندەواری و تێگەیشتنیشدان؛ ئەمەش ناودژێکە (موفارەقەیەکە) و پێمان دەڵێ، کە چۆن ئەم دیاردەیە وەک زۆر دیاردەی کۆمەڵایەتی دیکە، لە پەروەردەی کۆمەڵایەتی ژیانی زۆربەی هەرە زۆرماندا ڕەگی داکوتاوە. بەهەرحاڵ سەرئەنجام ئێمە پێمان وایە، کە سەرەتای دیاردەی سەرکۆنەکردن لە کۆمەڵگای ئێمەدا، لە سەرکۆنەکردنی منداڵانەوە دەست پێدەکا. بەواتای هەمیشە منداڵان زۆرترین سزای سەرکۆنەکردنیان لەلایەن گەورەکانەوە بە بەر دەکەوێ؛ دوای ئەوانیش ژنان دێن.

ئێمە کاتێک بە منداڵان دبێژین: «عاقڵ بن! دانیشن!»، ئەمە خراپترین شێوازی سەرکۆنەکردنی منداڵانە. ئێمە لێرە دەپرسین: ئایا دەشێ چەمکی عەقڵ بۆ منداڵان بەکار بهێندرێ؟ سەیرە، کۆمەڵگای ئێمە لەناو ناعەقڵانییەتی خۆیدا، داوای عەقڵ لە منداڵان دەکا؛ ئەمە ناودژێکی سەیرە: ناعەقڵانییەت داوای عەقڵ بکا؟ لە کێش؟ لە منداڵ! لێرەشدا بە دەردەکەوێ، کە سەرکۆنەکردن دیاردەیەکی چەند ستەمکارانە و ناعەقڵانییە «تۆژینەوە زانستییەکان جەخت دەکەنەوە، کە مەترسی سەرکۆنەکردنی منداڵان هیچی کەمتر نییە لە لێدان، چونکە هەمان ئاسەواری نەرێنی لەسەر دەروونیان بەجێ دەهێڵێ». (١١) لەم ڕوانگەیەوە ئێمە دەزانین هەمیشە ئەو خێزانانەی، کە تەقلیدی و پارێزگارن، پتر دەبنە چاودێر بەسەر شێوازی پەروەردەکردنی منداڵەکانیانەوە. منداڵان لێرەدا هەمیشە ئامۆژگاری و سەرکۆنە دەکرێن، واتە ڕەقیبێک هەیە، کە هەمیشە کار و ڕەوشت و ویست و کەسایەتییان بەرزەفت و کۆنترۆڵ دەکا. هەڵبەت لێرە زۆر ئاساییە، کە خێزانی مەلایەک پتر لە خێزانێکی دیکەی ئاسایی لە شێوازی پەروەردەکردندا، سەرکۆنە و ئامۆژگاریی منداڵەکانی بکا، بەو پێیەی دەشێ ئەو پتر لە خەڵکی دیکە بە نەریتە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان پابەند بێ.

ئەم حاڵەتە پارێزگارییەی خێزانەکان (لەگەڵ تاکەکانیش) هەرچەندە لە پایەی کۆمەڵایەتی ئۆرۆستۆکراتییەت نزیک ببێتەوە، هێندەش داخراو و توند دەبێ، واتە لێرەدا ئەم خێزانانە چینێکی تایبەتی داخراو بە خۆیان دروست دەکەن (چینی ئۆرۆستۆکراتی) و بە توندیش خۆیان – ئەگەر چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی باڵا نەبێ –لە چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگادا جودا دەکەنەوە (هەڵبەت ئەمانە وەک هەر چین و توێژێکی دیکەی ناو کۆمەڵگا، پێوەری کۆمەڵایەتی و بەهای ئەخلاقی تایبەت بە خۆیان هەیە، لە دینداریشدا بە دەگمەن نەبێ، هەرگیز ڕادیکاڵ و توند نین. دەشێ لە شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتیشیاندا زۆر جار تاکەکان و خێزانەکانی سەر بەم چینە عەلمانی بن، بەڵام دیسان لە چوارچێوەی بەهاکانی چینەکەیاندا، عەلمانیی داخراون). ئێمە لێرە نابێ کاریگەریی ڕۆڵی گەڕەکیش (یان هەر دەزگایەکی کۆمەڵایەتی دیکە) واتە دەوروبەر لە بیر بکەین، کە دەشێ ڕووکارێکی پێچەوانەی سیستمی پەروەردەی باوی ماڵەوەی هەبێ و ئەم سیستمە ڕەت بکاتەوە و جۆرێک لە یاخی بوون –ئەگەر نەرێنیش بێ – لەلایەن یەکێک، یان پتر لە ئەندامانی خێزانەکە بخولقێنێ. زۆر جار بینیومانە، کە لە ماڵباتێکی پارێزگار، یان ئایینپەروەردا (دیارە زۆرینەی کۆمەڵگای کوردی یەکێک لەم خەسڵەتانەی هەیە)؛ دبێژم لەم ماڵباتانەدا زۆر جار دیتوومانە، کە مێردمنداڵێک، یان گەنجێکی چەقاوەسووی شەڕاوی بەڕادەی کەسایەتییەکی چەقۆکێشی سەرسەری لێ هەڵکەوتووە؛ یانیش گەنجێک و پیاوێکی ڕۆشنبیری عەلمانیی لێ هەڵکەوتووە (لێرە دەشێ هەندێک جار حاڵەتی سەرکۆنە و ئامۆژگاریی

تێکەڵی یەک بکرێن. واتە ئامــۆژگــاریی مــۆرکی سەرکۆنەکردنی لێ بدرێ. ئەوەی ڕاستییەکەشی بێ، ئامۆژگاریی کە دەبێتە گوتاری ئەخلاقیی و کۆمەڵایەتی باو، ئەوە لە میکانیزمی دیاردەی سەرکۆنەکردن نزیک دەبێتەوە. لێرەش دەشێ ئامۆژگاریکردن ببێتە سەرکۆنەکردن و سەرکوتکردن، بە تایبەتی کاتێک، کە میکانیزمی ئامۆژگاریی وەک هۆکارێک بۆ مل پێ کەچ کردن کەڵکی پێوە نامێنێ).

هەڵبەت ئێمە دەزانین، لە حاڵەتی ماڵباتە پارێزگارەکاندا دەسەڵاتی دایک و باوک (ئینجا یان هەردووکیان پێکەوە، یانیش بە تەنیا یەکێکیان) بە تەواوی دەسەڵاتێکی ڕەهایە بەسەر کەسایەتی منداڵەکاندا. لەم خێزانانەدا منداڵان تا گەورەش دەبن، تەنانەت تا ژنیش دەهێنن و شووش دەکەن، ئیرادەی سەربەخۆی خۆیان نییە، بەڵکو دەبێ لەژێر فەرمانی دایک و باوک و گەورەکانیاندا بن. لێرەدا هەمیشە لە پرۆسەی پەروەردەکردندا، کۆمەڵێک ئامراز و میکانیزم و پێوەری کۆمەڵایەتی و ئاکارەکی نۆرەی (ڕۆڵی) خۆیان دەبینن، کە ئەوانیش بەنموونە بریتین لە: چاودێریکردن، گوێڕایەڵی، ئامۆژگاریکردن، سەرکۆنە و سەرکوتکردن، چاوسوورکردنەوە، توندوتیژی دەروونی... تەنانەت لێدانیش. هەڵبەت ئەم کولتووره (دیارده کۆمەڵایەتییه) دەشێ لە ئایینددا وەک پەتا بۆ قۆناغی گەورەیی کەسایەتی منداڵەکانیش بگۆزرێتەوە. ئەوانیش هەمان میکانیزمی پەروەردەی دیکتاتۆرانە لە ئاست خێزان و منداڵەکانیاندا بەکار بهێنن؛ کە ئەمەی دواییان لە دیاردەی سیستماتیکی لێداندا بەرجەستە دەبێ. هەمووشمان دەزانین، کە ئەم دیاردەیە چۆن بەشێکە لە پرۆسەی خوێندنی هەموو قۆناغەکانی خوێندنی بەر لە زانکۆ؛ چۆنیش لێرە مامۆستایان دەبنە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری ڕەها. لێرەدا دەسەڵات (مەبەستمان لە دەسەڵاتی دەزگاکانی خێزان و خوێندن و پەروەردەیە) هێندەی بایەخ بەوە دەدا خۆی بسەپێنێ و خوێندکار و منداڵ ملکەچ و گوێڕایەڵی خۆی بکا، نیو هێندە بایەخ بە ئامانجی زانستی خوێندن و پەروەردەیەکی تەندروست نادا.

زانکۆکانیش هەمان دۆخی نادیموکراسییانە و گەندەڵییان هەیە. لێرەشدا هەموو دەزگاکان لە کۆمەڵگای ئێمەدا، جەنگێکی نهێنی دژ بە تاکەکان بەرپا دەکەن. لە ئاکامیشدا تاکەکان لە نێوان بەرە جوداوازەکاندا دووچاری جەنگێکی سەختی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبن لەگەڵ یەکتردا. گرنگ لێرە ئەوەیە، کە بە هەر شێواز و نرخێک بووە، تاک ملکەچ بکا. کۆمەڵگای ئێمە عاشقی ئەوەیە، کە هەموو ڕەنگە جوداوازەکان بسڕێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش جەنگ دژ بە ویستی تاکە ئازاد و جوداوازەکان بەرپا دەکا. ئەم جەنگە چ لە ئاستی سیاسی، چ لە ئاستی کۆمەڵایەتی و چ لە ئاستی ئابووری و پەروەردەییشدا بەدی دەکرێ؛ ئەم جەنگە جەنگی هەمووانە دژ بە تاکەکان، جەنگی ئەو تاکانەشە، کە لەناو گرووپەکاندا: گرووپە ئایینی و خێڵەکی و حزبییەکاندا دەتوێنەوە و ون دەبن، جەنگێکە، کە تاکەکان تێیدا دۆڕاوترین ئەندام و ڕەگەزن.

پێم وایە ئەمە ڕەوشی واقیعی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆی کوردستانە. هەموو گرووپەکان لە ئاست یەکدا دەجەنگن و وتووێژ دەکەن و دەنگی خۆیان لە کۆمەڵگادا بەرز دەکەنەوە و باسی هەموو مافێکی خۆیان دەکەن، تەنیا ڕەگەزی تاکە، کە کەس دەنگی نابیسێ و کەس گوێی لێ ناگرێ، ئەو تاکانەی لەناو گرووپەکاندا هەموو ئازادییەکیان لێ قەدەغە کراوە. دەشێ ئێمە ئەم دیاردەی قەدەغەکردنە زۆر بە جوانی و بە زەقی، لە گوتاری باڵادەستی ئایینیدا بەدی بکەین. ئەو گوتارەی هەموو تایبەتمەندییەکی تاک ڕەت دەکاتەوە و ئەم تایبەتمەندییانە بە گوناح دەزانێ. ئا لێرەشدا لەناو ئەم گوتارە ئایدیۆلۆژییە باڵادەستەدا، زمانی گوتاری سەرکۆنەکردن دەست بە قسەکردن دەکا: دەست بە سەرکۆنەکردنی تایبەتمەندییەکانی ویستێکی ئازاد دەکا. هەڵبەت ئەم گوتارە گوتارێکی شەرعی و باڵایە. گوتارێکە بەرلەوەی قەدەغەمان بکا، دەتوانێ بمانتۆقێنێ. لێرەشدا ئەو بە زمانی هەڕەشە (بۆی ڕەوا و شەرعییە) سەرکۆنەمان دەکا. ئەو هەمیشە بەڕادەی فۆبیا سەرکۆنەمان دەکا (لەڕاستیدا فۆبیا کۆڵەگەیەکی چەسپاندنی مێژووی ئەم گوتارەیە). لەم گوتارەدا قۆناغەکانی قەدەغەکردن و مل پێ کەچ کردن بەم شێوەیە دەست پێدەکەن: سەرەتا ئامۆژگاری کردن، پاشان سەرکۆنەکردن، دوایی هەڕەشەکردن، پاشان ترساندن و تۆقاندن، ئینجا سزادان و سەرکوتکردنی بە کردەوە (ئەوە ئەگەر لە بارێکدا ئەم گوتارە دەسەڵاتی سیاسیشی لە دەستدا بێ)؛ کەواتە دەشێ دیاردەی سەرکۆنەکردن قۆناغی پێش ڕوودانی

**پرۆسەی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەرکوتکردن بێ، بەڵکو لەوانەیە لەڕووی مێژوویشەوە قۆناغێکی بەر لە قۆناغی دیاردەی سەرکوتکردن بێ. واتە ئێمە لێرەدا دەمانەوێ بڵێین: سەرەتای هەموو پرۆسەیەکی سەرکوتکردن (چ لە ئاست تاکدا، چ لە ئاست کۆمەڵگاشدا) لە دیاردەی سەرکۆنەکردنەوە دەست پێ دەکا.**

**پەراوێزەکان:**

١- ئەم زانیارییانەمان لە هەندێک بابەتی ئینتەرنێت وەرگرتووە. بە داخەوە من پێکهاتە ڕێزمانییەکەی وشەی (سەرکۆنە) م لە لا ڕوون نییە، بەڵام دیارە، کە لە دوو وشە (کەرت) پێکهاتووە: (سەر + کۆنە). هەڵبەت وشەی (سەر) واتاکەی ڕوونە، بەڵام ئەدی واتای (کۆنە) چییە؟ ئایا لە وشەی کۆن و کورتە بزوێنی (ە) پێکهاتووە؟ ئەگەر وەها بێ، سەرکۆنە ئەو کەسەیە، کە هەمیشە سەرکۆنە دەکرێ؟ ئایا وشەی کۆن لێرە چ دەگەیەنێ؟ ئایا لە وشەی (کۆن = قدیم)ەوە هاتووە؟ بەواتای ئەم سەرە هێندەی پێکراوە و هێندەی لەسەر (لەدژ) گوتراوە، کە لە داپڵۆساندندا کۆن بووە؟ من بۆخۆم هیچ شتێکم لەلا ڕوون نییە و ناتوانم بگەمە هیچ باوەڕێک؛ هیچ سەرچاوەیەکیشم لەبەردەستدا نییە، تا ئەم مەسەلەیەم بۆ ڕوون بکاتەوە. لە هەردوو فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە) و فەرهەنگۆکی (بەرەو زاراوەی یەکگرتووی کوردی/ دەستەی کوردیی کۆڕی زانیاری عیراق) یشدا، کە ئێستا لەبەر دەستمدان، تەنیا بە یەک وشە واتاکەی نووسراوە (سەرکۆنە: سەرزەنشت). لەوەی کۆڕیشدا سەرزەنشت بۆ (التوبیخ) و سەرکۆنەکردنیش بۆ (التأنیب) داندراوە.

٢- قورئانی پیرۆز، سورەتی عەبەسە، وەرگێڕاوی: مام هەژار، ل٥٨٥. لێرە دەکرێ لە خۆمان بپرسین: ئایا هەموو سەرکۆنەکردنێک پێوەندیی بە هەڵەکردنەوە هەیە؟ پێدەچێ لێرە خوا وێنەی میتافیزیکیی حاڵەتی خۆسەرکۆنەکردن (تأنیب الضمیر) بێ. بە واتای ئازاری ویژدانی پێغەمبەر لە دەسەڵاتی سەرکۆنەکەری خوادا بەرجەستە دەبێ؛ یان با بڵێین: ویژدانی پێغەمبەر لە وێنەی دەسەڵاتی خوادا سەرکۆنەی خۆی دەکا. ئا لێرەشدا ئەوە بە دەردەکەوێ، کە چۆن لە مێژووی ویژدان و خەیاڵی مرۆڤدا، چەمکی خوا و چەمکە میتافیزیکی و باوەڕی ئایینەکان پەیدا دەبن؛ کەواتە دەشێ بڵێین، بوونی خوا هیچ نییە، بێجگە لە ویژدانی مرۆڤ، هەڵبەت بەلایە چاکەکەیدا؛ دیوە خراپەکەشی لە چەمکی شەیتاندا بەرجەستە دەبێ.

٣- التفسیر التطبیقي للکتاب المقدس. (الامثال ١٢، ١)، ص ١٣٠١.

٤- بە تایبەتی ئەمە لە کاتی ململانێ و دەمەتەقە و گفتوگۆیەکاندا بەدەردەکەوێ؛ چونکە لەلایەکەوە دان بە هەڵەکانی خۆماندا نانێین و لەلایەکی دیکەشەوە، دان بە ڕاستییەکانی ئەوی دیکەدا نانێین. ئێمە لێرە لەبەردەم گەورەترین ئیشکالیەتی مانای دیموکراسییەتداین: ئیشکالیەتێکی مەعریفی و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و سیاسی...تاد

٥- دەشێ بڵێین: ستەم هەڵەیەکی هۆشیارانەیە، کە لەسەر بنەمای هێز ئەنجام دەدرێ.

٦- ئەم سیفەتانە بەدەر لە سیفەتی فیکری، سیفەتی بایۆلۆژیش دەگرنەوە. بە نموونە: هەموو ناشیرینێک دەشێ بەردەوام لە کۆمەڵگای ئێمەدا سەرکۆنە بکرێ و توانجی لێ بگیرێ. تا ئێستاش کۆمەڵگای ئێمە زۆرترین نرخ بۆ جوانی بایۆلۆژی دادەنێ، بۆیەش جوانییە عەقڵی و مرۆییەکان بە ئەستەم دەبینێ (جوانی لای ئێمە کاڵایە، کاڵایەکی بە نرخ، کە دەشێ حەزی لێ بکەین و هەر کاتێک پارەی زۆریشمان هەبوو بە دەستی بهێنین. لێرەشەوە جوانی لای ئێمە گرێیەکی دەروونی -کۆمەڵایەتی گەورەیە بۆ خۆ بەدیهێنان و خۆسەپاندن و دیارکردنی پێگەی بەهێزی کۆمەڵایەتیمان. جوانی لای ئێمە تەنیا حەزێکی (ویستێکی) سروشتیی زاتی نییە، بەڵکو سیناریۆ و گەمەیەکی کۆمەڵایەتییە بۆ ئەوەی خۆمان لە بەرانبەر ئەوانی دیکەدا (لەناو کۆمەڵگادا) بسەلمێنین و نمایش بکەین. لێرەشدا جوانی سیفەتێکی کاڵایی بۆ ئیستیهلاککردن - ئیستیهلاکی دەروونی و کۆمەڵایەتی - وەردەگرێ.

٧- لێرەدا ئاست و بوون و نەبوونی ئەم میکانیزمە سەرکوتکەرە لە هەمان کۆمەڵگادا و لە هەمان چین و توێژی دیاریکراودا، لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێک و لە تاکەکەسێکەوە بۆ تاکەکەسێکی دیکە دەگۆڕێ. هەڵبەت پتریش لەناو چین و توێژە نەخوێندەوار و هەژارەکاندا بەدی دەکرێ.

٨- ... کەواتە دەشێ بڵێین، دیاردەی سەرکۆنەکردن لە فەزای ئازادی و لە ئاستی عەقڵانییەتدا دەبێتە ڕەخنە. لێرەشدا ئامانجی ڕەخنەگرتن لە ئامانجی سەرکۆنەکردن دادەبڕێ.

٩ - ئێمە لێرەدا باس لە ناشیرینی ڕوحی و ئەخلاقی و باس لە ناشیرینی ڕوخساریش دەکەین، واتە ئەو ناشیرینییەی، کە لە بەرائەتی سروشتیی دادەماڵدرێ و دەبێتە بەشێک لە خەسڵەتی بەرژەوەندی و هێز و دەسەڵات؛ دەبێتە بەشێک لەوەی، کە لە کۆمەڵگادا بە زمانی ئەم ڕەگەزانە دەدوێ. گرفتەکە ئەوەیە ناشیرینی خۆی لە جیهاندا دەسەڵاتە؛ دەسەڵاتێکە زۆر جاران دەتوانێ بەسەر حەقیقەت و جوانیشدا سەرکەوێ.

١٠ -جون الستر، تفسیر السلوک الاجتماعي، ت: معتز سید عبدالله (الطبعة الاولی ٢٠١٢)، ص ٥٤١.

١١ - لەم بارەیەوە تەماشای هەندێک بابەتی ئینتەرنێت بکە.

# کارگێڕیی تورکی عوسمانی لە کوردستانی موکری لە سەردەمی یەکەمین شەڕی جیهانیدا

ناسر عەلیار
(بۆکان)

(٢ - ٢)

**هۆدانەوەی رووسەکان کوشتار لە کوردەکان**

کوردەکان وێڕای سوپای عوسمانی لە میاندواو تووشی شەرێک هاتوون و سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە لە تەورێزیش تێ پەڕیون لە سۆفیان دووچاری شکست هاتوون و بە شپرزەیی گەڕاونەتەوە.سێ حاکمە کوردە پیاو ماقوولەکانیان کوشتووە و دوای شەڕی میاندواو شێخەکانی هەورامان گەڕاونەتەوە بۆ وڵاتی خۆیان.

عومەر ناجی بەگ لە سابڵاغ بە قۆرخانە و لەشکرەوە دانیشتووە، ئیبراهیم فەوزی وەک (مبعوث- نێردراو) حەیدەر حیلمیش وەک (ارکان حرب) لە ناوچەکەدا هاتوچۆیانە (ناهید ئەفسەرێکی دیکەش بە ناوی عەباس بەگ باس دەکا کە لە لای سەقز دیویەتی - خاطرات من - لاپەڕەی ٦٠)، ئەو فەرماندەیەیە کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٤-١٩١٨جارێکیان لەگەڵ شێخ مەحموودی حەفید پەڕیوەتەوە کوردستانی ئێران و ماوەیەک لە سەر شیوی سەقز ماوەتەوە - تەیموورزادە لە لاپەڕە ٥٣ی کتێبی وەحشەتی سەقز لە سەری دەدوێ، شێخ ڕەئووف، کە لە عومەر ناجی بەگ زۆر نزیک بووە، ژمارەی عەسکەری عوسمانی لە سابڵاغ بە ٣٠٠ کەس دەزانێ.ئەو جەنگەیەش کە میاندواو گیراوە زستان و بەهارێکی خۆش بووە، کۆتایی ساڵی ١٣٣٣ کۆچی بووە.تا ئێرە سەرچاوەکان لەسەری کۆکن بێجگە (خاطرات ناهید) کە بە جۆرێکی سەر سوڕهێنەر ساڵەکانی بردووەتەوە دواوە، بە بڕوای من یان لێی شێواوە، یان لە چاپدا هەڵەی تێکەوتووە. ئا لێرەدا زنجیرەی ڕووداوەکان لەسەر نووسراوەی (تاریخ مهاباد) درێژە پێ دەدەم، چونکە ئەو کتێبە لە شاری سابڵاغ کە ناوەندی ڕووداوە گەورەکان بووە نووسراوە، هەروەها ڕاست دەقی نووسراوەی پیرە پیاوێکی بە ئەزموون، واتە

مەلا قادری مودەڕیسی خراوەتە دووتوێی کتێبەکەوە.
لە بەهاری ١٣٣٤ لەشکری ڕووس و گـۆڕانەکـان و دەستەی حاجی شوجاعوددەولە بە سەر سابلاغییاندا دا، پاش ٢٤ سەعات کوشتن و تالان شاریان بەجێ هێشت، پاشـان سـەربازی ڕووسی بە فـەرمـاندەیی زەخـڕوف و سەدیق ئەفەندی هاتن لە سـابلاغ دامەزران. سـەرەتای پاییزی ٣٤ لەشکری عوسمانی بە فەرماندەیی عـومەر ناجی بەگ بە کۆمەکی عەشیرەتەکانی مەنگوڕ و مامەش هاتنەوە پاش شەڕێکی سەخت ڕووسەکـانیـان وەدەرنا، خـەڵکی سـابلاغـیـش لە ڕووسـەکـان وەخـۆکـەوتن لەسەربانانڕا بە تیرئەندازی بەر بوونە گیانی ڕووسەکان، زۆریان لێ کوشتن. کوژراوەکـانیش ڕووت کـرابوونەوە و بێ حـورمـەتیـیـان پێ کـرابوو، ئەوانەش لە سـابلاغ نەجاتیان بوو، سوارەی مامەش و مەنگوڕ و دێبۆکری لە حـەیدەرئاباد و کـەڵکی بەگـزادان و کلکەی قـەمـچی پێـشـیـان پێ گـرتن، لەوێش زۆر کـوژران، بەڵام هەرچۆنێکی بوو پاشماوەی لەشکری ڕووس بە فیداکاری و نەخشەی ورد، خۆیان ڕزگار کرد و بەرەو میـاندواو و ورمێ ڕۆین، بەڵام کینەیەکی زۆریان لە خەڵکی سابلاغ بە دڵ گرت (ناهید دەڵێ ماوەیەک دوای ئەو شەڕە، ڕێم لەو لایە کـەوت کـەلاک لەسـەر جـادە و دەوروبەر هەر مابوون، بۆگەنییان کردبوو) ئەم جار لە زستاندا لەشکری ڕووسەکان خۆیان تەیار کرد و بەسەر سابلاغیاندا دا، دەستـەی عـومەر ناجی بەگ و عەشیـرەتەکان خۆیان لە بەرنەگرتن بەو زستانە لە ڕێگای شامەجیدەوە بە سەرما بردوویی و شـەکـەتی خۆیان گەیاندە قـاراوای سـەرچۆمی تەتەهو، نێوان بۆکـان و سەقز مـڵکی حەمەسالە بەگی عیزامولمولک. خەڵکی سابلاغ بە تەنیا کەوتن گوللە و تیـغی ڕووسـەکـان کـەوتە سـەروکـاری ملوسـەر و زگی خـەڵکی بێ دەرەتان لە ژن و منداڵ و پیـر و جـحـێڵ و ماقووڵ و ناماقووڵیان نەدەپرسی، میـرزا فەتاحی قازی وەک گەورەی شاری سابلاغ شەڕی کرد هەتا کوژرا.
بە ئەژمارێک کە میسیونە مەسیحییەکان و خەڵکی گـیـان دەربردووی سـابلاغ و ئامـاری دەوڵەتی ئێـران ڕایانگەیاندووە پتـر لە حـەوت هەزار کـەس لەو کـۆمـەڵکوژییـە کـوژراون.لە دێهـاتیش بە تایبـەت لە ئیندرقـاش و قـومـقـەڵا نزیکەی چەند هەزار کـەسێک کـوژراون.من لەگـەڵ ئەوانە نیم کـە وەک هەر سێ سەرچاوەی (تاریخ مهاباد) (خاطرات من) (یاداشتهایی از کردستان) تاوانی ئەو کوشتارە گەورە دڵ ڕەقانە تەنیا دەخەنە سەر ئەستۆی عوسمانی لە لایەک، لە لایەکیش هەستی مەزهەبی کوردان و بێ سیاسەتی سەرۆکەکانیان هەرچەند وەک گوترا ئەو لایەنانەش بەشداری ماڵوێرانی هەن وەک ڕووسەکانیش لە کوشتاری ئەرمەنییەکان بە دەستی تورکی عـوسـمـانی بێ تاوان نین، بەڵام لێـرەدا تاوانی هەرە گـەورە پشکی ڕووسـەکـانە، کـە لەگـەڵ خەڵکێکی بێ تاوان ئاوایان مامەڵە کردووە ڕووسەکان دەیانزانی لەو کـێشـەو گـێـرەیەدا خـەڵکی عـەشیـرەت مەشرەب و نەخوێندەوار و کەم بژێوی کورد دەسەڵاتێکی نییە، نە دەوڵەتەکەیان نە خۆیان توانایی ئەوەیان نەبوو کە نەهێڵن ڕووس و عـوسمانی بێنە وڵاتیـانەوە کـوا بۆ ئاپۆرەی خـەڵک، تەنانەت سـەرۆکـەکـانیـان دەبوا لێکدانەوەی ئاوا قـووڵیـان لەسـەر ڕووداوەکان هەبێ لە نێـوان دوو بێگانەدا، کـە یەکـیـان هاودینتـە ئەوی تریان هاودینت نییە. ئاساییە کە تۆ لە هاودینەکەت پشتیوانی بکەی، هەرچەند حـەق وایە کـە تۆ پشـتـیـوانی لە مەزڵوومەکە بکەی بەبێ لەبەرچاوگرتنی دین و مەرامی، بەڵام ئەوە دیاردەیەکی دانسقە و ناوازە.
لە پاش ئەوەش بێینە سەر حەق و ناحەق و ئینسـانی و غـەیرە ئینسـانی و پێـشکەوتنخـوازی و دواکەوتوویی، دەبینین دەوڵەتی عـوسـمـانی دەوڵـەتێکی مـەشـرووتە و خــەڵکی و نیــوە دیموکــراتیک بووە، دەوڵەتی ڕووسی تیزاری دەوڵەتێکی ئیستبدادی بووە، هەروەها ڕووس لە ئێرانیشدا هەمیشە لە بەرەی زۆرەمل و ملهوڕ پشتیوانی کردووە، نەک هەر کورد نوێنەرانی دەوڵەتی ئێرانیش کە لە شـەڕی جـیـهـانی بێ لایەن بوون بڕێک دوای شـەڕی جیهانی لە بەرانبەر هەڕەشەی ڕووس ڕێگەی کۆچ بەرەو عـوسمـانیـان گرتەبەر.ئاخر چۆن بڕێک لە خـوێندەوارانی ئێمە ئەوە دەسەلمێنن کە کوردەکان بە ئەو هەمووە تێکەڵی تێکهـەڵشکاوی کـە لەگـەڵ عـوسـمـانی و خـەڵکانی ژێر دەستی عوسمانییـان بووە ڕوو لە ڕووس بکەن ئەم جار لە باری بەرژەوەندیش عـوسـمـانی ئەو کـات زلهـێـزێک بوو نەدەکرا بیبوێری، هەڵبەت هاوکارییان لەگەڵ عوسمانی دەبوایە بە مـەرج بوایە دەبوو هۆشـیـاری و وردبینی زیاتریان هەبایە، پاشەڕۆژیان لە بیر بایە، نەدەبوایە بێ حورمـەتیـیـان بە مـردوو بکردایە، پێوەندی خۆیان لەگەڵ ڕووس نەدەبوایە یەکـجـاری بـبڕن، لە هەمـووی گـرینـگـتـر کـورد لە چەند سـاڵ پاشـاگـەردانی هەتا شەڕی جیـهـانی

نەیتوانی ڕابەر، یان ڕابەرانێک لە ناو خۆیدا دروست بکا. ئەوانەن گرفتی کارەکە.

لە ساڵی ١٣٣٥ دەرکەوت کە ڕووسەکانیان بە وتەی عامیانە (عوروسەکان) زاڵترن بە سەر عوسمانییەکان، بەرەی شەڕ لە موکریان چووە دەرێ، چونکە موکریان هەمووی کەوتە دەست ڕووسەکان. لەشکری ڕووس گەیشتە سەر سنوور، گەیشتە هەورامان شاری سنەشی داگیر کرد، لەوێش کوردەکان سەربەخۆ، یان وێڕای عوسمانی شەڕی زۆریان کرد، بە جۆرێک برێکی بووەتە بەیت و حەماسە وەک «سەنجەر نامە» کە دلێرییەکانی سەنجەرخانی نەڕان دەگێڕێتەوە، وەک لە بیرەوەرییەکانی شێخ ڕەئوف وەدەر دەکەوێ شێخ عەلائەددینی بیارە بە وتوویژ، خۆی و هەورامانی تا ڕادەیەک پاراستووە، شێخ حیسامەددینیش بە هەمان شێوە لە بەیتی سەنجەرخان زۆر نێوی لێ دەبرێ.

لە نێو موکریانیشدا وردە وەردە خەڵک لەگەڵ ڕووسەکان شناسیان پەیدا کرد، بەڵام خەڵک برستی لێ بڕا بوو، جارجار ڕووسەکان ئازووقە و بژێویان بە خەڵک دەگەیاند، جارجاریش خەڵک تفاق و دانەوێڵەی بە ڕووسەکان دەفرۆشت، یان دەیاندانێ. ئاکامی شەڕی جیهانی بە زیانی عوسمانی و بەرەی «متحدین»دا شکایەوە. لەولاشڕا ئینگلیز لە خوارووی عیراقەوە هاتە پێشێ بەرەو باکوور، شێخ مەحموودیش لەگەڵ ئینگلیزەکان لێک نزیک بوونەوە.

شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە١٩١٧ لە ڕووسیا پاشەکشەی بە سوپای تیزاری کرد و کورد لەگەڵ قوڕ بەسەرییەکانیدا مایەوە، ئەو جار لە بەینی سیاسەتی عوسمانی و ئینگلیز داگیری کرد، دەوڵەتی ئێرانیش هەر لاوازە و ئێستا هەڵنەستاوەتەوە، ئەو ئێرانیانەی بە دووی لەشکری عوسمانی کەوتبوون هەتا مووسڵیش چووبوون، وەک سەردار موقتەدیری سەنجابی و حاجی بابە شێخی زەنبیل وردە وردە گەڕانەوە وڵاتی خۆیان.

دەبێ ئەوەش بگوترێ بانگەوازی «اتحاد اسلام»ی عوسمانی هەر بە کورد و سونییەکان نەگیرسابووەوە، بەڵکو زۆر لە کەسایەتییەکانی ئێرانیشی ڕاکێش کردبوو، کە ئەو تەیارە لە ئێراندا مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە.

بەڵام ئەوەی لە هەموویان گرینگتر بوو ئاکامی دیمەنی دزێوی شەڕەکە بەڕادەی شەڕەکە ناخۆشە، ئەویش قاتوقڕییە کە چاوەڕوانی خەڵکی برسی بوو، چەند ساڵ بێ کاسبی و کشتوکاڵ و بەروبووم مابوونەوە، کوردی هەناسەساردی لێ قەوماوی ئێران، بە تایبەت موکریان هەموو سەعات مەرگیان بە چاوی خۆیان دەدی. دەوڵەتەکەش لە خەڵکەکە لاتتر بوو، جا تۆ وەرە بڵێ لە وڵاتێکی ئاوادا تالان و جەردەیی و تێک ڕۆ هاتن و پاروو لە یەک ڕفاندن دەبێ نەبێ!؟

## شەڕی جیهانی بۆ کوردی ئێران و وڵاتی موکری چی لێ کەوتەوە

یەکەمین شەڕی جیهانی بوو بە هۆی لێک هەڵوەشانی چوار زلهێز، یەکەمیان ڕووسیا، دووەم ئەڵمانیا، سێیەم عوسمانی، چوارەم ئوتریش (نەمسا) (انقلابهای اروپایی – چارلز تیلی) نۆ ملیۆن سەربازی تێدا کوژرا.لە ئێراندا شەڕی جیهانی بە دوای نەگبەت و نەهامەتی شەڕ قاتوقڕییەکی دوو ساڵەی بە دووی خۆیدا هێنا (تاریخ بیست سالە – حسین مکی) دەوڵەت دەیویست لە لای بیجاڕ و هەوشار کە کاروبار لەو شوێنانە زۆر پەکی نەکەوتبوو، گەنم ڕەوانەی سابڵاغ بکا، کەچی کەرەستەی گواستنەوەی نەبوو، هەتا کاروانێک دەگەیشتێ شێست حەفتا نەفەر قڕ دەبوون (تاریخ مهاباد – صمدی – ص١٤٧) لەسەر ئەو قاتوقڕییە لە موکریاندا شتی سەیروسەمەرە و سامناک دەگێڕڕێتەوە، ئەوانەی ئێستا بە تەمەن و بە ساڵدا چوون لە دەمی پیرە پیاو و پیرە ژنەکانیان بیستووە کە منداڵیان بە نان فرۆشتووە، گۆشتی مردارەوە بوو، تەنانەت ئینسانی مردوویان خواردووە، سەگ و پشیلە خوراون و...تاد هۆی ئەو قاتوقڕییەش ئەوە بوو زیاد لە ٢ ساڵ لە بەرهەڵات هەڵات کاسبی نەکراوە. زەوی نەکێڵراو، هەرچی پەس مەندەیان بووە خواردوویانە خێرۆمەندان و دەوڵەت باشاری لێشاوی برسییەکانیان نەکردووە.

کوردستان بۆ سێیەمین جار دابەش کرا یەکەم جار بە شوێنی شەڕی چاڵدێران ١٥١٤ و تێکشکانی سوپای سەفەوی زۆربەی کوردستان کەوتە بەر عوسمانی، جاری دووەم لە ١٥٥٥ لە سەردەمی سوڵتان سولەیمان قانوونی پەیماننامەی (ئاماسیە) بە سەر شای ئێران تەهماسبی یەکەمدا سەپا. شای سەفەوی هەر ئەوەندە لە سەر تەخت بمێنێ بە غەنیمەت دەزانێ. لە سەردەمی شاعەباس کە بە هێز و کارکوشتە بوو، دیسان هێڵی سنووری ئێرانی

لەوەکەی (ئاماسیە) زیاتر بۆ نەچووە پێشێ. جاری سێیەم پاش شەڕی جیهانی کە کوردستان بە باشوور و باکوور و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلات دابەش کراو هەر لەتەی درا بە دەوڵەتێک لەو دەوڵەتە تازانە(ابراهیم یونسی - مقدمه - برزویی ١-١٣٨٧).

هەروەک چۆن چەندین دەوڵەت لە دایک بوون لە زۆر شوێنی کوردستان چەند بزاوێک هاتنە ئاراوە، تەنانەت هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتیش درا.

یەکەم بزاوی کوردی، ئەو هەوڵە ئاساییە نێودەوڵەتییە بوو کە شەریف پاشا لە ئەوروپا ڕەپێش چاوی گرتبوو سەرەنجام لە پەیماننامەی سیڤەردا وادەی سەربەخۆیی بە کورد درا کە ڕۆژئاواییەکان بە پەیماننامەی لۆزان لێی پەشیمان بوونەوە، دووەم سەرهەڵدانی شۆڕشی شێخ مەحموود لە کوردستانی باشوور بوو کە سێزدە- چواردە ساڵی کێشا، سەرکەوت و ژێرکەوتی زۆری تێدا بوو، لە ئاکامدا وردە وردە خامۆش بووەوە، کوردی باشوور خرایە ژێر دەسەلاتی عیراقی تازەوە. چەند ڕێکخراوی وەک خۆیبوون و هیوا پەیدا بوون کە کوردی ئێران و خەڵکی موکریان لێیان بێ خەبەر نەبوون دووراودوور ئینتیمایان بووە. (ساوجبلاغ موکری ص ٥١)

ئەوەی زیاتر لە هەمووویان بەر باسی ئێمەیە بزاڤی سمکۆی شکاک لە کوردستانی ڕۆژهەلاتی ژێر حوکمی ئێراندایە، ئەو بزاڤە هەرچەند لە لایەن هەندێک ڕووناکبیری کوردی موکریانی کە بیریان لە ئازادی و سەربەخۆیی کورد دەکردەوە، وەک سەید تەهای شەمزین و مەلا محەممەدی قزلجی و مەلا ئەحمەدی فەوزی پشتیوانی لێ کرا، بەلام لە لایەن عەشیرەتەکان و شارستانییەکان پشتیوانی لێ نەکرا، حاشای لێ ناکرێ کە سەرچاوەی بە ڕێچوون و مانەوەو هێزی ئەو بزاڤە لە ڕێگای تالانەوە دابین دەکرا. بە دوای شەڕی جیهانی و تێکچوونی نەزم و نیزامی کۆمەلایەتی و ڕووتی و برسیەتی زۆربەی خەڵکی ئەو دەڤەرەی شۆڕشەکەی تێدا گوورا بوو دەرفەتێکی نالەباری بۆ شڕە و گرتک کراندن ڕەخساندبوو، کە سەرکردایەتی شۆڕش بە باری ناچاری تەسلیمی ئەو بارودۆخە ببوو. لە لای خەڵکی موکریان بزاڤی سمکۆ زیاتر باری زەخت و گوشارەکەی بۆ سەر خەڵک زەق ببووەوە تا باری کوردایەتییەکەی، خەڵکی بێچارەی گیان بە سەلامەت دەرکردووی شەڕوقاتی زیاتر نیازیان بە ئارامییەک هەبوو تێیدا کاسبی بکەن و بە ڕێچوونیان ببێ، بەلام کوشتنی سمکۆ بە تەڵەوداو و دەهۆ بە غەریبی و مەزڵوومی لە شاری شنۆ لە ١٣٠٩ی هەتاوی جارێکی دیکە هەستی بەزەیی بە خۆدا هاتنەوەی کوردی دوای کوشتنی هەمزاغا و گۆڕغەریبی شێخ عوبەیدوڵلا و لە دار دانی شێخانی شەمزین لە موکریان بزواند، لە نێو دڵی خەڵکی موکریان سمکۆ وەک سەردارێکی کورد ناوی تۆمارکرا:

**چوون سماییل بۆ هەوەڵێن قوربان**

**بۆیە قوربان کرا سماییل خان**

«هەژار - ئاڵە کۆک - شیعری عەقڵ و بەخت».

ئەزموونی ئەو هەموو زوڵم لێ کراوی و پیش خواردنەوە و هەست بە کەساسی و پامال کراوی کورد کە لە شەڕی جیهانی و دوای شەڕی جیهانی لە ناخی کوردانی موکریدا پەنگاوی خواردبووەوە لە کۆمەڵەی ژ - ک دا بەستێنی دڕی و هەلڕژا.

کاردانەوەیەکی دیکەی بچووکی شەڕی جیهانی سەرهەڵدانی تاقمێکە بە ناوی (کەڵبەش) کە لە لای لاجان پەیدا بوون، مەزهەبێکی تێکەڵە لەسەر ئەو گومان و بۆچوونانەی لەمەڕ ئەو تاقمە مەزهەبییە لە لایەن نووسەرانەوە دەربڕاوە، بیروبۆچوونی غەنی بلووریان لە وتووێژ لەگەڵ براییم فەڕشی لەو مەسەلەدا دەخەمە بەرچاو، ئەو دەڵێ هەندێک لەو ئەفسەرە موسڵمانانەی کە لەگەڵ سوپای رووس بوون لە ژێر کاریگەری بزاڤی بەلشەفیکی ولاتی خۆیان برێک بیروباوەڕی تازەیان بە کرچوکالی و تێکەڵ هێنا بۆ سابلاغ و دەوروبەر، هەندێک کەسی نەخوێندەوار پووک و ناپووک شتیان لەو ئەفسەرانە بە گوێدا درابوو، ئەو کەسانە زۆریان کتێبی مەسنەوی مەولانایان بەلاوە پیرۆز بووە، هەندێک شەرع و دابونەریتیان بە عەقڵی خۆیان داناوە لە سەر هەندێ کەسی نەخوێندەواری کاسبکار کاریگەری هەبووە، تا ڕادەیەک کە وردە وردە کەسانێک بەو نێووناتۆرە لە موسڵمانان جوێ بوونەتەوە، چونکە داهێنەری ئەو قسانە کابرایەک بووە کەڵی بەشی بووە پێیان گوتوون کەڵبەش، غەنی بلووریان چەند نێوان دەبا وەک هەمزە ئاشەوان، حەمە هەتیو و حەسەن بەلشەفیک، هەروەها دەڵێ چەند تایەفەیەکیش لە دەوری سابلاغ هەن بە بەلشەفیک نێودێر کراون، هەر لەوانەن ئەو پێی وایە دوای ڕووسەکان دەوڵەت زۆری لەوانە کوشتووە کە ئەو کارەساتە لە شاری سابلاغ بە ساڵی حەمە هەتیو نێو براوە (سەدەی

کارەسات – برایم فەرشی – بنکەی ژین – لاپەڕەی ١٣) هەڵبەت غەنی بلووریان ئەو بیرۆکە بە یەکێک لە شێخەکان دەلکێنێ کە من لەوەدا بەگومانم. بۆ ماوەی دەیان ساڵ لە کوردستان هەر کەس بیرێکی تازەی هێنابێ، یان پێیان گوتووە کەڵبەش، یان وەهابی، یان توودەیی. هەندێکیش پێیان وایە ڕەنگە مامە غەنی بۆچوونەکانی خۆی تێکەڵی لێکدانەوەی مێژوو کردبێ، ئەو بیرۆکە ئێستا تواوەتەوە مامۆستا هەژاریش دەیباتەوە سەر مەلا ڕەسووڵی ئەدیب کە خوا دەزانێت من لەویش بە گومانم.

## ناودارانێکی لەو شەڕەدا کوژراون، یان خەلات کراون

وەک دەگوترێ پتر لە دەهەزار کەس لە خەڵکی ناوچەی موکریان لەو شەڕەدا گیانیان لە دەست داوە لە بەر بێ ناوی و هەژاری ئەو کوژراوانە ناویان تۆمار نەکراوە، هەروەک کەوتووەتە سەر زمانان مەرگی هەژار بێ دەنگە، هەروەک بوونەکەی زۆری حیساب لە سەر ناکرێ، بەلام ئەو ناودارانەی کە کوژراون و ناویان تۆمار کراوە ئەوانیش دوو بەشن بەشێکیان بە دەستی تورکی عوسمانی کوژراون، بەشێکی دیکە کە بە دەستی ڕووسەکان کوژراون جا چ لە مەیدانی شەڕ چ بە گرتن و لە داردان.

## ئەوانەی بە دەستی تورکان لە دار دراون

١- حەمەخانی بانە ٢- سەیفەددین خانی سەقز ٣- سەرداری بۆکان. لە لاپەڕەکانی پێشوودا پایە و ڕەچەڵەکی هەر سێیانمان باس کردن، چوارەمین کەس لەو ناودارانە شێخ بابای بەرزنجەیی شێخی تەریقەتی قادری بووە لە دێیەک بە ناوی غەوساباد دانیشتووە، ئەوی ڕاست بێ گومان لە خوێندەواری و تەبابەت و شاعیری و بە ئەزموونی و هەڵسووڕانی ئەودا نییە، بەلام لە ناو خەڵکی موکریان و کۆمەڵی مەلا و شێخان بڕێک ناو و ناتۆرەی وەدوو خراوە، دیار نییە کامی ڕاستە و کامی درۆیە، ئەو ئیجازە نامە و شیعر و نووسینانەی لەو بلاو بووەتەوە، گومان لەسەر ئەوە نییە کە لە لایەن کاک ئەحمەدی سولەیمانی ئیجازەی وەرگرتووە، شێخێکی ئەدیب و دنیادیدە و شووریدە حاڵ و بە ئەزموون بووە. کتێبێک بە پتوونی لە لایەن بنەماڵەکەیانەوە نووسراوە، بڕیارە بلاو بێتەوە، عومەر ناجی بەگ بۆ خۆی لە کەڕیزەی گڵی نزیک دێی قارەوا کە ناوی هێنرا، دادگەیی کردووە، کاغەزی لێ وەدەرخستووە کوشتوویەتی، دەقی ئەو فتوایەش دەڵێن دەری کردووە دژی شەڕ و جیهاد، هێشتا بلاو نەبووەتەوە. هەروەک لە بەشەکانی بە ڕێدا هاتووە ئەو چەند پیاوە ناودارە لەگەڵ ڕووسەکان چاوپێکەوتنیان بووە، بەلام بێ گومان بایی ئەوە نەبووە بچنە بەرەی ڕووسەکان و موستەحەقی کوشتن بن، ئەو کارە ناحەزەی عوسمانییەکان لە نێو کوردی ئێران و خەڵکی موکریان نارەزایی زۆری هێناوەتە ئاراوە، بەلام بە ڕاشکاوی نەیانوێراوە دەریبڕن.

## ئەوانەی لە بەرەی عوسمانی دژ بە ڕووس کوژران

لە شاری بۆکان بەرەو میاندواو بە جادەی قیرەتاودا ئەگەر تێدەپەڕی لە پێنج کیلۆمەتری بۆکان لە گوندی ناچیت لە سەر جادە مەرقەدێکی سەوزپۆش دەبینرێ کە دەورەی بە پیرەدار و پنچک گەمارۆ دراوە، پێی دەڵێن شێخ گوڵ. ئەو شێخ گوڵە یەکێک لە شێخەکانی سندۆلان لە ناوچەی پشدەرە کە لەگەڵ لەشکری عوسمانی بۆ غەزا هاتووە لە شوێنێکی نزیک ئەو جێگایەی لێ نێژراوە کوژرا و ئێستا لەو شوێنەدا بووەتە زیارەتگاو خەڵک ڕووی تێ دەکەن.

گومبەزێکی دیکە لەم بەری چۆمی تەتەهو بەرانبەری شێخ گوڵ لە سەر تەپکێک دێتە بەرچاو لە پەنای گوندی حەمامیان کە یەکێک لە ئاغاواتی دێبوکری لێ نێژراوە، ئەویش لە دەشتێکی نزیک ئەو گردە بە گوللەی ڕووسەکان پێکراوە، خزمەکانی هێناویانەتە نێو ئەو گومبەزە ناشتوویانە کە ئێستا بە گولاویاغای شەهید دەناسرێ، قەبرستانی تایبەتی بنەماڵەی حاجیەلخانییە.

مەرقەدی حاجی شێخ گوڵ و گومبەزی گولاویاغای شەهید لەو بەر ئەو بەری چۆمی تەتەهو بە ڕەمزی یاریدەدەری کوردەکان بە برا تورکە موسوڵمانەکانیان دەناسرێ، هەروەها خوێن ڕشتن لە پێناوی هەستی ئیسلامەتی، بەلام داخوا ئەمان دەرحەقی برا کوردە موسڵمانەکەی خۆیان چۆنیان قەرەبوو کردووەتەوە.

کە باسی گولاویاغا کرا پێویستە بگوترێ دێبوکرییەکان وەک عەشیرەتێکی گەورەی موکریان چالاکانە لەو شەڕەدا بەشدارییان کردووە لە پێشدا باس کرا، کە حەسەناغای سەرا لە سۆفیان، بێ سەروشوێن چووە، هەروەها سێ کوڕی عەزیز ئاغای قارەمانی، واتە عەولاغا و برایماغا و

مەحموود ئاغا لەو شەڕانەی ناوچەی موکریان کوژراون، هەروەها لەو کوردە ناودارانەی بە دەستی ڕووسەکان کوژراون میرزا فەتاحی قازییە کە لە پیاوە هەرە ماقوولەکانی سابڵاغ و موکریانە، دەکرێ بڵێین لەو کاتەدا سەرۆکایەتی مەعنەوی خەڵکی سابڵاغی بە دەستەوە بووە. میرزا فەتاح لە کوشتارە بە کۆمەڵەکەی خەڵکی سابڵاغ لە کاتی بەرگری لە شاردا کوژراوە، قادری مەحموودزادە لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا بە حەماسەتەوە باسی میرزا فەتاح و دارودەستەکەی کردووە، کە تا کوژران شەڕی لەگەڵ ڕووسەکان کردووە، کوڕ و برازاکانی بە دیلی براون بۆ ڕووسیا (خاطرات دکتر ئاسۆ «قادر محمودزاده» - انتشارات هورر - ساڵی ١٣٧٤ - لاپەڕە ١٤ و ١٥).

### ئەو کەسانەی لە لایەن عوسمانییەوە فەرمانی ڕێز لێ گیراویان بۆ هاتووە

لە بیرەوەرییەکانی شێخ ڕەئوفی زیایدا هاتووە کە شێخ محەممەد عارف و مەلامحەممەد صادق (مەولانا) لە شەڕی میاندواودا ڕێزیان لێ گیراوە. شێخ محەممەد عارف پلەی (ازمیر پایەسی) پێ دراوە «یاداشتهایی از کردستان- لاپەڕەی ٤٢ و ٤٤» بەڵگەی ئەو ڕێز لێ گیراوییە لەبەر دەستی مندا نییە، بەڵام ئێستا ئەمن سێ فەرمانم لەبەر دەستدایە، کە لە فەرمانێکیاندا ناوی حاجیەلخانی سەرۆک دێبۆکرییەکان و عەلیاغای کوڕی حاجیەلخان و لە فەرمانێکی دیکە ناوی سەیدحەکیمی زەنبیل و حاجی بابە شێخی برای هاتووە. لە کاغەزێکی دیکەشدا سوپاسی مەحموود ئاغای کوڕی حاجیەلخانی کراوە کە پارەی بە مانگی سووری عوسمانی داوە بۆ چارەسەر کردنی بریندارەکان ئێستا بە کورتی ئەوانەی ناویان لەو فەرمانانەی بەر دەستی مندا هەیە بە خوێنەران دەناسێنم:

١- حاجیەلخانی: لە پاش قادرئاغای ئێندرقاش سەرۆکایەتی دێبۆکرییەکان کەوتە بەر دەستی ئەو و سێ کوڕی لێ هاتووی بووە لە شەڕی دژی ڕووس چالاکانە بەشدارییان کردووە، دوو ساڵ لە لای شێخ عەلی حیسامەددین کە مورشیدیان بووە بە میوانی ماونەتەوە، ماڵەکانیان وێڕای دەغڵ و دانیان تاڵان کراون، گوڵاویاغای شەهید برازای ئەو بووە.

٢- عەلیاغا کە لە فەرمانەکەدا بە عەلی پاشا نێودێر کراوە، کوڕی چکۆلەی حاجیەلخانی بووە، بەڵام لەبەر لێهاتوویی و هەڵسووڕاوی سەرۆکایەتی دێبۆکرییەکان لە سەردەمی ژیانی باوکی و دوای ئەو بەو گەیشتووە، بەسەرهاتی دووردرێژە، لە ساڵی ١٣٢٨ی هەتاوی ڕێکەوتی١٩٤٩ی زایینی کۆچی دوایی کردووە.

٣- مەحموود ئاغای حاجیەلخانی کوڕی گەورەی حاجیەلخانی و پیاوێکی زۆر ڕێز لێ گیراو بووە لە لای هەموو کەس، زۆر دەوڵەمەند و میواندار و بە تەرتیب بووە، دواتر کوڕ و برازاکانی لە ساڵی ١٩٤٥ شاری بۆکانیان کڕی، بەشی زۆری تەمەنی لە گوندی حەمامیان دانیشتووە، لە ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی کۆچی دوایی کردووە.

٤- سەید حەکیمی زەنبیل جێداری حاجی سەید عەبدولکەریم بووە خۆی و باوکی خەلیفەی شێخانی تەوێڵە بوون. خزمایەتیشیان لە نێواندا بووە، لە ساڵی ١٣١٣ی هەتاوی کۆچی دوایی کردووە. بنەماڵەکەیان بە بۆنەی شەڕی جیهانییەوە چەند ساڵ لە عیراق ئاوارە بوون.

٥- حاجی بابەشێخ برا چووکەی سەید حەکیم هەم پیاوێکی عالم بووە، هەم سیاسەتمدار و بە دەست و تفەنگ لەگەڵ عوسمانییەکان تا کۆتایی شەڕەکە ماوەتەوە، هەمان کەسە، پاشان لە مەهاباد بووە بە سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی کۆمار، لە زۆر نووسراوەدا باسی کراوە، لە ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی کۆچی دوایی کردووە.

# "پرۆفیسۆر، تۆ خەریکی نەتەوەکەم پارچە پارچە دەکەی"

سۆوفی هارداک
لەئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی
(زانکۆی جیهان - هەولێر)

جەعفەر شێخولئیسلامی، کوڕێکی گەنج، بۆ ماوەی چوار شەو ڕێگای نێوان ئێران بۆ تورکیای بڕی بۆ ئەوەی خۆ لە ئاگری شەڕی ئێران و عیراق ڕزگار بکات، پاشان جەعفەر ڤیزای کەنەدای وەدەست هێنا، بوو بە مامۆستای زانکۆ، دواجار خۆی بۆ کەڵکەڵەی گەورەی ژیانی تەرخان کرد: زمانی زگماکی، واتە کوردی، زمانی نەتەوەیەکی کەمینە کە لە تورکیا و ئێران و عیراق و سووریا قسەی پێ دەکرێت و لە زۆر هەوڵی فەرمیی سەرکوتکاری ڕزگاری بووە و بە زیندوویی ماوەتەوە. شێخولئیسلامی، کە هەنووکە پرۆفیسۆری (هاوکاری) بەشی زمانناسیی زانکۆی کارلێتۆنە، لە پشوودانی سەباتیکلە «یەک ساڵ پشوودان لە کاری زانکۆ بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە» بۆ ڕاپەڕاندنی تۆژینەوەی مەیدانی لە کوردستانی عیراق ناوچەیەکی خودموختار لە باکووری عیراق کە، لە سایەسەری پارەی نەوت و پشتیوانیی ئەمریکا، زمانەکەی خەریکە گەشە دەستێنێت، بەڵام تۆژینەوەکەی شێخولئیسلامی جارێکی تر ئەوی خستووەتەوە نێو ئاگری شەڕەوە، ئەم جارەیان شەڕی بیرۆکەکان.

لە نێو جەرگەی ئەم شەڕ و پێکدادانەدا، ئەو پرسیارەی سەری هەڵداوە: زمانی فەرمیی کوردستانی عیراق دەبێت چی بێت؟ کرمانجیی ناوەڕاست، یان وەک دەڵێن سۆرانی؟ یان هەم کرمانجیی ناوەڕاست، هەمیش کرمانجیی باکوور، کە هەروەها ناسراوە بە کرمانجی؟ بۆ کەسانی دەرەوەی ئەم پرسە، ئەمە لەوانەیە وەک کێشەیەکی بە ئاسانی بڕیار لەسەر دراوی خۆماڵی بێتە بەرچاو، بەڵام لە ناوچەیەکدا کە پێکدادانی عەشیرەیی و هەوڵی جوداییخوازانە لەتوکوت و پارچە پارچەی کردووە و لەو شوێنەی کە زمان ئەوەندەی کەرەستەی سەرکوتکاری بووە ئەوەندەش ئامێری پێوەندی گرتن



**جەعفەر شێخولئیسلامی**

بووه، دەشێت وەڵامی ئەم پرسیاره جیاوازیی نێوان کۆمەڵگایەکی لە حاڵی گەشەکردن و کۆمەڵگایەکی دژوازیی مەدەنی دەستنیشان بکات.

هەندێ پسپۆر لە حکومەتی هەرێم دەخوازن و هانی دەدەن سۆرانی بکات بە زمانی فەرمیی کوردستان. حکوومەتی هەرێم دەنگی پشتگیریی خۆی بۆ داوایەکی لەم چەشنە دەربڕیوه، بەڵام هەنووکە بە پارێزی زیاترەوە لەگەڵ پرسەکە هەڵسوکەوت دەکات، لە سۆنگەی ئەو ترسەی کە لە تووڕەبوونی ئاخێوەرانی کرمانجی هەستی پێ دەکات. بەرگریکارانی مافی زمانی مشتومڕی ئەوەیانە کە هەردوو زاراوە پێویستە ببن بە فەرمی، بەڵام ئەو کاتەی شێخولئیسلامی درەنگانی ساڵی پار ئەم تێڕوانینەی لە کۆنفرانسێکی شاری هەولێر هێنایە بەر باس، کوڕێکی گەنج لێی هەستایە سەر پێ و بەوە تۆمەتباری کرد خەریکە تۆوی ناڕەزامەندی و نەسازان دەوەشێنێت.

"کوڕەکە گوتی:'پرۆفیسۆر شێخولئیسلامی، تۆ خەریکی نەتەوەی کورد پارچە پارچە دەکەی؛ بۆ کاری وا دەکەی؟'' ئەو بە تەلەفۆن لە سۆرانەوە باسی ئەمە دەکات. سۆران، شارێکی کوردنشینی کوردستانی عیراقە، نیزیک سنووری ئەو وڵاتە لەگەڵ ئێران، ئەو شوێنەی شێخولئیسلامی بۆ ماوەی دەرفەتی لێکۆڵینەوەکەی لێی دەژی (وەک پرۆفیسۆری میوان لە زانکۆی سۆران). "وەڵامی منیش ئەمە بوو، 'باشە، من چۆن دەتوانم ئە کارە بکەم؟ من هیچ هێز و دەسەڵاتێکم نییە شتی ئاوا بکەم. من هاتووم پێت بڵێم پارچە پارچە بوون شتێکە پێشتر ڕووی داوە، کە واتە تۆ ئەگەر زیرەک و زانا بی، ڕێگای دروست هەڵدەبژێری و لێناگەڕێی نەتەوەکەت زیاتر لەوەی هەیە پارچە پارچە بێت.''"

زۆرینەی کوردانی کوردستانی عیراق، کە ژمارەیان لە نێوان چوار بۆ شەش ملیۆن کەسە، بە سۆرانی دەپەیڤن و بە ئەلفوبێیەکی سازگارکراوی عەرەبی پێشی دەنووسن. پارەی یارمەتیی گشتی، کە لە ڕێی داهاتی نەوتەوە دەستەبەر دەکرێت، ڕێگای دابین کردنی خەرجی بڵاو کردنەوەی کتێبی بە کرمانجی خواروو خۆش کردووه، جا چ فەرهەنگی زاراوەی پزیشکی بێت، چ وەرگێڕانی بەرهەمەکانی هێمینگوێی (Hemingway). سەرباری ئەمە، بە پێی ئامارێکی پرۆفیسۆر جێفری هەیگ (Geoffrey Haig)، مامۆستای زمانناسی لە زانکۆی بامبێرگی (Bamberg) ئەڵمانیا، نزیکەی یەک ملیۆن کوردی کوردستانی عیراق بە کرمانجیی باکوور، یان کرمانجی ژووروو، دەئاخفن. کرمانجی ژووروو هەروەتر بە درێژاییی سنووری تورکیاش قسەی پێ دەکرێت، سەرباری ئەو هەموو هەوڵەی کە حکوومەتی تورکیا بۆ سەرکوت کردنی ئەو زمانە خستییە گەڕ. بەڵام کوردان لە تورکیا ئەلفوبێی لاتینی بەکار دەهێنن، کە مانای ئەوەیە فەرهەنگی زاراوەی پزیشکی لەو دیوی سنوور چ کەڵکی ئەوتۆی بۆ ئەوان نابێت.

زۆر کەس بڕوایان وایە ڕێنووسێکی هەمەلایەنەی کوردی چارەسەری زۆربەی گرفتەکانە، بەڵام کام ڕێنووس؟ لایەنگرانی ئەلفوبێی لاتینی دەڵێن کە ئەلفوبێی لاتینی بە باشترین شێوە دەنگەکانی زمانی کوردی دەنوێنێت. نەیارانیان هەمان بۆچوونیان بۆ پیتی عەرەبی هەیە، کە هەڵگری گرنگییەکی زیادەشە وەک ڕێنووسی پیرۆزی قورئان.

محەمەد کەمال، وانەبێژی فەلسەفەی ڕۆژاوایی و ئیسلامی لە زانکۆی میلبۆرن (Melbourne)، یەک لەو چەندین پسپۆرانەیە کە دیاری کردنی کرمانجی خواروو وەک تاکە زمانی فەرمی بۆ کوردستان بە پەسند لە قەڵەم دەدات. ئەو لە ئیمەیلێکدا ئاوا دەنووسێت و دەڵێت: "من دەقی فەلسەفیی زۆر بە پێچەوپەنا لەسەر

ئەرستۆ، نیتشە، و هایدگەر بە کرمانجی خواروو دەنووسم. من تا ئێستا چاوم بە دەقی زانستی و فەلسەفی بە کرمانجی ژووروو نەکەوتووە."

کەمال باسی ئەوە دەکات کە زاراوەی کرمانجی خواروو لە ماوەی سەدە و نیوێکی ڕابوردوو لە کوردستانی باشووردا وەک زمانێکی فەرمیی ڕانەگەیەنراو کاری پێ کراوە، و فرە کەسی ڕۆشنبیری کورد بەم زاراوەیە قسە دەکەن.

کە واتە هەندێک ترس و دڵەڕاوکێ هەن لەوەی کە چارەسەریی دوو زمانی، واتە دان پێدانان (بە فەرمی بوونی) هەم بە کرمانجی ژووروو، هەمیش بە کرمانجی خواروو، دەشێت هیوای کوردان بۆ دروستکردنی دەوڵەت – نەتەوەی خۆیان کەم بکاتەوە و دواجاریش بفەوتێنێ.

"تا ئەو کاتەی ئێمە گرووپێکی نەتەوەیی دیاریکراوین بە ناوی نەتەوەی کورد، دەبێ خوودان زمانێکی ستانداردی یەکگرتووی هاوبەش بین،" ئەمە قسەی سوداد ڕەسووڵە، وەرگێڕێکی کوردی دانیشتووی بریتانیا، کە لە ئیمەڵێکدا نووسیویەتی. پاشان دەڵێت: "ئێمە باش دەزانین ئاکامی جووت ستاندارد بوون چییە، کە دواجار دەبێتە هۆی پارچە پارچە بوونی نەتەوەکەمان؛ بە دڵنیاییەوە ئەنجام دەبێتە دوو نەتەوەی جیاواز بە دوو زمانی جیاوازەوە."

کەمال و سوداد و پسپۆڕانی تر کرمانجی خواروو وەک زاراوەیەکی پێشکەوتوو، دەوڵەمەند، ئەدەبی و خاوەن پایە و پێگە وەسف و وێنا دەکەن.

هەندێک چالاکی بواری مافی زمانی بە توندی دژی ئەم گوتانە دەوەستنەوە. ناڕەزامەندی و دڵگرانیی خۆیان لە هەمبەر ئەم گوتانە دەردەبڕن. لە هەر حاڵدا، پێناسە کردنی زاراوەیەک، یان زمانێک بە پێشکەوتووتر، یان دەوڵەمەندتر لە زاراوە و زمانێکی دیکە شێوازێکی کۆنی سەرکوت کردنی شێوەزارە کەمینەکانە. لە زمانی ئاکسیتەن (Occitan)، کە لە باشووری فەرەنسە قسەی پێ دەکرێت، هەروەها چەند شوێنێکی ئەو دەوروبەرە، وشەی ڤێرگۆیا/ڤێرغۆیا (vergonha) داتاشرا بۆ ئاماژەدان بە ئەو سیاسەتانەی کە حکوومەتی ناوەندی ڕەچاوی دەکرد دژی بەکارهێنانی ئاکسیتەن، لە ڕێی ناوزڕاندنی ئەو زمانە بە سەرەتایی و دواکەوتوو، لە کاتێکدا زمانی فەرەنسیی پاریسی وەک زمانێکی پاڵاوتە و لە باری ڕۆشنبیرییەوە باڵاتر وەسف دەکرد.

مانای قامووسیی وشەی ڤێرگۆیا بریتییە لە "شوورەیی" (و "شەرم" و"سەرشۆڕی").

کوردان خۆیان لەگەڵ چەمکی شوورەیی نامۆ نین. ئەوان کە زۆرجار وەک نەتەوەی بێ دەوڵەت باسیان لێ کراوە، بۆ چەند سەدە ئاواتەخوازی پێکهێنانی وڵاتێکی ئاوەدان و ئازاد بوونە کە تێیدا زمان و کولتووریان خاوەنی ڕێز و بەها بن. ئەحمەدی خانی، شاعیری سەدەی حەڤدە و ناسراو بە شکسپیری کوردان، هۆشیاریی ئەوەی دا کە زمانێکی بێ دەسەڵاتی سەربەخۆ کە بیپارێزێ لە دراو و پووڵێکی بێ بایەخ دەچێت کە مۆری فەرمیی میریی پێوە نەبێت.

خاتوو ساندرین ئالێکسی (Sandrine Alexie)، کتێبدارێکی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس، کە شیعری مەم و زین، واتە بەسەرهاتی دوو ئەڤیندار نامورادی، وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی فەرەنسی، دەڵێت: "خانی باسی ئەوە دەکا ئەگەر زمانێک دەوڵەتی خۆی پشتی نەگرێ بۆ ئەوەی بە زمانێکی فەرمیی لە قەڵەم بدات، ئەوە دەبێتە زمانێک کە وەک تاوان چاوی لێ دەکرێ. خانی بە تێگەیشتن لەم خاڵە زۆر زۆر وەپێش سەردەمی خۆی کەوتبوو."

ئەوە ئاشکرایە، لە سەدەی بیستەمدا، بە کارهێنانی زمانی کوردی بوو بە تاوان. تورکیا، سووریا، ئێران هەوڵیان داوە پێکەوە زمانی کوردی بخەنە ژێر گوشارەوە. لە تورکیا تەنانەت وشەی "کورد" بۆ ماوەیەک یاساغ کرا. ئیمرۆکە یاسای قەدەغە کردنەکە هەڵوەشاوەتەوە. بەو حاڵەشەوە،هێشتاش بە پێی مادەی ٢٢٢-ی یاسای سزادانی تورکی ئەوەی یاسای بە کارهێنانی ئەلفوبێی تورکی پێ شێل بکات حوکمی زیندانی دوو تا شەش مانگی بۆ دەبڕدرێتەوە. ئەم ماددەیە بە کارهێنانی پیتگەلی "x"، "w"، و "q" بە نایاسایی دەهێنێتە ئەژمار: ئەم پیتانە لە ئەلفوبێی تورکیدا نین، بەڵام پیتگەلی گۆرین لە ئەلفوبێی کوردیدا بەدی دەکرێن، وەک: نەورۆز (newroz)، (یەکەم ڕۆژی) ساڵی نوێی کوردی. گوشار لەسەر تورکیا بە مەبەستی گۆڕینی ئەم یاسایە لە پەرەسەندندایە.

ئەو کاتەی ئالێکسی بۆ شاری دیاربەکر، هەڵکەوتوو لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، سەفەری کرد، بە چاوی خۆی بینی کە ترس و دڵەڕاوکەی زۆری (ئەحمەدی) خانی بۆ زمانی بەبێ دەوڵەت وەڕاست گەڕابوو. کوردانی



د. محەمەد کەمال

گەنج گوێیان بۆ پرسیارەکانی ئەو، کە بە کرمانجییەکی ژووروی ڕوون و ڕەوان دەیکردن، شل کردبوو، بەڵام بە تورکی وەڵامیان دەدایەوە. ئالێکسی دەڵێت: "ئەوان بە منیان گوت، تۆ ڕێک وەک باوە گەورەمان لە گوندەکان قسە دەکەی."

لەلایەکی دیکەوە، لەکوردستانی عیراق، زمانی کوردی لە بواری چاپەمەنی، ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆندا لە حاڵی گەشەسەندندایە. هەرێمی کوردستان، کە وەبەرهێنەرانی بیانی وەک "عیراقێکی دیکە" بە بەژن و باڵایدا هەڵدەڵێن، لە زۆر لایەنەوە وەک هاوپەیمانێکی جێی متمانە و ڕووەوگەشەکردن قەناعەتی بە ئەمریکا هێناوە. حکوومەتی هەرێم بە شێوەیەکی بەرچاو لە بواری ناردنی خوێندکار بۆ دەرەوەی وڵات و هەروەتر زانکۆکانی ناوخۆ بودجەی وەگەڕ خستووە و پسپۆرانی ڕۆژاوایی، هەروەها پسپۆرانی کوردی تاراوگەی بۆ لای خۆی پەلکێش کردووە. هەندێک لەسەر ئەو باوەڕەن کە حکوومەتی کوردی دواجار پێوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا کۆتایی پێ دەهێنێت و سەربەخۆیی ڕادەگەیەنێت. ئەمە هەڵبەت بەو مانایەیە کە جەماوەری سی ملیۆن کەسیی کوردی ناوچەکە بە ئومێدەوە دەڕواننە کوردستان، لە کاتێکدا خەون بە ئەو شوێنەوە دەبینن کە تێیدا زمانی کوردی - بە هەر واتایەکی بێت - دواجار دەشێت ببێتە زمانی فەرمی.

جۆیس بلو (Joyce Blau)، سەرۆک ژمێریاری ئینیستیتۆی کورد و پرۆفیسۆری زمانی کوردی لە زانکۆی پاریس، دەڵێت: "ناسیونالیزمی کوردی لە ساڵی ١٩٨٠ـەوە بۆ ئیمڕۆ بە شێوەیەکی بەرفراوان تەشەنەی سەندووە. کوردستانی عیراق وەک ئەستێرەیەک لە ئاسماندا دەدرەوشێتەوە. هەموو کەس چاوی لەم ئەستێرەیە بڕیوە و پێی وایە ئەگەر ئەوان (کوردانی عیراق) بە چوار، پێنج ملیۆن جەماوەر توانییان ئاوا بکەن، کە واتە، لە تورکیا ئێمە بیست ملیۆن کەسین و دەتوانین باشتریش ئەم کارە ڕاپەڕێنین."

هەمان بارودۆخ بۆ کوردانی ئێران، تەنانەت سووریاش لە ئارادایە، کە تێیدا ئەوان کێشەی گەورەتریان لەسەر ڕێیە بۆ ئەوەی هەرێمێک بۆخۆیان دەستەبەر بکەن. هەندێک کەس هەست بە شانس و بەختی یەکگرتوویی کورد دەکەن. ئەمە بووەتە هۆکارێک بۆ گوشار خستنە سەر کوردستانی عیراق بۆ هەڵکردن لەگەڵ سیاسەت و هەڵوێستێکی زمانی کە نە ئاخێوەرانی کرمانجی ژووروو لە خۆ بتارێنێت و نە جیاوازییەکانی نێو جڤاتی کوردی زۆر و زەوەند بکات.

ئەحمەد فەرهادی، زمانناسێک کە لە عیراقی ژێر دەسەڵاتی سەدام حوسێن هەڵات و هەنووکە پرۆفیسۆری تۆژینەوەی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی نیۆیۆرک، هەروەتر ئیجازەی لێکۆڵینەوەیی وەرگرتووە و لە هەولێر خەریکی تۆژینەوەی مەیدانییە. ئەو چەند زاراوەیەکی دۆزیوەتەوە کە فۆنۆلۆژیی (دەنگناسی) کرمانجی خواروو (سۆرانی) تێکەڵ بە سینتاکسی (نەحو) کرمانجی ژووروو دەکەن و دەکرێت وەک تەوافوق و پێکهاتنێکی هێزەکی لێی بڕوانرێت. ئەو دەڵێت، گرفتەکە لە ئەوەدایە کە زمانی کوردی زۆر ئاوێتەی سیاسەتە و بە سیاسەتەوە بەستراوەتەوە. دوو حزبی باڵادەستی کوردستانی عیراق، واتە پارتی دیموکراتی کوردستان (پدک) و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (ینک)، لە دەیەی ١٩٩٠دا ئاگری شەڕێکی نێوخۆیان داگیرساند. وشە ئاساییەکان بە پێی نەریتی هەر لایەن دابەش کران. بە کارهێنانی وشەی "ئافرەت" تایبەتە بە پدک، لە کاتێکدا ینک وشەی "ژن" بە کار دەبات. ئیمڕۆکە ئەم دوو حزبە پێکەوە دەسەڵات بەڕێوە دەبەن. ئەم هاوپشکییە لە دەسەڵاتدا بووەتە هۆی هێنانە ئارای

هەوڵێک بۆ جۆرە یەکگرتووییەکی زمانناسانە کە فەرهادی تووشی سەرسوڕمان دەکات: هەر کاتێک ڕێبەرانی سیاسی ئاماژە بە ڕەگەزی مێ دەکەن، دەڵێن "ئافرەت و ژن" بۆ نیشاندانی ئەوەی ئەوان سنووری دابەشکارییەکانی ڕابردوویان بەزاندووە.

فەرهادی دەڵێت: "خەڵک پێکەنینیان بەم حاڵەتە دێت." ئەو ئەم قسانە بەراورد دەکات بە گوتنی شتی لەم چەشنە: "من دەمەوێ لەسەر مۆبل و قەنەفە دابنیشم." یان "من دەمەوێ وانە بە قوتابی و خوێندکار بڵێمەوە."

گرێوگۆڵ و پێچوپەنای سیاسیی لەم جۆرە تامەزرۆیی گەیشتن بە تاکە یەک زمان وەک هێمایەکی ساکار و پوخت و پاراوی یەکگرتویی نەتەوەیی زیاد دەکات. لە ماوەی توێژینەوەیەکی مەیدانیی بەرایی خۆیدا، شێخولئیسلامیی زانکۆی کارلتۆن وتوویژی لەگەڵ زیاتر لە ٢٠ خوێندکار و مامۆستای زانکۆ و شۆفێر لە سۆران ساز کرد. زۆربەیان گوتیان یەک نەتەوە دەبێت یەک زمانی هەبێت؛ دوو زمان واتای پارچە پارچە بوون دەگەیەنێت. کە پرسیاریان لێ کرا کام زمان ببێتە زمانی نەتەوە، وەڵامی تژی لە غرووریان ئەمە بوو: هەڵبەت زمانی کوردی! بەڵام کە بە پێداگرییەوە داوایان لێ کرا بڵێن کام زاراوەی زمانی کوردی، کرمانجی خواروو (سۆرانی)، یان کرمانجی ژووروو، گوتیان نازانن – هەر چەند بە دڵنیاییەوە هەر دەبێ یەک لەو دووە بێت.

ئەم تێڕوانینە ئاوا نییە تەنیا لە نێو کورداندا بووبێت. ئابێ هنری گرێگووار (Abbe Henri Gregoire) پیاوێکی ئایینی پەروەری فەڕەنسای پاش شۆڕش، ساڵی ١٧٩٤ ئاوا سکاڵا لە دۆخەکە دەکات و دەڵێت کە وڵاتی ئەو بورجێکی بابیلە کە تەنیا کەمینەیەک تێیدا بە فەڕەنسی، "زمانی ئازادی"، قسان دەکات. بە ڕای گرێگووار، داهێنانی ناسنامەیەکی زمانناسانەی تاک بەشێک بوو لە چێ کردنی کۆمارێک کە قابیلی پارچە پارچە کردن نەبێت. لەو سەروبەندەدا، لە سەرتاسەری ئەورووپا بناغە دانەران و چێکەرانی نەتەوە کەڵکیان لە بۆچوونی ئەو وەردەگرت.

سەیرەکە لە ئەوەدایە کە لەو کاتەوە زۆربەی حکوومەتە ئەورووپییەکان شلیان گرتووە. بریتانیا پارەی چاپی کتێبی شیعری بە زمانی وێلش دەدا؛ فنلاند هی ڕادیۆ بە زمانی سامی «خەڵکانی خۆجێیی ئەو وڵاتە کە لە نۆرویژیش دەژین»؛ تەنانەت فەڕەنسە یارمەتی دارایی دەداتە خوێندنگا بە زمانی ئاکسیتەن. دیموکراسییە کەم تەمەنەکان حەزیان لە دیاری کردنی چەند زمانی فەرمییە. ئەفریقای باشوور ١١ی هەیە. شێخولئیسلامی ئاماژە بەوە دەکات کە سیاسییە کۆنەکانی ئەورووپا لە سەردەمێکدا گەشەیان سەند کە دەنگی کەمینە زۆر ئاسانتر کڕ و کپ دەکرا.

شێخولئیسلامی دەڵێت: "ئەو سەردەم شتی لە چەشنی جاڕی مافی مرۆڤ و مافی زمانیی لە گۆڕێدا نەبووە. ئەو کات هۆشیاریی نەتەوەیی لە ئارادا نەبووە. ئەو سەروبەندە تەکنۆلۆژیای پێوەندی ئاوا بوونی نەبووە کە ئێستا دەتوانێ لە ئانوساتێکدا هەزاران واژۆ بۆ داواکارییەک لەسەر مافی زمان کۆ بکاتەوە."

ئەمیر حەسەنپوور، کە وەک پرۆفیسۆری هاوکار لە بەشی شارستانییەتی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستی سەر بە زانکۆی تۆرۆنتۆ خانەنشین بووە، باسی ئەوە دەکات کە خەڵک لە نەریت و خووخدەی ئاخافتن و قسە کردنیاندا زۆر نەرمونیانتر و سازگارتر لەوەن کە زۆربەی ناسیونالیستەکان پێیان وایە. لە دیاسپۆرای سەدەی بیستەمیدا، کە تێیدا کوردانی تاراوگەنشینی سەر بە گرووپگەلی زاراوەیی جۆراوجۆر تێکەڵاون و پێکەوە بۆ ئامانجی هاوبەش تێدەکۆشن، ئاخێوەرانی کرمانجی خواروو (سۆرانی) و کرمانجی ژووروو فێربوون کە لە زاراوەی یەکتر تێبگەن. خوێندکارانی کوردی دانیشتووی ئەورووپا تەنانەت ناوی زاراوەکانیان لێک داوە و وشەی "سۆرمانجی"یان لێ پێک هێناوە. پێشنیاری حەسەنپوور ئەوەیە کە دەکرێت هەر دوو زاراوە لەسەر پاسپۆرت و دەستەچەکی بانک بە کار بێت، وەک ئەو تەوافوق و سازانەی ئینگلیزی و فەڕەنسییەکان لە وڵاتی شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەو (کەنەدا) لە سەری ڕێک کەوتوون. ئەو وەک پرسی مافی زمانی لەم مەسەلەیە دەڕوانێت.

حەسەنپوور دەڵێت: "ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێ دەبێ تەنێ یەک نەتەوە، یەک زمان، یەک زاراوە، یەک ئەلفوبێ بوونی هەبێت بیرۆکەیەکە کە زۆربەی ناسیونالیستەکان هەڵگری هەن، بەڵام ئەوە دۆخی ئەو دنیایە نییە ئێمەی تێدا دەژین."

حەسەنپوور، کە بۆ خۆی ئاخێوەرێکی کرمانجی خواروو (سۆرانی) زمانە، دەڵێت، باس و بیرۆکەی ئەو پەتیخوازانی (سۆرانی)ی زۆر تووڕە کردووە، بە شێوەیەک کە چیتر بۆ باسوخواسان لێی ناگێڕنەوە. ئەو

ساڵی ٢٠٠٩ نەیتوانی لە کۆنفرانسێکی شاری هەولێر ئامادە بێت، هەر بۆیە نامەیەکی بۆ کۆنفرانسەکە نارد و تێیدا ئەوەی ڕوون کردەوە کە پێویستە هەر دوو زاراوەکە وەک زمانی فەرمی بە کار بێن و بەشداربووان پاشتر بە ئەویان گوت کە ڕێکخەرانی کۆنفرانسەکە نامەیەکیان بە ناوی ئەو خوێندەوە کە دژ بەو بۆچوونانە بوو. (ڕێکخەرانی کۆنفرانسەکە وەڵامی داواکارییەکانیان بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم بابەتە نەدایەوە).

ئاشکرا کردنی بۆچوون و هەڵوێستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بابەتەکە، تەنانەت ئەستەمتر دێتە بەر چاو. ساڵی ٢٠١١، ڕۆژنامەیەکی ئینگلیزی زمانی هەولێر، Kurdish Globe، قسەیەکی سەرۆک مەسعوود بارزانی گێڕایەوە کە تێیدا زمانناسانی دنە دەدا یارمەتیدەری گەشەسەندنی زمانێکی یەکگرتووی تاک بن. لە زمان ئەوەوە باس لە ئەوە کرا کە خەڵک دەتوانن زاراوەی ئاخافتنی خۆیان بپارێزن، بەڵام پێویستە بە یەک زمانی ستاندارد بنووسن و بخوێننەوە.

بەڵام، هەندێک پسپۆڕ دەڵێن، حکوومەت ئێستا بە گشتی خۆ لە بابەتەکە دەبوێرێت، لە سۆنگەی ئەوەی دەترسێت لایەنەکەی تر لە خۆ بتارێنێت. وتەبێژێکی وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێم لەوە دۆش دامابوو ئاماژە بە کەسێک بکات کە لەم بارەیەوە ڕای خۆی دەربڕێت.

ئەم ناڕەزامەندی و نەسازانە تاڵە دیلان ڕۆشەنی سەرسوڕماو ناکات، ئەو ئەندازیارە کوردەی کە لە تافی لاویدا ڕووی کردە وڵاتی سوید و لە خوێندنگە سوێدییەکەی خۆی چەند وانەیەکی زیادەشی بە زمانی کوردی خوێند.

دیلان دەڵێت: "بابەتی زمان یەک لە هەستیارترین بابەتەکانی کۆمەڵگای کوردییە." ئەو وەک کەسێک کە لە پشتگیریی حکوومەتی سوید بۆ زمانە کەمینەکان کەڵکی وەرگرتووە، خۆی بە قەرزاری ئەو دەرفەتانە دەزانێت کە هەرێمی کوردستان بۆی ڕەخساندووە و تامەزرۆی گەڕانەوەیە. ڕێگاچارەی تەکنۆلۆژیا- تەوەری دیلان بریتییە لە ئەلفوبێیەکی یەکدەست و یەکانگیر بە ناوی "ئەلفوبێی یەکگرتوو". ئەو پێی وایە زاراوە جۆراوجۆرەکان گرفت نینە تا ئەو کاتەی هەموو کەس ڕێنووسێکی یەکسان و هاوشێوە بە کار بهێنێت.

ڕۆشەنی، کە هەنووکە بریکاری سەرۆکی زانکۆی کۆیە لە کاروباری زانستیدایە، بیر لە ئەوە دەکاتەوە کە ڕێنووسی "یەکگرتوو" شانبەشانی ڕێنووسەکانی تر بە وانە بگوترێتەوە. ئەو دەڵێت، هەندێ لە کوردانی تاراوگەنشین لە نۆرویژ و سوید پێشتر ئەم ڕێنووسەیان بە منداڵانی خۆیان بەوانە گوتووەتەوە و ئێستاش دەیڵێنەوە. ئەوەی ئایا دەشێت ئەلفوبێیەکی لەم چەشنە لەبەردەم دابەشکاری و پارچە پارچە بوونە سیاسییەکانی نێو وڵات گەشە بستێنێت، یان نا بابەتێکە و دەشێت چاوەڕێ بین و بزانین لە داهاتوودا چۆن دەبێت.

لە هەمان کاتدا، ئەو کوردانەی خەون بە تاکە یەک زمانی فەرمییەوە دەبینن دەتوانن دڵی خۆیان بەو ڕاستییە بدەنەوە کە ئەوان لەم کێشەیەدا بە تەنیا نین. ساڵی پار سیاسەتوانێکی دوور لە چیاکانی کوردستان بە وڵاتەکەی خۆی گوت: "زمانێکی هاوبەش بەهێزترین سەرچاوەیە بۆ یەکخستنی توانایی هەر نەتەوەیەک. بە درێژایی مێژوو، زمانە هاوبەشەکان کولتوورگەلی یەکانگیر و یەکدەستیان بەرهەم هانیوە و پێشیان بە پارچە پارچە بوون و دابەشکاری گرتووە."

بێژەری ئەم گوتانە نوێنەری ویلایەتی ئایۆوا، ستیڤ کینگ (Steve King)، بوو، ئەو کەسەی پشتگیریی لە ماددەیەک کرد کە تێیدا زمانی ئینگلیزیی دەکرد بە زمانی فەرمیی وڵاتێک کە خودان یەک زمانی فەرمی نەبوو، واتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

**ئاماژە:**

سۆوفی هارداک ڕۆژنامەنووسێکی سەربەخۆ و ڕۆماننووسە. دووەم ڕۆمانی، "دەربارەی ئەڤین و جەنگەکانی دیکە"، بەم زووانە لە لایەن ناوەندی سیمۆن و شۆستێر دێتە وەشاندن.

**تێبینی: سوپاس بۆ د. دیلان ڕۆشەنی کە ئەم وتارەی بۆ ناردم و هانی دام وەریبگێڕم. سوپاس بۆ د. جەعفەر شێخولئیسلامی کە ئەرکی پێداچوونەوەی دەقی وەرگێڕانەکەی وەستۆ گرت.**

**ع. یەعقووبی**

**سەرچاوە:**

**Hardach, Sophie. The Chronicle of Higher Education. Pp 6-12.**

# پیشانگای فۆتۆگرافی وەرزی پاییز: فۆتۆگرافەرانی گەنج.. هەندێکیانی دڵخۆش کرد .. هەندێکیشی ڕەنجاند

**فارس سەعدی**

کۆمەڵەی وێنەگرانی کوردستان- دەستەی باڵا پیشانگای ساڵانەی فۆتۆگرافی لەسەر ئاستی هەرێم لە گەلەریی شانەدەر لە ١٢-١٤/١/٢٠١٤ لە ژێر دروشمی (وەرزی پاییز.. بە بۆنەی بوونی هەولێر بە پایتەختی گەشتیاری وڵاتانی عەرەبی بۆ ساڵی ٢٠١٤) کردەوە، تێیدا (٣٢) فۆتۆگرافەر لە هەر سێ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەشدارییان تێدا کردبوو، بە بەشدار نەبوونی وێنەگرانی پارێزگای کەرکووک و گەرمیان! بە (٦٢) وێنەی قەبارە (٥٠× ٧٥)سم بە ڕەنگاوڕەنگیی و بەشێوازی جیاواز گوزارشتیان لە وەرزی پاییز دەکرد، واتە هەر فۆتۆگرافەرێک بەشێوازێک و تەکنیکێک دەربڕینێکی هەبوو.

لەگەڵ ئەوەی دوو ڕۆژی دوایی پیشانگاکە کەشوهەوا باراناوی بوو، بەڵام گەرموگوڕی لەنێو هۆڵی پیشانگاکە دیار بوو، خەڵکانێکی زۆر ڕوویان تێ دەکرد و لە شوێنی جیاجیاوە، تەنانەت کەسانی بیانیش بۆی دەهاتن، کە ئەمەم لە هۆڵی، ڕاستتر لە گەلەریی میدیا تێبینی نەدەکرد و بەدی نەکرد، بەڵام تووڕەیی و نیگەرانیی لەنێوچەوانی هەندێ لە فۆتۆگرافەرە گەنجەکانم دەخوێندەوە، لە هەمان کاتدا لە بەشێکی تری پیشانگاکەدا دەمدیت چەند فۆتۆگرافەرێکی نەوەی نوێ و کۆن لە گفتوگۆیەکی زۆر گەرموگوڕدا بەردەوامن، بابەتی نوێ و تەکنیکی نوێ لەنێو پیشانگاکەدا جێی تێبینی و سەرنجدان و پرسیار و لێکۆڵینەوە بوون.

بۆچوونە بنجوبناوانی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی ئەم پیشانگایەو گۆڕانکاری لەگەڵ پیشانگا فۆتۆییەکانی دیکەدا، گەڕامەوە سەرەتای بیرۆکەی ئەنجامدانی ئەم پێشانگایە، بۆچی وەرزی پاییز؟ دەستەی باڵای کۆمەڵەی وێنەگرانی کوردستان لە ساڵی ڕابردوودا خۆی ئامادە کردبوو بۆ گەشتی کوێستان بە هەماهەنگی لەگەڵ



بەڕێوەبەرایەتی ڕاگـەیاندنی هەولێـر، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێکی ڕۆتینی ئیداری و دارایی کارەکە لە کـاتی خـۆیدا نەکـرا، بۆیە لە جـیـاتی ئەوە کـۆمـەڵەی وێنەگـران گـەشـتـێکی بۆ وێنەگـرانی کـوردسـتـان بۆ چەند ناوچەیەک لە وەرزی پاییـزی ٢٠١٣ ڕەخسـاند کـە هەریەکەو بەپێی توانایی خـۆی تاقی بکاتەوە و وێنە بگرێت، بەڵام گـەشـتەکـەیان زۆر سـەرکـەوتوو نەبوو، لەبەر کەشوهەوا، بۆیە بانگەشە بۆ ئەوە کرا دەرفەت بە هەمـوو فۆتۆگـرافەرێک بدرێ چ ئەوانەی ئەندامی کـۆمـەڵەی وێنەگـرانن، یان ئەندام نین، ئارەزوومەندن، یان پرۆفیشناڵن، بۆ ئەوەی تواناییەکانی خۆیان لەو کێبڕکێیەدا بدۆزنەوە، لە هەمان کاتدا ئاڵوگۆڕی شارەزایی و تاقی کردنەوەکانیان بکەن، بەڵام بە هەڵە تێگەیشتنێک لەنێو وێنەگرانی لقی کۆمەڵەی وێنەگرانی کوردستان لە سلێمانی هەبوو، گوایە تەنیا ئەو وێنانە بێنن بۆ پیشانگاکە کە لە گەشتەکەدا گرتوویانە، کە ئەمەش لە بانگەشەکەدا وانەبوو! بۆیە زۆر کەسی کە لێ بێ بەش بوون.

بۆچی (وەرزی پاییز)؟ بۆچی دیمەنی سروشتی پاییز نەبێت؟ دیارە ئەمەش گۆڕانکارییەکی دیکەیە لە بواری فۆتۆگرافیدا، پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا دەکرێ لە خزمەتی دەربڕینی بیروبۆچوونی هونەرمەندی فۆتۆگرافیدا بێت، هەروەک چۆن شاعیران بە وشەو بەدەیان شێواز لەسەر پاییز و گەڵاڕێزانیان نووسیوە، دیارە فۆتۆگرافەرانیش هەوڵی خۆیان داوە دەربڕینی خۆیان بەزمانی فۆتۆ هەبێت. دەرکەوت کەوا (٢٧٤) وێنە بە (CD) گەیشتۆتە دەست کۆمەڵە، لە دوارۆژی دیاری کراو بۆ وەرگرتنی وێنەکان بۆ پیشانگای (وەرزی پاییز) کە بەرهەمی (٥٨) وێنەگر بوونە لە بانگەشەکەدا هاتبوو، هەر وێنەگرێک بۆی هەبوو بە (١-٥) وێنە بەشداری لەپیشانگاکەدا بکات و لیژنەکانی (فەرز) و (هەڵسەنگاندن)، واتە (جۆری) بڕیاریان کۆتاییە و کەس ناتوانێ تانەی لێ بدات. لیژنەی فەرز پێکهاتبوو لە وێنەگرە پرۆفیشناڵە بە ئەزموونەکانی سەدەی ڕابردوو کە لە (٥) کەس پێکهاتبوون (محەمەد عەزیز جاف، قادر میدیا، نووری زانکۆ، مستەفا جان، محەمەد ئۆسکار)، بەڵام لیژنەی هەڵسەنگاندن هەندێ گۆڕانکاری تێدا کرا، کە پێکهاتبوون لەم وێنەگرانە (قادر میدیا، عیماد پاشا، محەمەد ئۆسکار، محەمەد عەزیز جاف، سەردار خضر)، واتە دوو گەنجیشیان لەنێو لیژنەکە دانا، هەرچەندە کەسانێک لەنێو ئیدارەی کۆمەڵە پێی نیگەران بوون! بەڵام بووە مایەی سەرخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنی سێ وێنەی نایاب، کە لەنیوەڕۆی یەکەم ڕۆژی کردنەوەی پیشانگاکە و دوای چۆڵ بوونی هۆڵەکە خەڵک بە دەنگدان وێنەی فۆتۆگرافەران (بەکر بێتواتەیی، محەمەد حەسەن حەمەد، جومعە ساڵەیی) بە سێ وێنەی سەرکەوتووی پیشانگاکە دەستنیشان کران، کۆمەڵەش لە ئاهەنگی دابەشکردنی بڕوانامەکانی بەشداربووانی پیشانگە خەڵاتی ڕێزلێنان و ماددییان پێ دەبەخشن.

دەربڕین لە فۆتۆکاندا، دوای گەڕان بەنێو جیهانی وەرزی پاییزدا، زۆربەی وێنەکان دەگەڕانەوە بۆ وێنەگرە گەنجەکان، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە دوای ڕاپەڕین دەستیان بە وێنەگرتن کردبوو، واتە سوودیان لە تەکنیکی دیجیتاڵی وەرگرتبوو، هەروەها لە ئینتەرنێت و لە فەیس بووک بەهرەمەند ببوون. بە بەراورد لەگەڵ پیشانگا ساڵانەکانی دیکەی کۆمەڵەی وێنەگرانی کوردستان، وێنەگرانی ئەنەلۆگ، واتە کلاسیک لە پاشەکشێدا بوون و وەک بڵێی گۆڕەپانەکە جێ دەهێڵن بۆ نەوەی دیجیتاڵی و ڕاپەڕین!

تەکنیکی نوێ چی بوو؟ ئەمەم لەوەدا بەدی کرد بەکارهێنانی خێرایی کەمیی شەتەر بۆ گرتەی دیمەنی ئاوی ڕۆیشتوو لە دیمەنە سروشتییەکان، ئاوەکە وەک هەور بەدی دەکرا؛ بۆ ئەوەی زاڵ بوون بۆ گەڵا هەڵوەریوەکان، یان ئەوانەی بە درەختەکانەوە ماونەتەوە بەو هەموو ڕەنگە جوانانەی پاییزەوە، وەک پارچە، یان کۆپلە موزیکێک هەستی وەبەر بینەر دەدا. دوور بە دووری لە پشت لیژنەی هەڵسەنگاندنەوە دەڕۆیشتم، چونکە لیژنەکە ئازاد بوون چ وێنەیەک هەڵدەبژێرن،



بیستم یەکێکیان دەیگوت ئەم وێنەیە بە فۆتۆشۆپ دەستکاری کراوە!!! جێی داخە کە وێنەگرێکی بە ئەزموونی پرۆفیشناڵ وا بڵێ (بەڵام زەمەنەکەی بەسەرچووە و خۆی نوێ نەکردۆتەوە)، دوایی ئەندامێکی لیژنەکە گەنج بوو هەڵی دایێ و گوتی نەخێر ئەمە فۆتۆشۆپ نییە، لەبەر ئەمە و ئەوە و تێی گەیاند!! بەو دیمەنە ئەو قسەیەی هونەرمەندی پایەبەرز مامۆستا مەزهەری خالقی کە لە رۆژنامەیەکدا وتەیەکیم خوێندەوە دەڵێ: من هەتا ئێرە گۆرانیم وتووە، ئیتر بەسە گۆڕەپانەکە بۆ گەنجان بەجێ دەهێڵم و چیتر گۆرانی ناڵێم.

قسەیەکی زۆر جوانی فەرموو مرۆڤ کە گەیشتە لووتکە دەبێ رێز لە خۆی بگرێ، گاڵتە بەخۆی نەکات کە هەندێ شت لە توانایی نەما بیکات و ببێتە گاڵتەجار!

بەهەرحاڵ وەرزی پاییز... لەگەڵ ئەو کەموکورییانەی زۆر جیاوازی هەبوو لەگەڵ گشت ئەو پیشانگایانەی رابردوودا، ئەمەیان لە هەموویان سەرکەوتووتر بوو، توانایی و دەربڕینی زیاتری پێوە دیار بوو، بەهرەی نوێ هاتبوونە ناو گۆڕەپانەکەوە. لە دەربڕینە جوانەکان، یەکێک بە گەڵایەک کە بەفری لەسەر کەوتبوو بەکلۆز ئاپ گرتبووی، واتە زاڵ بوون بۆ گەڵای پاییزی بوو، بەمە دەربڕینی خۆی ئەنجام دابوو، بەمەش خەڵاتی بەدەست هێنا.

گرتەیەکی دیکە کە لەسەر چیای کۆڕەک گیرابوو لە کاتی دەمەو خۆرئاوابوون بەفر هەر مابوو، تەڕاشێکی گرتبوو، دەوروبەری تەڕاشەکە پووشی لێ مابوو، کە سیس ببوون و دارەکانیش رووتابوونەوە، واتە گەڵاکان هەڵوەریبوون، وای لە پاییز کردبوو بە گرتەیەکی رۆمانسی رەنگی گەرم و هارمۆنی، سپێتی بەفر و رووتانەوە و درەختەکان بە زمانی فۆتۆ کە بووە مایەی بە دەستهێنانی خەڵات. گرتەیەکی دیکە ئەگەرچی خەڵاتی بەدەست نەهێنا، بەڵام جێی سەرنجدان بوو کە لە دۆڵی باڵەییان گیرابوو، لە یەکەم چرکەساتی خۆرهەڵاتن گیرابوو، گرتەکە پڕاوپڕە لە رەنگی جیاواز و تەواوکەری یەکدی و لە دارشتنێکی هاوسەنگدا کە وێنەگری گەنج ئاسۆ کەریم گرتبووی، ئا ئەو دیمەنەی کە خالید مام قادری بۆ باخچەی میکائیلی گرتبووی لە بینینی تێر نابیت، یان دیمەنی سروشتی باتیفەی فۆتۆگرافەر ئەحمەد ئەدنی کە لە تابلۆیەکی شێوەکاری دەچێت لە قوتابخانەی ئەمپریشنیستەکان (انطباعیة) هەور و سێبەر لەسەر شاخەکان و درەختەکان بە رەنگی پاییزی جۆراوجۆری تێرە و ئاوازێکی پڕ خرۆش دەدەنە بینەر.

یان گرتەیەکی رێڕەوێک لەنێو باخچەیەکی زێوەی وەرتێی فۆتۆگرافەر سەعید ئەسعەد عەلی هێندە جوانە، جوانی و پاکی کوردستانمان نیشان دەدات کە نابێ بەبێ رێزی بەسەریا رابوورین و ڕەت نەبین، ئەمە هەمان ئەو قسەیەیە دووبارەی دەکەمەوە کە شاعیر دڵشاد مەریوانی لە یەکەم پیشانگای فۆتۆگرافی مندا (بەفر و چیا) لە ساڵی ١٩٨٥دا لە دەفتەری تێبینییەکانمدا نووسیبووی: فۆتۆکانی فارس سەعدی پێمان دەڵێ کە ئەم کوردستانە جوانە نابێ بەبێ حورمەتی بەسەریا رابوورین.. وێنەگرێکی دیکەی دهۆک رزگار هروری شەقامێکی دەورەدراو لە دوو لاوە بەدرەختی پاییزی، شەقامەکەش وەک گوڵ باران، گەڵا باران کراوە بە گەڵای پاییزی و دەڵێی فەرشی کاشانە، تا بڵێی دیمەنێکی دڵڕفێنە، توانیویەتی لە گۆشەنیگاو کات و ساتێکی گونجاودا ئەو دیمەنە بەرجەستە بکات.

جێی باسە هەندێ وێنەگری دیکە هەن جێی وایان گرتووە، یان راو کردووە کە کەس نەیگەیشتووەتێ، ماوەیەک بە ئۆتۆمبێل بۆی چوون، ماوەیەکیش بە پێ، سەرەڕای ئەوەی ژیانی خۆشیان خستۆتە مەترسییەوە لەبەر (مین)، چونکە شوێنە خۆشەکان زۆربەیان (مین) رێژ کراون.

لە گرتە نایابەکان گرتەی گەیلان حاجی کە وێنەی تاقگەیەکی بەسلۆمۆشن گرتووە و فلتەری (ND) لەگەڵ ستاند بەکارهێناوە، بەڵام وای کردووە زاڵ بوون بۆ گەڵای پاییزی و دیمەنی پاییزی لە باکگراوندی دیمەنەکە بێت، کە ئەمەش فۆتۆگرافەرێکی گەنجە و زۆر ئەکتیڤیشە.. ماوەتەوە بڵێم گەنجەکان جڵەوی دوارۆژ دەگرنە دەست، بەڵام دەبێ دەستیان بگیرێت، نەک رێگرییان لێ بکرێت!

# هەڵپەڕکێ "لە گۆڕەپانی وشەناسی و پیشاندانداا"

هێرش ئارمەند
(سنە)

لە دنیای ئەمڕۆدا سەماکردن مانایەکی جۆراوجۆری وەخۆگرتووەو لەزنجیرەیەکی بەرین لە جووڵە، میوزیک، ئیقاع و واتا (ناوەڕۆک) پێکهاتووە. زۆربەی گۆڕانەکانی ئەم چەند ساڵەی شانۆ، زۆرتر لەسەر شێوازەکانی بەکارهێنانی لەش، جووڵە و میوزیک بووە. دروستبوونی ستایلە جۆراوجۆرەکانی سەماکردن لە دنیای ئەمڕۆدا بە شێوازێک بووە کە ئیدی زۆربەی جووڵەکان و شێوەی بەکارهێنانی لەش، دەتوانێ ببێتە شێوازێک لە سەماکردن و بڕواتە ناو تاقم و ستایلی تایبەتی خۆیەوە.

سەماکردن زنجیرەیەکە لەبزاوت و جووڵە، کە ئاگامان لێیە، یان دەکرێت ئاگامان لێ نەبێت، کە مرۆڤ لەنێو ئەتمۆسفێرێکی (هەوایەکی) موسیقایی و ئیقاعی، لەشوێنێکی دیاریکراو، بە ئامانجی ڕەخسین، یان بە ئامانجێکی تایبەتی دیکە، بەشێوەیەکی تاک، یان بە کۆمەڵ و لەنێو گرووپ، لە ڕێگای بڕێک لە ئەندامەکانی لەش، یان لە ڕێگای هەموو لەشەوە، ئەنجام دەدرێت.

ئامانجی سەماکار، یان سەماکەران دەشێت بریتی بێت لە: ١- گەیاندنی واتا. ٢- دروستکردنی کۆمەڵە جووڵەیەکی جوان و ڕێکوپێک. ٣- دەربڕینی هێزوهەست و شڵەژانەکان دەروون. ٤- سەرنجی خەڵک ڕاکێشان بەرەو خۆ و بەرەو تیپەکە. ٥- ڕەخسین. ٦- پێوەندی گرتن لەگەڵ سروشت. ٧- چارەسەرکردنی ناخۆشی. ٨- پیشاندانی نەریتێکی کۆنی نەتەوەیی، یان فۆلکلۆر. ٩- گەیشتن بە هێمنی و ئاسوودەیی و...

ئەگەر چاوێک بە تەواوی سەماکانی جیهاندا بخشێنین و لێیان وردبینەوە، دەبینین کە تەواوی سەماکان، یان بەتاک دەکرێن (سەمای عەرەبی، کلاسیکی ئێرانی،...تاد) یان بەجووت (سالسا، چاچاچا، تانگۆ و...تاد)، یان بەکۆمەڵ و لەناو تیپ (بالێی کلاسیکی

ڕۆژئاوا، زۆربەی سەما فۆلکلۆرییەکانی جیهان) سەما بەکۆمەڵەکانیش سێ شێوازن: یان دەستی یەک دەگرن وەک (سەمای کوردی،...تاد)، یان جوداجودا سەما دەکەن (بڕێک لە سەماکانی ئازەری، بڕێک لە سەماکانی ئەفریقیا، سەمای فلامینگۆی ئیسپانی و...تاد)، یان ئاوێتەیە، کە جارجار دەستی یەک دەگرن و جارجار جودا دەبنەوە (بڕێک لە سەما فۆلکلۆرییەکانی ئەوروپا، بالێی کلاسیکی ڕۆژئاواو...).

لە هەموو ئەم سەمایانەدا چەند شت هاوبەشن: ١- بەکارهێنانی لەش و جووڵە. ٢- میوزیک. ٣- ڕیتم. سەمای کوردی یەک لەو سەما بەکۆمەڵانەیە کە دەستی یەک دەگرن و بەگۆرانی و دیلۆک هەڵدەپەڕن. هەڵپەڕکێ لەگەڵ میوزیکی کوردی و جلی کوردی وەک ئالایەکە، کە لە تەنیشتی سەمای وڵاتەکانی دیکە، نوێنەری کولتووری کوردە و خۆ دەنوێنێت.

تەواوی وڵاتەکان، نەتەوەکان و زمانەکانی دنیا، سەما و میوزیکیان هەیە و بەشانازییەوە بەکاری دێنن و پیشانی دەدەن. کە ئەوەش بڕێک کەس دەڵێن کە "هەڵپەڕین" سەماکردن نییەو مانایەکی بەرزتر، ڕەسەنتر، یان جیاوازی هەیە، ئەوەش دەتوانێ بە هۆی ئەوەوە بێت کە لەگەڵ ئەو سەمایانە بەراوردی دەکەن کە بەتاک دەکرێن و زۆرتر ئافرەتان دەیکەن و ئەوەشە کە مەبەست لەو سەمایانە بۆ پیشاندانی جوانییەکان و تواناییەکانی لەش بێت، کە بەو بۆنەوە واتای هەڵپەڕکێ جیاواز دادەنێن (١).

بڕێک کەسیش پێیان خۆشە کە واتایەکی حەماسی و ڕەزمی و جەنگی بە سەمای کوردی ببەخشن و بڵێن کە هەڵپەڕکێ ڕەزمە نەک سەما، بەڵام سەرەڕای ڕەزم، شەڕ، ئەوین، حەماسە، شادی، خەم، ئایین، عیرفان و...تاد لە ڕێگای سەماوە کە دەتوانین هەموو ئەو مەبەستانە بە شێوازێکی جوان دەربڕین و بینوێنین. ئەو مەبەستانە یان، لەمێژە لەنێو هەڵپەڕکێیەکاندان، یان دەمانەوێت بە شێوازێکی گونجاو لە ڕێگای سەماوە بیاننەخشێنین و شتی نوێ دروست بکەین. ئەوەیە کە هەڵپەڕکێ یەک لەو سەما بەکۆمەڵانەی فۆلکلۆری جیهانە، کە لە زۆربەی نەزمەکان و شاییەکاندا، سەماکەران دەستی یەک دەگرن و هاوڕێ لەگەڵ دەنگی میوزیک هەڵدەپەڕن، واتە سەما دەکەن.

## سەمای کوردی، یان "هەڵپەڕکێ" چییە؟

١- ناساندنی "هەڵپەڕکێ" لەبواری وشەناسی:

هەڵپەڕکێ، لە نێو کوردزمانەکانی کرمانجی خواروو، یان کرمانجی ژووروو ناونجی، موکریان، ئەردەڵان، سۆران، کەلهوڕ، گۆران، هۆرامان و لەک، واتە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، زۆر باوە و بە سەمای کوردی دەگوترێت. تۆزێک جیاوازی لە شێوازی گوتندا هەیە، کە چەند وشەی جۆراوجۆری پێکهێناوە. وەک: هەڵپەڕکێ (تەواوی ئەو شوێنانەی سەرەوە)، هەڵپەڕین (موکریان، سلێمانی)، هەڵپەڕگە، ئەڵپەڕگە (کرماشان و ئیلام).

هەڵپەڕکێ، ناوەو لە هەڵ+پەڕ+کێ پێکهاتووە. "هەڵ" پێشگرە، کە بە واتای بەرەو لای سەرە (بەرەو بان). بە پێچەوانەی "هەڵ"، پێشگری "دا"مان هەیە کە بە واتای



بەرەو لای خوارە. "پەڕ" بە مانای پەڕین و هەڵخەو داخەو بازدانە، کە دەتوانێت لە جێگەی خۆیبێت و دەتوانێت بەرەو لایەکی دیاریکراو بێت. "کێ" پاشگرە کە ناو دروست دەکات. وەک: پێشبڕکێ، ناوبڕکێ.

هەڵپەڕکێ، لە چاوگی کاری هەڵپەڕینە، هەڵ+پەڕین. بە پێچەوانەوە، داپەڕین هەیە، کە بە واتای پەڕین و داخستن بەرەو لای خوارە، داپەڕین.

ئەگەر بمانەوێت لەناو ڕستەدا بەکاری بێنین: "هەڵپەڕکێ کردن"، یان "هەڵپەڕین" دەگوترێت. زۆرتر هەڵپەڕین بەکاردێت، چونکە کارە. بەم شێوازە بەکاردێت: بڕۆین هەڵپەڕین. دەتانەوێ هەڵپەڕن؟، وەرە هەڵپەڕە.

لە ناوچەی ئەردەڵان (واتە سنە)، بێجگە لە هەڵپەڕین، جاروبار "هەڵپەڕکێ کردن"یش بەکاردێت.

هەڵپەڕکێ ناکەن؟ گەرەکتانە هەڵپەڕکێ بکەن؟
لە ناوچەی موکریان کاری "هەڵپەڕین" لە جێگای ناویش بەکاردێت: ئێمە هەڵپەڕین دەکەین؟

## لێکۆڵینەوەیەک لەسەر "هەڵپەڕکێ" و زاراوەکانی (وشەکانی)

چەند وشەی دیکەیش هەن کە لە چەندین ناوچەدا باون و بەکاریان دێنن و هەموویان واتای "هەڵپەڕکێ" دەدەن وەک "چۆپی" کە لە زۆربەی ناوچەکان بەکاردێت. "چۆپی گرتن" و "چۆپی کێشان"، کارە و بۆ هەڵپەڕین بەکاردێت، کە دەگوترێت "چۆپی بگرن"، یان "چۆپی بکێشن"، چۆپی وشەیەکی گرنگەو بە کەسی یەکەم لە کۆڕی چۆپییەکە دەڵێن "سەرچۆپی" یان "چۆپی کێش"، یان "سەرچۆپی کێش"، ئەم وشەیەش لە زۆربەی ناوچەکانی کرمانجی خواروو باوە، هەروەها کاری "چۆپی کێشان" زۆرتر بۆ "چۆپی کێش" بەکاردێت.

"داوەت" لە ناوچەی موکریان بەکاردێت، هەروەها دابێک لە موکریان باوبووە بەناو "شەوداوەت" کە بە واتای کۆبوونەوەی شەوانە بووە و زۆرتر کچ و کوڕە لاوەکان لە شوێنێکدا وەک خانووی کەسێک، یان شوێنێکی دیاریکراو و ناسراو لە ناوشار، یان گوند، کۆبوونەتەوەو هەڵپەڕکێیان کردووە (٢). وشەی داوەت لە لای کوردەکانی شکاکی ڕۆژهەڵات (ورمێ، سەڵماس، شنۆ و...تاد) دوو واتای هەیە: ١- زەماوەند (ئاهەنگی ژنهێنان). ٢- هەڵپەڕکێ. گرنگی ئەم وشەیە بووەتە هۆی دروستبوونی مەتەڵێک کە دەڵێت: "داوەتێ گیرابوو کە کلکی کەری تێدا دەپچڕا". کە لێرەدا بە هەردوو واتا بەکارهاتووە.

وشەی "بازی" جاروبار لەکرماشان بەکاری دێنن. "بازیکەر" بەکەسێک دەگوترێ کە دوو دەسماڵە دەکات و دەڕواتە ناو هێڵی کۆڕی هەڵپەڕکێیەکە، واتە ناوەندی بازنەکەو جاروبار لەگەڵ "دەهۆڵچی"یەکە، یاری (بازی) دەکەن. لەچەند ناوچەی دیکەی وڵاتی ئێران وشەی بازی بۆ سەما فۆلکلۆرییەکان بەکارهاتووە، وەک پارێزگای خوراسان. لە فەرهەنگی زانکۆی کوردستانی ئێران، ماجد مەردۆخ ڕوحانی، بەرانبەر بە کاری "رقصیدن" نووسراوە "وازین":

رقصیدن: (عربی/فارسی) مصدر، لازم. ١- هەڵپەڕین، هۆڕپەڕەی، ڕەخسین، لەهستین، لیزین، لەیزتن، وازین، سەماکردن. ل٦٨٧.

لەباشووری هەرێمی کوردستان، "هەڵپەڕکێ" و "شایی" دەگوترێت. کە لە هەولێر زۆرتر "شایی" بەکاردێت، چونکە هەڵپەڕکێ بە کۆمەڵ دەکرێ و پێش هەموو شتێک دەبێت دەست لەناو دەست بگیرێت، لە شاری "سنە" وشەیەک دروست بووە بە ناوی"هەڵگرتن" کە بە واتای دەستپێکی هەڵپەڕینە. بۆ بانگکردنی خەڵک بۆ هەڵپەڕین، دەڵێن: دەست بگرن. دەست ناگرن؟ (هەڵناپەڕن)، بەڵام چونکە ئەم وشەیە بەتەنێ لەکاتی هەڵپەڕین بە کاردێت و لەکاتەکانی دیکەدا واتای هەڵپەڕکێ نادات، لە زنجیرەی ناوەکانی هەڵپەڕکێ لەبەر چاوی ناگرین.

لە هۆرامان، بێجگە لە "هەڵپەڕکێ" وشەی "هۆرپڕای، هۆرپڕەی، ورپڕەی" هەیە، کەکارن و بەمانای هەڵپەڕین بەکاردێن. لەفەرهەنگی"هەنبانەبۆرینە"دا نووسراوە: ورپڕای بە واتای ڕەخس و سەمایە، هەروەها لە فەرهەنگی زانکۆی کوردستانی ئێران (ماجد مەردۆخ ڕوحانی) یەکێک لە وشەکانی بەرانبەر بە کاری سەماکردن (رقصیدن) نووسراوە: هۆرپڕەی.

لەناوچەی موکریان "ڕەخس کێشان" و "سەماکردن"یش بەکاردێ کە ئەم دوو زاراوەیە تایبەت بە هەڵپەڕین نین و لەکاتێکی تایبەتیدا دەگوترێن. کاتی هێنانی بووک بۆ ماڵی زاوا، چەند کەس (کە زۆرتر کچ، یان ژنن)بەدوو دەسڕەوە، دەست دەکەن بە ڕەخسین و خۆسووڕدان و لەپێش بووکەوە دوو دەسماڵە دەکەن. لەم کاتەدا دەڵێن کە: "ئەو کچانە ڕەخسی دەکەن"، یان "ڕەخسی دەکێشن"، هەروەها "ئەوکچانە سەمادەکەن". ئەم ڕەخس کێشان و سەماکردنە لەم ناوچەیەدا (موکریان) بەڕەخسی تاک دەگوترێ کە زۆرتر تایبەت بە ژنانە. لە کاتی هەڵپەڕیندا کە"سەرچۆپی" (واتە کەسی یەکەمی کۆڕی هەڵپەڕکێ) کە لە تیپەکە جودا دەبێتەوە و دەڕواتە ناوەڕاستی بازنەکەو دوو دەسماڵە دەکات، جاروبار"سەماکردن"بەکاردێن و دەڵێن: زۆر جوان سەما دەکات. بەکارهێنانی دوو دەسڕەی سەرچۆپی، واتە دوو دەسماڵەکردن، لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، زۆرتر تایبەت بە ناوچەی ئەردەڵان و کرماشانە، کە دابونەریتێکی تایبەتی هەیە و لە جێگای خۆی ئاماژەی پێ دەکرێت.

لەواژەدانی "هەنبانە بۆرینە"ی مامۆستا هەژاری

موکریانی، سەبارەت بە واتای ئەو چەند وشەی سەرەوە نووسراوە:
١- چۆپی: دیلان، هەڵپەڕکێ.ل.٢١٠.
٢- داوەت: ١- ڕەقس، گۆبەند، دیلان ٢- زەماوەندی بووک. ل٢٨٨.
٣- ڕەخس: ١- هەڵپەڕکێ، داوەت. ل٣٥٥.
٤- سەما: هەڵپەڕکێ، دیلان، ڕەقس. ل٤٤٩.
٥- سەماکەر: کەسێ کە ڕەقس دەکا. ل٤٤٩.
٦- سەماگە: جێ داوەت. ل٤٤٩.
٧- وڕپڕای: ڕەخس، سەما. ل٩٠٨.
٨- هڵ پەڕین: هەڵپەڕکێ کردن. ل٩٤٨.
٩- هەڵپەڕکێ: ڕەقس و سەما. ل٩٨٨.
١٠- هەڵپەڕین: سەماکردن، ڕەخسین. ل٩٨٨.
هەروەها لەواژەدانی فەرهەنگی "کوردستان" گیوی موکریانی هاتووە:
١- داوەت: داڤەت، هەڵپەڕین، دیلان، دیلات، شایی، هەڵپەڕکێ، گۆڤەند، زەماوەند، زەماوەن. ل٤١١.
٢- سەما: جۆرە هەڵپەڕینێکە بە تاکەکەسێک ئەنجام دەدرێ و جارجار چەقەنەشی لێدەدا، هەلکە، چۆپی. ل٥٨٢.
٣- سەماکەر: هەڵپەڕینی تاکە. ل٥٨٢.
٤- سەماکردن: بەتەنهایی هەڵپەڕین. ل٥٨٢.
٥- سەماگا: سەماگە. ل٥٨٢.
٦- سەماگە: شوێنێکی تایبەتییە سەمای تێدا دەکرێ. ل٥٨٢.
٧- شایی: پادشایی، هەڵپەڕین، چووزەکێ، جوورە هەڵپەڕینێکە. ئاهەنگ و زەمزەمە (هەوا). ل٦٢٤.
٨- هەڵپەڕکێ: داوەت، شایی، هەڵپەڕین. ل٩١٨.
٩- هەڵپەرگە: شوێنی هەڵپەڕین، گۆڕەپانی شایی کردن. ل٩١٨.
١٠- هەڵپەڕین: هەڵاگرتن، داوەت کردن، شایی، زەماوەند، لەزین، هەڵا، چووزەکێ، هەڵپەڕکێ، ئامودێ، دیلان، هۆرپڕای. ل٩١٨.
لەواژەدانی "فەرهەنگی باشوور" عەباس جەلیلیان هاتووە:
١- ئەڵپەڕگە: هەڵپەڕگە. ل٣٠.
٢- ئەڵپەڕین: هەڵپەڕین: ٣.هەڵپەرگەکردن. ل٣٠.
٣- بازیکەر: چووپی کیش، کەسێ کە خاس هەڵپەڕگە کەید. ل٤٧. (ئەو کەسەیە کە باش هەڵدەپەڕێت).

٤- چووپی: هەڵپەڕگەی کوردی. ل٢٢٠.
٥- چوپی کیشان: هەڵپەڕگەکردن. ل٢٢٠.
٦- چوپی گرتن: چوپی کیشان: هەڵپەڕگەکردن.ل.٢٢٠.
٧- هەڵپەڕگە: ئەڵپەڕگە. ل٧٤٠.
٨- هەڵپەڕگەکردن: چووپی کیشان. ل٧٤١.
٩- هەڵپەڕین: ٣- هەڵپەڕگەکردن. ل٧٤١.
لە فەرهەنگی "خاڵ" بەم چەند وشە ئاماژە کراوە:
١- چۆپی: جۆرێکە لە هەڵپەڕین.ب٢، ل٢٦.
٢- سەما: هەڵپەڕین و قنگ سووڕدان و چەقەنەلێدان (سەماکردن).ب٢، ل٣٠١.
٣- سەماکەر: کەسێکە کەسەما بکا.ب٢، ل٣٠١.
٤- سەماگە: شوێنێکە بە تایبەتی دروست کرابێ بۆ سەماتێیاکردن.ب٢، ل٣٢١.
٥- شایی: کۆبوونەوەو هەڵپەڕین لەخۆشیا بۆ ژن هێنان، یان خەتەنەسووران. هەڵپەڕکێ. ب٢، ل٣٢١.
هەروەها کە دەبینین، لە فەرهەنگەکانی سەرەوە ئەم خاڵانەی خوارەوە دێنە بەرچاو:
- "هەڵپەڕکێ" ناوە و بە واتای سەمای کوردی هاتووە.
- "هەڵپەڕین" کارە و بە واتای سەمای کوردی کردن هاتووە.
- "هەڵپەڕگە" دوو واتای هەیە: ١- واتای سەرەکییەکەی، ناوە و بە واتای سەمای کوردی (هەڵپەڕکێ) هاتووە. ٢- ناوە و بە واتای شوێنی هەڵپەڕینە.
- "ئەڵپەڕگە" ناوە و بە واتای سەمای کوردییە.
- "چۆپی"، یان "چووپی" بەسێ واتا هاتووە: ١- ناوە و بە واتای سەمای کوردی هاتووە. ٢- کارە و بە واتای سەمای کوردی کردن، یان "هەڵپەڕین" هاتووە. ٣- ناوی جۆرە هەڵپەڕینێکە"چەپی" (٣)
- "داوەت": ناوە و بە دوو واتا هاتووە: ١- سەمای کوردی، یان "هەڵپەڕکێ". ٢- زەماوەندی بووک.
- "شایی" ناوە و بە دوو واتا هاتووە: ١- سەمای کوردی، یان "هەڵپەڕکێ". ٢- زەماوەندی بووک.
- "سەما" ناوە و بە دوو واتا هاتووە: ١- سەمای کوردی، یان "هەڵپەڕکێ". ٢- زۆرتر بە واتای سەمایەکی بەتاک هاتووە (لەناوچەی موکریان)
- "هۆرپڕەی" بە دوو واتا هاتووە: ١- سەمای کوردی،

یان "هەڵپەڕکێ". ٢- کارەو بە واتای هەڵپەڕین.
تا ئەم بەشـە ئامـاژەمـان بە دە ١٠ وشـە کـرد کـە هەمـوویان سـەبارەت بە سەمـای کـوردی، یان هەڵپـەڕکێ بوون. ئەگـەر چوار ٤ وشـەی هەڵپـەڕکێ، هەڵپـەڕین، هەڵپەڕگە، ئەڵپەڕگە؛ لەیەک تاقم دابنێین و هەر بە تەنیا "هەڵپەڕکێ" بەکاربێنین، ژمارەی وشەکان دەبنە حەوت ٧ وشـە کـە بریتین لە: هەڵپـەڕکێ، چۆپی (٤)، داوەت، شایی، بازی، هۆڕپڕەی، سەما (٥).
کەم کەم کە دەچین بەرەو باکووری هەرێمی کوردستان و ناوچەی بادینان کە شێـوەزاریان کرمـانجی باکـوور، یان ژووروەوە، چەند وشــەی دیکە دێتــەگــوێ کــە بە واتای هەڵپــەڕینە، وەک "دیلان"، "گــۆڤــەند"، "داوەت".
لەدەڤــــەری بـارزان بۆ هەڵپــــەڕکێ، "داوەت"بەکـاردێن، کـە گرنگـترین وشـە لەم ناوچەیە کـە واتای هەڵپـەڕکێ دەدات و بە واتای زەماوەندیش بەکاردێت. "گۆڤەندیش" هەر واتای هەڵپەڕکێ دەدات، بەڵام کـەمـتر بەکـاردێت و لەوەیە کە لەنووسـیندا کـەڵکی لێــــوەربگرن، بۆ بەکــــارهێنـانی جــــۆرە هەڵپەڕکێیەکان، بۆ نموونە دەگـوترێ "داوەتا شــێــخــانـی" لەم نـاوچەیە شـایی بە واتای زەماوەندی بووکێ هاتووەو واتای هەڵپەڕکێ نادات.
لە شـاری دهۆک زۆرتر "دیلان" بەکـاردێن. "داوەت" ئێسـتاش بەکاردێ، بەڵام کۆنترە و پێشـتر پتر بەکاریان دەهێنا. لەلای ئێزدییەکانی شاری دهۆک، زۆرتر "دیلان" بەکاردێت، بەڵام "سەما" وشەیەکی کۆنتربووە و بە واتای دیلان و هەڵپـەڕکێ بووە و ئێسـتـاش جـارجـار بەکـاری دێن. "گـۆڤـەند" لەلای ئێـزدییـەکـان بۆ سـەمـای تاکـیش بەکـاردێت. لەم بەشـە، واتە ئێـزدییـەکـان، چونکە دیلان زۆر باوە، بەسەرچۆپێ دەڵێن "سەرکێشی دیلانێ".
بەرەو لای سـەرووی سنووری تورکـیـا نزیک دەبینەوە، لە ناوچەی هەکــاری "دیلان"، "گــۆڤــەند" و "شــاهـی" بەکاردێن. "دیلان" زۆرتر بۆ هەڵپەڕکێ کردن و "گۆڤەند" بۆ بازنەی دیلانەکە بەکاردێن. دەڵێن "گۆڤەندێ بگرن" و "دیلانێ بکەن". "گــۆڤــەندێ بگرن" وەک لای شـــاری "سنە"کـە دەڵێن "دەست بگرن"، مـەبەست ئەوەیە کـە بازنەکە سازبکەن و ئامادەبن تا "دیلانێ بکەن". "شاهی" بۆ سـەمــای تاکـیش بەکـاردێت. "داوەت" لەم ناوچەیە زۆرتر واتای زەمـــاوەندی بووکێ دەدات، چونکە دیلان زۆرتر بەکاردێن، بە سەرچۆپی، یان کەسی یەکەمی کۆڕی دیلان دەڵێـن "سەرکـێـشی دیلانێ"، هەروەها دوو وشـەی "سەرکێشی گۆڤەندێ"، یان "سەرگۆڤەندیش" دەڵێن.
جــاروایە کــە لەبەرچاوگــرتنی سنوورێکی دیاریکراو لەنێـوان ئەم چەند وشـەیەدا تۆزێک دژوار دەبێــتـەوە، چونکە لەناوچە تا ناوچە و باژێڕ تا باژێڕ و لە گـوند تا گـوندێکی دیکە، دەشـێت شـێـوازی بەکـارهێنان جیـاواز بێت، بەڵام لە هەمـوویاندا ئەم چەند وشـەیە بەکـاردێ و هەموویان لە مەبەست تێدەگەن.
لە سـەرەتاوە باسی حـەوت وشـەمـان کـرد کـە بە واتای



هەڵپەڕکێ هاتبوون ئێستاش دوو وشەی"گۆڤەند"و"دیلان" (٦) زیاد دەکـرێن و دەبێــتـە نۆ وشـە کـە هەمـوویـان بە واتای سـەمـای کوردین. دوو وشـەی "شـایی" و "شـاهی" لەیەک دەسـتـە دادەنێین و بەتەنێ شـایی بەکـاردێنین. لە واژەدانی "هەنبانە بۆرینە"ی مامۆستا هەژاری موکریانی، سەبارەت بەواتای ئەو چەند وشەی سەرەوە نووسراوە:
١- دیلان: ٢- هەڵپەڕکێ، داوەت. ل٣٣٣.
٢- دیلانە: هەڵپەڕکێ، گۆبەند. ل٣٣٤.
٣- دیلانێ: ١- دیلانە. ل٣٣٤.
٤- سەردیلان: سەرچۆپی. ل٤٣٨.
٥- گـۆڤـەند: ١- بەزم و زەمـاوەند٢- دیلان، داوەت. ل٧١٢.
٦- گۆوەند: گۆبەن، گۆڤەند.ل٧٢٠.
هەروەها لە واژەدانی فـەرهەنگی "کـوردسـتـان" گـیـوی موکریانی هاتووە:
١- دیلان: شـایی، داوەت، ڕەشـبـەڵەک، هەڵپـەڕین، جۆرەگۆرانییەکە.ل٤٧٣.

٢- دیلانە: هەڵپەڕین، دیلانێ. گۆرانییەکی تایبەتە لەنێو جۆلانەدا دەیلێین.ل٤٧٣.

٣- دیلانی: زەماوەند، گۆرانی چۆپی کێشان.ل٤٧٣، هەروەها کە دەبینین، لە فەرهەنگەکانی سەرەوەو لەباسەکانی پێشتردا، ئەم خاڵانەی خوارەوە دێنە بەرچاو :(٧)

- دیلان دوو واتای هەیە: ١- ناوەو بە واتای هەڵپەڕکێ. ٢- کارەو بە واتای هەڵپەڕینە

- گۆڤەند سێ ٣ واتای هەیە: ١- ناوەو بە واتای هەڵپەڕکێیە. ٢- ناوەو بە واتای زەماوەندی بووکە. ٣- کارەو بە واتای هەڵپەڕینە.

- لەم بەشە لەکوردستان وشەی "سەما" زۆرتر بەکاردێت و دوو واتای هەیە: ١- بە واتای هەڵپەڕکێیە. ٢- بە واتای سەمایەکی ئایینییە.

- سەبارەت بەدوو وشەی "داوەت" و "شایی" پێشتر لەسەرەوە باسمان کردو ئاماژەمان بە واتاکەیان کرد.

بەرە بەرە کە بەرەو ڕۆژئاوای کوردستان دەڕۆین سێ ٣ وشە خۆ دەنوێنن: ١- دیلان. ٢- گۆڤەند. ٣- بازدان.

ڕۆژئاوای کوردستان سێ بەشی گرنگی هەیە: ١- قامشلو. ٢- کوبانی. ٣- عەفرین. "دیلان" و "گۆڤەند" مانایەکی گشتییان هەیەو لە تەواوی ئەو سێ ناوچەیە واتای هەڵپەڕکێ دەدەن، بەڵام جیاوازییەکی گرنگی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی کوردستان هەیە، کە لەم بەشە لە کوردستان خۆ دەنوێنن. "گۆڤەند" و "دیلان" دوو زنجیرەی جیاوازی هەڵپەڕکێ دروست دەکەن کە لە چەند هەڵپەڕکێ پێکهاتوون. "گۆڤەند" بەو زنجیرە هەڵپەڕکێیانە دەگوترێت کە هەموو خەڵک دەتوانن بیکەن (پیرو لاو و ژن و پیاو و منداڵ). جووڵەکان کەمترە و هێدی بەڕێوە دەچن، بەڵام "دیلان" بەو زنجیرە هەڵپەڕکێیانە دەگوترێت کە هەڵپەڕکێیەکانی کرژترەو جووڵەکانی تۆزێک قورستر و دژوارترەو تایبەت بەگەنجان و لاوانە، هەروەها لەناوچەی کوبانی، بێجگە لەو دوو وشە، وشەی "بازدان" هەیە، کە بە واتای هەڵپەڕینەو تایبەت بەناوچەی کوبانییە و بێجگە لەوێ، لە شوێنەکانی دیکەدا واتای هەڵپەڕکێ نادات بەواتای "بازبردنە".

ئەگەر وشەی بازدان زیادبکەین بە زنجیرەی وشەکانی هەڵپەڕکێ، دەبێتە دە وشە. کە بریتین لە:
هەڵپەڕکێ، چۆپی، داوەت، شایی، بازی، هۆرپەڕەی، سەما، دیلان، گۆڤەند، بازدان.

وشەی "شاهی" لە ڕۆژئاوای کوردستان واتای داوەت و زەماوەندی بووکێ دەدات و بەواتای دیلان بەکارنایەت.

دوو وشەی "بەزم" و "نەزم" لە کاتی هەڵپەڕکێدا بەکاردێن. زۆرتر بە شێوازی سەماکان و میوزیکی سەماکان دەگوترێن، کە دەڵێن نەزمەکە بگۆڕە، واتە میوزیکی شاییەکە بگۆڕە و هەڵپەڕکێیەکە بگۆڕە. کاتێک دەڵێن بەزمەکە بگۆڕە زۆرتر بە واتای گۆڕینی جۆری هەڵپەڕکێیەکانە.

لە فەرهەنگەکاندا بەزم بە واتای زەماوەندی بووکێ هاتووە، بەڵام لەشێوازی بەکارهێنانی ئەو وشەیەوە دەردەکەوێت کە دەشێت واتای هەڵپەڕکێ و جۆرە سەماکانیش بدات. "بەزمگێڕ" بە چاوەشەکان و میوزیکژەنەکان دەگوترێت کە زەماوەندەکە گەرم دەکەن و بەزمی هەڵپەڕکێکان دەگێڕن و دەبنە هۆی گەرموگوڕبوونی کۆڕی هەڵپەڕکێکەو زەماوەندەکە. بەزم سازدان، بەزم سازکردن، بەزمگێڕان، سەبارەت بە هەردوو بابەتی زەماوەند و هەڵپەڕکێ بەکاردێت. بەم بۆنەیەوە دەتوانین کاری "بەزم سازکردن"، یان "بەزمگێڕان" بەواتای هەڵپەڕکێ بەکاربێنین، بەڵام "نەزم" بە تەنیا بە جۆرە سەماکان و میوزیکی سەماکان دەگوترێت. ئەگەر وشەی "بەزم" زیاد بکرێت بەزنجیرەی وشەکانی هەڵپەڕکێی کوردی، دەبنە یازدە وشە.

لەنێو فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژاری موکریانی، ئاماژە بە چەند وشەیەکی دیکە سەبارەت بە هەڵپەڕکێ کراوە کە بریتین لە:

١-ئۆرزان: هەڵپەڕکێ، هەڵبەزین. ل١٨.
٢- دیدەکانێ: هەڵپەڕکێ، داوەت، دیلان. ل٣٣٢.
٣- کای: ٢- هەڵپەڕکێ. ل٦٠٨.
٤- لەهیستن: ١- هەڵپەڕکێ کردن. ٢- گەمەکردن. ل٧٧٨.
٥- لەیز: ١- سەماوڕەقس ٢- گاڵتەویاری. ل٧٧٨.
٦- لەیزتن: ١- سەماکردن. ل٧٧٨.
٧- لەیس: لەیز ١- سەماورەقس ٢- گاڵتەویاری. ل٧٧٨.
٨- لەیستن: لەیزتن ١.سەماکردن. ل٧٧٨.
٩- لیز: ٢- هەڵپەڕکێ. ل٧٨١.
١٠- لیزتن: ٢- هەڵپەڕین. ل٧٨١.
١١- لیزین: هەڵپەڕین. ل٧٨١.

١٢- هەلای: سەما، ڕەخس. ل٩٨٥.
هەروەها کە دەبینین بڕێک لەم چەند وشانە بە واتای گەمەو یاریکردنیش هاتوون و دوو واتایان هەیەو شێوازی گوتنیان زۆر لێک نزیکەو وا بەدەردەکەوێت کە ئەم چەند وشەیە لەیەک بنەماڵەن، کە من لەیەک تاقم دامناون: لەهیستن، لەیز، لەیزتن، لەیس، لیز، لیزتن، لیزین، هەروەها وشەی"لەیزاندن" لە ناوچەی بادینان سەبارەت بە جودابوونەوەی سەرکێشی دیلان لە کۆڕی شایی و جووڵینەوە و بازی کردن و دوو دەسماڵەکردن لە ناوەندی بازنەکە بەکارچووە، کە لەوەیە دەسڕە، یان دەسماڵ بەکارنەهێنن (٨).
ئەم زنجیرە وشە، سێ واتایان لێ وەدەردەکەوێت: ١- ڕەقس. ٢- سەمای تاک. ٣- گەمەو یاری.
لە فەرهەنگی "کوردستان"ی گیوی موکریانی ئاماژە بە چەند وشەی دیکەیش کراوەو بەرانبەر بە وشەی هەڵپەڕکێ نووسراوە: هەڵا، هولاگرتن، چووزەکێ، ئامودی.
هەڵپەڕین: هەڵاگرتن، داوەت کردن، شایی، زەماوەند، لەزین، هەڵا، چووزەکێ، هەڵپەڕکێ، ئامودی، دیلان، هۆرپڕای.ل٩١٨.
هەڵاگرتن: هەڵپەڕین، هەڵپەڕکێ.ل٩١٥.
لە فەرهەنگی زانکۆی کوردستانی ئێران، ماجد مەردۆخ ڕوحانی، بەرانبەر بە وشەی "ڕەقس" ئاماژە بە وشەی "قنجێ"ش کراوە.
رقص: (عربی)/اسم. هەڵپەڕکێ، سەما، کای، دیلان، لۆتک، قنجێ، ئورزان، هۆرپڕای، لەیس، هەلای، ڕەخس، کۆمەڵە جموجووڵێکی جوان و ڕێکوپێک، پتر لەگەڵ مووسیقیدا.ل٦٨٦.
ئەگەر ئەو هەشت وشەیەی سەرەوە کە بریتین لە: ئورزان، دیدەکانێ، کای، لەیزتن، هەڵاگرتن، چووزەکێ، ئامودی، قنجێ، بەزنجیرە وشەکانی هەڵپەڕکێ زیاد بکەین، ژمارەیان دەبێتە نۆزدە وشە، کە بریتین لە:
هەڵپەڕکێ، چۆپی، داوەت، شایی، بازی، هۆرپڕەی، سەما، دیلان، گۆڤەند، بازدان، بەزم، ئورزان، دیدەکانێ، کای، لەیزتن، هەڵاگرتن، چووزەکێ، ئامودی، قنجێ.
بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوە بین کە ئەم هەشت وشەیە، بەتەنێ لەنێو فەرهەنگەکاندا ناویان لێ براوە و من تا ئەم بەشە لە لێکۆڵینەوە مەیدانییەکەی خۆم، نازانم کە تایبەت بەکام ناوچەن. لەفەرهەنگی سێ بەرگی"زانکۆی کوردستان" ماجد مەردۆخ ڕوحانی وا هاتووە:
سەماع: (عەرەبی) اسم. (قدیمی): هەلەکا، هەلکە، ئورزان، جەزمە، حاڵ، سەمای دەروێشان. بەرگی٢، ل١٤٤٥.
بازی کردن: لەیزتن، لەیزین، لەیستن، لەهیستین، لیزتن، کایەکردن، گەمەکردن، کەیلێ کەردەی،...، ب١، ل٣١٤.
لەوانەیە کە هەلەکا، هەلکەو ئورزان مانایەکی ئایینی بدەن و بە سەماع بگوترێن.
لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا ئاماژە بە چەند وشە سەبارەت بە سەمای تاک کراوە:
١- لوتک: ١- سەما لەخۆشیان. ل٧٦١.
٢- لۆتک: لوتک: ١- سەما لەخۆشیان. ل٧٦١.
٣- هەڵخستنەوە: ٢- سەماو خۆحەوادان لەخۆشیان.ل٩٩١.
٤- پلەزیقان: چەقەنەلێدان و سەماکردن. ل١١٢.
٥- سووڕدان: ٢- بریتییە لە سەماو ڕەقس. ل٤٢٥.
هەروەها لەفەرهەنگی"کوردستان"گیوی موکریانی ئاماژە بە وشەی"هەلکە"یش کراوە:
سەما: جۆرە هەڵپەڕینێکە، بەتاکەکەسێک ئەنجام دەدرێ و جارجار چەقەنەش لێدەدا، هەلکە، چۆپی. ل٥٨٢.
ژمارەی وشەکانی تایبەت بە سەمای تاک دەبێتە نۆ دانە، کە بریتین لە:
لۆتک، هەڵخستنەوە، پلەزیقان، سووڕدان، ڕەخس، سەما، دوو دەسماڵە، لەیزاندن، هەلکە.
هەروەها کە دەزانین بڕێک لەم چەند وشەیە واتای هەڵپەڕکێش دەدەن کە پێشتر ئاماژەمان پێ کردووە.
هەر وشەیەک لەوانەیە کە لە ناوچە جۆراوجۆرەکاندا، بەچەند شێوازو زاراوە گوترابێت. لێرەدا هەموو وشەکانی هەڵپەڕکێم لە چەند تاقم داناوە، کە بریتین لە:
١- هەڵپەڕکێ، هڵپەڕکێ، هەڵپەڕکە، ئەڵپەڕکە، هەڵپەڕین، هڵپەڕین، ئەڵپەڕین
٢- چۆپی، چووپی
٣- داوەت، داڤەت، دۆوەت، دۆوات
٤- شایی، شاهی
٥- بازی، وازی
٦- هۆرپڕەی، هۆرپڕای، ورپڕەی
٧- سەما، زەما

٨- دیلان، دیلانە، دیلانێ
٩- گۆڤەند، گۆوەند، گۆبەند، گۆبەن
١٠- بازدان
١١- بەزم
١٢- ئورزان
١٣- دیدەکانێ
١٤- کای
١٥- لەهیستن، لەیز، لەیزتن، لەیس، لیز، لیزتن، لیزین، لەیزاندن
١٦- هەڵا، هەڵاگرتن، هەلای
١٧- چووزەکێ
١٨- ئامودی
١٩- قنجێ

**٢- ناساندنی هەڵپەرکێ لەبواری پیشاندان**

هەڵپەرکێ، شێوازێکی جووڵانەوەو هەڵخستن و بازدان و هەڵپەڕین بۆ لای سەرە کە لەسەر لاق دەکرێت (یەک یان دوو لاق)، کە پاشی گەڕانەوەو دانانی پێ لەسەر زەوی، دووبارە دەبێتەوەو دیسانەوە بۆ لای سەر دەجووڵێن و هەڵدەپەڕن. لە هەندێک ناوچەدا لەسەر پەنجەی پێ، دەکرێت و چۆک کەمتر بەکاردێن (ناوچەی سنە و کرماشان)، لە هەندێک شوێندا ژێرپێ لەسەر زەوی دەدەن و چۆک زۆر بەکاردێن وەک (ناوچەی مەریوان و هەورامان)، لە هەندێک شوێنیشدا ئاوێتەیەک لەهەر دوو شێوازە پێشووەکەیە کە باسمان کرد (ناوچەی بادینان).

هەڵپەرکێ سەمایەکی بەکۆمەڵە کە بە هۆکارێکی جۆراوجۆر دەکرێت. پیاو و ژن دەستی یەک دەگرن و لە تەنیشتی یەک ڕادەوەستن، بەشێوەیەک کە شانیان بکەوێتە لای شانی یەکدی. شێوازەکانی دەستگرتنی سەماکەران جۆراوجۆرەو حەرەکەو جووڵەی شانی شاییکەرەکان زۆر گرنگەو لە تایبەتمەندییەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانە. پاش گوێگرتن لە میوزیک، دەست بە جووڵەو حەرەکەیەکی هاوبەش دەکەن، وەک یەک دەڕەخسێن.

سەبارەت بە میوزیکی هەڵپەرکێکان وشەی "نەزم" بەکاردێت، کە سێ ٣ مانای لێ وەدەردەکەوێت: ١- ئیقاعی هەڵپەرکێکە. ٢- میوزیکی هەڵپەرکێکە. ٣- شێوازو جۆری هەڵپەرکێکە. بۆ نموونە دەڵێن"نەزمەکە بگۆڕە"واتە ١- میوزیکەکە بگۆڕە. ٢- هەڵپەرکێیەکە بگۆڕە، بەڵام هەردوو واتاکە لەیەک نزیکن و بۆ کاتی هەڵپەڕین بەکاردێن.

لە زۆربەی شوێنە کوردییەکان، بەشداربووان واتە سەماکەران، بازنەیەک سازدەکەن و لەنێو ئەو بازنەیەدا دەسووڕێنەوەو بەرەو لای ڕاست، واتە بە پێچەوانەی کاتژمێر، یان بەرەو لای چەپ، واتە هاوشان لەگەڵ کاتژمێر، دەڕۆن.هیچ کاتێک بازنەکە تەواو نییەو نابەسترێت. ئەگەر ژمارەی بەشداربوان زۆربێت، بازنەکە لەلای سەرچۆپی بەرەو ناو دەپێچێتەوە (وەک پێچاوپێچی و پێچیانی مار). جاریش وایە کە ژمارەی سەماکەران کەمن و تیپەکە بە خەت نزیک دەبێتەوە، بەڵام بەشێک لە بازنەکەیەو دیسانەوە لەسەر بازنەکە دەسووڕێنەوە. لەبڕێک لە ناوچەکاندا، لە جیاتی بازنە، خەت سازدەکەن و لەسەر ئەو خەتە بەرەو لای ڕاست و چەپ، هەروەها بەرەو پاش و پێش دەڕۆن.

لەکولتووری کوردیداو لە زۆربەی شوێنەکان، ژن و پیاو یەک لەدوای یەک لە تەنیشتی یەکدی ڕادەوەستن کە پێی دەگوترێت "ڕەشبەڵەک"، یان "گەنم و جۆ" (لە شاری سنە) کە بەواتای تێکەڵبوونی ژن و پیاو لەکۆڕی هەڵپەرکێیەو پێکەوە هەڵدەپەڕن. لە فەرهەنگی "هەنبانە بۆرینە"ی مامۆستا هەژاردا نووسراوە:

ڕەشبەڵەک: ١- داوەتی ژن و پیاو لەدەستی یەکتردا ٣- بازگ، ڕەشباز. ل٣٥٨.

گەنم و جۆ: ٢- ڕەشبەڵەک. ل٧٣٦.

جارجار کۆڕی هەڵپەرکێی پیاوان و ئافرەتان لەیەک جودا دەبێتەوە، کە چەند هۆکاری هەیە: ١- بڕێک لە هەڵپەرکێکان تایبەت بە ژن، یان پیاوانن، کە کاتێک جودا دەبنەوەو پیاوان پێکەوەو ژنان پێکەوە هەڵدەپەڕن، سەماکان جوانتر دێنە بەرچاوو جیاوازییەکان خۆدەنوێنن.
٢- لە هەندێک شوێندا بەهۆی بیروڕای ئایینی ئیسلام، ژن و پیاو دەبێ جودا هەڵپەڕن. ئەم باوەڕە تا ئەو جێگایە کە لە هەندێک ناوچەدا، کە ژمارەیان زۆر نییە، شوێنی پیاوان و ژنان، لەیەک جودا دەکەنەوە.

بەکەسی یەکەمی دەستەی سەماکەران دەڵێن "سەرچۆپی". سەرچۆپی دەورێکی بەرچاوی هەیە کە دەبێت تیپەکە بە ڕێکوپێکی بەرەوپێش ببات و هەڵیانپەڕێنێت. سەماکەران بە شوێنی سەرچۆپیدا دەڕۆن و بەگوێرەی ئاماژەکانی ئەو، نەزمەکان دەگۆڕن.

ئەگەر لەناو بازنەی هەڵپەڕکێکە لە تەنیشتی یەکدی، بەرەو ناوەندی بازنەکە ڕاوەستین، جێگای کەسی یەکەم دەکەوێتە لای ڕاستی ئێمە و دوا کەسیش دەبێتە لای چەپی ئێمە. لەو شوێنانە کە بەرەو لای چەپ دەسووڕێنەوە جێگاکان دەگۆڕێن و سەرچۆپی دەکەوێتە لای چەپ و دوا کەسیش دەکەوێتە لای ڕاستی ئێمە. وا باوە کە سەرچۆپی زۆرتر دەسڕە (دەسماڵ) بەدەستەوە دەگرێت، کە ژمارەیان یەک، یان دوو دەسڕە.

لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان سەبارەت بە "سەرچۆپی" چەند وشەی دیکەیشمان هەیە: چۆپی کێش، سەرچۆپی کێش (لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان)، سەردیلان، سەرگۆڤەند، سەرکێش دیلانێ، سەرکێش گۆڤەندێ (لەناوچەی بادینان و باکووری کوردستان)، سەرپێش، سەرپێشی گۆڤەندێ، سەرکێش دیلانێ، سەرگۆڤەند، سەرێ دیلان (لە ڕۆژئاوای کوردستان)، هەروەها لە فەرهەنگی"هەنبانە بۆرینەدا" ئاماژە بەم چەند وشەیەی خوارەوەش کراوە:

هیشیک: ١- کۆڕوکۆزی هەڵپەڕکێ. ٢- سەردەستەی سەماکەران.ل١٠١٨.

بەرچەق: سەرچۆپی کێش، پێشەنگی گۆبەند. ل٧٢.

گرنگایەتی ڕۆڵی "سەرچۆپی" بریتییە لە: ١- خێرایی ڕۆیشتنی کۆڕی هەڵپەڕکێ کە بەدەستی سەرچۆپییە. ٢- گۆڕینی جۆری شاییەکان و نەزمە هەڵپەڕکێکان کە بە دەستی سەرچۆپییە. ٣- هەستی تیپەکە بەگوێرەی هەستی سەرچۆپی دەگۆڕێت. ٤- مافی بەتەنێ سەماکردن لە هێڵی بازنە، واتە ناوەندی بازنەکە، بەسەرچۆپییە، کە پێی دەگوترێت "دوو دەسماڵە". لەو کاتەدا کە سەرچۆپی دەتوانێت تواناییەکانی خۆی بنوێنێت (ئەم دابە زۆرتر تایبەت بە ناوچەی سنە و کرماشانە). ٥- دروست کردنی بازنەیەکی ڕێکوپێک بە دەستی سەرچۆپی و گاوانییە. ٦- لە ڕێگای کرژو هێدی کردنی خێرایی و گۆڕینی گونجاوی نەزمە شاییەکان، دەتوانێت پشوو بداتە سەماکاران. ٧- زۆربەی نەزمە هەڵپەڕکێکان دەناسێت و ئەگەر دەستەی میوزیکژەن نەزمەکەیان گۆڕی، ئەو دەتوانێت تیپەکە ئامادەی نەزمی نوێ بکات.

بە دوایەمین کەسی کۆڕی هەڵپەڕکێ، "گاوانێ" دەگوترێت بەمانای "شوان". گاوانێ زۆرتر لەناوچەی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان ڕۆڵی هەیە و لە ناوچەکانی دیکەدا، وشەیەکی تایبەتیان بۆ دوایەمین کەسی کۆڕی هەڵپەڕکێ نییە. لە شاری سنە، بێجگە لە گاوانێ وشەی "دواگاوان" بەکاردێت، کە هەر بەو واتایە هاتووە. ئەوسا سەرچۆپی وگاوانێ جێگای پیاوان بووە، چونکە بەرزترین و خوارترین جێگای تیپەکە بوون، ئەو دوو جێگایانە بۆ ئافرەتان دانەنراوە، بەڵام لەناوەندی تیپەکە ژن مافی هەڵبژاردنی جێگای خۆی بووە کە لە تەنیشتی چ کەسێکەوە ڕابوەستێ (٩).جاروایە کە گاوانێ دەسڕە بەدەستەوە دەگرێت و دەیجوولێنێتەوە، بەڵام مافی جودابوونەوەی لە ڕیزی هەڵپەڕکێیەکە نییە.

دەوری گاوانێ بریتین لە: ١- دروست کردنی بازنەی ڕێکوپێک (بازنەی گەورە، بازنەی بچووک) ٢- لەکاتی گۆڕینی جۆرە شاییەکان کە مەودا دەکەوێتە نێوان سەماکەران، هەروەها گەڕانەوە بۆ تەنیشتی یەک، تیپەکەو بازنەکە ڕێکوپێک دەکات ٣- لەگۆڕینی بازنە بۆ خەت لە جۆرە شاییەکاندا، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە.

دەستەی سازژەن (چاوەش) و گۆرانیبێژان (شایەر) پێشتر لە ناوەندی بازنەکە ڕادەوەستان و بەزمەکەیان دەگێڕاو نەزمەکانیان سازدەکرد. سەماکەرانیش بە دەوری ئەواندا هەڵدەپەڕین. هەڵپەڕکێکان بە نەزمێکەوە (ئیقاع و جۆرە هەڵپەڕکێیەکی تایبەتی) دەست پێ دەکات، پاشان گۆڕینی چەند نەزم و هەڵپەڕکێی دیاریکراو (لەشاری سنە)، یان جۆراوجۆر (لە زۆربەی شوێنەکان)سازژەنەکان کۆتایی دێنن بەو بەشەو دیسانەوە میوزیکی سەرەتایی لێ دەدەن کە ئیقاعەکەی ناگۆڕن، بەڵام گۆرانییەکەی دەگۆڕێت. ئەوە کاتێکە کە سەرچۆپی دەگۆڕێت و کەسێکی دیکە دەچێتە جێگای سەرچۆپی. لێرەدایە کە دەڵێن "دەورێک" هەڵپەڕین (لەناوچەی ئەردەڵان)، یان "گەڕێک" هەڵپەڕین (لەناوچەی موکریان). "دەور"، یان "گەڕ" بەمانای چەند نەزم و هەڵپەڕکێیەکی دیاریکراوە، کە یەک بەدوای یەکدا دێن. ئەم هەڵپەڕکێیانە جاروایە کە بە گوێرەی سەرچۆپی دەگۆڕێن. لە ناوچەکانی دیکە "دەور" بەم شێوازە نییە و هەر کاتێک کە دەیانەوێت هەڵپەڕن دەڵێن کە چ گۆرانییەکیان دەوێت و چاوەشەکانیش، دەیژەنن و دەیخوێنن، یان سەرچۆپی و سەماکەران بەگوێرەی هەوای گۆرانییەکە، نەزمەکان و شاییەکان دەگۆڕن. شتێک کە لە"دەور"، یان "گەڕ" هاوبەشە ئەوەیە کە نەزمەکان لە "خاو" بەرەو "کرژ" دەڕۆن. جیاوازییەکەش ئەوەیە کە لە زۆربەی ناوچەکان لە ناو"گەڕ"ێکدا لەوەیە کە چەند

سەرچۆپی بگۆڕن و چاوەڕێی کۆتایی دەورەکە ناکەن.

هەڵپەڕکێی کوردی چەند تایبەتمەندییەکی هەیە کە بریتین لە: ١- جۆراوجۆری دەستگرتنی سەماکەران. ٢- کوتاندنی (لێدانی) پێ لەسەر زەوی. ٣- جووڵەو حەرەکەکانی چۆک. ٤- جووڵەو حەرەکەکانی شان. ٥- بەکۆمەڵ ڕەخسین. ٦- بەکارهێنانی بازنەو خەت لەشاییەکاندا. ٧- ڕەشبەڵەک. ٨- بەکارهێنانی دەسرە. ٩- جۆراوجۆری نەزمەکان و ئیقاعەکان. ١٠- گرنگبوونی دەوری سەرچۆپی.

خاڵە گرنگ و سەرنجڕاکێشەکان سەبارەت بە هەڵپەڕکێی کوردی زۆرن و لەم وتارەدا، بەتەنێ باسی ناساندنی هەڵپەڕکێ لە دوو بواری وشەناسی و پیشاندان کراوەو ژمارەیەکی زۆر لە وشەکان، کە هەموویان بەواتای هەڵپەڕکێ بوون، خراونەتە بەرچاو. ئەم باسە ئەوەندە گرنگە کە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ وڵاتە دراوسێیەکانماندا، دەبینین کە جێگای هەڵپەڕکێ لە نێو کولتووری کورد، زۆر تایبەتییەو کەم شوێنێکی دیکە هەیە کە ئەوەندە وشەیان سەبارەت بە ناوی "ڕەقس" واتە هەڵپەڕکێ و کاری "ڕەقس کردن" واتە هەڵپەڕین، هەبێت.

## پەراوێزەکان:

(١): ئەمە بەواتای خراپبوون، سووکبوون، یان کەم بایەخ بوونی سەمای تاکی ئافرەتان نییە، چونکە بەم شێوازە بیر دەکرێتەوە، لێرەدا ئاماژەی پێ کراوە.

(٢): شەوداوەت بەواتای شەوی پێشی زەماوەندیش بووە کە لە زۆربەی شوێنەکاندا، خەنەبەندانیشیان کردووە.

(٣): چۆپی واتایەکی تریشی هەیە کە لە ئیلام بەکاردێت و واتای دەسرەی سەرچۆپییە.

(٤): نزیکی وشەی "چۆپ" لەکوردستان و "چاپ"، یان "چاپا" لە پارێزگای سیستان و بەلووچستانی وڵاتی ئێران، هەروەها "چاپ" لەزمانی سکزی، کە هەر سێ بەمانای سەما (دانس، Dance) سەرنج ڕاکێشەو دەسەلمێنێت کە دەبێ خۆمان ماندوو بکەین و لەبواری وشەکان و زمانناسیدا زۆرتر لێی بکۆڵینەوە.

(٥): پاشتر دەبینین کە بە واتای هەڵپەڕکێ هاتووە، بەم هۆکارە لێرە هێناومە.

(٦): داوەت، پێشتر لە نێو زنجیرەی ناوەکان دانراوەو بەتەنێ ئەم دوو ناوە زیاد دەکەین.

(٧): لەفەرهەنگەکانی دیکەدا ئاماژەیەک بەم چەند وشەی ناوبراو نەبوو، بەو بۆنەوە باسیان لێ نەکراوە.

(٨): کتێبی"ستران و دیلان". ل٣٨١، ٣٨٤، وێنە.

(٩): دابی "دۆ" لە ناوچەی موکریان.

## سەرچاوەکان:


**١-فەرهەنگی "هەنبانە بۆرینە". هەژاری موکریانی. یەک بەرگی. چاپی یەکەم. چاپخانەی سرووش. ١٣٦٩ک.ه..**

**٢- فەرهەنگی "کوردستان". گیوی موکریانی. چاپی یەکەم. دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس. ١٩٩٩.**

**٣- فەرهەنگی "باشوور". عەباس جەلیلیان. تایبەتە بەناوچەیل کرماشان- ئیلام - لوڕستان. دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس.**

**٤- فەرهەنگی "زانکۆی کوردستان". ماجد مەردۆخ ڕوحانی. یەک بەرگی. چاپی یەکەم. چاپی زانکۆی کوردستان. ١٣٨٨ک.ه..**

**٥- قامووسنامەی ئینگلیزی - کوردی "سەلاحەدین". سەلاح سەعدوڵلا. چاپا یەکەم. ١٩٩٨. هەولێر.**

**٦- کتێبی "ستران و دیلان". کامیران درباز هروری، شڤان شکری هروری.**

**٧- کتێبی "شارەکەم سنە". محی الدین حق شناس. ١٣٨٦. چاپی دووەم.**

**٨- وتاری "رقص عنصری برجسته در فرهنگ کردی". نورالدین رحیمی. گۆڤاری کرماشان. دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس. ژمارەی یەکەم. ١٣٨٨ک.ه.. ل٧٥-٨٠.**

**٩- وتاری "ڕەشبەڵەکی کوردی و دابە لەبیرکراوەکان". علی اسماعیل زادە. گۆڤاری مەهاباد. ١٣٨٨ک. ه.. ژمارەی ٩٧. ل٢٤-٢٥.**

**١٠- وتوویژی نووسەر لەگەڵ نووسەران، توێژەران، سەماکاران، هونەرمەندان و... تاد.**



*** بەکالۆریۆس میوزیک. توێژەری میوزیک، هەڵپەڕکێ، هونەری منداڵان.**

# نایە و ڕەسەنایەتی

ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)

یەکێک لەو پێنج هەستەی لە مرۆڤدا هەیە و چێژی ڕوحی و جەستەیی پێ دەبەخشێ، چێژی بیستنە، مرۆڤ لە ڕێگای هەر کام لەو هەستانەوە هەست بە جۆرێک خۆشی و حەز و تەزووی شیرین دەکات و جەستە و ڕوحی دەکەوێتە سەر باڵی نەرمە ختووکەیەکی شیرین، کە ڕەنگە بە زمان و نووسین بەیان نەکرێ. جا ئەو هەستەش لە ڕێگای دیتن و بۆن کردن و چێشتن و دەست لێدان و بیستنەوەیە و هەر کامەیان بە شێوەیەک ڕوح و جەستە دەخەنە ژێر کاریگەریی خۆیان و بە چێژی تایبەتیی خۆیان تاسەی مرۆڤ دەشکێنن.

زۆرجار گوێ لە گۆرانییەک، یان پارچە مۆسیقایەک دەگرین و وەها لەگەڵیدا دەفڕین و ئاوێتە دەبین، کار لە گیان و جەستەمان دەکات و مووچڕکێکی شیرین سەر تا پامان دادەگرێ، پێستی لەش مێروولە دەکات و مووەکان بژ دەبنەوە. ئەمە چییە؟ ئاوامان لێ دەکات؟ بێجگە لەو چێژی بیستنەی کە لە ڕێگای گوێچکەوە لە ڕوح و جەستەمان ئاژین کراوە. جاری وایە بە خوێندنەوەی شیعرێک، یان چیرۆکێک ئەو هەستەمان لە لا دروست دەبێ. دیارە خوێندنەوەی شیعریش، یان بە شێوەی بیستنە لە ڕێگای گوێچکەوە، یان دیتنە و لە ڕێگای چاوەوە دەیخوێنینەوە. ئەم هەستانەی لە جەستەی مرۆڤدا هەن هەموویان پێکەوە گرێ دراون و سەری داوەکەش بە ڕوحەوە لکاوە.

جۆرج سانتایانا نووسەری کتێبی «هەستی جوانی» سەرنجمان بۆ لای هەستی پێنجینە ڕادەکێشێ. ئەو دەڵێ: لە هەموو جۆرە هەست کردنێکدا، ئەوەی دەبێتە هۆی ئەو چێژ وەرگرتنە، دوو هۆکاری سەرەکین کە دەکرێ لێکیان هەڵاوێرین:

١- دۆزینەوەی سەرچاوەی چێژ. ٢ - ئەو هەستەی

چێـژەکەی لێ وەردەگـرین. کـە لەمـەڕ سێ هەسـتـەکـەی چێشتن و بۆن کردن و دەست لێدان، بەو شێوەیە و دەبێ هەردووکیـان پێکەوە بن و چێـژەکـە ببـەخشن. بۆ وێنە؛ کـاتێـک خـواردنێکی بەتام دەخـوین، بێـجگە لەوەی تامـەکـەی لە ڕێگای زمـانەوە وەردەگـرین کـە هەسـتی چێشتن لە زماندایە، بۆنەکەی و دیتنەکەشی چێژمان پێ دەبەخشێ. ئەم تایبەتمەندییە هەستی بۆن کردن و دەست لێـدانیش دەگـرێتـەوە. ئەم چێـژانەش دیارە چێـژی جەستەیین. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ چێژێک کە بە هۆی ناسینی جوانییەوە ڕوح و جەستەمان دادەگرێ، لەگەڵ هەمـوو هەسـتـەکـانی دیکەدا جیـاوازە، هەر بۆیە وشـەی جـوانی تەنیـا لەو شوێنانەدا بە کـار دێنین کە لە ڕێگەی هەسـتی بیـستن و دیتنەوە پێی دەگـەین. ئەوەی ئەم دوو هەسـتـە لە سێ هەسـتـەکـەی دیکە جـیـا دەکـاتەوە، جیـاوازییـە لە بواری هەسـتی چێـژ وەرگـرتندا، کـاتێـک چاومـان بە جـوانییـەک دەکـەوێ، یان گـۆرانی و پارچە مـۆسـیـقـایەک دەبیـسـتین، لە ڕێگای بیـستن و دیتنەوە هەستی پێ دەکەین، بەڵام چێژەکەی نەک لە گـوێچکە و چاوماندا، بەڵکو لە ڕوح و زەینماندا هەست پێ دەکەین. هەست کـردنی ئێـمـە بە جـوانی و وەرگـرتنی لە ڕێگای زەینەوە لێرەدا مـتـوربە دەبێ. کە وایە دەبێ بڵێین هەست کـردن یەکـەم هەنگاوە بۆ نـاسـینی چێـژ وەرگـرتن، کـە بەشێـک لە سـەرەکـیـترین پێـداویسـتـییـەکـانی ڕوحی و مەعنەویی مرۆڤە.

مـۆسـیـقـا وەک دەزانین بەشـێکی سـەرەکی لە ژیانی ئێمەی داگرتووە و مرووشکێنی ڕوحی تاسەباری مرۆڤە. ئەوەش کـە مـۆسـیـقـا بژێوی گـیـانی مـرۆڤـە نکـوڵـیی لێ ناکرێ. هیـچ کـەس نیـیـە لە بیـست و چوار سـەعـاتی ڕۆژانەیدا، تەنانەت ئەگەر بۆ چەند چرکەش بێ، گوێ لە مۆسیقا و ئاواز و گۆرانی نەگرێ. جا لە دەنگی مەل و زیندەوەرانەوە بگرە تا ئامێرە مۆسیقاییەکان و گۆرانی و حەیران و بالۆرە و لاوک، یان زەنگی مۆبایل، هەر کام بە شێـوەیەک لەگـەڵ ژیانی ڕۆژانەی ئێـمـەدا ئاوێتـە بوون و ناتوانین حـاشـایان لێ بکەین، یان خـۆیان لێ بدزینەوە. مـۆسـیـقـای هەر وڵات و نـاوچەیەک، چونکە بە پێـی سـروشت و جـوگـرافـیـای زمـانـی و فـەرهەنگی سـەری هەڵداوە، کوتومت وەک ئەو گیاو گژ و دار و درەختە وایە کە لەو خـاک و ئاو و هەوایەدا ڕواوە و گەشـەی کردووە، چونکە تارە دەنگییـەکـانی گـەروو بە پێی ئاو و هەوای ناوچەکـە دەنـگ و زیلوبەمـەکـانیـان دەردەکـەوێ؛ ئەو ئامێرانەش کە لەو ناوچەیەدا دایانهێناون و کەڵکیان لێ وەردەگرن تەواوکەری دەنگ و تارە دەنگییەکانن لە کاتی چڕین و ژەنینی ئامێرەکاندا و دووپۆیان پێوە دیار نییە. هەر وەک ڕێواس و مەندێ و بیـزا و... لە گەرمیـان شین نابن، خورما و مۆز و پستەش لە کوێستان ناڕوێن، بۆیە گەرووی کەسێکی کرماشانی و خانەقینی بۆ حەیران نابێ و گەرووی کەسێکی پشدەری و موکریانی و هەولێریش بۆ هۆرە نابێ، چونکە مۆسیقاش لە ڕووی تارە دەنگییەکانی گـەرووەوە دروست کـراوە، تایبـەتی ئەو دەنگانەن و لێک دەوەشێنەوە. حەیران و بەستـەکان، چونکە بە شێوەیەکی ڕەوان و بە دەنگێکی کێشراو دەگـوترێن لەگـەڵ نایە زۆر باشتر دەگونجێن. لاوک و گۆرانیی کورمابەخشن، چونکە بەرز و نەوی بوون و برگـە برگـە بوونی دەنگ و قـوڕگی تێدایە لەگەڵ دیوان و باغلامە باشتر دێتەوە. یان ئاواز و ڕیتمە هیندی و بەلووچی و پاکستـانییـەکـان، چونکە بە شێوەیەکی کێشراو و نەپساوە لە گەروو دێتە دەرێ، نەی ئەنبـان لەو وڵات و ناوچانە دروست کـراوە و کـەڵـکی لێ وەردەگیرێ، یان ئاوازی فـارسی، بەتایبـەت مـەقامـەکان، چونکە قوڕگێکی چەهچەهە شێوەیە و برگە برگە لە گەروو دێتـە دەرێ، تار و سـەنتـوور و... سـازە سـیـمـییـەکـان لەگەڵی گونجاوترە و دایانهێناوە.

نایە ئامێرێکی بادییە و سۆزێکی بلاوێن لە دەنگیدا هەیە و جۆرێک هێنمایەتیی ڕوحی بە مرۆڤ دەبەخشێ. ئەو ڕەسـانـایەتی و نەرمی و سـۆزە گـەرمـەی لە نـایەدا هەیە، مـەگین لە نەیدا هەبێ، دەنا لە هیـچ کـام لە ئامـێـرەکـانی دیکەدا نییـە. ئەویش هی ئەوەیە پیکی نایەش لە قـامـیش دروست کـراوە و هەردووکـیـان ئەو سۆزەی قامیشەڵانیان (نەیستان) لە خۆیاندا هەڵگرتووە، بۆیە مەولانا دەفەرموێت:

**بشنوازنی چون حکایت میکند**
**از جدایی ها شکایت می کند**
**از نیستان تا مرا ببریدەاند**
**در نفیرم مرد و زن نالیدەاند**

یان مامۆستا هێمنی نەمر دەڵێت:

**نابێ قەت ناڵەی جودایی بێ ئەسەر**
**جا چ نەی بیکا چ پیاوی دەربەدەر**

**بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە**
**شیوەنێکم پێیە نەی نەیکردووە**

نایەش کاری لە هەست و سۆزی شاعیران کردووە و لە شیعرەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. مامۆستا حەقیقی لە شینی هەڵەبجەدا دەڵێت:

**بە جورعە و مورعە کار پێک نایە ساقی پڕ کە مینایە**
**بە قەد کێوی دەماوەند و سەهەندم خەم لە دڵدایە**
**بەهارە و لێی تەوەللایە گەشەی باخ و نەشەی بولبول**
**بەهارەو کەس لە گوێی نایە نەوا و ناڵەی دەف و نایە**

مرۆڤ بە پێی سروشت و جوگرافیا و ژینگەی تایبەت بە خۆیان بۆ ئەو هەست و ویستە دەروونییەی خۆیان ئامێری مۆسیقاییان داهێناوە و ڕوحی خۆیان و کۆمەڵگاکەیان پێ لاواندووەتەوە. یەکێک لەو ئامێرانەی کە تێکەڵ ژیانی ئێمەی کورد بووە و لە هەموو بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەماندا ئامادە بووە و چێژی پێ بەخشیوین نایەیە. نایە، نەرمەنای، یان باڵەبان کە بە پێی ناوچەکان ناوەکەی جیاوازە.

نایە لە قەدیمەوە لە نێو ئێمەدا بووە و لە شادی و ئاهەنگ و زەماوەندەکانمدا یاریدەدەری گۆرانیبێژ و شایەرەکان بووە و شاباڵێکی بە هێزیش بووە بۆ حەیرانبێژ و بەیتبێژەکان و زۆربەی بەیت و حەیران و لاوکەکانی ئێمە بە دوو باڵی دەنگی بێژەر و زایەڵەی نایە، هەتا ئەم سەردەمە فڕیون و لە ڕوح و گیانی خەڵکی ئەم چاخەدا هێلانەیان چێ کردووە.

نایە لە نێو تورکەکان و کورد و ئەرمەنییەکانی ئێریڤانیش هەیە و کەڵکی لێ وەردەگیرێ. نایە لە کوردستان گرنگییەکی بەرچاوی پێ دراوە و زۆر بە گەرمی وەرگیراوە و خەڵکی چێژیان لێ وەرگرتووە. ژەنیارەکانی ئەو ئامێرە مۆسیقاییە لە کۆنەوە لە کوردستاندا زۆر بوون، بەڵام بەداخەوە بە هۆی نەبوونی کەرەستەی تۆمارکردن لە بیر چوونەتەوە. یەکێک لە بەساڵداچووترین ژەنیارەکانی ئەو ئامێرە کە ئێستایش ماوە، قودرەت ئاغاییە کە ئەویش لە مام عەلی باوکییەوە فێر بووە. چەند کەسی دیکەش بە ناوی خدری ئەڵڵا، ڕەزای شامراد، کانەبی، کاکە مینەی سەقزی، نایبە پیرەی بلّواناوا، یەدوڵڵا، عەبدوڵڵا شەریعەتی، عەزیز نەجەفی، ئەکبەر یەزدانی، لە بواری هونەری نایە و دووزەلەدا خزمەتیان کردووە. عوسمان محەممەدی (عوسمانە سوور)یش دیارە ژەنیارێکی خاوەن توانستە و وەک خۆی دەڵێ لەلای قالەمەڕە بە شمشاڵ دەستی پێ کردووە، پاشان ڕووی کردووەتە ژەنینی نایە و بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی، خۆی پێگەیاندووە و ئێستا یەکێک لە ژەنیارە بەناوبانگەکانی کوردستانە.

نایە هەتا چەند ساڵ لەمەوبەر تەنیا لە شایی و ئاهەنگەکاندا ئامادە دەبوو و خەڵکی پێیان وابوو تەنیا بە کاری شایی دێ، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا نایە چووە ڕیزی ئامێرەکانی دیکەی مۆسیقا و لە ئۆرکێستراکانیشدا جێی خۆی کردەوە.

بە خۆشییەوە ئەو ئامێرە ڕەسەنە لە لایەن لاوەکانیشەوە پێشوازیی لێ کراوە و هونەرمەندی گەنج و خاوەن توانایی و پەنجە ڕەنگین مەنسوور بەهرام بەگی بە شێوەیەکی زانستی لەو بوارەدا کار دەکات و بە دروست کردنی چەند جۆر نایە و تێکردنی کونی زیادی، بۆ ژەنینی هیچ هەوا و ئاوازێک دانامێنێ و نایە لە سەر دەستی ئەو بەڕێزە بووەتە ئامێرێکی زانستی و بێ کەموکوڕی و بەبێ هیچ گرفتێک دەتوانێ لە ئۆرکێسترا سەمفۆنیکەکاندا بەشداری بکات و شان بە شانی ئامێرە زەربی و سیمی و بادییەکانی دیکە بڕواتە پێشێ. کاک مەنسوور بەهرام بەگی بێجگە لەوەی ژەنیارێکی خاوەن تواناییە، کەسێکی دڵسۆز و ڕوحسووکیشە و لە هەمبەر مۆسیقای وڵاتدا هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکات و بە دانانی فێرگە و یانەی هونەری دەیان کەس لە لاوەکانی بەرە و ئەو هونەرە ڕەسەن و چێژبەخشە ڕاکێشاوە و هانیان دەدات.

**تێبینی: ئەم بابەتە لە یەکەم فیستیڤاڵی نایە ۱۱ و ۱۲ی پووشپەڕی ۱۳۹۲ لە شاری بۆکان خوێنرایەوە.**

**ژێدەر:**


*** کۆلکەزێڕینە، دیوانی شیعر، عەبباس حەقیقی، چاپی یەکەم ۱۳۷٤ انتشارات سەلاحەدین ئەیووبی، ورمێ**

*** ناڵەی جودایی، هێمن، چاپی یەکەم چاپخانەی سەیدیان مەهاباد**

*** فصل نامەی تخصصی شعر/ شمارەی یازدهم و دوازدهم/ ۱۳۸٦ تهران**

*** مثنوی معنوی/ مولانا جلالدین محمد بلخی/ چاپ ششم/انتشارات گلی ۱۳۸۷.**

# مارتن هایدگەر

هاشم سەڕاج

کتێبی «مارتن هایدگەر».. وێڕای بابەتێکی مارتن هایدگەر لە بارەی «دارستانی ڕەش»ەوە، شەش وتاری دیکەی سەبارەت بە تێز و بیرکردنەوە و فەلسەفەی ئۆنتۆلۆژی «مارتن هایدگەر ١٨٨٩-١٩٧٦» لەخۆ گرتووە، کە بریتین لە نووسینی ئەم بیرمەندانە گی باسیت، میشیل هار، هانا ئارنت، یۆرگن هابر ماس، ڕۆدۆلف ئەگستاین، کیۆرک فۆلڤ.

ئیسماعیل کوردە ئەم کتێبەی لە شێوەی دۆسێیەک دەربارەی هایدگەر لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی.

لە پێشەکییەکی کورتدا، ئیسماعیل کوردە ئەمە دەدرکێنێت کە [کتێبی هایدگەر بەم شێوەیەی ئێستا لەبەر دەستاندایە ڕای کۆمەڵێک بیرمەندە لەسەر تێز و فەلسەفەی هایدگەر، هەروەها دەڵێت شێوەی کتێبەکە وەک دۆسێیەکی تایبەت وایە لەسەر فەیلەسووفی سەدەی بیستەمی ئەڵمانی..] من بەش بەحاڵی خۆم لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵ دەدەم پوختەی بابەتەکانی ئەم کتێبە بخەمە ڕوو.

مارتن هایدگەر لە ٢٦ی ئەیلوولی ساڵی ١٨٨٩ لە مسکیرج لە دایک بووە، باوکی پیاوێکی ئایینی کلێسای مارتن و دایکی یوهانا کامف لە خێزانێکی جووتیار بوو.

هایدگەر ساڵی ١٩٠٣ دەچێتە پەیمانگەی کلاسیکی لە کۆنستانس، فێری زمانی ئینگلیزی دەبێت، «سیباستیان هان»ی مامۆستای دەڵێت: هیچ کەسێک لەزمانی یۆنانی پێی نەدەگەیشت. ساڵی ١٩٠٦ ئامادەیی تەواو دەکات و بڕوانامەی بە کەلۆریۆس بەدەست دەهێنێت، ساڵی ١٩٠٧ ڕاڤەکردنێک بۆ لێکۆڵینەوەکەی «فرانزبرانتینۆ» دەربارەی فرە چەمکی لای «ئەرستۆتالیس» دەست پێ دەکات، ئەم خوێندنەوەیە لە بنەڕەتدا پرسیارگەلێک بوو سەبارەت بە چەمکی «بوون». وای لە هایدگەر کرد. بە درێژایی تەمەنی لەگەڵیدا بژیت، ساڵی ١٩٠٩ تا ١٩١١ کۆلێژی لاهووتی و دواتر کۆلێژی زانستی تەواو کرد، لەو ماوەیەدا بەرهەمی ئەم فەیلەسووف و شاعیر و نووسەرانەی خوێندەوە، باسکاڵ، هیگڵ، نیتشە، شیلینگ، هۆسرل، دەیستۆیڤسکی، هۆڵدەرلین، ڕیلکە، تراکل، وێڕای ئەمانەش



هایدگەر بەدرێژایی تەمەنی خوێنەری بەردەوامی نووسەرە نوێگەر و کلاسیکییەکانی گریک بوو.

ساڵی ١٩١٥ وەک مامۆستای یاریدەر لە زانکۆی فرایبۆرگ دادەمەزرێت و ساڵی ١٩١٧ ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ -ئەلفریدە باتری- قوتابی دەروونناسی پێکدەهێنێت. ساڵی ١٩٢٢ لە «دارستانی ڕەش» کتێبی «بوون و زەمان» تەواو دەکات و پێشکەش بە «هۆسرل»ی مامۆستای دەکات و ساڵی ١٩٢٨ کاتێک هۆسرل خانەنشین دەکرێت، هایدگەر جێگای دەگرێتەوە، ساڵی ١٩٣٦ هایدگەر وانەگەلێک لەسەر هۆڵدەرلین و شیلینگ و نیتشە دەڵێتەوە و وانەکانی لە بارەی نیتشە تا ساڵی ١٩٤٠ بەردەوام دەبێت، ساڵی ١٩٤٦ وانەیەکی دیکە بەناوونیشانی شاعیران بۆچی؟ پێشکەش دەکات، لە ٢٦ی ئایاری ساڵی ١٩٧٩ لە فرایبۆرگ کۆچی دوایی دەکات.

بە بۆنەی مەرگی «هایدگەر»ەوە «ڕنیێ شار» شیعرێک دەنووسێت و دەڵێت: ئەم بەیانییە هایدگەر مرد.. دارستانی ڕەش ئەو شوێنە دڵگیرەیە کە هایدگەر خانووە لادێیە بچووکەکەی تێدا دروست کرد و خۆشی کاری لە ڕۆنانی خانووەکەدا کرد، لای دۆڵی «تودناو» نزیک «فلد بارگ» ئەو شوێنەی کە بەهۆی ئارەزوومەندانی خلیسکانی سەر بەفر ناوبانگی دەرکردبوو، لە ئاسمانە ڕوونەکەی دارستانی ڕەش هەڵۆکان بەرز دەبنەوە و بازنەی گەورە گەورە دەکێشن. هایدگەر لەم شوێنەدا بە شێوازێکی شیعرگەرایی لە بەرزی چیاکان و پتەوی تاشە بەردە دێرینەکان دەدوێت و هەست بە گۆڕانکاری وەرزەکان دەکات و دەڵێت: کاتێک لە شەوە قووڵەکانی زستان گەردەلوولی بەفرین بە دەوری ماڵەکەدا دەتەقێتەوە و هەرچی لەو دەوروبەرەیە دایدەپۆشێت و هەموو شتێک لەگەڵ خۆی دەبات، ئەو کاتە زەمەنی فەلسەفە دەست پێ دەکات.

هایدگەر لەم نووسینەیدا سەبارەت بە دارستانی ڕەش کە شوێنگەی سرووش بەخشی بووە، جۆرێک لە جیاکاری لەنێوان گۆشەگیری و تەنیایی دەخاتە ڕوو، دەڵێت.. هەندێک جار شارییەکان سەریان لە گۆشەگیری درێژخایەنی من لە چیاکان و لەنێوان جووتیاراندا سوڕ دەمێنێ و سەرسام دەبن، بەڵام ئەو ژیانەی تێدا دەژیم گۆشەگیری نییە، بەڵکو تەنیاییە، لە شارە گەورەکاندا و لە هەر شوێنێکی دیکە زیاتر و ساناتر لەتوانایی مرۆڤدایە گۆشەگیر بێت، کەچی ناتوانێت بە تەواوی تەنیا بێت، هایدگەر لەم نووسینەیدا بە وردی باسی دڵپاکی و زمانپاراوی جووتیار و شوانکارەکان دەکات، ئاماژە بە مەرگی ئەو پیرێژنە جووتیارەش دەدات کە لە بەرزایی چیاکاندا سەری نایەوە.. دەڵێت.. هەندێک جار قسەی لەگەڵ دەکردم، لە میانەی ئەو قسانەشەوە چیرۆکە کۆنەکانی لادێ سەرلەنوێ دەردەکەوتنەوە، لە زمانە بەهێز و واتا بەخشەکەشیدا زۆر لە وشە کۆنەکان و ئەو پەندە زۆرانەی پاراستووە کە لە زمانی نوێدا ون بوون و گەنجانی ئەمڕۆ ناتوانن درک بە ماناکانیان بکەن.

هایدگەر لە بەشێکی دیکەی نووسینەکەیدا لە حاڵەتی بێدەنگییەکی ڕەها دەدوێت بە تایبەتی ئەو چرکەساتانەی لەگەڵ جووتیاران بەیەکەوە دادەنیشتن.. دەڵێت: ئێواران لە ساتەوەختی پشوودا لەگەڵ جووتیاران لەسەر کورسییەکی نزیک سۆپاکە و لە دەوری مێزەکە دادەنیشتم و لەوێ لە سووچی میهرەبانییەوە لە زۆربەی کاتەکاندا هەرگیز قسەیان لەگەڵ ناکەم، ئەوانیش هەروا، ئێمە لە بێ دەنگیدا نێرگەلە دەکێشین، لەوانەیە ناوە ناوە وشەیەکمان لێ بچۆڕێت: با بڵێین داربڕین لە دارستانەکەدا بەرەو کۆتایی دەچێت.. «گی باسیت» لە بابەتێکدا بەنێوی هایدگەر و گەڕانەوە بۆ گریک، هایدگەر دەسپێکی کتێبی «بوون و زەمان»ی دوای پێشکەش کردنی بە «هۆسرڵ»ی مامۆستای بە دێڕێکی ئەفلاتوون کردووەتەوە و مەبەستی ئەوەیە کە چەمکی بوون و زەمان سەرەتا لە لایەن فیکری گریکییەوە خراوەتە ڕوو کە هەریەک لەم فەیلەسووف و بیرمەندانەی خوارەوە بەشێوەیەک لە شێوەکان لەم بابەتە دواون، هێرۆکلیتس، بارمینیدس، ئەنکسیمەندریس، ئەفلاتوون، ئەرستۆتالیس، هەروەها زینۆن، سۆفیستەکان، ڕواقییەکان، ئەپیکۆرییەکان، ئەفلۆتین، بەڵام هایدگەر هەوڵی دەدا لە ڕێگەی ئاراستەیەک ئاسۆ و ڕووناکییەکان جێگیر بکات، گی باسیت پێی وایە: لای هایدگەر ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ فیکری گریکی یەکێک لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکان بووە، چونکە فەیلەسووفەکانی گریک هەریەک بە شێوە و بۆچوون و

تێگەیشتنێک لە بابەتی بوون و زەمان دواون، بۆ نموونە «زینۆن» بابەتی زەمەن و فەزا دەخاتە ڕوو، بەڵام بە تێگەیشتنێک هەرگیز ڕێگە بە خستنەڕووی، یان ڕوونکردنەوەی شتەکان نادات، دواتر فیکر لای زینۆن دەگۆڕێت و لەو پایەیە نزیک دەبێتەوە کە هەریەک لەهیرۆکلیتس و بارمینیدس پێی گەیشتن، یان سۆفیستەکان وابەستەی بابەتی زمان دەبن کە لەبنەڕەتدا پێوەندییەکی توندوتۆڵی بەبوون «وجود»ەوە هەیە، هەروەها زانستی ئاکار بۆ یەکەم جار، هاوشانی لۆژیک و فیزیک لە قوتابخانەی ئەفلاتوون دەردەکەوێت.

گی باسیت لەم نووسینەیدا ئەم پرسیارە دەورووژێنێت کە بۆچی گریک بەردەوام لە فیکری هایدگەردا ئامادەیی بەردەوامی هەیە؟ بەڵام هایدگەر دەنووسێت «بیر لە سەرەتای فەلسەفە دەکەینەوە» گریک بەو مانایە دەنگێکی جیاوازی هەیە لە بەرانبەر دەنگی «لاتینی» و «ئەڵمانی» و «ژاپۆن»ییەکان، یان بە شێوەیەکی دیکە «هێرۆکلیتس و بارمینیدس» وەک دوو فەیلەسووف لە فیکری هایدگەردا زەمینە بۆ دەرکەوتن و کرانەوەی وجوودی فەلسەفی خۆش دەکەن.

لێرەدا ڕووبەڕووبوونەوەی هایدگەر لەگەڵ گریک دەبێتە گەڕان بەدوای بنەماکانی فەلسەفە، نەک شتێکی جیا لەمە. لە کۆتاییدا گی باسیت وای بۆ دەچێت کە هایدگەر هەوڵی داوە بە جەوهەری فیکری گریکی بگات، بەڵام «میشێل هار» لە بابەتێدا بە ناوونیشانی هایدگەر و شیعر.. زۆر بە وردی لە شیعر و زمان و بنەچەی هونەری دەدوێت و ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە خوێندنەوەکانی هایدگەر دەکات بۆ تێکستەکانی هەریەک لە هۆڵدەرلین و ڕیلکە و تراکل.

هایدگەر کار لەسەر سێ بواری بەیەکەوە و گرێدراوە دەکات، کە بریتین لە کاری هونەری و زمان و پیرۆزگەرایی، قەسیدە لای هایدگەر کاری هونەرییە و ڕەگەزەکەی زمانە کە پیرۆزگەرایی بەرەو باڵایی دەبات، هەروەها هایدگەر چۆن ئەوە ڕەت دەکاتەوە، لەسەر قەسیدەی گەڕانەوە بەرەو خودێتی شاعیر، یان بۆ ئەزموونی زیندوو، یان بۆ مێژووی کەسینی خۆی؟ زمان چۆن دەتوانێت قسە بکات، یەکەم جار قسە لەسەر خۆی بکات، بەر لە شاعیر؟ یان ئەو شتە چییە کە کاری هونەری لە «ئامێر» جیا دەکاتەوە، یان کە قەسیدە لە ڕیکلامێک جیا دەکاتەوە؟ لای هایدگەر کاری هونەری خوڵقاندن و هەڵقوڵانە لە سەرچاوە ڕەسەنەکان، کاری هونەری لە ڕێگەی گوزارشتەوە ئاگاییمان بۆ قووڵایی هەستەکان ڕادەکێشێت کە بەهۆی ئەو بەرژەوەندییەی لە پێناویدا بەکاردێت لە بیرکراون، هەروەها هایدگەر هەوڵ دەدات دەربارەی ئەو قووڵاییە هەستەکییە و لە ڕێگەی چەمکی «زەوی» بیر بکاتەوە، ئەوەی کاری هونەری دەیەوێت. ئەوەش کە لە ڕێگەی کشانەوەی دەری دەخات ناومان ناوە زەوی، ئەو بەردەکان و دارەکان و کانزاکان و ڕەنگەکان و دەنگەکان و وا لێ دەکات ڕوح بدەن و پڕ لە جووڵە بن، کاری شیعریش بەشێوەیەکی تایبەت سەدای زمان ڕوون دەکاتەوە، هەروەک توانایی و هێزی ناونان لە وشەدا دەخاتە ڕوو، ئەو کاتێک ئەو هێزە ڕەسەنەی ناونان دەردەخات، ئەو هێزەی کە لە بنەڕەتەوە بۆ شاعیر نا، بەڵکو بۆ زمان دەگەڕێتەوە، کەچی شیعر ئەوە دەردەخات کە لە زمانی سادەدا ونە، یان ئەو زمانەی کە خەڵک تەنیا وەک کەرەستەیەکی گفتوگۆ بەکاری دێنن، هەموو شیعرێک جەوهەری خۆی دەڵێت، لە هەمان کاتدا جەوهەر ڕوونکەرەوەیە بۆ ئەو زمانەی کە قەسیدەی ڕەسەنە، قەسیدە هێز و توانایی خۆی نیشان دەدات لە ئاستی دەرخستنی شتەکان و ئاشکراکردنی دنیا، ئەوەشە بارستایی زەوی و توانایی دامەزراندنیان پێ دەدات، میشێل هار بەم شێوەیە لە نووسینەکەیدا بەردەوامم دەبێت و دەڵێت هایدگەر شیعر دەڵێت: زمانی ڕەسەن-ی خەڵکە، ئەو زمانەیە کە ئەو کەڵەکە بوون و فرەبوونە سەرەتاییە دەگێڕێتەوە کە زمانی لێ پێکهاتووە و لە بێدەنگیدا گەیاندوویەتییە کرانەوە، شیعر ناونانی دامەزراندنە بۆ هەر بوونەوەرێک و بۆ جەوهەری هەموو شتێک، قسەیەکی دەمارگیرانە نییە.. لێرەوە هایدگەر ئەو لێک جیابوونەوەیەی کە لەنیوەی ڕێگەدا شیعر دەخاتە نێوان کرانەوەی ڕەسەن و زمانی ڕۆژانە شیعر دەست لەسەر زەمینی زمان دەدات، زمانیش وا دەردەکەوێت، کە زەمینە، یان بنچینەیەکە، قەسیدەش هەموو ئەو شتانەی کە زمان بە کراوەیی جێیان دەهێڵێت، دەیانکاتە ڕێگە پێدراو و بینراو، هایدگەر جەخت لە خۆی دەکاتەوە بۆ لابردنی دیاردە

«هەستەکییەکان»ی زمان، مەبەست لە ڕێگە پێدراو و بینراوەکان لە میتافیزیکای هەستەکی و لە فینۆمینۆلۆژیایە، کاتێک وتەی شیعری زمان توانایی بەسەرکرانەوەدا بەرهەڵا دەبێت، ئەوە تەنیا دەنگەکان و نیشانە و ئاماژەکان بەدەرناخات، بەڵکو ڕەهەندی بنەڕەتی جێگیربوونی مرۆڤ دەردەخات، وشە بە مانای هەستەکییەکەی فراوانی فەزای یارییەکانی نێوان زەمین و ئاسمان دەپێوێت، زمانیش ئەو مەیدانە بەکراوەیی دەهێڵێتەوە کە تێیدا ئەو مرۆڤەی لەسەر زەمین و لە سایەی ئاسماندا، لەماڵی دنیا نیشتەجێیە، دەنگدانەوەی مادديیانەی دەنگی شیعری جۆری ئەو پێوەندییە دەردەخات کە زەمین و جیهان بە یەکەوە گرێ دەدات.

میشێل هار بەم شێوەیە بەردەوامم دەبێت و هێدی هێدی ڕوانینی هایدگەر بۆ شیعر دەخاتە ڕوو، دەڵێت دەکرێت بڵێین شیعر تەنیا لە مۆسیقای زمان و توانایی ڕەسەنەکەی لە ئاشکرا کردندا تەواو نابێت، بەڵکو لە وێنەشدا بەرجەستە دەبێت، هایدگەر دەڵێت جەوهەری وێنە ئەوەیە کە وامان لێ بکات شتێک ببینین، وێنەی شیعری ژیانی ڕۆژانەمان نیشان دەدات، وەلێ بە شێوەیەکی نامۆ نیشانمان دەدات، بەشێوەیەکی نابینراوانە، یان غوربەتیانە، بەڵام غەریب چییە؟ تەنیا ئەو شتە سەرسوڕهێنەر و سەرقاڵکەرەی فیکر نییە، بەڵکو بە تەواوی شتێکی دیکەیە، ئەویش کشانەوەی بوونەوەر و موقەدەسە کە «خودایە» وێنەیەکە ڕاڤەناکرێت، بەڵکو ڕووبەڕووی ناکاوی غوربەت دەبێتەوە، خودا وەک هۆڵدەرلین دەڵێت، ڕوونە وەک ئاسمان، ئاسمان وێنەی خودایە، نەک وێنەی وێکچوونی ئەو.

بابەتێکی دیکەی ئەم کتێبە نووسینێکی «هانا ئارندت»ە.. بەناونیشانی «هایدگەر پاشای نهێنی فەلسەفە».. تێیدا دەڵێن: لە هەمان ئەوکاتەی هایدگەر ئاهەنگی لە دایکبوونی هەشتا ساڵەی خۆی تێدا دەگێڕا، ئاهەنگی پەنجا ساڵ تێپەڕینیشی بەسەر بەدەستهێنانی پیشەی مامۆستایی لە بواری فەلسەفەدا گێڕا.. هانا ئارندت بە شێوازێکی ئاماژەیی لە ڕەوشی ئەکادیمیای ئەڵمانی و ساڵی ١٩١٩ دەدوێت، یان ئەو ساڵەی کە هایدگەر وەک مامۆستای فەلسەفە لە «فرایبۆرگ» دامەزرێنراو، هاتە نێو ژیانی ئەکادیمیاوە، لەکاتێکدا نێوبانگی هایدگەر لە کتێبی «بوون و زەمان» کۆنتر بوو، کە ساڵی ١٩٢٧ بڵاوبووەوە، هایدگەر سەبارەت بە شۆرەت و ناوبانگ هیچ شتێک نەبوو پشتی پێ ببەستێت، بێجگە لەو تێبینییانەی کە قوتابییەکانی تۆماریان دەکرد، هایدگەر لە کاتی وانە وتنەوەدا شاکارە جیهانییەکانی شرۆڤە دەکرد و لێکدانەوەکانیشی لە هیچ تیورێکی تایبەتییەوە سەرچاوەی نەدەگرت، هایدگەر، بێجگە لەناوێک چیتر نەبوو، بەڵام ناوێکی گەڕیدە کە لە سەرتاسەری ئەڵمانیادا سەفەری دەکرد و وەک پاشای نهێنی فەلسەفە ئاگاداری دەکردینەوە، هایدگەر بڕوای بە بازنە و بازنەکاری و پێشەنگایەتی نەبوو، لە ماوەی یەکەمین جەنگی جیهانیدا وەڕسی و بێزارییەکی توند باڵی بەسەر زانکۆکانی ئەڵمانیادا کێشابوو، ئەم حاڵەتە کاری لە زۆربەی بیرمەند و مامۆستایانی فەلسەفە کرد، لە هەمان کاتدا ئەم حاڵەتە تراژیدییە، لای هەندێک لە بیرمەند و مامۆستایانی فەلسەفە جۆرێک لە یاخیبوونی دروست کرد، هۆسرل گوتی: با لایەنی تیوری و کتێب جێ بهێڵین و فەلسەفە بەو شێوەیە وەربگرین کە زانستێکی وردە و لە پاڵ زانستە ئەکادیمییەکانی دیکەدا شوێنی خۆی هەیە، لەگەڵ ئەوەی دەربڕینەکەی هۆسرل یاخیبوونێکی ئەوتۆی تێدا نەبوو، بەڵام شیلار Scheler و دواتریش هایدگەر پشتگیرییان کرد، دواتر لە «هێدلبارک» کارل یاسپرس وەکی یاخی بوویەک دەرکەوت کە پێوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ هایدگەر هەبوو، ئەم حاڵەتەش لە پرۆژە یاخیگەرییەکەی هایدگەرەوە سەرچاوەی گرتبوو کە دژی ئەو زیادەڕۆییەی ئەکادیمیای ئامادە کردبوو کە سەبارەت بە فەلسەفە ئەنجام دەدرا، چونکە هایدگەر لەو بڕوایەدابوو، کە فیکر زیندوویەتی خۆی گێڕاوەتەوە و قسە لەسەر ئەو گەنجینە ڕۆشنبیریانەی ڕابردوو دەکات کە ئێمە پێمان وابوو مردن و لەناوچوون، بۆیە هایدگەر: پێشنیاری بابەتی نوێتری دەکرد، بۆیە هانا ئارندت پێی وایە هایدگەر بەشێوەیەکی یەکلاییکەرەوە لە دیارکردنی نمای فیکری گشتی لە سەدەی بیستەمدا بەشداری کردووە و هێزی ئەو سیمایەش خۆی لە کرداری فیکرەکەدا دەبینێتەوە.

هایدگەر شت بە بیردەخاتەوە و لەو چالاکییە دوورەدا لە هەموو شێوەیەک لە شێوەکانی تێڕامان لە قوولاییەکاندا مەلە دەکات، بۆ ئەوەی ڕێگەی نوێ بکاتەوە و خۆیشی لە قوولاییدا نیشتەجێیە، هانا ئارندت پێی وایە هایدگەر خاوەنی شتێکی تایبەتە کە گرنگی پێ دەدات، یان شتێک هەیە و هانی دەدات و سووری دەکات لەسەر کارکردن، کەچی ئێمە ناتوانین ئەوە بڵێین کە ئەم جۆرە فیکرە ئامانجێکی هەیە، هایدگەر بەردەوام لە حاڵەتی کارکردندایە، هەتا ڕێگەی گونجاو بێت بە مانایەکی دیکە کردنەوەی ڕەهەندی نوێ، بێجگە لە بەدەستهێنانی ئامانجەکە، هایدگەر لەو ڕەهەند و قوولاییەی کە تەنیا بە فیکری خۆی کردبیەوە، ڕایەڵێکی گەورەی لە ڕێگەکانی ئەو فیکرە دامەزراند، ئەوەبوو کە بووە هۆی ڕووخاندنی هەرەمی ئەو میتافیزیکایەی کە لە ئارادا بوو، یان بەشێوەیەکی دیکە هایدگەر هەموو ڕەهەند و دەرەنجامەکانی میتافیزیکای لێکدایەوە، ئینجا وەک ڕووداوێک لە بنیادەوە بڕیاری ڕووخاندنەکەی ڕاگەیاند.

هانا ئارندت لەم نووسینەیدا چەندین بابەتی دیکەی فەلسەفیش دەوروژێنێت.. ئەم کتێبە وێڕای ئەو بابەتانەی کە پوختەیەکم لێ کورت کردنەوە. سێ بابەتی تریشی تێدایە یەکیان بەنێوی «هایدگەر و نازیبیەت» کە ناوونیشانی کتێبێکی نووسەری چیللی «ڤیکتۆر فارياس»ـە و لە پاییزی ١٩٨٧ بڵاوبووەتەوە، تێیدا پرسی ئەوە دەخرێتە ڕوو ئایا مارتن هایدگەر کەوتووەتە پاڵ بزووتنەوەی سۆسیال ناسیۆنالیستەکان و پشتیوانی لە سیاسەت و ڕوانینە فکرییەکانیان کردووە، دواتر کۆمەڵێک وتار دەخاتە ڕوو کە ئەو کاتەی هایدگەر ڕاگری زانکۆی «فرایبۆرگ» بووە، ئەو وتارانەی لەبەردەم قوتابیانی زانکۆی فرایبۆرگ خوێندووەتەوە، لە زۆربەی وتارەکاندا داکۆکی لە گەل و سوپای ئەڵمانیا و جەنگاوەران دەکرێت، هەروەها لە یەکێک لە وتارەکاندا ئاماژە بە مەرگی «ئەلبێر لیۆ شلاگتار»، یان ئەو قوتابییەی «فرایبۆرگ» کە وەک گەنجێکی ئەڵمانی بەر لە ١٠ ساڵ لە هێڵەکانی پێشەوەی شەڕ و لە پێشەنگی تابووری تۆپخانەدا گیانی لە دەست دا، یان بەشێوەیەکی دیکە ئەو بە پێوە و بەبێ چەک لە بەرانبەر تفەنگی فەرەنسیەکاندا مرد.. بابەتی دووەم گفتوگۆیەکی درێژە لەگەڵ مارتن هایدگەر ئەنجام دراوە و لە گۆڤاری «دیرشبیگڵ»ی هەفتەنامەی ئەڵمانی و لە ئایاری ١٩٧٦ بە چەند ڕۆژێک دوای مردنی مارتن هایدگەر بڵاوبووەتەوە، هایدگەر لەم دیمانەیەدا هەوڵ دەدات ئەو تۆمەتانە ڕوون بکاتەوە کە هەندێک کەس بە بوونی پێوەندی لەگەڵ «ڕایخی سێیەم» ئاراستەیان کردووە.

دوا بابەتی ئەم کتێبە نووسینێکی درێژی «یۆرگن هابرماس»ـە تێیدا هەم ئاماژە بەو گوتارە دەدات کە هایدگەر ساڵی ١٩٣٣ و لە کاتی دامەزراندنی بە ڕاگری زانکۆی «فرایبۆرگ» پێشکەشی کردبوو، ئەنجا لە مەسەلەی ئەنتلنجنسیای فاشیزم و ئەنتلنجنسیای نازیزم دەدوێت، هابرماس ئاماژە بە گوتارێکی هایدگەر دەدات کە تێیدا داوا لە گوێگرەکانی دەکات بۆ وجوودێکی قارەمانانە دژ بە ڕووخان و خراپی بار و گوزەرانی ڕۆژانەیی، تێیدا جەخت لەسەر هێز و هزر و ژیریی و بەهرە و مەشقکردن و بوێری دەکات، هابرماس لەم نووسینەیدا زۆر بە وردی کار لەسەر چەمکگەلێکی فەلسەفی دەکات و بەشێک لە فەلسەفەی هایدگەر ڕوون دەکاتەوە، بە تایبەتی بابەتی قوولی و ڕووکەشی و ڕەسەنایەتی و کۆمەڵێک بابەتی فەلسەفی دیکە، دواجار بەم ڕستەیەی خوارەوە کۆتایی بە بابەتەکەی دەهێنێت «پێم وایە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە لەگەڵ هایدگەردا دژی هایدگەر بیر بکەینەوە».

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: مارتن هایدگەر**

**نووسینی: مارتن هایدگەر، گی باسیت، میشیل هار، هانا ئارندت، یۆرگن هابرماس، ڕۆدۆلف ئەگستاین، گیۆرک فۆلف.**

**وەرگێڕانی بۆ کوردی: ئیسماعیل کوردە**


**بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٧٠٦**

**چاپی دووەم، هەولێر- ٢٠٠٨**

**دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.**

# ڕۆمانی (بەشی من)
# نموونەی ئەدەبی فیمینستی

ئارام سدیق
(سلێمانی)




**سەرەتا**

میلان کۆندێرا لەبارەی وەرگێڕانی کاری ئەدەبییەوە دەپرسێت: ئایا کاری ئەدەبی قابیلی وەرگێڕانە بەبێ کەموکوڕی هاوکات هەر خۆیشی دەڵێت: ئەگەر وەرگێڕانی پاک و ڕاستگۆمان نەبوایە، چۆن ئێستا ئەدەبێکی گشتیمان دەبوو؟ (کۆندێرا) زیاتر لەسەر ئەم بابەتە دەدوێت و دەنووسێت: هەموو جارێک دەوترێت وەرگێڕان وەکو ئاوێنەیەک وایە، یان ئەوەتا شتەکان وەک خۆی نیشان دەدات، یان جوانتری دەکات. من هیچ بۆچوونێک نابیم لەمە گەمژەتر بێت، هیچ وەرگێڕانێک جوان نییە تا ئەوکاتەی پاک و ڕاستگۆ نەبێت. دەکرێت کەسێک بڵێت ئەمە نابێت و مەحاڵە، چونکە هەموو وشەیەک لە زمانێکی دیاریکراودا هاومانایەکی نییە، بەڵام پێویستە وەرگێڕ بە هەر ڕێگەیەک بێت بۆ گونجاوترین وشە بگەڕێتەوە.

کۆندێرا بۆیە هێندە جەخت لەسەر پاکی و ڕاستگۆیی وەرگێڕان دەکاتەوە بەهۆی ئەوەوەیە، کە نموونەی دەیان وەرگێڕی نابەرپرسیاری لەبەرچاوە. ئەو نموونەی ڕۆمانی (بێ گوناهان- unschuldigen)ی بروخ دەهێنێتەوە، کە لە چاپە فەرەنسییەکەیدا بە (نابەرپرسەکان- Irresponsables) وەرگێڕدراوە. کۆندێرا پێی وایە بە گۆڕینی ئەم ناونیشانە مەغزای گشتی ڕۆمانەکە لەناوبراوە.

ئەگەر سەرنج لە ئێستای دۆخی وەرگێڕانی کوردی بدەین بەهۆی نەبوونی چاودێری و دەزگای تایبەتمەندەوە لەو بوارەدا تاڕادەیەک پاشاگەردانی بە دۆخی وەرگێڕانەوە دەبینرێت، بەڵام لەنێو ئەو پاشاگەردانییەشدا چەندین وەرگێڕی بەرپرس دەبینینەوە، کە هەوڵی جیدی و هەنگاوی جوانیان لە بواری وەرگێڕانی تێکستە جیهانییەکاندا هەیە. یەکێک لەو تێکستانەی لەم ماوەیەی ڕابردوودا خوێندمەوە و وەرگێڕانەکەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام ڕۆمانی (بەشی من)ی پەرینووش سەنیعی بوو، کە لەلایەن خاتوو (ڕووناک شوانی)ەوە وەرگێڕدراوە و دەزگای

چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس چاپی کردووە.

### ڕۆمانەکە

(بەشی من) باس لە کچێکی خوێندکار دەکات بەناوی (مەعسوومە)، کە عاشقی کوڕێک دەبێت بە ناوی سەعید. پاش ماوەیەک ڕازگۆڕینەوە کچەکە لەلایەن براکانییەوە پێی دەزانرێت و یەکەم بەرکەوتنی براکانی کچەکە و (سەعید) ڕوودەدات و تێیدا سەعید دارکاری دەکرێت و کچەکەش لە کونجی ماڵەوە زیندانی دەکرێت، ئەمە بێجگە لەوەی لە قوتابخانەش دەریدێنن. دەبێت ئەوەش بڵێم فەزای گشتی ڕۆمانەکە وڵاتی ئێرانە و بەگشتی دۆخی پاشکەوتووی کۆمەڵگەیەکی سوننەتی پانتایی گشتی ڕۆمانەکەی داگیر کردووە.

بنەماڵەی (مەعسوومە) بۆ کڕینەوەی زوو بە زووی ئابڕووی تکاوی بنەماڵە و بێ پرسکردن، کچە خوێندکارەکە دەدەن بە کوڕێک بەناوی (حەمید)، کە ئەندامی حزبی کۆمۆنیستە و دوای خەباتێکی زۆر بۆ ڕووخانی شا، پاشان بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەهۆگەلی سیاسی لە سێدارە دەدرێت. مەعسوومەی کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە، بێوەژن دەمێنێتەوە و ژیانی خۆی بۆ دوو کوڕ و تاقە کچەکەی تەرخان دەکات، لەو نێوەدا دەست بەخوێندن دەکات و خوێندنەکەی تەواو دەکات و لە فەرمانگەیەکی میریدا دادەمەزرێت.

پاش ساڵانێکی زۆر و دوای ئەوەی دوو کوڕەکەی ژن دەهێنن و کچەکەیشی لە سەروبەندی شووکردندایە، (سەعید)ی کۆنە خۆشەویستی مەعسوومە دەردەکەوێتەوە و پاش چەندین یەکدی بینین عەشقی کۆنینە سەرهەڵدەداتەوە و سەعید داوای پێکهێنانی ژیانی هاوسەری لە مەعسوومە دەکات، بەڵام ئەو لە دووڕیانێکدایە، کە پێویستە پرسوڕای نەوەکانی وەربگرێت و ئەو ڕازەیان بۆ بدرکێنێت. کاتێک ئەم ڕازە لای منداڵەکانی دەدرکێنێت دەبێتە مایەی گاڵتەجاڕی و ناتوانێت بەرگری لەخۆی بکات و لە دووڕیانی سەعید و منداڵەکانیدا ناچارانە منداڵەکانی هەڵدەبژێرێت و دووبارە عەشقە کۆنەساڵەکەی دەنرێتەوە چاڵ.

نووسەر بە وریاییەوە چیرۆکی عەشقی مەعسوومە و سەعیدی لە ڕۆمانەکەدا تێکەڵ کردووە، هاوشانیش ڕووداوە سیاسییەکانی ئەم ٤٠ ساڵەی دوایی کۆماری ئیسلامی ئێرانی لە هەناوی ئەو عەشقەدا تواندووەتەوە. بە جۆرێک نووسەر هەر دوو قۆناغی فەرمانڕەوایی شا و خومەینی وەکو دوو ڕووداوی سیاسی و مێژوویی لە ڕۆمانەکەدا تەوزیف کردووە، بەڵام تێمای سەرەکی ڕۆمانەکە درێژبوونەوەی ئەو عەشقە ناکامەیە کە لەوە دەچێت چارەنووسی عاشقە ڕۆژهەڵاتییەکان بێت.

### خۆشەویستی لە دووڕیاندا

ئەوەی لە چیرۆکی ئەم ڕۆمانەی (پەرینووش سەنیعی)دا بەری دەکەوین چیرۆکێکی نوێ و سەرنجڕاکێش نییە، بەو پێیەی دەتوانین لێکچوونێکی زۆر لەنێوان ئەم عەشقەی مەعسوومە و سەعیددا هەیە لەگەڵ ئەو چیرۆکی عەشقەی لە ڕۆمانی (خۆشەویستی لە زەمەنی کۆلێرا) دای گابریل گارسیا مارکیز ببینینەوە بە جیاوازی ئەوەی لەو ڕۆمانەی مارکیزدا دواجار دوو عاشقەکە لە کۆتاییەکانی تەمەندا بە یەکدی دەگەن، بەڵام لە (بەشی من)دا خۆشەویستییەکە هەر بە ناکامی دەمێنێتەوەو ناگاتە هیچ ئەنجامێک.

بەگشتی ئەوەی بایەخی ئەم تێکستە وەکو تێکستەکەی مارکیز لێدەکات ئەوەیە، پەرینووش تەوزیفی ئەو ڕوحە ڕۆژهەڵاتییەی لەنێو دەقەکەدا کردووە، بە جۆرێک دایکێک کە ساڵانێکی زۆر قوربانی بۆ نەوەکانی داوە، بەڵام نەوەکانی ئامادەنین قەبووڵی هێنانەدی خەونێکی ئاسایی دایکیان بکەن. ئەم دیدگە ڕۆژهەڵاتییە ئەوە تۆختر دەکاتەوە، کە هەرچەندە مۆدێرنە ئامادەیی لە ژیانی تاکەکاندا هەبێت و ڕوخساری هەموو شتێک گۆڕابێت، بەڵام کاری نەکردووەتە سەر ئەوەی دیدگەی ئینسانەکان بەرانبەر ئازادی و تاکبوونی خۆیان بگۆڕێت، هەر بۆیە تا ئەم دیدگەیە بمێنێتەوە عاشقەکان لە ڕۆژهەڵاتدا دەبێت لە قوربانیدان بەردەوام بن و قوربانی گەورەتر بدەن.

### ئەدەبی فیمینستی

ئەوەی تێکستێکی ئەدەبی دەکات بە ئەدەبێکی فیمینستی، بەتەنیا بوونی نووسەرێکی مێینە و هاوکات

پاڵەوانی مێینەی ناو تێکستەکە نییە، بەڵکو ئەوەیە، کە ئەو ئەدەبە تا چەند توانیویەتی گوزارشت لە ڕوحی مێینەیی چینێکی دیاری نێو کۆمەڵگە بکات. ئەدەبی فیمینستی ئەدەبێکە هێزی گوزارشتکردنی لە ڕەگەزی مێینە ون نەکردووە و هاوکات ئەو جیاوازییانە دەخاتە بەردەم خوێنەر، کە کولتوور و کۆمەڵگەکان دەیخەنە نێوان هەردوو ڕەگەز.

ئەگەر بمانەوێت ئەم ڕۆمانە پۆلێنبەندی بکەین دەتوانین (بەشی من) بخەینە خانەی ئەدەبی فیمینستییەوە، بەو پێیەی تەواوی ڕۆمانەکە کارکردنە لەسەر دنیای مێینە و پیشاندانی ڕوویەکی دیار و بەرچاوی ڕەگەزی مێینە لەنێو کۆمەڵگە و لێکەوتەکانی بە دنیای سیاسەت و هاوکات ئەو جیاوازییە ڕەگەزییانەی لەنێو خێزان و کۆمەڵگەدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. نووسەر زۆر بە وردبینی وێنەی ئەو حاڵەتانەی بۆ گواستووینەتەوە، کە مێینە هەرگیز بە خواستی خۆی ناتوانێت پۆشاک بپۆشێت، کە مافێکی سەرەتایی ئینسانە، بەڵکو ئەوە کۆمەڵگە و خێزانە ئەو سنوورەی بۆ دیاری دەکەن، کە لە کوێدا چی بپۆشێت و لە کوێدا قەدەغەیە ئەوە بپۆشێت و دەبێت جۆرێکی دیکە پۆشاک لەبەر بکات. نووسەر لەم ڕێگەیەوە دەیەوێت ئەوە بخاتەڕوو، کە تاکی مێینە لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکانی چەشنی ڕۆژهەڵاتدا، نەک ناتوانێت خۆی بڕیار لە ژیان و ئاییندەی خۆی بدات و هاوسەری ژیانی هەڵبژێرێت، بەڵکو لەوەش کەمتر سەرەتاییترین مافیشی زەوت کراوە، کە پۆشینی پۆشاکە.

ئەگەرچی مێژووی ئەدەبی فیمینیستی دێرین نییە، بەڵام بوونی ئەم ئەدەبە لەنێو وڵاتی ئێراندا نوێیە و دەتوانین ئەم ڕۆمانە و ڕۆمانەکانی (باڵندەکەی من، مانگ خەرمانەی داوە)ی فەریبا وەفی ئاماژە پێ بکەین، واتە لەگەڵ (پەرینووش سەنیعی)دا دەتوانین ناوی نووسەر و ڕۆماننووس (فەریبا وەفی) بهێنین، کە ئەویش بەرهەمەکانی دەکرێت وەکو نووسەرێکی فیمینیستی پۆلێنبەندی بکرێت.

**بەر لە کۆتایی**

ئەوەی لە دواجاردا پێویستە باسی بکەین ئەوەیە کە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا هەست بەوە دەکات وەرگێڕ لەو چەشنەیە کە (کۆندێرا) بە وەرگێڕانێکی پاک و ڕاستگۆی ناو بردووە و زمانە کوردییەکەشی هێندە جوانە زیادەڕەوی نییە بڵێین ڕۆمانەکە وەکو ئەوەیە کە بە کوردی نووسرا بێت، بەڵام ئەوەی وەکو تێبینی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە وەرگێڕ خۆی لەوە لەگەڵ وەرگێڕانەکەدا بواردووە بیبلۆگرافیایەکی کورتی نووسەر ئامادە بکات بەو پێیەی ئەمە یەکەم بەرهەمی ئەم نووسەرەیە کە دەکرێتە کوردی و خوێنەری کورد پێشتر بەر تێکستی ئەم نووسەرە نەکەوتووە. دەستخۆشی بۆ وەرگێڕ و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

**بە بۆنەی داگیرساندنی مۆمی هەژدە ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە**

# دوو سەد و یەک مۆم و (ڕامان)ی دارستانێک قەڵەم

**فازیل شەوڕۆ**
**(کۆیە)**

بەڕاستی Martin Luther King (1929-1968) جوانی گوتووە کە دەڵێ:" هێندێ چرکەسات لە ژیاندا هەیە کە ڕەمز و کۆدەکانی وشە ناتوانن گوزارە لە دەستکەوتەکانمان بکەن، ناچار دەبین هانا بۆ ئەو زمانە بەرین کە هی دڵە و نابیسترێت!" ئێستا بەندە وا لە هەمان چرکەساتدا دڵی لێدەدات و ناحەقیشم نییە، چون بە درێژایی مێژووی نووسراوی کوردی، ئەوە یەکەمین جارە گۆڤارێکی کوردی (٢٠١) مۆمی ژمارەی خۆی دادەگیرسێنێ. ئەوە دەسکەوتووە کە لە زۆر ڕەهەندەوە هێندە بایەخدار و پڕ شکۆ و باڵایە کە بەبێ منەت لە مێژووی چاپەمەنی و ئەدەبی کوردیدا مەدالیای ئاڵتوونی خۆی دەباتەوە، شەرەفمەندییە بۆ من کە داگیرساندنی مۆمی ژمارە (٢٠١) بە چەخماخەی خامەکەی من بێت.

لە گەڵ داگیرساندنی یەکەمین مۆمی ڕۆژنامەی (کوردستان) بەر لە سەدەیەک، چراوگی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان - کەم تا زۆر - لەسەر ڕووبەری جوگرافیای چاپەمەنی کوردیدا درەوشاوە بووە، هەرچەندە گۆڤارەکان زۆر تەمەن درێژ نەبووین و ئەڵقە ترازانیشیان تێکەوتووە، وەلێ بێ حەد خزمەتێکی مەزنی ئەدەب و زمان و کولتووری کوردییان کردووەو بوون بە پێشەنگ و بەردی بناغەی گۆڤارەکانی دوای خۆیان.

مەخابن ئەدەبی کوردی بە هەموو ڕشتەکانییەوە تا ڕادەیەک لە بواری ڕەخنە و ڕەخنەگریدا هەژار و کڵۆڵە، نەخاسمە ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی گۆڤار و ڕۆژنامە، کە ئەمڕۆ بووەتە بابەتی سەربەخۆی زانستییانە و ئەکادیمییانە و لە زانکۆکاندا دەخوێنرێن.

تا حەقی کەس نەخورێ و بە ویژدانەوە گۆڤاری (ڕامان) بخەینە بەر چەقۆی توێکاری هەڵسەنگاندن، پشت بە پێوەرە ستاندەرەکانی نرخاندنی گۆڤار دەبەستین کە بریتین لە پێنج بنەمای بنەڕەتی:

**١- هەڵسەنگاندنی پێوەنداریەتی بابەتەکان (Evaluation of Relevance):**

(ڕامان) گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتییە، بە چاوخشانێکی خێرا بە پێرستی ژمارەکانی دەبینین، زەحمەتە دەرگای کایەیەکی مەعریفی، یان ئەدەبی مابێتەوە دەستی پێڕانەگەیشتبێت و هەمیشە عەوداڵی دۆزینەوەی کیشوەرە ونەکان بووە. واتا (ڕامان) خۆر بووە و بابەتەکانیش ئەستێرەی گەڕۆک، هەمیشە بە دەوری ئەودا سوڕاونەتەوە. خوێنەر بە ئاسانی بابەتی خوازیاری خۆی تێدا دەدۆزێتەوە. (بڕوانە پێرستی ئەم ژمارەیەی بەردەستت)، بۆیە نزیکەی (٣٣١١٣) لاپەڕەی چاپکراوی (ڕامان) بووەتە ئەرشیڤێکی دەوڵەمەندی دوو دەیەی قۆناغێکی هەستیاری مێژووی کوردستان، بەڵگەشمان ئەوەیە بە دەگمەن لێکۆڵینەوە، یان توێژینەوەیەکی ئەکادیمی ئەدەبی و زمانەوانی و...تاد هەبێ ئەمڕۆ سەرچاوەکانی ئاماژە بە (ڕامان) نەکەن.

**٢- هەڵسەنگاندنی بەڵگە و سەرچاوەکان (Evaluation of Evidence):**

پڕ کردنەوەی لاپەڕەی گۆڤار بە بابەتەکان کافی نییە بۆ مسۆگەرکردنی سەنگی بەنرخی، بە بێ پشت بەستن بە سەرچاوەی متمانەپێکراو و بەڵگەی پێویست بە هەردوو شێوەکەیانەوە: سەرچاوە کلاسیکییەکان و سەرچاوە ئەپتودێیتەکانی هاوچەرخ. ڕەسەنایەتی و متمانەپێکردن هەمیشە پێوەری تەزکییەکردن و هەڵبژاردنی بابەتەکان بوون لەو پۆستە گەوەرەیەی مانگانە بەسەر (ڕامان)دا هەڵدەڕژێت. لێرەدا کارامەیی سەرنووسەر دەردەکەوێ - کە دوایی دەگەڕێمەوە سەری- (ولیەم بەتلەرییتس) دەڵێ: "ڕۆشنبیریی پرۆسەی سەتڵ پڕکردن نییە، بەڵکو داگیرساندنی ئاگرە"، کەواتە زۆروبۆری لە هیچ لاپەڕەیەکی ئەو گۆڤارەدا جێگای نەبووەتەوە و بابەتی دەستی دووش وەلاوە نراوە.

**٣- هەڵسەنگاندنی نووسەر (Evaluation of the Author):**

بازاڕی چاپەمەنی کوردی ئەمڕۆ بەتالیۆنێک نووسەر و قەڵەم بەدەستی هەیە، لێرەدا دەستنیشان کردنی خەسڵەتە ڕەسەنەکانی نووسەری خاوەن توانایی و ڕەسەن پێوەرێکی

تری بابەت هەڵبژاردنی (ڕامان) بووە. سەرنووسەرەکەی کـتـومت ڕاوبۆچوونی لەگـەڵ گـوتەکـەی (Gertrude Stein) یەک دەگـرێتـەوە کـە دەڵێ:" نووسـەر دەبێ بە چاو بنووسـێت و نیگارکـێـشـیش بە گـوێچکە فـلـچـە بجووڵێنێت." واتا (وشە بە وشە) لە ڕامان بابەتەکان لە سەرەند و بێژینگ دراون. موبالەغـە نییـە ئەگـەر بڵـێم (ڕامـان) گـۆڤـاری ئەزمـوونەکـانە: ئەزمـوونی داهێنەر و بەهرەدار و بلیمـەتەکـان لە لایەک و ئەزمـوونی قـەڵەمـە تازە پشکووتووەکان و خونچە تازە کراوەکـان لە لایەکی تر، هەرکەسیش بە ڕێی خۆی و هەنگاوی خۆی لە ڕووی دید و فەلسەفە و ئاست و تواناییدا.

**٤- هەڵســــەنگـاندنی دەزگـــــای بڵاوکـــــردنەوە (Evaluation of the Publisher):**

(ڕامان) لە دەزگای (ڕامان) دەردەچێت، کە تایبەتە بە چاپ و بڵاوکردنەوە، بەڕاستی بە بێ بوونی ئەو دەزگـایە دەرچوواندنی گـوڤـارێک بە قـەبارەی (ڕامـان) لە ڕۆژ و مـانگی خۆیدا بەبێ پسانەوە کارێکی ئاوا ئاسان نییـە. دیسـان کـاریگەریی سەرنووسەری خاوەن توانایی لێرەدا دەردەکـەوێ. خۆ گۆڤـاری تریش هەبووە و دەزگـای چاپی حکوومـــیـــشی لە پشت بـووە، بەڵام عـــومـــر کـــورت و پسـپسـۆک بـوە، دەزگـای (ڕامـان) خـاوەن ئەزمـوون و نەفەسێکی دوورودرێژی پڕ جووڵەیە.

**٥- هەڵسـەنگاندنی ڕووبەری جوگرافیـایی گۆڤـارەکە (Evaluation of Geographical & Timelines):**

ناکـرێت ئەو ڕاسـتـیـیـە بشـارینەوە کـە (ڕامـان) لە ڕۆژگـارێکدا چاوی هەڵهـێنا دوو دیاردە، یان فـاکـتـەری بایەخدار و تازەباوی لە خۆ گرتبوو:

**یەکەم:** کەشوهەوای کوردستانێکی ئازاد و سەربەست، بەبێ سانسۆر و مەقەست و پەنجەڕاوەشاندن، نووسەران ئازادانە بیـرورا و بۆچوون و دیدی خـۆیان داڕشـتـووە و دەربڕیوە کـە پێش ڕاپەڕین لە شـارەکـاندا ئەم ئازادییـە ڕەهایە بوونی نەبووە.

**دووەم:** زانیـــاری و تەکنۆلۆژیای ســـەردەم (IT)، ئینتـەرنێت و فـەیسـبـوک و هۆکـارەکـانی مـیـدیای پێشکەتوو یارمەتیدەری (ڕامان) بوون بۆ تێکشکاندن و بەزاندنی سنوورەکـان، بۆیە (ڕامـان) بووە گـۆڤـاری هەر پێنج کـیـشـوەرە ئاوەدانەکـەی دنیـا. لە هەر دوورگـەیەک تاقە ماڵێکی کوردی لێ بێت (ڕامان) لەگەڵیاندا دەژی. بڕوانە نەک هەر نـاوی شـارەکـانی کـوردسـتـان، بەڵکو زۆربەی وڵاتانی تێـدا دەخـوێنیـتـەوە کـە بەرهەمی لێـوە هاتووە. جا ماڵپـەڕەکـەی (ڕامـان) وای کـردووە بە بێ لە دەرگادان بچێتە سەر ڕەفەی کتێبخانەی هەموو ماڵێک. بەندە کـە لە تاراوگە بووم هەمـوو پێنجی مـانگێک ژوانم لەگەڵ ئەم لینکە هەبووە:

http://www.raman-media.net/200/r32.pdf

بێ ویژدانیـــیـــە ڕۆڵی ( ئازاد عـــەبدولواحـــیـــد) ســـەرنووســـەری (ڕامـــان) لە ســـەرکـــەوتنی دەرچوونی گۆڤارەکە وەک لەبەر دەستـماندایە نەنرخێنرێت. بەندە لە کـۆتایی شـەسـتـەکـانی سـەدەی ڕابردوو و لە سـەرەتای - گـەرمەی شـەڕەچەقـەی بزووتنەوەی ڕوانگە - لە نزیکەوە ئەوم ناسـیـوە، ئەو بە ئارەقـەی نێـوچەوانی خـۆی، خـۆی پێگەیاند و دەستەکانی لەگەڵ خامەدا خاراندووە، ئێستا کـە وەک (ســەرنووســەر، نـووســەر، ڕەخنەگـر، دیزاینەر، هەڵسـووڕێنەری گـۆڤـار) لەسەر سـەکـۆی ئەدەبی ئەمـڕۆی کوردیدا کاردەکات، ئەزموونێکی دوورودێژی پڕ هەوراز و نشێوی دیوە. لە دیدی من ئەو خوێنەرێکی بە سەلیقەیە، زمانزانێکی شارەزایە، قەڵەمێکی بە بڕشت و فەرهەنگ و گەنجینەیەکی فرە پڕ زەخیرەیە، بۆیە هەر بە تیـچاوێک بەرهەمی ڕەسەن و ساختـە و دزراو لێک جیادەکاتەوە و دەزانێت پەرەگـرافی ســەرچاوەکـان لە کـام جـۆگـەلە و ڕووبارەوە هاتوون. بەشـــێکی زۆری خـــۆری ئازادی (ڕامان) بۆ خودی سەرنووسەرەکە دەگەڕێتەوە و ئەو حەز بە داگیرساندنی چراوگی ئازادی دەکات.


باوەڕیشی بە وتەکـەی (ئەفـلاتون) هەیە کـە دەڵێ: "دەکرێ ئەو منداڵە ببەخشین کە لە تاریکی دەترسێت، وەلێ کـارەسـاتەکـەی ژیان لەوەدایە کـە پیـاو لە ئازادی بترسێت".

**سەرچاوەکان:**

**http://sipa.sc.edu/pdf/evalguide/mgguide.pdf**

**http://www.bedfordstmartins.com/Catalog/static/bsm/researchroom/evaluate/magazine_index.asp**

**http://www.goodreads.com/quotes/tag/authors**




# سەردەمی کتێبخانەی ئەلیکترۆنی

د. عادل گەرمیانی



هەموو شتێکی ئەم دنیایە لە گۆڕاندایە، ئەمەیش دیاردەیەکی سروشتییە ڕۆژگار دەیسەپێنێ و مرۆڤیش لەبەر پێویستیی ڕۆژگارەکەی ملکەچی دەبێت. یەکێک لەو گۆڕانکارییانەی ئەم ڕۆژگارەمان دیاردەی کتێبخانەی ئەلیکترۆنییە، کە وا لە مرۆڤی ڕۆشنبیر و نووسەر دەکات هانای بۆ ببات تا زیاتر لە مەعریفەی نێو کتێبەکانی سوود وەربگرێت. بۆ نموونە هەندێک لە کتێبەکان و زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەم ڕۆژگارە لەسەر پێگەکانی ئینتەرنێت بڵاوکراونەتەوە و ڕۆشنبیری هاوچەرخ دەتوانێ بە خۆڕایی بیانخوێنێتەوە و ئارەزووی لەچی بێت بۆ خۆی کۆپی بکات، یان لە دوکانی فرۆشیارانی پرۆگرامە زانستی و ڕۆشنبیری و فیلمە سینەمایی و گۆرانییەکان سیدی وا هەیە چەندین هەزار کتێب و گۆڤاری تێدایە و پێویستی بە شوێنێکی هەر زۆر بچووک هەیە تا لە ناو سندووقێکدا هەڵی بگرێت، یان لەناو درایڤێکی لاپتۆپەکەی هەڵبگیرێت، کەچی ئەو ژمارە زۆرەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکان بەشێوەی لاپەڕە و کۆکردنەوەی پێویستی بە چەندین کتێبخانەی دار هەیە بۆ هەڵگرتنیان.

لەوانەیە دیاردەی کتێبخانەی ئەلیکترۆنی لە دوارۆژدا ببێتە مایەی لەناوچوونی کتێبخانەی ئێستای ناو ماڵان و خوێنەوارانیش پێویستیان بەچاپکردنی کتێب نەمێنێ، ئەوسا ژمارەی چاپخانەکانیش بەرەو نەمان دەچن، بەڵام سوودی کتێبخانەی ئەلیکترۆنی لەوەدایە هەزاران کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە لە شوێنێکی زۆر بچووکدا کۆدەکاتەوە و لەڕێی لاپتۆبەوە، یان ئای پاد و مۆبایلەوە خوێنەر دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی و بە کورتترین ماوە بابەت و کتێب هەڵبژێرێت، هەروەک چۆن دەتوانێ بە ساناترین شێوە بابەت بۆ خۆی کۆپی بکات.

ڕاستە کتێبخانەی ئاسایی ڕەونەق و جوانییەک دەبەخشێتە نەخشەی ناوەوەی ماڵ، جارانیش باشترین شێوە بوو بۆ پاراستنی کتێبی نووسەران و ڕۆشنبیران، هەرچەندە قەبارەی کتێبخانەکە گەورە بوایە زیاتر کتێبی لەخۆی دەگرت، بەڵام زۆر جار وا ڕێک دەکەوێت شوێنی کتێبخانەکە لەناو ماڵدا زۆر گەورە نابێت و ناتوانێت چەند کتێبخانەیەک بەخۆیەوە بگرێت، ئەوسا خاوەن کتێبخانەکە ناچار دەبێت کۆمەڵێ کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار لەسەرووی کتێبخانەکە، یان لەبەردەمی کەڵەکە بکات. لەو باوەڕەدام کتێبخانەی ئەلیکترۆنی ڕادەی شانازی مرۆڤی ڕۆشنبیر بە ژمارەی کتێبەکانی بەرز دەکات، چونکە دەتوانێ لە جانتایەکدا لەڕێی چەند سیدییەکەوە ملیۆنان کتێب هەڵبگرێت و ئەوسا ئیتر کات بێنە و کتێب بۆ خۆت بخوێنە، هەروەها ئەوسا بۆت دەردەکەوێت سەردەمی کتێبخانەی ئەلیکترۆنی چەند مەزنە و چەند سوودبەخشە و چەند پێویستە سوودی لێ وەربگرین.